# هونەری شێوەکاری مۆدێرن



دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی

زنجیرەی ڕۆشنبیری

*

**خاوەنی ئیمتیاز: شەوکەت شێخ یەزدین**

**سەرنووسەر: بەدران ئەحمەد حەبیب**

* * *

ناوونیشان:

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، گەڕەکی خانزاد، هەولێر

گارا

# هونەری شێوەکاری مۆدێرن

## لە "فرانچیسگا گۆیا"وە تاکو سوریالیزم

**پێشەکی و پێداچوونەوە:**

**د. موحسین ئەحمەد عومەر**



کتێب: هونەری شێوەکاری مۆدێرن
نووسینی: گارا
پێشەکی و پێداچوونەوە: د. موحسین ئەحمەد عومەر
بڵاوکراوەی ئاراس- ژمارە: ٣٧٣
دەرهێنانی هونەریی ناوەوە و بەرگ: ئاراس ئەکرەم
پیت لێدان: نسار عەبدوڵڵا
هەڵەگریی سەر کۆمپیوتەر: حاجی دلاوەر
سەرپەرشتیی چاپ: ئاوڕەحمانی حاجی مەحموود
چاپی یەکەم، هەولێر- ٢٠٠٥
لە کتێبخانەی بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی ڕۆشنبیری و هونەر لە هەولێر ژمارە (٢٢٦)ی ساڵی ٢٠٠٥ی دراوەتێ

«مەبەستی من داگیرکردنی ئەوروپا نەبوو بەڵکو شکاندنی تەقالید بوو».

ناپلیۆن پۆناپورت

«دیالکتیکی نوێکردنەوەی خود میراتێکی خۆرئاواییە».

ئەنتشا فۆن گرێفینیتس

# ئەم کتێبە

لەناو ڕۆشنبیریی کوردی بەگشتی و ئەدەب و هونەر بەتایبەتی، لێکۆڵینەوە و ڕەخنە بابەتی نوێن، وەک بڵێی هێشتا زمانی کوردی ناتوانێ ئەو بارە گرانەی ڕوانینی مرۆڤ هەڵگرێ کە دەیەوێ لەم لایەنانەوە بەرەو پێشەوە بڕوا. بێگومان من تەواو لەو بڕوایەدام لێکۆڵینەوە و ڕەخنە لەناو ئەدەب و هونەر یان لەم بوارانە تازەن، بەڵام ئیمڕۆ سەردەمی وەرچەرخانی گەورەیە لە ژیانی کورد، سەرەنجام دەبێ ئەم ناتەواوییە نەمێنێ و مرۆڤی کورد بەرەو جیهانێکی ئاڵۆز و پڕ بەرهەم و داهێنان بڕوا. بێگومان ئەو سەردەمە فۆلکلۆرییە نەما مێلۆدییانە و فۆلکلۆریانە بیربکەینەوە، ئیتر ئێستە سەردەمی وەرچەرخانی گەورەیە. دەشێ ئەم کتێبە بەیەکێ لە ڕەمزو ئەنجامی ئەم وەرچەخانە لە قەڵەم بدەین، هەڵبەت، بەڵام ئەم کتێبە ڕاستەوخۆ بریتییە لە دانانی بنچینەو زەمینە بۆ لێکۆڵینەوە و ڕەخنە لە هونەر. سەرەتایەکی گرینگ و دەوڵەمەند بۆ مێژووی هونەر. بۆ ڕێباز و ڕوانین و قوتابخانە هونەرییەکان، ئەم کتێبە ڕاستەوخۆ بریتییە لە دەروازەیەک بۆ فەلسەفەی هونەر، لەناو هونەریش، دەروازەیەکی دیکە، بەڵکو دەیان دەروازە دەبێتەوە بۆ بەشەکانی هونەر: نیگارکێشی، تابلۆ یان هونەری پلاستیکی بەگشتی، پەیکەرتاشی، هونەری کۆن و هونەری تازە، هونەری میللی و سەرەتایی، هونەری پایتەختە جەنجاڵ و ئاڵۆزەکان، واتە هونەری زۆر نوێ و تازەگەر، لەوێشەوە دەرگای دیکەش هەن کە بەسەر هونەرەکانی دیکەش دەبنەوە، سیرامیک، بیناسازی، مێژووی ئەناتۆمی و گەڕان و مێژووی سێبەر و ڕووناکی و ئەندازەو ڕەهەندو مەوداکانی بینین و بەرجەستەکردنی ئەمانە لەسەر خامەک و کانڤاس و کاغەز و گوش و فایبەر و دار، ئاسن و برۆنز، پێستەو تارمایی، هەڵبەت بەبەکارهێنانی ڕەنگ و جۆرەها ڕەنگ و بەرد و زیخ و لم، بێگومان مێژوویەک بۆ بینین و نیگای هونەری مرۆڤ، مرۆڤی نوێ، لە ڕێنێسانسەوە تا ئەمڕۆ. دەتوانین بڵێین کتێبێکە لەبارەی ڕوانینی هونەری جۆربەجۆر، ئەمەش بۆ خۆی جۆربەجۆری



چەشەو بیرو نیگەرانی مرۆڤ پیشان دەدا. بێگومان مرۆڤ بریتییە لە گرێیەکی سایکۆلۆژی و سۆسیۆلۆژی و سیاسی، ئەقڵ و دەروون و گیان، ئەمانە هەموویان لەسەر زەمینەیەک هەنگاو دەنێن کە بریتییە لە بۆشایی مەوداو زەمەن و شوێن، چونکە تابلۆیەک، پڕیەتی لە نیگەرانی و ڕوانینی ئەقلانی و نائەقلانی، خورافی و دروست، چەشەو جوانی، هەمووی لە چوارچێوەیەکی ماددی، واتە زەمەن و شوێن کۆدەبنەوە.

ئەم کتێبەی کاک گارا هەروەک چۆن زەمینەیەکی فەلسەفییە بۆ هونەر، بەهەمان ئاست یەکەمین هەوڵێکە لەم بوارەوە لەناو ڕۆشنبیری کوردی درابێ، زانستی، قووڵ و ئاڵۆز، وێڕای شێوازێکی نووسینی جوان، پشت ئەستوور بەسەرچاوەی ڕەسەن، لەمەیان مەبەستمان لەسەرچاوەی ڕەسەن، ئەو سەرچاوانەن کە ڕاستەوخۆ لە سەرچاوە هونەرییەکانەوە هاتوون کە ئەمانەش ڕاستەوخۆ هی هونەرمەندو لێکۆڵەرەوە گەورەکانە، کە خۆیان ڕاستەوخۆ لەناو بوار و کێشەکاندا ژیاون.

هەموو کەسێک، هەموو خوێنەرێک دەتوانێ چێژ لەم کتێبە وەرگرێ، خوێنەری ئاسایی، خوێندکار، هونەرمەند، هەڵبەت ئەم کتێبە بەچەشەو هەستێکی پڕ لە سووتان و نیگەرانی نووسراوە، هەستێک کە بەقەد دنیا ڕاڕاو ناجێگیرە، ناجێگیرە وەک ڕوح و ڕوانین، واتە لەسەر زەمینەیەکی دروست و توندو تۆڵ نووسراوە، گەشەسەندن و قووڵبوونەوە سەرەتاو کۆتاییەکی گونجاو پوختی هەیە.

سەرەتایەکی ئاڵۆزیشە بۆ جوانیناسی–Esthetique، ئەم بابەتە تا ئێستا لێکۆڵینەوەی شێلگیر و پوختی لەبارەوە نەکراوە، بێگومان ئەم کتێبە ئەمە پێشکەش دەکا، لەهەمان کات، وێڕای سەرنجدانی تابلۆ و نیگارە جۆربەجۆرەکانی ناوەوە، واتە هی هونەرمەندەکان خۆیان، مێژوویەک بۆ جوانیناسی پێشکەش دەکا. بێگومان ئەمەش لە چوارچێوە و زەمینەیەکی زانستی نەک بەزەمینەو چوارچێوەیەکی خەیاڵی و تەنیا هەڵسەنگاندن و خێرا تێپەڕین بەسەر شتەکاندا، بەڵکو بەوردی و ئاڵۆزی و کۆمەڵێک حسێبی زانستی و مێتۆدی: سوریالیزم چی جیای دەکاتەوە لە فۆرمالیزم، فۆڤیزم خاسیەتەکانی چین، چ جیوازییەکیان لەگەڵ تەعبیری و تەجریدی هەیە، ئەمانە چ جیاوازییەکیان لەگەڵ ئەوانەی دوای خۆیان هەیە خاسیەتەکانیان چین، دوایش، چۆن بتوانی تابلۆیەک شی بکەیتەوە، پێکهاتووەکانی چین، سێبەر چی دەگەیەنێ، مەودا–Dimention یانی چی، مەودای سێ ڕەهەندی – Terdimention لەلای کێ بۆ یەکەمجار بەکارهاتووە، کوبیزم چ سەرەتایەک

پێشکەش دەکا، ئایا یەکەم هەنگاو نییە بۆ چوونە ناو هونەری مۆدێرن، نوێخوازی کەی سەری هەڵدا، شار چ هاندەر و زەمینەیەک بووە بۆ هونەری نوێ و خاوچەرخ، ئەی تەنیا لە شارە گەورەکان نەبوو: نیویۆرک، پاریس، لەندەن، میونخ، بەرلین، فلۆرەنساو میلانۆ، ئەمستەردام، بۆ یەکەمین جار گەورەترین نیگەرانی و دڵەڕاوکەو گەڕان، لە شێوەی بینین و ڕەنگ کەوتە سەر تابلۆ، یانیش پانتایی جۆربەجۆر وەک جۆربەجۆری مرۆڤ خۆی، بێگومان ئەم کتێبە نایابە، ڕاستەوخۆ دەتباتە ناو ئەم جیهانە، ئیتر ئەم جیهانە چیتر بەمۆنۆپۆلی نامێنێتەوە بەڵکو بۆ هەموو کەسێکە. بێگومان هونەرو دیموکراسی دوو شتی تەواوکەری یەکترن، لەم سەردەمەش، لە کوردستان، کە بەسەردەمی وەرچەرخانی گەورە ناسراوە، هەمووشتێک دەبێ بۆ هەموو کەسێک هەبێ، ئەمەش پەیامی هونەرە کە نووسەر دەیەوێ بیگەیەنێ، هەڵبەت وێڕای نیگەرانیەکی جوان و پیرۆز.

د. موحسین ئەحمەد عومەر



# پێشەکی

مۆدێرنە بەگشتی پرۆژەیەکە لەناو کۆمەڵگای مەسیحی خۆرئاوا هاتۆتە ئاراوە، ئەنجامی مێژوویەکی دوور و درێژی خۆ تازەکردنەوەیە لە گشت بوارەکانی ژیاندا بەهونەری شێوەکاریشەوە.

توانا و هێز و دەستەڵاتێکی گەورەی خۆرئاوایە بەسەر میللەتەکانی دەرەوەی خۆیدا تاڕادەی ئەسیمیلەکردنیان assimilation.

(لەناوبردنی کەسایەتی کولتورییان)

نهێنی و بەردی بناغەی بەردەوامی تازەبوونەوەی کولتوور و شارستانی خۆرئاوا لە ئازادی کارکردنی ئەو عەقڵەدایە کە لە تالیس و پلاتۆنەوە تاکو دافنشی و دیکارت و هیگل تا دەگاتە پۆل سیزان و پیکاسۆ و هابەرماس کە هەمیشە لە کارکردن و گەڕاندابووە، بۆیە تێگەیشتن لە مۆدێرنە پێویستی بەهەندێ تێگەیشتن هەیە لە ئاینی مەسیحی و ئەو کولتورەی کە بەرهەمی هێناوە، بەتایبەت چۆنێتی پەیوەندی مرۆڤ بەخودا و گەردوون و سروشتەوە ئەمەش وەکو دەروازەیەک بۆ تێگەیشتن لە پەیوەندی نێوان عەقڵ و ڕۆح وەکو دوو فاکتەری گرینگ لە گۆرانکارییەکانی کولتووری خۆرئاوا کە هونەری شێوەکاری بەشێکی گرینگێتی.

کۆمەڵگا و کولتوری خۆرئاوا درێژەکراوە و نوێکردنەوەی بەردەوامی دین و زانست و هونەر و فەلسەفەی یۆنانی کۆنە لە فیدیاسەوە تاکو سیزان و پیکاسۆ و لەدایکبوونی مەسیح و دیانەتی مەسیحی و پاشان بزووتنەوەی ئیسلاحی مارتین لوسەریش نەبوونە داپچڕان لە یۆنان، بەڵکو بوون بەدووبارە تازەکردنەوەی، ئەگەر بمانەوێ بیر لە گۆڕانە شۆڕشگێڕەکانی ئەوروپا بکەینەوە لەسەردەمی بەربەرییەوە تاکو بەشارستانیبوون، بۆمان دەردەکەوێ کە ئەمە مومکین نەدەبوو بێ بزووتنەوەی ئیسلاحی مارتین لوسەر (جمال الدین الافغانی).

له ئاین و کولتووری یۆنانی کۆن وەکو سەرچاوەیەکی گرینگ بۆ مەسیحییەت، خودا له وێنەی مرۆڤدا دەبینرا و بەو شێوەیەش پەیکەری بۆ دروست دەکرا کە لە هەست و خەیاڵ و عـــەقلی هونەرمـــەندەکـــەوە دەهات، ئەمـــەش لە ڕوانگەی هیگلەوە ١٧٧٠-١٨٣١ دروستکردنی ڕاستەوخۆی یەکتاییە (وحدە) یەکتاییەک کە تیایدا مرۆڤ و خودا لە یەک شێوە و ناوەڕۆکدا لەخۆ دەگرێ، پاشان بیرۆکەی خودا گۆڕدرا بۆ ڕۆح و ئاین بووە دەربڕین لە نێوان (پایان - المتناهی) و(بێ پایان - اللامتناهی) و بووە ئاینی تاکەکەسی ڕۆحی (دیانە الفردیە الروحیە) هیگل کە نزیکە لە بیرۆکەی خوداوە وەکو یەکتایەییەکی ڕۆحی لە شێوەی مرۆڤدا (خودا- باوک) هەروەها لە پەیوەندی نێوان مـرۆڤ و خودا و سروشت لە ئاینی مەسیحییەت (عبدالله ابراهیم - المرکزیة الغربیة) لاپەڕە ١٢٩-١٣٥.

لە ئاینی مەسـیـحیدا تاکو سەدەکانی ناوەڕاسـتیش وێنەی (خودا-باوک) حەرام بوو دروست بکری، بەڵام بەهۆی ڕیشـەی بەهێـزی ئەوروپا لەگـەڵ هونەری یۆنانی کـۆندا وەکو سەرچاوەیەکی گرینگ بۆ کولتوورەکەی، وێنەی مرۆڤ و خودا لە شێوەی مرۆڤ گەڕایەوە ناو تابلۆ و پەیکەر و بووە بابەتی سـەرەکی هونەری ئەوروپای سـەدەکـانی ناوەڕاست، ئەمەش ڕۆڵێکی گەورەی بینی لە بەهێزکـردنی وێنە لە کولتووری مەسـیحی خۆرئاوادا و پاشان بووە هۆی بەرزبوونەوەی جێگای هونەرمەندی شێوەکار لە کۆمەڵگادا و بەفراوانی گۆڕەپانی هونەری شێوەکاری لەناو کولتوورەکەیاندا تاڕادەی ناساندنی کولتووری خۆرئاوا بەکولتووری وێنە.

ئاینی کریستیانی ئاینێکی مرۆڤ ناوەندە (الانسان هو المرکز)، تیایدا مرۆڤ جێگای خودای گـۆڕی و بووە خاڵـی ناوەڕاست -المرکز- لە گەردوون و کـولتووردا ئەمـەش دەبێت بەمرۆڤکردنی خودا و سروشت (مسعود ڕاحل) کە دوور نییـە لە دروستکردنی خودا لە وێنەی مرۆڤ لە تەقالیدی ئاینی یۆنانییە کۆنەکاندا.

خودا لە مەسیحییەت یەکەیەکی ڕۆحیە، لەوکاتەی کە سروشت دروست دەکا دابەش دەبێ، پاشان دووبارە بەشەکانی لە تاکە کەسدا یەک دەگرنەوە، ئەم دابەشبوونە ڕەمزیە و دووبارە یەکتر دەگرنەوە لە خودێکی خواییدا، لە ڕوانگەی هیگلەوە ناوەڕۆکی دیانەتی مەسیحی پێک دێنێ، بەم جۆرە مەسیحییەت دینێکە لەسەر بناغەی هەست بەدابەشبوون دروست بووە و بڕوابوونی بەیەکـــەمین گـــوناه و ڕزگـــاربوون لێی دووبارە تەبایی و ئاشـتـبـوونەوە پێک دێنی و ئەم ئاشـتـبـوونەوەیە لە ڕێگای ئیـمـان و دەسـتـەڵاتی (وەحی)سروشەوە دروست دەبێ کە پاشان دەچێتە ئاستی عەقڵ.



وەزیفەی عەقڵ لە مەسیحییەتدا چوونە ناوەوەی قوڵایی بڕوا بوونە (هیگل).

بەڕای حەسـەن حەنەفی، هیگل بەپاڵپشـتی دیکارت و کـانت ئاین دەگۆڕی بۆ فـیکر و فـیکریش بۆ بوون (وجود) ئەمـەیش دەبێـتـە عـەقـڵانی کـردنی بڕوابوون بەخـودا، پاشـان قسـەکردن لەسـەر دین وەکو جۆرێ لە قسـەکردن لەسـەر فەلسـەفە (بەفەلسەفەکردنی ئاین)، لە ئەنجامدا بووە یەکگرتنەوەی عەقڵ و ڕۆح کە بەڕای (حەنەفی) جۆرێکە لە داکۆکیکردن لە مەسیحییەت و نیشاندانێتی وەکو ئاینێکی عەقڵانی.

مەسـیحـییـەت لە ڕوانگەی هیگلەوە دینێکی ڕەهایە (مطلق) لەبەرئەوەی گشت ئاین و دەربڕینەکـانی پێش خۆی لەخۆ کـۆ کردۆتەوە. (د. عـبدالله ابراهیـم - المرکزیة الغـربیـة- ١٢٩-١٣٥).

یەکگرتنەوەی عـەقڵ و ڕۆح دەبێت بەعـەقـڵانی کـردنی ڕۆح، ئەمـەش ڕۆح دەخـاتە ژێر کـۆنتـرۆڵەوە و سنوور بۆ ئازادییەکـانی دادەنێ کـە دەبێـتـە جۆرێ لە سـەرکـوتکردنی وەکـو سەرەتا بۆ ژیانی مۆدێرن کە لە ئەنجامی دەستەڵاتی عەقڵ بەسەر ڕۆح و سروشتدا دروست بووە، ئەمەش وەکو هەنگاوی یەکەم لە سەرکەوتنی مادده بەسەر ڕۆحدا کە مرۆڤ بەرامبەر مـەکینە بچووک دەبێـتەوە و بەرهەمی کارگـە دەکـەوێتە بەربەرەکانیـەوە لەگـەڵ بەرهەمی مرۆڤ. بەم جۆرە عـەقڵ لە مێژووی گۆڕانکارییـەکانی خۆرئاوادا ڕۆڵـی سەرەکی دەبینێ لە تازەکردنەوەی شێـوەکانی ژیان و بیرکردنەوەدا لە سپارتەوە تاکو ئیمپراتۆریەتی ڕۆمان و لەوێشـەوە بۆ کـۆمەڵگای پیشـەسـازی بەریتانی و شـۆڕشی فـەرەنسی کە بـوونەتە دووبارە نوێکردنەوەی لەندەن و پاریس وەکو دوو شاری هەرە گرینگی ئەو شارسـتانیـە کـە تیـایدا هەستی نامـۆبوونی مرۆڤ لەگەڵ دەوروبەرەکەی و لـەگەڵ خودی مرۆڤیشـدا قـوڵـتر بووەوە، ئەمـەش کـاریگەری کـوشندەی هەبووە لەسـەر گـەورەبوونی ڕۆڵـی تاکـەکەس وەک یەکێ لە ئەنجام و خەسلەتە هەرە گرینگەکانی کۆمەڵگای مۆدێرن.

دووبارە تازەکردنەوەی شێوەکانی ژیان لە لەندەن و پاریس ئەکادیمیای شاهانەی بەریتانی و قــوتابخـانەی هونەری (هونەرەجـوانەکـان)یشی گـرتەوە کـە ولیـام تێـرنەر و یوجین دولاکـروایان لێ دەرچوون وەک دوو بەرهەمی گـرینگی ئەو دوو قـوتابخـانەیە کـە ڕۆڵـێکی مـەزنیـان لە نوێـکردنەوەی تابلۆ بینی (تێـرنەر بەرەو تەجـرید و دولاکـروا نوێکردنەوەی بابەت) کـە بەرای ژمـارەیەک لە مـێژووناسی هونەر بەسـەرەتایەک بۆ هونەری شـێوەکـاری مۆدێرن دەژمێردرێ.

لەلایەکی دیکەوە سەرکەوتنی مادە بەسەر ڕۆحدا و مەکینە بەسەر مرۆڤدا لە ئەنجامی نوێکردنەوە و گەشەکردنی شارستانی و سەرکەوتنیدا بەسەر تەقالید نەبووە مایەی دڵخۆشی و کامەرانی گشت هونەرمەندەکان. ژمارەیەکی زۆریان بەو شێوەیەی تێرنەر و دولاکروا پێشوازیان لەم پێشکەوتنە نەکرد بەڵکو بەپێچەوانەوە و بەڕۆحی ڕەفز و نارەزایی و یاخیبوونەوە بەرەنگاری بوونەوە.

بۆ ئەم جۆرە هونەرمەندانە وەکو پۆل گۆگان و ڤان کۆخ و تولوز لوتریک و هونۆرە دۆمێ و ژمارەیەکی دیکە (وەکو درێژەپێدان بەگۆیا) کۆمەڵگای پیشەسازی و شارستانی خۆرئاوا جۆرێ بوو لە هەرەشەکردن لە ڕۆح و جوانی و لای ئەمان قەیرانێکی ڕۆحی و دەروونی بۆ دروستکردن کە ئەنجامەکەی بۆ گۆگان بەجێهێشتنی شارستانی خۆرئاوا و سەرهەڵگرتنی بوو بۆ جێگایەک وەکو خۆی گوتبووی (جێ پێ شارستانی خۆرئاوای پێ نەکەوتبێ). پاشان تێکچوونی ڤان کۆخ و لوتریک و یاخیبوون و هەمیشە نەگونجاندنی هۆنۆرە دومێ لەگەڵ کۆمەڵگا و پیاوانی دەستەڵات تادەگاتە بەزیندانکردنی.

ئەم دوو جۆرە هەڵوێست و بەرپەرچدانەوەیە بەرامبەر کۆمەڵگای شارستانی خۆرئاوا لەلایەکەوە و سوود وەرگرتن و بەردەوامییەک بوو لە تازەکردنەوەی یاسا ئەکادیمییەکان وەکو درێژەپێدان بۆ ڕۆڵی عەقڵ و زەوقی کۆمەڵگای بورژوازی خۆرئاوا کە کاریگەریەکەی تاکو سیزانیش ڕۆیشت و لەلایەکی دیکەوە شکاندن و دەرچوون بوو لە یاسا ئەکادیمیەکان و یاخیبوون بوو لە زەوقی بۆرژوا و تەقالیدی سالۆنە ڕەسمییەکان.

ڕەفزی کلۆد مۆنی بۆ زەوقی سالۆنە ڕەسمییەکان و یاخیبوونی گۆگان و ڤان کۆخ لە یاسا ئەکادیمیەکان ئەمپرسیۆنیزمی لێ دەرچوو کە بووە پردێکی گرینگ بۆ پەرینەوەی هونەری سەدەی نۆزدە بۆ سەدەی بیست بەتایبەت پەرینەوەی سیزان (چاوی عەقڵ) کە بووە هۆی دروستبوونی پیکاسۆ و کوبیزم و فۆڤیزم و پەرینەوەی هونەری گۆگان و ڤان کۆخ کەماتیس و کیرشنەری دروستکردن و بووە لە دایکبوونی فۆڤیزم و دەربڕیخوازی (تەعبیری) ئەڵمانی وەکو سەرەتایەکی گرینگ لە ئازادکردنی ڕەنگ و نوێکردنەوەی شێوەدا کە دەیەها هونەرمەندانی دیکەی نیوەی یەکەمی سەدەی بیست کاریان تێدا کرد و لەلایەکی دیکەوە دووبارە لە دایکبوونەوەی ڕۆحی ڕەفز و یاخیبوون لە هونەر و ڕۆحی شارستانی خۆرئاوا لە نیوەی یەکەمی سەدەی بیست بووە هۆی دروستبوونی دادائیزم کە نەک تەنیا بەسەر سوریالیزمدا بەڵکو دەیەها ساڵیش پاش دووەم جەنگی جیهانی بڕی کرد و بووە هۆی دروستبوونی دادائیە نوێیەکان و ڕێبازی فولوکسوس. بەم جۆرە هونەری شێوەکاری مۆدێرن



لەلایەکەوە لە ئەنجامی قبوڵ کردن و گونجان و کاری عەقڵانی بەردەوام لە یاسا و تەقالیدەکانی دابوو (تێرنەر، دولاکروا، سیزان) یاخود ڕەفزکردن و یاخیبوون و شکاندنی ئەو تەقالیدە ئەکادیمیانە (گۆیا، گۆگان، ڤان کۆخ، هونەرمەندانی دادا) بەڵام ئەم دوو هەڵوێستە لە سەرچاوە و ناوەڕۆکی کولتووری خۆرئاوای مەسیحی نەچوونە دەرێ و ڕەفز و یاخیبوونەکانیشیان دووبارە بووە هۆی تەقاندنەوە و سەرلەنوێ لەدایکبوونی چەند قوتابخانە و شێوازەیەک لە هونەر کە ئەوەندەی دیکە هونەری شێوەکاری خۆرئاوای دەوڵەمەند کرد و بوون بەسەرچاوە و سەرەتای نوێ بۆ هونەرمەندانی پاش خۆیان کە ئەنجامەکەی بەهێز و بەتواناکردنی هونەری مۆدێرن بوو. خاڵێکی دیکەی گرینگ بۆ دروست بوونی هونەری شێوەکاری مۆدێرن، سوود وەرگرتنی هونەرمەندانی دروستکەری مۆدێرنە لە هونەر و کولتوورەکانی دەرەوەی ئەوروپا لە گرافیکی چینی و یابانی سەدەی نۆزدەوە تادەگاتە سوود وەرگرتن لە ماسک و پەیکەری میللەتەکانی ئەفەریقا و ئاسیاو کولتووری ئەمەریکای لاتینی. ئەم سوود وەرگرتنە زیاتر لەلایەن هونەرمەندە یاخیبووەکانەوە هەبووە وەک دی تێرنەر و دولاکروا تا دەگاتە سیزان کە زیاتر کاریان لە یاسا و تەقالید و جۆری بینینی نوێی خۆیان کرد بۆ دروستکردنی هونەرێکی نوێتر.

گۆگان و ڤان کۆخ و لوتریک و ماتیس و پیکاسۆ دوای هونەرمەندانی فۆڤیزم و کوبیزم و دەربڕیخوازی ئەڵمانیبوون کە عەودالی بەکارهێنانی گرافیکی یابانی و ماسک و پەیکەری ئەفریقیایی بۆ تێکەڵاوکردن و ئەسیمیلە کردنیان لەناو پەلە ڕەنگ و شێوە و سەرجەم پێکهاتووی کارە هونەریەکەیان کە بووە هۆی جوانی و بەرجەستەکردنی هێڵ لەناو پەلە ڕەنگەکانی ڤان کۆخدا و هێز و درەوشانەوەی زیاتری پرتەقالی و شین و مۆر و زەرد و ڕەنگە کراوەکان لای گۆگان و پاشان هەنگاوی گەورە و شۆڕشگێڕی ماتیس و ئینجا هونەرمەندانی فۆڤیزم و دەربڕیخوازی ئەڵمانی لە ئازادکردنی ڕەنگ و پیکاسۆ و براک و گلیز و پاشان هونەرمەندانی کوبیزم لە نوێکردنەوەی شێوە.

ئەم پرەنسیپی سوود وەرگرتنە لەگەڵ پرۆسەی تازەکردنەوەی ڕەنگ و شێوەدا گەیشتە دادا و سوریالیزم کە زۆر پێویستیان بەو تێکەڵاویە هەبوو، بۆ نوێکردنەوەی هونەرەکەیان و لەلایەکی دیکەشەوە ڕۆحی یاخیبوون و دژایەتیان بۆ ئەوروپا و ڕۆحی دروستکەری جەنگیان هەبوو بەڵام لەگەڵ گشت ئەم کردارانەیاندا نەگۆڕان بۆ کولتوورێکی دیکە بەڵکو بوون بەسەرمایەکی گەورە بۆ هونەر و کولتووری مۆدێرنە و سەرچاوەیەکی گرینگ بۆ تازەکردنەوە و بەردەوامبوونی لەسەر هەمان بنەمای ڕۆحی و عەقڵی خۆرئاوا.

ئەم توانای سوود وەرگرتنە لە سەرچاوەیەکی بڕوا بەخۆ و دڵنیاوە هاتبوو کە ئەو هونەرمەندانە لە ئەنجامی زانینیان بۆ خۆیان و هونەرەکەیان و ئەو سەرچاوە مێژووییەی کە لێوەی هاتووە و قۆناغ دوای قۆناغ لەسەر یەک کەڵەکە بووە سەرجەم هەست و مێشک و خەیاڵ و بینینیانی پێکهێناوە بەجۆری کە لە دەرەوەی ئەمە هیچ هونەرێکی ڕەسەنی دیکە لەپێش چاویان نەبووە و غەیری ئەو هونەرە شتەکانی دیکە بابەتی کولتوورین بۆ سوود وەرگرتن، تارادەیەک گرافیکی یابانی لێ دەرچێ کە وەکو هونەر تەماشای دەکرا وەکی دی لە ئەدەبیاتی خۆرئاوادا بە(کولتووری میللەتە ساکارەکان) ناسراوە هەرچەندە، ئەم چەمکە لەپاش ئەو پیشانگا گرینگەوە کە (ولیام ڕوبن William Rubin) لە مۆزەی هونەری هاوچەرخ لە نیویۆرک لە ساڵی ١٩٨٤ ڕێکی خست کە دیسانەوە لەناو هونەرمەند و ڕەخنەگر و مێژووناسەکانی خۆرئاوادا چەند پرسیار و گفتوگۆیەکی دروست کرد، یەکێ لە ئەنجامەکانی ئەوە بوو کە ئیدی پێویستە بەئاگاداریەوە چەمکی (میللەتە ساکارەکان) بەکاربهێنرێت.

ئەم سوود وەرگرتنەی هونەرمەندانی تازەگەری خۆرئاوا لە کولتوور وهونەری میللەتەکانی دەرەوەی خۆیدا بەڕادەی دووەم دێ، ئەگینا هونەری شێوەکاری خۆرئاوا بەڕادەی یەکەم لەناو خۆیدا خۆی تازەکردۆتەوەو بەجۆرێ کە کارێکی هونەری نوێ لەژێر کاریگەری ئەوەی پێشوودا دروستبووە و ئەمەی دوایش دەبێتە سەرچاوە بۆکارێکی نوێتر هەروەکو کارتێکردنی دولاکروا لە سیزان و ڕوبنزیش لە دولاکروا و پاشانیش سیزان لەسەر کوبیزم و کوبیزمیش لەسەر کۆسترەکتیڤیزم... هتد لە دیوی ئەودیویشەوە کاریگەری گۆگان و سیزان بۆ سەر فۆڤیزم و فۆڤیزمیش بۆ سەر تەجرید کە لە ئەنجامدا کاری بنەڕەتیان کردە سەر وەرچەرخانەکان لە بونیادی کاری هونەریدا و سەرجەم ئەو هونەرمەندە نوێکارانە پاشتر بەڕەهبەری (ئەڤاندگارد) مۆدێرنە لە هونەری شێوەکاریدا ناسران.

چەمکی ڕەهبەر (ئەڤاندگارد) لە هونەری شێوەکاری خۆرئاوادا جێگایەکی گەورەی هەیە لەبەرئەوەی گشت هونەرمەندە گرینگەکانی نوێکەرەوەی ڕەنگ و شێوە و مەجال و مەتریال لەخۆ دەگرێ، کە بوونە هۆی دروستکردنی شێواز و ڕۆحە گرینگەکانی هونەری شێوەکاری نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەم وەکو فۆڤیزم و کوبیزم وکۆسترەکتیڤیزم و قوتابخانەی باوهاوس و تەجرید و هونەرمەندانی فۆتۆریزمی ئیتالی و دادا و سوریالیزم کە پاشان بوون بەبناغە و سەرچاوە بۆ هونەری پاش دووەم جەنگی جیهانی.



هونەرمەندانی (ئەڤاندگارد) ماتیس، پیکاسۆ، کلێ، کاندنسکی، بۆچوونی دیلونی، مالیفیچ، موندریان... هتد... بەشێکی گرینگن لە دروستکردنی هونەری شێوەکاری مۆدێرن، هەر بۆیە چەمکی هونەری مۆدێرن Modern art لە زۆر حالەتدا بەو هونەرە دەگوترێ کە لە نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەوە تاکو جەنگی جیهانی دووەم هاتووە و پاش ئەو ماوەیە پێی دەگوترێ هونەری هاوچەرخ Contemporery art.

هەندێ کەس بەگشتی دەڵێن (مۆدێرن) و کەسانی وایش هەن بەو هونەرەی کە لە سەرەتای سەدەی بیستەمەوە تاکو دووەم جەنگی جیهانی دەڵێن: مۆدێرنی کلاسیک و بەمەی پاش دووەم جەنگی جیهانیش دەڵێن هونەری پۆست مۆدێرن.

بەڵام لە گشت حالەتەکاندا چەمکی (مۆدێرن) تاکو ئەمرۆ کۆن نەبووەو لە زمانی هونەر و کولتوورەوە تاکو زمانی سوسیوپۆلەتیک و ژیانی ڕۆژانەش بۆ تازەو تازەکردنەوە بەکاردەبرێت و بەڕای هاینریش کلۆتس Heinrich klotz تاکو ئەمڕۆ هیچ چەمکێکی دیکە جێگای نەگرتۆتەوە.

من لەم کتێبەدا زیاتر جەختم لەسەر ڕێبازە هونەریەکان و کاری پراکسیس وتیۆری هونەرمەندە شێوەکارەکان کردووە بەڵام گشت ئەو تازەگەریانەی کە لە هونەری شێوەکاریدا ڕووی دا بەدەر نەبوون لە تازەگەرییەکانی کۆمەڵگای ئەوروپی لە ڕووی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابووریەوە. لە دەوروبەری هونەرمەندە شێوەکارەکاندا ژمارەیەکی یەکجار زۆر لە نووسەر و ڕەخنەگر و فەیلەسوف و هونەرمەندی موزیک و زانا و خاوەن گەلەری و دەستەڵاتی سیاسی و بازرگانی و کڕیار و پارێزەری کاری هونەری هەبوون کە بێ ئەوان مومکین نەبوو مۆدێرنە لە هونەری شێوەکاریدا دروست بێ. میری بید فۆرد و گیورگی چوارەم و ئەندازیاری هاوڕێی جۆن ناش John Nash مومکین نەبوو لەندەن بەو جۆرە لە سەدەی هەژدە و نۆزدە گەشە بکا، هەروەها ناپلیۆنی سێیەم و هاوسمان (Haussmann)یش نەبوونایە پاریس نەیدەتوانی شان لەشانی لەندەن بدا. هەروەها لەو نزیکایەتیەی شارل بۆدلێر و ستیفان مالارمێ لەگەڵ هونەرمەندانی شێوەکاری نیوەی دوەمی سەدەی نۆزدەی فەرەنسادا، هەروەها پەیوەندی هونەرمەندە نوێخوازەکانی بەریتانیا لەگەڵ ئۆسکار وایلد و جۆن ڕوسکن کە گیوم ئەپۆلینێر لەسەرەتای سەدەی بیست درێژەی پێدا بەجۆرێ کە مومکین نییە باس لە پیکاسۆ و کوبیزم و فۆتۆریزم و دادو سوریالیزم بکرێ بی باسکردنی ئەپۆلینێر و مارینێتی و وهۆگوبال و چارا و ئەندرێ بریتون و فرۆید و

برگسون ونیتشه. ئەوەی لێرەدا زۆر گرینگە باس کرێ ئەو پەیوەندیە ئازادەی نێوان هونەرمەندان و نووسەر و ڕەخنەگرەکانە کە دەگەرێتەوە بۆ گرینگی ڕۆڵی تاکەکەس. بەم جۆرە تاکەکەس لە کۆمەڵگای خۆرئاوادا لەپاڵ هەستی نامۆ بوون ڕەهەندێکی ئازادیشی هەبووە کە لەئەنجامی ڕۆڵی گەورەی (خود) دروست بووبوو. بەم شێوەیە پەیوەندی هونەرمەندانی نوێخوازی بەریتانیا و فەرەنسا لەگەڵ جۆن ڕوسکن و ئۆسکار وایلد و بودلێر و مالارمێ و ئەپۆلینێر و مارینێتی وچسارا و بریتون دا پەیوەندیەکی ئازاد بوو. مارینێتی و هۆگوبال و چارا و برۆتۆن لە فۆتۆریزم و دادا و سوریالیزم دا خاوەنی بیرۆکە ولایەنە تیۆریەکانی ئەو هونەرانە بوون و کاریگەریان لەسەر هونەرمەندانی شێوەکار زۆر ئازادانەو دوور لە ئایدیۆلۆژیا و دەستەڵاتی سیاسی بووە، ئەمەش ئەنجامەکەی دروستبوونی هونەرێکی ئازاد بوو کە مێژووی وەکو هونەری ڕەسەن لەخۆیدا هێشتیەوە.

جگە لەم شاعیر و نووسەر و فەیلەسوف و زانا و ڕەخنەگرانە دیاردەیەکی یەکجار گرینگ لەگەڵ مۆدێرنەدا گەشەی کرد ئەوەیش سالۆنی پێشانگاکان و کڕیاری کاری هونەری بوو کە ڕۆڵیان لە بۆدلێر و مالارمێ و ئەپۆلینێر و ئۆسکار وایلد کەمتر نەبوو لە نیشاندان و قسەکردن و نووسین لەسەر کاری هونەری هەروەها دۆزینەوەی کڕیار و بازرگانی هونەر، وەکو بەشێ لە کولتووری سەرمایەداری شار کە بێ ئەوان هەرگیز هونەری شێوەکاری مۆدێرن پێش نەدەکەوت.

هەندێ لەو خاوەن سالۆنانەی پاریس وەک کان ڤایلەر Khan Weiler و خانمی گیرترۆدەشتاین Gerterude Stein، کە پیکاسۆ و کوبیزم و ماتیس و دیلۆنی ولێژێ و ڕەهبەرانی هونەر و ڕێبازە هونەریەکانی سەردەمەکەی خۆیانیان نیشان دەدا و کڕیاریان بۆ کارەکانیان دەدۆزیەوە. لە بەرلینیش ڕۆڵی هێرڤارد ڤالدین Herwarth Walden وەکو دەرهێنەری گۆڤاری شتورم Starm و بەڕێوەبردنی گەلەری شتورم بەئەندازەی هەردوو گیرترۆد شتاین وکان ڤایلەری پاریس گەورە بوو لە نیشاندانی ڕێبازە هونەریە تازەکانی سەرەتای سەدەی بیست وەک دەربڕینخوازی و فۆتۆریزم و کردنەوەی پێشانگای تاکەکەسی بۆ هونەرمەندە باشەکانی ئەوکاتە وەک کۆشکا و پول کلێ و ئینجا هونەرمەندانی دەربڕینخوازی و فۆتۆریزم و ڕێبازە نوێیەکانی دیکە، بەجۆرێ کە ئەستەمە باسی ڕێبازی دەربڕینخوازی ئەڵمانی بکرێ بێ باسکردنی هێرڤالد ڤالدین.

لەدوو ڕووەوە ناوی (مۆدیرن)م بۆ ئەم کتێبە بەکارهێناوە یەکەم لە ڕووی مێژووییەوە کە



تاکو دەورووبەری جەنگی جیهانی دووەم هێناومە و دووەمیش لە ڕووی مانای مۆدێرنەوە وەکو ناوێکی دیکە بۆ تازەکردنەوە.

من ئەم کتێبەم تاڕادەیەک لە ڕووی مێژووییەوە نووسیوە هەرچەندە مەبەستی سەرەکی من مێژووی هونەر نییە بەئەندازەی نووسینێکی زانستی دەربارەی پرۆسەی تازەبوونەوە و میتۆدەکانی کاری هونەری شێوەکاری خۆرئاوا لە ڕووی تیۆری و پراکتیکەوە.

بێگومان ئەمە کتێبێکی بچووکە بەبەراورد بەو هەموو کار و نووسینە زۆرانەی کە لە ڕۆژئاوا نووسراون، بەڵام دەکرێ ببێت بەهەنگاوێ بۆ تێگەیشتن لەو ماوە گرینگەی مێژووی هونەری خۆرئاوا کە بووە بناغە و سەرەتا بۆ هونەری هاوچەرخ، کە بەبڕوای من لێرەوە مەرج نییە تەنیا موڵکی خۆرئاوا بێت.


وەکو چۆن ژمارەیەک لە ڕەهبەرانی هونەری کۆتایی سەدەی نۆزدە و سەرەتای سەدەی بیست سوودیان لە هونەر و کولتوورەکانی دەرەوەی ئەوروپا وەرگرت بۆ تازەکردنەوەی هونەرەکەی خۆیان دەکرێ هونەرمەندی دەرەوەی کولتووری خۆرئاوایش بەهەمان جۆر سوود لە مۆدێرنە وەرگرن بۆ نوێکردنەوەی هونەرەکەی خۆیان و ڕزگاری کەن لە تەقالید، بێ وەرگرتنی ڕۆحی مۆدێرنە بەڵکو مامەڵەکردن بەڕەنگ و شێوە و مەتریال و مەجال وبێجگەلە فاکتەرە شێوەکاریەکان کە وەک هەڵگری ڕۆحی سەردەمەکە و دەربڕین لە بیر و هەست و ڕۆحی خودی هونەرمەندەکە کە لە ئەنجامدا دەبێتە شکاندنی سنوورەکان وەکو یەکێ لە ئامانج و پەیامە گرینگەکانی هونەر.

# بەشی یەکەم

## سەرچاوەکانی مۆدێرنە

زۆربەی گۆڕانکارییە گەورەکان و خاڵی وەرچەرخان لە مێژووی هونەری شێوەکاریدا دەگەڕێنەوە بۆ سەردەمەکانی پێش خۆیان، ئەمە وایکردووە ئەستەمە سەردەمێکی دیاریکراو بۆ دەستپێکردنی مۆدێرنە دەستنیشان بکەین، هەر بۆیەشە چەندین ڕاوبۆچوونی جیاواز دروستبوونە هەر سەردەمێک یان دیاردەیەک یان هونەرمەندێک یاخود کارێکی هونەری دیاریکراو بەسەرەتای مۆدێرنە لە قەڵەم دەدەن، ئەمەش خۆی لەخۆیدا دەوڵەمەندی و هێزی مۆدێرنە نیشان ئەدا.

هەندێ لە مێژووناسەکانی هونەر سەرەتای مۆدێرنە دەگێڕنە بۆ تێرنەر William Turner و دولاکروا Eugene Delacroiy هەیشە گۆیا بەسەرەتای ڕاستەقینەی مۆدێرنە دائەنێ (کتێبی Monika Wager) بەڵام ئالان بۆونس Alan Bowness لە کتێبەکەیدا (هونەری مۆدێرن) دروستبوونی سالۆنی ڕەفزەکان Salon des Refuses لە پاریس لە ساڵی ١٨٦٣ بەکاتی دروستبوونی مۆدێرنە دادەنێ، هەیشە دەڵێن دروستبوونی مۆدێرنە لە هونەری شێوەکاریدا لەگەڵ تابلۆکەی کۆربێ – دا لە دایک بووە کە ساڵی ١٨٥٤ بەناونیشانی (ستۆدیۆی ڕەسام)کێشراوە، The Painters Studio بڕوانە کتێبی H.H. Arnason, History of Modern Art



گوستاف کۆربێ. ستۆدیۆی ڕەسام ١٨٥٥



هەندێکی دی لە زانایانی هونەر سەرەتا و سەرچاوەی مۆدێرنە دەبەستنەوە بەو کاتەی کە کلاسیکی نوێ لە ئەوروپا و ئەمەریکا سەری هەڵدا، واتا بۆ ساڵی ١٧٨٤ (هەمان سەرچاوە)، بەڵام ڕەگ و ڕەچەڵەکی کلاسیکی نوێ دەگەڕێتەوە بۆ کاتەکانی ڕێنێسانس Renaissance، ئایا ڕێنێسانس سەرەتای مۆدێرنەیە؟

فەیلەسوف و ڕەخنەگر و بەڕێوەبەری زووی تەیت گەلەری Tate Gallery بەریتانی هێربرت ڕید Herbert Reed , پۆل سیزان Paul Cezanne بەسەرەتا و باوکی هونەری مۆدێرن لە قەڵەم دەدا، ڕید تەنیا مێژووناس نییە کە سیزان بەباوکی هونەری مۆدێرن لە قەڵەم ئەدا، ژمارەیەکی یەکجار زۆر لە مێژووناسەکاندا لەم ڕایەدا یەکن، چونکە هیچ هونەرمەندێکی سەدەی نۆزدە بەئەندازەی سیزان کاریگەری خۆی لەسەر هونەرمەندان و ڕێبازە هونەرییەکانی پاش خۆی بەتایبەت سەرەتای سەدەی بیستەم جێ نەهێشتووە.

ڤان کۆخ و گۆگان و سۆیرە و سنیاکیش کەم نەبوون، بەتایبەت کاریگەریان لەسەر ئازادکردنی ڕەنگدا لای هونەرمەندانی فۆڤیزمی فەرەنسی و دەربڕیخوازی ئەڵمانی، هەر بۆیەشە مێژووناسی وا هەیە ڤان کۆخ بەباوکی مۆدێرنە دەناسێنێ هەیشە دەڵێ گۆگان و هەن دەڵێن هەردووکیان، بەڵام کاریگەری ڤان کۆخ و گۆگان و سۆیرە و سنیاک زیاتر لە بواری ئازادکردنی ڕەنگدا هەستی پێدەکرێ، هەرچی کاریگەری سیزانە لە هەردووک بواردا هەیە (لە ڕەنگ و شێوە). ئەمە بەکورتی هەندێ لەو هونەرمەند و ڕێبازە هونەریانەی سەدەی نۆزدە بوون کە زانایان و مێژووناسانی هونەر سەرەتا و دەستپێکردنی مۆدێرنەیان بۆ دەگێڕنەوە بەڵام ژمارەیەکی دیکە لە هونەرناس ئەو گۆڕانکارییانەی سەدەی نۆزدەیان پێ قایل نییە و سەرەتا ڕاستەقینەکەی مۆدێرنە بەدەرکەوتنی یەکەمین تابلۆی تەجرید دەبەستنەوە، واتە کاندنسکی بەدەستپێکەری مۆدێرنە لە قەڵەم دەدەن، هەڵبەت بێ گوێدان بەڕەگ و ڕەچەلەکەکانی تابلۆی تەجرید کە بۆ کلۆد مونێ و لەوێشەوە بۆ تێرنەر دەگەڕێتەوە.

ئەو مێژووناسانەش کەم نین کە شۆڕشی کوبیزم بەیەکەمین هەنگاوی ڕێکوپێکی دەستپێکردنی مۆدێرنە دادەنێن و ئەوانەش کەم نین کە یەکەمین هەنگاوی ئازادکردنی ڕەنگ لە بەکارهێنانە تەقلیدییەکەی وات (فۆڤیزم) بەیەکەمین هەنگاوی تازەگەری لە مێژووی هونەری نوێ دائەنێن.

لەبەرئەوەی چەمکی مۆدێرن تازەگەری و گۆڕان و بەرەو پێشەوەچوون لەخۆ دەگرێ،

دەکرێ گشت ئەو زانا و مێژووناسانە مافی خۆیان بێ بۆ هەر هونەرمەندێک بەکاری بهێنن کە بنەمای تابلۆی وەکو شێوە یان ڕەنگ یان بابەت گۆڕیبێ، ئیدی چ وەکو هونەرمەندی تاک یان ڕێبازێکی هونەری کە لەلایەن کۆمەڵێ هونەرمەند وەکو تازەکردنەوەیەک بۆ بنەمای کاری هونەری دروست بووبێ، ئەگەر ناوی مۆدێرنیشی لێ نەنرێ وەکو گرووپی هونەری باربیزۆن Barbizon لە فەرەنسا یان برایانی سانت لوکاس لە نەمسا لەسەرەتای سەدەی نۆزدە یاخود ڕێبازی ئەمپرسێونیزم و سیمبۆلیزم و فۆڤیزم وکوبیزم لە فەرەنسا. بەڵام ناوی مۆدێرن یەکەمجار لە مێژووی هونەری شێوەکاریدا گرووپێکی هونەری لە بەریتانیا لەخۆیانیان نا کە لە پاشماوەکانی سیمبۆلیزم دروستیان کرد بەناوی (شێوازی مۆدێرن) بەم جۆرە ئەگەر باسی ناو بکەین ئەوە بەریتانیا یەکەم جێگای دەرکەوتنی وشەی (مۆدێرن)ە بەڵام لەبەر ئەوەی مەبەست لە مۆدێرن گشت ئەو گۆڕانکارییە بنەڕەتیانە و خاڵە وەرچەرخانە گرینگانەیە کە لە مێژووی هونەری شێوەکاریدا پەیدا بوونە بۆیە فرانچیسکۆ گۆیای ئەسپانی و گشت ئەو ڕێباز و هونەرمەندە گرینگانەی فەرەنسا و دەربڕینخوازی ئەڵمانیا و فۆتۆریزمی ئیتالیایش دەگرێتەوەخۆ لە چەشنی بینایەک بەچەندین قۆناغ دروست بووە و هەر قۆناغێک بۆ خۆی سەرەتایەکی نوێیە، لێرەوە هەر ئەوە دەمێنێتەوە بزانین کێ و چۆن و کەی بەردی بناغەی ئەو بینایە دامەزرێنراوە.

گەر باسی کاندنسکی بکەین پێویستە بگەڕێینەوە بۆ کلود مۆنێ و ئەگەر باسی ئەویش بکەین دەگەڕێینەوە سەر ولیام تێرنەر، ئەگەریش باس لە سیزان بکەین ئەوە دەمانگەڕێنێتەوە سەر دولاکروا و باسکردن لە دولاکروایش دەمانباتەوە سەر ڕۆبنس. بەڵام لە نێوان ڕۆبنس و دولاکروادا فرانچیسکۆ گۆیا هەیە کە کۆمەڵێ مانا و ڕەنگ وشێوەی بنەڕەتی لە تابلۆدا گۆڕی لەجۆری بەکارهێنانی فلچە و دانانی ڕەنگ داهێنانی نوێکاری لە هێڵەکانیدا تادەگاتە گۆڕانی بنەڕەتی لە مانا و بابەتی تابلۆدا و پەڕینەوە لە بابەتە ئاینیەکانەوە بۆ وێنەی واقیعی، بۆ پەڕینەوە لە وێنەکێشانی عیسا و مەریەم و مەلایەکەت بۆ وێنەکێشانی مرۆڤی ئاسایی ناو ژیانی ڕۆژانە، ئەمە جگە لەوەی بۆخۆی یاخیبوونێک بوو لە دین و لە سیاسەت و کۆمەڵ کە بووە خاڵی وەرچەرخان و دابڕانی لەگەڵ هونەری پێش خۆی و لە هەموویانیش گرینگتر بووە هۆی دروستبوونی گومانکردن و سەرهەڵدانی عەقڵ لەجیاتی ئاین لە کاری هونەریدا.



## گۆیا

هەرچەندە کاریگەری بۆرژوازییەت و ژیانی پیشەسازی شاری لەندەن و پاریس گەورەترین کاریگەری بوون لە هونەری تێرنەر و دولاکروادا بەڵام تابلۆی گۆیا وەکو سەرەتایەک بۆ هەستکردن بەبۆرژوازی دەمێنیتەوە، ئەمە زیاتر لە تابلۆی مایای ڕووت دەردەکەوێ کە نیشاندانی ئیرۆتیک بوو وەک لەوەی مەریەمی یان دایکێ بێ، هەروەها جلوبەرگی هاوچەرخی دەکردە بەر هەندێ لە وێنە مەلائیکەتەکانی بۆ ئەوەی وەکو مرۆڤی واقیعی ناو کۆمەڵ نیشانیان بدا، بۆ زیاتر داپچڕانی گۆیا لە تابلۆی ئاینی و هێنانەوەی فیگور و بابەتەکانی بۆ ناو ژیان پشت بەوتارێکی ڤێرنەر بوش Werner Busch دەبەستم کە دەربارەی گۆیا و سەرەتاکانی مۆدێرنە نووسیویەتی وتیایدا دەڵێ: هونەرمەندی ئیسپانی فرانچیسکۆ دو گۆیا (Francisco de Goya ١٧٤٦-١٨٢٨) لە سەرەتای سەدەی نۆزدەدا دوو تابلۆی گرینگی دروست کرد کە سەرجەم مێژووی هونەری شێوەکاری خۆرئاوای خستە ژێر پرسیارەوە، یەکێکیان تابلۆی گوللەبارانی شۆڕشگێڕەکانی ١٨٠٨/٥/٣ بوو و ئەوەی دیکە شەڕی خەڵکی مەدرید بوو دژی ژەنەراڵ موراتس کە هەردووکیانی لە ساڵی ١٨١٤ تەواوکرد، ئەم دوو تابلۆیە بەڕای ڤێرنەر بوش ئەم خەسڵەتانەی تیابوو:



گۆیا. راپەڕینی ١٨٠٨



گۆیا. تیربارانی شۆڕشگێڕان ١٨١٤

١- ناوەڕاستی تابلۆکان وێنەی پاڵەوانی تیا نەکێشراوە بەڵکو وێنەی قوربانی.
٢- تابلۆکان بەمەبەستی جوانی دروست نەکراون.
٣- جۆری ڕەسم کردنەکە گونجاوە لەگەڵ بابەتە دژوارەکەدا.
٤- بۆ دۆکۆمەنتکردن دروست نەکراون.
٥- بابەتەکان لە پێناوی ئەخلاقی گشتیدا وێنە نەکراون.
٦- ئەم تابلۆیانەی گۆیا هەڵقوولاوی ناخی خۆین و لەسەر داخوازی هیچ کەسێ دروستیانی نەکردووە.

لەم خاڵانەش گرینگتر ئەوەیە کە گۆیا فیگوری مەسیحی بۆ بابەتی غەیری ئاینی بەکارهێناوە، بەمە گۆیا سەردەمێکی نوێ لە مێژووی هونەری شێوەکاری خۆرئاوا دروست دەکات.

دروستکردنی ئەم سەردەمە نوێیە لای گۆیا بەکتو پڕی نەهات، چونکە پێش دروستکردنی ئەو دوو تابلۆیە بەپانزە ساڵ گۆیا زنجیرەیەک لە کاری گرافیکی دروست کرد بەناوی کاپریچۆ Caprichos کە تیایاندا لەوکاتەوە ئیدی گۆیا فیگوری مەسیحی لە پێناوی ئایندا دروست ناکات، چونکە کاپریچۆی وەکو ڕەخنە بۆ کۆمەڵ و ئاین دروست کرد، یاخود بەکارهێنانی ئاین وەکو هۆیەک بۆ گەیشتن بەمەبەست، ئەمەش بووە



سەرەتایەکی نوێ بۆ ڕۆڵی عەقڵ لە هونەری شێوەکاریدا و لە هەمان کاتیشدا مەسیحییەت ئەم کارانەی گۆیای وەکو هەرەشەیەک دەبینی، چونکە قوربانی ئیدی مانایەکی ئاینی لەمەسیحی دا نەما بەڵکو چووە ناو واقیعەوە، واتە ئیدی قوربانی لە پێناوی ئاین و خوداوەندا نەمایەوە بەڵکو لە پێناوی ژیان و ئازادیدا، ئەمە بووە ئەو گۆڕانکارییە بنەڕەتیانەی گۆیا لە هونەردا کە بوونە هۆی گواستنەوەی مانا لە قۆناغێکی ئاینییەوە بۆ ناو ژیان کە بوونە هۆی دروستکردنی گومان لە ئاین (هەمان سەرچاوە). تەنیا ئاین نەبوو کە گۆیا لێی یاخیبوو بوو بەڵکو سەرجەم ئەو ژیانە کۆمەڵایەتیە بوو کە ئاین و پاشاکان بەیەکەوە ڕابەرایەتیان دەکرد. جگە لە لێدانی ئاین و وێنەی دەموچاوی پاشاکانی لە چەشنی ماسک دروست دەکرد کە ماوەیەک لەگەڵیاندا وەکو هونەرمەندی کۆشکی پاشا دەژیا.

جگە لەم بابەتە گۆیا لەلایەن تەکنیک و شێوە و جۆری ڕەسم کردنیشەوە لە هەندێ تەقالیدی ئەکادیمی دەرچوو بوو، وەکو گرینگی نەدان بەدیدگا و تەشریحی تەواوی فیگورەکانی و زیاتر بایەخی بەگشتی بەشداربوونی تابلۆدا وەکو جۆری بەکارهێنانی فڵچە و خێرایی دانانی ڕەنگ کە دیسانەوە جەوهەری کاری مۆدێرنە دەگرێتەوە و ئیدی بووە سەرەتایەک بۆ ئەوەی تابلۆ خۆی شێوە بۆ خۆی دروست بکات (Werner Busch).

ئەم نوێکردنەوەی گۆیا کاریگەری ڕاستەوخۆی کردە سەر هونەرمەندانی دوای خۆی لە ئەمپرسیۆنیزم و سیمبۆلیزمەوە تا دەگاتە فۆڤیزم و هونەرمەندانی دەربڕینخوازی ئەڵمانی و سوریالیزم.

ئەم گۆڕانکاریانەی گۆیا لە هونەردا بوونە هەنگاوی گرینگ بەرەو ژیان و لایەنە جۆربەجۆرەکانی نەک تەنیا جوانی و هارمۆنی، بەڵکو شکست و ئازاریش لە پاڵیدا، چونکە خودی گۆیا ماوەیەک لە بێزاری و ناهەمواریدا دەژیا کە بووە هۆی قۆناغی ڕەش لە ڕەسم کردنیدا، ئەمەش زیاتر بەرەو ناوەوەی خۆی بردی تا ڕادەی هەستکردن بەمردن، ئیدی دابڕاندن و تەنیایی و مردن وەکو کۆتایی ئاسایی ژیان لە پاش گۆیاوە بوون بەبابەت.

گۆیا لە کۆتایی گشت سەردەمە هونەرییەکانیدا دیسانەوە گەڕایەوە بۆ ڕێبازێک کە تیایدا وەک بڵێی لەگەڵ ژیاندا ئاشت بووبێتەوە پاش ئەوەی دژواری و شەڕانگێزی مرۆڤی خستە پێش چاو کە ئەمانەش هەندێ لە خەسڵەتی گرینگی ژیانی مۆدێرنەن.

گۆیا دەرگایەکی گەورەی کردەوە بۆ دەرچوون و ڕزگاربوونی هونەر لەژێر دەستەڵاتی کەنیسە و پیاوانی دەوڵەتدا، چونکە یەکێ لە هۆیەکانی دروستکردنی هەردوو تابلۆکەی

سالّی ١٨١٤ كە ناومان برد ڕقی خۆی بوو وەکو نیشتمانپەروەرێکی ئیسپانی دژی دەستەڵاتی ناپلیۆن لە ئیسپانیادا. ئەو دوو تابلۆیەی گۆیا بەڕای W. Busch نیشاندانی سەرەتای کۆتایی قۆناغی ناپلیۆنی بوو نەک تەنیا لە ئیسپانیا بەڵکو لە سەرجەم ئەوروپادا.

هەستکردنی گۆیا بەسەردەمێکی نوێ پەیوەندی بەخودی گۆیا و ئاستی هونەرمەندبوون و دوربینییەوە هەبوو، وەک لە دەوروبەرەکەی گۆیا لە لەندەن یان پاریس نەدەژیا تاکو شۆڕشی پیشەسازی و شۆڕشی فەرەنسی و ژیانی کۆمەڵایەتی شار کاری تێ کردبێ بەڵکو لە هەستکردن و دەرککردنی خودی خۆی بوو بۆ سەردەمێکی نوێ ئەمەش ئەو جیاوازییەیە کە لە نێوان ئەو دولاکروا و تێرنەردا هەیە.

## دولاکروا و تێرنەر، پاریس / لەندەن

مۆدێرنە پرۆسەیەکە چەند پەیوەندی بەخودی داهێنەرەکەوە هەبێ هێندەش پەیوەندی بەژیانی شار و سەرجەمی سترکتورە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکەیەوە هەیە،– هەر بۆیەشە دولاکروا و تێرنەر منداڵی پاریس و لەندەنن.

شۆڕشی فەرەنسی ١٧٨٩ و شۆڕشی پیشەسازی بەریتانی بوونە هۆی زیاتر گەورەبوون و گەشەکردنی پاریس و لەندەن لە سەدەی نۆزدەهەمدا، ئەمەش کاریگەری خۆی هەبوو لەسەر بیر و هەست و دەروونی تاکە کەسدا کە کۆمەڵێ وەرچەرخانی گرینگی لە نێوان مرۆڤ و دەوروبەرەکەی دروست کرد وەکو کۆمەڵگا و ئاین تا دەگاتە گۆڕانی بینینی بۆ سروشت کە لە ئەنجامدا دەبنە گۆڕەپانێکی نوێ بۆ داهێنان.

داهێنەر و دەوروبەرەکەی مرۆڤ (کۆمەڵگا) هەمیشە لەیەک جیاناکرێنەوە، لە زۆر حاڵەتدا یەکەمجار داهێنان دێت پاشان گۆڕانکاری لە کۆمەڵگا، ئەمە لەگەڵ هاتنی ڤۆڵتێر و مۆنتێسکیۆ وژان ژاک ڕووسۆدا دەگونجێ کە بوونە هۆی شۆڕشی فەرەنسی، ئەو شۆڕشەی کە پاریسی هێندە گەورەتر و پێشکەوتووتر کرد و بووە هۆی دامەزراندنی چەندین کارگەو قوتابخانە و گەشەکردنی چەندێکی تر، لەوانە قوتابخانەی هونەری پاریس(بۆزار Beau - Arts) کە سەد ساڵ زیاتر لە پێش شۆڕشی فەرەنسی دروست بووبوو، لە ١٦٤٨ بەڵام شۆڕشی فەرەنسی گرینگییەکەی گەورەتر کرد (بڕوانە مەقالی Jurgen Paul دەربارەی لەندەن و پاریس لە کتێبەکەی Monika Wagner).



قوتابخانەی بۆزار، زیاتر بایەخی بەهونەری هێڵکاری و تۆژینەوەی ئەناتۆمی جەستەی مرۆڤ و تاریک و ڕوونی و دیدەگاو ڕێژە، تاکو دروستکردنی فیگوری چیپس و لەقالبدانی پەیکەر و لێکۆڵینەوە لەئەناتۆمی کە ئەمانە گشتیان لەوەو پێش هونەرمەند کاری پێیان دەکرد، بەڵام پاریسی پاش شۆڕشی فەرەنسی گۆڕەپانی ئەو جۆرە خوێندنانەی زیاتر کرد. وەکو بابەتیش زیاتر جەختیان لەسەر ستیل لایف Still Lifa و پورترێت دەکرد، هەندێ جاریش بەبابەتکردنی ڕووداوە مێژووییەکان.

دولاکروا).

ئۆژێن دولاکروا ١٧٩٨–١٨٦٣ Eugene Delacroix چاکترین بەرهەمی بۆزار(*) بوو ئەو گشت لایەنە ئەکادیمییەکانی وەکو ڕێژە، ئەناتۆمی، دیدەگا، تاریکی و ڕوونی، هتد خوێند بوو بەڵام نەیدەویست دەقاودەق لە تابلۆکانیدا دەریانخات چونکە ئەوکات هیچ نوێکارێک و پێشکەوتنێک لە تابلۆدا ڕوونادات، ئەوەی کە لای دولاکروا لە خوێندنی بۆزاردا خۆشەویست بوو جگە لە لێکۆڵینەوە فاکتەرە ئەکادیمییەکان وەک ئەناتۆمی و ڕێژە و دیدەگا و بەبابەتکردنی ڕووداوە مێژووییەکان و هەندێ ڕووداوی ناو کتێبە گرینگەکان وەکو کۆمیدیای خودایی (الکومیدیا الالهیة)ی دانتێ یان داستانی میدۆزا یاخود مردنی سەرداناپال، بەڵام لە گشت کارە بەناوبانگەکانیدا تابلۆی (ئازادی ڕابەرایەتی میللەتان دەکات) کە ئێستا وەکو یەکێ لە سەرمایە نەتەوەییە گرینگەکانی فەرەنسا لە موزەی لۆڤرە لە پاریس پارێزراوە.

دولاکروا یەکێ لەو هونەرمەندانە بوو کە لە سەردەمەکەی خۆیدا ناسرابوو و لە ڕۆشنبیرە گەورەکانەوە تاکو پیاوە سیاسییەکان ڕێزیان لێی دەگرت، هەر بۆیەشە شان بەشانی وەفدێکی دیبلۆماسی فەرەنسی سەفەرێکی جەزائیر و مەغریب دەکات و چەندین تابلۆ و هێڵکاری و سکێچ دروست دەکات کە تیایاندا ئافرەتی جەزائیری تیا وێنەکراوە یان ئەتمۆسفیری شارەکانی مەغریب بەتایبەت مرۆڤی سەر ئەسپ بەجلوبەرگی تەقلیدی مەغریبەوە کێشاوە.

جگە لەو ژمارە زۆرەی لە کاری هونەری کە مەغریب و جەزائیربابەتی سەرەکین، لە دەفتەرێکدا یادگارییەکانی خۆی لەوێ نووسیوەتەوە، کە پاشان دەبێتە یەکێک لە سەرچاوە گرینگەکان بۆ ئاشنابوون بەخەڵک و پەیوەندی کۆمەڵایەتی لە مەغریب بەتایبەتی لایەنی

(*) ئافرەت تا سەدەی نۆزدە بۆی نەبوو لە بۆزار بخوێنێ.

هەستی گەورە و عاتیفەی مرۆڤی مەغریبی کە دولاکروا بەوردی وەسفیان دەکات.

دولاکروا لەسەردەمێکدا دەژیت کە پەیوەندی نێوان هونەرمەندی شێوەکار و نووسەر و شاعیر و ڕۆشنبیران یەکجار بەهێزە بەتایبەتی پەیوەندی شارلس بۆدلێر و ستێفان مالارمێ و بەلزاک لەگەڵ هونەرمەندە شێوەکارە بەناوبانگەکانی ئەوکاتە کە دولاکروا یەکێک بوو لەوانە، ئەمەش یەکێکە لە خەسڵەتە گرینگەکانی مۆدێرنەی خۆرئاوادا. بۆدلێر (Charles Baudelaire) ١٨٢١–١٨٦٧ خۆی جگە لەوەی کە یەکێک بووە لە تازەگەر و نوێخوازە هەرە گرینگەکان لە شیعردا، خۆشەویستییەکی زۆریشی بۆ گشت ژیانی مۆدێرنە هەبوو. ئەمەش لە خۆشەویستییەوە بۆ هونەرمەند و نووسەری تازەگەر تادەگاتە خۆشەویستی بۆ ژیانی ڕۆژانەی مۆدێرن وەکو خواردن و جل لەبەرکردن.

بڕوانە وتاری (Jurgen Panl لە کتێبەکەی Monika Wagner)دا لای بۆدلێر خودی تابلۆ وەکو دیاردەیەکی مۆدێرن دەبینرا ئینجا چۆن گەر چاوی بەتابلۆی هونەرمەندێکی نوێخواز وەکو دولاکروا بکەوێ، شیعری نوێی بۆدلێر و تابلۆی نوێی دولاکروا بووە هۆی دروستکردنی پەیوەندییەکی ڕۆحی لە نێوان هەردوو شاعیر و هونەرمەندا کە ڕۆڵێکی یەکجار گرینگی بینی لەدروستکردنی پردێک لە نێوان کاری هونەری و بینەردا.

بودلێر ئەوکات دەنووسێ (لە تابلۆ گەیشتن تەنیا خۆبەستنەوە نییە بەبابەتی کارەکەوە بەڵکو بینینی سەرجەم بەشەکانی تابلۆکەیە تا دەگاتە جۆری بەکارهێنانی ڕەنگیش).

لەسەردەمی دولاکروادا هێشتا چاوی بینەر لەسەر ئەو کارە نوێیانە ڕانەهاتبوو، ئەوان چاویان لەسەر بینینی تابلۆی عیسا و مەریەم ڕاهاتبوو، ڕۆڵی گەورەی بۆدلێر بوو کە بەنووسینەکانی بینینی بۆ کارەکانی دولاکروا و سەرجەم کاری هونەری نوێ ڕاکێشێت، ئەو ڕاستیەی دەزانی کە کاتێ هونەرمەند ڕەسم دەکات لاسایی شتە بینراوەکان ناکاتەوە بەڵکو لە نێوان شتە بینراوەکانەوە بەمەتریال هەستی خۆی دەردەبڕێ چونکە بینەری ئەوسا لە دوای بابەتی یان ناوەڕۆکێکی ئاشکرا دەگەڕا کە بیبینێ و لێی بگا، شارلس بۆدلێر لەو بوارەشەوە هۆشی مرۆڤی گۆڕی بۆ بینینێکی باڵاتر کە بینەر بتوانێ گشت لایەنەکانی تابلۆ بەیەکەوە وەک جەستەیەکی یەکگرتوو ببینێ. ئەو دەربارەی ناوەڕۆکی تابلۆ نووسیویەتی: ناوەڕۆکی تابلۆ تەنیا ئەو بابەتە نییە کە هونەرمەند ڕەسمی دەکات بەڵکو سەرجەمی تابلۆکەیە بەگشت شێوە و جۆری بەکارهێنانی ڕەنگەکانەوە، ئیدی بینەر نابێ تەنیا خۆی بەبابەتی تابلۆوە ببەستێتەوە، بەڵکو پێویستە سەرجەمی شێوەکانی دیکەی ناو تابلۆکەیش وەک ناوەڕۆک ببینێ.



بۆدلێر لە بینینی تابلۆی نوێدا ئەرکێکی گەورەی لەسەر هونەرمەندی نوێخواز لابردووە بەتایبەتی ئەو نەدەهات لەجیاتی هونەرمەندەکە و کارە هونەرییەکە قسە بکا، بەپێچەوانەوە پایەی هونەرمەند و کارە هونەریەکەی بەرزتر دەکردەوە چونکە نووسین و قسەکانی ئەو لە ئەنجامی بینین و نزیکبوونەوەیدا بوو لە هونەرمەند، بۆیە نووسینەکانی لەوە تێدەپەڕی کە تەنیا پردێ لە نێوان کاری هونەری و بینەردا دروست بکا، بەڵکو سەرچاوەیەکن بۆ مۆدێرنە کە تا ئەمڕۆ کاریگەری خۆی هەیە. (بڕوانە Steean Germer) دولاکروا ئەوسا چێژێکی زۆری لەو پەیوەندییەی لەگەڵ بۆدلێردا وەردەگرت، و بەگشتی هێندە برادەر بوو لەگەڵ شاعیرو نووسەراندا هێندە لەگەڵ هونەرمەندی شێوەکاردا برادەر نەبوو.

دولاکروا ئەو ڕاستیانەی دەزانی کە بۆدلێر قسەی لێوە دەکات.

ئەو خۆی دەیزانی کە زۆر دەمێکە ئاستی تابلۆی لە بابەتی عیسا و مەریەمەوە گوێزراوەتەوە ئەو ئاستەی کە بەشدار بێت لە مێژووی و ڕووداوەکانی سەردەم هەرچەندە بۆ گەیشتن بەم ئاستە گۆیا لەوەوپێش ڕێی بۆی خۆش کردبوو بەڵام دەمێنێتەوە ئەوەی کە سەرچاوە گەورەکەی دولاکروا زیاتر ڕۆبنسە وەک لە گۆیا کە بەئەندازەی خوێندنی ئەکادیمیایی سوودی لێی وەرگرت بوو.

دولاکروا تەنیا هونەرمەندی نوێخوازی سەردەمەکەی خۆی نەبوو، بەڵکو لەوسەردەمەدا چەندین هونەرمەندی بەتوانای دیکەش دەژیان وەک: ئەنگرە و ئیدوارد و مانێ و کۆربێ و هۆنۆرە دۆمێ، کە گشتیان بەچەشنی جیاجیا لە پرۆسەی نوێکردنەوەی هونەردا بەشداربوون و توانیبوویان لەگەڵ بۆدلێر و مالارمێ و ژمارەیەکی دی لە ڕۆشنبیراندا ئەتمۆسفێرێک دروست بکەن و مێشکی خەڵک بەخۆیانەوە سەرقاڵ بکەن تا ئەو ڕادەی کە زۆر باوبوو کێ لەگەڵ پەڵەڕەنگ دایە و کێی دی هێڵی خۆش دەوێ؟

لە کاری هونەریدا ئەوانەی کە خۆشەویستی پەڵەڕەنگ و ڕووبەر بوون لایەنگری دولاکروابوون، و ئەوانەی کە هێڵیان لە کاری هونەریدا خۆش دەویست لایەنگری ئەنگرە ١٧٨٠–١٨٦٧ Ingres بوون. بڕوانە(H.H.Arnason History of Modern Art).

دولاکروا میراتێکی هونەری گەورەی بۆ هونەرمەندانی پاش خۆی جێ هێشت و ژمارەیەکی زۆر لە هونەرمەندانی پاش خۆی سوودیان لێی وەرگرت لە هەموویان زیاتر پۆل سیزان بوو.

## تێرنەر Tauner

چەندە شۆڕشی فەرەنسی پاریسی پێشخست و گەورەتری کرد و زیاتر بووژاندیەوە کە بووە هۆیەکی گرینگ بۆ گەشەکردنی بۆزار و هونەر بەگشتی، هێندەیش شۆڕشی پیشەسازی بەریتانی لەندەنی گەورەتر و پێشکەوتووتر کرد، تا ئەو ڕادەی کە لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەهەمدا بووبووە گەورەترین شاری جیهان و خاوەن گەورەترین (بەندەری دەریایی) بوو، کە بەهۆیەوە پەیوەندی بازرگانی لەگەڵ گشت جیهاندا بەست، ئەمەش هۆیەکی گرینگ بوو بۆ دەوڵەمەندی و بوژانەوەی کولتووری.


شاریش هەرچەندە گەورەتر بێ ئەوەندە ژیان تیای ئاڵۆزتر دەبێ، ئەمەش پەیوەندی مرۆڤ لەگەڵ سروشت کەم دەکاتەوە و بەدیوی ئەودیودا هەستی تەنیایی و نامۆبوون و ونبوون و ترس تیای گەورەتر دەبێ، لەلایەکی دیکەوە ڕەهەندی چوونە ناوەوەی مرۆڤ بۆ خودی خۆی، زیاتر و بەهێزتر دەکات، بەم جۆرەش ڕەوشت و ڕەفتاری شارستانی جێگای ڕەوشتی سروشتی دەگرێتەوە.

ولیام تێرنەر (William Turner) ١٧٧٥–١٨٥١ هاووڵاتی لەندەن، دوور نەبوو لەم گۆڕانکارییە گەورانەی کە شار بەسەر هاووڵاتییەکانیدا دەهێنێ، بەتایبەتی گەر ئەوهاووڵاتیە خاوەن هۆشمەندی و هەست و دەروونێکی گەورە بێ، ئەوسا کاریگەرییەکەی گەورەتر دەبێ و توانای هونەریش دەتوانێ گشت ئەم کاریگەرییانە لە کاری هونەری نیشان بدا، چونکە ڕاستییەکن و دەبنە بەشێک لە دەروونی هونەرمەندەکە کە کارە هونەرییەکانی پێ دروست دەکات.

ولیام تێرنەر لەسەرەتادا هونەرمەندی دیمەن بوو وەکو کونستابلی هاووڵاتی، بەڵام ڕادەی کاریگەری شاری لەندەن و جۆری گۆڕانکاریەکان لە مێشک و دەروونی تێرنەردا بەجۆرێکی دی کەوتەوە وەک لای کونستابل.

ئەتمۆسفیری پیشەسازی و زانست کاریگەریان زۆربوو لە گۆڕانی دیمەنەکانی تێرنەر لە ڕاستەوخۆ لاسایی کردنەوەی سروشت بەرەو تەجرید، ئەمەش بەهۆی ڕۆڵی خودێک کە زیاتر لە سروشت دوور کەوتبێتەوە و بەرەو ناوەوەی خۆی بڕوات، ئیدی لەوکاتەوە وێنەکردنی دیمەن لای تێرنەر ڕەسم کردنی دەقاودەقی سروشت نەبوو بەڵکو بەرەو تەجریدکردنی فیگەرەکانی سروشت ڕۆیشت و تواندنەوەی ئەو فیگەرانە لەناو پەڵە ڕەنگەکانیدا بەجۆرێ کە وەکو جاران بەڕوون و ئاشکرایی نەدەبینران.





تێرنەر. زریان ١٨١٠ – ١٨١٢

هەرچەندە دولاکروا و تێرنەر هەردووکیان منداڵی شاریی گەورەبوون بەڵام لە دوو ئەتمۆسفێری هونەری جیاوازدا دەژیان، تێرنەر بۆدلێری نەبوو بۆ دروستکردنی پردی نێوانی کارەکانی و چاوی بینەر، بەڵام خۆی جگە لە کاری ڕەسم کردن و خۆشیەکی گەورەشی بەکاری تیۆریدا دەهات، بەتایبەتی لە بواری ڕەنگدا هەر بۆیەشە لەساڵی ١٨١٦ بەدواوە ئەکادیمی مەلەکی بەریتانی بانگی دەکات بۆ گوتنەوەی وانە دەربارەی تیۆریەکانی ڕەنگ لە هونەری ڕەسم کردندا، لەجیاتی شیعرو دنیای ڕۆشنبیری پاریس پیشەسازی و زانست لە لەندەن باو بوو بەتایبەت تیۆرەکانی مایکل فارادی دەربارەی ڕووناکی و گەرمایی و کارەبا کە تێرنەر زۆر خۆشی پێ دەهات و لێوەی نزیک دەبووەوە تا ئەو ڕادەی ناوی یەکێ لە کارە گرینگەکانی دەنێ (باران، هەڵم، خێرایی)، هەڵبەت لەسەر نەزمی (گەرمایی، کارەبا، ڕووناکی) لەم تابلۆیەدا تێرنەر وێنەی شەمەندەفەرێک دروست دەکات کە پێشەوەی تەواو دەبینرێ بەڵام بەشی دواوەی لەناو کۆمەڵێ ڕەنگدا دەشارێتەوە چ وەکو بەشێک لە ڕێبازەکەی خۆی وەک تواندنەوەی فیگەرەکان لەناو ڕەنگدا و چ وەکو نیشاندانی بابەتی پیشەسازی وەک فاکتەرێک بۆ مۆدێرنە.

بەم جۆرە ولیام تێرنەر و فرانچیسکو دی گۆیا و سەرچاوەی هەرە گرینگ پێک دێنن لە دەستپێکردنی هونەری شێوەکاری مۆدێرن.

ئەگەر کاریگەری دولاکروا بەزۆری بەسەر سیزانەوە دەردەکەوێ، کاریگەری تێرنەر

بەسەر مۆنێ و ئیمپرسیۆنیزمەکانەوە دەردەکەوێ، ئەمەش تاکو پەیدابوونی یەکەمین تابلۆی تەجرید لای کاندنسکی.

گۆیا و تێرنەر دوو سەرچاوە و سەرەتای گرینگ پێک دێنن لەلادان لە پرەنسیپە ئەکادیمیەکان و دروستکردنی جۆرێکی دی لە بەکارهێنانی ڕەنگ و شێوە کە خودی خۆیان زیاتر تیا بەکارهێناون، لەکاتێکدا دولاکروا هەمیشە پشتی بەپرەنسیپە ئەکادیمیەکان دەبەست، بەڵام ئەوان و کونستابل و کۆمەڵێ هونەرمەندی دیکەی سەردمەکەیان کە هێندە مێژوو باسیانی نەکردووە ڕێگایان بۆ چەندین هونەرمەندی وەک مونێ و سیزان و گۆگان و ڤان کۆخ و دومێ و لوتریک تادەگاتە گۆستاف کلیمیت خۆش کردبوو، زیاتر تازەکردنەوەی ڕەنگ و شێوە چ وەکو تاقیکردنەوەی تاکە کەسی و چ لەناو گرووپە هونەرییە گەورە و سەرەکییەکاندا، وەک هەردوو قۆناغی ئەمپرێسیۆنیزم کە سوودێکی گەورەیان لە هونەرمەندانی باربیزۆن کۆربێ، و کۆرۆت، و میلێ وەرگرت بوو و ڕێبازی سیمبۆلیزم کە سەرچاوەکانی خۆیانیان بەهونەرمەندانی پێش ڕافائیل دەبەستەوە تاوەکو شێوازی مۆدێرن کە لەگەڵ بەستنەوەی سەرچاوەکانی خۆیاندا بەسیمبۆلیزم (گۆستاف مۆرۆ، کلینگەر، هۆلدەر) دیسانەوە برایانی پێش ڕافائیلیان بەسەرچاوەیەکی گرینگ بۆ نوێکردنەوەی هونەرەکەیان دادەنا.

## ئەمپرێسیۆنیزم ـ قۆناغی یەکەم

گۆڕانکارییە گرینگەکانی سەدەی نۆزدە و ئەتمۆسفیری شاری لەندەن و پاریس تەنیا تێرنەر و دولاکروای دروست نەکرد، بەڵکو ژمارەیەکی زۆری دیکەی هونەرمەند و ڕۆشنبیری لەگەڵ خۆ هێنا کە هەندێکیان وەکو تاکە کەس کاریان دەکرد و هەندێکی دیکەش لەناو گرووپی هونەریدا. ئەمپرێسیۆنیزم یەکێ بوو لەو گرووپە هونەرییە هەرە گرینگانەی سەدەی نۆزدە کە ئەرکی تازەکردنەوەی هونەری شێوەکاری بەتایبەتی ڕەسم کردنی خستە سەر شانی خۆی، ئەمپرێسیۆنیزم دوو قۆناغ بوو لە جۆری بەکارهێنانی ڕەنگ کە بەئاشکرا کاریگەری هەست و دەروون و عەقڵی شاری پێوەبوو، و ڕادەی بینین و چێژی لە تابلۆی ڕیالیست و ناتورالیستەوە گوێزایەوە بۆ ئاستێک کە دەربڕین و خێرایی لە ناوەڕۆکدا هەڵگرێ و پاشان ببێتە پردێک لە نێوان هونەری کۆن و نوێ، هەروەها لە نێوان ناتورالیزم و فۆڤیزمدا.

هەروەکو دەرکەوتنی خودی هونەری مۆدێرن، ئەستەمە کاتێک یان هونەرمەندێکی



دیاریکراو بۆ دەستپێکردنی ئەمپرێسیۆنیزم دەستنیشان بکەین هەروەهایش ناکرێ بەهێڵێکی ڕوون و دیاریکراو ئەمپرێسیۆنیزم لە هونەرەکانی پێش خۆی وەکو ڕیالیزم و گرووپی باربیزۆن جیابکەینەوە. هونەرمەندانی باربیزۆن (Barbizon) لەپاڵ گۆیا و تێرنەر و کونستابل و دولاکروادا ڕێگایان بۆ تابلۆی ئەمپرێسیۆنیزم خۆشکرد.

ئەم گرووپەش (باربیزۆن) لە نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەدا لەژێر کارتێکردنی هونەری دیمەنی ئینگلیزی (کونستابل و تێرنەر) و کارە ڕیالیستەکانی میلێ و کوربێدا لە فەرەنسا بەیەکەوە کاریان دەکرد، بابەتەکانیان بەزۆری دیمەنی سروشت بوو لەسەر ڕێبازێک کە تێکەڵاو بوو لە نێوان ڕیالیزم و ناتورالیزم لەگەڵ هەندێ گەڕانەوە بۆ تەقالیدی دیمەنی هۆڵەندی سەدەی حەڤدەهەم.

ئەمانە خۆیان بەتازەگەر لە قەڵەم ئەدا چونکە بوونە هۆی دروستکردنی هەستی ڕۆمانسی لە تابلۆدا، هەر بۆیەشە بەڕای ئەرناسۆن دەکرێ دیمەنەکانی گرووپی هونەری باربیزۆن بەدیمەنی ڕۆمانتیکی لە قەڵەم بدرێ. بڕوانە (H.H.Arnason).

لەبەرئەوەی ئەمپرێسیۆنیزم دیسانەوە بەڕادەی یەکەم وێنەی دیمەن و پەیوەندییە لەگەڵ سروشتدا، سەختە ئەو خاڵە جیاوازییە لە نێوان هونەرمەندانی باربیزۆن و ئەمپرێسیۆنیزم دیاری بکرێ. هەرچەندە لە ڕووی مێژووییەوە ساڵی ١٨٧٤ ساڵی کردنەوەی یەکەم پێشانگای ئەمپرێسیۆنیزمەکانە، بەڵام تابلۆی ئەمپرێسیۆنیزم لەوەوپێش دروست بووبوو، زوو هەندێ لە مێژووناسەکان تابلۆکەی ئیدوارد مانێ (خواردنی بەیانیانی سەر سەوزایی) کە لە ساڵی ١٨٦٣ بەدەستپێکردنی ئەمپرێسیۆنیزم لە قەڵەم ئەدا، هەیش بوو دەیانگوت ئەمپرێسیۆنیزم بەهەردوو تابلۆکەی مانێ (ئۆلۆمپیا) کە دیسانەوە لە ساڵی ١٨٦٣ دروستی کردبوو و تابلۆی خواردنی بەیانیانی سەر سەوزەگیا دەستی پێ کردووە، چونکە نیشان نەدانی ئەم دوو تابلۆیەی مانێ لە پێشانگای ساڵۆنی ڕەسمی ئاژاوەیەکی گەورەی نابووەوە.

لەوە دەچێ بەستنەوەی مێژووی ئەمپرێسیۆنیزم بەو دوو تابلۆیەی (مانێ) و ئەو ئاژاوەی کە نابوویەوە پەیوەندی بەخودی کارەکتەر و پایەی ئیدوارد مانێوە هەبێ وەکو هونەرمەندێکی ئەوسای بەناوبانگ و ناسراو لەناو ڕۆشنبیر و هونەرمەندانی پاریس تادەگاتە پیاوانی دەوڵەت. ئێدوارد مانێ (Edouard Manet) ١٨٢٣–١٨٨٣ برادەری شارلس بۆدلێر و ستیڤان مالارمێ و بەلزاک و چەندین ڕۆشنبیر و پیاوی ناسراوی پاریس

بوو، بۆدلێر و مالارمێ ڕادەی مۆدێرنەی شیعرەکانی خۆیانیان دەشوبهاند بەتابلۆکانی مانێ و هەردووکیان چەندین باس و گوتاریان لەسەری نووسیبوو (Alan Bowness هەستیان بەهاوبیری دەکرد لەگەڵ مانێدا و بەڕای (ئەلان بۆنس) ١٨٤٣–١٨٩٨ Stephane Mallarme مالارمێ ڕۆژ نەبوو سەردانی ستۆدیۆکەی مانیە نەکات، ئەمەش بێگومان پەیوەندیەکی قووڵ و پڕ وردەکاری لە نێوانیان دروست دەکات کە هەر یەک کاریگەر بێ لەسەر ئەوەکەی دی تا ئەو ڕادەی کە مالارمێ بۆ نوێکردنەوەی شیعرەکانی هەندێ جار لەگەڵ ئیقاعی تابلۆکانی مانێدا دەیانگونجاند (هەمان سەرچاوە) بەتایبەت لە بواری شێوەدا، هەر بۆ مالارمێیش دەگەڕێتەوە دۆزینەوەی کارەکتەری (ڕێکەوت) لە کارەکانی مانێدا کە پاشان هونەرمەندی زۆر پاش خۆی سوودیان لێ بینی.

ئەم بەناوبانگی و پایەی مانێ ڕۆڵی لەو ئاژاوەیە گەورەتر کرد کاتێ کە لە ساڵی ١٨٦٣ لیژنەی سالۆنی هونەری ڕەسمی، هەردوو تابلۆکەی (خواردنی بەیانیانی سەر سەوزەگیا) و ئۆلۆمپیایان وەرنەگرت لە پێشانگاکەیاندا و بەم کارە مانێ بریندار دەبێ و هەستی ناڕەزایی خۆی نەک تەنیا بەڕۆشنبیرە برادەرەکانی دەگەیەنێ بەڵکو تاکو بەرزترین دەستەڵاتی سیاسی ئەوسای فەرەنسا دەبیات کە ئەوسا ناپلیۆنی سێیەم دەبێ، ئەویش پشتگیری لێ دەکا و ئەنجامەکەی دامەزراندنی سالۆنی ڕەفزەکان بوو (Salon des Refuses) کە بەڕای (ئەلان بونس) خاڵی سەرەتای مۆدێرنەیە لە مێژووی هونەری شێوەکاریدا Karoline Hille ئەم بۆچوونە کە تابلۆکەی ئیدوارد مانێ (خواردنی بەیانیانی سەر سەوزەگیا) وەکو سەرەتا و دامەزرێنەر بۆ ئەمپرێسیۆنیزم تاماوەیەک بەکاربوو، بگرە تاکو ئەمرۆیش لە هەندێ سەرچاوەکانی مێژووی هونەری ماوەتەوە.

پاش زیاتر خۆ هیلاکی کردن و هەندێ تۆژینەوەی دیکە دەربارەی ئەمپرێسیۆنیزم و جۆری دروستبوونی ژمارەیەکی زۆر لە بیرورِا، پێ لەسەر ئەوە دائەگرن کە دامەزرێنەری ڕاستەقینەی گرووپی ئەمپرێسیۆنیزم کلۆد مونێیە.

کلۆد مۆنێ Claude Monet ١٨٤٠–١٩٢٦ و سەرەتای ئیمپرسیونیزم لەگەڵ دروستبوونی تابلۆکەی مۆنێدا ئەمپرێسیۆن Impression دەست پێ دەکات کە لە ساڵی ١٩٧٢دا بەڕەنگی زەیتی دروستی کردبوو، ئەم تابلۆییەی مۆنێ لە دیمەنێکی خۆرهەڵاتدا پێکهاتووە و زیاتر ڕەنگی سوور و وەنەوشەیی بەسەردا زاڵە.

کلۆد مۆنێ لە ئیدوارد مانێ گەنجتر بوو، بەڵام پەیوەندییەکی هاوڕێیانە لە نێوانیاندا



هەبوو و مانێ دەرکی بەبەهرە و توانای تازەگەری مۆنێ دەکرد تا ئەو ڕادەی کە بڕوای وابوو بکەوێتە پێش ئەویشەوە، بەڵام لە سەردەمەکەی خۆیدا بەئەندازەی مانێ بەناوبانگ نەبوو و هێندە خاوەنی پەیوەندی بەرفراوان نەبوو. (گەر لەگەڵ دولاکروا و مانێدا بەراوردیان بکەین). بەڵام وەکو هونەرمەندێکی پڕ توانا و دڵسۆز بۆ کاری هونەری و نوێکردنەوەی شێوەکان لەناو هونەرمەندانداا ناسرابوو، هەر بۆیەشە توانی ژمارەیەک لە هونەرمەندی باشی ئەوکاتە لە خۆی کۆبکاتەوە.

بەتایبەت ئەوانەی کە وەکو خۆی کارەکانیان لە سالۆنە ڕەسمییەکاندا نیشان نادرێن، بەم جۆرە مۆنێ توانی هونەرمەندانی وەک کامیل پیسارو Pissaro و ئەلفرید سیسلی Sisly و ئۆگوست ڕێنوار (١٨٤١–١٩٠٦) Renoir و ئیدگار دۆگا (١٨٣٤–١٩١٧) Degas و هەندێکی دیکە لە دەوری خۆی کۆبکاتەوە و لە بەهاری ١٨٧٤ یەکەمین پێشانگای خۆیان ڕێک بخەن و خۆیان وەکو گرووپێکی هونەری نزیک لەیەکەوە ئاشکرا بکەن.



کلۆد مۆنێ. گوڵەکانی سەر دەریاچە ١٩١٦

ئەم هونەرمەندانە، ئیدگار دۆگای لێ دەرچێ کە لەبەر ئەوەی لە خێزانێکی دەوڵەمەندەوە هاتبوو و هێندە پێویستی بەفرۆشتنی تابلۆ نەبوو بۆ ئەوەی پێی بژی وەکی دی زۆر هاوڕێیانە لەگەڵ یەکدیدا کاریان دەکرد و پاڵپشتی یەکتریان دەکرد، سیسلی و پیسارۆ و

مۆنێ زیاتر لەیەکەوە نزیک بوون، ڕێنوار لەبەرئەوەی زۆربەی بابەتی تابلۆکانی ئافرەتی گەنج و جوان و تاڕادەیەک ڕووت بوو، تابلۆکانی زیاتر ڕەواجییان هەبوو و پیاوانی پارەدار لێیان ئەکڕی، ئیدوارد مانێیش پێیەکی لەگەڵ هونەرمەندانی دەوروبەری مونێدا بوو، پێکەی دیکەی لەناو سالۆنەکاندا بوو، بەڵام ناکرێ مانێ لە سەرجەمی ئەمپرێسیۆنیزم جیا بکرێتەوە لەبەر ئەو لەیەکچوونانەی نێوان پرەنسیپی کاری ئەمپرێسیۆنیزم و کارەکانی مانێ، هەرچەندە ئەو هێندە ناسرابوو پێویستی بەوە نەبوو لەگەڵ گرووپی کلۆد مونێ و ئەوانی دیدا لە پێشانگاکانیان بەشدار بێ.

پۆل سیزانیش لەبەر ئەوەی وەکو کارکتەر زۆر تاکڕەو بوو، هێندە خۆشی بەکاری و بەکۆمەڵ نەدەهات، ماوەیەک وەکو تاکە هونەرمەند کاری دەکرد، بەڵام کە بینی شێوەی کارکردنی نزیکە لە ئەمپرێسیۆنیزمەکانەوە ئیدی بووە ئەندامێ لەگەڵیان و بەم جۆرە گرووپی ئەمپرێسیۆنیزم هێندە بەهێزتر و بەناوبانگتر بوو، چونکە کاری سیزان ناسرابوو بەباشی و خۆیشی وەکو هونەرمەندێکی نوێخواز ناسرابوو (Alan Bowenes). بەم جۆرە سەرەتا گرووپەکەی مۆنێ و پیسارۆ و سیسلی بوون پاشان ڕێنوار و دۆگاو لە کۆتاییشدا سیزانیش هاتە ناویانەوە. ئەم هونەرمەندانە لە ساڵی ١٨٧٤ تاکو ١٨٨٦ گشت ساڵی پێشانگایان بۆ کارەکانی خۆیان ڕێک دەخست و توانییان بەتەریبی سالۆنەکاندا ئەتمۆسفێریکی دیکە لە هونەر و جمهورێک و جۆرێکی دیکە لە بینینی تابلۆ دروست بکەن کە نوێتر بێ لەوانەی سالۆنەکان تا ئەو ڕادەی کە سەرنجی کۆمەڵێ خەڵکی گرینگی ئەوسای پاریسیان وەک ڕۆشنبیر و ڕەخنەگر تا دەگاتە گەلەری و کڕیاریش بەلای خۆیاندا ڕابکێشن و ئەمپرێسیۆنیزم بکەنە یەکێ لە ڕێبازە گرینگەکانی نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدە بەتەریبی سیمبۆلیزمدا.

ئەمپرێسیۆنیزم وەکو ناو جگە لە تابلۆکەی کلۆد مونێ، لەلایەن خودی هونەرمەندانی دەوروبەری مونێ وەکو پیسارۆ و سیسلی و ڕینوار و دۆگاودا بۆ وەسفکردنی کارەکانی خۆیان بەکار دەهێنرا، دەکرێ ئەمەش سەرچاوەیەک بێ بۆ هەڵبژاردنی ئەو ناوە بۆ ئەو جۆرە کارانە. ئەمپرێسیۆنیزم لە هونەری شێوەکاریدا بەرادەی سەرەکی مامەڵە بوو لەگەڵ ڕەنگدا، بۆیە هێندە پەیکەر و گرافیک بەئەندازەی تابلۆ ناگرێتەوە.

هونەرمەندانی ئەمپرێسیۆنیزم دەرکیان بەسەردەمێکی نوێ کرد بۆ مێشک و دەروون و هەستەکانیان، ڕازی نەدەبوون بەجۆری ڕەنگ دانانی ناتورالیستی هونەرمەندانی باربیزۆن، بەڕای ئەوان کارەکانی کۆریێ و کۆروت پەیوەندیان لەگەڵ سروشتدا زۆر



ڕاستەوخۆیە، لەلایەکی دیکەشەوە نەیان دەویست ئەوەی کە لە ئەکادیمیای هونەر فێری بووبوون لەکارە هونەرییەکانیاندا دەقاودەق دووپاتی بکەنەوە، ئەمە بۆ ئاستی بینینی ئەوان هێندە داهێنان و نوێکردنەوەی تیا نییە، چونکە ئاستی نوێی بینینی ئەوان لەوەدابوو کە خۆیان ئازاد بکەن لە بەستنەوەی دەقاودەقەوە بەسروشت و شتە بینراوەکان بەگشتی، بەڵکو بەپەلە، بەخێرایی ئینتیباعێکی لێ وەرگرن و لەکارەکانیاندا وێنەی ئەو ئینتیباعە بکەن ئەمەیشە وا دەکا کە تابلۆی ئەمپرێسیۆنیزم تابلۆیەکی تەواو ڕیالیست نەبێ وخێرایی بەکارهێنانی فڵچەکانیان هەستی خێرایی بەبینەر دەدا، ئەمەش لە خودی خۆیدا هەستکردنە بەئیقاعی شار و ژیانی مۆدێرنە. بەم جۆرە لە تابلۆی ئەمپرێسیۆنیزمدا جێگای دانان و بەکارهێنانی فڵچە لە ڕووی تابلۆکەدا ئاشکرایە ئەمپرێسیۆنیستەکان ئەو ڕەنگەی کە دایان دەنا جارێکی دی بەسەریدا نەدەچوونەوە، ئەمەش وای دەکرد کە جێگای فڵچەکانیان و ئەو ڕەنگانەی کە دایان دەنا هەستی ئەو چرکە ساتە لە خۆیدا بهێڵێتەوە کە ڕەنگەکەی تیا دانراوە، ئەم جۆرە بەکارهێنانە بوو کە تابلۆی لە ڕیالیست و ناتورالیزمەوە بەرەو قۆناغێکی نوێ برد کە ئەمپرێسیۆنیزمی پێ گوترا، کە لە هەمان کاتدا جیابوونەوە بوو لە قۆناغی ناتورالیزم و لەلایەکی دیکەشەوە هەنگاوێک بوو بەرەو دەربڕینخوازی و فۆڤیزم بەڵام ئەم هەنگاوە تا کۆتایی قۆناغی یەکەمی ئەمپرێسیۆنیزم بەتەواوەتی لە ناتورالیزم ڕزگاری نەبوو، هەوڵدانی گەورەی مونێ و سیزانی لێ دەرچێ ئیدی لای ئەمانەی دوایی هونەرمەندانی قۆناغی یەکەمی ئەمپرێسیۆنیزم هێشتا بۆ دارودرەخت و گژوگیا ڕەنگی سەوز و تۆنەکانی بەکاردەهێنرا و بۆ ئاسمانیش ڕەنگی شین و تۆنەکانی و بۆ زەویش ڕەنگی خاکی و خۆڵەمێشی بەکاردەهێنا.

مونێ و سیزان لەناو ئەمانەی دوایی هونەرمەندانی قۆناغی یەکەمی ئەمپرێسیۆنیزم دا هەنگاوێکی گەورەتریان نا بۆ جیاکردنەوەی ڕەنگ لە سروشت، ئەمەش بەیارمەتی ئەو تیشکە بەهێزەی کە مونێ لە سەفەرەکەیدا بۆ سەرووی ئەفەریقا بەدی کرد، ئەوکات مۆنێ بینی کە ڕەنگی سێبەر تەنیا قاوەیی نییە بەڵکو شین و سەوز وەنەوشەیشی تیا دەردەکەون (William C. Seitz) بەگشتی لە تابلۆی مونێدا ڕووبەرە ڕەنگەکان بەهێڵێ جیا نەدەکرانەوە، ئەمەش نەرمی و هارمۆنی سنووری نێوان ڕەنگە جیاجیاکانی نیشان ئەداو بەجۆرێ کە لە کۆتایی ڕووبەرێکی ڕەنگی و دەستپێکردنی ڕووبەرەکەی تەنیشتیدا تێکەڵاوێک لە نێوان هەردوو ڕەنگ پەیدا دەبوو بۆ ئەم دیاردەیەش هەندێ لە پشکنینە نوێیەکان دەربارەی مونێ دەڵێن گوایە مونێ چاوی لاواز بووە و کورتبین بووە بۆیە

نەیتوانیوە سنووری نێوان شتە ڕەسمکراوەکان بەوردی و ڕوونی و ئاشکرایی ببینێ، بەڵام تێکەڵاوبوونی سنووری ڕەنگەکان تابلۆی مونێی زیاتر لە تەجریدەوە نزیک کردووەتەوە، هەر بۆیەشە کاندنسکی و هونەرمەندانی تەجریدی ئۆرگانی مونێ بەیەکێ لە سەرچاوە گرینگەکانی خۆیان دەبینن.

جگە لە ڕۆڵی گەورەی کلۆد مونێ لە ئەمپرێسیۆنیزم دا هەندێ کاری دیکەشی لە نوێکردنەوەی تابلۆدا کرد، وەکو ڕەسم کردنی زنجیرە تابلۆیەک کە یەک بابەت بن و لە ئەتمۆسفێری ڕەنگدا لە یەکەوە نزیک بن، بەجۆرێ کە تابلۆیەک ببێتە دایک بۆ لەدایکبوونی تابلۆکەی پاش خۆی، هەروەها مونێ لە کاتەکەی خۆی زۆرجار تابلۆی بێ چوارچێوە لە پیشانگادا نیشان دەدا، ئەمەش دیاردەیەکی نوێ بوو وەکو کردنەوەی سنووری تابلۆ بۆ دەرەوەی خۆی.

## سیزان Christa van Lengerke

پۆل سیزان ١٨٣٩-١٩٠٦ هەندێ جیاواز بوو لە هاوڕێ ئەمپرێسیۆنیزمەکانیدا ئەو دەیویست زۆر لە تەجرەبەکانی لە جۆری بەکارهێنانی فڵچە و ڕەنگ بەتەنیا بیکا، بەڵام ئەوەی ئەو لەگەڵ ئەمپرێسیۆنیزمەکاندا کۆدەکاتەوە لە یەکچوونی پرەنسیپە بنەڕەتییەکان



پۆل سیزان. گوڵدانیکی شین ١٨٨٨



بوو لە نێوان ئەو هونەرمەندانی ئەمپرێسیۆنیزمدا لە جۆری بەکارهێنانی فڵچە و دانانی خێرایی ڕەنگدا، ئەم جیاوازیەش لای سیزان تایبەتمەندێکی بەکارەکانی دابوو، لەکاتێکدا تابلۆی پیسارۆ وسیسلی لەبەر نزیکی بەیەکەوە کارکردنیان تاڕادەیەک لەیەک دەچوون.

سیزان بەپێچەوانەی مۆنێ زۆر هاتووچۆی مۆزە و گەلەرییە هونەرییەکانی دەکردو زۆر لەو تابلۆیانە ورد دەبووەوە کە هەستی بەنزیک کردنەوە دەکرد لەگەڵیاندا وەکو کارەکانی دولاکروا.

سیزانیش وەکو هونەرمەندێکی ئەمپرێسیۆنیزم خۆی لە تەقالیدی ڕەسم کردنی هونەرمەندانی ڕیالیزمی باربیزۆن جودا دەکاتەوە و بۆ ئەم مەبەستەیش لە سەرەتادا گوێ لە هەندێ ئامۆژگارییەکانی پیسارۆ دەگرێ کە لەو بەتەمەنتر و پڕ تەجرەبەتر بوو تا لە ئەنجامدا زۆر بەپێشی دەکەوێتەوە (هەمان سەرچاوە).



سیزان. دیمەنێکی چیایی ١٩٠٤

جیاوازی سیزان لەگەڵ مونێ و دوا هاوڕێ ئەمپرێسیۆنیزمەکان لەوەدایە کە هێڵ لە کارەکانیدا ئاشکراترە تا ئەو ڕادەی کە هەندێ جار سنووری ڕووبەرە ڕەنگە جیاوازەکانی نزیک بەیەکدی پێ دیاری دەکرێ. بەم جۆرە ڕووبەرەکانی ئەوەندە لەگەڵ یەکدیدا تێکەڵاو نەبوون، هەندێ جار لە تابلۆی سیزاندا ڕەنگەکان وەکو خۆیان لە پالێتەوە دەخاتە سەر تابلۆکە بێ تێکەڵاوکردنیان نە لەسەر پالێتەکە و نە لەسەر ڕووبەری تابلۆکە، ئەمەش

هەنگاوێکی گرینگ و ئاشکرایە بۆ ڕزگارکردنی ڕەنگ لە سروشت و نزیک کردنەوەیەتی لە فۆڤیزم، لەلایەکی دیکەشەوە تۆنی ڕەنگەکان ڕۆڵێکی گەورە دەبینن لە تابلۆی سیزاندا ئەمەش شێوەی شتە ڕەسمکراوەکانی زیاتر (مجسم - بەرجەستە) کردووە وەکو بەکارهێنانی تۆنی نزیک لەیەک و دانانیان بەتەنیشت یەکەوە کە جگە لە (تجسیم) کردنی شتە ڕەسمکراوەکان هەستی لەرینەوە و جووڵانەوەیش بەبینەر دەگەینێ و تابلۆ هێندەی دیکە زیندوو دەکات. ئەم جۆرە کارکردنەی سیزان زیاتر فۆرمی شتە ڕەسمکراوەکانی بەرەو کوبیزم دەبرد، هەر بۆیەشە چۆن هونەرمەندی تەجرید کلۆد مونێ بەیەکێ لەسەرچاوەکانی خۆیان دادەنێن، بەم جۆرەش هونەرمەندانی کوبیزم پۆل سیزان بەیەکێ لە سەرچاوە گرینگەکانی خۆیان دادەنێن.

بەم جۆرە سیزان هەنگاوی گەورەی ناوە بۆ نوێکردنەوەی ڕەنگ و شێوە جگە لەوەی کە ئۆتۆنۆمی زیاتری بەڕەنگ داوە و شێوەیشی (مجسم - بەرجەستە) و پارچەپارچە کردووە، مێتۆدێکی زۆر گرینگی لە شێوەی کارەکانی بەکارهێناوە ئەمەش بەمێتۆدی مۆدەلیرەیە Modelling ناسراوە، ئەم میتۆدە لە بنەڕەتدا نوێ نییە پێشتر لە هونەری بێزەنتیدا هەبووە و زیاتر لە قۆناغی هونەری ئیتالی (کواترۆ چینتۆ)وە بەکارهێنراوە، بەتایبەتی لای داڤنشی تا دەگاتە گرونەڤالد Grunewald وروبنس Rubens کە دولاکروا لێی وەریگرتووە و لەوێشەوە بۆ سیزان. (بڕوانە Horst. Keller) لای سیزان تەکنیکی مۆدەلیرە لە گشت هونەرمەندانی سەدەی نۆزدە چاکتر وئاشکراتر بەکارهێنراوە.

مۆدەلیرە وەکو میتۆدێک (تەکنیک) بۆ گۆڕانی شێوەکانی لە کاتی بەردەوامی کارکردندا بۆ گەیاندن بەو ئەنجامەی کە هونەرمەند (سیزان) خۆی دەیەوێ کە زۆرجار بینەر هەست بەقۆناغی گۆڕانکارییەکان دەکات لە شێوەکەدا، ئەم میتۆدەش یارمەتێکە بۆ خۆنەبەستنەوە بەفۆرمێکی دیاریکراوەوە و میکانیزمی گۆڕان ئازادتر و ئاسانتر دەکاتەوە و لە ئەنجامدا کارە هونەریەکەش جوانتر دەکات. ئەم میتۆدە دەکرێ لە گشت کارکردنی هونەریدا بەکاربهێنرێ واتا لە پەیکەر و هێڵکاریشدا.

مۆدەلیرە لە ڕەسمدا دەکرێ تەنیا لە ڕەنگدا بەکاربهێنرێ یاخود لە هێڵدا یاخود لە پەیوەندی نێوانی هێڵ و ڕەنگیشدا کە ئەمەی دوایی لای سیزان زیاتر بەکار بوو.

سیزان سترکتوری شێوەی بەجۆرێ گۆڕی کە ئیدی پەیوەندیان لەگەڵ شێوەکانی سروشتدا هێندە نەمێنێ، و بەئاشکرا ڕەهەندی سێیەم بەفۆرمەکانییەوە دیار بێ تاڕادەی دروستبوونی شێوەی ئەندازەیی Geometry ئەمەش بەهۆی میتۆدی شیکاریکردنی



شێوەکان کە هونەرمەندانی کوبیزم ڕاستەوخۆ لێیان وەرگرت و شێوەیان پێی لە بنەڕەتەوە گۆڕی. لەگەڵ ئەم هەموو نوێکارییانە کە سیزان لە ڕەنگ و شێوەدا کردی هێشتا ئەو لە خۆی ڕازی نەبوو، هەروەها بەگشتی لە جۆری کارکردنی ئەمپرێسیۆنیزم ڕازی نەبوو، بۆ ئەو، ئەم جۆرە بەکارهێنانەی ڕەنگ لەسەرخۆ بوو، ئەو دەیویست سەرجەمی دنیای دەرکەوتنی تابلۆ لە بنەڕەتەوە لە ڕیالیزم جیا بکاتەوە و هارمۆنی لە نێوان مرۆڤ و سروشتدا پێک بهێنێ و کارەکانی تەنیا دەربڕینی هەستی خۆی نەبێ، بەڵکو لە هەمان کاتدا دەبڕینیش بێ لە ڕۆحی سروشت (John Re Wald, The Paindings of Pawl Ce-zenne) هەر بۆیە ڕەنگ لە تابلۆکانی سیزاندا هێندە زیندووە وەکو ئەوەی تازە تابلۆکەی تەواو کردبێ و هێشتا ڕەنگەکانی وشک نەبووبێتەوە «بڕوانە گۆڤاری یەکگرتن ژمارە ٣ / ١٩٨٧ کۆبنهاگن، وتارێ بەناونیشانی ئەمپرێسیۆنیزم لە هونەری شێوەکاریدا- گارا».

سیزان و مونێ تەنیا هونەرمەندی سروشت نەبوون بەڵکو لە تابلۆکانیاندا مرۆڤ و دیمەن و ژیانی شاریشیان بەبابەت کردووە و بەمە زیاتر خەسڵەتی شارستانیان بەئەمپرێسیۆنیزم بەخشیوە. کاریگەری پۆل سیزان لەسەر هونەرمەندانی پاش خۆی لە فۆڤیزم و کوبیزم زیاتر تێپەری کرد تاکو تەجرید و تاڕادەیەک بەسەر هونەری ڕەسم کردنی پاش جەنگی جیهانی دووەمیشەوە کاریگەر بوو.

## ئەمپرێسیۆنیزم ـ قۆناغی دووەمی

لەلایەن مێژووەوە دەستپێکردنی ئەمپرێسیۆنیزمی نوێ لە دواپێشانگای ئەمپرێسیۆنیزمەکانەوە دەست پێ دەکا، واتا ساڵی ١٨٨٦ کاتێ کە ڕەخنەگری هونەری فیلیکس فینیۆن Feleix Feneon ناوی لەو پێشانگایە نا پێشانگای ئەمپرێسیۆنیزمی نوێ وەکو دەستپێکردنی خودی ئەمپرێسیۆنیزم تابلۆی قۆناغی نوێی ئەمپرێسیۆنیزم پێش ئەوکاتە دروست بووبوو، بەڵام بۆ یەکەم جار لەو پێشانگایەدا کەوتە بەرچاوی بینەری گشتی.

ئەم قۆناغە نوێیەی ئەمپرێسیۆنیزم بەکارکردنی هونەرمەندان سۆیرە، و سنیاک و گۆگان و ڤان کۆخ بوو لە بنەمای ڕەنگ و جۆری بەکارهێنانی فڵچەدا، ئەمەیش دیسانەوە بەدەرککردنی ئەو هونەرمەندانە بۆ کاتێکی نوێ کە داوای جۆرێکی نوێ دەکا لە بەکارهێنانی ڕەنگدا.

ئەم هونەرمەندانە وەکو هونەرمەندانی قۆناغی یەکەمی ئەمپرێسیۆنیزم هاوڕێ نەبوون و پەیوەندی نێوانیان تەبایی و هارمۆنی نەبوو (هەمان سەرچاوە)، لەوانەیە ئەمەش ئاماژەیەک بێ بۆ کۆتایی کاری بەکۆمەڵ و دەستپێکردنی کاری تاکەکەس.

لە نێوان هێڵی گۆگان و سۆیرەدا وەکو دوو ڕەهبەری سەرەکی و هەڵگری دوو ڕێبازی جیا لە بەکارهێنانی ڕەنگدا، ناکۆکییەکی زۆر هەبوو و یەکێکیان حەزی لە کاری ئەوەکەی دیکە نەدەکرد، لەکاتێکدا گۆگان ڕووبەرەکانی بەپێی هەستی خۆی بەتاکە ڕەنگ پڕ دەکردەوە بێ گوێدانە پرەنسیپەکانی ئەکادیمیەت، سوێرە ڕووبەرەکانی بەکۆمەڵێ ڕەنگی نزیک لەیەکەوە لە شێوەی خاڵ خاڵ پڕ دەکردەوە و دەرچووی بۆزاربوو.

## سۆیرە


جۆرج سۆیرە Georges Seurat ١٨٥٩-١٨٩١ لەسەرەتادا وەکو ڕێباز زیاتر لەژێر کاریگەری ئەنگرەدا بوو تا ئەو ڕادەی کۆپی کردنەوەی کارەکانی، و لەکاتی خوێندنی ئەکادیمیشدا سەرقاڵی تۆژینەوەی کارەکانی هونەرمەندانی ئیتالیای سەردەمی ڕێنێسانسی بوو، وەکو ڕافائیل. دوای تەواوکردنی خوێندنی ئەکادیمیایی ئینجا ماوەیەک کەوتە ژێر کاریگەری هونەرمەندانی ڕیالیزمەوە وەکو کوربێ و کۆرۆت و میلی تا دەگاتە دولاکروا. (Horst Keller) پاشان ڕاستەوخۆ وەکو هونەرمەندێکی ئەمپرێسیۆنیزم لە کامیل پیسارۆ وە دەستی پێ کرد. پێش وەخت سکێچی بۆ کارەکانی دەکرد ئینجا جێبەجێی دەکردن، بەمەش کۆمەڵێ ئازادی وەکو خۆکرد و ڕێکەوتی لە کارەکانیدا دەکوشت و لە هەست دوور دەکەوتەوە و زیاتر بەرەو عەقڵانیکردنی کاری هونەری دەچوو لە کاتێکدا هەست و ڕێکەوت و خۆکرد لای گۆگان زۆر بوون.

سۆیرە جگە لە کاری عەمەلی کاری تیۆریشی دەکرد و هەمیشە کردە و کۆششی ئەوەبوو کە جۆری بەکارهێنانی ڕەنگ نوێ بکاتەوەو ڕێبازێ بۆ خۆی بدۆزێتەوە کە جیا بێ لەوانی پێشوو تا دەگاتە ڕێبازێ کە لەجیاتی ڕووبەری گەورە و پەڵەڕەنگی گەورە، ئەو ڕووبەرەکانی بەنوکە فڵچە و خاڵێکی زۆر لە نزیک یەکەوە پڕ دەکردەوە و خۆی ناوی ئەم ڕێبازەی خۆی نابوو (ڕەسم کردن بەڕەنگی ڕووناک) کە پاشان ڕێبازی (تەنقیتی -Poin tillism)ی پێ گوترا.

ڕێبازی (تەنقیتی) سۆیرە لە سەرەتادا گۆڕانێکی بنەڕەتی نەبوو لە شێوە و بابەت و



دارشتنی تابلۆدا بگرە ڕەنگەکانیشی هێشتا ناتورالیزمی بوون، لەکاتێکدا پێش ئەو سیزان هەنگاوی گرنگی بۆ شیکردنەوەی ڕەنگ نابوو، سۆیرە جۆری دانانی ڕەنگەکان و بەکارهێنانی فڵچەی لە بەپانی و پەڵە پەڵە گۆڕی بۆ بەکارهینانی نوکی فڵچە، کارە خاڵ خاڵەکانی سۆیرە بۆ بینەرانی ئەوکاتەی دوا پێشانگای ئەمپرێسیۆنیزم ١٨٨٦ تازەبوون.



سۆیرە. پاش نیوەڕۆی یەکشەممە ١٨٨٤

سۆیرە بەو ڕێبازەی زیاتر دەیوست وەک لە تەنیا دانانی ڕەنگ بەشێوەیەکی دی کاربکات، ئەمەش هەرتەنیا گۆڕانی پەڵەڕەنگەکان نەبوو بۆ خاڵ، بەڵکو دەیویست بەو ڕێبازە ڕەنگ شی بکاتەوە و پارچەپارچەی بکات بۆ زیاتر چوونە ناوەوەی دنیای ڕەنگ کە پاشان پۆل سنیاک Paul Signac ١٨٦٣-١٩٣٥ ئەو ڕێبازەی خۆشەویست و لەگەڵ سۆیرەدا کاری تیای کرد و پەرەیان پێی دا و ئەو لایەنە شیکاری و پارچە پارچەکردنی زیاتر ئاشکرا و تیۆریزە کرد کە ئیدی ناویان لێنا دێڤیزیۆنیزم – Devisionism (دابەش بوون) کە لەپاڵ نوێکردنەوەکانی مونێ و سیزاندا کاریگەریەکی زۆری لە پاش خۆی جێ هێشت تاکو هونەرمەندانی فۆتوریزمی ئیتالی کردنیانە سەرچاوەی ڕەنگی خۆیان بۆ نیشاندانی جووڵانەوە و خێرایی و دینامیکی، بەتایبەتی لای سەڤەرینی.

بەدیوی ئەودیوی سۆیرەدا کارەکانی گۆگان بوون کە دووربوون لە کاریگەری ئەکادیمییەت و پڕبوون لە کاریگەری هەست و ڕۆح و خۆکرد.

# گۆگان

پۆل گـۆگـان ١٨٤٨–١٩٠٣ Paul gaugin دەرچووی ئەکـادیمیـا و قـوتابخـانەی هونەری نەبوو. هونەرمەندێکی ئازاد و پڕ ڕۆح و فرە بەهرەبوو، هەر بۆیەشە جگە لە ئەمپرێسیۆنیزم لە هەمان کاتدا یەکێکە لە هونەرمەندە گرینگەکانی سیمبۆلیزم و دامەزرێنەری چەندین گـرووپ و قـوتابخـانەی هونەری دیکەیە وەکـو گـرووپی هونەری (نەبیـز) و ڕێبـازی سەنتێتیزم. گۆگان تاکو تەمەنی سی و پێنج ساڵی فەرمانبەر بووە، لێرە بەدواوە واز لە فەرمانبەری دێنێ و لەژێر کاریگەری و خۆشەویستی کارەکانی سیزان دەست بەڕەسم کردن دەکا. ئەو هێندە کارەکانی سیزانی لا خۆشەویست بوو تارادەی لاسایی کردنەوەیان، بەم ڕەفتارە سیزان نارەحەت دەبێ بەڵام هێندە ناخایەنێ دەبێتە خاوەن ڕێبازی تایبەتی خۆی و چەندین هونەرمەندی گرینگی سەردەمەکەی خۆی وەکو ڤان کۆخ و برنارد و ڤولارد لەخۆ کۆدەکاتەوە.

گۆگان تاکو دێ لە ناتورالیزم دووردەکەوێتەوە و هەنگاوی دەنێ بۆ ئازادکردنی ڕەنگ لە سروشت، ئەو دوای شتە بینراوەکانی ناو واقیع دەکەوێ، ئەمەش خۆی لەخۆیدا داپچڕان بوو لە دنیای سیزان و هەنگاونان بوو بەرەو تەجریدی بەتایبەتی لە ساڵی ١٨٨٨ بەدواوە (Horst Keller) کە بەئاشکرا جۆری ڕەنگ بەکارهێنانی ئیمپرسیونیزم ڕەد دەکاتەوە، لەبەر نەگونجانی ئەو جۆرە ڕەسم کردنە لەگەڵ نهێنییەکانی ناوەوەیدا وەکو خۆی هەمیشە گوتوویەتی ئەمەش نیشانەی سەرهەڵدانی جۆرێکی دی بوو لە هەست و ڕۆح و بیر لەلای گۆگان کە زیاتر ڕۆڵی خودی گۆگانی لە کارکردندا چالاکتر دەکرد وەک لە ڕۆڵی سروشت.

جارێک گۆگان بەقوتابییەکی خۆی دەڵێ: چۆن ئەو دارە دەبینی؟

– زەرد.

– باشە بەڕەنگی زەرد ڕەسمی بکە.

– ئەی سێبەرەکەی چۆن دەبینی؟

– خۆی لە شین دەدا.

– بۆ سێبەرەکەیشی ڕەنگی شین بەکار بهێنە، و بۆ گەڵاکانیشی ڕەنگی سادە سوور.

ئەم پەیوەندیە نوێیە لە بینینی گۆگاندا بۆ ڕەنگ هێڵێکی ڕوون و ئاشکرای لە نێوان ناتوراليزم و فۆڤیزمدا دروستکرد، کە دوو ساڵ پاش مردنی هونەرمەندانی ئازادکەری





گۆگان. جاکۆب لەگەڵ فریشتەدا دەخولێتەوە ١٨٨٨

ڕەنگ (فۆڤیزم) سوودیان لەم پرەنسیپەی وەرگرت و ڕەنگیان بەتەواوەتی لە سروشت جیا کردەوە. پاشان کاندنسکی و مۆندریان و دوا هونەرمەندانی تەجرید سوود لەلایەنێکی گرینگی دیکەی گۆگان وەردەگرن بۆ نەهێشتنی بابەت لەکارەکانیاندا، ئەمەش نەک تەنیا لە تابلۆکانی گۆگاندا بەڵکو لە هەندێ تیۆرەکانیشیدا دەربارەی چۆنێتی مامەڵەی نوێ لەگەڵ سروشت و ڕەنگ و موزیکدا دەردەکەوێ، گۆگان بۆ هاوڕێیەکی دەنووسێ و دەڵێ: «بیر لە کاریگەری موزیک لەسەر ڕەنگ و سەرجەمی هونەری مۆدێرن بکەرەوە». دەربارەی پەیوەندی نوێش لەگەڵ سروشتدا دیسانەوە بۆ هاوڕێیەکی دەنووسێ: (هێندە لەسەر سروشت کار مەکە، کاتێ کە لە بەرامبەر سروشت دەبیت هەوڵدە خۆتی لێ ڕزگار کە، سروشت وەکو ئامرازێ بۆ تێڕامان و چوونە ناوەوەی ناوخۆت بەکاربهێنە، بیر لەوە بکەرەوە کە بتوانی لە سروشتەوە بیکەی نەوەک کردنی وێنەی خودی سروشت.. هونەر خۆی ئەبستراکتە».

ئەم نووسینانەی گۆگان یەکێ بوو لەو سەرچاوە تیۆریانەی کە کاندنسکی بەدوایدا ڕۆیشت بۆ گەیشتن بەنەهێشتنی بابەت لە کاری هونەریدا و دروستکردنی تابلۆی تەجریدە، دوورکەوتنەوەی گۆگان لە ناتورالیزم و ئەمپرێسیۆنیزم و گەڕانەوەی بۆ ناو دنیای خودی خۆی نەک تەنیا ڕەهەندێ بوو بەرەو تەجرید بەڵکو ڕەهەندێ بوو بەرەو پەیدابوونی سیمبۆل لەکارەکانیدا.

ئەو هەتا دەهات لە مەتریالیزم و ژیانی ناو شار بێزار دەبوو و دەیویست لێیان دوورکەوێتەوە، هەر بۆیەشە ڕووی کردە خوارووی فەرەنسا و لەوێ لەگەڵ ڤان کۆخ و هەندێ هونەرمەندی لاوی دیکەدا بەردەوام بوو لە درێژەپێدانی ئەزموونەکانی خۆی لە جیابوونەوەیدا لە سروشت.

## گۆگان و گرووپی هونەری نەبیز Nabis

گۆگان لە خوارووی فەرەنسا ئیدی حەوسەلەی نامێنێ لەگەڵ ڤان کۆخ دا کار بکا تابلۆکانی خۆی و بۆنارد هەڵدەگەڕێ و ڕوو لە سەرووی فەرەنسا دەکا و لەوێ لە دێی پونت ئاڤن Pont - Aven لە ناوچەی بەریتانی نیشتەجێ دەبێ و برنارد و فولارد و سێروزیێ و هەندێ هونەرمەندی دیکە وەک مۆریس دنیس Maurice Denis و پول ڕانسۆ Paul Ranson و مایۆل Maillol و فیلیکس ڤالۆتۆ Felix vallotton و ڕووسێل V.T. Roussel و ئەرماند سێگا Armand Seguin لە دەوری خۆی کۆ دەکاتەوە کە گشتیان ڕێز لە تەجرەبەکانی گۆگان دەگرن و وەکو مامۆستای خۆیان تەماشای دەکەن (Karl Ruhr-berg). مەبەستی گۆگان تەنیا دوورکەوتنەوە نەبوو لەژیانی شار بەڵکو نزیک بوونەوەش بوو لە دنیای ڕۆح و دین و سیمبۆل و مرۆڤ. ئەوکات گۆگان بەتەواوەتی لە دنیای ئەمپرێسیۆنیزم دوورکەوتبوەوە تا ئەو ڕادەی ئەمپرێسیۆنیزمی بەبەتاڵی و بێ ناوەڕۆک دەبینی و لەجیاتی ئەوە بەدوای دنیایەک دەگەڕا کە ڕۆح پڕی کاتەوە.

ئەم هونەرمەندانەی (پۆنت ئاڤن) ناوی خۆیان نا نەبیز Nabis هەندێک دەڵێن ئەو ناوە پول سیروزیێ Paul Serusier دۆزیویەتەوە و هەندێکیش دەڵێن هینی گۆگان خۆیتی، ئیدی ناوەکە هینی ئەم بێ یان ئەو زۆر گونجاو بوو لەگەڵ ناوەڕۆکی کار و تەجرەبەکانیادا چونکە ئەوان دەیانزانی کە وشەی (نەبیز) بەمانای پێغەمبەر دێت لە زمانی عیبریدا (بەڵام تا چ ڕادەیەک دەیانزانی کە لە عەرەبیشدا بەهەمان مانا دێ، ئەمە هێشتا ئاشکرا نییە). هونەرمەندانی گرووپەی (نەبیز) تەواو جیابوون لە ئەمپرێسیۆنیزم و لە سەرچاوەیەکی دینیەوە کاریان دەکرد و جۆرێ بوون لە سیمبۆلیزم. ئەم هونەرمەندانە جگە لە سەرقاڵیان بەکاری هونەرییەوە زۆر لەگەڵ خەڵکی دێیەکەشدا گونجاوبوون و بەشداری ژیانی ڕۆژانەیشیان لەگەڵیان دەکرد وەکو بەشێ لە بڕوابوونی خۆیان بۆ تێکەڵاوبوونی هونەر بۆ ناو ژیانی مرۆڤی ساکار (هەمان سەرچاوە).



گۆگان تاکو دەهات زیاتر لە دنیای مەتریالیزم و شارستانی خۆرئاوا بێزارتر دەبوو ژیانی دێی پونت ئاڤنیشی پێ قایل نەبوو، ویستی ئیدی پێی لەسەر خاکی ئەورووپاو شارستانیەکەی بەتەواوەتی هەڵگری و ڕوو بکاتە شوێنێک کە جێ پێی ئەو شارستانیەی نەدیبێ و یارمەتی بدا بۆ گێڕانەوەی و زیندووکردنەوەی سەردەمەکانی منداڵی، بۆیە لە ساڵی ١٨٩١دا بەرەو دوورگەی تاهیتی کۆچ دەکات، بەڵام کاتێ دەگاتە ئەوێ تووشی شۆک دەبێ کە دەبینێ دەوری سەد ساڵ پێش ئەو کۆمەڵانی بڵاوکەرەوەی مەسیحییەت بەویش گەیشتوون و لایەنێکی زۆریان لە کولتوور و تەقالید و ڕەفتار و هەڵسوکەوتی ڕەسەنایەتی خەڵکانی ئەو دوورگەیان ئیفلیج کردووە (Karl Ruhrberg). لەسەرەتادا گۆگان لەوێ هێندە بێزار و بێ هودە دەبێ تا ئەو ڕادەی هەوڵی خۆکوشتن دەدا، پاشان بیر لە جوانی و ناسکی خەڵکانی ئەوێ دەکاتەوە کە خۆشەویستی و ژیانێکی نوێی تیا دروست دەکەن کە جێگای بیرکردنەوە لە مەرگ بگرێتەوە، ئەم هەستە گەورەی گۆگان بۆ خەڵکی تاهیتی یارمەتییەکی زیاتر بوو بۆ بەکارهێنانی ڕەنگەکانی ناوەوەی خۆی لە بابەتی تابلۆکانی ئەوێدا، هەر بۆیەشە بەڕەنگی نارنجی و شین و زەرد و سوور و وەنەوشەیی وێنەی مرۆڤ و ئاژەڵ و بەشەکانی سروشتی تاهیتی دەکات.

تاهیتی کۆمەڵێ هیوا و ئامانج بۆ گۆگان دەهێنێتەدی لەوانە ئەو خەوانەی کە بەدنیای منداڵی و ساکاریەوە دەیانبینی.

تاهیتی تەنیا ڕەنگی لای گۆگان نەگۆڕی، بەڵکو ناونیشانی تابلۆکانیشی لە ناتورالیزم و ئەمپرێسیۆنیزم گواستەوە بۆ هەندێ ناونیشانی دیکە کە لەگەڵ دەروون و ژیانی خۆی و سەردەمەکەیدا گونجاو بێ، وەکو ناونیشانی (پڕ نهێنییە) (عاشق بەختیار دەبێ) (ئێمە لەکوێوە هاتووین؟) (ئێمە بەرەو کوێ دەڕۆین؟) (ئێمە چین؟)

پۆل گۆگان هونەرمەندێکی بێ ئارام و فرە بەهرە بوو ڕەهەندی کار و تەجربەکانی تەنیا لە سنووری ئەمپرێسیۆنیزم و سیمبۆلیزم نەوەستا بوو بەڵکو خۆی لە هەندێ پرەنسیپی کاری دیکەش دەدا وەکو کاری سەنتێتیزم Synthetism(*).

(*) سەنتیزم Synthetism، وشەیێکە بەڕەچەڵەک لە کیمیاوە وەرگیراوە، بۆ دروستکردنی مادەییێکی نوێ لە ئەنجامی تێکەڵاوکردنی چەند مادەیەکدا بەکارهێنراوە. ئەم وشەیە پێش گۆگان لای برناد بەکار بوو، ئەو بۆ شێوەکارکردنێکی خۆی بەکاری دەهێنا کە «کلوازۆنیزم»ی پێ دەگوت Cloisonism، کە ئەمەش جۆرە کارکردنێک بوو لە شێوەی ڕەسمی سەر شووشە و پەنجەرە دەچوو.

شایانی باسە وشەی سەنتێتیزم لە ڕۆمانەکەی گۆستاڤ فلوبێر (Gastav Flauber)یشدا (سالامبو) بەکارهێنراوە. "Horst Keller".

پۆل گۆگان کۆتاییەک بوو بۆ مێژووییێک لە تەقالیدی ڕەسم کردن کە لە ڕێنێسانسەوە هاتبوو و لەوێشەوە بۆ کلاسیک و پاشان ناتورالیزم وئەمپرێسیۆنیزم و لە گۆگاندا کۆتایی پێ هات، هەروەها بووە سەرەتایەک بۆ دەستپێکردنی دیالۆگ لەگەڵ هونەری دەرەوەی ئەوروپادا، کە پاشان ماتیس و پیکاسۆ و کێرشنەر و نولدە و هونەرمەندانی فۆڤیزم و کوبیزم و دەربڕینخوازی ئەڵمانی هەنگاوی گەورەتریان بۆی نا و هونەری خورئاوایان پێی نوێ کردەوە.

## ڤانسانت ڤان کۆخ ١٨٥٣–١٨٩٠

مرۆڤێکی ئاینی بوو هێندە بیری لەوە دەکردەوە لە نێوان ئاین و کاری چاکە و مرۆڤایەتییەوە شتێک بۆ ژیان بکا، هێندە بیری لەوە نەدەکردەوە ببێ بەڕەسام. خۆشەویستی بۆ ژیان و مرۆڤ و خێر و جوانی ڕەهەندێکی ڕۆمانسیانەی تیا دروست کردبوو. خۆشەویستی ڤان کۆخ بۆ هونەر لە دەوروبەری بیست و شەش ساڵەیدا دەستی پێ کرد، پێش ئەو کاتە هەمیشە سەرقاڵی ڕەخنەگرتن بوو لە کۆمەڵ.

دەکرێ کارەکانی میلێ ١٨١٤-١٨٧٤ بەسەرچاوەی خۆشەویستی ڤان کۆخ بۆ هونەر دابنێین. ئەو خۆشەویستی و کاریگەرییەی میلێ لەسەر ڤان کۆخ تاکو تابلۆی پەتاتەخۆرەکان ڕۆیشت، بڕوانە (M. Schapiro) پاشان بەپێویستی زانی سەفەر بۆ پاریس بکا بۆ زیاتر نزیکبوونەوە لە دونیای هونەر و هونەرمەندان. بەڵام ژیانی پاریس پڕ نەبوو لە خۆشی و شادی ئەو وێنە مرۆڤایەتییەی ئەو دەربارەی دونیای هونەرمەندان و ڕۆشنبیری هەیبوو، لە پاریس تێکشکێنرا. لەجیاتی چوونە ناوەوەی ناو دونیای هونەرمەندان زیاتر پشتگوێ دەخرێ بەتایبەتی کاتێ کە تیوی برای بەپیسارۆ و گۆگان و برنارد و سنیاکی دەناسێنێ. تولوزلو نەبێ کە مرۆڤ و هونەرمەندی لە ڤان گکوخدا دەبینی و پشتگوێی نەخست بەپێچەوانەوە لێی نزیک بووەوە و هەمیشە ڕێزی لێی دەگرت و جاروبار یارمەتی مادیشی دەدا. جگە لە لوتریک پاریس بۆ ڤان کۆخ جێگایێ بوو کە تیایدا شارەزایەکی باشی دەربارەی هونەر و هەندێ هونەرمەندە نوێیەکان پەیدا کرد، وەک بینینی کارەکانی دولاکروا و مونتەچیلی Monticelli و لە کاری ئەمپرێسیۆنیزمەکاندا



زیاتر لە سنیاک و برنارد و گۆگان نزیک دەبێتەوە. (هەمان سەرچاوە). بەڵام جگە لەم هونەرمەندە ناودارانە ئەو لە پاریس بەگشتی هێندە خۆی لەگەڵ ئەمپرێسیۆنیزمەکاندا سەرقاڵ ناکات بەئەندازەی سەرقاڵبوونی لەگەڵ خودی خۆی و بابەتە خۆشەویستەکانی خۆیدا، وەکو «لە دایکبوون»، «ژن و پیاو»، «مردن»، «ناشتن» و لەم جۆرە بابەتانە.

ڤان کۆخ تاکو ساڵی ١٨٨٨ توانی تەحەمولی پاریس و ژیانی شار بکا، ئیدی لەو کاتە بەدواوە دەچێ بۆ خوارووی فەرەنسا بۆ ناوچەی ئارل «Arles» بۆ زیاتر نزیکبوونەوە لە دونیای خۆی، لەوانەیشە زانیبێتی کە ڕۆحێکی غەریب و نائارامی دیکەش وەکو خۆی لە پاریس و شارستانی بێزارە و لە هەمان کاتدا ئەویش بەرەو ئارل چووە، کە پۆل گۆگانە.

ڤان کۆخ و گۆگان لە ئارل لە هەمان ستۆدیۆ بەیەکەوە کار دەکەن. ڤان کۆخ یەکجار خۆشی بەگۆگاندا دێت ڕۆحی و کارەکانی خۆشی دەوێ. بەڵام گۆگان هەمیشە مامەڵەی مامۆستا و قوتابی لەگەڵ دەکا. لە نامەیەکدا گۆگان بۆ برنارد دەنووسێ: «ڤان کۆخ کارەکانمی خۆش دەوێ بەڵام بەردەوام پێم دەڵێ ئەمە و ئەوەت نوقستانە ئەو ڕۆمانسیە و منیش لە ساکاری نزیک دەبمەوە». گۆگان بەم ڕەفتارانەی ڤان کۆخ تێک دەچێ. پاشان هەست دەکەن دوو کارەکتەری جیان، جگە لەوەی کە هەردووکیان هونەرمەندی باشن و کاری نوێ دەکەن، بەڵام دوو حاڵەتی منافسی جیاوازن، نا ئارامی و هەڵقوولاندنی بەردەوامی دەروونی ڤان کۆخ ئەو پەیوەندییە تێک دەدات. ئیدی ئەو کاتە بوو کە گۆگان کارەکانی برنارد و خۆی لەگەڵ خۆی دەپێچێتەوە و بەرەو سەرووی فەرەنسا و ناوچەی بەریتانی لەوێ لە پونت ئاڤن نیشتەجێ دەبێ. هەرچەندە ئەو ماوە بەیەکەوە کارکردنەی ڤان کۆخ و گۆگان کورت بوو، بەڵام کار و کارتێکردنیان لەسەر یەکدی زۆر بوو. ئیدی ڤان کۆخ بەتەنیا مایەوە و هێندەی باری دەروونی خراپتر بوو و غوربەتەکەی گەورەتر بوو تاکو گەیاندییە حاڵەتی خۆکوشتن.

ڤان کۆخ و گۆگان لە سەرەتای ئاشنابوون بەیەک و دەستپێکردنیان بەیەکەوە، کارکردن هەستیانی بەهاوڕێتی ڕۆحی دەکرد، لەوانەشە بێزاری هەردووکیان لە مەتریالیزم و ژیانی شارستانی خۆرئاوا بێ کە گۆگان هەمیشە لێی ڕا دەکرد. گۆگان عەقڵانیتر و هێمنتر بوو، هەمیشە بەدوای ئەتمۆسفیری نوێ و چارەسەری نوێدا دەگەڕا تاکو لە تاهیتی لەگەڵ (شۆکەکەی «صدمە» جێ پێ شارستانێتی خۆرئاوا دەدۆزێتەوە) بەڵام ئۆقرەی گرت وڵاتی بۆ ڕۆح و دەروونی و هەستەکانی دۆزیەوە لە کاتێک ڤان کۆخ بێزاریەکەی هێندە کوشندە

بوو کە کەم کەس دەیتوانی لێی نزیک ببێتەوە و لە کۆتایی ژیانیدا پێیکی لەگەڵ ڕەسم کردن دابوو و پێیکەی دیکەی لای دکتۆری نەفسی. ئەم هەڵچوونانەی ڤان کۆخ جۆرێکی تایبەتی لە بەکارهێنانی فلڵچەدا بۆ پەیدا کرد، کە نە لە سۆیرە و سنیاک دەچوو نە لە مۆنێ و سیزان و بگرە لە کارەکانی گۆگان و برناردیش نەدەچوو، هێشتنەوەی جێی فلچە بەو جۆرەی ڤان کۆخ نەک تەنیا تابلۆی ئەمپرێسیۆنیزمی نوێ کردەوە و بەرەو پێشەوە بردی، بەڵکو ڕەهەندێکی دەربڕینخوازی ئاشکرای دروست کرد، بەم جۆرە بەشداری ڤان کۆخ لە ئەمپرێسیۆنیزمدا زیاتر لەو کارانەی دابوو کە لە خوارووی فەرەنسا کردیانی، بەڵام نەوەک ئەمپرێسیۆنیزمێ کە تەنیا لە ڕەسم کردنی سروشت و پۆرترێت و وێنەی دکتۆرە نەفسییەکەی بەدیارکەوێ، بەڵکو ئەو لە نێوان ڕەسم کردنیدا بۆ سروشت و پۆرترێت و مرۆڤەوە هەست و دەروونە بێ ئارامەکەی دەردەبڕی. بەم جۆرە سروشت و دوا شتەکانی ناو واقیع بۆ ڤان کۆخ تەنیا بابەت نەبوون بەڵکو لە هەمان کاتیشدا ئامراز بوون بۆ دەربڕین، هەر بۆیشە ڤان کۆخ یەکێکە لە سەرچاوە گرینگەکانی دەربڕینخوازی، (التعبيرية).

ڤان کۆخیش پانتایی کارەکانی تەنیا لەناو ئەمپرێسیۆنیزمدا نامێنیتەوە بەڵکو تاکو سنوورەکانی دەربڕینخوازی دەڕوات و لە هەمان کاتیشدا یەکێکە لە سەرچاوەکانی هونەری سیمبۆلیزم «بڕوانە تابلۆی (دەغڵی گەنم) و وێنەی قەلەڕەشەکان بەئاسمانی تابلۆکەوە و هەر سێ ڕێگاکەی ناو دەغڵە»یش.

ڤان کۆخ تەنیا هونەرمەندی ڕەنگ نەبوو، بەڵکو یەکێ بوو لەو هونەرمەندانەی کە هێڵ لە کارەکانیدا ڕۆڵێکی دیاریکراوی دەبینی، ئەو سنووری دار و گەڵاکان و خاک و بەردەکانی و پاشماوەی شتە ڕەسمکراوەکانی بەهێڵێکی ڕوون و ئاشکرا جیا دەکردەوە، خۆشەویستی ڤان کۆخ بۆ هێڵ دەگەڕێتەوە بۆ خۆشەویستی ئەو بۆ هونەری گرافیکی یابانی کە لە نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدە لە پاریس بەرچاوی هونەرمەندەکان کەوت، ئەمە بەهۆی ڕۆڵی شاری گەورەی پاریسەوە بوو لە کاری بازرگانی لەگەڵ وڵاتەکانی دیکەدا وەکو یابان و هێنانی کۆمەڵێ کاری گرافیکی یابانی و نیشاندانیان لە پێشانگاییێکدا لە بۆزار کە پاشان نەک بەسەر ڤان کۆخدا بەڵکو گۆگانیش یەکێ بوو لەو هونەرمەندانەی گرافیکی یابانی کاری تێی کردبوو، جگە لەم دوو هونەرمەندە لەسەر ڤولارد و برنارد و ژمارەیەکی دیکەی هونەرمەندانی سیمبۆلیزمیش.

ئەمپرێسیۆنیزم بەگشتی بانگەوازێ نەبوو بۆ ئایدیال و حیکایەتی نەدەگێڕایەوە و



هێندەیش خۆی بەبابەت و ناوەڕۆک و بیرۆکە و موشکیلە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانەوە نەدەبەستەوە، بەڵکو هەستێکی بەڕەنگ دەردەبڕی، لە چرکەساتێکی دیاریکراودا، نیشاندانی کارەکتەرە جۆربەجۆرەکانی ڕەنگ بوو لەژێر ڕووناکی و سێبەر و تیشک و تاریکیدا.

هونەرمەندی ئەمپرێسیۆنیزم هونەرمەندی ناو ستۆدیۆ نەبوو، بەڵکو چوونە دەرەوە بوو بۆ ناو سروشت و لەژێر کاریگەری خۆرەتاودا کاری دەکرد، نەک تەنیا کاریگەری خۆر لەسەر سروشت و شتە واقعییەکان ببینێ، بەڵکو خودی خۆیشی هەست بەکاریگەری خۆر و تیشک بکا و بزانێ تا چەند کار لە هەست و دەروونی دەکا، ئەمپرێسیۆنیزم لە ١٨٧٤ یەکەم جار خۆی ئاشکرا کرد و لە ساڵەکانی ١٨٨٧ و ١٨٨٨ گەیشتە لوتکەی پێشکەوتنی، ئیدی بەمردنی ڤان کۆخ و سەفەری گۆگان لاواز بوو، هەرچەندە ئەو دوو هونەرمەندە کاریگەری گەورەیان هەبوو لە بەستنەوەی ئەمپرێسیۆنیزم بەگۆڕانکارییە گەورەکانی سەدەی بیستەم لە ڕەنگدا، وەکو فۆڤیزمی فەرەنسی و دەربڕینخوازی ئەڵمانی، بەڵام ئەوانەی کە زۆر بەتەواوەتی و بەجوانی کۆتاییان بەئەمپرێسیۆنیزم هێناو بەهونەری سەرەتای سەدەی بیستەم بەستیانەوە، هەردوو هونەرمەندی گەنج پێر بۆنارد Pierre Bon-nard ١٨٦٨–١٩٤١ و ئیمیل ڤولارد Emil Vuillard(*) بوون.

١٨٦٨–١٩٤٠ بوون کە لە دەوری گۆگان کۆبوونەوە و بەڕۆحێکی هاوڕێیانەوە لەگەڵ یەک کاریان دەکرد، کارەکانی بۆنارد خەسڵەتی دوو ڕەهەندێ تیا دەرکەوتبوو (Flat) لە کاتێکدا کارەکانی ڤۆلارد لە کارەکانی دوایی مۆنێ نزیک بوون.

تا ئێستا زیاتر لەو هونەرمەندە ئەمپرێسیۆنیزمانە قسەم کردووە کە ڕەنگ مەتریالی یەکەمیان بوو بۆ دەرخستنی هەستە خێرایەکانیان، گۆگان و ڤان کۆخی لێ دەرچێ کە جگە لە ڕەنگ، هێڵیش لە کارەکانیاندا ڕۆڵێکی گرینگی دەبینی بۆ دیاریکردنی فیگورەکان، لە هەمان کاتدا خودی بەکارهێنانی هێڵ وەکو فاکتەرێکی سەربەخۆ بۆ ڕەسم کردن و دەربڕین ئۆنورە دۆمیێ و تولوزلو لێی نزیکتربوون.

(*) لە هەندێ سەرچاوەدا بەئیدوارد ڤولارد ناوی دەبردرێ.


## ئۆنوره دۆمیێ و غەدری سەدەی نۆزدە

دولاکروا و ئانگره کوربێ و میلێ و مانێ و دۆگا و ڕینوار تا دەگاتە کلۆدۆمۆنیێ هونەرمەندی بەناوبانگی فەرەنسی سەدەی نۆزدەبوون و لەسەردەمەکەی خۆیاندا جێگای تایبەتیان لەناو کۆمەڵدا هەبوو و بەچاوی هونەرمەندی بەرز تەماشا دەکران. ئەمانیش چێژیان لەم پا و مەقامە وەردەگرت.

بەڵام نە ئەو هونەرمەندانە و نەگشت خەڵکی ئەوسای فەرەنسا تا دەگاتە بۆدلێر و مالارمێیش ئاوڕیان لە بلیمەتی هونەری و ڕادەی بەرزی هەستیاری و ناسکی و ئاستی مرۆڤایەتی ئۆنوره دۆمیێ نەدەدایەوە.

ئەم پشتگوێ خستنەی هونەرمەند و ڕەخنەگر و ڕۆشنبیری سەدەی نۆزدە بۆ دۆمیێ جگە لەوەی ئازارێکی زۆری بۆی دروست کردبوو، پەڵەیەکی ڕەشیشە لە مێژووی هونەری شێوەکاری سەدەی نۆزدە.

لەو کاتەوە تاکو ئەمڕۆ مێژوونووسانی هونەری شێوەکاری گۆڕینێکی بنەڕەتییان لەو جۆرە کارکردنە نەکردووە کە لەسەر ئەو هونەرمەندانە دەنووسن و دەیانخەنە مێژووەوە کاتێ کە لە بازاڕی هونەردا چالاک بن دولاکروا و ئەنگرە و مانێ لە سەردەمەکەی خۆیاندا لە ڕۆشنبیر و پیاوانی دەستەڵاتەوە نزیکبوون، هەمیشە ناویان و باسکردنی کارەکانیان لەسەر دەمی خەڵک بوو تا ئەو ڕادەی کە دولاکروا وەکو سەرمایەیەکی نەتەوەیی دەبینرا.


دۆمیێ. دۆنکیشۆت

کۆربێ و میلێ وەکو دوو ڕەهبەری ڕێبازی واقیعی بەهەمان ئاستی دولاکروا و ئەنگرە دەبینران، مانێیش جگە لە ڕۆشنبیرە گەورەکان، پەیوەندی لەگەڵ دەستەڵاتدارە سیاسییەکانیشدا هەبوو تا ڕادەی قەیسەری فەرەنسا.

هەرچەندە توانای هونەری دۆمیێ لە هیچ ئەمانە کەمتر نەبوو بەڵام پایەی نەک کەمتر بوو بەڵکو



زۆر جار بەپێچەوانەی ئەو هونەرمەندە ناوبراوانەوە بوو.

ئۆنوره دۆمیێ «Honore Daumier –۱۸۰۸–۱۸۷۹» نەیدەتوانی پەیوەندی لەگەڵ دەستەڵاتدارانی سیاسی و نووسەر و ڕۆشنبیرە بەناوبانگەکاندا دروست بکا، هەرچەندە چارلس بۆدلێر نکوڵی لە باشیی و ڕەسەنایەتی کارەکانی دۆمیێ نەدەکرد، بەڵام وەکو برادەر ئەو برادەری مانێ بوو.

لەم قەدەرە تاڵەدا دۆمیێ و ڤان کۆخ زۆر لەیەکەوە نزیک بوون دۆمیێش هیچ کاتێ چاوی لە ڕەخنەگرتنی کۆمەڵ و پیاوانی دەستەڵاتدار نەدەتورووکان، لە کاتێکدا ئەم ڕەخنەگرتنە هێندە بەکارەکانی ڤان کۆخەوە ئاشکرا نییە، بەڵام دۆمیێ ئەمانەی دەکرد بەبابەتی کارەکانی وەک وێنەکردنی دەستەڵاتداریی گەورەی فەرەنسا لوی فیلیپ Louis-Philippe بەشێوەیەکی هێندە ناشرین کە بەچاوی گشت بینەرێک ئەم ناشرینیە دەبینرا و لەسەر ئەم ڕەفتارەی شەش مانگ زیندان دەکرێ و لەمەش تاڵتر هیچ هونەرمەندێک و ڕۆشنبیرێ داکۆکی لێ ناکەن. ئەویش لە داخا بەردەوام نامەی جنێو لە زیندانەوە بۆ هاوڕێ هونەرمەندەکانی دەنووسێ. ناشرینکردنی لوی فیلیپ یەکەمین و دوا ڕەخنەی دۆمیێ نەبوو لە پیاوانی دەستەڵاتدار، ئەو هەمیشە نەگونجاو بوو لەگەڵ کۆمەڵگا و سیاسەت تا دەگاتە هونەرمەند و ڕۆشنبیر، لە دیوی ئەودیویشدا نموونەی هونەرمەندی ڕاستەقینە و هەنگاوی ئاشکرا و نەترس بوو بۆ پەڕینەوە و جێهێشتنی سەردەمەکەی خۆی، هەرچۆن ڕەنگ لای مونێ و سیزان و سۆیرە و سنیاک بەڕادەی یەکەم دێت بەم شێوەیەیش هێڵ لە کاری دۆمییەدا بەپلەی یەکەم دێت. هێڵ لای دۆمیێ ئامرازێک بوو بۆ دەربڕینی ڕاستەوخۆی هەست و ڕۆح، بەئاشکرا لە کارەکانیدا لە پێوانە ئەکادیمییەکان تێپەڕی بوو، بەرەو دەربڕینخوازی دەچوو، بەجۆرێ کە لەپاڵ تولوز لوتریکدا دۆمییێش لە دەربڕینخوازی بەهێڵ دادەنرێ، گەر لەو کاتەدا عەدالەت هەبوایە ئەوە دەبوایە هونەرخوازانی هێڵ هونەرخوازانی دۆمیێ بوونایە نەک هی ئەنگرە.

دۆمیێ هەنگاوی دەنا و حەزی دەکرد لە کۆربێ و مانێ و میلێ نزیک ببێتەوە، بەڵام ئەوان بوون ئەم لەیەک نزیکبوونەوەیان نەدەویست و کارە پڕ دەربڕین و خێراکانی دۆمیێیان وەکو کاری ناتەواو دەبینی، بەڵام ئەوان و سەرجەم ڕۆشنبیرەکان دەرکیان بەوە نەکرد کە تەواو نەکردنی کاری هونەری و بایەخ نەدان بەتەواوکردنی تابلۆ مانای بێ توانایی هونەری ناگەیێنێ بەئەندازەی بڕوابوونی دۆمیێ بەو ڕاستییەی کە تابلۆ هەرگیز

تەواو نابێ، ئەم خەسلەتە تازەگەرییەی کارەکانی دۆمییێ زۆر لە ڕەخنەگر و هونەرمەندی کاتەکەی خۆی لە خۆی دوورخستبووەوە و بەم جۆرە بەڕای ئەوان کارەکانی نەک تەنیا بۆ سالۆنە ڕەسمییەکان بەڵکو بۆ سالۆنی ڕەفزەکانیش نەدەگونجا. ئەمەش وایکرد کارەکانی دۆمییێ لە پێشانگادا نیشان نەدرێن وەکو قەدەری کارەکانی ڤان کۆخ، تاوەکو ساڵێ پێش مردنی کارەکانی لە پێشانگایەکدا نیشان درا کە بەدڵی خۆی بێ وەکی دی هەمیشە جێگایەکیان بۆی دادەنا کە ببێتە مایەی بێزاری بۆی.



دۆمییێ. هێلکارییەک

لەوە دەچی بێ کەسی و هەژاری هۆیەکی گرینگ بووبێ لە ژیانی تاڵ و پشتگوێخستنی دۆمییێ، ئەو لە خێزانێکی هەژارەوە هاتبوو، تەنانەت ژنەکەیشی لە خۆی بەدبەختتر بوو، هیچ لە هونەر نەدەگەیشت و کاری خەیاتی دەکرد، دۆمییێش بۆ ئەوەی نانەکەی بەکەڕامەتەوە بخوا بووبووە فەرمانبەر لە دادگا و لەوێ کاری هێڵکاری و جاروبار کاریکاتۆری دەکرد. بابەتی کارەکانیشی جگە لە ڕەخنە نە مەریەم و مەسیح و نە ئافرەتی ناسک و جوان بوون وەکو کارەکانی ڕینوار تاکو دەوڵەمەندەکان لێی بکڕن، بەڵکو بابەتی هەژاری و کۆچ و ڕاونان بوون وەکو بەشێکی دانەپچڕاو لە ژیانی خۆی. جگە لەمانە یەکێ لە بابەتە هەرە خۆشەویستەکان لای دۆمییێ بابەتی دونکیشۆت و سانچۆپانزای سێرڤانتێز



بوو کە بەچەندین جار دووپاتی دەکردەوە بەڵام بێ ئەوەی ڕەنگ و هێڵەکان بکات بەقوربانی بابەتەکانی، لای خۆی ڕەنگ و هێڵە بەکارهێنراوەکان لە بابەتەکان گرینگتر بوون، ئەم بایەخە گەورەی دۆمییێ بەئۆتۆنۆمی هێڵ و پشت بەستنی بەهێزی دەربڕینی، خەسڵەتی خێرایی بەکارەکانی دەدا کە زۆر گونجاو بوون لەگەڵ خێرایی بەکارهێنانی فڵچەکانی، لە کاتێکدا کە پێویستی بەڕەنگ هەبووایە، ئەمەش هەستی جووڵانەوەی بەکارەکانی دەدا کە نەک تەنیا گرینگی بۆ ڕێبازی دەربڕینخوازی هەبوو بەڵکو تاکو هونەرمەندانی فۆتۆریزم و تەجریدی کاندنسکیش.

ئۆنۆرە دۆمییێ جگە لە هونەرمەندی هێڵکاری بەپلەی بەرز هونەری کاریکاتۆریشی دەکرد و لەپاڵ کلود مۆنییێدا بەسەرچاوەکانی هونەری کاریکاتۆر دەبینرێ، بەڵام لە کاریکاتۆرەکانیشیدا هەمیشە جوانی و پڕ دەربڕینی هێڵی پشتگوێ نەدەخست لەکاتێکدا لە کاریکاتۆری مونییێدا هێڵ هێندە دەوری نەبوو.

کاتێ گرینگی تەواو بەکارەکانی دۆمییێ درا کە گرینگی ناتەواوکردنی کاری هونەری لای ڕامبراند و گۆیا و دولاکروایش بایەخی پێدرا ئەوکات باس لە ئۆنورە دۆمییێەش کرا. ئەوسا باس کرا کە فاکتەری ناتەواوکردنی هونەری بۆ تازەکردنەوەی کاری هونەری و سەرجەمی مۆدێرنە گرینگ بوو، لەو هونەرمەندانەی سەدەی نۆزدە کە سوودیان لە کارەکانی دۆمییێ وەرگرتبوو هونەرمەندی پەیکەرتاشی ئۆگوست ڕودان بوو، کە بەیەکێ لە هونەرمەندە گرینگەکانی پەیکەری ئەمپرێسیۆنیزم لە مێژووی هونەردا دادەنرێ، ڕۆڵی پەیکەری ڕودان زۆر گرینگ بوو بۆ تازەکردنەوەی خودی هونەری پەیکەرتاشی.

## تولوز لۆتریک

هێنری دوتولوز لۆترێک ١٨٦٤–١٩٠١ Henrri de Tou Louse- Lautrec یەکێ بوو لەو هونەرمەندە دەگمەنانەی کە نرخ و بەرزی ئاستی هونەری کارەکانی دۆمێیی دەبینی و خۆشەویستییەکی زۆریشی بۆی هەبوو و سوودی لێیان وەردەگرت، بەتایبەت بۆ کارە گرافیک و هێڵکارەکانی. بەڵام بۆ ڕەنگ دەگەڕایەوە بۆ گۆیا و دولاکروا و ئەنگرە و بەتایبەتی ئیدگار دۆگای (Daniele Devynck). بەجۆرێ کە لەپاڵ دۆمییێدا دۆگای کردبووە یەکێ لە سەرچاوە هونەرییە گرینگەکانی.

لۆترێک لە جوانترین سەردەمی فەرەنسا ژیابوو کە «بێل ئێپۆک»ی پێ دەگوترا و واتا

"سەردەمی جوان" چونکە هێشتا فەرەنسا و ئەوروپا توشی جەنگی جیهانی نەبووبوو و خەڵک ماوەیەک بوو لە ئاشتیدا دەژیان، بەڵام بۆ خودی لۆترێک و دونیای ناوەوەی ئەوەندە ئاشتی و خۆشی نەبوو، هەرچەندە ئەو لە خێزانێکی پارەداردا هاتبووە دونیاوە بۆیشە پێویستی بەوە نەبوو هونەر بۆ پارە پەیداکردن دروست بکا بەڵکو بۆ هاوتاییێکی خۆی لەگەڵ جیهان و دەوروبەری خۆیدا.

لۆترێک لە ماڵی خۆیاندا جارێک دەکەوێ و لاقێکی دەشکێ بەڵام دکتۆر بەهەڵە دیخاتەوە جێگاکەی خۆی و ماوەێکی زۆریش ناخایێنێ لاقەکەی دیکەشی وەردەگەڕێ ئیدی لە دە ساڵەی ژیانییەوە لەشی زیاد دەکات، بەڵام لاقەکانی بەبچووکی دەمینێتەوە، ئەمە دەبێتە گەورەترین کێشەی خێزانەکەیان و زۆرجار لۆترێک خۆیشی تووشی بێزاری و بێهودەییەک دەکا تا ئەو ڕادەی جارێکیان لەوپەڕی بێزاریدا دەڵێ: «گەر دوو لاقی ئاساییم دەبوو قەت ڕەسمم نەدەکرد». بەڵام لەجیاتی دوو لاقی ئاسایی لای لۆترێک ئیرادە و بەهرەیەکی هونەری دروست بووبوو و لەپشت ئەو ئیرادە و بەهرەیەشەوە دایکێک کە هێندە ئیرادەی کوڕەکەی بەرزتر دەکردەوە، دەکرێ ئەو ئیرادە و خۆشەویستییەی دایکی لۆتریک هۆیەکی گرینگ بێ بۆ ئەو کەسایەتییە بەهێزەی کە سەرەڕای دوو لاقە کورتەکانییەوە نەکەوتە پەراوێزی کۆمەڵگا. بەرهەمی هونەری و کەسایەتی تولوز لۆتریک بەرجەستەکردنی وجودیەتە لە سەدەی نۆزدە و سەلماندنی نرخ و هێز و کاریگەری هونەرە بۆ تیمارکردنی برینەکان و هاوتابوون لەگەڵ ژیاندا.

هونەر و ئیرادە بەرزەکانی لۆتریک هێندە گەورەبوون کە نەیدەهێشت وەکو مرۆڤێکی نوقوستان تەماشا بکردرێ.

تولوز لۆترێک هونەری لە (بوزار) نەخوێند بەڵکو لە ستۆدیۆی دوو هونەرمەند، یەکێکیان ناوی لیون بۆنات Leon Bonat و ئەوەکەی دی Fernand Corman فرناند کۆرمان، ئەو ماوەیە بۆ ئەو بەس بوو کە فێری لایەنە ئەکادیمییەکان بێ و لە گشتیشیان گرینگتر لەوێ ڤان کۆخی ناسی کە پاشان پەیوەندییەکی باش لە نێوانیاندا دروست بوو. لەبەر زۆری لەیەکچوونی ڕۆحی و شکستی و ئازارەکانی ناوەوەیان، ئیدی بۆ لۆترێک لەپاڵ دۆمییێدا ڤان کۆخیش پەیدا بوو کە وەکو ڕۆح و دونیای ناوەوە لە یەک بچن بەجۆرێ کە دەکرێ لە نێوان دۆمیێ و ڤان کۆخ و لۆترێکدا هێڵێکی هاوبەش دروست بکرێ لەبەر ڕادەی نامۆبوونیان بەکۆمەڵگا و دامودەزگا و گشت ڕەوشتەکانی و هەمیشە خۆیان لە



نەگونجان و دژایەتیاندا دەبینییەوە. لەگەڵ ئەو جیاوازییەدا کە لۆتریک زۆر شتی هێندە بەجیدی نەدەکرد وەک لای ڤان کۆخ و دومیێ، بگرە لە زۆر حاڵەتدا گاڵتەی بەو دونیا ڕووکەشە و پڕمەسخەریە دەهات کە ڤان کۆخ یەکجار بەجیدی گرتبووی تا ڕادەی شێت بوون و خۆ کوشتن، چونکە ئەو ناوەوەی و دەرەوەی یەک بوون، بەڵام لۆترێک هەرچەندە زۆرجار لە ناوەوە هەڵدەقرچا بەڵام لەگەڵ ئەمەش گاڵتەی دەکرد و پێدەکەنی، هەربۆیشە لە ناوەڕۆکدا کارەکانی لۆترێک بە(گوڵەکانی شەڕ)ی بۆدلێر دەشوبهێنرێ (Riva Castte-man, Wolfgang Wittrock). لەکاتێک کە دۆمیێ ڕق و ناڕەزایی خۆی بۆ کۆمەڵگا و پیاوە سیاسییەکانی بەئاشکرا نیشان دەدات و لەسەری زیندان دەکرێ و ڤان کۆخ وەکو دەروێشێکی ڕاستی بەتەنیا دەمینێتەوە، لۆترێک جۆرێکی دیکە لە یاخیبوون هەڵدەبژێرێ ئەوەش گاڵتەکردنە بەکۆمەڵگای بورژوازی و دابونەریتەکانی تا دەگاتە پیاوانی دەستەڵاتیش، لۆترێک دەیەوێ مرۆڤ لە حاڵەتە ڕاستەقینەکانی خۆی ببینێ و ببێتە تەماشاکەرێ بۆ ئەو شانۆگەریانەی کە پاڵەوانەکەی سێکسە.

لە پاریس لە سەرەتادا گەڕەکی مۆنتمارت هەڵدەبژێری نە تەنیا لەبەر ئەتمۆسفیری هونەری بەڵکو لەبەر نائارامی و زیندوویی و بینینی هەندێ لە لایەنەکانی کۆمەڵگا کە ناکرا لە ماڵ ئەو پەیوەندییە کۆمەڵایەتییانەی دەوروبەری ماڵی خۆیان بەدییان بکا.

مۆنتمارت ئەوسا جگە لە هونەرمەند و شاعیر، سەرخۆش و سۆزانیشی تیا دەژیا کە جاروبار لە ژوورەکەی دەمانەوە (هەمان سەرچاوە).

پاشان ژیان لە تیاترۆخانەی مولان ڕووژ (الطاحونة الحمراء) هەڵدەبژێری بۆ وێنەکردنی گۆرانیبێژ و سەماکەر و میوانەکانیان و سۆزانی و گەوادەکانیان تاوەکو ماڵی خۆی لێ دەکا و هەر لەوێش ژوورێ وەکو ستۆدیۆ بەکرێ دەگرێ. هەڵبژاردنی لۆترێک بۆ ئەو ئەتمۆسفیرە لە لایەکەوە خۆشەویستی ئەوبوو بۆ ژیانی ئاژاوە و هاتوهاوار و گۆرانی و موزیک و سەمادا و لە لایەکی دیکەشەوە لۆترێک لەوێ مرۆڤ بەجۆرێکی دیکە دەبینی وەک لەناو کۆمەڵگا ئاساییەکاندا، لەوێ مرۆڤ لەپێش چاوی لۆتریک سادە و ڕووت و قووتە، دوورە لە پەیوەندییە و کۆمەڵایەتییەکان؛ ئەمە هەستێکی خۆشی بەلۆتریک دەدا و ئەو مرۆڤانە دەبوون بەمۆدیل و بابەتی کارەکانی، ئەو هێندە کاری زۆری دەکرد کە ئەگەر کاغەز و قوماشی نەدەما قوماشی سەر مێزەکانی بەکاردەهێنا (هەمان سەرچاوە). بەم جۆرە بابەتەکانی لۆترێک بوون بەئافرەتی سەماکەر، ژن و پیاو و لەکاتی خواردنەوە و

سەمادا تا ڕادەی وێنەکردنی سۆزانییەکان لە ژوورەکانی خۆیاندا، هەندێ لە ئامادەبووان لۆتریکیان خۆش دەویست کە لە پەنایێکەوە دادەنیشت و ڕەسمی دەکرد و هەندێکی دیکەش کەر دەبوون و لۆترێکیان دەدایە بەر تف و نەعلەت، بەڵام ئەو بەڕوحی گاڵتە و پڕلە پێکەنینەوە وەڵامی ئەو حاڵەتانەی دەدایەوە. شارەزابوونی لۆترێک بۆ هێڵ و سەرکەوتنی گەورەی لە بەرکارهێنانیدا فاکتەرێکی سەرەکی و یارمەتیدەرێکی گەورە بوو بۆ دروستکردنی سکێچ و وێنەکردنی مرۆڤ لەکاتی جووڵانەوە و خواردن و سەمادا.

هونەری لۆترێک بەڕادەی سەرەکی هونەری (هێڵ)ە، ئەو لەگەڵ گشت هونەرێکدا ئاشنا دەبوو کە هێڵ تیایدا ڕۆڵی سەرەکی هەبێ، هەر بۆیشە کاریگەری گرافیکی یابانی لەپاڵ دۆمیێ و دۆگادا ڕۆڵی لەسەر لۆترێکیش گەورە بوو. دۆگای یەکجار خۆش دەویست، چونکە جگە لە هێڵ لە کارەکانی دۆگای دا بابەتی سەمایش زۆر بوون، لەگەڵ ئەو جیاوازییە گەورەیەی نێوان هەردووکیاندا کە دۆگای لەگەڵ کۆمەڵ و دونیای بۆرژوازیدا گونجاو بوو، بەڵام لۆترێک هەمیشە لێی دوور دەکەوتەوە و نەفرەتی لێی دەکرد، لۆترێک سوودی لە سەرجەم تابلۆی ئەمپرێسیۆنیزم وەردەگرت و ئاشناییێکی زۆری دەربارەیان هەبوو لە ئیدوارد مانێوە تا دەگاتە بۆناردوڤۆلارد، بەڵام وەکو گرووپ کاری لەگەڵیاندا نەدەکرد، کارەکانی گۆیا و بۆنارد و ڤولادی خۆش دەویست و سوودێکی زۆری لە وێنەی ئافرەت لای مانێ وەرگرتبوو.

لوترێک هێندە مامەڵەی لەگەڵ سروشتدا نەدەکرد، بەئەندازەی وێنەکردنی مرۆڤ و ئەسپ و شتەکانی ناو ماڵ و ناو سەماخانە. بۆیشە ئەگەر ئەمپرێسیۆنیزم (لە کارەکانی) لۆتریکدا بەدەرکەوتبێ ئەوە زیاتر نیشاندانی خێرایی بەکارهێنانی هێڵ و ڕەنگە بەیەکەوە بەڵام زیاتر لە بابەتی وێنەی مرۆڤدا.

ئەو ڕوبەر و هێڵەکانی زۆر سادە دەکردەوە کە گەیشتبووە ئاستی پۆستەر، کە پاشان بەیەکێ لە هونەرمەندە گرینگەکانی هونەری پۆستەر دانرا کە کاری کردە سەر سەرجەم هونەرمەندانی شێوازی مۆدێرن بەتایبەت گۆستاف کلیمیت.

لۆترێک لەودا ئاگادار بوو کە هێڵ بەشێوە ئەکادیمییەکەی بەکار نەهێنێ، لای ئەو گرینگ بوو فێری ئەکادیمیەتی بەکارهێنانی هێڵ بێ بەڵام خۆشی بەوەدا نەدەهات لە کارەکاندا بەکاری بهێنێ، هەر بۆیشە هێڵ لای لۆترێک جۆرێکە لە دەربڕین و بەشداری هەست و ڕۆحی خۆی، زیاتر لە دیاریکردنی فیگەرەکانی، ئەمەش وای لە کارەکانی





لۆتریک. لەناو جێگا ١٨٩٢

لۆترێک کرد کە لە پاڵ ڤان کۆخ و ئیدوارد مۆنشدا ببنە سەرچاوە و ڕێ خۆشکەر بۆ هونەری دەربڕینخوازی و فۆڤیزمی پاش خۆی.

جگە لە دەربڕین و ئاسانکردنەوەی ڕووبەرەکان بەهێڵ، بۆ ئاستی پۆستەر خۆشەویستی لۆتریک بۆ هێڵ لە کاری هونەریدا لە هونەری گرافیکی نزیککردنەوە بەتایبەت لیتوگرافی(*)، لۆتریک بەسوودوەرگرتن لە هێڵ و گرافیکی یابانی ئەو ئاستەی لە هونەری گرافیک زیاتر بەرەو پێشەوە برد کە گۆیا و دۆمیەیش کاریان تیای کردبوو.

لۆتریک هێندە هونەرمەندێکی تاکڕەو بوو کە ئەستەمە بدرێتە پاڵ ئەمپرێسیۆنیزم لەکاتێکدا کە سیزان لە تاکڕەوی خۆی چووە دەرەوە و کەوتە کارکردن و بەشداری پێشانگا لەگەڵ ئەمپرێسیۆنیزمەکاندا، لۆترێک بەتاکڕەوی خۆی مایەوە تاکو مردنی لە باوەشی دایکیدا، بەڵام پێش مردنەکەی تووشی نەخۆشی سفلس دەبێ و بەردەوام دەبێ لە خواردنەوە تاوەکو ماوەیێک پێش مردنەکەی وەکو ڤان کۆخ ئەویش تێک دەچێت، کاریگەری هونەری لۆتریکیش لە فۆڤیزم و دەربڕینخوازییەوە تێدەپەڕی تاکو تەجرید و

(*) هونەری لیتوگراف لە لایەن هونەرمەندی ئەڵمانی ئەلویس زنێفل (Alois Senefel) ١٧٧١-١٨٣٤ بۆ یەکەمجار لە شاری میونشن لە ١٧٩٦ بەکارهێنراوە (بڕوانە لاپەڕە ٩٨ Gilles Néset, Toulus Lutric).

جگە لە گۆستاف کلیمیت پیکاسۆیش یەکێک دەبێ لەوانەی کە لۆتریکی خۆش ویستوە.

لۆتریک بەتەنیا لە تەنیشت گشت شێوازی مۆدێرن و سیمبۆلیزمدا بەنوێنەرە باشەکانی هونەری کۆتایی سەدە دادەنرێت (Fin de siecle).

هونەری لۆتریک بەگشتی چاکترین نموونەی هونەری شارە، ئەو لە سەرەتادا نەبێ کە خۆشی بەدیمەنی سروشتدا دەهات ئیدی هێندە بەلای سروشت نەدەچوو، لەوە دەچێ ئەو شارستانی بوونەی کارەکانی لۆتریک بن کە لەگەڵ ئەمپرێسێونیزمدا هاوبەشیان هەبێ.

## سیمبۆلیزم Symbolism

گۆڕانکارییەکانی سەدەی نۆزدە دوو بیرۆکەی سەرەکی بۆ هونەرمەندی شێوەکار لەگەڵ خۆی هێنا، یەکێکیان دەیگوت یەکەمجار دەستپێکردنە بەکاری هونەری، خەیاڵ و بیری نوێ لەکاتی کارکردندا دێتە گۆڕێ، ئەوسا دەکرێ ڕەنگ و شێوە لە کارکردندا بەپێی پێویست بگۆڕدرێن، ئەم بیرۆکە بوو کە ئەمپرێسێونیزمی لەگەڵ خۆی هێنا.


گۆستاڤ مۆریۆ. کچێک سەری ئۆرفیۆسی لە باوەشە. ١٨٦٥


بیرۆکەی دووەم دەیگوت هونەرمەند لە سەرەتادا پێویستی بەبیرۆکەیەک هەیە، پێویستە لە خەیاڵیدا وێناییێکی بۆ کارە هونەرییەکەی و جۆری بەکارهێنانی ڕەنگ و شێوە هەبێ ئەوکات دەست بەکارکردن بکا، ئەنجامی ئەم بیرۆکەیەش تابلۆی سیمبۆلیزم بوو (Alan Bowness).

بەم جۆرە ئەم دوو بیرۆکەیە زۆربەی هونەرمەندانی سەدەی نۆزدەی بەسەر دوو کۆمەڵدا دابەش کرد، یەکێکیان بڕوایان بەوە هەبوو کە فیکرە (بیرۆکە) لەکاتی کارکردندا دێت و بەشەکەی دی بڕوایان بەوە هەبوو کە داهێنان لە بیرۆکەوە دێت.

لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەدا ژمارەیەکی زۆر لە هونەرمەند هەبوون نە



سەربە ڕیالیزم و ناتورالیزم بوون و نە سەر بەئەمپرێسێونیزم، لەوانە گۆستاف مۆرێۆ -Gustave Moreo – ١٨٢٦–١٨٩٨ کە ڕۆڵێکی گەورەی بینی لە پەروەردەکردنی ژمارەیەکی زۆر لە نەوەی نوێ وەک ماتیس Matisse و جۆرج ڕووا و ئودیلیون ڕێدۆن Odilion Re-don کە بایەخێکی زۆری بەفاکتەری (نائاگایی)دا و پاشان بووە سەرچاوەیەکی گرینگ بۆ سوریالیزم. جگە لە گۆستاف مۆریۆ و فێردیناند هۆڵدەر Ferdinand Holder و ماکس کلینگەریش Max Klinger دیسانەوە نە سەر بەریالیزم و ناتورالیزم بوون و نە سەر بەئەمپرێسێونیزم. ئەم هونەرمەندانە بەتەنیا بەبەکارهێنانی هەست و سێبەر و ڕووناکی لە کاری هونەریدا قایل نەبوون بەڵکو دونیای ڕۆحی ئەوان جگە لە ڕەنگ و هێڵ و شێوە و سێبەر و ڕووناکی پێویستی بەبەکارهێنانی هەندێ فیگوری دیکە هەبوو کە ببن بەسیمبۆل و مانا بۆ بیرۆکەکانیان، هەروەها نەشیاندەویست هێڵ و ڕەنگ و شێوە تەنیا دەربڕینی هەست بن و تابلۆیان پێ جوان بکرێ، بەڵکو دەیانەویست ڕەمز و مانا بەڕەنگە جۆربەجۆرەکانیان بدەن تاکو بەڕەمزکردنی هێڵ و شێوەکانیش، ئەم هەموانەش لە سەدەی نۆزدەدا تاڕادەیەک لە پشتی شێوەکارکردنی ئەمپرێسێونیزم شاردرابووەوە (Christa von Lengerka) جگە لەمەش خودی تابلۆی سیمبۆلیزم بەڕای (فون لینگەرکا) لە هەشتاکانی سەدەی نۆزدەدا بەبەرچاو کەوت، بەتایبەت لە پێشانگایێکدا کە لە ساڵی ١٨٩١ لە گەلەری (Le Barc de Boutte ville) لە پاریس، لەژێر ناونیشانی سیمبۆلیزم و ئەمپرێسێونیزمدا کە هەندێ لە مێژووی هونەرناسەکان، ئەم پێشانگایەی بەسەرەتای سیمبۆلیزم لە قەڵەم دەدەن، هەرچەندە سیمبۆل لە کارەکانی پۆل گۆگاندا دوو ساڵ لەوەپێش بەدەرکەوتبوو (هەمان سەرچاوە).


ماکس کلینگەر. دیمەنێک – ئۆنستروت. ١٩١٢

پۆل گۆگان جگە لەوەی کە تابلۆی ئەمپرێسێونیزمی بەتوندی گۆڕی و بەچەند هەنگاوێک لە ناتورالیزم دووری خستەوە

لەهەمـان کـاتدا یەکێکیش بوو لە هونەرمـەندە گرینگەکـانی ئەمـپـرێسـێـونیـزمی نوێ، دیسانەوە گۆگان بوو بەسەرەتاییێک بۆ تابلۆی سیمبۆلیزم.

ئەو پاش جێـهێشتنی ڤـان کۆخ لە ئارل ئیدی تەواو تێربووبوو لە تەجرەبەکردن لەسەر ڕەنگ و سێبەر و ڕووناکی، ڕۆحی پێویستی بەجۆرە کارکردنێکی دیکە هەبوو، ئەوسا زیاتر بەدوای ساکاری و قوڵبوونەوە دەگەڕا لە ئاین، ئەمەش هۆیەک بوو بۆ جیاکردنەوەی لە سروشت و نزیکبوونەوەی لە سیمبۆل.

بەڕای (کریستا فون لینگەرکا) دروستبوونی گرووپەی نەبیز لە ساڵی ١٨٨٨دا لە دێی پونت ئاڤن یەکەم دەستپێکردنی سیمبۆلیزمە، چونکە گۆگان لەوێ لەجیاتی قوڵبوونەوە لە ڕەنگدا سەرقاڵی نهێنییەکانی ڕۆح بوو و بۆ کارەکانی ئەویی، زیاتر پشتی بەخەیاڵ دەبەست وەک لە کارکردن لەسەر سروشت و شتەکانی ناو واقیع و خەیاڵیش خۆی یەکێکە لە فاکتەرە گرینگەکانی سیمبۆلیزم و جێگای هەست دەگرێتەوە لە ئەمپرێسێونیزمدا، هەر ئەو کاتەش نووسەر و ڕۆشنبیرە گەورەکانی فەرەنسا وەکو بۆدلێر و مالارمێ کە ڕۆڵێکی گەورەیان لە هونەری دولاکروا و مانێ و دوا ئەمپرێسێونیزمەکاندا بینی، دیسانەوە ئەمجارەیان لەگەڵ ڕامبـو Rimbaud و پروست Proustدا دووپاتیان لەسەر گرینگی فاکتەری خەیاڵ دەکردەوە لە کاری هونەریدا کە گەورەترین پاڵپشت بوو بۆ هونەری سیمبۆلیزم.

بۆدلێر خۆی هەمیشە خەیاڵی وەکو پادشای گشت هێزەکان دەبینی، مالارمێیەیش سەرپەرشتی گۆڤاری سیمبۆلیزمی دەکرد ئەمەش پەیوەندی نێوان شاعیر و نووسەر و هونەرمەندی شێوەکار بەگشتی و سیمبۆلیزم بەتایبەتی زیاتر بەهێزتر کرد بەجۆرێ کە ژمارەیەکی زۆر لە هونەرمەندانی شێوەکار لە هەمان کات نووسەریش بوون و ژمارەیەک نووسەریش لە هەمان کاتدا کاری هونەری شێوەکاریان دەکرد، ئەم ئەتمۆسفیرەیش سنوورەکانی نێوان هونەری شێوەکاری و شیعر و دوا بەشەکانی ئەدەبی بچووکتر کردبووەوە، ئیدی بینەر جگە لە چێژ وەرگرتن لە دونیای شێوە و ڕەنگی تابلۆ بۆی هەبوو بەدوای ڕەمز و مانایشدا بگەڕێ و تەرجومەی ڕەنگ و شێوەکان بکا بۆ هەندێ مانای دیکە وەکو ئاین یان سێکس. هەروەها بۆ خێر و شەڕ و ژیان و مردنیش جگە لە بەکارهێنانی هەندێ فیگوری ئاشکرا وەک کەللەسەر یان گیانەوەر کە ڕاستەوخۆ وەکو ڕەمز بەکاردەهێنران.



گەر ئەمپرێسێونیزم بەگشتی وەک دەربڕینی هەست و نیشاندانی هەڵسوکەوتی ڕەنگ و ڕووناکی و جوانی سروشت و هەستکردن بەشارستانی بێ، ئەوە سیمبۆلیزم دەبێت بەرەددانەوەیەک بۆ مەتریالیزم و بەتەکنیکەکردنی ژیان. (هەمان سەرچاوە).

سیمبۆلیزم لە کۆتایی هەشتاکاندا وەکو پۆلێکی ئەودیوی ئەمپرێسێونیزم و وەک بزووتنەوەیەکی دژ بەریالیزم و ناتورالیزم هاتە گۆڕێ، وەکو شێوەدانانێ بۆ ڕۆح و ڕێکوپێک خستنی کە پاشان بووە ڕێ خۆشکەر بۆ سوریالیزم، بەیارمەتی هەست و خەیاڵ هەوڵی ڕێکخستن و دروستکردنی پەیوەندی نێوان هێزە جیاجیاکانی ناوەوەی ئینسانی دەدا کە پاشان برۆتۆن لەسەر هەمان پرەنسیپ سوریالیزمی ئۆتۆماتیزمی پێک هێنا.

جگە لە ڕۆڵی بۆ سەر گەورەکانی ئەوسای فەرەنسا دۆزینەوەکانی ئانیشتاین و کارکردنی فرۆید لەسەر خەون و نائاگایی و بەستنەوەیان بەژیانی ڕۆژانەی مرۆڤەوە ڕۆڵێکی گەورەی لەسەر بەرەو پێشەوەبردنی سیمبۆلیزم هەبوو.

هەرچەندە بۆنارد و ڤولارد ئەمپرێسێونیزمیان بەجوانی و ڕێکوپێکی بەسەدەی بیستەم و دەربڕینخوازی و فۆڤیزم بەستەوە بەجۆرێک کە هەست بەدابڕان نەکرێ، بەڵام هەستکردن بەکۆتایی سەدە (فا دو سییەکل Fin de Ciecle) زیاتر لە سیمبۆلیزمدا بەدەرکەوت وەک لە ئەمپرێسێونیزمدا.

بۆنارد و ڤولارد تەنیا هونەرمەندی ئەمپرێسێونیزم نەبوون، بەڵکو لە هەمان کاتیشدا



بۆیکلین. لەناو یاری شەپۆلەکاندا. ١٨٨٣

لەپاڵ گۆگان ڕۆڵێکی باشیان لە سیمبۆلیزمدا هەبوو، ئەمە تەنیا لای بۆنارد و ڤولارد بەدەرنەدەکەوت بەڵکو لەو کاتەدا ژمارەیەکی دیکەش هەبوون لەو هونەرمەندانەی کە لە هەمان کاتدا کاری ئەمپرێسیۆنیزم و سیمبۆلیزمیشیان دەکرد، لەوانە ڤان کۆخ و لۆتریک، خودی گۆگانیش کاتێ کە دەستی بەسیمبۆلیزم کرد بەتەواوەتی وازی لە ئەمپرێسیۆنیزم نەهێنابوو، هەروەها لای هونەرمەندی نەرویجی کە ڕۆڵێکی کاریگەری لە دەستپێکردنی دەربڕینخوازی ئەڵمانی هەبوو (ئیدوارد مونش ١٨٦٣-١٩٤٤) لە هەمان کاتیشدا ڕۆڵی لە سیمبۆلیزم بینی، هەرچەندە مونش بەناتورالیزم دەستی بەهونەر کرد بەڵام ژیانی غەمباری و لەدەستچوونی دایک کاری کوشندەی تێ کردبوو کە بەدوای هونەرێکدا بگەڕێ وەکو گۆگان گوتەنی (بۆشاییەکانی منداڵی بۆ پڕ بکاتەوە) بۆیە مونش پەنای بۆ سیمبۆلیزم زیاتر برد وەک لە ئەمپرێسیۆنیزم بۆ تیمارکردنی برینەکانی کە پاشان هونەرمەندی سوریالیزم هنری ماسون زیاتر پەرەی بەم جۆرە کارکردنە دا.


دەربڕینخوازە ئەڵمانیەکان لە سەدەی بیستەم ئەم بابەتە ئینسانیەیان لە مونش بۆ ناوەڕۆکی کارەکانی خۆیان وەرگرت، هەروەکو چۆن هونەرمەندانی ئەمپرێسیۆنیزم بۆ نوێکردنەوەی مامەڵەکردن لەگەڵ سروشت و گوێزانەوەی تابلۆ لە ڕیالیزم و ناتورالیزمەوە بۆ ئەمپرێسیۆنیزم بەڕادەی سەرەکی سوودیان لە هونەرمەندانی گرووپی باربیزون وەرگرتبوو، بەهەمان جۆریش هونەرمەندانی سیمبۆلیزم سوودێکی زۆریان لە هونەرمەندانی کۆمەڵەی برایانی پێش ڕافائیل وەرگرتبوو.

## کۆمەڵەی هونەرمەندانی پێش ڕافائیل Pre - Raphaelites

ئەم کۆمەڵە هونەرییە پێکهاتبوو لە هونەرمەندی شێوەکار و شاعیر و نووسەر بۆ مەبەستی نوێکردنەوەی کاری هونەری و ڕزگارکردنی لە قاڵبە ئەکادیمییەکەی و شکاندنی ئەو تەقالیدە ڤیکتوریانەی کە بەسەر هونەری کاتەکەی ئەواندا زاڵ بوو، بۆیە لە ساڵی ١٨٤٨ لە بەریتانیا ئەم گرووپەیان پێک هێنا.

ئەم هونەرمەند و نووسەرانە ڕایان وابوو بۆ ئەوەی شێوە و ناوەڕۆکی کاری هونەری نوێتر بکەنەوە پێویستە دیسانەوە لە هونەری پێش ڕافائیلەوە دەست پێ بکەن، گەڕانەوە بۆ ڕێنێسانس، نەک وەک دووبارە دروستکردنەوەی تابلۆی ڕێنێسانس بەڵکو لێکۆڵینەوە لێی هەرلەبەر ئەوە ناویان لەخۆ نابوو برایانی پێش ڕافائیل.





میلیەس. ئۆرفیلیا. ١٨٥١

هەندێ لەو هونەرمەند و شاعیر و نووسەرانەی گرووپی برایانی پێش ڕافائیل ئەمانە بوون: دانتێ گابریەل ڕۆزێتی ١٨٢٨-١٨٨٢ Dante Gabriel Rossetti و جۆن ئیڤریت میلیەس John Everett Millais و ولیام میکایێل ڕۆزێتی William Michael Rossetti و هونەرمەندی پەیکەر تۆماس ولنەر Thomas Woolner و هونەرمەند ویلیام مۆریس William Moris و نووسەر و فەیلەسوف و ڕەخنەگر جۆن ڕوسکین John Ruskin کە ڕۆڵێکی گەورەی لە بواری تیۆریدا بینی.

ئەم هونەرمەند و شاعیر و نووسەرانە تەنیا مەبەستیان تازەکردنەوەی شێوە و ناوەڕۆکی کاری هونەری شێوەکاری نەبوو بەڵکو تازەکردنەوەی شیعر و بەشەکانی دیکەی ئەدەب تا دەگاتە دیکۆر و نەخشەسازی و بەرگی کتێبیش، ئەم هونەرمەند و نووسەرانە توانیان هەندێ سیمبۆلی دینی و لایەنەکانی ڕۆح بهێننە ناو کارەکانییانەوە کە پاشان گرینگی خۆیان هەبوو بۆ سیمبۆلیزم.

ئەم هونەرمەند و نووسەرانە پێکەوە و بەڕۆحێکی نوێخوازییەوە کاریان دەکرد بەڵام تاکو کۆتاییان کە خۆیان لەگەڵ سیمبۆلیزمدا جووت کرد، ئەوان خۆیان بەنووسین وەکو گرووپێکی هونەری ئاشکرا نەکرد وەکو ئەمپرێسیۆنیزم و گرووپی نەبیز و سیمبۆلیزم.

سوودێکی زۆریان لە ئەفسانە و سیمبۆلە ئاینییەکان و دیمەنی شانۆگەرییەکانی شەکسپیر وەرگرتبوو و هەمیشە لای ئەوان جەستەی ئافرەت وەکو سیمبۆل بۆ جوانی



ڕۆزێتی. بووک. ١٨٦٥

سەیردەکرا. H. H. Arnason, Karl Ruhrberg.

ئەم گرووپە هونەرییە ڕۆڵێکی گەورەیان بینی بەڕێ خۆشکردن بۆ کۆمەڵێ گرووپ و ڕێبازی هونەری پاش خۆیان، لەسەرووی هەموویانەوە سیمبۆلیزم و ڕێبازی هونەری مودێرن، بەڵام لایەنی لاوازی ئەوان لەوەدا بوو کە هێندە سەرقاڵی هونەری کۆن بوون وەک ڕێنێسانس و سەدەکانی ناوەڕاست کە بەسەختی دەیانتوانی خۆیانی لێ ڕزگارکەن.

سیمبۆلیستەکان تا دەهات نەخش و نیگار و زەخرەفە لە کارەکانیاندا دەردەکەوت و لە دیکۆر و ڕازانەوە نزیک دەبووەوە و هەندێ هونەرمەند وەکو بۆنارد و ڤولارد و مۆریس دێنیس ڕاستەوخۆ دەستیان بەکارکردن کرد لە دیکۆر و ڕازانەوەی هەندێ لە کۆشک و تەلار، و خانووە گەورەکانی پاریسدا وەک کۆشکی Palais de Chaillot و کۆشکی Vólkerband Palast لە ژنێڤی سویسرا، ئەم کارانەش توانای خۆ تازەکردنەوەی لەو هونەرمەندانە کوشت و بەتاڵیانی کردەوە لە مانا و ڕۆح و سیمبۆل، لە هەمان کاتیشدا ڕێبازێکی هونەری نوێ و دیسانەوە سوود وەرگرتن لە کۆمەڵەی برایانی پێش ڕافائیل و پاشماوەکانی سیمبۆلیزم خۆی سەری هەڵدابوو و هەندێ هونەرمەندی گرینگی وەک گۆستاف کلیمیت لە نەمسا و ئۆبرێ بێردسلەی لە بەریتانیا ڕابەرایەتیان دەکرد.

ئیدی هونەرمەندی کۆتایی سیمبۆلیزم بەباشیان زانی خۆیان لەگەڵ ئەم ڕێبازە نوێیەدا



جووت بکەن، هەروەکو چۆن کۆمەڵەی برایانی پێش ڕافائیل خۆی لەگەڵ سیمبۆلیزمدا جووت کرد کاتێ کە سیمبۆلیزم لەوپەڕی بەهێزیدا بوو.

سیمبۆلیزم وەکو ئەمپرێسیۆنیزم بەخەسەتی خۆی نەخستبووە سەر تەنیا فەڕەنسا بەڵکو سەرجەم ئەوروپای گرتبووەوە تاکو ڕووسیایش، لە بەلژیک زیاتر هونەرمەند فرناند خنوپف Fernand Khnopff وەکو هونەرمەندی سیمبۆلیزم ناسرابوو و لە هۆڵەندایش جان تۆرۆپ Jan Toorop و لە نەرویجیش وەکو باسمان کرد ئیدوارد مونش بوو و لە ئەڵمانیاش ئەنزلم فویەرباخ Anselm Feurbach و هانس فون مۆریس Hans Von Marées و فون شتوک Von Stûck کە مامۆستای کاندنسکی بوو بۆ ماوەیەک و لە وڵاتی سویسرایش هونەرمەند ئەرنولد بویکلین بەناوبانگ بوو Arnold Bócklin.

کارەکانی هانس فون مۆریس و ئەنزلم فویەرباخ و ئەرنولد بویکلین وەکو هونەرمەندانی پێش ڕافائیل دیسانەوە گەڕانەوە بوو بۆ مێژوو و سوودیان لە هەندێ هونەری کلاسیکی ئیتالیا وەرگرتبوو کە لەگەڵ ناوەڕۆکی سیمبۆلیزمدا گونجا بێ [Christa Von Lengerka].

## شێوازی مۆدێرن Modern Style

لە کاتێکدا کە سیمبۆلیزم تاکو دەهات لە دیکۆر و هونەری ڕازانەوە نزیک دەبووەوە و ماناکانی ناوەوەی و سیمبۆلە ڕۆحییەکانی لە دەست دەدا، لە بەریتانیا بەهاوکاری کۆمەڵێ هونەرمەندانی شێوەکار و شاعیر و نووسەر و فەیلەسوف، موناقەشەی هونەر و مانا و ناوەڕۆک و شێوە جۆربەجۆرەکانی و چۆنێتی نوێکردنەوەی ئەو شێوانە دەستی پێ کردبوو. ئەم بزووتنەوەیش زیاتر هونەرمەند و فەیلەسوفی بەریتانی جۆن ڕوسکن John Ruskin ١٨١٩–١٩٠٠ ڕابەرایەتی دەکرد، ئیدی قسە و نووسین دەربارەی سوود و مانا و ڕادەی جوانی هونەر زۆر باوبوو و جگە لە تیۆریەکانی ڕوسکن بۆچوونەکانی ئۆسکار وایلد و گۆستاف فلۆبێریش موناقەشە دەکرا وەکو: «هونەر لە پێیداویستە گرینگەکانی ژیانە». لە کاتێکدا ڕوسکن بڕوای وابوو: «هونەر جگە لەوەی سوودبەخش بێ دەبێ جوانیش بێ» و ئۆسکار وایلدیش بڕوای وابوو: «هونەر بەتەنیا دەتوانێ لە مەترسییە ڕاستەقینەکانی ژیان بمانپارێزی» هەیش بوو بڕوایان بەوەبوو کە «هونەر تەنیا بۆ جوانکردنی ژیان نییە، بەڵکو خۆی ژیانە». بڕوانە [Klaus-Jurgen Sembach]

تیۆرییەکانی ئۆسکار وایلد و فلۆبێر و ڕوسکن بەدوور نەبوون لە هونەرمەندی شێوەکار بەپێچەوانەوە جۆن ڕوسکن هونەرمەندی شێوەکاری خۆش دەویست و خۆیشی جگە لە کاری تیۆری کاری هونەری شێوەکاریشی دەکرد و زۆر نزیک بوو لە دونیای هونەرمەندانی برایانی پێش ڕافائیل و یەکێ بوو لە هاوکارەکانیشیان، هەروەها لە هونەرمەند ویلیام مۆریسیشەوە زۆر نزیک بوو William Moris ١٨٣٤-١٨٩٦ کە بڕوای وابوو: «هونەر دەبێ لە قوولایی گەلەوە پەیدا بێ و بتوانی دژایەتی دام و نەریتی بۆرژوازی بکا». ئەمەش وەکو سەرجەمی بڕواکانی مۆریس بۆ گرێدانی هونەر لەگەڵ ژیاندا.

ئەم موناقەشە گەرمانەی کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدە لە بەریتانیا جگە لەوەی هونەرمەندان و ڕۆشنبیرانی لە یەک نزیک کردبووەوە، بووە سەرەتایەک بۆ دروستبوونی ڕێبازێکی نوێ لە هونەردا کە جگە لە بەریتانیا فەرەنسا و ئەڵمانیا و نەمسایشی گرتەخۆ، لە بەریتانیا ناوی (شێوازی مۆدێرن)یان لێ نا و لە فەرەنسا بەناوی ئارت نوڤۆ Art Nouveau دروست بوو، بەڵام لە ئەڵمانیا لەژێر ناوی یوگند شتیل کاری پێ دەکرا Jugendstill و لە نەمسایش بەناوی سیتچسیۆن Sezession، بەڵام لەبەرئەوەی جێگای سەرهەڵدانی بەریتانیا بوو، بۆیە من ناوی شێوازی مۆدێرن هەڵدەبژێرم.

(شێوازی مۆدێرن) جگە لەوەی کە لە کۆتایی سیمبۆلیزمەوە دروست بوو، بەڵام زیاتر خۆیان بەهونەرمەندانی برایانی پێش ڕافائیل دەبەستەوە، وەکو سەرچاوەیەک بۆ کارەکانیان، چونکە ئەوان بڕوایان وابوو کە هونەری کۆن بەتایبەت هونەری پێش ڕافائیل زۆر لە یاسا ئەکادیمییەکان بەکارترە بۆ نوێکردنەوەی هونەر، هەرچەندە لە هەندێ فۆرمی کارەکانیان یەکچوون هەبوو لە نێوان ئەوان و ڕوکوکۆدا بەتایبەت خۆشەویستیان بۆ ئەو شێوەی لە حەرفی C ئینگلیزی دەچی کە لە هونەری ڕوکوکۆدا زۆر بەکار دەهێنرا [بڕوانە Hofstatter].

بەگشتی یەکێ لە فاکتەرە گرینگەکانی هونەری شێوازی مۆدێرن جوانی بوو، ئەمەش زیاتر دەگەڕێتەوە بۆ کاریگەری فەیلەسوفی بەریتانی ئەوسا (جۆن ڕوسکن) کە بەفەیلەسوفی جوانکاری لە قەڵەم دەدرا، هەرچەندە هەر چوار ناوەکە شێوازی مۆدێرن، و ئارت نوڤو، ویوگند شتیل و سیتچسیۆن لە ناوەڕۆکدا یەکن بەڵام فەرەنسییەکان وەکو کۆمەڵەی شێوازی مۆدێرنی بەریتانی ڕاستەوخۆ لە برایانی پێش ڕافائیلەوە دەستیان نەکرد، بەڵکو لە سیمبۆلیزمەوە، ئەمەش وەکو درێژەپێدان و نوێکردنەوەی میراتێکی خۆیانە، هەیشە دەڵێن لەگرووپی «نەبیز»ەوە دەستیان پێکردووە، بەڵام جگە لەم دوو



سەرچاوە جیاوازە و لە سەرجەم تیۆرییەکانی جۆن ڕوسکن و ولیام مۆریس و گرووپی پێش ڕافائیل و سیمبۆلیزمی فەرەنسی، شێوازی مۆدێرن (ئارت نوڤو) مومکین نەبووبێ گرافیکی یابانی و زەخرەفەی عەرەبی و ڕۆژهەڵاتی بەگشتی کاری لێیان نەکردبێ [هەمان سەرچاوە]. بەریتانیا لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەدا وەکو وڵاتێکی کۆلۆنیالی گەورە پەیوەندی بازرگانی لەگەڵ وڵاتە کۆلۆنیالی کراوەکانی خۆی و هەندێ لە وڵاتانی دیکەی وەکو یابان بەهێزبوو، و لە نێوان ئەو پەیوەندییە کۆلۆنیالی و بازرگانییەدا شتومەکی بەریتانی بۆ ئەوان دەچوو و لەوانیشەوە شتومەکی جۆراوجۆر دەگەیشتە مینای لیڤەرپول، ئەو شتومەکانەی کە دەهاتن بۆ بەریتانیا هەندێ جار کاری هونەریشی تیابوو وەکو زەخرەفەی عەرەبی و ئیسلامی و هونەری گرافیکی یابانی [Monika Wagner].

ئیدی کاری هەڵکەنینی سەر تەختەکە هێڵ تیایدا ڕۆڵێکی گەورەی هەبوو لە بەریتانیا و لە فەرنسایشدا بڵاوبووەوە و کڕیاری زۆری بۆ خۆی پەیدا کرد و هونەرمەندێکی ئەورووپی زۆریش کەوتنە ژێر کاریگەرییەوە، لەوانە (گۆگان و ڤان کۆخ و لۆترێک و بۆنارد و ڤۆلارد) و بووە هۆی گۆڕانی کارەکانییان کە وەکو هونەرمەندە یابانیەکان ڕووبەرەکانیان بەتاکە ڕەنگ پڕ دەکردەوە و بەهێڵێکی ئاشکرا لە ڕووبەرەکانی دەوروبەرەکەیان جیایان دەکردەوە، ئەمە بوو کە لای لۆترێک بووە هۆی دروستکردنی پۆستەر، هەروەها کاریگەری گرافیکی بابانی لەوەیشدا هەبوو کە هونەرمەندانی ئەمپرێسێونیزم لەجیاتی ئەوەی سنووری ڕەنگەکان تێکەڵاوی یەکدی بکەن، ئیدی هێڵیان بۆ جیاکردنەوەی ڕەنگە جیا جیاکان بەکار دەهێنا.

شێوازی مۆدێرنیش وەکو یەکێ لەو هونەرانەی کە لەپاڵ سیمبۆلیزم و کۆتاییەکانی ئەمپرێسێونیزم و هونەری لۆترێکدا وەکو ڕێبازێکی هونەری لە (فادو سییەکل کۆتای سەدە) کاری پێ دەکرا، ئەوانیش ڕاستەوخۆ هونەری گرافیکی یابانیان وەکو سەرچاوەیەکی گرینگ و سەرەکی وەرگرت بۆ دەوڵەمەندکردن و نوێکردنەوەی کارەکانیان، ڕۆڵی لە تازەگەریەکەیدا جیایە وەک لەو کاریگەرییەی کە سەرووی ئەفەریقا لە دولاکروا و مۆنێ دا لە سەدەی نۆزدە هەیبوو و پاشان بۆ سەر ماتیس و ئۆگوست ماکە و فرانس مارک و کاندنسکی، لە حاڵەتی یەکەمدا، کاریگەری گرافیکی یابانی بوو لەسەر هونەرمەندی ئەوسای ئەوروپا، بەڵام لە حاڵەتی دووەمدا هەوڵ و کۆشش و ڕادەی بینینی نوێ بوو لای هونەرمەندە ئەوروپییەکان خۆیان کە سوود لە شێوە و ڕەنگ و ڕووناکی و سەرجەم ئەتمۆسفیری وڵاتانی سەرووی ئەفەریقا وەرگرن، ئاشکرایە کە زەخرەفەی عەرەبی و

ئیسلامی جۆرێکن لە هونەر، بەڵام خۆرئاوا ئەو هونەرە وەکو ڕازانەوە و هەندێ جار ساکار دەبینێ و ڕۆڵی تاکە کەسی تیا نابینێ، ئەمەش زیاتر خەسڵەتی هونەری میللی و فۆلکلۆری بەخۆوە دەگرێ، ڕەهەندی تاکە کەسی پێوە نییە وەکو نووسینی ناو، هەرچەندە ئەمە بەشێکە لە خەسڵەتی بەکۆمەڵی ئەو کولتوورانە، لە کاتێکدا گرافیکە یابانییەکان زۆربیان ناوی هونەرمەندەکانی خۆیانیان پێوە بوو وەک Ukiyo - E, Utamaro, Hiroshige, Hokusai هتد. ئەمەش یەکێکە لە سیفاتی لەیەکچوونی کۆمەڵگای خۆرئاوایی و یابانی کە لەو کاتەوە ڕۆڵی تاکە کەس وەکو یەکێ لەخەسڵەتەکانی مۆدێرنە لایان دروست بووبوو و ئەو کارە یابانیانە لە پاریس گەلەری تایبەتییان بۆ نیشاندان و فرۆشتنیان تەرخان کرابوو، یەکێ لەوانە گەلەری (Porte de chinoise پورت دو شینواز – دەروازەی چینی) بووکە مەڵبەندی یەکتر بینین بوو بۆ هونەرمەند و نووسەرە گرینگەکانی ئەوسای پاریس.

ئیدی بەهۆی کاریگەری گرافیکی چینی و یابانی و زەخرەفەی ئیسلامییەوە، هێڵ لە هونەری شێوازی مۆدێرندا زیاتر بەدەرکەوت، بەجۆرێ کە هونەری شێوازی مۆدێرن بەهونەری هێڵ لە قەڵەم دەدرا. هێڵ و شێوە لە هونەری شێوازی مۆدێرندا هێندە پەیوەندی بەسروشتەوە نەبوو و دووریش بوون لە یاسا ئەکادیمییەکان و زیاتر ڕەهەندی ناوەوەی هەبوو هەر بۆیەشە هونەری شێوازی مۆدێرن دیسانەوە دەکرێ وەکو سەرچاوەیەک بۆ تەجرید ببینرێ.

(شێوازی مۆدێرن) جگە لە لەندەن و پاریس و ڤییەن و میونشن، لە ماوەی وەرچەرخانی سەدەدا هەندێ شاری دیکەشی گرتەوە وەکو برۆکسل کە هونەرمەند (هنری ڤان دی ڤیلدا) لەوێ بەناوبانگ بوو Henry van de Velde (١٨٦٣–١٩٥٧) و لە بەرشەلۆنەش هونەرمەند ئەنتۆنی گاودی (Antoni Gaudi) و لە میونش هونەرمەندانی سیمبۆلیزم فرانس فون شتوک و ماکس کلینگەر بوون بەنوێنەرانی یوگند شتیل و گۆڤارێکیش هەر بەو ناوەوە دەرچوو، تا گەیشتە هەندێ شاری دیکەش وەکو دارمشتاد – ئەڵمانیا – و نانسی – فەرەنسا و هلسنکی، دواتربۆ ئەمەریکا، بەتایبەتی شاری شیکاگۆ،(هەمان سەرچاوە). و لە هۆڵەندا و سویسرایش هەردوو هونەرمەندانی سیمبۆلیزم جان تۆروپ و فردیناند هولدەر بوون بەنوێنەرانی هونەری شێوازی مۆدێرن. بەمەش گۆڕەپانی کارکردن بەشێوازی مۆدێرن گەورەتر بوو، بەتایبەتی خۆ تێکەڵاوکردنی شێوازی مۆدێرن لەگەڵ سەرجەمی تەکنیک و دۆزینەوەکانی دیکەی کۆتایی سەدەی نۆزدەدا، وەکو سینما ١٨٩٥



کە هەردووکیان خۆیان وەکو هونەری جوڵاوە دەبینی تاکو ئەو ڕادەی کە پێشانگای جیهانی لە پاریس لە ١٩٠٠ جێگایەکی گەورەی بۆ هونەری (ئارت نوڤو) دانابوو وەکو یەکێ لە نوێنەرەکانی هونەری کۆتایی و وەرچەرخانی سەدە (بڕوانە Gabrile Fahr - Becker) کاریگەری نەخش و نیگار و زەخرەفەی ئیسلامی و گرافیکی یابانی هێندە گەورە بوو بەسەر شێوازی مۆدێرنەوە وایکردبوو زیاتر لە بواری هونەری بیناسازی (بەتایبەتی ڕازانەوەی ڕووەکانی دەرەوە) دەرکەوێ وەک لە تابلۆدا، ئەمە جگە لە هێڵکارییەکانی هونەرمەندی بەریتانی ئۆبرێ بێردسلەی و تابلۆ و هێڵکارییەکانی گۆستاف کلیمیت دا.

هەروەها ژمارەییەکی زۆر لە هونەرمەندانی شێوازی مۆدێرن لە ماوەی وەرچەرخانی سەدەدا، سەرقاڵی بەکارهێنانی شێوازی مۆدێرن بوون لە دروستکردنی تاخم و تفاقی ناوماڵ وەکو مێز و کورسی تا دەگاتە کاری شووشە و قاپ و کەوچکی نانخواردنیش، بەم کارەیش دیسانەوە (شێوازی مۆدێرن) وەکو کۆتاییەکانی سیمبۆلیزم ناوەڕۆک و ماناکانی ناوەوەی وردە وردە لە دەست دەدا و ئەو هونەرمەندەی کە بایەخی بەمانا و دونیاکانی ناوەوە و ڕۆح دەدا لە شێوازی مۆدێرن دوور دەکەوتەوە، بەڵام زیاتر لەگەڵ جەنگی جیهانی کۆتایی هات. شێوازی مۆدێرن وەکو ئەمپرێسیۆنیزم و سیمبۆلیزم ژمارەیەکی زۆر لە هونەرمەندی بەخۆوە گرتبوو کە من دووان لەوانە بەکورتی باس دەکەم، یەکێکیان ئۆبرێ بێردسلەی بەریتانی و ئەوەی دیکەیان (گۆستاف کلیمیت)ی نەمساوی.

## ئۆبرەی بێردسلەی Aubrey Beardsley

ئۆبرەی بێردسلەی (١٨٧٢–١٨٩٨) لە سەرەتادا ئەویش وەکو زۆربەی هونەرمەندانی ئینگلیزی وەختی خۆی زیاتر لەگەڵ هونەرمەندانی برایانی پێش ڕافائیلدا بەسەردەبردو کاری دەکرد، بەڵام زوو خۆی لێیان کێشایەوە و خۆی بۆ هونەری هێڵکاری و گرافیک تەرخان کرد، ئەو بڕوای بەخوێندنی هونەری لە ئەکادیمیا و قوتابخانە هونەرییەکاندا نەبوو، بەڵکو دەیویست خۆی ببێ بەمامۆستای خۆی و، بتوانێ سوود لە هونەری پێش و سەردەمەکەی خۆی وەرگرێ و لە پێناویدا سەفەری پاریسی کرد، چونکە تەنیا ولیام مۆریس بۆ ئەو بەس نەبوو، ئەو دەیویست جگە لە کاری هونەری، هونەرەکەی خۆی بەفیکر و فەلسەفە و کاری تیۆریش دەوڵەمەند بکا، هەر بۆیەشە لە هەندێ ڕۆشنبیر و نووسەری سەردەمەکەی خۆیەوە نزیک بوو، وەک ئارتور سیمونس Arthar Simmons و ئۆسکار وایلد Oscur Wilde و هەندێ لە فیکر و بۆچوونی وایلدی کردبووە دروشم بۆ ژیان و

کاری هونەری خۆی وەک: «ژیان بەهیوا و بڕوا بەڕێوە نابردرێ... ژیان بەرهەمی مێشک و ماسوولکەیە».

بەم جۆرە ژیانی زۆر کورتی (ئۆبرێ بێردسلەی) بەرهەمی مێشک و ماسولکەکانی خۆی بوو، ئەو لەو ماوە کورتەی تەمەنیدا هونەری شێوازی مۆدێرنی بەریتانی گەیاندە لوتکە. بڕوانە (Gabriele Sterner) کارەکانی بێردسلەی لە سەرەتادا زیاتر بابەتی سێکس و ئێرۆتیک بوون، پاشان خووی دایە هێڵکاری بۆ بەرگی کتێب و هەندێ کاری نەخشەکێشانی دیکە، بۆ نموونە بەرگی کتێبەکەی ئۆسکار وایلد «سالومی» دروست کرد و ئەنجامی بەیەکەوە کارکردنیدا لەگەڵ ئارتور سیمونس زنجیرە کتێبێک بوو بەناونیشانی کتێبی زەرد. (بێردسلەی) هێندە خۆشی بەکاری سروشتدا نەدەهات بۆیە سیمبۆلیزمە فەرەنسییەکان لێیەوە نزیکتربوون وەک لە ئەمپرێسێونیستەکان.

لە سەرەتادا هێندە گوێی بەتەقالید و زەوقی گشتی نەدەدا و بەم ڕەفتارە خەڵکێکی زۆری لە خۆی دوور خستبۆوە ئەگەرچی خودی ئەو خەڵکانە هونەرەکەیان لە ئاستێکی بەرزدا وەسف دەکرد.



بێردسلەی. هێلکاری. ١٨٩٤



## گۆستاڤ کلیمیت

باسکردن و نووسین لەسەر گۆستاف کلیمیت (١٨٦٢-١٩١٨) دانەبڕاوە لە باسکردن لەسەر سیچسیۆنی ڤییەن، چونکە جگە لەوەی کە کلیمیت خۆی یەکێ بوو لەو پەنجا کەسەی کە سیچسیۆنیان لە ساڵی ١٨٩٧ دامەزراند، یەکێکیش بوو لە هونەرمەندە گرینگەکانی ئەو کاتەی نەمسا و لە پاڵ تیۆرییەکانی (هێرمان بار)دا (Hermann Bahr) سیچیۆن وەکو جێگایەک بوو بۆ یەکێتی هونەرمەندانی نەمسا، هەنگاوێکی گەورە و ئاشکرایشی لە هونەری مۆدێرنی نەمسا پێک هێنا. (بڕوانە Hofstatter).

سیچیسۆن لە سەرەتادا قاوەخانەیەکی گەورە و جوان و بەناوبانگ بوو لە ڤیەنادا، پاشان پەنجا هونەرمەند و نووسەر بڕیاریان دا بیگۆڕن بۆ مەڵبەندێکی هونەری کە هونەرمەند و نووسەر و ڕۆشنبیرەکانی ئەو کاتە لە خۆ بگرێ، بەڵام ئەوەی کە سیچیسۆن لە زۆربەی هەنگاوەکانی مۆدێرنەی ئەوروپای جیا دەکاتەوە ئەوە بوو کە سەرجەم هونەرمەندانی سیچیسۆن دژ بەهونەری کۆن نەبوون، هەرچەندە ئەوەیان دەزانی و لایشیان گرینگ بوو هونەر لە غەیری هونەر جیا بکرێتەوە بەڵام پەیامی ئەوان ئەوە نەبوو هونەرێکی نوێ لەجیاتی کۆن دروست بکەن.

سیچیسۆن بێ هێرمان بار ١٨٦٣-١٩٣٤ و گۆڤارەکەی بەهاری پیرۆز (Ver sa-crum) لایەنێکی گرینگی بەتاڵ دەبوو، ئەوسا دەبووە جێگایەک کە تەنیا کاری پراکتیکی لێ دروست بکرێ، بێ نووسین و دۆکومێنت و کاری تیۆری.

گۆستاڤ کلیمیت لەگەڵ هێرمان باردا پەیوەندییان باش بوو و چەندین جار (بار) لەسەر کارەکانی کلیمیتی دەنووسی.

هەرچەندە کلیمیت لای هونەرمەند (هانس مار کارتس) خوێندبووی، بەڵام بۆ هونەرەکەی خۆی ئەویش وەکو زۆربەی هونەرمەندانی شێوازی مۆدێرن (سیچسیۆن) ڕاستەوخۆ لە هونەرمەندانی برایانی پێش ڕافائیلەوە دەستی پێ کرد، لەگەڵ سوود وەرگرتنێکی گەورە لە کارەکانی ئۆبرێ بێردسلەی و هەندێ لە هونەرمەندانی سیمبۆلیزم و شێوازی مۆدێرنی هۆڵەندی و سویسری، لەگەڵ تێکەڵاوکردنی ئەو هونەرانەدا بەزەخرەفەی عەرەبی و ڕۆژهەڵاتی و هونەری میسری کۆن و کاشی و موزاییکی بێزەنتی.

کلیمیتیش خۆشییەکی زۆری بەبابەتکردنی ئافرەتدا دەهات و بەشێوەی جوان و پڕ ئێروتیک لە کارەکانیدا بەکاریانی دەهێنا.

هێڵ و پەلەڕەنگی بچووک بچووک لە چەشنی زەخرەفەی ئیسلامی و مۆزاییک خەسڵەتی کارەکانی کلیمیت بوون هەندێ جار لە جلوبەرگی ئافرەتەکانیدا و هەندێ جاریش لە دەوروبەریان بۆ زیاتر نیشاندان و بەرجەستەکردنی هەستی مێینە (انثى) و جوانی، جگە لە جۆرە دانانی شێوەی لەشی ئافرەت کە زیاتر لەززەتی سێکس بووروژێنێ. "H. H. Arnason".

بەم جۆرە جەستە و دەموچاوی ئافرەت فیگەرە سەرەکییەکانی (کلیمیت) بوون تاکو ئەو ڕادەی کە هەندێ لەو وێنانە ئافرەتی ڕووت بوون و هەندێ جاریش ئۆرگانی سێکسیشیانی تیا دەستنیشان دەکرد کە زۆر جار دەبووە هاتوهاوار لەناو کۆمەڵدا و هەندێ جاریش قەبوڵ دەکرا.

(کلیمیت) لەم بابەتانەیدا تەنیا مەبەستی جوانی و خۆشی نەبوو بەڵکو زۆر جار غەم و پەژارەیشی لە نێوان ئافرەتە ڕووتەکانیەوە دەکردە بابەت کە دیسانەوە وەکو تەواوکەرێک بۆ ئێرۆتیک، بۆ ئەم جۆرە کارانەی زیاتر سوودی لە بابەتەکانی ئیدوارد مونش وەردەگرت، ڕوونی و ئاشکرایی هێڵ وەکو خەسڵەتێ لە کاری شێوازی مۆدێرندا لە کارەکانی کلیمیتدا زۆر بەکاربوون و لەپاڵیاندا لای کلیمیت ڕەنگیش ڕۆڵێکی گەورەی دەبینی بۆ زیاتر بەرجەستەکردنی جوانی و ئێرۆتیک، ڕەنگەکانی کلیمیت زیاتر شین و پەمەیی و سەوز و سوور و نارنجی بوون تاکو بەکارهێنانی ڕەنگی زیوی و ئاڵتوونیش، (کلیمیت) تا ڕادەیەک دوور بوو لە ڕەنگی ڕەش و خۆڵەمێشی، ئەو هەندێ جاریش گەڵای ئاڵتوونی وەکو کۆلاج بەتابلۆوە دەلکاند گەر پێویستی پێ بووایە، سوود وەرگرتنی کلیمیت لە ئیدوارد مونش بۆ نیشاندانی هەستی غەم و پەژارە ڕەهەندێکی دەربڕینخوازی بەکارەکانی دەدا، بۆیە بەیەکێ لە ڕێخۆشکەرە گرینگەکانی هونەرمەندانی دەربڕینخوازی نەمسا وەکو کوکۆشکا و ئیگۆن شیلی دادەنرێ. (Ruhrberg).

## دەربارەی ئەکادیمیا

سەدەی نۆزدە سەدەی وەرچەرخان و گۆڕانکارییە گەورەکان بوو لە بونیادی تابلۆ و پەیکەردا، بەڵام سەرجەمی ئەو هەنگاوە تازەگەریانە لە کاری هونەری شێوەکاریدا نەیانتوانی تابلۆ و پەیکەر بەتەواوەتی لە پرەنسیپە ئەکادیمییەکان ڕزگار بکەن.

ڕزگارکردنی فاکتەرە بنەڕەتییەکانی تابلۆ وەک ڕەنگ و شێوە و هێڵ بەتەواوەتی لە



ئەکادیمیی یەکەم جار لە سەرەتای سەدەی بیستەمەوە دەستی پێ کرا (فۆڤیزم و کوبیزم)، تاکو ئەو کاتە کەم یان زۆر مۆرکە ئەکادیمییەکان بەبینای تابلۆوە دیار بوو.

ئەمپرێسیۆنیزم هەنگاوی گرینگی نا بۆ جیاکردنەوەی بەکارهێنانی تەواوی ڕەنگ لە شێوە ناتورالیستەکەی. بەڵام سەرجەمی ئەمپرێسیۆنیزم بەتەواوەتی لە ناتورالیزم جیا نەبووەوە (هەنگاوە بێ ترسەکانی پۆل گۆگانی لێ دەرچێ کە لە گشتیان خێراتر تابلۆی ئەمپرێسیۆنیزمی بەرەو فۆڤیزم برد)، وەکی دی سێبەر و ڕووناکی و ڕێژەو دیدەگا «منظور» زۆربەی کارە هونەرییەکانی سەدەی نۆزدە هێشتا لەژێر یاسا ئەکادیمییەکان دەرنەچوو بوون و ئەکادیمی تاکو ئەو کاتە ڕەواجی مابوو و لای ژمارەیێ لە هونەرمەندانی سەدەی نۆزدە وەکو گۆیا و دولاکروا و مانێ و سۆیرە تا دەگاتە گۆستاف مۆر کاری پێ دەکرا.

هونەرمەندانی وەک دۆمییێ، لۆترێک، گۆگان، ڤان کۆخ لەبەرئەوەی خۆیان بەخوێندنی ئەکادیمییەوە سەرقاڵ نەکردبوو، بۆیە لە ئەکادیمییەوە هەندێک دووربوون و هەنگاوە گەورەکانی گۆگان بەرەو فۆڤیزم لە جەوهەردا هەوڵدان بوو بۆ خۆ جیاکردنەوە لە یاسا ئەکادیمییەکان، ئەوەیش نابێ لە بیر بکەین کە سەرجەم هەوڵەکانی گۆیا، تێرنەر، دۆمییێ، مۆنیێ، سیزان، لۆترێک، ڤان کۆخ، بۆنارد، ڤولارد تا دەگاتە گۆگان خۆی، جێگایان بەپرەنسیپە ئەکادیمییەکان لەق کرد.

چەقای (ئەکادیمی) زۆر لە سەدەکانی ناوەڕاست «گۆتیک ورۆمانی – ١١٠٠–١٣٠٠» کۆنترە ڕەگ و ڕەچەڵەکی دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی ئەفلاتون (پلاتۆن) و زمانی فەلسەفی ئەسینا (بڕوانە H. H. Arnason). واتە بۆ سەدەی چواری پێش زایینی. ئەو کات وشەی «ئەکادیمیا» جگە لە هونەر لە بواری فەلسەفە و زانستیشدا بەکار دەبردرا. پاش ماوەیەکی زۆر لە یۆنانەوە پەڕییەوە بۆ ئیتاڵیا و لە سەدەکانی ناوەڕاستدا بەکارهێنرا و لەو کاتەیشەوە تاسەردەمی ڕێنێسانس، ئەو کاتە وشەی ئەکادیمیا وا بەستە بوو بەناوی لیۆناردۆ دافنشیەوە (لیۆناردۆ دافنشی) ئنجا بۆ بارۆک، بەڵام لە بارۆکدا زیاتر وەکو وشە بەکار دەهێنرا (بێ کارپێکردن)، لە سەدەی شانزەدا وشەی ئەکادیمی لەناو هونەرمەنداندا ئاستی بەرزبۆوەو بۆ ئازادی و نوێخوازی بەکار دەهێنرا. سەدەی حەڤدە (١٦٠٠) سەرەتایەکی نوێ بوو بۆ وشە و مانای ئەکادیمیە چونکە بۆزار و کۆمەڵی ئەکادیمیە هونەرییەکانی ئەوروپا لەو کاتەوە دامەزرێنران، ئیدی لێرەوە چەمکی ئەکادیمی وەک

هاوتای چەمکی مۆدێرن بەکاردەهێنرا، بەتایبەتی کاتێ کە ئەکادیمیای هونەری پاریس (بۆزار Beaux - Arts) لە ساڵی ١٦٤٨ دامەزرێنرا.بەم چەشنە چەمکی ئەکادیمیا دەگاتە لووتکەی دەسەڵاتی و کارکردن بەپرەنسیپەکانی بوژایەوە تاکو هونەرمەندانی ئەمپرێسیۆنیزم و سیمبۆلیزم و شێوازی مۆدێرن، هەنگاویان نا بۆ جێ پێلەقکردنی، پاشان هونەرمەندانی ئازادکردنی ڕەنگ (فۆڤیزم) و نوێکەرەوەکەی شێوە (کوبیزم) لە سەرەتای سەدەی بیست بەتەواوەتی لەناویان برد. (هەمان سەرچاوە).



## سەرچاوەکان


1-Alan Bowness, Die Kunst der Moderne, lichtenberg 1998.

(Anne vonderstein. Moderne Kunst. Rowohlt Taschen verlag. Hamburg 1991

2- Monika wagner.

3-H. H. Arnason: The History of Modern art Hary. N. Abrams. NY. 1986.

4- Werner Busch. Goya und begin der Moderne

5- Jurgen paul. Grosstadt und Lebensstil, London und paris in 19 Jahrhandert.

6- Stefan Germer, Alte Medien - neue Aufgaben Die gesellschaftliche position des Kunstlers im19 Jahrhundert. Monika wagner

7- wolfgang Kemp, die Revolutionierung Der Medien in 19 Jh.

8- von Impressionismus zum Jugendstil, Altanis verlag zurvch.

9- Horst Keller, Die Kunst der Französischer impressionstem, Herder verlag, Freiburg 1975.

١١- گۆڤاری یەکگرتن ژمارە (٣)، ١٩٨٧ - کۆپنهاگن بابەتێ لەژێر ناونیشانی (ئەمپرێسیۆنیزم لە هونەری شێوەکاریدا - گارا.

12- Karl Ruhrberg, Kunst des 20 Jahrhuadertes Taschen Verlag, Köln, 2000.

13- Meyer Schapiro, Van Gogh. Dumont Köln 1988.

14- Riva Casttemann, wolfgang wittrock Henri de Toulouse - Lauterc, prestel - verlag 1985.

15- Hans. H. Hofstátter. Geschichtle der europáischen Jugendstilmaterei Du Mont, Köln, 1963.

16- Gabriele Fahr - Becker. Jugendstil, Konnemann Köln, 1999.

17- Klaus - Jurgen Sembach, Jugendstil. Taschen verlag, Köln. 1999.

18- Gabriele Sterner, Herman Handlexikon, Jugendstil, Econ Taschen verlag Dússeldorf, 1985.

١٩- ژمارە (١) ساڵی ١٩٩٣گۆڤاری Art

20- Daniele Devynck, Teulouse - Lautrec, South Band Centere, London 1991

21- Karoline Hille, Spuren der Moderne. akademie Verlag Berlin, 1994.

22- william C. Seitz. Claude Monet, Du Mont Köln 1988.

23- John Rewald, The Paintings of paul cezanne. in collaboration with walter Feilchenfeld and Jayne warmann, Harry N Abrams Ny. 1996.

24- Ruhrberg, Schnecken burger, Honnef Kunst des 20 Jh, Taschen, 2000.

# بەشی دووەم

## سەرەتای سەدەی بیستەم

گشت هەوڵدانە گەورەکانی ئەمپرێسیۆنیزم بەهەردوو قۆناغەکەیەوە ڕەنگی بەتەواوەتی لە سروشت و واقیع جیانەکردەوە. هەروەها بینینی کوبیزمی سیزانیش شێوەی لە بنەڕەتەوە نەگۆڕی، بەڵکو فۆڤیزمی فەرەنسی و دەربڕینخوازی ئەڵمانی بوون کە ڕەنگیان بەتەواوەتی لە سروشت و شتەکانی ناو واقیع ڕزگار کرد و کوبیزمی فەرەنسی بوو کە شێوەی لە بنەڕەتەوە گۆڕی و نوێ کردەوە. ئەم گۆڕانکارییە بنەڕەتیانە هەر لە سەرەتای سەدەی بیستەمەوە دەستی پێ کرد. یەکەمجار ئازادکردنی ڕەنگ بوو پاشان نوێکردنەوەی شێوە.

## ئازادکردنی ڕەنگ

پرۆسەی ئازادکردنی ڕەنگ هێندە لەگەڵ سیمبۆلیزم یان شێوازی مودێرندا پەیوەندی نییە بەئەندازەی پەیوەندی لەگەڵ ئەمپرێسیۆنیزمدا.

دروستبونی یەکەمین تابلۆی ئەمپرێسیۆنیزم هەنگاوی یەکەم بوو لەسەر ئەو ڕێگایەی کە ئەنجامەکەی ئازادکردنی تەواوی ڕەنگ بوو لە شتە بینراوەکانی ناو واقیع.

کلۆد مۆنێ و کامیل پیسارۆ وئەلفرید سیسای و ئید گار دۆگا و ئۆگۆست ڕینوار (گۆگان ڤان کۆخی لێ دەرچێ) تا دەگاتە سیزان و سۆیرە و سنیاکیش مامەڵەی سەرەکیان هێشتا لەگەڵ سروشتدا بوو. بەڵام چۆنێتی بەکارهێنانیانی ڕەنگ و هێڵ و جۆری بەکارهێنانی فلچەکانیان ڕەنگدانەوەی ئەو کەلێنە بوو کە لە نێوان دەروونی ئەوان و سروشتدا پەیدا بووبوو. لای گۆگان و ڤان کۆخ بابەتەکە لە کەلێن زیاتر بوو، لای ئەوان ڕەنگ بەئاشکرا لە سروشت جیابووەوە بەڕادەیەک کە لای ڤان کۆخ بووبو ئامرازی دەربڕین. گۆگانیش بەدانانی ڕەنگی زەرد و شین و سوور بۆ دارودرەخت و خاک و ئاسمان تەواو ڕەنگی لە سروشت جیاکردبووەو، و ڕێگای پان و بەرینی بۆ فۆڤیزم دانا. ئەم جۆرە دانانی ڕەنگ و بەکارهێنانی فلچەیە، هەستکردنی ئەو هونەرمەندانە بوو بەسەردەمێکی نوێ کە هەست و ڕۆح و بینینێکی نوێشی لەگەڵ خۆیدا هێنا.

کاری هونەری ڕاستەقینە ئاوێنەی دەقاودەقی واقیع نییە، بەڵکو بەرهەمی خودێکی



داهێنەرە کە تەواو هەست بەسەردەمەکەی خۆی دەکا و هەندێ جار پێشبینیش دەکا، هەرچەندەساڵەکانی کۆتایی سەدەی نۆزدە لە ئەوروپا بە(بێل ئێپۆک) واتا سەردەمی جوان ناسراوە، بەڵام بەهەشتیش نەبوو. هەرئەو سەردەمانە بوو کە گۆگان ئەوروپای جێ هێشت و بەرەو جێگایەک ڕۆیشت کە جێ پێ شارستانی خۆرئاوای تیا نەبێ. لۆترێکیش لەتاو ئازاری دەروونی خۆی بەدونیا پێدەکەنی و پاشان وەکو نەگونجاوێک و تێکچوویێک مرد. ئەمە گشتی لەلایەک و شێتبوون و خۆکوشتنی ڤان کۆخیش لەلایەک وەکو مرۆڤێکی تەواو نامۆ بەو کۆمەڵگایە و قەبووڵ نەکردنیان. خێرایی بەکارهێنانی فلچە و دانانی ڕەنگەکان لای ئەمپرێسیۆنیزمەکان، تەنیا وەسفکردنی هەستی شار نەبو، بەڵکو دەرککردن و دەربڕینێ بوو بۆ گشت ئەو ترس و نهێنیانەش کە شار لەگەڵ خۆی دەیانهێنی.


شار پێش ئەمپرێسیۆنیزمەکانیش دروست بووبوو، بەڵام لە ئەمپرێسیۆنیزم هەست و ڕۆحی مرۆڤی شار دەبینرا وەک سەرەتایەک بۆ جیابوونەوە لە سروشت و گەڕانەوە بۆ ناو خود کە لەهەمان کاتدا دەبێت بەسەرەتایەک بۆ تەجرید وەک لە کارەکانی مۆنی و تێرنەر دا دەردەکەوێ، بەڵام تەجریدی تەواو لە پاش کۆمەڵێ گۆڕانکاری گرینگ لە ڕەنگ و شێوەدا دروست بووە کە بوون بەڕێخۆشکەر بۆی، یەکەمجار ڕەنگ بەتەواوەتی لە سروشت ئازاد بوو، شێوە تێک شکێنرا و نوێ کرایەوە ئینجا تابلۆی تەجریدی تەواو دروست بوو، ڕەنگ لەلایەن دوو گرووپی هونەری گرینگدا لە سەرەتای سەدەی بیست بەتەواوەتی لە ناتوراليزم جیابووەوە و لە گشت ڕەنگەکانی سروشت و شتەکانی ناو واقیع ئازاد کرا. ئەم دوو گرووپە هونەرییەیش یەکەمیان فۆڤیزمی Fauvism فەرەنسی بوو، دووەمیان گرووپی (پرد)ی ئەڵمانی بوو Die ز Brucke س کە پاشان بوون بەڕێبازی دەربڕینخوازی ئەڵمانی Expressionism (التعبيريه) کە هێندەی نەبرد هونەرمەندانی نەمسا (ئۆسکار کۆکۆشکا و ئیگۆن شیای)یشی گرتەوە، هەرچی فۆڤیزمی فەڕەنسییە ماوەیەکی زۆری نەخایاند هونەرمەندەکانی پەرشوبڵاوەیان لێ کرد و هەریەک بەدوای شێوازی تایبەتی خۆی کەوت و لە گشتیان هەناسە درێژتر هینری ماتیس بوو کە بەبەردەوامی بەڕۆحی کارکردنی فۆڤیزمدا درێژەی پێدا تا کۆتایی ژیانی. چونکە لە سەرتاشدا ئەو لە گشت هونەرمەندانی دیکەی فۆڤیزم بەجۆشتر بوو بۆ کارکردن لە ڕەنگ و بنەمای گۆڕانکارییەکانیدا. فۆڤیزم و دەربڕینخوازی ئەڵمانی هەردووکیان لە ساڵی ١٩٠٥ دروست بوون. بەڵام بەجودا لەیەکتر نەک وەکو جێگا و هونەرمەندانی بەشداربوونیان بەڵکو بەچۆنیەتی مامەڵەکردنیشیاندا لەگەڵ ڕەنگ و پرۆسەی ئازادکردنیشی.

جگە لەم دوو گرووپە هونەرییە سەرەکییە (فۆڤیزم و دەربڕینخوازی) لە شاری میونشن München لە خواری ئەڵمانیا بەهاوکاری کاندنسکی و ئەلکسی فۆن یاڤلینسکی و فرانس مارک و ئۆگوست ماکە گرووپێکی هونەری دروست بوون کە دیسانەوە چرایەتی کارەکانیان خستبووە سەر ڕەنگ و ناوی ئەسپ سوارە شینەکانیان لە خۆیان نا Die blaue Reiter دی بلوو ڕایتەر.

هەرچەندە گرووپی هونەری (بلوو ڕایتەر) لە ئەڵمانیا دروست بووبوون بەڵام هێندە کاریگەری فۆڤیزمی فەرەنسییان لەسەر بوو ئەوەندە لە کاریگەری دەربڕینخوازی ئەڵمانییەوە دووربوون ئەمەش زیاتر بەهۆی کارتێکردنی کاندنسکی و یاڤلنسکییەوە بوو کە هەردووک زیاتر کارەکانی ماتیس و سەرجەم هونەرمەندانی فۆڤیزمیان خۆش دەویست.

## فۆڤیزم

فۆڤیزم Fauvisme بەیەکەم هەنگاوی گۆڕانکاری و نوێکردنەوەی هونەر لە مێژووی هونەری شێوەکاری خۆرئاوادا لە سەدەی بیستەم دادەنرێت. شۆڕشێک بوو لە چۆنیەتی بەکارهێنانی ڕەنگدا بەجۆرێ کە هێڵێکی ڕوون و ئاشکرای لە نێوان خۆی و تەقالیدی ڕەسم کردنی ئەمپرێسیۆنیزمی ڕاکێشا، ئیدی بەدروستبوونی گرووپی هونەری فۆڤیزم لە ساڵی ١٩٠٥ کۆتایی بەئەمپرێسیۆنیزم هات.


گۆستاڤ کلیمیت. کچی لاو ١٩١٣

فۆڤیزمیش وەکو دروستبوونی زۆربەی ڕێبازە هونەرییەکانی سەدەی نۆزدەهەم سوودیان لە هونەرەکانی پێش خۆیان وەرگرتبوو ئەمیش لەم دیاردەیە بەدەرنەبوو و ڕاستەوخۆ لەژێر کاریگەری هونەری قۆناغی دووەمی ئەمپرێسیۆنیزمەوە دەستیان پێ کرد. بەم شێوەیە گۆگان، سیزان، ڤان کۆخ و سۆیرە و سنیاک تادەگاتە لۆترێک سەرچاوەی سەرەکی فۆڤیزم بوون. ئەم هونەرمەندانە بەجۆرێ ڕێگایان بۆ ئازادکردنی ڕەنگ خۆش




دۆرا. گوند و دەریا ١٩٠٤

کرد کەهونەرمەندانی فۆڤیزم پێویستیان بەوە نەبوو بگەڕێنەوە بۆ سەرەتای سەدەی نۆزدە.

دۆرا Derain و فلامینک Vlamink زیاتر دەگەڕانەوە بۆ ڤان کۆخ، لە کاتێکدا ماتیس Matisse و مارکی زیاتر کاریگەری سیزان و سنیاکیان لەسەر بوو بەجۆرێ کە سەرەتای دەستپێکردنی بەرەو ڕووەو فۆڤیزم لەیەکچوونێکی گەورە لە نێوان کارەکانی و کارەکانی سنیاکدا هەبوو. (بڕوانە Gotlhard Vedlicka Der Fauvismus) کیس فان دونگن Kees van Dongen دەڵێ شێتی کارەکانی لۆترێک بۆ هونەرمەندانی فۆڤیزم وای کردبوو دوو دوو سێ سێ بەیەکەوە کاریان بکەن و لەیەکدی نزیک ببنەوە، ماتیس زیاتر لە مارکی و دۆرا نزیک بوو، لەلایەکی دیکەشەوە دۆراش لە شارۆچکەی شاتو لە نزیک پاریس لەگەڵ فلامینکدا کاری دەکرد کە بووە هۆی ناساندنی ماتیس بەفلامینک (هەمان سەرچاوە).


بەم جۆرە مێژووی فۆڤیزم مێژووی کۆمەڵێ هونەرمەندی برادەربوو لە چەشنی سەرەتای دروستبوونی ئەمپرێسیۆنیزم بەڵام سەردەمەکەیان جیابوو و دەرککردنی ئەوانیش بەسەردەمێکی نوێ بەهەست و ڕۆحێکی نوێ، بووە هۆی گۆڕانی بنەڕەتی لە جۆری بەکارهێنانی ڕەنگدا.

کاتێ کە گۆگان لە دی پۆنت ئاڤن لە ساڵی ١٨٨٨ بەپۆل سێروزیێ دەڵێ: (چۆن ئەو

دارە دەبینی؟ ئەویش دەڵێ زەرد، ئەمجا گۆگان پێی دەڵێ ڕەنگی زەردی بۆ دانێ پاشان پێی دەڵێ سێبەرەکەی چۆن دەبینی؟

سێروزیێ دەڵێ: شین، گۆگان دەڵێ شینی سادە بۆ سێبەرەکانی دانێ... هتد. لەوکاتەوە فۆڤیزم دروست بووبوو، بەڵام وەکو ناو و دروستبوونی گرووپ و نیشاندانی کارەکان تا ساڵی ۱۹۵۰ دوادەکەوێ. ئەم دیاردەیەیش نەک بەتەنیا لە حاڵەتی فۆڤیزمدا بەڵکو لەحاڵەتی ئەمپرێسیۆنیزم و سیمبۆلیزم و شێوازی مۆدێرنەشدا هەروا بوو. یەکەم جار کارە هونەریەکە دروست بووە و پاشان ناو و گرووپ. بەدەگمەن لە مێژووی هونەردا کۆمەڵێ هونەرمەند کۆدەبنەوە بۆ ئەوەی دەست بەڕێبازێکی هونەری بکەن. بەڵکو یەکەم جار کارە هونەرییەکە هونەرمەندەکان لەیەک نزیک دەکاتەوە و پاشان یان هونەرمەندان خۆیان یان یەکێ لە دەرەوەی هونەرمەندەکان ناوی لێ دەنێ.

ئەو کارانەی ئەوسای گۆگان و سێروزیێ ناوی فۆڤیزمی لێ نەنرابوو، بەڵکو هێشتا وەکو قۆناغێ لە قۆناغەکانی ئەمپرێسیۆنیزم تەماشا دەکرا چونکە خودی گۆگان لە سەرەتادا هونەرمەندێکی ئەمپرێسیۆنیزیست بوو، بەڵام لەبەرئەوەی هونەرمەندانی فۆڤیزم ماتیس و دەوروبەرەکەی دەگرێتەوە، بۆیە مێژووی هونەر سەرەتای فۆڤیزم دەبەستێتەوە بەسەرەتای گۆڕانی کارەکانی ماتیس و هاوڕێکانییەوە، لە قۆناغی نوێی ئەمپرێسیۆنیزم



فلامینک. دیمەنێک ۱۹۲۷



بەرەو فۆڤیزم ئەمەش بەڕای مێژوو و هونەرناسەکان دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی **۱۸۹۸**، چونکە لەوکاتەدا هونەرمەندان هێنری ماتیس وئەلبێر مارکی هەندێ تەجرەبەیان لەسەر ڕەنگ کرد و ئەنجامەکەی هەندێ تابلۆ بوو کە تیایاندا ئەوەندە بایەخیان بەجۆری دانانی ڕەنگ دەدا هێندە بابەت بەلایانەوە گرینگ نەبوو، ئەم تەجرەبانەی ماتیس و مارکی ڕاستەخۆی لەژێر کارتێکردنی ڤان کۆخ و سیزاندا بەئەنجام دران. جگە لە کاریگەری گۆگان و ڤان کۆخ و سیزان و سۆیرە و لۆترێک، ماسک و پەیکەری ئەفریقیش ڕۆڵێکی گەورەی لە ئازادکردنی ڕەنگدا بینی، کاریگەری ماسک و پەیکەری ئەفەریقی و هونەری (میللەتە ساکارەکان) کە لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا بەئەورووپا ئاشنا بوو (بۆ ئەم ئاشنابوونەش هونەرمەند دۆرا. ڕۆڵێکی تایبەتی تیا هەبوو کە لە باسکردن بۆ کوبیزم دێمە سەری) خۆشەویستی و سەرسوڕمانی ماتیس و هاوڕێکانی بۆ هونەری (میللەتە ساکارەکان وای لێیان کرد بوو بکەونە ژێر کاریگەریانەوە و پاشان وەکو فاکتەرێ بۆ نوێکردنەوەی کارەکانیان بەکاریان بهێنن، ئەوەی ئەم حاڵەتە لە کاریگەری گرافیکی یابانی جیادەکاتەوە دیسانەوە ئەوەیە کە گرافیکی یابانی ئەوسا وەک شێوەیەک لە هونەر خۆی بەسەر هونەرمەندانی ئەورووپا سەپاند، بەڵام پەیکەر و ماسکی ئەفەریقا زیاتر وەکو شتی سەرەتایی (بیدائی) premitiv و هەندێ کەشی ئاینی دەبینرا کە لە بنەڕەتدا وەکو هونەر دروست نەکرابون بەڵکو لە پێناوی هەندێ کەشی دیکەی وەک ئەفسوون دروستکرابوون، بۆ دوورخستنەوەی ڕۆحی شەڕ یان خۆپاراستن لە هەندێ دیاردەی سەختی سروشت، هەرچەندە ئەمە خۆی لەخۆیدا بابەتێکی گرینگە و هەندێ پرسیار دروست دەکات، وەک ئەوەی ئایا سەرجەم دروستبوونی هونەر بۆ ئەو مەبەستانە نییە؟ بەهەرحاڵ کاریگەری شێوەی دروستکردنی دەموچاو و لەشی ئەو پەیکەرانە و جۆری ڕەنگکردنیان بەسەر ماتیس و دۆرا و فلامینک و مارکێدا کوشەندە بوو. بەسوود وەرگرتن و بەکارهێنانی بۆ ماسک و پەیکەری ئەفەریقی و (هونەرە ساکارەکان)بۆ هونەرمەندانی فۆڤیزم هونەرمەندانی ئەورووپی پردی دیالۆگی هونەریان لە نێوان هونەری ئەورووپی و غەیری ئەورووپیدا دانا. هەرچەندە ئەم پردە هاوتا نەبوو بەهۆی ئەوەی کە هونەرمەندانی ئەورووپی دروستیان نەکردبوو، وەکو بەرهەمی هەست و عەقڵ و ڕۆح و شارستانیەک تەماشا دەکرا. بەجۆرێکی دی وەک بەشێک لە سەرجەمی پرۆسەی مۆدێرنە و لە هەمان کاتیشدا بەبەرهەمە هونەرییە غەیری ئەورووپییەکان دەگوترا هونەری (میللەتە ساکارەکان)، چونکە لە کۆمەڵگا پێکەوە هاتبوو، هێشتا بەتەکنیک نەکرا بوو و هەستی شار و تاکەکەس و گیروگرفتەکانی مرۆڤی شاری دەرنەدەبڕی. ئەوان ئەوسا ئەو

کارانەیان بەچاوی هونەر نەدەبینی، بەڵکو بەچاوێکی ئەنترۆپۆلۆجی. بەم جۆرە دەبینین دانانی بەردی بناغەی پردی دیالۆگەکە لە بنچینەوە ناهاوتایە. پرەنسیپی مامەڵەکردنی هونەرمەندانی فۆڤیزم و پاشان کوبیزمیش لەگەڵ ماسک و پەیکەر و دوا هونەری غەیری ئەورووپیدا (یابانی لێ دەرچێ) پرەنسیپی سوود لێ وەرگرتن و بەکارهێنان بوو، واتە ئەو شێوە و ڕەنگانەی کە ماسک و پەیکەرەکانی (میللەتە ساکارەکانی) پێ دروست کرابوون بەجۆرێکی چالاک Aktive بەشداری لە کارتێکردنەکە ناکەن بەڵکو لە شێوەیەکی -pas sive دا دەمێننەوە. ئەوەی کە چالاکە Aktive هێز و توانای هونەری بەکارهێنانە کە هونەرمەندە ئەورووپییەکەیە. ئەوکات نەک تەنیا هونەرمەندانی فۆڤیزم بەڵکو گۆگان و سەرجەمی هونەرمەندانی سیمبۆلیزم سوودیان لە چیرۆک و ئەفسانە و حیکایەتە خۆرهەڵاتییەکان بۆ وەرگرتبوو جگە لە گۆگان کە تاهێتی دونیایەکی نوێی تیا دروست کرد و خۆی بەهەندێ لایەنە بزربووەکانی منداڵی خۆی ئاشنا کرد. گۆستاف مۆرویش ئەفسانەی ئۆرفیۆسی لە تابلۆیەکی بەناوبانگیدا بەکارهێنا. (بڕوانە Christa ven Lengerke) لەوەش دەچێ کە گۆستاف مۆرو کاریگەری لەسەر هونەرمەندانی فۆڤیزم دانابێ، بەتایبەتی لە بواری گەڕان و سوود وەرگرتن لە کولتوورەکانی دەرەوەی ئەورووپادا، چونکە ژمارەیەکی زۆری هونەرمەندانی فۆڤیزم، پێشان قوتابی مۆرۆ بوون و ڕۆڵێکی زۆر گەورەی وەک مامۆستا لەسەریان هەبوو] و خۆشەویستیەکی لە نێوان خۆی و قوتابییەکانی دروست کردبوو لەگەڵ ئەوەش کە خۆی دڵسۆزی کارکردنی سیمبۆلیزم بوو، بەڵام دەرگای لە پێش دۆزینەوە و تازەگەری بۆ قوتابییەکانی داناخست، بەپێچەوانەوە ئەو هەمیشە هانیانی دەدا کە شتی نوێتر بدۆزنەوە زۆر خۆشخاڵ بوو کاتی کە دەیبینی ماتیس و مارکێ ڕووا ڕەنگ بەخەستی بەکاردەهێنن و ڕووبەری کارەکانیان پانتر و ساکارتر دەکەنەوە، ئەوسا دەیگوت ئەمانە هونەر ئاسانتر دەکەن، مۆرۆ درکی بەتوانای تازەکردنەوەی قوتابییەکانی کردبوو و ڕوون و ئاشکرا دەیبینی کە بەسەریدا بازدەدەن و تێپەڕی دەکەن تا ئەو ڕادەی کە خۆی هەمیشە دەیگوت: «من پردم و ئەمانە بەسەرمدا دەپەڕنەوە».

ماتیس و مارکێ و ڕووا و دۆراو و فلامینک دوای کاتی خوێندن زیاتر ئازادبوون و زیاتر خۆیان لە خۆبەستنەوە بەباتەوە دوور دەخستەوە، بەئەندازەی ئەوەی کە کار لە ڕەنگدا بکەن و زیاتر ئازادی بکەن، ئیدی کاتی ئەوە هاتبوو کە ماتیس و مارکێ، دۆرا و ڕووا وفلامینک Mourice de Vlemink, Rouault, Derain, Marquet, Matisse لەگەڵ ئوتون فریز Othon Frieze و ڕۆڵ دۆفی Raoal Dufy کە دیسانەوە هەردووکیان پێشتر



قوتابی گۆستاف مۆرۆ بوون، هەروەها کاموا و پووێ ڤالتایا Puy Valtat, Camoin, کەوتنە کارکردن لەگەڵیاندا و تەنیا هونەرمەندی غەیری فەرەنسی، کیس فان دونگنی هۆلەندیان لەگەڵ بوو ئەم هونەرمەندانە بەهاوکاری ماتیس کە لەوەپێش پەیوەندی لەگەڵ (سالۆنی پایز Salon d Automne)دا هەبوو چەندجار پێشانگای تیا کردبووەوە کە ئیدی ئاسان بوو بیرۆکەکەی وەربگیردرێ کە دەیەوێ لەگەڵ ئەم هونەرمەندانە بەیەکەوە کارەکانیان نیشان بدەن بێ ئەوەی ناوێ یان ناونیشانێ بۆ سەرجەم پرۆژەکەیان دابنێن. زۆربەی کارەکان پۆرترێت، یان وێنەی مرۆڤ بوو. (بڕوانە Gotthard Jedlicke) چاوی بینەری ئەوسای پێشانگاکانی پاریس بۆ ئەم کارانە ڕانەهاتبوو. تەنانەت ئەوکاتە هێشتا لەسەر ڤان کۆخ و سیزان و گۆگانیش ڕانەهاتبوون. ئینجا لەگەڵ ئەم ڕەنگە زەق و ناسروشتی و دوور لە تەقالیدی ئەمپرێسیۆنیزم و سیمبۆلیزمی ئەم هونەرمەندە گەنجانە، ئاساییە کە لەم حاڵەتەدا هونەرمەندان لەجیاتی قەبووڵکردن توویشی جنێو و نەعلەت دەبن، چ جای بەزاندنی سنوورەکانی بێ حورمەتی، بەجۆرێ کە ئەتمۆسفیرەکە هێندە دژوار بوو، ماتیس خۆی تەنیا یەکجار پێشانگاکەی بینی، ژنەکەیشی لەپاش بیستنی کە (چی بەپێشانگاکە گوتراوە) هەر ڕووی تێ ناکا، (هەمان سەرچاوە) ڕەخنەگری هونەری لوی ڤۆکسێل Louis vauxcelles یەکێ بوو لە ئامادەبووانی پیشانگەکە، ئەویش دیسانەوە بەحەپەساوەییەوە بەرامبەر کارەکان وەستا، و لەناویاندا پەیکەرێکی بچووکی هەڵگرت کە ناوی (دۆناتیلوی) لێ نرابوو و گوتی: دۆناتیلو لە نێوان وەحشەکاندا «Donatello au Milieu des fauvisme» وشەی (وەحشەکان) بەرگوێی ئامادەبووان کەوت و ئیدی دووپات و سێ پات کرایەوە تاکو بووە وەسفێک بۆ ئەو کارە هونەرییانە. (وەحش -fau visme)

تا ماوەیەک ئەو وشەیە (وەحشی) Fauves لەجیاتی جنێو بۆ ئەو هونەرمەندانە بەکاردەهێنرا تاوای لێهات ئیدی هونەرمەندەکان بەشانازییەوە وەریانگرت و بووە ناوی ئەو ڕێبازە هونەرییەی کە هەنگاوی یەکەمیان بۆی نا و تاکو دەوروبەری ١٩٠٧ بەردەوام بوون، پاشان ماتیسی لێ دەرچێ ئیدی ئەوانی دی حەوسەلەیان نامێنێ و هەریەکە ڕێگای دیکەی بۆ خۆی دەدۆزێتەوە. ماوەی بەیەکەوە کارکردنی هونەرمەندانی فۆڤیزم دوو ساڵ زیاتری تێنەپەڕاند، بەڵام هێندە کوشندە و کاریگەر بوون تا ئەو ڕادەی کە بوونە خاڵێکی وەرچەرخان لە مێژووی هونەری ڕەسم کردندا. فۆڤیزم بەکارهێنانی ڕەنگی لە بنەڕەتەوە گۆڕی. ڕەنگی بەتەواوەتی لە سروشت ڕزگار کرد کە سەردەمی ئەوان هێشتا بەتەواوەتی لە

ناتورالیزم و کاریگەری سروشت ڕزگاری نەبووبوو. لوی ڤۆکسێل بۆ یەکەم جار بەرامبەر کۆمەڵە کارێکی هونەری وەستا کە ڕەنگەکانی هێندە زەق بن، دەموچاو و لەشی فیگەرەکان وەها شێوێندراو بووبێت و پەیوەندیان لەگەڵ ڕەنگ و شێوەی واقیعدا نەبێ، چونکە دەموچاوەکانیش لەژێر کاریگەری ماسکی ئەفەریقیدا ڕەسم کرابوون، ئیدی چاوی کراوە و زەق و لووت و دەمی زل و خەسڵەتی فیگەرەکانیان بۆ (فۆڤیزم) هەستکردن بوو بەڕەنگ. بەشێوەیەکی دی شکاندنی کۆمەڵێ یاساو تەقالیدی ڕەنگ دانان بوو کە تاکو ئەوان ڕەنگ لەسەر پالیێت تێکەڵاو دەکرا، ئەوسا دەخرایە سەر تابلۆکە، فۆڤیزم نەک تەنیا پالیێتی ڕەنگ تێکەڵاوکردنی ئەمپرێسیۆنیزتەکانی ڕەد کردەوە بەڵکو لە زۆربەی حاڵەتەکاندا پالیێتی هەر نەهێشت. ئیدی هونەرمەند ڕەنگەکەی لە تیوبەکەوە یەکسەر دەخستە سەر تابلۆکە و ڕاستەوخۆ لەسەر تابلۆکە کاری پێ دەکرد. ئەگەر پێویستی بەتێکەڵاوکردنیشی هەبایە ئەوە هەر لەسەر تابلۆکە خۆی تێکەڵاویان دەکرد. لەمەش گرینگتر ئەوەبوو ئاسمان ڕەنگی شین بێ و، دار و گژوگیا ڕەنگی سەوز و تۆنەکانی بەکار بهێنرێ، بەڵکو لە تابلۆی فۆڤیزمدا دەکرێ سوور یان نارنجی یان هەر چ ڕەنگی دیکە لە چرکەساتی کارکردندا لەگەڵ دەروونی هونەرمەندەکەدا بگونجێ ڕاستەوخۆ دابنرێ، بەهەمان شێوەیش بۆ دار و گژوگیا و گشت ئەوانی دی شتە بینراوەکانی واقیع، زۆرجاریش ڕووبەرەکان بەتاکە ڕەنگ پڕ دەکرانەوە. ئەمە جورئەت و نەترسێکی گەورە بوو کە هونەرمەندانی فۆڤیزم لەگەڵ خۆیاندا هێنایان. بەکورتی فۆڤیزم ئەنارشیزم بوو لە ڕەنگدا. لە تابلۆی فۆڤیزمدا زیاتر ڕەنگی کراوە بەکار دەهێنرا. ڕووبەرەکان هەندێ جار بەهێڵێکی ڕەش لەوانەی دەروربەریان جیادەکرانەوە و هەندێ جاریش بەهێڵی سوور یان سەوز یان شین، لە تابلۆی فۆڤیزمدا ڕەنگی ڕەش دەستەڵاتێکی زۆر گەورەی نەبوو بەڕادەیەک کە لە هەندێ تابلۆدا هەر بەکارنەدەهێنرا، کاریگەری ماسکی ئەفەریقی بوو لەسەر فۆڤیزم کە بووە هۆی ڕەسم کردنی دەموچاوەکان، لە هەندێ حاڵەتدا بەدوو ڕەنگی جیا لەشێوەی لاکێشەیەک کە هەر لایەکی دەموچاو ڕەنگێک بەسەریدا زاڵ بێ. ماتیس لە ساڵی ١٩٠٥ ئەم پرەنسیپەی لە پۆرترێتی ژنەکەیدا بەکار هێنا کە بوو بەجوانترین نموونەی تابلۆی فۆڤیزم.

بەکارهێنانی ڕەنگ لە تابلۆی فۆڤیزمدا گۆڕانێک بوو لە زەمەنی خۆشی و شادی نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدە بۆ زەمەنی جەنگی جیهانی یەکەم.

(فۆڤیزم) نوێنەری شڵەقاندن و لەرزینی سەردەمەکەی خۆی بوو، هەستکردن بوو



بەزەمەنێکی دیکە کە ئەکرێ خۆشی و شادی تیا نەبێ. دەرککردن بوو بەگۆڕانی واقیع، هەر ئەو واقیعە بوو کە هونەرمەندانی ئەمپرێسیۆنیزمی نوێ ڕەسمیان دەکرد. دار و بەرد و ئاو و ئاسمان و سێو و پرتەقاڵ و مرۆڤ و ئاژەڵ هەر خۆیان بوو، بەڵام دەروونی هونەرمەندەکان جیابوون، هەربۆیەشە بینینیان بۆ شتەکان جیابوو، ئەم جیابوونەیش جیاوازی لە ڕەنگەکاندا دروست کرد و ئیدی کۆتایی تەواوەی بەزەمەنی سەردەمە جوانەکان (بێل ئێپۆک Belle Epoque) هێنا.

## هێنری ماتیس

ڕۆڵی هنێری ماتیس Henri Matisse (١٨٦٩–١٩٥٤) لە فۆڤیزمدا هێندە گەورەیە بەڕادەیەک دەکرێ بەسەرجەم فۆڤیزم بڵێین (ماتیس و دەروبەرەکەی). پێش پێشانگا مێژووییەکەی ساڵۆنی هێربست یان بۆ (ساڵۆنی پایز) Automne هونەرمەندانی فۆڤیزم دووان و سیان بەیەکەوە کاریان دەکرد. بەڵام ڕۆڵی ماتیس بوو کە پاشان گشتیانی لە پێشانگایەکدا کۆکردەوە و کارەکانیانی بەیەکەوە خستە بەرچاوی بینەران و ڕەخنەگران، پاشان بووە ڕووداوێکی مێژوویی لە مێژووی هونەری شێوەکاریدا.

پەیوەندی خودی ماتیس لەگەڵ گەلەری سەربەرخۆکاندا خاڵێکی گرینگ بوو بۆ قەبووڵکردنی بیرۆکەی نیشاندانی کاری هونەرمەندانی فۆڤیزم، چونکە ماتیس جگە لە پەیوەندییە بەتینەکەی لەگەڵ سۆیرە و سنیاک کە دامەزرێنەرانی گەلەری سەبەرخۆکان بوون، خۆیشی ئەندام بوو لە دەستەی بەڕێوەبردنی گەلەرێکەدا و لەوەپێش دووجار کارەکانی لەوێ نیشان دابوو. ئەمەش وایکردبوو چ گەلەری و بینەر ئاشناب بەکارەکانی، هەر ئەمەش ڕێگای ئاسان کردبووەوە لە پێش قەبووڵکردنی ڕای ماتیس، ئەو پێشانگا بەکۆمەڵەیە بکاتەوە کەبووە هۆی دامەزراندنی فۆڤیزم.

وەکو هونەرمەندانی ئەمپرێسیۆنیزم هونەرمەندانی فۆڤیزمیش لە ساڵی ١٩٠٧ بەدواوە وردە وردە لەیەک دوورکەوتنەوە و هەر یەک سەرقاڵی گەڕان و پشکنین و دۆزینەوەی ڕێباز و شێوەی کارکردنی تایبەت بەخۆی بوو. جۆرج ڕووا پەرەی بەڕۆحی گۆستاف مۆرۆ دا و تێکەڵاوی بەبابەتی دینی کرد و بەرەو دەربڕینخوازی ڕۆیشت، ماوەیەکی نەبرد (کیس فان دونگن) یش وەکو یەکەمین هونەرمەندی هۆڵەندی زیاتر مەیلی بۆ دەربڕینخوازە ئەڵمانەکان چوو تاکو بوو بەئەندام لە گەڵییاندا، (دۆرا و مارکێ و ماتیس) هەریەک بەتەنیا پەرەی بەهونەرەکەی خۆی دا.

هێنری ماتیس هونەری خستە پێش گشت لایەنەکانی ژیانەوە و بەجۆرێکی ئۆرگانی بەستیەوە بەژیانی خۆیەوە. گشت کات و وزەی خۆی بۆ تەرخان کرد. ماتیس لە تەمەنی بیست و شەش ساڵی بەدواوە خۆی بۆ هونەر تەرخان کرد. لەوەپێش یاسای خوێندبووە و وەکو پارێزەر کاری دەکرد. خۆشەویستی بۆ هونەری هێڵکاری و هەستی بەدۆزینەوەی خۆکردن تیایدا بڕیاری دا واز لە دونیای یاسا و فەرمانبەری بهێنێ و خۆی تەواو بۆ هونەر تەرخان بکا. لە ئەکادیمیای هونەر دەست بەخوێندن دەکا، بەڵام هەوڵدانی یەکەمی لەلایەن پرۆفیسۆر (بۆگۆرو Bouguereau)وە ڕەدکرایەوە و ئەمەش بۆ ئەو بوو بە(صدمە) و تووشی شکستی و نائومێدێکی گەورەی کرد، بەڵام خواست و ئیرادەی ئەو لەسەر گەیشتن بەئەنجام هانیدا دووبارە هەوڵ بداتەوە. ئەمجارەیان پرۆفیسۆر گۆستاف مۆرۆ Gustav Moreau لە پۆلەکەی خۆی وەریدەگرێ، ئەمەیان دەبێتە دڵخۆشی و سەرکەوتنێکی گەورە بۆی، لەوکاتەوە ماتیس دەست پێ دەکات هەنگاوی پتەو و ڕاستەقینە بەرەو هونەرمەند بوون بەرێ.

ماتیس کاتی خوێندنی تەنیا لەناو ئەکادیمیا بەسەر نەئەبرد بەڵکو بەردەوام سەری لە مۆزە و پێشانگاکانی پاریس دەدا و خۆشی بەبینینی هەر چ شتی بهاتایەوە لە مێشکی خۆیدا جێگایەکی بۆی تەرخان دەکرد و هەوڵی دەدا بۆ پێشخستنی هونەرەکەی خۆی سوودی لێ وەرگرێ، ئەمەش کلیلی بەردەوامی هێزی تازەکردنەوەی ماتیس بوو.



ماتیس. پۆرترێتی خانم ماتیس ١٩٠٥

ماتیس جگە لە فێربوونی ئەکادیمی و شارەزابوونی تەواوی بۆ تۆژینەوەی لەشی مرۆڤ و سروشت و دونیای (ژیانی بێدەنگ) زۆرجاریش بەهونەرمەندانی وەکو گۆیا و دولاکروا و تێرنەردا دەچووەوە و سەرقاڵی گرووپە هونەرییەکان دەبوو وەکو ئەمپرێسیۆنیزمی نوێ و گرووپی نەبیز و سیمبۆلیزم، بەڵام ئەو خۆی زیاتر لە دونیای ئەمپرێسیۆنیزم و قۆناغی نوێی ئەمپرێسیۆنیزمدا دەدۆزیەوە و لە سەرەتادا خۆشیەکی زۆری هەبوو بۆ پالێتی ڕەنگ



تێکەڵاوکردنی ئەمپرێسیۆنیزمەکان، بەتایبەتی سیزان و سۆبرە و سنیاک، سوودێکی گەورەی لە کتێبەکەی سنیاک وەرگرتبوو، (لە دولاکرواوە بۆ ئەمپرێسیۆنیزمی نوێ)، کە بریتی بوو لە کۆمەڵێ ڕوانینی تیۆر دەربارەی ڕەنگ و پەیوەندییەکانی، ئەمەش خۆشەویستی بۆ سنیاک و کارەکانی زیاتر دەکات و سەفەر دەکات بۆ لای، بۆ شارۆچکەی سانت ترۆپێز Saint - Tropez لە خوارووی فەرەنسا، ماوەیەک لەوێ کار دەکەن و ماتیس لەو کارانەیدا بەئاشکرا کەوتۆتەژێر کاریگەری سنیاک و لە ساڵی ١٩٠٤ تابلۆی (Luxe, calme et volupte) دروست دەکا کە دەبێتە خالێکی وەرچەرخان بەرەو فۆڤیزم. شایانی باسە ئەو ناونیشانە Luxe clme et volupte – خۆشی هێمنی و شەهوانیەت ڕاستەوخۆ لە ناونیشانی قەسیدەیەکی بۆدلێرەوە وەرگرتووە، وەکو ئسلوبیش ڕاستەوخۆ سوودی لە ئسلوبی (تنقیطیە Pointelisme سنیاک) وەرگرتووە، بەڵام هێندەی نەبرد خۆی بەتەواوەتی لە کارتێکردنی پالێتی ڕەنگ تێکەڵاوکردنی ئەمپرێسیۆنیزمەکان ڕزگار کرد و ئیدی ڕووبەرەکان بەتاکە ڕەنگ پڕدەکاتەوە، ئەمەش تارادەیەک بەکاریگەری ڤان کۆخ و هونەری (گرافیکی ڕەنگی) یابانیدا بوو، لێرەوە پێویستی بەپالێت و ڕەنگ و تێکەڵاوکردن نەما و ڕاستەوخۆ لە تیوبەکەوە ڕەنگەکانی دەخستە سەر قوماشی تابلۆکە، بەم جۆرە تابلۆی فۆڤیزم لای ماتیس لە دایک بوو. ئەم شێوە کارکردنەی ماتیس زیاتر لە ١٩٠٤ بەدواوە بوو.

پاش ساڵی ١٩٠٧ کە فۆڤیزم وەکو گرووپ نامێنی و هونەرمەندان لە یەکەوە کارکردن دووردەکەونەوەو پەرشوبڵاوی لێ دەکەن، ماتیس تەنیا خۆی بەپاریسەوە نابەستێتەوە، بەڵکو دەست بەسەفەر و گەڕان دەکاتەوەو بەدوای دۆزینەوەی شێوە و ڕەنگ و دونیای هونەری نوێدا دەگەڕێ، جگە لە تولوز و خوارووی فەرەنسا، لە ١٩١٠ سەفەرێک بۆ شاری میونشن München دەکات و لەوێ چاوی بەپێشانگای هونەری ئیسلامی دەکەوێ و کارێکی زۆری تێ دەکا بەجۆرێ کە پاش ئەوە دەکەوێتە عەودالی بینینی گشت شێوە و ڕەنگێکدا کە پەیوەندی بەخۆرهەلات و عەرەب و فارس و ئیسلامەوە هەبێ، ئەمەش بەرەو سەفەرکردن دەیبا بۆ جەزائیر و پاشان بۆ مەغریب.

## ماتیس و خۆرهەڵات

خۆرهەڵات تەنیا قیبلەی ماتیس نەبوو، پێش ئەو دولاکروا لەگەڵ گەشتێکی دیبلۆماسی فەرەنسیدا دەچێت بۆ مەغریب و جگە لەو تابلۆ و هێڵکارییە جوان و گرینگانەیدا کە لەوێ کردبوویانی کۆمەڵێ یادگاریش دەنووسی کە تیایدا وەسفی شعور و عاتیفەی خەڵکی مەغریب دەکات. بێجگە لە دولاکروا ئەوکات کۆمەڵێ لە نووسەر و بیرکاری فەرەنسیش عەشقی خۆرهەڵات بوون کە یەکێکیان ڤیگتۆر هۆگو بوو، کە گوتبوی (لەوانەیە لە ماوەیەکی کەمدا خۆرهەڵات ڕۆڵێکی باش لە خۆرئاوا ببینێ) هەروەها (لامارتین)یش بەچەند هەنگاوێ لە هۆگو زیاتر بەرەو خۆرهەڵات دەڕوات وەکو ڕزگارکردنێک دەیبینێ، کاتێ کە دەڵێ (بەدرێژایی ژیانم خۆرهەڵات خەونی ڕۆژە تاریکەکانم بووە، خۆرهەڵات ئەو وشە سیحراوییەی کە ئەورووپای نوقوومبووی کارگەکان گەرم دەکاتەوە). بەم جۆرە هەر لە سەدەی نۆزدەوە، لەگەڵ بەرزبوونەوەی دووکەڵی کارگەکاندا لە ئەوروپا، بێزاری و هەستی داپچڕاندن لە نێوان ژمارەیەکی زۆری هونەرمەندان و نووسەرانی ئەورووپی دروست بووبوو و کەوتبوونە مقۆمقۆ بۆ کۆچکردن و بەجێ هێشتنی ڕۆحی بەرەو مەتریالی بوونی ئەورووپاو گەڕان بەدوای دونیای هەست و پاکی و جوانیدا. بۆ گەیشتن بەو جێگایانەی کە بەبڕوای ئەوان هێشتا شارستانی ئەورووپی پێی لێ نەناوە و پیس نەبووە و لە گشت ئەو سەفەرانە گرینگتر سەفەرەکەی پۆل گۆگان بوو بۆ دوورگەی تاهیتی کە بووە نموونەیەک بۆ ژمارەیەکی زۆر لە هونەرمەندانی پاش خۆی، بێگومان ماتیسیش بەو سەفەرەی زانیوە هەرچەندە ئەو بەئەندازەی گۆگان لە ئەورووپا بێزار نەبوو، بەڵام عەشقی بینینی خۆرهەڵاتی تیا دروست بووبوو. هەرچەندە ماتیس پێش پێشانگاکەی میونشنی ساڵی ١٩١٠ لە پاریس مۆزەخانەی هونەری دیکۆر Musee des Arts décoratifs لە ساڵانی ١٨٩٣، ١٨٩٤، ١٩٠٣دا چاوی بەهونەری ئیسلامی کەوتبوو و لە پێشانگای جیهانیدا لە پاریس دیسانەوە لە ساڵی ١٩١٠ دەچێتە زیارەتی بەشی فارسی و مەغریبی و تونس و جەزائیری و میسری. بەڵام دەرگای سەرەکی بۆ هونەری خۆرهەڵاتی لای ماتیس هونەری گرافیکی یابانی بوو کە لە ئەکادیمیای هونەری بۆزار لە چوارچێوەی پێشانگایەکدا بۆ هونەری یابانی چاوی بە(١١٥٣) کاری هونەری گرافیکی یابانی دەکەوێ. ئەمە دەبێتە سەرەتایەک لای ئەو بۆ گەڕان بەدوای زیاتر بینینی هونەری خۆرهەڵاتی. ئەم ڕێگایەیش بەرەو هونەری ئیسلامی عەرەبی و فارسی بردی،



بەتایبەتی زەخرەفە و نەخش و نیگاری عەرەبی (ئەرەبیسکا Arabiska) کە لە شێوەی گوڵ و گیا و گژ و لقوپۆپی دارودرەخت دروست کرابوون. پاشان هونەری میناتۆری ئێرانی بەهەموو دونیا و ڕەنگ و شێوە و دووری لە هونەری ئەکادیمیی خۆرئاواوە.

ئەمانە هەموی بینینی ماتیس بوو بۆ هونەری خۆرهەڵاتی لەسەر خاکی ئەوروپا، بەڵام سەفەرەکەی ماتیس بۆ مەغریب وەکو لوتکەی نزیکبوونەوە و تێکەڵاوبوونی لەگەڵ هونەری ڕۆژهەڵاتیدا دەمێنێتەوە.

ماتیس لە ساڵی ١٩١٢ بۆ ١٩١٣ دەرفەتێکی بۆ دروست دەبێ بۆ سەفەرکردن بۆ مەغریب، لەوێ لە شاری تەنجە (طنجه) جێنشین دەبێ، گشت ئەو خەوانەی دێتە دی کە بەخۆرهەڵاتەوە دەیانبینێ. بەڕای نووسەری مەغریبی(طاهر بن جلون) مەبەستی ماتیس خۆرەتاوی مەغریب نەبوو، ئەو دەیتوانی ئەتمۆسفیری خۆرەتاو لە خواروی فەرەنسایش ببینێ گەر مەبەستی تەنیا خۆرەتاو بووایە، بەڵکو مەبەستی ئەو ژیان و بینین و کارکردن و ئەو ئەزموونە تازەیە بوو کە مەغریب وشاری تەنجە و دەوروبەرەکەی بۆی دابین کرد و گەیاندیە ئەو ڕادەی کە بڵێ (خۆرهەڵات چاوی کردمەوە).

لێرەوە ماتیس پێویستی بەوە نەما زەخرەفە و نەخش و نیگار و ڕەنگی جوان لە پێشانگای هونەرە ئیسلامییەکاندا ببینێ. ئەمانە گشتی بەجۆرێکی ڕاستەوخۆ کەوتنە پێش چاوی. جگە لەمانە، شێوەی بینا و چرچولۆچی جلوبەرگ و جۆراوجۆری دانیشتن، دونیایێکی نوێی بەماتیس بەخشی کە هەمیشە تێر نەبێ لە وێنەکردنیان جا بەهێڵکاری بێت یان بەڕەسم کردن.

ئەو وێنەی قالی و ڕەنگاوڕەنگانەی کە لەتابلۆی هونەرمەندە ئیسلامییەکاندا دەیانبینی ئێستا خۆی لەسەریان دادەنیشێ و یان مۆدێلەکانی لەسەر دادەنێ، بەکورتییەکەی مەغریب بۆ ماتیس ئەو بەهەشتە بوو کە خەوی پێوەی دەبینی و، ئێستا تیای دەژێ. پەلە ڕەنگەکانی بەسادەیی وەکو زەمانی فۆڤیزم نەمانەوە بەڵکو پڕ بوون لە وێنەی گوڵ و نەقش و نیگار کە زیاتر ژیانی بەتابلۆکانی بەخشی، ماتیس بەبەکارهێنانی ئەرەبیسکا تابلۆ و هێڵکارییەکانی نوێ کردەوە و لە چوارچێوەی تابلۆیەکدا دیالۆگێکی دروست کرد لە نێوان خۆرئاوا و خۆرهەڵاتدا کە بووە هۆی گۆڕینی ناسنامەی هونەرەکەی، بەڵام هەردەم ماتیس وەکو هونەرمەندێکی خۆرئاوایی دەمێنێتەوە، چونکە ناوەڕۆک و جەوهەری هونەرەکەی ماتیس خۆرئاواییە، ڕەگ و ڕەچەڵەکی ئەکادیمیای بۆزار وئەمپرێسیۆنیزم وسیزانە،هەرچی

کاریگەرە خۆرهەڵاتییەکانە لەسەر ماتیس وەکو فاکتەرێکی دەرەکی دەمێنێتەوە.

ماتیس لە مەغریب بەشێک نەبوو لە ناوەڕۆک و گرفتەکانی ئەوێ، هەروەها مەغریبیش لەناو ڕۆح و پەروەردە و مێژووی دروستبوونی ماتیسدا نەبوو، ئەو وەکو میوانێ لەوێ کاری دەکرد، وەکو کەسێک کە مامەڵە لەگەڵ مەغریبیدا دەکات وەک ئەوەی کە بەشێکی ئۆرگانی بێت لە مەغریب و لەگەڵیدا بژی، ئەو هاوولاتیەکی مەغریبی نەبوو بەڵکو وەکو ڕەسامێکی فەرەنسی دەیویست هەندی لە خەوەکانی کە فەرەنسا و ئەورووپا بۆی دابین ناکەن لەوێ بیانهێنێتە دی. بەکورتیەکەی ماتیس ڕۆژهەڵاتناسێک بوو وەسف و زانیارییەکانی خۆی بەڕەنگ و شێوە دەنووسی و زۆر لەخەوە گرینگەکانی خۆی هێنایە دی بەجۆرێ کە لە تەمەنی شەستساڵیدا دەڵێ: (ئەمپرێسیۆنیزم و ئەمپرێسیۆنیزمی خۆی و سیزان و خۆرهەڵات کاریگەرییان بەسەر منەوە هەیە)، لە هەندی جێگای تریشدا گوتوویەتی (من تەنیا لەژێر کاریگەری سیزان و ڕۆژهەڵاتدا بوومە).

دیاردەیەکی ئاساییە گەر هونەرمەندی خۆرهەڵات کارەکانی ماتیسیان خۆش بووێت و سوودی لێ وەربگرن بۆ خۆیان.

سیزان بۆ ماتیس هەمیشە ناوەڕۆک بووە، نە هەستی بەنامۆبوون کردووە لەگەڵیدا و نە فاکتەرێکی دەرەکی بووە بەڵکو وەکو خوێن بووە، لە لەشی هونەریدا، خەسڵەتی مۆدیلەکردن Modeling لای ماتیس میراتێکە و لە سیزانەوە بۆی جێ ماوە، ئەویش نوێ کردۆتەوە و پەرەی پێداوە. ئەمەش ناوەڕۆکی کارکردنی ماتیسە کە بەهۆیەوە شێوەکانی پێ (کورت -أختزال) کردووە و بەمەش کاریگەریەکی کوشندەی لەسەر کوبیزم هەبووە. (J. E) ماتیس پێویستی بەوە نەبوو هونەرەکەی خۆی بخاتە ناو ڕێبازی کوبیزمەوە کە لە ساڵەکانی ۱۹۰۷ تاکو ۱۹۱۵ بەهەوڵ و کۆششی



ماتیس. ناوەوەی ماڵێک بەڕەنگی سوور



پیکاسۆ و براک گەیشتە لوتکەی کارپێکردنی. ئەو لە دونیای تایبەتی خۆیدا ماوەتەوە و هەمیشە خۆی خستۆتە بەرامبەری لەگەڵ کوبیزمدا، ئەگەرچی وەک زۆر لە پیکاسۆ نزیک بووە، ئەمەش وەک دیاردەیەکی سەیر لە مێژووی هونەردا سەیری دەکرێ. کەم حاڵەتی وا هەیە کە ڕێبازێکی هونەری هێندە دەستەڵاتدار وەکو کوبیزم نەتوانێ هونەرمەندی سەردەمەکەی خۆی بخاتە ژێر کاریگەرییەوە، پیکاسۆ خۆی ڕێزی لەم حاڵەتەی ماتیس گرتووەو هەمیشە هونەرەکەی خۆش ویستووە تا ئەو ڕادەیەی بەتوندڕەوییەوە جارێکیان دەڵێ (گەر هونەرمەند هەبێ ماتیسە).

ماتیس هێندە هونەرمەندی ڕەنگ بوو هێندەیش هونەرمەندی هێڵ بوو، هێڵ لای ماتیس تەنیا بۆ دیاریکردنی شێوە و فیگەرەکانی بەکار نەهاتووە، بەڵکو لە وردەکارەکانی ناوەوەیش بەکارهێنراوە بەجۆرێ کە، ماتیس لە هێڵکارییەکانیدا پێویستی بەڕەنگ نەبوو بەڵکو گشت ڕووبەر و بەشەکانی دیکەی بەهێڵ تەواو دەکرد. ماتیس هەروەکو چۆن زوو خۆی لە پالێتی ڕەنگ تێکەڵاوکردنی ئەمپرێسیۆنیزم ڕزگار کرد، بەهەمان شێوەش زوو خۆی لە یاسا ئەکادیمییەکان ڕزگار کرد. ئەمەش ڕێگای بۆ نوێکردنەوەی بەردەوام خۆش کرد کە کردییە یەکێ لەئەدگارە هەرە گەورەکانی مۆدێرنە لە مێژووی هونەری شێوەکاریدا.

هێڵ لای ماتیس تەواو ئازادە لە ئەکادیمی و لە ناوەڕۆکدا ڕۆحێکی شیعر و موزیک ئامێزی هەڵگرتووەو ڕاستەوخۆ پەیوەندی بەهەست و ڕۆحەوە هەیە، بەم جۆرە هێڵی ماتیس دەتوانێ کاریگەری هەبێ لەسەر توانای بینین و ئەو شێوانەی کە دروستیان دەکات. زۆربەی مۆدیلەکانی ماتیس ئافرەت بوونە، ئەمەیش جوانی و ناسکییەکی دیکە بەکارەکانی دەبەخشێ بەتایبەت ئافرەت بەڕووتی، بەهێڵە ناسکەکانی کە بەدەوری ئەندامانی لەشی ئافرەتدا دەیکێشێ مێینەی ئافرەت بەرجەستەتر و گرینگتر و نەرمتر و پڕ ماناتر نیشان دەدا.

ماتیس لە هەڵبژاردنی بابەت و ئەتمۆسفیری ڕەنگ و شێوەدا هونەرمەندێکی دژوار نەبوو، هەمیشە ڕەنگی دوور خستوەتەوە لە حاڵەتی سایکۆلۆژی و دەربڕین، ویستویەتی دونیایەک دروست کات کە بینەر تیای پشوو بدات، هونەری ماتیس هونەری غەم و پەژارە و واوەیلێ نییە، بەڵکو نیشاندانی ژیانە، لە تابلۆ و هێڵکاری و پەیکەرەکانی ماتیسدا هێندە خۆشەویستی و سێکسی دەبینرێ هێندە قیژە و گریان نابینرێ، ئەگەرچی ئەو بەهەردوو جەنگی جیهانی یەکەم و دووەمیشدا تێپەڕیوە، ئەمەش تەحەداکردنی تیایە وەک ئەوەی بەهەڵە لە ماتیس تێبگەین کە لە واقیع هەڵدێ.

هونەری ماتیس خۆی بەرەنگارییەکە دژ بەشەڕ و ناشرینی لە پێناوی ژیان و ئینساندا، دووپاتکردنەوەیە لەسەر بینینی پۆزەتیڤ بۆ ژیان و مانا جیاوازەکانی، هەر بۆیەشە ناکرێ سەفەر و گەڕانەکانی ماتیس لە پێناوی گەڕان بەدوای شێوازدا تێبگەین، گەر وا بڕوانینە سەفەرەکانی هەڵەیەکی گەورەی لەگەڵ دەکەین، ئەمەش دوورمان دەخاتەوە لە تێگەیشتن لە دونیای ماتیس کە خۆی لە هەشتا و دوو ساڵەی تەمەنیدا دەڵێ: (من لە ماوەی تەمەنم بەدوای یەک شتدا گەڕاوم، لەوانەیە هێنابێتمەدی بەڵام بەچەند مانایەک).

هنری ماتیس لە ١٩٠٣-١٩٥٤ لە شاری نیس Nice لە خوارووی فەرەنسا کۆچی دوایی دەکا و ئەو شارەش بەوەفا دەبێت بۆ خۆشەویستیەکەی ماتیس، پاش مردنی مۆزەیەک بۆ پاراستنی کارەکانی بینا دەکات.

## ئێکسپرێسیۆنیزم – دەربڕینخوازی

پاش پێشانگای فۆڤیزمی، فەرەنسییەکان بەماوەیەکی کەم، هەندێ هونەرمەندی گەنج لە شاری درێسدن لە ئەڵمانیا لەیەک نزیک بوونەوە. لە ١٩٠٥/٦/٧ گرووپی هونەری دی برۆکە (پرد)یان پێک هێنا Die Brüche.

ئەم هونەرمەندە گەنجانە ئێرنست لودڤیک کیرشنەر Ernst Ludwig Kirchner و کارل شمیت ڕۆتوف Karl Schmidt Rottuf و فرتس بلەیل Friz Bleyl و ئێریش هیکل Erich Heckel ئەمانە هیچیان هونەریان لە ئەکادیمیا یان قوتابخانە هونەرییەکاندا نەخوێندبوو، بەڵکو هێشتا قوتابی بوون لە قوتابخانەی بەرز بۆ تەکنیک. هەندێک دەڵێن قوتابی هونەری بیناسازی بوون Arkitektur (بڕوانە Paul Vogt)، ماوەیەک بوو ئەم هونەرمەندە گەنجانە کاریان دەکرد، لەیەک نزیک دەبوونەوە و بیروڕایان دەربارەی هونەر و سەردەمەکەی کاتەکەی خۆیان لەگەڵ یەک دەگۆڕییەوە.

ئەوەی ئەوسا لەو سەردەمەی ئەوان بەناوبانگ بوو، هونەرمەندانی ستچێونی بەرلین بوون، کە بەڕای ئەو هونەرمەندە گەنجانە کارەکانیان کۆنزەرڤاتیڤن (کۆنەپارێز)و هێشتا لەژێر کاریگەری سەرەتای ئەمپرێسیۆنیزمدا کاردەکەن و بەڕای ئەوان ئەمە ڕۆحی سەردەمەکە ناپێکێت کە تا دێ دژوارترو سەختتر دەبێت.

سەرەتای سەدەی بیست لە ئەڵمانیا بەتەکنیککردن و مەتریالی کردنی کۆمەڵگا دەستی پێ کردبوو، ئەمەش بەڕای ئەوان ئازادی لە مرۆڤ زەوت دەکات و زیاتر ڕێکی دەخات کە



بۆ ئەوان وەک لە قاڵبدانی هەست و ڕۆح وابوو. ترس و هەڕەشەی دروست دەکرد. هەر بۆیەشە ئێکسپرێسیۆنیزم (دەربڕینخوازی) وەکو ڕەتدانەوەیەک لە دژی ئەو لە قاڵبدان و بەتکنیک و مەتریالی کردنەی کۆمەڵگا هاتە گۆڕێ، لە چەشنی ڕەفز و قیژاندن لە پێناوی ڕزگارکردنی ڕۆحی مرۆڤدا.

ئەو چوار هونەرمەندە گەنجە دیسانەوە وەکو فۆڤیزمە فەرەنسییەکان لە ئەمپرێسیۆنیزمی نوێوە دەستیان پێکرد، بەتایبەت لە گۆگان و ڤان کۆخەوە، چونکە ئەوان سەرەتای دەربڕینی هەست و دەروونیان لەوکارانەی ڤان کۆخ و گۆگاندا بەدی دەکرد، بەتایبەتی کارە دواییەکانی ڤان کۆخ کە لە چوارچێوەی پێشانگایەکدا لە هەمان ساڵ و هەر لە شاری درێسدن بەرچاویان کەوت، کاریگەریەکی گەورەی لەسەریان بەجێهێشت، بەهەمان شێوە، ئەو کارانەی گۆگانیش کاری تێیانکردبوو کە لە پاڵێتی ڕەنگ تێکەڵاوکردنی ئەمپرێسیۆنیزم بێزار بوو و بەگوێرەی هەستەکانی خۆی ڕەنگی بۆ شتەکانی سروشت دادەنا و لە تابلۆکانی دوورگەی تاهیتی بەتەواوەتی بەکاری هێنان.

ئەو کارانەی گۆگان کە لە دوورگەی تاهیتی دروستی کردبوون کە تیایاندا کۆمەڵێ ڕەنگی سوور و نارنجی و زەردی بەکار هێنابوو، هەست و ڕۆحی ئەو هونەرمەندە گەنجانەی پێکا و کردیانە سەرچاوەیەکی گرینگ بۆ دەستپێکردن. ئەمە جگە لە کاریگەری ماسک و پەیکەری ئەفەریقی و میللەتەکانی دەرەوەی ئەوروپا کە چەند بەسەر فۆڤیزمەوە کاریگەر بوو، هێندەیش بەسەر هونەرمەندانی (پرد)یشدا کاریگەری هەبوو، بەم جۆرە دەکرێ بڵێین هەردوو هونەرمەندانی فۆڤیزمی فەرەنسی و دەربڕینخوازی ئەڵمانی لە هەمان دوو سەرچاوەوە هاتوون بەڵام هەریەکەیان بەجۆرێ بەکاریان هێناوە.



کیرشنەر. بورجە سوورەکەی شاری هەلە ١٩١٥

هونەرمەندانی پرد کارەکانیان لە ساڵی ١٩٠٦ لە شارەکەی خۆیان نیشان دا و ماوەیەکی زۆری نەبرد هونەرمەندان ئێمیل نۆلدە Emil Nolde و ماکس پێشتاین Max Pechsteinیش هاتنە ناویانەوە. لە ١٩٠٧یش هونەرمەندی فۆڤیزمی هۆڵەندی (کیس فان دونگن) کەوتە کارکردن لەگەڵیاندا و جگە لە کاری هونەری ویستیان کارەکانیان تیۆریزەش بکەن، بەتایبەتی هونەرمەند ئیرنست لودڤیک کیرشنەر کە لە گشتیان بەکارتر بوو بۆ بەردەوامی بەیەکەوە کارکردن و تیۆریزەی کارەکانیان.

هەر کیرشنەریش بوو لەسەرەتای دروستبوونی (دی بروکە)وە هونەرمەندانی لەیەک نزیک کردەوە و بووە هۆی دروستبوونی گرووپەکە هەروەکو ماتیس لە فۆڤیزمدا هەمان شتی کرد.

(کیرشنەر) پاش پێشانگا هاوبەشەکەیان دەستی کردە نووسینەوەی پرۆگرامی کارکردنیان و دەنووسێ (لەگەڵ ئەوپەڕی برایەتیمان بەپێشکەوتن و بەنەوەی داهێنەری نوێ، بانگی گشت گەنجە نوێخوازەکان دەکەین، ئەوانەی کە بەرپرسیاری هەڵگرتنی داهاتوو دەخەنە سەرشانی خۆیان، شان بەشانی یەک و بەژیانێکی پڕ ئازادییەوە بەرامبەر هێزە کۆنەکان بوەستین، هەرکەس توانای داهێنانی نوێ و ڕاستگۆی هەبێ دەتوانێ لەگەڵماندا کار بکا).

مەبەستی کیرشنەر لە داهێنانی نوێ زیاتر شکاندنی یاسا ئەکادیمییەکان و ڕێبازە هونەرییە تەقلیدی و کۆنزەرڤاتیڤەکانە کە لەوکاتەدا باوبوون و کۆمەڵێ خەڵکی بۆرژوای لەخۆ کۆکردبووەوە. ئەوان دەیانویست جۆری بینین بگۆڕن و هەستی بینەر بەجۆرێ ببزوێنن کە دەرک بەترس و هەڕەشەی سەردەمەکە بکا، نەیاندەویست تەنیا هونەرمەندان خۆیان لەناو خۆیاندا بن، لە کۆمەڵگا خۆیان جیاکەنەوە بەڵکو بەپێچەوانەوە دەیانویست وەکو هونەرمەند پەیوەندی لەگەڵ گشت کەسێکدا دروست کەن کە هونەردۆست و نوێخواز بێ. هەر بۆیەشە وشەی (پرد)یان بۆ ناوی گرووپەکەیان دانا و تاکو ساڵی١٩١٣ بەیەکەوە لەژێر ئەو ناوەدا (بڕوانە Horst Richter) کاریان کرد، دواتر وەکو زۆربەی گرووپە هونەرییەکانی پێشوو، لەبەر جیاوازی بیروڕا بێ یان جیاوازی شێوەی کارکردن، لە ١٩١٣ بەدواوە هونەرمەندانی پرد (Die Brücke) پەرشوبڵاوەیان لێ کرد.

کاتێ کە ئەو هونەرمەندانە دەستیان بەکارکردن کرد و لەیەک نزیک بوونەوە و ناویان بۆ خۆیان دۆزیەوە، کۆمەڵێ هونەرمەند و ڕۆشنبیریان لەخۆ کۆکردەوە و پرۆگرامی خۆیان ئاشکرا کرد ئەوکاتە هێشتا چەمکی ئێکسپرێسیۆنیزم Expressionism لە ئارادا نەبوو.



وشەی ئێکسپرێسیۆنیزم (التعبیریة) چوار ساڵ پاش کردنەوەی پێشانگاکەی ساڵی ١٩٠٦ لەلایەن ڕەخنەگر (ئەبێ ڤاربۆرگ Aby warburg)ەوە بەکارهێنرا کە ئەوسا بۆ ڕۆژنامەی هونەرمەندانی دەنووسی. ڤاربۆرگ ئەم ناوەی بۆ ئەو تابلۆیانە بەکارهێنا کە لە ساڵی ١٩١٠ لە هۆڵی شارەوانی هامبۆرگ هەڵواسرابوون. (هەمان سەرچاوە Horst Richler) ئەو ئەو ناوەی بەشێوازێک یان ڕێبازێکی هونەری نەبەستەوە، بەڵکو ساڵی دوای ئەو پێشانگایەی هامبۆرگ، هونەرمەند لوڤیس کورنێت Lovis Corinth کە یەکێک لە ڕێخۆشکەرەکانی تەعبیرییەت دەژمێردرێ، لە خوێندنەوەیەکیدا بۆ کردنەوەی پێشانگای (٢٢)ی سیتچیۆنی بەرلین، لە مانگی چواری ١٩١١ دیسانەوە چەمکی ئێکسپرێسیۆنیزمی بەکارهێنا، بەڵام ئەو مەبەستی نەک تەنیا کارەکانی ناو پێشانگایەکە بوو، بەڵکو فۆڤیزمی فەرەنسی و سەردەمی دوای ئەوە تادەگاتە پیکاسۆش بوو، لەکاتێکدا (هێرفارت ڤالدن Herwarth walden) چەمکی ئێکسپرێسیۆنیزمی بۆ گشت ڕێبازە نوێ و پێشکەوتووەکانی ئەوکاتە بەکار هێنا، (ڤالدن) ئەو کاتە گۆڤاری شتروم - ی دەردەهێنا Sturm کە سەرەکیترین گۆڤار بوو بۆ بڵاوکردنەوەی بابەتی هونەری و یەکێ بوو لە پشتگیرییەکانی کۆمەڵەی (پرد)بوو. بەم جۆرە چەمکی ئێکسپرێسیۆنیزم کەوتە نێوان خەڵکەوە و تا دەهات بەکارهێنانی زیاتر دەبوو بووە ناونیشان بۆ پێشانگای زۆندەربوند Sonderbond ژمارە (١٢)ی شاری کۆلن. ئەمە وەکو جیاکردنەوەیەکی ئەو کارە هونەرییە نوێیانە لەئەمپرێسێونیزم و ناتورالیزم لەقەڵەم دەدرێ(هەمان سەرچاوە).

لە ساڵی ١٩٢٦ کتێبێک لەژێر ناونیشانی (فیلم و ئێکسپرێسیۆنیزم) دەرچوو لە (ماڵێڤچ و مۆندریانەوە تاکو کورت شفیتەرس)یان بەئێکسپرێسیۆنیزم دانا. لەوکاتەوە تاکو ئەمڕۆ چەمکی ئێکسپرێسیۆنیزم (ألتعبیریة) بۆ ئەو بزووتنەوە هونەرییە بەکاردەهێنرێ کە سەرەتاکەی هونەرمەندانی گرووپی (پرد) هەنگاوی یەکەمیان بۆ نا تاوەکو لە دەروبەری ساڵی ١٩٢٠ دادابیەکان کۆتاییان پێ هێنا.

داداییەکان بەلایانەوە گرینگ بوو کە ئیدی سەردەمی تەعبیرکردن لە خود نەما و لەجیاتی ئەوە کاری بەکۆمەڵ و بەرەو دەرەوە، بەرەو (پرۆتێستۆ) و هاتوهاوار و ئاژاوە دژ بەدروستکەرانی جەنگی جیهانی یەکەم بنوێنن، بۆ سەرکەوتن و جێبەجێکردنی بیروبۆچوونەکانیان بەپێویستیان دەزانی حسێبی خۆیان لەگەڵ دەربڕینخوازەکاندا ساغ کەنەوە و قەناعەتیان پێ بێنن کە سەردەمەکەیان بەسەرچووە.

ئێکسپرێسیۆنیزم لە ١٩٠٥ەوە تاکو ١٩٢٠ توانی ڕەگ و ڕەچەڵەکی خۆی بەتەواوی

داکوتێ و ببێتە گەورەترین و سەرەکیترین ڕێبازی هونەری سەردەمەکەی و ژمارەیەکی زۆر لە هونەرمەندە ئەڵمانەکان لەخۆی کۆ بکاتەوە وەک ماکس بێکمان Max Beckman و جۆرج گرۆز George Grosz و لودڤیگ مایدنەر Ludwig meidner و کۆنراد فلیکسمویلەر Conrad Felixmiüller و تا دەگاتە فرانس مارک Franc Mark و ئۆگوست ماکە August macke و کاندنسکی Kandenisky و کۆکۆشکا و ئیگۆن شیلە – ی نەمساویش. جگە لە درێسدن و بەرلین ئێکسپرێسیۆنیزم لە سەرو و خواروو و خۆرئاوای ئەڵمانیاشدا سەری هەڵدا. بەڵام بەشێوەی جۆراوجۆر، لەکاتێکدا دەربڕینخوازەکانی خۆرئاوای ئەڵمانیا، (کولون، دسلدۆرف، هاگن) لەژێر کارتێکردنی ڕۆبەرت دیلونیدا بوون Rogert Delouny، هونەرمەندانی خوارووی ئەڵمانیا (شاری میونشن) لەژێر کارتێکردنی ڕێبازی مۆدێرنی ڕووسی و ئەمپرێسیۆنیزم و فۆڤیزمی فەرەنسی و هونەری میللی بایەردا بوون، بۆیە ناوی خۆیان نابوو (سوارە شینەکان Die blaue Reiter).

لە نەمسایش ئیگۆن شیلی و ئۆسکار کۆکۆشکا بەدرێژەپێدان بەشێوازی کلیمیت و تێکەڵاوکردنی لەگەڵ دەربڕینخوازە ئەڵمانییەکاندا ئێکسپرێسیۆنیزمی نەمسایان پێک هێنا، هەر وەکوچۆن ئەمپرێسیۆنیزم و فۆڤیزم میراتی فەرەنسین و بەرهەمی کولتوور و کۆمەڵگای فەرەنسین، بەم جۆرەش ڕێبازی دەربڕینخوازی (التعبيريه) موڵکی ئەڵمانە.

هەرچەندە سەرچاوە و کارتێکردنەکان یەک بوون، بەڵام کارەکتەری هونەرمەندەکان و بنەمای کولتوورەکانیش جیابوون. ئەگەرچی فەرەنسا و ئەڵمانیا لەسەریەک دوورگەن، بەڵام باری دەروونی و ڕۆحی و فیکری ئەڵمانی لەگەڵ هی فەرەنسیدا جیاوازی هەیە. ئەم جیاوازیانەش لە ڕەنگ و هێڵ و جۆری دانانی ڕەنگەکانی هونەرمەندانی فۆڤیزم و ئێکسپرێسیۆنیزمدا بەدەرکەوتبوون، لەکاتێکدا لای فۆڤیستەکان ڕەنگ کراوە لەلای دەربڕینخوازە ئەڵمانییەکان ڕەنگ قووڵتر بووەوە بەرەو ڕەنگی سووری کاڵ و شین و سەوز و زەردی کاڵ کە بەزۆری لە کاری فۆڤیزمەکاندا دەبینران. لەلایەکی دیکەوە لای دەربڕینخوازە ئەڵمانییەکان زیاتر سوور و نارنجی و زەرد و سەوزی کاڵ بەکار دەهێنرا. ڕۆڵی ڕەنگی ڕەش لە دەربڕینخوازیدا یەکجار بەرجەستەو دیار بوو. سپی تاڕادەیەک کەم بەکار دەهێنرا. بەپێچەوانەوە لای فۆڤیستەکان ڕەش کەم بەکاردەهێنرا و هەندێ جار هێڵی دەرەوەی شێوەکان لەجیاتی ڕەش بەڕەنگی سوور یان شین دیاری دەکرا، لەکاتێکدا ماتیس هیوای ئەوە بوو ڕەنگەکانی هەمیشە جێگای پشوو بن بۆ بینەری ماندوو. (بڕوانە Hilary spur Ling) ڕەنگ لای هونەرمەندە دەربڕینخوازەکان هەستی قورسایی و قیژاندنی



دەبەخشی وەک نوێنەرێکی ڕاستەقینە بۆ سەردەمەکەی خۆی. لەم ڕوانگەیەوە هێرمان بار Hermann Bahr وەسفی سەردەمی ئێکسپرێسیۆنیزم دەکات: (هیچ کات مرۆڤ بەم جۆرە لەژێر خێوی مردن نەبووە، هیچ کات مرۆڤ وەها بچووک نەبووە، مرۆڤ بەدوای ڕۆحی خودادا دەقیژێنێ، سەردەمەکە پێویستی بەقیژاندنە، هونەریش لەگەڵیدا دەقیژێنێ، بەدوای یارمەتیدا دەقیژێنێ، بۆ ڕۆح دەقیژینێ، ئەمەش خۆی دەربڕینخوازییە). (بڕوانە Paul Vogt).

ڕەنگ لە تابلۆی هونەرمەندی دەربڕینخوازدا هاوار و قیژاندنە، پەیوەندی ڕاستەوخۆی لەگەڵ حاڵەتی سایکۆلۆژی هونەرمەندەکەوە هەیە، لەکاتێکدا ماتیس هەمیشە باری سایکۆلۆژی لە بەکارهێنانی ڕەنگدا ڕەتدەکردەوە. بەڵام بەگشتی هونەرمەندانی فۆڤیزم هونەرمەندی دانانی ڕەنگ بوون و ڕەنگ خۆی بۆ خۆی شێوەی ئازادی خۆی دروست دەکرد. شێوە لای هونەرمەندانی دەربڕینخوازی بەئەندازەی ڕەنگ گرینگی هەیە. شێوەکان لە تابلۆیەکی دەربڕینخوازیدا ڕەق و دژوارن پڕن، لە سوچ و قەراغ، بەجۆرێ کە هەستی شەڕانگێزی بەبینەر بدا، یارمەتی ڕەنگەکان بدا لە گەیاندنی هاوار و قیژەیان. کات تاکو دەهات لە جەنگی جیهانی نزیک دەبووەوە، هەندێ زانایانیش دەڵێن (مشک زوو دەرک بەهاتنی بوومەلەرزە دەکات) هونەرمەندیش دەتوانی بقیژێنێ یان بەڕۆحی سەردەمەکەی پێ بکەنێ، بەڵام ئەستەمە بتوانێ بەشداری لە بڕیارە سیاسییەکاندا بکات. بڕیارە سیاسییەکان جەنگێک و وێرانکارییەکی گەورەی لەپاش خۆی جێ هێشت، بەڵام قیژەی هونەرمەندەکان کۆمەڵێ تابلۆ و پەیکەر و گرافیکی باش و بەنرخی لەپاش خۆی جێ هێشت.

چەمکی ئێکسپرێسیۆنیزم تەنیا لە بواری هونەری شێوەکاریدا بەکار نەهاتووە، بەڵکو لە ئەدەب و موزیک و شانۆیش بەکارهێنراوە. کۆمەڵێ لە هونەرمەندانی ئێکسپرێسیۆنیزم کەلەیەک کاتدا شاعیر یان هونەرمەندی موزیکیش بوون، لەوانە ئۆسکار کۆکۆشکا کە شاعیر و ڕەسامیش بوو، ئەرنولد شوینبێرگ Arnold schönberg جگە لەوەی یەکێ بوو لە کومپوزیستە بەناوبانگەکانی ئەوکاتە، کاریگەری بەسەر زۆر لە هونەرمەندە شێوەکارەکانەوە هەبوو، لەوانە کاندنسکی و فرانس مارک، لە هەمان کاتیشدا شوێنبێرگ وەکو هونەرمەندی شێوەکار لەگەڵ دەربڕینخوازەکاندا کاری دەکرد.

میراتی ڕێبازی ئێکسپرێسیۆنیزم گۆڕانکارییەک بوو لە بونیادی ڕەنگ و شێوەدا. هەنگاوێکی گرینگ بوو دوای فۆڤیزم بۆ ئازادکردنی ڕەنگ لە بەکارهێنانە ئەکادیمیی و

ناتوراليستەكەی، لە هەمان كاتيشدا بەشداريەک بوو لە نوێكردنەوەی شێوە بەسوود وەرگرتن و تێكەڵاوكردنی ڕەنگ و شێوەی (میللەتە ساکارەکانەوە) کە بۆ پیاوانی سیاسیی و کۆمەڵگای کۆنزەرڤاتیڤی ئەوسای ئەڵمانی شتێکی نابەجێ و بگرە تێکدەریش بوو بۆ هونەر و کولتوورەکەیان، ئەم هونەرە دواتر هیتلەر و حزبەکەی ناڕەحەت دەکا. تاڕادەی قەدەغەکردنی نیشاندانی کارەکانیان و حوکمدان بەسەریاندا وەکو کاری بێ هونەر (Entartette Kunst) بەڵام کیرشنەر و هونەرمەندانی دەربڕینخوازی ئەڵمانی هەر زۆر زوو پێش ئاگاداربوونەوەی نازییەکان هەنگاوی پتەوی خۆیان نا و بەردی بناغەی هونەرەکەیان داڕشت بەجۆرێ کە نەمر بێ.

دەربڕینخوازی هونەری هاوار و قیژە بوو وەک ئەوەی هونەری یاخیبوون بێ، ئەمەش کێشەی تسارا و دادابییەکان بوو لەگەڵ زۆربەی هونەرمەندە شێوەکارە ئەڵمانیەکاندا کە تا ئەو کاتە تەعبیری بوون. ئەوەی جێی سەرسوڕمانە، لەگەڵ ئەو هەموو بیروبۆچوون و کارکردنە نوێخوازانەی هونەرمەندانی پرد، لەسەر هەموویشیانەوە ئیرنست لودڤیگ کیرشنەر کەچی لە کاتی داگیرساندنی ئاگری جەنگی جیهانی یەکەمدا زۆربەیان بەخواستی خۆیان بوون بەسەرباز بۆ وڵات و نیشتمان و نەتەوەی ئەڵمان کە دژ بەوانی دی دەجەنگان. یەکێ لەوان کیرشنەر خۆی بوو، هەروەها ئیریش هیکل و ئۆتۆدیکس Otto Dix و کۆکۆشکا و فرانس مارک و ئۆگوست ماکەیش. کۆکۆشکا بریندار دەبێت، فرانس مارک و ئۆگوست ماکە هەردووکیان لە ساڵی ١٩١٤–١٩١٦ وەکو سەربازی جەنگ دەکوژرێن. بەڵام ئەوانەی کە دژ بەجەنگ دەبن و خۆ ناکەن بەسەرباز (جۆرج گرۆز و لودڤیگ مایدنەر و کۆنراد فلیکس مویلەر) بوون، بۆ ئەم دێڕەی دوایی بڕوانە Dietmar Elger, Ex-perssioismus.

## ڕۆڵی ئیدوارد مونش لە دەربڕینخوازی ئەڵمانیدا


ئیدوارد مونش (١٨٦٣–١٩٤٤) یەکێ بوو لەو هونەرمەندانەی کە کاریگەرییەکی گەورەیان لەسەر دەربڕینخوازی ئەڵمانی هەبوو بەجۆرێ کە دەکرێ لەپاڵ ئەمپرێسیۆنیستە نوێیەکان و هونەری میللەتە ساکارەکاندا وەکو سەرچاوەی سێیەم تەماشا بکرێ. هونەرمەندانی دەربڕینخوازی ئەڵمانی بایەخیان بەگشت ئەو هونەرمەندانەی پێشوو دەدا تا زیاتر ڕێگایان بۆ خۆش کەن بۆ گەیشتن بەڕێگای دەربڕینی دونیای ناوەوە بۆ دەرەوە.



پێش ئەوەی گرووپی پرد دروست بکرێ و سەرجەمی هونەری دەربڕینخوازی ئەڵمانی بەرجەستەبێ، ئیدوارد مونش هونەرمەندی دەربڕینخواز بوو. پێویستی بەهونەرێ بوو کە هاوار بکات و بقیژێنێ. بۆ ئەوەی ئێش و ئازاری ونبوونی منداڵی و مردنی دایکی و هەردوو خوشکەکەی پێ دەربڕێ کە لە ئەنجامدا ژیانی پڕبوو لە غەم و پەژارە و ترس و نائارامی. بۆیە بۆ مونش تەنیا ڕەسم کردنی ناتوراليزم و نەقڵکردنی سروشت بۆ سەر تابلۆ بەس نەبوون. ئەو لە دوو سەفەریدا بۆ پاریس، لە ساڵەکانی ١٨٨٥ و ١٨٨٩ بەئەمپرێسیۆنیزم و ئەمپرێسیۆنیزمی نوێ ئاشنا بوو، بەتایبەتی گۆگان و ڤان کۆخ و لەسەرووی هەموویشیانەوە بەکارەکانی لۆترێک (بڕوانە Werner Timm) مونش لە کارەکانی لۆترێکدا شارەزایی دونیای هێڵ بوو و سوودێکی زۆری لێ وەرگرت، گونجانی لەگەڵ ڕۆح و دەروونی خۆیدا بەجۆرێ کە هێڵ تەنیا بۆ جیاکردنەوەی شێوەکان و دەستنیشانکردنی فیگورەکان بەکارنەهێنرێ، بەڵکو خودی هێڵ وەکو ئامرازێ بۆ دەربڕین. سەرەنجام پاش ئاشنابوونی بەدونیای ڤان کۆخ و لۆترێک توانی شێوازێک بۆ خۆی بدۆزێتەوە کە بەهۆیەوە بتوانی بابەتە ئینسانییەکانی دەربڕێ و کۆمەڵێ تابلۆ دروست بکات لەژێر هەندێ ناونیشانی وەک (کچە نەخۆشەکە) (منداڵێکی نەخۆش) (دایکێکی مردوو)، پاشان تابلۆ بەناوبانگەکەی (قیژاندن) کە ساڵی ١٨٩٣ دروستی کردو ئێستا لە مۆزەی هونەری ئۆسلۆ پارێزراوە.

ڕووداوی گرینگ لە کاریگەری مونش بۆ سەر هونەرمەندانی (پرد) ئەو پێشانگایە بوو کە لە ساڵی ١٨٩٢ لە بەرلین نیشان درا. هەر چەندە ئەم پێشانگایە پاش ماوەیەکی کورت لە کردنەوەی دیسانەوە داخرایەوە چونکە بابەتەکانی بۆ ئەوسای ئەخلاقی ئەڵمانیا بەشوورەیی لە قەڵەم دەدرا. بەڵام پاشان دووبارە کرایەوە، کاریگەرییەکی گەورەی کردە سەر دەروونی هونەرمەندانی پرد. جگە لە کاریگەری پێشانگاکەی خۆی، مونش لە ساڵی ١٨٩٧ بۆ ١٩٠٩ لە ئەڵمانیا ژیاوە، ئەمەش دیسانەوە کاریگەربووە بەسەر هونەرمەندە گەنجەکانی دروستکەری دەربڕینخوازی ئەڵمانییەوە.

ئەو هونەرمەندانە جگە لە بابەتەکانی مونش سوودێکی گەورەشیان لە تەکنیکی کارکردنی وەرگرت، چونکە لەڕووی تەکنیکییەوە کارەکانی مونش بەگشتی دوو جۆر بوون، یەکێکیان تەکنیکی پەلەکاری ڕەنگ (التدرج اللونی)کە بۆ ڕووبەرەکانی بەکار دەهێنا، لە لایەکی دیکەشدا قوربانی بەپەلەکاری ڕەنگ دەدا لە پێناوی هێشتنەوەی هێڵدا کە لای هونەرمەندە ئەڵمانییەکان زۆر خۆشەویست بوو. ئەوان ئەم تەکنیکەی مونشیان ڕاستەوخۆ



مۆنش. کچان لەسەر پرد ١٩٠١

لە کارەکانیاندا بەکار هێنا و پاشان پەرەیان پێدا، بەجۆرێ کە لەگەڵ ڕۆحی تابلۆی تەعبیریدا گونجاو بێ و ببێتە بەشێ لە تەعبیرییەت. گرینگی مونش تەنیا بۆ سەر تەعبیرییە ئەڵمانییەکان نەبوو، بەڵکو کاریگەری بەسەر سیمبۆلیزمی فەرەنسیشەوە هەبوو، بەڵام نەک بەئەندازەی ئەو گرینگیەی کە بۆ تەعبیرییەتی ئەڵمانی هەیبوو.

مونش وەکو ماتیس هەر زوو خۆی لە پالێتی ڕەنگ تێکەڵاوکردنی ئەمپرێسیۆنیزم ڕزگار کرد زیاتر بەدوای جۆرێ لە ڕەسم کردندا دەگەڕا کە یارمەتی بدا لە دەربڕینی دونیای ناوەوە وەک مامەڵەکردن زیاتر لەگەڵ سروشتدا. هەر بۆیەشە ئەو زیاتر لە گۆگان و گرووپی سیمبۆلیزمی (نەبیز) نزیک بووەوە. لە ساڵی ١٨٨٨ کاری لە گەڵیاندا دەکرد. (Dietmar Elger) ئیدوار مونش تەنیا ڕەسام نەبوو بەڵکو بەئەندازەی ئەمە هونەرمەندی گرافیکیش بوو، یەکێ بوو لە توانا گەورەکانی هونەری هەڵکەنینی سەر دار کە ئەمەش دیسانەوە دەبێتە هۆیەک بۆ نزیکبوونەوەی هونەرمەندە گەنجەکانی دامەزرێنەری گرووپی (پرد).



## دەربڕینخوازیی لە نەمسا

لەسەر دەربڕینخوازی لە نەمسا قسەکردنە بەشێوەیەکی سەرەکی لەسەر ئۆسکار کۆکۆشکا و ئیگۆن شیلە لە شاری ڤیەن و ئەتمۆسفیری هونەری ستچیۆن (کۆکۆشکا و شیلی)یان دروست کرد کە پاشان هەردووکیان بوونە چاکترین نوێنەری سەردەمەکەی خۆیان لە نەمسادا.

ڤیەننای سەردەمی (کۆشکا و شیلە) جیایە لە ڤیەننای سەردەمی کلیمیت، ژیانی هێمن و جوانی و زەخرەفە و موزیکی ڤیناڤالی ئەوسەردەمەکەی کۆکۆشکا و شیلی ئەتمۆسفیرێ بوولە نائارامی و دژواری تاڕادەی بڵاوبوونەوەی نەخۆشی سیل.

## ئۆسکار کۆکۆشکا

هەرچەندە ئۆسکار کۆکۆشکا ١٨٨٦-١٩٨٠ بەڕەگەز لە پراگ لەدایک بووە بەڵام پاش ساڵی لەدایکبوونی دایک و باوکی دەگوێزنەوە بۆ شاری ڤیەن، کۆکۆشکا لەوێ گەورە دەبێ و هەر لەوێش دەچێتەبەر خوێندنی هونەری.

کاتێ کە گرووپی هونەری پرد لە ساڵی ١٩٠٥ دروست دەبێ ئەو لەوسەردەمە لە قوتابخانەی هونەری لە ڤیەن وەردەگیرێ، هەر لەوسەردەمە توانای هونەری بەدەردەکەوێ و لە بواری هێڵکاریی و هونەری پۆرترێتدا ناوبانگ دەردەکا و ناوی دەگاتە بەرگوێی هێرڤالد ڤالدن Herwald walden لە مانگی دەی ساڵی ١٩١٠ لەگەڵ (ڤالدن)دا لە ڤیەن بەیەک ئاشنا دەبن، مانگێک دوای ئەو بەیەک ئاشنابوونە هیرڤالدڤالدن بانگی دەکا بۆ بەیەکەوە کارکردن لە گۆڤاری شتورم لەبەرلین Hans Dishnd ئەم بەیەکەوە کارکردنە هەردوولا دەوڵەمەند دەکا. کۆکۆشکا یەکێ دەبێ لە هونەرمەندە دەربڕینخوازەکانی بەرلین و لەگەڵ زۆربەی ئەندامانی کۆمەڵەی (پرد) و سەرجەم هونەرمەندانی دەربڕینخوازی ئەڵمانی ئاشنا دەبێ، کە کاریگەری بەهێزیان لێ ئەکەن، دوایی کە دەگەڕێتەوە بۆ نەمسا لەوێ لەگەڵ ئیگۆن شیلەدا دەبنە دوو نوێنەری دەربڕینخوازی نەمسا.

هونەری ئۆسکار کۆکۆشکا تێکەڵاوێکە لە بەرماوەی کاریگەری کلیمیت و کۆمەڵەی پردی ئەڵمانی و تیۆرەکانی سیگموند فرۆید Freud لە بواری شیکاری دەروونیدا کە ئەوسا لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا کۆمەڵێ گفتوگۆ و پرسیاری گرینگی دروست کردبوو.

پۆرترێتەکانی کۆکۆشکا تەنیا نیشاندانی جوانی و لەیەکچوونی تابلۆکە نەبوو لەگەڵ مۆدیلەکەیدا ،بەڵکو نیشاندانی بواری دەروونی مۆدێلی کارکردن و خۆشی بوو لە چرکەساتی کارکردندا. ئەمە شێوازی کۆکۆشکا بوو، نەک بۆ ڕەسم کردنی وێنەی مرۆڤ بەڵکو لە گشت هێڵکاری و تابلۆکانی دیکەیشیدا بەتایبەتی لەو ڕیزە تابلۆیەی کە وێنەی ئەو شارانەی تیا کردبوو کە لێیان ژیابوو و پێیاندا تێپەڕ بووبوو وەک تابلۆکانی شاری پراگ و لەندەن و کۆلۆن و دریسدن و ئورشەلیم (قدس) و فلۆرنسا و تونس و ڤینسیا و شاری ڤیەن، دەکرێ بڵێین کە کۆکۆشکا تەنیا هونەرمەندی پۆرترێت و وێنەی مرۆڤ نەبووە، بەڵکو لە دوای ولیام تێرنەرەوە گەورەترین هونەرمەندی بەبابەتکردنی شار بووە.


کۆکۆشکا وێنەی شارەکانی نە لەسەر ڕێبازی ڕیالیزم و نە ئەمپرێسیۆنیزم کردووە، بەڵکو سەرجەمی قوڵبوونەوەی خۆی لە دنیای ڕەنگ و هێڵ و بواری دەروونی تیا بەکارهێناوە بەجۆرێ کە گشت شتە ڕەسمکراوەکانی شار زیندوو و جووڵێنەر بن، ئەمەش دوو خەسڵەتن لە گشت کارەکانی کۆکۆشکاوەک (جووڵانەوە و زیندوویتی)هەن.

کۆکۆشکا لەکاتی مەشقیدا لەسەر مۆدیل لە زۆربەی حاڵەتەکاندا مۆدیلەکەی دانەدەناو بۆپێشەوە ڕای نەدەکرد، بەڵکو وێنەی مۆدیلەکەی لە حاڵەتی جووڵانەوە دەکرد، چونکە بەبڕوای ئەو، ئەم حاڵەتە مەشقە بۆ ئەوەبووە چاو زۆر بەخێرایی بتوانێ لە ڕوانگەیەکی هونەری تایبەتییەوە حاڵەتێکی زۆر تایبەت لە مۆدیلەکەدا ببینێ، جیالەمەش، ئەو جووڵانەوەی کە مۆدیلەکە دەیکا دەبێتە هونەری جووڵانەوەی دانانی ڕەنگەکانیش.

کۆکۆشکا ئەم تەکنیکەی لە هونەری یابانیدا دۆزیەوە و بەڕای ئەوکەسێک نییە بەئەندازەی هونەرمەندی یابانی چاوی خێرا بێ و بتوانێ چرکەساتی خێرایی بەوردی وێنە بکا. هەر لەبەر ئەمەش لە تابلۆی کۆکۆشکادا ڕەنگ و هێڵ و گشت وردەکاری فیگەرەکان ئەتمۆسفیرێکی زیندوو و جووڵاوە دروست دەکەن کە وێنەی شارەکە دیمەنێکی ڕووکەش نەبێ، بەڵکو نیشاندانێک بێ بۆ شپرزەیی و خێرایی و پەیوەندی تا دەگاتە سنوورەکانی توندی و دژواری.

کۆکۆشکا لە تابلۆی شارەکانیدا پەیوەندییەک لە نێوان مرۆڤ و خانوویەک و شەقام و دیوار و سەیارە و ئاژەڵ و گۆڕەپان، دروست دەکات کە گشتیان لە بیناکردنی تابلۆکەدا وەک یەک بەشداربن و ئەمە نەک تەنیا بۆشتە ڕەسمکراوەکانی سەر زەوی تابلۆکە بەکاردەهێنا بەڵکو کۆکۆشکا هەمان ئیقاعی پەیوەندی و جووڵانەوەشی لە ئاسمان بەکارهێنا بەجۆرێ کە ئاسمانی تابلۆکانی وەڵامی جووڵانەوە و شپرزەیی ئەتمۆسفیری شار





کۆکۆشکا. شار ١٩٢٤

نیشان بدەن. کۆکۆشکایەک بتوانێ لە وێنەکردنی ئەتمۆسفیری شاردا حالەتە نەفسییەکان نیشان بدا دەتوانێ لە وێنەی مرۆڤەکانیدا ئەم ئەتمۆسفیرە زیاتر ڕوون و ئاشکرا بکا، چونکە ئەو هونەرمەندی ڕەسم کردنی دەست و دەموچاو و وێنەی مرۆڤە بەپلەیەکی بەرز (E. A. Seemann)، وێنەی مرۆڤ لای کۆکۆشکا سەفەرێکە بۆ چوونە ژوورەوەی دەروونی خودی مرۆڤەکان، چوونە ژوورەوەیە بۆ دنیای ڕۆح و هەستە قوڵەکانی خۆی کە لە نێوان چاو و دەم و لووت و دەست و جەستەی مرۆڤەکانەوە نیشانیان دەدا.

ئەو لەکاتی ڕەسم کردندا گشت ئەو مەشقانەی کە لەسەر ئەناتۆمی و ئەو فاکتەرە ئەکادیمییەکان کردوویەتی دەخاتە لاوە، بۆ ئەوەی بتوانێ بچێتە ناو قوڵایی دنیای مرۆڤەوەو نیشانیان بدا. هەمیشە لای کۆکۆشکا مرۆڤ تەنیا پێوەر بووە، هەر بۆیەشە هەرچەندە بەئارەزووی خۆی چووە بۆ شەڕ و برینداریش بووە بەڵام ئەم بەشداربوونە لە حاڵەتی کۆکۆشکادا هێندە وجودیانەبووە، هێندە بەمەرامی سیاسی نەبووە. چونکە ئەو پاشان هەمیشە لەلایەن نازییەکانەوە ڕاونراوە و ئەم شار و ئەو شاری کردووە. تابلۆکانی لە مۆزەخانەکان دەرهێنراون، لە پێشانگاکاندا قەدەغەکراون، چارەنووسیان لەگەڵ سەرجەمی تابلۆکانی هونەری بێ هونەر ڕۆیشت وەک سەرجەم تابلۆکانی هونەرمەندانی پرد و دەربڕینخوازی ئەڵمانی.

ئۆسکار کۆکۆشکا تەنیا هونەرمەندی شێوەکار نەبووە، بەڵکو چەندین وتار و کتێبی

نووسیوە، نەک تەنیا دەربارەی هونەری شێوەکاری و ژیانی خۆی، بەڵکو شانۆنامەیەکی لەژێر ناونیشانی ئۆرفیۆس و ئیفریکا Eorphios & Efrika دا نووسیوە و لەگەڵ چەندین نووسەر و هونەرمەندانی موزیک و ڕەخنەگری گەورەدا برادەر بووە، لەوانە ڕاینە ماریا ڕیلکە Rainer maria Rilke و لودفیگ گۆڵدشایدەر Ludwig Goldscheider و کارل کراوس Karl Kraus. لە ژیانی تایبەتیشیدا پاش مردنی، هونەرمەندی موزیکی بەناوبانگی ئەوسا گۆستاڤ مالەر Gustav Mahler دەکەوێتە پەیوەندییەکی خۆشەویستی گەورەوە لەگەڵ بێوەژنەکەی مالەردا کە کاریگەریەکی زۆر گەورەی لێ دەکا تا چەند ساڵێک ناتوانێ خۆی لەو کاریگەرییە ڕزگار بکات. وێنەی ئەو بێوەژنە Alma Mahler (ئەلمامالەر) لە زۆر تابلۆکانیدا دووپات دەبێتەوە، لە گشتیان زیاتر تابلۆی (بووکی بادا Windsbraut) کە لە ساڵی ١٩١٤ دروستی کردووە، ئێستا موڵکی مۆزەی هونەری (بازل)ە لە سویسرا.

شایانی باسە کۆکۆشکا ئەم تابلۆیەی لە خەیاڵی خۆییەوە کردووە و مۆزەی بازل ئەم تابلۆیەی ئەمەندە خۆش دەوێ بەهیچ شێوەیەک نایەوێ ڕەوانەی دەرەوەی سویسرای بکا بۆ بەشداریکردن لە پێشانگادا.

کۆکۆشکا لە کارە هونەرییەکانیدا هەمیشە فیگوراتیڤ بووە، بەڵام لەبەر تێکەڵاوبوونی بابەتی کارەکانی بەدەروونی خۆی، تاڕادەیەک فیگەرەکانی تەجریدئامێز بوونە، ئەمە لای کۆکۆشکا خۆی، بەهیچ جۆرێ بەتابلۆی تەجرید لە قەڵەم نادرێ، ئەو هەمیشە و بەتەواوی هوشیارییەوە، نەک هەر نەیویستووە بەرەو تەجرید بڕوات، بەڵکو دژیشی بووە و بەیەکێ لە دوژمنە گەورەکانی دایناوە، لەمبارەیەوە لەگەڵ گۆڵدشنایدەردا قسە دەکات دەڵێ: (هونەری بێ فیگور لە گشت دوژمنەکان خراپتر هەڕەشەمان لێ دەکا، هونەرێ کە دەموچاوی نەبێ دوژمنی ژیان و


کۆکۆشکا. من و ئەلمامالەر ١٩١٢



دنیایە، مرۆڤ تەنیا تاقەپێوەرە ئەو کەسەش بەهەڵەدا چووە کە بەغەیری مرۆڤ پێوەر دەکات) ئەم قسانە دژایەتی نین بۆ بەکارهێنانی پرەنسیپی (پێویستییەکانی ناوەوەی) کاندنسکی، هەر چەندە کاندنسکی بەرەو تەجرید ڕۆیشت بەڵام هونەرمەند دەتوانێ هەمیشە پرەنسیپی (پێویستییەکانی ناوەوەی) لە کاری فیگوراتیڤیشدا بەکاربهێنێ و کۆکۆشکا ئەمەی لە کارەکانیدا سەلماندووە.

## ئیگۆن شیلە

ئەگەرچی ئیگۆن شیلە Egon Schiele ١٨٩٠–١٩١٨ تەمەنی وەکو کۆکۆشکا درێژ نەبوو، بەڵام ئەو کاریگەرییەی ئەو لەسەر هونەری نەمسا و سەرجەم هونەری شێوەکاریی بەتایبەت لەسەر هونەری دەربڕینخوازی جێهێشت، لە کۆکۆشکا کەمتر نەبوو.

بەهەمان شێوەە کلیمیت و هونەرمەندانی (پرد)ی ئەڵمانی و سەرچاوە فەرەنسییەکان و ئەتمۆسفیری نائارام و دژواری ئەوسای ڤیەن و تیۆری فرۆید لە بارەی دەروونناسیدا سەرچاوەکانی هونەری (شیلە) پێک دێنن.

ئیگۆن شیلە وەک هەستی بەمردنی زووی خۆی کردبێ وا هەڵسوکەوتی دەکرد و کاریشی دەکرد. پاش سێ ساڵی خوێندن لە ئەکادیمیای ڤیەن بێزار بوو و بەجێی هێشت، نە ئەو تەحەمولی یاسا ئەکادیمیاکانی دەکرد و نە پرۆفیسۆرەکەی تەحەمولی ئەوی مابوو.بەسەریدا دەیقیڕاندو دەیگوت: (شەیتان ئەم شیلەی بۆ من ناردووە) Serge Sabarsky.

ئەو سێ ساڵە بۆ شیلە هەموو شتێک بوو تێیدا کە فێری هونەری هێڵکاری و ئەناتومی و ڕێژەو بەکارهێنانی ڕەنگ بێ. وەکو گشت هونەرمەندێکی داهێنەر هەر زوو (شیلە) خۆی لە یاسا ئەکادیمییەکان ڕزگار کرد و کەوتە گەڕان بەدوای ئەو شێوە کارکردنەدا کە ڕۆحی و مێشکی و دەروونی دەیویست. بۆ ئەم مەبەستەش گەڕایەوە سەر هێڵکارییەکانی کلیمیت بەتایبەتی بابەتە ئیرۆتیکیەکانی وێڕای تۆژینەوەلە ڤان کۆخ و گۆگاندا، بەڵام لە هەمووی گرینگتر لای (شیلە)، پەیوەندی خۆی بوو لەگەڵ خودی خۆیدا، ئەمە کلیلی سەرچاوەی هونەری شیلە بوو کە کردی بەهونەرمەندێکی دەربڕینخوازی مەزن، بەتایبەتی لە بواری هێڵکاریدا. هونەری ئیگون شیلە هونەری بەکارهێنانی هێڵە بەپلەی یەکەم. ڕەنگ لای ئەو بەپلەی دووەم دێ. لە حاڵەتی بەکارهێنانی ڕەنگیشدا نایەوێ هێڵەکانی پێ داپۆشێ.

هونەری ڕەسم کـردن بەپلەی یەکـەم هونەری بەکـارهێنانی ڕەنگە. بەڵام لای (شـیلە) هونەری ڕەسم کردن هونەری بەکارهێنانی هێڵ و ڕەنگە. دەکرێ کـارەکـانی دابەشی دوو بەشی گەورەوە بکەین. بەشێکیان تەنیا لە هێڵکاری پێک هاتوون، بەشەکەی دیکەی لە تێکەڵاوێک لە نێـوان هێـڵکاری و ڕەسم کـردندا. سێ سـاڵەی ئەکـادیمی و مـەشـقی بەردەوامی شیلە توانایەکی بێ سنووری پێ بەخشیبوو لەبەکارهێنانی هێڵدا بەجۆرێ کە وێنەی مۆدیلەکانی دەکێشا دەیتوانی یەکەمجار هێڵەکانی ناو لەش و دەموچاو و قاچ و قۆڵ و دەست و پەنجەکان زۆر بەوردی و بەڕۆحێکی دەربڕینخوازییەوە دەربهێنێ، لە نێوان گۆشت و پێست و ئێسقانەکاندا هێڵی دەدۆزییەوەو بەهەمان شێوەیش لە نێوان چرچ و لۆچی جلەکانیشدا.

لای شیلە هێڵی سەرقوماش جیایە لە هێڵی لەش و ئەمەش جیایە لەو هێڵانەی کە قژی پێ دروست دەکرێ، هەر یەک ڕۆحی مـادەکـە خۆی دەردەبڕێ هەموشـیـان بەیەکەوە ڕوحی (شـیـلە) خـۆی دەردەبڕن، کـۆمـەڵە کـارێک دروست دەکـەن کـە دەبنە ڕۆحی هونەری دەربڕینخوازی.

زۆربەی کـارەکـانی (شـیلە) وێنەی مـرۆڤن جـا بەدانیـشـتـنەوە بێ یان پاڵکەوتن یان وەستانی جیاجیا. تێکەڵاوێکن لە نیشاندانی ئێرۆتیک و نەخۆشی، هەندێ جار نەخۆشی و لاوازییەکە زاڵ دەبێ کە بەئاشکرا چاوی زەق و ترسناک و لەشەکە لاواز و پڕ ئێسک و کەم گۆشت دەبێت و هەندێ جاریش لەشەکان دوور دەخاتەوە لە لاوازی و ترس و نەخۆشی و هەستێکی ئێرۆتیکی تیا دروست دەکردن.

شیلە بەردەوام لەسەر مۆدیل کاری کردووە و زۆربەی مۆدیلەکانی ئافرەت بوونە و هەندێ جـار کـچی گـەنج و کـەم تەمـەن بوونە، جـارێکیـان ٢٤ ڕۆژ بەتۆمـەتی کـاری پۆرنۆگـرافی زیندان دەکرێ (بڕوانە Christian M. Nebehay).

شیلە لە ١٩١٤ ئێدیت هارمس Edith Harms دەناسێ و دەیکاتە خێزانی خۆی، بەڵام پێش ئەوەی منداڵەکـەیان ببێ بەنەخـۆشـیـیـەکی کـوشندە دەمـرێ کـە ئەوسـا لە ڤـیـەن بڵاوببووبووەوە. سێ مانگ پاش ئەمەش هەمان نەخۆشی (شیلە) خۆیشی دەگرێتەوە و هەر لە هەمان ساڵی ١٩١٨ دەمرێ.

سەرەنجـام بەهۆی تیـۆرییـەکانی سیـگمـوند فـرۆیدەوە بێ یاخود خودی ئیگون شیلە وەک هەڵگری ئەتمۆسفیری سەردەمەکەی خۆی و نوێنەری ڕاستەقینەی خودی خۆی بێ، کارەکانی



(شـیلە) ڕەنگدانەوەیەکی دەروونی گـەورەیان تیـایە. حاڵەتە دەروونییـەکـانی شـیلە نەک تەنیا لە دەموچاوی فیگەرەکانی، بەڵکو لە سەرجەم دنیای هێڵ و ڕەنگەکانییەوە دیارە.

هێڵ لای شیلە ئامـرازێ نییە بۆ جوانی وەک لای کلییـمت، بەڵکو هۆیەکە بۆ دەربڕین، لە هەمان کاتدا ئاواتێکی هونەرییە. شیلە زیاتر لە نێوان جۆری بەکارهێنانی هێڵەکانییەوە حاڵەتە دەروونییە ناڕەحەتەکانی خۆی دەردەبڕێ.

(شـیلە)ش وەکـو کـۆکـۆشکا هونەرمـەندێکی تەواو فـیگوراتیـڤ بووە هەرگـیـز بەلای تەجریدەوە نەهاتووە، لە هەمان کاتیشدا گشت پێداویستییەکانی ناوەوەی دەربڕیوە.

ئەگەرچی چوار ساڵ لە کۆکۆشکا منداڵتر بووە، بەڵام ٦٢ ساڵ پێش ئەو مردووە، شیلە و کۆکۆشکا هەردووکیان یەک ئەتمۆسفیر و دەردەبڕن و هەڵگری سیماتی یەک سەردەمن و بەیەک نەوەی هونەری لە قـەڵەم دەدرێن. هەردووکـیـان تەواو هونەری دەربڕینخـوازی نەمساویان بەرجەستە کرد و بوونەتە چاکترین نوێنەری سەردەمەکەی خۆیان.

## دەربڕینخوازی ئاینی

ئەوەی کە ئەتمۆسفیری ڕەنگی دەربڕینخوازی ئاینی لە دوا دەربڕینخوازی جیا دەکاتەوە ئەو هەسـتـە هێـمن و ڕۆحـیـیـەیە کـە لە ئەنجـامی تێکەڵاوکـردنی ڕەنگ لەگـەڵ ڕۆحی هونەرمەندەکەدا دێتە دەرێ. ئەم جۆرە دەربڕینخوازییەش هونەرمەندان جۆرج ڕووۆ Georg-es Rouault و مـارک شـاگـاڵ Marc chagall و تاڕادەیەک پول کلێ و کـاندنسکی و ژمارەیەکی دیکە نوێنەرایەتی دەکەن.

## جۆرج ڕووۆ

کاتێ کە پییێرکۆرتیۆن Pierre Courthion لە ماتیس دەپرسێ ئەگەر بێتو بەتەواوەتی لە کۆمەڵگا جیا بکرێتەوە و بشزانی تاکو کۆتایی ژیانت بەتەنیا دەمێنیتەوە و کەسیش کارەکانت نابینێت ئایا ڕەسم دەکەیت؟ ماتیس بە(نەء) وەڵام دەداتەوە بەڵام جۆرج ڕووا وەڵامی هەمان پرسیار بە(ئا) دەداتەوە و دەڵێ: بەڵێ ڕەسم دەکەم چونکە پێویستیم بەدیالۆگی خۆم هەیە لەگەڵ ڕۆحی خۆمدا.

دیالۆگ لەگەڵ ڕۆحی (خود)دا هونەرمەندێکی ڕۆحی دروست دەکات کە ڕووۆ یەکێکە لەمانە.

جۆرج ڕووۆ Georges Rouault ١٨٧١–١٩٥٨ یەکێ بوو کە لەگەڵ (ماتیس و مارکێ و فلامینک و دۆرا)دا هونەری فۆڤیزمی دروست کرد، بەڵام پاش پەرشوبڵاوەی هونەرمەندانی فۆڤیزم و هەریەک کەوتە دوای شێوازی تایبەتی خۆی. (جۆرج ڕووۆ) بەئاراستەیەکی زۆر تایبەتدا ڕۆیشت، ئەو بەتەنیا ئازادکردنی ڕەنگ لە شێوە بەکارهێنانە تەقلیدیەکەی ڕازی نەبوو بەڵکو ڕەهەندێکی ڕۆحی قووڵیشی دەخستەناو تابلۆکانی، ئەمەش لە ئەنجامی بڕوابوونیبوو بەئاینی (کریستیانی) و قووڵبوونەوەش تیایدا. دەکرێ



جۆرج ڕووۆ. ئەنتیلیتی پیرۆز ١٩٣٣



ئەم پەیوەندیەی (رووۆ) میراتی مامۆستا ڕۆحانیەکەی بێ گۆستاف مۆرۆ Gostav Morea کە (رووۆ) زۆر خۆشی دەویست و بەمردنەکەشی زۆر غەمبار بوو. (رووۆ) تاکو دەهات زیاتر بەرەو بابەتی ڕۆحی و مرۆڤی دەچوو و زیاتر سەری خۆشی بەو هونەرمەندانەی پێشووەوە قاڵ دەکرد کە قوڵبوونەتەوە لە بابەتە مرۆڤایەتیەکاندا بەتایبەتی گۆیا و ڕامبراند لەسەرووی هەر هەمووشیانەوە هۆنۆرە دۆمییێ Honore Daumiere. بۆ (رووۆ) گەورەترین ڕێ خۆشکەر بوو کە پاشان پەرەی پێدا و تێکەڵاوی بەبابەتی ئاینی وەکو بابەتەکانی ناو ئینجیل کرد. ئەمە بۆ ئەوەی زیاتر پەیوەندی خۆی لەگەڵ مرۆڤدا بەهێز بکا.

بەتێپەڕاندنی ڕەنگەکانی لە نێوان ڕۆحی لایەنی ئاینیی مرۆڤ لە کارەکانی ئەو هەستێکی قووڵ و هێمنی تیا دروست دەبوو.


ئەو لە زۆربەی تابلۆکانیدا ڕەنگی سوور و شین و زەرد و پرتەقاڵی تۆخی بەکار دەهێنا و پاشان بەهێڵێکی ڕەشی پان دەوروبەری فیگەرەکانی دیاری دەکرد، ئەم (هێڵە) ڕەش و پانانەی کە بەردەوام بەکاری دەهێنا، هەستی قووڵی لە تابلۆکانیدا دروست کردبوو، بەجۆرێ کە نەک تەواو فیگورە ڕەنگاوییەکانی بشارێتەوە بەڵکو تەنیا دەوروبەریان دیاری بکات هەڵبەت بێ گوێدانە ڕووناکی و تاریکی خۆری سروشتی. ڕووناکایی لە کارەکانی ڕووۆدا ڕووناکاییەکە لە دەروون و ڕۆحی خۆیەوە دیخاتە سەر تابلۆ. واتا هیچ پەیوەندی بەڕووناکایی سروشتەوە نییە. بەم جۆرە (رووۆ)یش هەنگاوێکی باش دەنێ بۆ جیاکردنەوەی هونەر لە سروشت و دروستکردنی ڕەهەندی ناوەوە.



جۆرج رووۆ

ڕەنگەکانی (رووۆ) یەکجار داگیرساو و زیندوون، هەر ئەم خەسڵەتانەشە کە تابلۆکانی زیاتر حیسێبی تابلۆی دەربڕینخوازی بۆ دەکرێ وەک لە فۆڤیزم، بەڵام دەربڕینخوازی (رووۆ) هێمن و ڕۆحانی بوو وەک لە قیژاندن و هاوارکردن. هونەرەکەی خۆی لە پەیوەندیدا لەگەڵ هونەرمەندانی (پرد)ی ئەڵمانیدا

دروست نەکردبوو بەڵکو لە ئەنجامی هەوڵ و کۆششی خودی خۆیدا بوو بۆ گەڕان بەدوای ڕووناکی و مانا لە هونەر، وەک گونجان و سوود وەرگرتن لە لایەنی تیشک لەلای ڕامبراند و لە تراژیدیا لەلای گۆیا و لە لایەنی مرۆڤیش لەلای دۆمیێ.



جۆرج ڕووۆ. کرێکارێکی لاو لەسەر وێنەی خودی هونەرمەند ١٩٢٥

بەلای (رووۆ)وە هێندە گرینگ نەبوو یەکێ تابلۆیەکی لێ بکڕێ یان نەء. هیچ کات لەسەر خواستی خەڵکی سادە کاری نەدەکرد. لەمەشدا دیسانەوە سوودی لە ڕامبراند وەرگرتبوو، خەستی و قورسایی خستبووە سەر ئێش و ئازاری مرۆڤ وەک لەوەی کە تابلۆیەک دروست کات بۆ ڕازانەوەی ژووری ماڵە دەوڵەمەندێ. هەر بۆیەشە ئەو بەتوندی دژی گشت زەخرەفەو ڕازانەوەی تابلۆ بوو، تا دەگاتە ڕەفزکردنی تیۆرەکانی (باوم گاردن دەربارەی جوانی (Alexander Baum-garten) هەمان سەرچاوە pierre courthion نەک تەنیا پیکاسۆ، (رووۆ)یش لە ساڵی ١٩٠٥دا بەقۆناغی شیندا تێدەپەڕێ، ئەگەرچی شین لای ڕووۆ جیابووە وەک ئەوەی لای پیکاسۆ، لای ڕووۆ تەنیا ڕەنگ نەبوو بەقەد ئەوەی ڕەنگدانەوەی ڕۆح بوو.



## مارک شاگال

هاوبەشی مارک شاگال ١٨٨٧-١٩٨٥ لەگەڵ (جۆرج ڕووۆ)دا لە دەربڕینخوازی ئاینی جگە لە بابەتە ئاینیەکانیان زیاتر لە ئەتمۆسفیری ڕەنگەکانیان دایە وەک لە شێوە یان داڕشتنی تابلۆکانیان.


لای شاگالیش ڕەنگی سوور و شین و سەوز و زەرد و وەنەوشەیی و دوا ڕەنگە زیندووەکان، بەهێڵی ڕەش شێوەیان تیا دروست کراون. شاگال لە زۆربەی تابلۆکانیدا یەکەم جار ڕەنگی داناوە و پاشان بەهێڵێکی ڕەشی نا ئەکادیمی وێنەی مرۆڤ یان مرۆڤ و ئاژەڵ و خانوو و ماڵ و داروددرەختی دروست کردووە، بەجۆرێ کە هێمنییەک و قووڵییەکی بەتابلۆکە بەخشیوە. ئەم هێمنی و قووڵییەیش لە ئەنجامی بڕوابوون و بەستنەوەی سەرجەمی هونەرەکەی ئاینیەوەبووە. شاگال لە خێزانێکی جوولەکەی هەژار لە شاری (Witebsk ڤیتەبسک) لە ڕووسیا لە دایک بووە. سەرەڕای خوێندنی ئەکادیمی نەیهێشتووە یاسا ئەکادیمیەکان بەسەر ڕۆحی ئاینیەکەیدا زاڵ بن، هەر بۆیەشە ئەو بەهیچ جۆرێ لە بەکارهێنانی هێڵ و دانانی ڕەنگەکانیدا نیشانی نادا، ئەمەش ڕێگایەکی پان و بەرینی بۆ ئازادکردنی شێوە ڕەنگەکانی خۆش کردووە، هەروەها گشت هێڵ و پەڵە ڕەنگەکانی زیاتر بەرۆحەوە بەستووەتەوە (بڕوانە Elena Tasseva).

هونەری شاگال هونەری ئاسانکردنەوەی هێڵ و ڕەنگن. هێڵەکانی شاگال هەندێ جار پچڕپچڕ و هەندێ جاریش پان و بەردەوامن. لە حاڵەتی هەندێ کارە گرافیکەکانی دا نەبێ بەدەگمەن ئەو هێڵی باریک و بەردەوامی لە شێوەکانی بەکارهێناوە.

شێوەکانی (شاگال) نە ئەناتومی تیا دیارن و نە دیدگا و نە بایەخییشی بەرێژە داوە. ئەو ویستوییەتی بابەتی ئاینی و خەون و خۆشەویستی و سروشتی پێ دروست بکات. تەواو ئازادبن لە ئینشائی واقیعی و زیاتر لەگەڵ دونیای خەون و خەیاڵدا تێکەڵاوبن. هەر بۆیەشە سوریالییەکان شاگالیان بەیەکێ لە سەرچاوە و ڕێخۆشکەر بۆ خۆیان داناوە. (بڕوانە بەشی سوریالیزم)، یەکێ لە سەرچاوەی هونەری شاگال هونەری ئیکۆنی ڕووسییە (Ikone).

ئەو هەر لە سەرەتای ژیانی هونەرییەوە خۆشەویستی بۆ ئیکۆنی ڕووسی هەبووە و لەو ڕێگایەوە پەیوەندی هونەرەکەی و ئاین بەهێزتر بووە و ڕێگای بۆ بابەتە ئاینییەکانی

داهاتووی خۆشتر کردووە. سەرچاوەی ئاینی لای (رووۆ) بابەتەکانی (ئینجیل)ن، بەڵام لای شاگال بابەتەکانی تەوراتن. کە هونەرەکەی تەواو تێکەڵ بەئاینی جوولەکەی کردووە. لە بەکارهێنانی ئەستێرە شەش گۆشەکەی داڤیدەوە تادەگاتە وێنەکردنی دەموچاو و شێوەی مرۆڤی ئاینی جوولەکە و چیرۆکی موسا و یوسف و پیاوە ئاینیەکان تا بەبەستنەوەی پەیوەندی خۆی و خێزانەکەیشی. ئەمە جگە لەوەی کە دڵسۆزی شاگال نیشان دەدا بەرامبەر دیانەتەکەی دەکرێ وەکو پتەوکردنێکی ناسنامەی خودی شاگالیش تەماشا بکردرێ. (بڕوانە Franz meyer) خۆشەویستی شاگال بۆ وێنەکردنی ئاژەڵ و تێکەڵاوکردنی لەگەڵ ژیانی مرۆڤدا گەڕانەوەیەکە بۆ سەردەمەکانی منداڵی و ژیانی ساکاری جوتیاری خێزانەکەی کە تاکو ساڵەکانی کۆتایی ژیانیشی وەکو بابەتێکی خۆشەویست لەگەڵیدا بووە، دەیەوێ بەڕەنگە زیندووەکانی خۆشەویستی خۆی پێ بسەلمێنێ، جگە لەلایەنی ئاینی دەکرێ شاگال وەکو هونەرمەندی خۆشەویستی و شیعری (لیرکیی)یش ببینرێ، ئەگەرچی لە پاریس بەفۆڤیزم و کوبیزمی فەرەنسی ئاشنا بوو لە هەندێ لە کارەکانی ئەوسایدا بەکاریانی هێنان، بەڵام هەمیشە خەسڵەتێکی شیعری بەئەتمۆسفیری ڕەنگ و شێوەکانی دەدا بەجۆرێ کە فیگەرەکانی هێندە لە دونیای هەستەوە نزیک بن، هێندە لە عەقڵ و دونیای شێوەی ئەندازیارییەوە نزیک نەبن، وەک ئەوەی هێندە لە دونیای خەون و خەیاڵەوە نزیک بن هێندە لە دونیای واقیعەوە نزیک نەبن.بۆیە ئاساییە لەکارێکی شاگالدا مرۆڤ ببینین کە سەرەکەی ئاژەڵ بێ یاخود ئاژەڵ ببینین کە لە چەشنی مرۆڤ دوو پێی هەبێ و جلوبەرگی لەبەر بێ. تێکەڵاوکردنی وێنەی مرۆڤ و ئاژەڵ لای شاگال شکاندنی سنوورەکانی واقیعە بەرەو دنیای خەونەوە، دروستکردنی ئازادییەکی بێ سنوورە کە کارەکانی زیندوو کردووە، هەر بۆیەشە شاگال تەنیا هێڵ و شێوە و ڕەنگی بۆ



مارک شاگال. من و گوندەکە ١٩١١



زیندووکردنی کارەکانی بەکارنەهێناوە، بەڵکو بۆ جۆری وێنەکردنی مرۆڤ و ئاژەڵەکانیشی، پەیوەندییان لەگەڵ یەکدا، کاتێک کە سەری مرۆڤەکە پێویستی بەگۆڕین هەبوو، ئەو بەپێی خواست و خەیاڵی خۆی سەر و دەست و پێیەکانی گۆڕیوە، تا ئەو ڕادەیەی لە هەندێ تابلۆیدا سەری مرۆڤەکان بەسەرمەقولانجی ڕەسم کراون، زۆرجاریش لەجیاتی تەیروتوال مرۆڤ و ئاژەڵ لەسەر دارەکان و یان بەئاسمانەوە دەفڕن. بەم جۆرە دەربڕینخوازی بەمانا قیژە و دژواریەکەی دوورە لە دنیای شاگالەوە. ئەم گشت زیندوویی و ڕەنگ و شێوەی کارەکانی ئەوە ناگەیەنێ کە ژیانی گشتی خۆشی و شادی بووە، شاگال لە ڕووسیا نەحەواوەتەوە و لەگەڵ هونەرمەندانی کۆنستروکتڤیزم وسۆپەرماتیزم و دوا هونەرمەندانی تەجریدی ئەندازیاری ڕووسیادا بەینی هێندە خۆش نەبووە و هەمیشە لە ململانێدا بووە لەگەڵ کازیمیر مالێڤچدا تاوەکو جێگای بۆ چۆڵ دەکات وەک سەرۆکی ئەکادیمیای Witebsk و سەری خۆی هەڵدەگرێ بۆ دەرەوەی ڕووسیا لە بەرلین لەگەڵ (هیرڤارد ڤالدین)دا ئەزموونێکی تاڵی دەبێ (Mario Bucci) لەکاتێکدا کە (ڤالدین) پشتی لە گشت هونەرەکانی دیکە کردبوو تا دەگاتە فۆتۆریستەکان.

شاگال سەفەر بۆ فەرەنسا دەکا، یەکەمجار خوارووی فەرەنسا پاشان پاریس و لەوێوە بۆ نیویۆرک، بەڵام پاش جەنگی جیهانی دووەم دیسانەوە دەگەڕێتەوە خوارووی فەرەنسا و ئەوێی لە گشت شوێنەکانی دیکە لا خۆشتر دەبێ (بروانە Mario Bucci). شاگال تەنیا هونەرمەندی ڕەسم و گرافیک نابێ، بەڵکو لە بواری شانۆشدا کاری کردووە، وەک دروستکردنی دیکۆری شانۆ و دانانی جلوبەرگی ئەکتەرەکان.

## کۆتایی دەربڕینخوازی ئەڵمانی

ڕێبازی دەربڕینخوازی ئەڵمانی کتوپڕکۆتایی پێ نەهات، بەڵکو جەنگی جیهانی یەکەم گەورەترین زەربەی لە دەربڕینخوازی ئەڵمانی دا بێجگە لە کوشتنی ئۆگوست ماکە لە ١٩١٤ و فرانس مارک لە ١٩١٦ کە بووە هۆی پەرشوبڵاو بوونەوەیان و هەڵاتنی کۆمەڵێ لە هونەرمەندانی گرینگی دیکە وەک: ڕاکردنی کاندنسکی لە سویدەوە بۆ یەکێتی سۆڤیەت، هەڵاتنی ئەلکسی فۆن یاڤلنسکی بۆ سویسرا، بەمە گرووپی ئەسپ سوارە شینەکان نەمان. هونەرمەندانی (دی بروکە)ش زۆربەیان خۆیان کردە سەربازی جەنگ لەکاتێکدا کە لە بەرلین گەیشتبوونە لوتکەی گەشەی هونەریان و هەر لە بەرلینیش

کۆتاییان بەگرووپەکەیان هێنا. بڕوانە (Dietman Elger).

هونەرمەندانی دەربڕینخوازی ئەڵمانی لە ناوەڕۆکدا هونەرمەندانی سیاسەت نەبوون، بەڵام بارودۆخی سەختی وڵاتەکەیان لە جەنگی جیهانیدا زۆربەیانی بەرەوە سیاسەت ڕاکێشا. P. Vogt ئەمیل نولدەی لێ دەرچێ کە لە چەشنی پەیوەندی ماتیس لەگەڵ فۆڤیزمدا بەردەوامی بەهونەرەکەی خۆی داو تاکو مردن نوێنەرایەتی دەربڕینخوازی ئەڵمانی کرد. پاش تەواوبوونی جەنگ و گیرسانەوەی بارودۆخی ئەڵمانیا چەندین گرووپی هونەری بەرۆحی دەربڕینخوازییەوە دروست بوونەوە لەمانە دیسان هەر لە درێسدن گرووپی ستیچیۆن لە ساڵی **١٩١٩** لە سەرووی ئەڵمانیا، گرووپی دەربڕینخوازی نوێ کە لە دەوروبەری ئیرنست بارلاخ Ernst Barlach کۆبوونەوە، تەنانەت دروستبوونی قوتابخانەی باوهاسیش هەر بەرۆحێکی دەربڕینخوازییەوە دروست بووبوو کە پاشان بەپرۆگرامێکی دیکە کاری کرد.

هونەرمەندان ئۆتو دیکس Otto Dix و جۆرج گرۆز هونەرەکەیان تێکەڵاوی بابەتە واقیعییەکان کرد و لەژێر ناوی واقیعی تەعبیردا کاریان دەکرد، بەڵام هونەرمەند ماکس بێکمان Max Beckman وەکو هونەرمەندێکی پاش جەنگ بەرۆحێکی دەربڕینخوازییەوە ڕێبازێکی تایبەت بەخۆی پەرەپێدا کە زیاتر بەئەتمۆسفیری شارەوە گرێدراو بوو.

ئەمە وەکو کاریگەری جەنگی جیهانی و بارودۆخی ناو خودی ئەڵمانیا. لەلایەکی دیکەشەوە دروستبوونی گرووپی دادابییەکان لە زیورخ لەسەر پرەنسیپێک بوو کە تەواو بەپێچەوانەی دەربڕینخوازی بوو، ئەوان بەپێویستیان دەزانی لەگەڵ خۆ ئاشکراکردنی خۆیاندا لە هەمان کاتدا ئاشکرایی نەمانی دەربڕینخوازی بکەن سەرەنجام بەبڕوای ئەوان ڕۆحی سەردەمەکە دەربڕینخوازی قەبووڵ نەدەکرد.



## ئەسپ سوارە شینەکان Die Blaue Reiter

دروستبوونی پرۆگرامی هونەری ئەسپ سوارە شینەکان Die Blaue Reiter هێندە پەیوەندی بەگرووپی هونەری (پرد)ی ئەڵمانییەوە نییە، ئەوان نەک تەنیا لەژێر کاریگەری کۆمەڵەی هونەری (پرد)دا دروست نەبوونە، بەڵکو لە ڕووی هونەریشەوە لە یەکەوە دوور بوون. لە کاتێکدا توندوتیژی و دژواری و قیژاندن سیفاتی ڕەنگەکانی هونەرمەندانی پرد بوو، ڕەنگ لە تابلۆکانی هونەرمەندانی ئەسپ سوارە شینەکان هێمن و شەفاف و هارمۆنی و سووک بوو و ڕەهەندێک ڕۆحی بەرەو ناوەوەی هەبوو. بەپێچەوانەوە ڕەنگی نارنجی و سوور و ڕەش و ڕەنگە تۆخەکان بەسەر تابلۆی هونەرمەندانی پرد و سەرجەمی دەربڕینخوازە ئەڵمانییەکاندا زاڵ بوو. لای ئەسپ سوارە شینەکان زەردی کاڵ و سوور و پەمەیی و سپی و سەوزی تۆخ و کاڵ لە هەمووی زیاتر ڕەنگی شین بەگشت تۆنەکانییەوە زۆر لایان خۆشەویست بوو. بەگشتی ئەوەندە لە ئەتمۆسفیری ڕەنگی فۆڤیزمە فەرەنسییەکان و هونەری میللی ڕووسییەوە نزیک بوون، هێندە لە ئەتمۆسفیری ڕەنگی دەربڕینخوازی نزیک نەبوون. ئەوان دەیانەویست ڕەنگ لە موزیک نزیک بکەنەوە زیاتر مێدیتاتیف[1] بێ وەک لەوەی کە بقیژێنێ.

لێرەدا من (دەربڕین) لە ڕێبازی دەربڕینخوازی ئەڵمانی جیادەکەمەوە، پێش دەستپێکردنی هونەرمەندانی پرد (دی بروکە) لە زۆر کاری هونەریدا خەسڵەتی دەربڕینی هەبوو وەک لای ڤان کۆخ و پێش ئەویش دۆمییێ و لە پێش گشتیشانەوە گۆیا، لێرەدا دەکرێ زنجیرە کارەکانی کاپریچۆ و قۆناغی ڕەسم کردنی ڕەشی گۆیا، کاتێ کە لە ئەنجامی قەیرانێکی نەفسیدا دروستیانی کردبوو، نەک تەنیا وەک ڕێخۆشکەر بۆ دەربڕینخوازی سەدەی بیست لە قەڵەم بدەین بەڵکو وەکو سەرچاوەش بۆی.

حاڵەتی دەربڕین لە ڕەسم کردندا کاتێ زاڵ دەبێ کە قەیران هەبێ، بەتایبەتی قەیرانێک کە دەروونی هونەرمەندەکە بپێکێ وەک ئەوکاریگەریانەی کە بوونە هۆی دروستبوونی ڕێبازی دەربڕینخوازی ئەڵمانی، لای گۆیا و ڤان کۆخیش هەمان ئەزمەی دەروونی ڕوخساری دەربڕینخوازی تیایاندا دروست کرد. خەسڵەتی دەربڕینخوازی تاڕادەیەک لە جۆری ڕەنگ دانانی هونەرمەندانی میونشنی سەرەتای سەدەی بیستەوە دەرکەوتبوو.

١- meditativ = متأمل = بیرکەرەوە.

میونشن (میونخ) ئەوسا شارێکی گەورەبوو، ئەگەرچی خۆی لە ئاستی پاریس و لەندەن نەدەدا بەڵام گشت خەسڵەتەکانی شاری گەورەی تیا دروست بووبوو. (شێوازی مۆدێرن) ئەوسا لە میونشن بەپاڵپشتی گۆڤاری یوگند، Jugend لە گشت ڕێبازە هونەرییەکان زاڵتر بوو. هەرچەندە سیمبۆلیزم ئەوسایش هێشتا بەکاربوو، هونەرمەندی سیمبۆلیزم فرانس فۆن شتوک کە کاندنسکی و یاڤلنسکی قوتابی ئەوبوون، ئەوەدەمە وەکو هونەرمەندێکی پاشای هونەر تەماشا دەکرا. بەڵام لە مۆدێرنەی سەرەتای سەدەی بیستەمدا هیچیان بەئەندازەی کاندنسکی کردار نەبوون. دەکرێ کاندنسکی نەک تەنیا وەکو داینەمۆی مۆدێرنە لە خوارووی ئەڵمانیا لە قەڵەم بدەین، بەڵکو وەکو داینەمۆیەک بۆ مۆدێرنە بەگشتی و وەکو سەرەتایەک بۆ دووبارە نوێکردنەوەی هونەر بەتایبەتی. سەرەنجام ئەو مێژوونووسانە ناهەقیان نەبووە کە کاندنسکی بەباوکی مۆدێرنە دەناسن و هەندێکیشیان سەرەتای مۆدێرنە دەگێڕنەوە بۆ کاندنسکییەوە.

دەست پێکردنی پرۆگرامی هونەری ئەسپ سوارە شینەکانیش دیسانەوە بەڕادەی سەرەکی بۆ هەوڵدانەکانی کاندنسکی دەگەڕێتەوە.


هونەرمەندبوونی کاندنسکی تەنیا لە داهێنان و بەردەوام نوێکردنەوەی کاری هونەریدا نەبوو بەڵکو لەوەیشدا بوو کە هەمیشە لەگەڵ هونەرمەندی گەنجدا گرووپ و تاقمی هونەری دروست دەکرد. لە سەرەتادا لە ساڵی ١٩٠١ گرووپی هونەری فالانکسی پێک هێنا Phalanx کە تاکو ساڵی ١٩٠٤ی خایاند، ئینجا یەکێتیەکی نوێی بۆ هونەرمەندان دروست کرد کە تەنیا لە هونەرمەندە لاوەکان پێکەنەهاتبوو، بەڵکو زۆربەی هونەرمەندانی بەکاری ئەوکاتەی میونشنی گرتبووە خۆ. بەڵام ئەم یەکێتیەکی لەبەر نەگونجانی ئەندامەکانی و لەبەر جیاوازی بیروبۆچوون و جۆری کارکردن هێندەی نەخایاند هەڵوەشایەوە، لە (١٩٠٩ بۆ ١٩١١) درێژەی خایاند. هۆی هەڵوەشاندنەوەکەیشی زیاتر نەگونجانی هونەرمەندە نوێخوازەکان بوو لەگەڵ فیکر و جۆری کارکردنی هونەرمەندە تەقلیدییەکاندا. ئەمە بووە هۆی دەرچوونی کاندنسکی و فرانس مارک پاشان ئەلکسی فۆن یاڤلنسکی و گابریلە مونتەر و ماریانا فۆن فیرفکینیش هاتنە پاڵیان.

لە سەختی کێشە و بەرەی جیابوونەوەی هونەرمەندە نوێخوازەکان لە تەقلیدییەکاندا کاندنسکی و فرانس مارک بیریان لە پێکهێنانی شێوەیەکی دیکەی بەیەکەوە کارکردن کردووە، ئەم جارە لەژێر ناوی ئەسپ سوارە شینەکاندا Die Blaue Reiter (دی بلوو ڕایتەر) خۆیان ڕاگەیاند.



گرووپی (ئەسپ سوارە شینەکان) لە ڕاستیدا ناونیشانێ بوو بۆ دانانی کتێبێ کە زۆر لە هونەرمەندە نوێخوازەکان لە تەک ئەدەب و موزیک و فیکری نوێی ئەوکاتە بگرێتە خۆ، لە هەمان کاتدا لەژێر ناوی (ئەسپ سوارە شینەکان) هونەرمەندە شێوەکارەکان بتوانن پێشانگاکانی خۆیان ڕێک بخەن سەرەنجام ژوورەکانی یەکێتی نوێی هونەرمەندان جێگا بۆ پێشاندانی کاری ئەو هونەرمەندە نوێخوازانە نەما. بەم جۆرە کاندنسکی و فرانس مارک کەوتنە جموجۆڵ، لە ناوەڕاستی مانگی ٩ی هەمان ساڵی ١٩١١ ناوی (ئەسپ سوارە شینەکان)یان بۆ بەیەکەوە کارکردن دانا و لە ١٢/١٨ی هەمان ساڵدا خۆیان ئاشکرا کرد.

کاندنسکی لە سەرەتای هاتنیدا بۆ میونشن لە فرانس مارک نزیکبووەوە، تا دەهات برادەراتییەکەیان بەتینتر دەبوو تاکو لە (بلوو ڕایتەر)دا گەیشتە لوتکەی. بەم جۆرە مایەوە تاکو مردنی فرانس مارک لە جەنگی جیهانی یەکەمدا. پێشتر فرانس مارک بەردەوام بوو لە نامەگۆڕینەوە لەگەڵ ئۆگۆست ماکەی برادەری کە لە شاری بۆن دەژیا و دەربارەی گشت پرۆژە و کارە نوێیەکان بەیەکەوە ڕاوبۆچوونیان دەگۆڕیەوە. (ئۆگۆست ماکە)یش خۆشحاڵی خۆی بۆ (بلوو ڕایتەر) دەربڕی و هەستی بەنزیکبوونەوە کرد لەگەڵیاندا بەتایبەت (ماکە) ئەوەدەمە زیاتر لەژێر کاریگەری هونەری فەرەنسیدا کاری دەکرد و لە گشتیشیان زیاتر کاریگەری ڕۆبەرت دێلۆنی لەسەربوو Robert Delouny. لە هەمان کات دێلۆنی لای کاندنسکی و فرانس مارکیش بەهەمان شێوە خۆشەویست بوو و خستبوویانە ناو پرۆگرامی خۆیانەوە. ئەمە زیاتر هانی ماکەی دا لە بۆن – ەوە بگوازێتەوە بۆ میونشن. جگە لەوەش هەستی بەتەنیایی و بێزاری دەکرد لە کەمی جموجۆڵی هونەری و بچووکی شاری بۆن و کۆنەپارێزی دانیشتووانی لە چاو شاری میترۆپۆلی میونشن و جموجۆڵی گەورەی هونەر و ڕۆشنبیری، لەگەڵ ئەمانەشدا ڕۆڵی شوینبێرگ لە موزیکدا لە شاری میونشن دیاربوو. دواتر بێجگە لە کاندنسکی و


ئۆگویست ماکا. تونس ١٩١٤

فرانس مارک (Franc Marc) ئۆگۆست ماکەیش Augast Macke هاتە پاڵیان. هێندەی نەخایاند ئەلکسی فۆن یاڤلنسکی Lexej Van Jawlensky و گابریلە مونتەر Gabrila Münter و ماریانا فون فیریفکین Marjana Van Werfkin و هونەرمەندی موزیک ئەرنۆلد شوینبێرگ Arnold Schônberg یش هاتن.

کتێبی (ئەسپ سوارە شینەکان) کە لە هەمان کاتدا (ئەلمەناخ) Almanach یشی پێ دەگوترا وەکو کاندنسکی و مارک پلانیان بۆی دانابوو دەبێ کۆمەڵێ دەقی هونەری و وێنەی چەند کارێکی هونەری جۆراوجۆر لە خۆی بگرێ لە کاری هونەرمەندان خۆیانەوە تا دەگاتە کاری هونەری ئەفەریقی ساکار و هونەری میسری کۆن و هونەری یابانی و خۆرهەڵاتی خوارووی ئاسیا. هەروەها کاری ئەو هونەرمەندە هاوچەرخانەیش کە کارەکانیان لای هونەرمەندانی (ئەسپ سوارە شینەکان) خۆشەویست بوو وەک: ماتیس و سیزان و دێلۆنی و کۆکۆشکا و هەندێ لە کارە گرافیکەکانی هونەرمەندانی (پرد) و پیکاسۆ و هونەری مللی بایەرن تا دەگاتە خۆشەویستییان بۆ کارەکانی هنری ڕۆسۆ کە چەندین لە کارەکانی لە کتێبەکەیاندا [بلوو ڕایتەر (ئەلمەناخ)] بڵاوکرایەوە. دەقە هونەریەکانیش زۆربەی لەلایەن هونەرمەندانی (بلوو ڕایتەر) خۆیانەوە نووسرابوون وەک (دەربارەی شێوە) لەلایەن کاندنسکی خۆیەوە، دەقێک دەربارەی شتومەکی ڕۆحی لەلایەن فرانس مارکەوە نووسرابوو


یاڤلنسکی. دەسماڵێکی شین ١٩١٢

دەقێ بەناونیشانی ئەڵمانە وەحشییەکان، دیسانەوە فرانس مارک نووسیبووی، گوتارێ بەناوی ڕووسییە وەحشیەکان کە (بۆر لویک) نووسیبووی D. Burljuk. (بڕوانە کتێبی Blaue Reiter)، ئۆگوست ماکەیش دەقێکی دەربارەی ماسک (قیناع) تیا بڵاوکردبووەوە، ئەرنۆلد شوینبێرگ دەربارەی موزیکی ئەڵمانی و میوزیک بەگشتی چەند دەقێکی نووسیبوو. شایانی باسە کاندنسکی و فرانس مارک جگە لەم بابەتانەی باسم کرد، چەندین وتاری دیکەشیان لە کتێبی (ئەلمەناخ) نووسیبوو. جگە لەم هونەرمەندانە



کتێبەکە بریتی بوو لە چەندین وتار و وێنەی دیکە کە مەرج نەبوو تەنیا دەربارەی هونەر و موزیک بێ، بەڵکو دەربارەی هەر شتێکی دیکە کە پەیوەندی بەهونەرەوە هەبێ، وەک فیکر و ئەدەب تا دەگاتە ئاین، بەتایبەتی ئاین لە ڕووسیا (هەمان سەرچاوە).

کتێبی بلوو ڕایتەر –ئەلمەناخ – لەگەڵ کتێبەکەی کاندنسکی دەربارەی ڕوحانیەت لە هونەردا لەهەمان ساڵی ١٩١٢ کەوتە بەردەست خوێنەر.

(بلوو ڕایتەر) تەنیا لە سنووری کتێبدا نەوەستایەوە بەڵکو لەژێر ئەم ناونیشانەدا هونەرمەندانی بەشداربووانی کتێبەکە چەندین پێشانگایان بۆ کارەکانی خۆیان ڕێکخست. یەکەمەکەیان لە ١٨/١٢/١٩١١ کە خۆیان پێی ئاشکرا کرد. ئەم پیشانگایە لە گەلەری (تان هاوزەر) کرایەوە کە ئەوسا پاش داخرانی ژوورەکانی یەکێتی نوێی هونەرمەندان ئەم پیاوە تان هاوزەر (Than hauser) دەرگای گەلەریەکەی بۆیان کردەوە و لەم یەکەمین پێشانگایەیاندا جگە لە کاری هونەرمەندە شێوەکارەکانی (بلوو ڕایتەر) ئەرنۆلد شوینبێرگ هونەرمەندی مویزیکیش بەچەند تابلۆیەک بەشداربوو، هەروەها ڕۆبەرت دێلونی و هنری ڕۆسۆی فەڕەنسیش (بڕوانە ڕۆسۆ Paul Vogt). پێشانگای دووەمیان لە بەهاری ١٩١٢ بوو لە میونشن کە تەواو جێی پێی خۆیان داکوتا و پاشان (هیرڤارد ڤالدین) پشتگیری لێیان کرد و لە ساڵی ١٩١٣ لە گەلەریەکەی خۆی (شتورم) پێشانگایەکی بۆیان ڕێک خست. لێرەوە لە بەرلین و سەرجەم ئەڵمانیا ناوبانگیان دەرکەوت تاکو جەنگی جیهانی یەکەم و مردنی فرانس مارک و ئۆگوست ماکە کۆتایی پێیان هێنا.

بلوو ڕایتەر (ئەسپ سوارە شینەکان) وەک ناوێک لە نێوان (کاندنسکی) و (فرانس مارک)دا دروست بوو لە قاوەخانەیەک لە زیندلدورف Sindeldorf لە نزیکی میونشن کە کاندنسکی و فرانس مارک لەوێ دادەنیشتن و بەدوای ناوێکدا دەگەڕان بۆ پێشانگاکانیان هەڵبەت پاش هەڵتەکانەوەی یەکێتی نوێی هونەرمەندانی میونشن.

هەردوو هونەرمەند حەزیان لە ڕەنگی شین دەکرد. فرانس مارک زیاتر حەزی لە ئاژەڵ دەبێ، بەتایبەتی ئەسپ، لەسەر ئەوە پێک دێن کە فرانس مارک ئەسپەکە بێت و کاندنسکییش ئەسپ سوارەکە بێ، ئەمە وەکو سەرچاوەیەک، لە سەرچاوەیەکی دیکەشەوە دەگوترێ کە کاندنسکی خۆی لە ساڵی ١٩٠٣ کارێکی هونەری لەژێر ناونیشانی (ئەسپ سوارە شینەکە) دروست کردبوو و ئیتر ناو و پرۆگرامی نوێیان بۆ ناوی ئەو تابلۆیە دەگەڕێتەوە.

(بلوو ڕایتەر) گرووپێ یان تاقمێ یان یەکێتیەکی هونەری نەبوو، ئەمەش ئازادیەکی زیاتری بەبەیەکەوە کارکردنیان دابوو، تەنیا دکتاتۆریەتی کاندنسکی و فرانس مارک ئەم هەموو جوولانەوەی دروست کرد ئەمەش وەک شێوەیەک ناوەڕۆکێکی هونەری قووڵ و بەرفرەوان هەبوو.

(بلوو ڕایتەر) بزووتنەوەیەکی هونەری مۆدێرن بوو بەجۆرێ کە نە لە فۆڤیزمی فەڕەنسی دەچوو نە لە (پرد)ی ئەڵمانی، جۆرێکی دی بوو، تێکەڵاوێک بوو لە فۆڤیزمی فەڕەنسی و هونەری ڕێبازی مۆدێرنی ڕووسی. زیاتر هونەری ڕەسم کردن و هێڵکاری و گرافیک بوو، لە کاتێکدا دەربڕینخوازی ئەڵمانی هونەری پەیکەریشی لەخۆ گرتبوو. بلوو ڕایتەر لە قووڵاییدا بانگەوازێک بوو بۆ مۆدێرنە و کتێبەکەشیان مانیفێستەکەیان بوو. مۆدێرنەیەک نەک تەنیا ڕەنگ ئازاد بکا و شێوە نوێ بکاتەوە بەڵکو بیر و هۆشیش نوێ بکاتەوە.

ماوەیەک فرانس مارک کەوتبووە ژێر کاریگەری تیۆرییەکانی (کات و شوێن)ی ئانیشتاینەوە و کاندنسکییش لەژێر کاریگەری مێژوو و هونەرناسی ئەوسای ولیام ورینگەرەوە، کە دەیگوت «مەرج نییە سەرچاوەی هونەر شتە بینراوەکانی ناو واقیع بن، دەکرێ هونەر لە سەرچاوەیەکی تەجریدیشەوە بێتە گوێ». ئەم گوتەیە و سەرجەم موحازەرە و بۆچوونەکانی ورینگەر کوشندە بوون لە ڕێگای تەجریدی کاندنسکیدا کە هەمان ئەو سالانەی (بلوو ڕایتەر) بەئەنجامی گەیاندبوو.

گرینگی و مێژوویی (بلوو ڕایتەر) زیاتر لە کتێبەکەیاندا بوو، (بلوو ڕایتەر - ئەلمەناخ) وەکوتر ئەوان دەیانتوانی بەهەر شێوەیەک بێ ڕێگایەک بۆ بەردەوامی نیشاندانی کارەکانیان دابین بکەن.

هەڵبژاردنی بابەت و کارە هونەرییەکان بەلای کاندنسکییەوە زۆر گرینگ بوون کە پاشان ببێ بەدوکومێنتێکی مێژوویی. هەر بۆیە ئەو هێندە ڕێگای بەنووسین و وێنەی هونەرمەندانی پرد نەدەدا بچنە ناو کتێبەکەوە، تەنیا کارە گرافیکەکانیان نەبێ. چونکە بەڕای کاندنسکی ئەتمۆسفیری ڕەنگ و بیروبۆچوونی کۆمەڵەی پرد لەگەڵ پرۆگرامی (بلوو ڕایتەر- ئەلمەناخ)دا ناگونجێ.



## سەرچاوەکان


1- Gotthard Jedlicka, Der Fauvismus Büchergilde Gutenberg, Zûrich 1961.

2- Karl Rauhrberg, Kunst, des, 20 Jahrhundertes, Taschen, 2000.

3- Alan Bowness, Die Kunst der Moderne, Lichtenberg, 1998.

4- H. H. Arnason, The history of Modern art, Harry N. abrams NY 1986.

5- Jacques Lassaigne, Matisse. Karl Georg Hemmersch).

6- Gabriela Crepaldi, Matisse. V G Bildkunst, Bonn 1998.

7- Werner Timm, Edvard Munch, Kanst und Gesellschaft. Berlin 1973.

8- Alberto Martini & Renata Negri, Cêzanne und der Nachimpressionismus. Schuler Verlags gesellschft München. 1975

9- paul vogt. Expressionismus, Deutsche Malera. zwischen 1905 und 1920. Dumont verlag Koln. 1978.

10- Dietmar Elger. Expressionsmus. Benedikt, Taschan verlag. 1988.

11- Horst Richter, Geschichte der Malerei im 20Jh, du Mont 1974, 77.

12- Lother Günther Buchheim der Blaue Reiter und olie Neue künstlerverinigung Munchen, Buchheim verlay Feldafing 1959.

13- Wassily Kandinsky und Franz Marc, Der Blaue Reiter / piper Munchen zürich. Uberarbeitet Neuausgabe, Dez 1984 von klaus Lankheit.

14- Ernst. Gerhard Güse. Augst Macke, Gemälde, Aquarelle, zeichnug Bruckmann München. 1986.

15- Serge Sabarsky, Egon Schiele, Gemälde, Zeichnngen, und Aquarelle. Insel Mainau. 1994

16- Serge Sabarsky, Egon Schiele, von Schüler zum Meister, Josef Abers Museum 1986.

17- Pierre Courthion, Georges Rouault Da Mont Verlag Kaln. 1980

18- (Matisse in Morocco). John Elderfiedصs essay 1990 The Museun National Gallery of Modern art. Washington.

19- Mario Bucci, marc chagall. Genf 1970. Elisabeth Vananti.

21- Dr. Franz meyer. Zur Kunst von manc chagall 1967.

21- Hilary Spurling. Der unbekannte Matisse Dumont, Köln, 1998.

22- Hans Dischand, Tafelspitz Verlag, Wien, Graz 1986.

23- Johann Winkler, Katharina erling, Oskar Kokoschka, die Gemelde / 1906 - 1929 Verlag Galerie Welz - Salzburg 1995.

24- Frank whitford, Das Portrait in Expressionismus Hirmer Verlag, Munchen, 1989.

25- Chistian M. Nebehay, Egon Schiele, van der Skizze zum Bild, Verlag Christian Brandstatter, Wien. Münchan 1989.

26- E. A. Seemann, KOKOSCHKA UND DRESDEN LEIPZIG. 1996

27- Elena Tasseva, Formen der Aussage in Malerischen werk marc chagalls. In-augural - Dissertation zur Erlangung des Doktorgrades der philosophischen Fa-kultat der universitat zu Koln, 1985.

28- John Elderfreld.

Henri Matisse A Retrospective Thomas and Hudson copyright Museum of Modern art NY. 1992

29- pierre Schneider, Matisse, prestel - verlag München, 1984.

30- Karin Thomas.

Stilgeschichte der Bildenden Kunst im 20Jh bis heute Du Mont, Koln, 1977, 1978. 1998.




# بەشی سێیەم

## نوێکردنەوەی شێوە

«گشت شتەکانی سروشت خۆیان و خڕ و قووچەک و لوولەیی نیشان ئەدەن».

پۆڵ سیزان

پاش ئازادکردنی ڕەنگ لە بەکارهێنانە ناتورالیستەکەی، ئەوەندەی نەخایاند پرۆسەی نوێکردنەوەی شێوەش دەستی پێ کرد. سەرەنجام پێویست بەوە نەما شێوەی کارە هونەرییەکە دەقاودەق وەکو شێوەی شتەکانی سروشت بێ، بەڵکو هونەرمەندانی نوێکەرەوەی شێوە بەپێی خواست و سەربەستی و بینینی نوێیان بۆ شتەکان شێوەیان بۆ کارە هونەرییەکەی خۆیان دادەنا. ئەمەش بەتێکشکاندن و دووبارە بیناکردن و تێهەڵکێشانی شێوە بوو لەناو بۆشایی و مەجالدا، سەرەتای ئەم پرۆسە قووڵ و گرینگە بەکوبیزم دەستی پێ کرد کە لە ئەنجامی پەیوەندییەکی ئۆرگانی مێژوویی لەگەڵ سیزاندا و لەلایەکی دیکەشەوە کاریگەری ماسک و پەیکەری ئەفەریقی و هونەری «میللەتە ساکارەکان»دا. ئەگەرچی مێژووی هونەر پێشانگاکەی سیزانی ساڵی ١٩٠٧ لە پاریس بەخاڵێکی گرینگ بۆ پەیدابوونی کوبیزم دادەنێ بەڵام پیکاسۆ لە ساڵی ١٩٠٦ەوە دەستی بەدروستکردنی چەند سکێچێ کردبوو بۆ تابلۆکەی «خانمەکانی ئەڤینون Demoiselles dصAvignon» کە هەمان ساڵ پێشانگاکەی سیزان ١٩٠٧ تەواو بوو و کەوتە بەرچاوی بینەر و ڕەخنەگران و بوو بەیەکەمین تابلۆی تەواو و ڕێکوپێکی کوبیزم و خاڵی وەرچەرخان لە مێژووی هونەردا. پیکاسۆ ئەو سکێچانەی تەنیا لەژێر کاریگەری سیزاندا نەکردبوو، بەڵکو لەپاڵ سیزاندا کاریگەری ماسک و پەیکەری ئەفەریقی و هونەری کۆنی ئیبری و تابلۆکەی ئەنگرە (حەمامی تورک) لەسەر پیکاسۆ کوشندە بوو.

گرینگی سیزان لە پرۆسەی نوێکردنەوەی شێوە بەتایبەتی لە کوبیزمدا زۆر ناوەڕۆکییە و لەوە دایە کە کۆتایی بەدیدگای ناتورالیزمی هێنا کە بووە هۆی شۆڕشێک لە بینیندا و چالاکبوونی ڕۆڵی خود بۆ دروستکردنی هێزی تصور «وێنا» کە بەهۆیەوە هونەرمەندی نوێکەرەوەی شێوە بتوانێ شێوەی نوێ لەناو بۆشاییدا دروست بکا. ئەمە خاڵی گرینگ و

سەرەتابوو لە نوێکردنەوەی شێوە کە یەکەم جار کوبیزمی لێ دەرچوو پاشان بەرفرەوانکردنی چەمک و سنوورەکانی مەجال «فەزا».

بەم جۆرە یەکەمین هەنگاوی تێکشکاندنی شێوە و دووبارە بیناکردنی بەهێزی (تصور) لەناو بۆشاییدا کوبیزم کردی کە پیکاسۆ و براک و خوان گریز لەلایەکەوە و گرووپی گلیز و میتزنجیریش لەلایەکی دیکەوە کاریان تێیدا دەکرد.

پیکاسۆ و براک زیاتر سەرقاڵی کاری پراکتیکی بوون و کوبیزمیان بەقۆناغی شیکاری و سەنتێتیدا برد تاکو هونەرمەندانی هونەری «پوریزم Purisme» سنووریان بۆی دانا و نەیانهێشت زەخرەفە و فاکتەری دەرەوی ئەورووپی تێ بکەوێ. لەلایەکی دیکەشەوە گرووپی گلیز و میتزنجیر کاری تیۆرییان بۆی کرد، وەک بەشداریەک بۆ چۆنێتی گەشەکردنی کوبیزم لەپاڵ کارە پراکتیکەکانیاندا کە بەتەریبی کوبیزمی شیکاری و سەنتێتیکی پیکاسۆ و براک و گریزدا تابلۆی کوبیزمیان دەوڵەمەندتر کرد. لە گشت قۆناغەکانی کوبیزمی شیکاری و سەنتێتیکی و کارەکانی گرووپی گلیز و میتزنجیردا تابلۆی کوبیزم دوو ڕەهەندی وەرگرتبوو: هونەرمەند بەهێزی خەیاڵ و تصور شێوەی پارچە پارچە دەکرد و دووبارە لەناو مەجالێکی دیاریکراودا کە دیسانەوە هونەرمەندەکە بە(تصور) دروستی دەکردەوە فۆرمەکانی بەیەکەوە دادەنا و شێوەی نوێیانی پێ دروست کرد، تاوەکو کارکردنی هونەرمەندانی ڕووس. لە کوبیزمدا ئیدی مەجال تەنیا لەناو مێشکی هونەرمەندا نەمایەوە و تابلۆیش لە دوو ڕەهەندی چووە دەرێ و گوڕ درا بۆ کاری سێ ڕەهەندی و ئۆبجێکت و بینا.

کارمیر مالێڤچ ڕەنگ و شێوەی لە کوبیزمدا کورت کردەوە تا ڕادەی ڕەنگی ڕەش و شێوەی چوارگۆشە و دروستکردنی هونەری سوپەرماتیزم.

«ئال لیسیتسکی»یش بەعەقڵێکی ماتماتیکی و تەکنیکییەوە کارە سوپەرماتیزمە دوو ڕەهەندییەکانی مالێڤچی گۆڕی بۆ ئۆبجێکت و کاری سێ ڕەهەندی، ناوی «پرۆن»ی لێیان نا، دیسانەوە مالێڤچ سوودیان لێ وەردەگرێ لە شێوە سوپەرماتیزمە دوو ڕەهەندییەکانی شێوەی بیناسازی (سێ ڕەهەندی) دروست دەکات، سوپەرماتیزمەکەی دەگوێزێتەوە بۆ قۆناغێکی نوێتر، کەپوختە لەگەڵ مەجالێکی واقیعیدا (لە دەرەوەی تصور). پاشان تاتلین کە لەوەپێش کارێکی پیکاسۆی کونسترەکتیڤیزمی بینیبوو، سوود لە «پرۆن»ی لیسیتسکی و قۆناغی دووەمی سوپەرماتیزم وەردەگرێ بۆ دروستکردنی هونەری کونسترەکتیڤیزم Constructivism کە سنوور و چەمکەکانی «مەجال» و بۆشایی و شێوە



هێندەی تر بەرفراوان دەکات بەجۆرێ کە دیسانەوە ئال لیسیتسکی دەکەوێتە ژێر کاریگەریانەوە. بەم جۆرە سوپەرماتیزم و پرۆن و هونەری کونسترەکتیڤیزم – ە هێندە تێکەڵاوی یەکدی دەبن و کار لە یەکدی دەکەن، دەبنە جۆرێکی تایبەتی بۆ هونەرمەندانی ڕووس بۆ کارکردن لە شێوە و بۆشایی و مەجالدا کە کاریگەریان بەسەر کۆمەڵێ هونەرمەند و گرووپی هونەری دیکە بوو وەکو هونەرمەند لازلو مۆلی نەج و قوتابخانەی باوهاوسی ئەڵمانی و (دو ستیل)ی هوڵەندی.

## کوبیزم Cubism

ئەمپرسیۆنیزم و فۆڤیزم و دەربڕینخوازی ئەڵمانی و هونەرمەندانی ئەسپ سوارە شینەکان کارکردن بوون لە ڕەنگدا . ئەمانە گشت قورسایی خۆیان خستبووە سەر چۆنێتی بەکارهێنانی ڕەنگ و نوێکردنەوەی جۆری بەکارهێنانی، بەتایبەتی فۆڤیزم وەک یەکەمین هەنگاوێکی نەترسانە ڕەنگی بەتەواوەتی لە پەیوەندی لەگەڵ سروشتدا جیا کردەوە. جگە لەم گۆڕانکارییە گەورەیە، بوون بەرێخۆشکەر بۆ ڕێباز و قوتابخانەیەکی گرینگ کە شێوەی لە بنەڕەتەوە گۆڕی.

هەرچەندە کوبیزم دیسانەوە کارکردن بوو بەڕەنگ بەڵام ئەم کارکردنە لە پێناوی شێوەدابوو، لە پێناوی گۆڕان و تازەکردنەوەی شێوەدابووە، لە قۆناغی کوبیزمدا گشت ڕەنگ و هێڵ و ڕووبەر و بیرۆکە بۆ نوێکردنەوەی شێوە بەکارهێنرا تا ئەو ڕادەیەی کە شێوە دەبێت بەبابەت و ناوەڕۆکی کاری هونەری، ئەم گۆڕانکارییە هێندە کوشندە و گرینگ بوو کە بەشۆڕشی کوبیزم ناسراوە.

لە فۆڤیزم و دەربڕینخوازیدا هەندێ جار ڕۆح و دین و بابەت و هەندێ جار بابەتی مرۆڤایەتی و سروشت و شاعریەت و بیرۆکە ڕەچاو دەکران. بەڵام کوبیزم هات و گشت ئەم لایەنانەی خستە لاوە و قورسایی خۆی خستە سەر نیشاندانی جۆرەکانی شێوە و چۆنێتی گۆڕانکارییەکانی و ئازادکردنی لە سروشت و بەکارهێنانە ئەکادیمییەکەی. ئیتر لەجیاتی ڕەنگی جوان و پڕ دەربڕین شێوەی نوێ و ئازاد جێیانی گرتەوە. لەجیاتی گەیشتن بەئاستێک لە جوانی، پەیوەندییەکانی ڕەنگ و هێڵ و ڕووبەرو چۆنێتی نوێکردنەوەی شێوە بوونە ئامانجی کاری هونەری. لەجیاتی دەربڕین بەڕەنگ یان بەهێڵ، کوبیزم بووە دەربڕین لەشێوە.

کوبیزم عەقڵانییەت بوو لە هونەری شێوەکاریدا، ئەو ڕۆڵەی کە هەست و ڕۆح لە ئەمپرسیۆنیزم و فۆڤیزم و هونەری دەربڕینخوازیدا دەیبینی عەقڵ لە کوبیزمدا بینی.

کوبیزم بینینی لە چاوەوە گۆڕی بۆ چاو و عەقڵ بەیەکەوە وەکو یەکەیەکی دانەپچڕاو. یەکەم جار بوو لە مێژووی هونەری شێوەکاریدا کە عەقڵ بکەوێتە پێش هەست و ڕۆحەوە، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو سەرچاوە و پەیوەندییانەی کە بوونە هۆی لە دایکبوونی کوبیزم. ئەمانەش بەڕادەی یەکەم سۆیرە و سنیاک و سیزان بوون، بەڵام لە پێش هەموویانەوە سیزان.

## سەرچاوەکانی کوبیزم

جگە لە کاریگەری پەیکەرە کۆنەکانی ئیبریا و هونەری ئیتروسکی Etrusk لەسەر پیکاسۆ، کوبیزم لە دوو سەرچاوەی سەرەکییەوە هاتووە: یەکێکیان ماسک و پلاستیک و پەیکەری ئەفەریقی و «میللەتە ساکارەکانە» و ئەوەکەی دیکەش (پول سیزان)ە.

## ماسک و پەیکەری ئەفەریقی

لە سەدەی نۆزدەدا زۆر لە هونەرمەندانی تازەگەری ئەوروپی لەژێر کاریگەری گرافیکی یابانیدا هێڵ و ڕووبەرەکانیان گۆڕی و نوێیان کردەوە و قۆناغێک هونەری ئەوروپییان لە ئەکادیمی و ناتورالیزمی ڕزگار کرد و کاری هونەریان سووک و ئاسانتر کردەوە بۆ نەوەکانی دوای خۆیان. ڤان کۆخ، گۆگان و لۆتریک چاکترین نموونەن بۆ سوود وەرگرتن لە هونەری گرافیکی یابانی. لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا ماسک و پەیکەری ئەفەریقی هونەری «میللەتە ساکارەکان» کەوتنە بەرچاوی هونەرمەندانی ئەوروپا و ئەوانیش بەهەمان پرەنسیپی «سوود لێ وەرگرتن بۆ هونەرەکەیان»بەکاریان هێنا. سەرەتا ماتیس و هونەرمەندانی فۆڤیزم و پاشان کێرشنەر و هونەرمەندانی دەربڕینخوازی ئەڵمانی کەوتنە عەوداڵی ماسک و پەیکەری ئەفەریقی و هونەری میللەتانی دەرەوەی ئەوروپا تا دەگاتە هونەری میللەتانی خوارووی خۆرهەڵاتی ئاسیا. ئەمە بەتایبەتی لای هونەرمەندانی دەربڕینخوازی ئەڵمانی و پاشان هونەرمەندانی کوبیزمیش هەمان ڕێگای هونەرمەندانی ئازادکەری ڕەنگیان گرتەبەر بۆ سوود وەرگرتن لەو پەیکەر و ماسکانە بەڵام لای ئەمان زیاتر لە پێناوی نوێکردنەوەی شێوەدا بوو.



دوو چیرۆک هەیە بۆ یەکەمین دۆزینەوە و بینینی ماسک و پەیکەری ئەفەریقی و میللەتە ساکارەکان. یەکەمیان: دەگێڕنەوە کە هونەرمەند مۆریس دی فلامینک Moris de Vlamink لە ساڵی ١٩٠٤ سەفەرێک بۆ ئەفەریقا دەکا، لەوێ لە وڵاتی « کۆت دیڤوار – ساحل العاج» ماسکێکی سپی گەورە لەگەڵ خۆی دێنێ و لەناو ستۆدیۆکەیدا لە پاریس هەڵی دەواسێ. لە کاتێکدا کە هونەرمەند دۆرا (Derain) سەردانی (دی فلامینک) دەکا چاوی بەماسکەکە دەکەوێ زۆر بەحەپەساوییەوە تەماشای دەکا و دەیەوێ ماسکەکەی بەبیست فرەنک لێ بکڕێ. بەڵام دی فلامینک پێی نافرۆشێ. پاش هەشت ڕۆژی دیکە دۆرا دێتەوە بۆ لای و ئەمجارە نرخەکەی بۆ دەکاتە پەنجا فرەنک. ئەو ڕۆژە لە بەختی دۆرا فلامینک تەواو بێ پارە دەبێ و تەنیا سەنتێکیش لە گیرفانیدا نابێ، بۆیە ماسکەکەی بەپەنجا فرەنک دەداتێ.

دۆرا ماسکەکە لەگەڵ خۆی دەبا و لەناو ستۆدیۆکەی خۆی لە شەقامی Rue Torlaque هەڵی دەواسێ.

لە سەردانێکی پیکاسۆ و ماتیسدا بۆ ستۆدیۆکەی دۆرا هەردووکیان چاویان بەماسکەکە دەکەوێ. ئەوانیش دەحەپەسێن و بەوپەڕی سەرسوڕمانەوە (لە وشەی (تێرامانەوە) وەرم گرتووە)، ئیدی لەو ڕۆژەوە ڕاوکردنی هونەری ئەفەریقی دەست پێ دەکات.


چیرۆکی دووەم لە دەمی ماتیسەوە دەگێڕدرێتەوە: «کاتێ کە دەچووم بۆ ماڵی گیرترود شتاین Gertrude Stein لە شەقامی Rue de Fleures «پاریس»، هەمیشە بەسەر دوکانێکی بچووکدا تێدەپەڕیم کە شتی توحەفیاتی کۆنی دەفرۆشت. جارێکیان پەیکەرێکی بچووک لە دار تاشراو کە لە چەشنی سەر دروست کرابوو سەرنجمی ڕاکێشا. ئەو پەیکەرە لە پەنجەرەی دوکانەکەدا دانرابوو، ئەو پەیکەرانەی هێنایەوە یادم کە لە بەشی میسری لە مۆزەخانەی لوڤرە دەیانم بینی و ئەو هەستەی پێم دا کە میتۆدی دروستکردنی شێوە لەم دوو شارستانییەتەدا وەکو یەک بوونە.

ئەم پەیکەرە بچووکەم بەچەند فرەنکێک کڕی و لەگەڵ خۆمدا بردم بۆ (گیرترود شتاین)، بەسودفە پیکاسۆیش لەوێ بوو کاتێ کە پەیکەرەکەی بینی زۆر بەحەپەساوییەوە تەماشای کرد و پاشان بوو بەبابەتی «گفتوگۆ»، ئیدی لەو کاتەوە خۆشەویستی هەموومان بۆ هونەری ئەفەریقی دروست بوو.

هنری ماتیس لە قسەکردندا لەگەڵ Teriade لە ڕۆژنامەی art News Annual ژمارەی ٢١، ساڵی ١٩٥٢.؟

بەڵام بەڕای کارین تۆماس Karin Thomas و (ماریانا. ل. تۆبیەر) ئەو سەرچاوە ئەفەریقیانە وەکو فاکتەری دەرەکی دەمێننەوە بۆ کوبیزم، واتا بەشێکی ئۆرگانی نییە لە گۆڕانکارییەکانی ناوەوەی کوبیزم و سەرجەم ئەو ماسک و پەیکەرە ئەفەریقیانە بەشێک نین لە مێژوی بینین و بیرکردنەوە و هەست و ڕۆحی هونەرمەندانی نوێکردنەوەی شێوە. ئەوان تەنیا لە دەرەوەی ئەو کولتوورەوە تەماشای ئەو ماسک و پەیکەرانەیان کردووە بەرامبەر شێوە نائاساییەکانیان حەپەساون و سەریان سوڕماوە و وەکو فاکتەرێک بۆ سوود لێ بینین بەکاریان هێناوە.

سوود لێ وەرگرتنیش یەکێکە لە خەسڵەتەکانی مۆدێرنە، ئەمەش کراوەیی و بەرفراوانی ئاسۆی بینینی هونەرمەندانی تازەگەری ئەوروپا نیشان ئەدا، دەرگا دانەخستن لە پێش دیالۆگ نیشان دەدا وەکو بەشێکی گرینگ لە دروستبوونی مۆدێرنەدا کە عەقڵ هەمیشە وەکو ماشێنە گەورەکەی دەمێنێتەوە. بەم جۆرە کوبیزم گۆڕانکارییەکە پەیوەندییە ناوەڕۆکییەکەی زیاتر بەسیزانەوەیە نەوەک لە هونەر و کولتووری دەرەوەی ئەوروپی، (تۆبیەر) زۆر لەوە زیاتریش دەڕوات تا ئەو ڕادەی دەڵێ: «پیکاسۆ لە چاوپێکەوتنێکیدا کاتێ کە لەسەر کوبیزم قسە دەکا بەدرێژایی قسەکانی تەنیا وشەیەکیش لەسەر کاریگەری ماسک و پەیکەری ئەفەریقی ناڵێ» ، Marianne. L. Teuber لە کتێبی Cubism دەربارەی پێشانگای کوبیزم لە هۆڵی هونەر لە کولون ١٩٨٢.



پیکاسۆ. خانمانی ئەڤینیۆن ١٩٠٦



بەڵام یەکەمین تابلۆی کوبیزمی پیکاسۆ « Les d Demoiselles Avignon » پێچەوانەی ئەو ڕایەی تۆبەر دەسەلمێنێ، چونکە دەموچاوی هەر پێنج ئافرەتەکە بەئاشکرا کاریگەری ماسکی ئەفەریقییان پێوە دیارە. نەک تەنیا وەک شێوە بەڵکو وەکو ڕەنگیش، جگە لەو تابلۆیە پیکاسۆ چەندین تابلۆ و هێڵکاری دیکەی هەیە کە بەهەمان شێوە کاریگەری ماسک و پەیکەری ئەفەریقی پێوە دیارە، لەوانە لە پۆرترێتی (گیرترودە شتاین) و تا دەگاتە پۆرترێتی ژنەکانی خۆی (دورامار) و (رانسواس) بگرە تا کارەکانی ساڵانی شەستەکانیشی.

(کاریگەری) بابەتێکە و خودی هونەرمەندی داهێنەر کە ڕۆڵە ناوەڕۆکییەکە دەبینێ بابەتێکی دیکەیە. یەکێ لە خەسڵەتەکانی پیکاسۆ والایی و سینگ فراوانی بوو وەکو هونەرمەندێکی ئەوروپی بەرامبەر هونەری ئەوروپی و دەرەوەی ئەوروپا بەگشتی. ئەمەش خەسڵەتی هونەرمەندی تازەگەرە، چونکە تازەکردنەوە لە ئەنجامی کراوەیی بەرامبەر ئەوی دیکە و سوود لێ وەرگرتن دێتە گۆڕێ. پیکاسۆ پێش بینینی ماسک یان پەیکەری ئەفەریقی لەژێر کاریگەری هونەرە جۆر بەجۆرەکانی دیکەی ئەوروپادا بووە. هونەری کۆنی ئیبیریا و هونەری ئیتروسکی یان کاریگەری ئەمپرسێۆنیزم و فۆڤیزم، بەڵام بینینی ماسک و پەیکەری ئەفەریقی خاڵێکی هاندەر بوو لە گۆڕانی شێوە لە کارەکانیدا. هەر بۆیەشە هێندەی نەخایاند دوای ئەوەی کە چاوی بەپەیکەر و ماسکی ئەفەریقی کەوت لە ساڵی ١٩٠٦ دەستی بەدروستکردنی هەندێ سکێچ کرد بۆ تابلۆکەی (خانمەکانی ئاڤنیون Les Demoiselles d Avignon) کە وەکو بابەت لەوەپێش لۆتریک چەندین جار وێنەیانی کردبوو. بەڵام تابلۆکەی پیکاسۆ جۆرێکی دی بوو، پچڕاندنێ بوو لەگەڵ ئەمپرسێۆنیزم و گشت یاسا ئەکادیمییەکاندا، کە تاکو کاتی لۆترێک باوبوون.

تەنیا کاریگەری کوبیزمی سیزان و ماسکی ئەفەریقی نەبوولەلای پیکاسۆ لە دروستکردنی قۆڵی هەردوو ئافرەتی ناوەڕاستی تابلۆ، ئەو سوودێکی ڕاستەوخۆی لە تابلۆکەی ئەنگر (حەمامی تورکی) وەرگرتبوو. (بڕوانە١٧) ئەم تابلۆیەی پیکاسۆ کە لە ساڵی ١٩٠٧ تەواوی کردووە، یەکەمین تابلۆی کوبیزمە کە بەتەواوەتی شێوەی تیا نوێ کراوەتەوە و بەسەرەتای قوتابخانە و ڕێبازی هونەری کوبیزم لە مێژووی هونەری شێوەکاری خۆرئاوادا دادەنرێت. لەوەش زیاتر لای هەندێ مێژووناسی هونەر بەسەرەتای هونەری مۆدێرن لە قەڵەم دەدەرێ.

## سیزان وەکو سەرچاوەیەکی عەقڵانی بۆ کوبیزم

سیزان لە سەردەمی خۆیدا سوودی لە کۆمەڵێ تیۆر بۆ نوێکردنەوەی شێوە و ڕەنگ لە تابلۆکانیدا وەرگرت لەوانە جگە لە سوود وەرگرتنی لە تیۆر و تەکنیکی پارچە پارچەکردنی ڕەنگ Devisionism ، لای سۆیرە و پاشان سنیاک، سوودێکی گەورەشی لە تیۆرە نەفسی و فەلسەفییەکانی کۆتایی سەدەی نۆزدە وەرگرتبوو. بەم جۆرە ئەو بینینی ڕاستەوخۆی بەعەقڵەوە بەستەوە، ئەمەش کاریگەری کوشندەی هەبوو لە دروستبوونی شێوەی کوبیزمدا.

سیزان بەپلەی یەکەم هونەرمەندی سروشت بوو. بڕوای وابوو کە دەشێ لە مامەڵەکردندا لەگەڵ سروشت هونەرمەند بتوانێ گشت ئامانجە هونەرییەکانی خۆی بەدی بهێنێ. ئەو وای بیر دەکردەوە کە هەرچی شتێ، یان فیگەرێ سەرچاوەکەی لە دەرەوەی سروشتەوە هاتبێ وەک وێنەی شەیتان یان مەلائیکەت یان هەر چ وێنەیەکی خەیاڵاوی دیکە بێ کە هونەرمەند وەکو سیمبۆل لە کارەکانیدا بەکاری بهێنی. ئەمە دەبێتە زیانبەخش بۆ کاری هونەری. هەر بۆیەشە هەرگیز سیزان لەگەڵ دونیای سیمبۆلیزمەکاندا نەدەگونجا و زیاتر لە مۆنێ و گرووپی ئەمپرسیۆنیزمەکانەوە نزیک بوو. هەمیشە هانی هونەرمەندانی لاوی وەکو میتزنجیر Metzinger و گلیز Gleizes ی دەدا کە ژوورەکانی مۆزەی لوڤرە جێ بهێڵن و ئیتر واز لە لاسایی کردنەوەی کارە هونەرییە کۆنەکان بهێنن و ڕوو بکەنە سروشت.

سیزان لە سروشتەوە هونەرێکی پێک هێنا کە پاشان بەتەریبی خودی سروشتدا کاریگەر بێ، بێ ئەوەی بەهیچ شێوەیێ لاسایی بکاتەوە.

سروشت لای سیزان تەنیا سەرچاوە بوو بۆ هونەر، ئەو دژی ئەوە بوو هونەرمەند خۆی لەگەڵ سروشتدا هاوتا بکا و شێوە و ڕەنگەکانی دەقاودەق لە چەشنی سروشت دروست بکاتەوە ئەوسا تایبەتمەندی بینین و چالاکی خودی هونەرمەند هیچ ڕۆڵێکی نامێنێ و داهێنان و گۆڕانکاری و نوێکردنەوە دروست نابن کە خودی سیزان کاری لە پێناویاندا دەکرد.

ئەمپرسیۆنیزمی سیزان تەنیا خێرایی بەکارهێنانی فڵچە و مامەڵەکردن لەگەڵ سێبەر و ڕووناکی و تیشکدا نەبوو، بەڵکو خۆشەویستی بوو بۆ بەکارهێنانی سروشت وەکو مەترالێک بۆ گۆڕان و نوێکردنەوەی ڕەنگ و شێوە.



سیزان بەتەکنیکی مۆدەلیرە Modelation [بڕوانە بەشی یەکەم و ڕۆڵی سیزان لە ئەمپرسیۆنیزمدا] شێوەکانی زیاتر زیندوو دەکردەوە و توانای گۆڕانی دیکەی پێیان دەدا بەرەو دروستکردنی جووڵانەوە کە یەکێکە لە فاکتەرە سەرەکییەکانی کوبیزم.

سیزان وەکو هونەرمەندێکی ئەمپرسیۆنیزمی نوێ ڕۆڵی لە کوبیزمدا تەنیا ڕێخۆشکەر بوو، چونکە کوبیزم بەمانا فرەوانەکەی داپچڕانی تەواو بوو لە سروشت، بەڵام گرینگی سیزان جگە لە گۆڕینی بینین، دروستکردنی جووڵانەوە و لەرانەوەش بوو لە ڕەنگدا.

بینینی کوبیزمی سیزان لە ئەنجامی تیۆرییەکانی پارچە پارچەکردنی ڕەنگی سۆیرە و سنیاک (دیڤزیۆنیزم) و تیۆرە سایکۆلۆژی و فەلسەفییەکانی کۆتایی سەدەی نۆزدە و دروستبوونی کات وەکو ڕەهەندی چوارەم هاتە گۆڕێ.

## ڕۆڵی کات وەکو ڕەهەندی چوارەم بۆ کوبیزم

یەکێ لە بەرهەمە گرینگەکانی تیۆرە سایکۆلۆژییەکانی کۆتایی سەدەی نۆزدە دۆزینەوەی ڕۆڵی کات بوو وەکو ڕەهەندی چوارەم.

بۆ زیاتر تێگەیشتن لە ڕەهەندی چوارەم و پەیوەندییەکەی بەسیزان و پاشان بەکوبیزمەوە پشت بەنووسینێکی ماریانا. ل. تۆیبەر دەبەستم کە لەژێر ناونیشانی (کوبیزم و تصوری شێوە)دا نووسیویەتی:

لە کۆتایی سەدەی نۆزدەدا کۆمەڵێ زانا و بیرکار و فەیلەسوفی ئەورووپی و ئەمەریکی هەندێ تیۆریان بۆ کات و شوێن و بۆشایی و هێزی تصور و پەیوەندییەکانی نێوانیان دانا.

ئەم زانا و فەیلەسوفانە هێلم هۆلتس ١٨٢١-١٨٩٤ Helm Holtz و ئیرنست ماخ ١٨٣٨-١٩١٦ Ernst Mach و هنری برگسۆن ١٨٥٧-١٩١١ Henri Bergson و ولیام جێمس ١٨٤٢-١٩١٠ و هەندێکی دیکە بوون. گشتیان لە پاریس لە ساڵی ١٨٨٩ لە چوارچێوەی پێشانگای جیهانیدا کۆنگرەیەکیان بەست تیایدا قورسایی باسەکانیان خستبووە سەر هونەر و داهێنان لە سەدەی نۆزدەدا لەبەر ڕۆشنایی زانستی فیزیک و فەلسەفە و دەروونناسی نوێ (سایکۆلۆژیای نوێ).

بەپێی نووسینەکەی تۆیبەر ئەم زانایانە گەیشتنە ئەو ئەنجامەی کە دوو جۆر کات هەیە، یەکێکیان کاتی فیزیکییە کە «تۆ- واتە زەمەن»ی پێ دەگوترێ «Temps» و بۆ قیاسی فیزیکی بەکاردەهێنرێ و ئەمەش بۆچوونێکی «موضوعی»یە، دووەمیشیان کاتی تەجرەبە

و خیبرەیە کە پەیوەندی بەکاتی فیزیکییەوە نییە کە کاتژمێر دەیژمێرێ، ئەمەش «دۆر (dheure – وەخت) »ی پێ دەگوترێ «duree» و زیاتر (ذاتیە).

بەڕای برگسون و ویلیام جێمس و زاناکان، خیبرە و تەجرەبەکانی مرۆڤ پەیوەندی بەو کاتە فیزیکییەوە نییە کە کاتژمێر دەیژمێرێ بەڵکو پەیوەندی بەماوەی وەرگرتنی خیبرەکەوە هەیە واتا بە«duree – دورێ – واتە ماوە» ئەمەش بەبڕوای برگسون کاتە پڕەکانی مرۆڤ لە کاتە بەتاڵەکانی جیا دەکاتەوە، بەم جۆرە چەمکی کات وەکو duree لە سایکۆلۆژییەوە دەگواسترێتەوە بۆ هوشیاری هونەری و دەبێت بەڕەهەندی چوارەم.

لەلایەکی دیکەشەوە برگسون و ولیام جێمس و ماخ ڕەهەندی چوارەم «بەپێی ڕای تۆیبەر» لە ماتماتیک یان فیزیک یان ئەندازەی ئەکلیدی «الهندسة الاقلیدیة» دوور دەخەنەوە و دەیبەستنەوە بەهێزی (تصور)ەوە بەتایبەت هێزی «تصور» لەناو بۆشایی یان لەناو «مەجال»دا.

بەم جۆرە لە هەندێ حاڵەتی ڕەسم کردندا هونەرمەندەکە دەتوانێ بەهێزی «تصور» وێنەیەک یان شێوەیەک بۆ مۆدیلەکە لەناو مێشکی خۆیدا دروست بکا کە تەواو جیا بێ لە خودی مۆدیلەکە. واتا وێنەی شتە دانراوەکە یان (کەسەکە یان شتەکانی سروشت) وەکو خۆی ڕەسم نەکا، بەڵکو ڕەسمی ئەو وێنەیە بکا کە خۆی بە«تصور» دروستی کردووە. ئەم پرۆسەیەش بەڕای برگسون و ماخ و ئەوانی دیکە خۆی ڕەهەندی چوارەم دروست دەکا، چونکە ماوەیەکی دیاریکراو ماوەی (ذاتی) duree مامەڵەیەک لەگەڵ مۆدیلەکەدا دەکات. هێزی تصور وەکو خیبرەیەک لەگەڵ مۆدیلەکەدا دەتوانی مۆدێلەکە لە چەند لایەنێکەوە ببینێ. ئەمەش وێنەیەکی «بەرجەستە» و جووڵاوە دروست دەکات، واتا شێوەیەکی شەشپالوویی «کوبوس Cubus».

لە بۆچوونەکانی برگسوندا کات وەکو ڕەهەندی چوارەم بۆشایی space و (لەخۆیەوە – تلقائی)، ڕۆڵێکی گەورە دەبینن، برگسون ڕەهەندی چوارەم لە «تقاطع»ی نێوان کات -dur ee و مەجالدا دەبینێ لەناو بۆشایی و حاڵەتێکی خۆکرد دا.

گشت ئەو وێنانەی کە هێزی (تصور) دروستیان دەکەن لەناو بۆشاییەکی دیاریکراودان کە لە ئەنجامدا بۆشاییەکە خۆی دەبێت بەبەشێ لە کارە هونەرییەکە.

سنوورەکانی بۆشایی زۆر لە سنوورەکانی شێوە بەرفراوانترە، ئەمەش دیسانەوە دەگەڕێتەوە بۆ هێزی (تصور)، ئەم بۆچوونانەی برگسۆن و ماخ و جێمس زۆر لە ڕای



ئاپۆلینیر و ڕاینال (Raynal)ەوە نزیکەکە ڕەهەندی چوارەم بەحاڵەتی تصور لەناو بۆشاییدا دەناسێنێ و دەڵێ: «ڕەهەندی چوارەم لە (تصوری) کارێکی بەرجەستەدا لەناو بۆشاییەک دروست دەبێ».

ڕاینالیش Raynal دڵنیایی لەسەر ئەوە دەکات کە ڕەهەندی چوارەم ئەوەیە کە لەجیاتی ڕەسم کردنی شتەکان وەکو خۆیان، لەناو مێشکدا بە(تصور) ڕەسمیان بکرێ.

ئیدی هەرچۆن چەمکی یان ماوە (دورێ – duree) لە مەیدانی سایکۆلۆژییەوە هاتە ناو هۆشیاری هونەری بەهەمان جۆریش چەمکی ڕەهەندی چوارەم هات، کە لە ئەنجامدا یەک دەگرنەوە.

لە گشت ئەو تیۆرانەدا پێویستە فاکتەری بۆشایی space لەبیر نەکەین، چونکە خودی کوبیزم کارکردنە بەشێوە لەناو بۆشاییدا کە هەندێ جار من «مەجال»ی پێ دەڵێم.

بۆشایی (مەجال) لە کوبیزمدا جێگای کات و شوێنیش دەگرێتەوە، ئەمە لە کارە کوبیزمییەکانی پیکاسۆ و براکدا بەکار هێنراوە، جگە لە شێوە ئەوان بۆشاییشیان کردبوو بەبابەتی کارەکانیان.

بۆشایی لە کوبیزمدا هێندە گرینگە بەئەندازەی گرینگی ڕووناکی لە ئەمپرسێۆنیزم و هەست لە دەربڕینخوازیدا.

ڕەهەندێکی دیکەی باسەکەی تۆیبەر دوورخستنەوەی کوبیزمە لە ماتماتیک و فیزیک و هەندەسەی ئەکلیدی، چونکە هەندێ بۆچوون هەیە کە کوبیزم بەماتماتیک یان تیۆری ڕێژەیی ئانیشتاین دەبەستنەوە، هەر بۆیشە تۆیبەر دووپات لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە ڕەهەندی چوارەم هێزی «تصور» دروستی دەکات،. واتا شێوە ئەندازەییەکانی کوبیزم لە واقیعدا نین، بەڵکو لەناو مێشکی هونەرمەند دروست دەبن. تۆیبەر دەڵێ باسکردن لە پەیوەندی نێوان کوبیزم و تیۆری ڕێژەیی.

ئانیشتاین یەکەم جار لە ساڵی ١٩١٩ دەستی پێ کردووە، بەم جۆرە ناکرێ «بەڕای تۆیبەر» ئەمە وەکو سەرچاوە وەرگرین بۆ کوبیزم.

سیزان لە کاتی خۆیدا شارەزای ئەو زانیارییە سایکۆلۆژیانە بووە و بۆ دروستکردنی «تصورێک» بۆ شتەکانی سروشت یان مۆدیلەکانی سوودی لێیان وەرگرتووە، هەر بۆیشە لە کاتی ڕەسم کردنیدا بۆ سروشتە بێ گیانەکانی Nature Morte لە گشت لایەنەکانیەوە تەماشای کردووە بۆ ئەوەی تصورێکی بۆ گشت لایەنەکانی لا دروست بێ. دەیشڵێن

سیزان لەناو ستۆدیۆکەیدا پەیژەییێکی گەورەی هەبووە تەنیا بۆ ڕەسم کردنی تابلۆ گەورەکانی بەکاری نەهێناوە بەڵکو لە ساڵی ١٩٠٢ەوە تاکو ساڵی مردنی ١٩٠٦ جاروبار چووەتە سەری بۆ بینینی ئەو شتانەی کە دەیەویست ڕەسمیان بکا لە دیدگای سەریشەوە، بۆ ئەوەی بتوانی لە گشت لایەنەکانیەوە «تصوری» بکا و لەناو مێشکیدا وێنەیەکی «بەرجەستە»ی بۆ دروست بکا.

شارەزابوونی سیزان بەتیۆرییەکانی ڕەهەندی چوارەم و جێبەجێکردنی لە کاری هونەریدا بەمانای جیاکردنەوەی لە سروشت ناگەیێنێ، بەڵکو دیدگای خۆی پێیان گۆڕیوە، هەر بەو هۆیەشەوە توانیویەتی شێوەی شتەکانی سروشت بۆ شێوە بنەڕەتییەکەی بگەڕێنێتەوە کە خۆی دروستیانی دەکرد، وەک بۆ نموونە گەڕانەوە شێوەی سێو بۆ خڕ و شێوەی شووشە بۆ لوولەک و شێوەی پارچە بەرد و چیاکان بۆ قوچەک و «مکعب شەشپالوویی Cubus تۆپەر».

لە ١٩٠٤/٤/١٥ سیزان لە نامەیەکدا بۆ ئەمیل برنارد دەنووسێ: «گشت شتەکانی ناو سروشت خۆیان خڕ و قوچەک و لوولەکی نیشان دەدەن».

دروستبوونی شێوەی کوبیزم لە تابلۆی سیزاندا کۆتایی بەو دیدەگا (منظور)یەی هێنا کە لە ڕێنێسانسەوە کاری پێ دەکرا، سەرەنجام کونتراست (دژ) تەنیا لە بواری ڕەنگدا نەمایەوە و چووە ناو بواری شێوەیەشەوە (Edward. F. Fry).

بەم جۆرە سیزان فاکتەرێکی سایکۆلۆژی لە هونەری ڕەسم کردندا دروست کرد ئەنجامەکەی کوبیزم بوو. هەر بۆیەشە کاتێ کە باس لە کوبیزم دەکرێ ناکرێ ئەو ڕەهەندە سایکۆلۆژیە پشت گوێ خرێ کە ئەمەش لە ڕێگای سیزانەوە هاتە ناو کوبیزم.

پیکاسۆ کاتێ لە ساڵی ١٩٠٦ چەند سکێچێ بۆ تابلۆکەی Demoiselles d Avignun «خانمانی ئەڤینیۆن» دەکێشێ کاریگەری گەورەی گۆڕینی دیدەگا (منظور)ی سیزانی لەسەر بوو. هەر بۆیەشە یەکێ لە خەسڵەتە کوبیزمییەکانی ئەو تابلۆیە دەرنەکەوتنی ئەو دیدەگا کۆنەیە کە سیزان کۆتایی پێ هێنا و پیکاسۆ لەجیاتی ئەوە دیدەگایەکی نوێی کوبیزمی بۆ دروست کردووە، لەجیاتی ئەوەی بەرەو ناوەوە بڕوات بەرەو دەرەوە (بەرەو چاوی بینەر) دێت و ئەمەش دەقاودەقی پرەنسیپی ئەو دیدەگایەیە کە کوبیزم دروستی کرد، دەقاودەق لەگەڵ قسەکەی ئاپۆلینێردا دەربارەی کوبیزم دەگونجێ: «پیکاسۆ و براک دیدەگای تابلۆیان هەڵگێڕایەوە».



پیکاسۆ و براک بەکارکردنیان «لە هەڵگێڕانەوەی دیدەگا» هەنگاوێکی گرینگیان بۆ جیاکردنەوەی پرەنسیپی ڕەسم کردن لە سروشت هاویشت. ئیدی سیزان وەکو سەرچاوەیەک و ڕێخۆشکەرێکی گرینگ بۆکوبیزم مایەوە و خۆیان کاری کوبیزمیان گرتە ئەستۆ و تیا قووڵبوونەوە و پەرەیان پێی دا و بەقۆناغی شیکاری Analtyic و سەنتێتی synthetyدا بردیان.

کوبیزم ڕێبازێکی هونەرییە و هەنگاوێکی گرینگە ڕووەو تەجرید. هەرچەندە پیکاسۆ و براک قەبووڵی ئەوەیان نەدەکرد کە کارەکانیان تەواو بێ فیگەر بێت، بەڵام گرووپی ئەودیوی پیکاسۆ و براک ئەمەیان لا قبول بوو.

گۆڕانکارییەکانی سیزان لە پرەنسیپی بینین و کارکردنی هونەریدا تەنیا لەسەر پیکاسۆ و براک و خوان گریز کاریگەر نەبوون، بەڵکو لەسەر ژمارەیەکی دیکەش لە هونەرمەندانی سەرەتای سەدەی بیستەم کە هەریەک بەجۆرێ گۆڕانکارییەکانی دیدەگا «منظور» و فاکتەری نەفسی لە کاری هونەریدا جێبەجێ دەکرد و گشتیان شێوازی کارکردنی نوێی کوبیزمیان پێک هێنا.

براک و پیکاسۆ و پاشان خوان گریز لەلایەک و گرووپی هونەرمەندانی section dor بەشی ئالتون، لەلایەکی دیکەوە لەگەڵ ناکۆکی و جیاوازی بیروڕا و جۆری کارکردنیاندا گشتیان لەسەر ئەوە ڕێک بوون کە سیزان وەکو باپیرە گەورەی خۆیان تەماشا بکەن، هەر چۆن لە ئەدەبی ڕووسیدا «دەستەیڤسکی» گوتویەتی «گشتمان لە پاڵتۆکەی گۆگۆلەوە هاتووینەتە دەرێ» فرناند لیژییش دەڵێ «گشتمان لە سیزانەوە هاتووین».

براک و پیکاسۆ لە کاتی کارکردندا غەیری قسەکردن لەگەڵ بازرگانی هونەر و خاوەن گەلەری «خان فایلەر» نەبێ هێندە سەرقاڵی وەڵامدانەوەی پرسیار و کاری تیۆری نەبوون، بگرە بیریشیان لە نیشاندانی کارەکانیان لە چوارچێوەی پێشانگایەکدا نەدەکردەوە، نەیاندەویست بەهیچ جۆرێ لە کارکردنیان دابڕێن، پیکاسۆ ئەو کات گوتویەتی: «لەکاتی فڕیندا قسەکردن لەگەڵ فڕۆکەواندا خەتەرە».

لە دیوی ئەودیوەوە گرووپی کوبیرمی میتزنجیر Metzinger و گلیز Gleizes کە لە دەرەوەی پاریس لە دوئەلما De Alma کۆبوونەوە وێڕای کارکردنیان کاری تیۆریشیان دەکرد.

پیکاسۆ و براک خۆیان دابووە دەست تابلۆکانیانەوە کە چۆن تابلۆیەک لەوەکەی دیکەوە

دەردەچێ وەکو دایک و منداڵ تا ئەو ڕادەی لە قۆناغی کوبیزمی شیکاری جیاوازی لە نێوان تابلۆکاندا تاکو دەهات کەمتر دەبووەوە، هەندێ جاریش بەدەگمەن جیاوازی لە نێوان تابلۆیەکی پیکاسۆ و یەکێکی براک دەکرا. پیکاسۆ و براک کوبیزمیان بەسێ قۆناغدا تێپەڕاند: یەکەمیان سەرەتای کارکردن بوو لە کوبیزم و ڕاستەوخۆ لەژێر کاریگەری سیزاندا کاریان دەکرد، ئەم قۆناغە لە ١٩٠٧ەوە تاکو ساڵی ١٩٠٩ی خایاند، ئیتر لێرە بەدواوە کەوتنە قۆناغێکی دیکەوە کە بەتەواوەتی چوونە بنچ و بنەوانی کاری کوبیزمەوە تا ڕادەی تێرکردنی مێشک لە هەموو ئەو پێداویستیانەی کە تابلۆی کوبیزم دەیخوازێ. ئەم قۆناغە بەکوبیزمی شیکاری ناسرا Analytic Cubism و لە ١٩٠٩ەوە تاکو ١٩١٢ی خایاند.

## کوبیزمی شیکاری Analytic Cubisme:

ئەنجافۆن گرێڤینتس Anja von Graeventz گرینگی لە تابلۆی کوبیزم لە هێڵەکانی دەرەوە دەبینێ، ئەو هێڵانەی بەڕای (فۆن گرێڤینتس) بەتێکشکێنراوی و پارچە پارچە دروست دەکرێن، بەجۆرێ کە فیگەرە سەرکییەکە (سەرەکییەکان) لە خەلفیەتی تابلۆکە (باگراوەند) جیا دەکاتەوە. ئەمە زیاتر لە کوبیزمی شیکاریدا بەدی دەکرێ، چونکە فیگەر لە قۆناغی کوبیزمی شیکاریدا بەچەند هێڵێکی ڕاستی کورت کورت، پارچە پارچە دەکرا بێ ئەوەی پارچەکان لە یەک دوور بخرێنەوە، بەڵکو لە نزیک یەکدیدا دەمانەوە و لەگەڵ یەکدیدا ئینجا لە پەیوەندییەکی نوێدا بەیەکەوە دەلکێندران بەشێوەیەک کە جاروبار لایەک لە یەکێ لە پارچە ورد و هەراشکراوەکان دەچێتە سەر پارچەکەی تەنیشتی، ئەمەش وا دەردەکەوێ کە لە ڕووبەری تابلۆکە بەرز بووبێتەوە. ئەو



پیکاسۆ. پۆرترێتی فۆلارد ١٩٠٩



ڕووبەرە پارچە پارچەکراوانەش بەهۆی هێڵە کورت و ڕاستەکانی دەوروبەریانەوە توندوتیژ دەردەکەون. هەندێ جار لە چەشنی تەنەکەی بڕاو یان کاغەز و کارتۆنی لەت لەتکراو، گشت ئەم پارچە لەت لەتکراوانە بەیەکەوە لە شێوەی بینایەکدا دەردەکەوتن.

هەموو ئەم شێوە لەت لەتکراوانە لەناو بۆشاییەکدا دەردەکەون کە دەبێتە بەشێک لە شێوە و بینای گشتی تابلۆی کوبیزم و ئیتر بۆشایی لەم حاڵەتەدا بوونی نامێنی و تابلۆ دەکرێتە دوو بەشی سەرەکییەوە، یەکێکیان فیگەرە (فیگەرەکان) هەنجن هەنجن کراوەکانن کە هێڵە کورت کورت و تیژەکان دەکاتەوە و لە زەمینەی تابلۆکەی جیا دەکاتەوە، و بەشەکەی دیکەی تابلۆکەش زەمینەی تابلۆکەیە کە وەکو ڕووبەرێک خۆی نیشان دەدا کە فیگەرەکان لەسەری لەتوپەت کراون، وەکو ڕەنگیش زەمینەی تابلۆکە و فیگورە لەت لەتکراوەکان هەمان ڕەنگ وەردەگرن لەگەڵ جیاوازی لە تۆنی ڕەنگەکاندا بەڵام جیاوازی گرینگ لە نێوان فیگەرە پارچە پارچەکراوەکان و زەمینەی تابلۆکە بەڕادەی سەرەکی لە شێوە دایە. بەم جۆرە تابلۆی کوبیزم لە قۆناغی شیکاریدا بەگشتی وەکو ڕەنگ هارمۆنیە، چونکە هونەرمەند لەم حالەتەدا پشت بەجیاوازی ڕەنگ نابەستێ بۆ لەت لەتکردنی فیگەرەکان بەڵکو بەهێڵ و شێوە هەروەها سەرجەم پارچە پارچەکانی پێشەوە بەڕەنگ لە خەلفیەتەکە جیا ناکاتەوە بەڵکو وەکو گوتمان دیسانەوە بەهێڵ و شێوە.

ڕەنگ لەم قۆناغەی کوبیزمدا خۆی لە مۆنۆکرۆم (Moncrom) نزیک دەخاتەوە و زیاتر ڕەنگی خۆڵەمێشی و قاوەیی و ئۆکەر و تۆنەکانیان وا زاڵن و هەندێ جار ڕەنگی سەوزیش بەکارهێنراوە کە سەرجەم ئەتمۆسفیرێکی «شفاف» دروست دەکەن، وەک ئەوەی شێوە لەت لەتکراوەکان لەناو شلەیێکدا دانرابێتن.


براک و پیکاسۆ بۆ ئەم قۆناغەی کوبیزم زیاتر بابەتی «حیاة جامدة – سروشتی مردوو»یان بەکارهێناوە «طبیعة جامدة – سروشتی مردوو Nature Morte» و شتەکانیش زیاتر، ئامرازی موزیک وەکو ماندولین و گیتار و هەندێ جار شووشە و کتێب و میوە و جاری وەهایش بووە مۆدیلیان داناوە لە شێوەی دانیشتوو، یان ڕاوەستاو و لە زۆر حاڵەتیشدا مۆدیلەکە ئامرازی موزیکی هەڵگرتووە.

لە قۆناغی کوبیزمی شیکاریدا ناسنامەی شتە ڕەسمکراوەکان لەگەڵ پرۆسەی کارکردندا دەگۆڕێن، دەکرێ دەست بگۆڕدرێ بۆ پارچەیەک لە ئامرازی موزیک، پارچەیەک لە ئامرازی موزیک بگۆڕدرێ بۆ دەست، سێو دەبێت بەتۆپ و کتێب دەبێتە بەشێ لە مێز یان

دیوار یان جلوبەرگی مرۆڤ، بەشەکانی جلوبەرگی مرۆڤ دەگۆڕێن بۆ مێز و کورسی، ئەم گۆڕینە بنەڕەتییە بەشێکە لە گۆڕینی بنەڕەتی شێوە لە پرۆسەی کارکردنی کوبیزم، لە هەمان کاتیش جوولانەوە بەئەتمۆسفیری تابلۆکە دەبەخشێ کە یەکێکە لە سیفاتە گرینگەکانی کوبیزم.

قۆناغی شیکاری کوبیزم دیدەگای وەهمی (ئاسۆ)ی لە تابلۆدا نەهێشت و تابلۆی گۆڕی بۆ ڕووبەرێکی دوو ڕەهەندی (پانی و درێژی)، ئەمە جگە لەوەی کە شێوەکان بەرجەستە دەکات و لە چاوی بینەری نزیک دەکاتەوە بەجۆرێ وەکو لە ڕووبەری تابلۆکە بەرزببێتەوە، ئەم ڕەهەندە لە تابلۆی کوبیزمی شیکاری لەجیاتی ئەو ڕەهەندە وەهمییەدا هاتە گۆڕێ کە سیزان گۆڕی.

ئەم ڕووناکییە لە تابلۆی کوبیزمی شیکاریدا لە فاکتەرێکی سروشتی یان دەرەکییەوە نەهاتووە بەڵکو هەڵقوولاوی دەروونی خودی هونەرمەندەکەیە ئەمەش زیاتر تابلۆی کوبیزمی شیکاری لە پرەنسیپی کارکردنی تەجرید نزیک دەکاتەوە لە کاتێکدا کە هونەرمەندانی کوبیزم سوودیان لە یاساکانی ڕەنگ لەلای ئەمپرسێۆنیزمەکان (سۆیرە و سنیاک) وەرگرتبوو.


براک. پۆرتوگالی ١٩١١

هەرچەندە لە قۆناغی شیکاریدا ڕەنگی قاوەیی و ئۆکەر و خۆڵەمێشی بەزۆری بەکار دەهێنرا بەڵام لەت لەتکردن و دابەشکردنی شێوەکان ڕۆشناییەکی لە تابلۆی کوبیزمی شیکاریدا دروست دەکرد کە لەپاڵ جوولاوەی شێوە لەتکراوەکاندا ژیانێکی بەسەرجەمی تابلۆکە دەدا.

لە کۆتایی قۆناغی شیکاری کوبیزم و سەرەتای دەستپێکردنی قۆناغی سەنتێتیکی لە ساڵی ١٩١٢ براک و پیکاسۆ تەکنیکی بەکارهێنانی کۆلاجیان دۆزییەوە، هەندێک دەڵێن براک پێش پیکاسۆ دۆزیویەتەوە و هەندێکیش دەڵێن پیکاسۆ پێش براک.



کۆلاج تەنیا بۆ جوانکردنی تابلۆکە بەکار نەهێنرا بەڵکو وەکو شێوەیێکی ون بۆ بەکارهێنانی ڕەنگ پەیڕەوکراوە بەجۆرێ کە ڕەنگ لە شێوە جیا بکاتەوە. (کارین تۆماس) لەلایەکی دیکەشەوە وەکو هۆیەک بۆ ڕزگارکردنی ڕەنگ، ئەمەش یەکێ بوو لە بەرهەمە گرینگەکانی کوبیزم.


کوبیزمی شیکاری تەنیا بەرهەمی براک و پیکاسۆ بوو، تاکو ساڵی (١٩١٢)ی خایاند و لەوە بەدواوە کارکردن لە تابلۆی کوبیزم گۆڕدرا و تا دەهات ڕووبەرەکانیان گەورە دەبوون و جگە لە ڕەنگی قاوەیی و خۆڵەمێشی و سەوز ڕەنگی دیکەش وەکو سوور و زەرد و سەوز...هتد بەکار دەهێنرا. بەم جۆرە کوبیزم دەچێتە قۆناغێکی دیکەوە کە کوبیزمی سەنتێتیکی پێ دەگوترێ.

### کوبیزمی سەنتەتیکی Senthetyic Cubism:

پاش ئەوەی براک و پیکاسۆ تەکنیکی کۆلاجیان لە کارەکانیاندا بەکار هێنا و ساڵێ لەوەپێش (١٩١١) جۆرج براک قومیشی دەچەسپاندە سەر ڕووبەری تابلۆکەوە، ئەمانە گشتی ڕێگایان خۆش کرد بۆ زیاتر لکاندنی شتومەکی دیکەوە وەک پارچە قوماش و پاکەتە جگەرە و کارتۆن و کاغەزی جۆراوجۆر، بەچەشنێ کە تابلۆ وردە وردە لە ڕلیەف Ri-lef نزیک دەبووەوە، ئەمەش دیسانەوە گۆڕانێ بوو بۆ ناسنامەی تابلۆی کوبیزم.

لە قۆناغی سەنتێتی کوبیزمدا هێڵ و ڕووبەر و ڕەنگەکانیش گۆڕدران، لەجیاتی هێڵە ڕاست و کورت و شکاوەکانی کوبیزمی شیکاری، هێڵی درێژتر دروست بوو کە شێوەکانی ناو تابلۆکەی وەک لاکێشە و خڕ و شێوە ئیلیپس و دوا شێوە هەندەسییەکان دیاری دەکرد، ڕووبەرەکانیش لەم قۆناغەی کوبیزمدا بەبچووک بچووکی و بەیەکاچوودا نەمانەوە، بەڵکو پان و بەرینتر بوونەوە و لەجیاتی ئەوەی لایەنەکانیان بێتە سەر یەکدی، لە قۆناغی سەنتێتیزمدا هەر ڕووبەرێ دەبووە سنوور بۆ ڕووبەرەکەی تەنیشتی، هەندێ جار بەهێڵێکی ڕاست و ئاشکرا لە یەک جیا دەکرانەوە و هەندێ جاری دیکەش بەمەتریالە بەکارهێنراوەکە.

لەم قۆناغەی کوبیزمدا تەنیا پیکاسۆ و براک نەبوون کە کاریان تیایدا دەکرد، خوان گریز Juan Grisیش هاتە پاڵیان، لە کاتێکدا (گریز) لە سەرەتای کوبیزمیدا لەگەڵ گرووپی گلیز Gleizes و میتزینجیر Metzinger کاری دەکرد.



پیکاسۆ. ژیانی بێ گیان ١٩١٢

خوان گریز جگە لە کاری عەمەلی ڕۆڵێکی گەورەی لە تیۆرییەکانی کوبیزم بینی بەجۆرێ کە لایەنە تیۆرییەکەی قۆناغی سەنتێتیزمی گرتە ئەستۆی خۆی. خوان گریز وەکو براک و پیکاسۆ لە سیزانەوە دەستی پێ نەکرد، بەڵکو ڕاستەوخۆ لە کۆتایی کوبیزمی شیکارییەوە. ئەوکات کە کوبیزم تاکو دەهات لە تەجرید نزیک دەبووەوە، خوان گریز کوبیزمی بەپێچەوانەی ئەو ڕێڕەوەوە ئاراستە کرد، لەجیاتی ئەوەی زیاتر ڕووەو تەجرید بڕوا لە تەجریدەوە بەرەو فیگوراتیڤ ڕۆیشت و هەمیشە دەیگوت: «ئەگەر سیزان لە شووشەیەکدا لوولەکێکی دروست دەکرد، من لە لوولەکێکەوە شووشەیەک دروست دەکەم» ئەمەش بەپێچەوانەی جۆرە کارکردنی سیزان بوو [Karin Thomas]


خوان گریز بەتیۆرییەکانی هێندەی تر کوبیزمی بەرەو عەقڵانییەت برد و لەو جۆرە کارکردنە دووری خستەوە کە ڕۆح و هەست تیایاندا زاڵبن. ڕەنگیش لەم قۆناغەی کوبیزمدا تەنیا لە قاوەیی و ئۆکەر و خۆڵەمێشی و سەوز و تۆنەکانیاندا نەمایەوە، بەڵکو شین و سوور و زەرد و پەمەییشیان تێ کەوت.

لای پیکاسۆ تابلۆی سەنتێتیکی تا دەهات ڕەنگاوڕەنگ دەبوو تا ئەو ڕادەی زەخرەفەیشی تێ کەوت.

لە قۆناغی سەنتێتیکیدا بایەخێکی زۆر بەتەکنیک دەدرا، هەر بۆیشە جاروبار بەم



قۆناغە دەگوترا کوبیزمی تەکنیکی. کوبیزمی سەنتێتیکی تاکو ساڵی ١٩١٥ی خایاند و لە کۆتاییەکانیدا فرناند لیژییش کەوتە کارکردن لەگەڵیاندا. زۆری و چۆنێتی کارکردن لەم دوو قۆناغە سەرەکییەی کوبیزم بوو کە کوبیزمی کرد بەڕێباز و قوتابخانەی هونەری لە مێژووی هونەری شێوەکاری، بەتایبەتی لە سەرەتای سەدەی بیستەم جێگایەکی گەورەی داگیر کرد.



خوان گریز. تەختی شەترەنج ١٩١٥

باسکردن لە کوبیزم بەپلەی یەکەم باسکردنە لە پیکاسۆ و براک و پاشان خوان گریز. بەڵام چ وەک یەکەم پێشاندانی لە چوارچێوەی پێشانگایەک و چ وەک ناونان، کوبیزم پەیوەندی بەوانەوە نەبوو. گرووپی گلیز Gle-izes و میتزنجیر Metzinger لە ساڵی ١٩١١دا بۆ یەکەمجار پێشانگایەکیان بۆ کارە کوبیزمەکانیان لە گەلەری سەربەخۆکان لە پاریس ڕێکخست.

لە سەرەتادا وا بڕیار بوو کە برگسۆن خۆی لە کەتەلۆگی پێشانگایەکەدا وتارێک بنووسی و تیایدا تیۆرییەکانی خۆی دەربارەی ڕەهەندی چوارەم و تصور لەناو بۆشاییدا ڕوون بکاتەوە، بەڵام لەجیاتی ئەو میتزنجیر خۆی نووسی ١٦.

ئەو نووسینەی (میتزنجیر) لەوەپێش لە گۆڤاری پان «pan» لە ئەڵمانیا لەژێر ناونیشانی «چەند تێبینییەک دەربارەی ڕەسم کردن» بڵاو کردبووەوە، چونکە هەوڵدانە تیۆرییەکانی گلیز و میتزنجیر ناوبانگیان گەیشتبووە کاندنسکی و یەکێتی هونەرمەندانی نوێ لە میونشن، هەر ئەوانیش یارمەتی میتزنجیریان دا لە مانگی ١٠/ ١٩١٠ ئەو نووسینەی لە گۆڤاری پان pan بڵاوبێتەوە، پاشان لەجیاتی نووسینەکەی برگسون، میتزنجیر هەمان نووسینەکەی خۆی لە کەتەلۆگی پێشانگاکەدا بڵاوکردەوە کە زیاتر دەربارەی جۆری ڕەسم کردن بوو دژی تەقالیدی هونەری هێلینی، دیدەگا کۆنەکانیەوە کە تاکو سیزان کاریگەر بوو چۆنێتی گۆڕانی ئەو دیدەگایە لە سیزانەوە بۆ دیدەگایەک کە ئیقاعێکی جووڵاوە دروست بکا.

بەگشتی گلیز و میتزنجیر بەرپرسیاری لایەنە تیۆرییەکانی کوبیزمیان خستبووە سەر شانی خۆیان، وەک چۆنێتی دروستبوونی کوبیزم لە سیزانەوە و پاشان پێشکەوتن و پەرەسەندنی لەژێر دەستی خۆیان و هاوڕێکانیان و پەیوەندی کوبیزم بەدوا هونەرە هاوچەرخەکان، وەک تەجرید دوا تیۆرە سایکۆلۆژییەکانی سەدەی نۆزدە.

گرووپی گلیز و میتزنجیر لە زۆر لایەنەوە جیاواز بوون لەگەڵ براک و پیکاسۆدا، لە کاتێکدا براک و پیکاسۆ نەیاندەویست کارەکانیان ببێت بەتەجرید و هەوڵیان دەدا فیگەر لە کارەکانیاندا بمێنێتەوە. گلیز و میتزنجیر لایان ئاسایی بوو کارەکانیان بەرەو تەجرید بڕوات و لەو بوارەوە دەیانگوت: «هەنگاونان بەرەو تەجرید کارێکی ڕەوایە، چونکە تەئویلێکی دیکە (تأویل) بەکارە هونەرییەکە دەدات» ئەوان تابلۆیان وەکو جەستەیەکی بێ کۆتایی دەبینی بۆیە «بەبڕوای ئەوان» ناکرێ سنووری بۆ دابنرێ (Walter Hess).

گلیز و میتزنجیر سووربوون لەسەر ئیقاعە دینامیکییەکەی کوبیزمی شیکاری چونکە بەسەرچاوەی جووڵانەوە و ڕووناکی دەیانبینی (هەمان سەرچاوە)، گلیز و میتزنجیر گشت ئەم تیۆریانەیان لە کتێبێکدا لە ساڵی ١٩١٢ نووسی و لەژێر ناونیشانی دەربارەی کوبیزم du Cubisme بڵاویان کردەوە کە تاکو ئەمڕۆ بەیەکێ لە سەرچاوە تیۆرییە گرینگەکان بۆ کوبیزم لە قەڵەم دەدرێ.

گلیز و میتزنجیر و هاوڕێکانیان ماوەیەک پاش پیکاسۆ و براک دەستیان بەکارکردن کرد لە کوبیزمدا. ئەوان لە ١٩١٠ بۆ ١٩١٢ کاریان لە کوبیزمدا کرد لە کاتێکدا براک و پیکاسۆ لەوپەڕی قووڵبوونەوەدا بوون لە کوبیزمی شیکاری.

گرووپی گلیز و میتزنجیر لە فرناند لێژێ، ڕۆبەرت دیلۆنی، مارسیل دوشا، فرنسیس پیکابیا، ژاک ڤیلون Jacques Villon، مێرسێرۆ Mercereau، لۆت Lhote، لافرێزنێ La Fresnaye، پووتۆ Puteaux هەروەها گیوم ئاپولینیریش. ئەم هونەرمەندانە نەک تەنیا وەکو پۆلی ئەودیوی براک و پیکاسۆ بەڵکو تا ڕادەیەک وەکو ئۆپۆزسیۆن لە دژی براک و پیکاسۆ کاریان دەکرد. بۆ نموونە لە کاتێکدا کە شێوە لە کوبیزمی براک و پیکاسۆ بابەت و ناوەڕۆکی کاری هونەری بوو، ڕەنگ لە پێناوی شێوەدا بەکار دەهێنرا، لای ڕۆبەرت دیلۆنی تەواو بەپێچەوانەی براک و پیکاسۆیە، کوبیزم بینایێک بوو بەڕەنگ، ڕەنگ لای ئەو بابەت و ناوەڕۆک بوو، شێوە لە پێناوی ڕەنگدا بوو، ئەو پرەنسیپانەی دیلۆنی نەدەگونجا لەگەڵ کوبیزمی براک و پیکاسۆدا.



وەکو ناونانیش پیکاسۆ و براک هێندە ناگەڕان بەدوایدا و ئەوان قایل بوون بەو ناوەی کە ڕەخنەگر لوی ڤوسیل بۆ کارەکانی براکی دانابوو لە پێشانگای فۆڤیزمی ساڵی ١٩٠٥دا. ئەوسا ڤوسیل هەندێ شێوەی هەندەسی لە کارەکانی براکدا بەدی کردبوو و وشەی (کوبیزم)ی بۆیان دانا و ئیدی هەر ئەو ناوەش بوو بەناوی کوبیزم.

بەم جۆرە شێوەی کوبیزم لە قۆناغەکانی دوای سیزان و هەروەها لای براک لە ساڵی ١٩٠٥ بەدەرکەوتووە، بەڵام مێژووی هونەری شێوەکاری خۆرئاوا تابلۆی «خانمانی ئەڤینیۆن»ی پیکاسۆ کە لە ساڵی ١٩٠٧ تەواوی کرد، بەمێژووی دەستپێکردنی کوبیزم لە قەڵەم ئەدا، لەوانەیە لەبەرئەوەی سیزان تاکو کۆتایی ژیانی هونەرمەندی سروشت بوو و گشت شێوەکانی لە سروشت و لە «سروشتی مردوو» و مۆدیلەوە دروست دەکرد، لە کاتێکدا کوبیزم هەنگاوێکە بۆ جیابوونەوە لە سروشت. هەروەها براک ئەو کات یەکێ بوو لە هونەرمەندانی ئازادکەری ڕەنگ و گشت شێوەکانی لە پێناوی ئازادکردنی ڕەنگدا دروست کردبوو، شێوە لە کارەکانی ئەو کاتەیدا نەبووبووە بابەتی سەرەکی و ئامانجی کاری هونەری، لە کاتێکدا لە تابلۆی «خانمانی ئەڤینیۆن»دا گۆڕانە سەرەکییەکە لە شێوەدا بوو، گشت ڕەنگ و ئینشای تابلۆکە لە پێناوی نوێکردنەوەی شێوەدا بوو.

هونەرمەندانی کوبیزم وەک گرووپ تاکو ١٩١٥ کاریان لە کوبیزمدا کرد، لەو کاتەوە چ پیکاسۆ و براک و گریز و چ گرووپی گلیز و میتزنجیر وردە وردە لە یەک دوورکەوتنەوە و جەنگی جیهانی یەکەمیش ئەو لە یەک دوورخستنەوەی خێراتر کرد.

## کوبیزم لای فرناند لێژێ

فرناند لێژێ Fernand Léger ١٨٨١–١٩٥٥ لە سەرەتادا لەگەڵ گرووپی گلیز Gleizes و میتزنجیر Metzingerدا کاری دەکرد و سەرەتای کوبیزمی ئەو جێبەجێکردنی دەقاودەقی قسەکانی سیزان بوو. پاشان کەوتە ژێر کاریگەری کوبیزمی براک و پیکاسۆوە تا قۆناغی کوبیزمی سەنتێتیکیدا کاری لەگەڵیاندا کرد، پاش ئەوەی کە هونەرمەندانی کوبیزم هەریەک بەلایەکدا ڕۆیشتن، لێژێش بۆ خۆی دونیایێکی هونەری تایبەت بەخۆی دۆزیەوە.

دونیای کوبیزمی لێژێ دونیایەکی میکانیکییە، ئەو خۆشیی بەدونیای میکانیک ڕۆبۆت شاری گەورە و موزیکی جاز و سەرجەم دونیای مۆدێرنە دەهات، و دەیکردنە بابەتی کارەکانی.



فێرناند لیژێ. شار ١٩١٩

شێوەی سۆندە و لوولەک و قوچەک و مرۆڤی ئالی (رۆبۆت) لە شێوە خۆشەویستەکان بوو لای کە هەمیشە لە تابلۆکانیدا دەبینران گەرچی وەکو بیروباوەڕ مرۆڤێکی کۆمۆنیست بوو هەمیشە خۆی لە بەرەی کارکەر و جوتیاردا دەبینییەوە و خەوی بەهونەری میللییەوە دەبینی، هەندێ جار هونەرەکەی خۆی بەهونەری «ریالیزمی سوسیالستی» لە قەڵەم دەدا، بەڵام بێ دەست تێوەردانی ئایدیۆلۆژی و پیاوانی سیاسی «هەمان سەرچاوە» ئەم حاڵەتەی لیژێ دەکرێ وەکو ڕێبازێکی هونەری تەماشا بکرێ چونکە ئەمە هەڵبژاردە و بڕیاری خودی هونەرمەندە نەوەک دروستکراوەی دەوڵەت یان ئایدیۆلۆژیای سیاسی.


ئەلان بۆونس Alan Bowness کارەکانی لیژێ وەکو ئاشتبوونەوەیەک دەبینێ لە نێوان جووڵانەوە و دینامیک لەلایەک، شێوە و ڕەنگ لەلایەکی دیکە. چونکە لیژێ خۆشەویستی بۆ ئەو شێوانە هەبووە کە بەکاریانی هێناوە بەکۆمەڵێ ڕەنگی جوان لەگەڵ یەکدی گونجاندوونیەتی، زۆرجاریش ویستوبەتی بەجۆرێ بەکارهێنانی ڕەنگ کارەکتەری ئەو مەتریال و شێوەیە دەربخا کە بەکاریان دەهێنێ وەک جۆری بەکارهێنانی شین بۆ گەیاندنی هەستی میتالێک بەبینەر.

لیژێ خۆی دەڵێ: «من بۆ خۆم لە دونیای میکانیک بابەتێکی جوان دروست دەکەم» ئەو هێندە شێوەی لوولەک و قوچەک لە تابلۆکانیدا بەکار دەهێنێ تاکو ڕەخنەگری هونەری لوی ڤوسێل ناوی توبیزم Tubisme لە کارەکانی لیژێ دەنێ.



## کوبیزمی دەربڕینخوازی


هونەرمەندی چیکی فرانچسکا کوبکا Françska Kubka هەر لە ٢٤ ساڵییەوە لە پاریس دەژیا، جگە لە بەشداربوونی چالاکی لە ئورڤیزمی (دیلونی)دا، لە سەرجەم ئەتمۆسفیری کوبیزم لە پاریس نزیک بوو، لەگەڵ مارسیل دوشا و براکەیشی بووبوون بەبرادەر و لە هەمان کاتدا پەیوەندی لەگەڵ ئەتمۆسفیری هونەری وڵاتەکەی خۆیدا هەبوو و بووە هاندان بۆ دروستبوونی گرووپی هونەری نوێ لەوێ، بەتایبەتی لەو کاتانەدا کە لە ساڵی ١٩٠٧ پێشانگایەک بۆ کاری هونەرمەندە ئەمپرێسیۆنیزمەکان و قۆناغی ئەمپرێسیۆنیزمی نوێ کرایەوە، لە ساڵی ١٩١٠یش پێشانگایەک بۆ فۆڤیزم و هێندەی نەخایاند کارەکانی مونش و دەربڕینخوازە ئەڵمانییەکانیش دیسانەوە لە پراگ نیشان دران. ئەمانە هانی هەندێ لە هونەرمەندی نوێخوازی چیکی دا لە ساڵی ١٩١١ لە پراگ، گرووپی هونەرمەندانی پلاستیک دابمەزرێنن کە پێکهاتبوون لە ئیمیل فیلا Emil Filla و بۆمیل کوبیستا Bohumil Kubista کە هەردووکیان لە ساڵی ١٩٠٩ لە پاریس ژیابوون و لەژێر کاریگەری سیزاندا دەستیان بەپارچە پارچەکردنی ڕەنگ لە تابلۆکانیاندا کردبوو. (بڕوانە ٢٣) پاشان فیلا و کوبیسکا لە پاش جەنگی جیهانی یەکەمەوە ویستیان زیاتر پەرە بەنوێکردنەوەی کاری هونەری بدەن و لەگەڵ ڕێڕەوی مۆدێرنەدا بڕۆن، بۆ ئەمەش ئەوان چەند هەوڵێکیان دا کە پێکهاتبوو لە تێکەڵاوییەک لە نێوان کوبیزمی فەرەنسی و دەربڕینخوازی ئەڵمانیدا، هەر بۆیەشە کوبیزمی چیکی زیاتر بەکوبیزمی دەربڕینخوازی ناسراوە.



کۆبکا. بیناسازێکی فەلسەفی ١٩١٣

بێ گومان ئەتمۆسفیری پراک بەپاریس بەراورد ناکرا و ئەوان تا ڕادەیەک دووربوون لە

پایتەختی ئەوسای مۆدێرنەوە (پاریس) و کەسانی بەتوانا وەکو ئاپولینیر لە دەوریان نەبوو. ئەگەرچی مێژوونووسی هونەر ڕەخنەگری هونەری ڤنسنز کرامێر Vincenc Kramër لە ساڵی ١٩٢١ لە شاری برنۆ Brno کوبیزمی دەربڕینخوازی ئاشکرا کرد، (هەمان سەرچاوە) بەڵام ئەو کاتە لە غەیری وڵاتەکەی خۆیان لە هیچ شوێنێکی دیکە بەناوبانگ نەبوو.



کۆبکا

## ئۆرفیزم Orphisme

ئۆرفیزم جۆرێکە لە کوبیزم تایبەتە بەڕۆبەرت دیلۆنی Robert Delauny بەڵام لە زۆر لایەنەوە بەپێچەوانەی کوبیزمی براک و پیکاسۆیە. لە کوبیزمی براک و پیکاسۆ شێوە خۆی بابەت و ناوەڕۆکە لە ئۆرفیزمدا ڕەنگ دەبێتە بابەت و ناوەڕۆک و خودی ڕەنگەکان لە تابلۆی ئۆرفیزمدا شێوە بۆ خۆیان دروست دەکەن.

ڕۆبەرت دیلۆنی ١٨٨٥-١٩٤١ سەرچاوەی کوبیزمەکەی خۆی لە سیزانەوە وەرنەگرتووە بەڵکو لە دیڤیزیۆنیزمی Devisionismی سۆیرە و سنیاکەوە، ئەمەیش دیسانەوە جیاوازییەکی دیکەیە لەگەڵ کوبیزمی براک و پیکاسۆ. سەرقاڵبوونی دیلۆنی بەیاساکانی پارچەپارچەکردنی ڕەنگ لای سۆیرە و سنیاک زیاتر بەرەو پتەوکردنی پەیوەندی نێوان ڕەنگ و تیشک بردی کە ئەمەش خۆی ناوەڕۆکی شێوە کارکردنی ئۆرفیزمە.

دیلۆنی بۆ زیاتر شارەزابوونی لەم پەیوەندییە ناوەڕۆکییەی نێوان ڕەنگ و تیشک هەر دیاردەیەکی تایبەت بەڕەنگ لە هونەر یان لە زانستدا هەبووایە خۆی لێی نزیک دەکردەوە. هەربۆیەشە سوودی لە هەندێ هەوڵەکانی زانای فیزیک یۆجین شیفرۆی (سەدەی نۆزدە)



Chevreul وەرگرتبوو، بۆ زیاتر پەرەپێدان بەتیۆری سەردەمیی خۆی دەربارەی تیشک و ڕەنگ کە لە ساڵی ١٩١١ دەگاتە ئەو ئەنجامەی: «ڕەسم کردن بەڕەنگ زمانی زۆر کۆنی تیشکە». دیلۆنی نەهات وەکو پیکاسۆ و براک بابەتی « ژیانی مردوو – حیاة جامدة» بۆ کوبیزمی شیکاری بەکار بهێنێ بەڵکو بورجی ئێفیل بەکارهێنا. ئەو لە ساڵی ١٩٠٩دا چەند جارێک ڕەسمی بورجی ئێفیلی کرد و تیایدا هەمان پرەنسیپی کوبیزمی شیکاری بەکارهێنا وێڕای تێکەڵاوکردنی بەو زانستانەی خۆی دەربارەی ئینشای تابلۆ لە سەردەمی گۆتیک کە ئەنجامەکەی زنجیرەیەک تابلۆی کوبیزم بوو، وەک قۆناغێ پێش گەیشتن بەئۆرفیزم لە هەمان کاتدا وەکو پێشەکییەک بۆ دروستکردنی زنجیرەیێ لە کاری دیکە کە ساڵی ١٩١٢ لە شێوەی پەنجەرە ئەنجامیانی دا، بەڵام تەنیا بەڕەنگ. ئەم کارە نوێیانەی دیلۆنی جۆرە شێوەیەکی ئەندازەیی بوون لەناو ئەتمۆسفیرێکی ڕەنگدا دروستیانی کردبوو بەجۆرێ کە ڕەنگەکان لە تەنیشت یەکدیدا خۆیان شێوە بۆ خۆیان دروست کەن و کۆتایی پەلەڕەنگێ لە دەستپێکردنی ڕەنگەکەی تەنیشتییەوە تەواو دەبێ. بەم جۆرە دیلۆنی تەنیا بەخودی ڕەنگەکان لە یەکتریانی جیا دەکردەوە بێ بەکارهێنانی هێڵ.

لەم حاڵەتەدا دیلۆنی ڕەنگێکی دژ بەوەی تەنیشتییەوە دادەنا بۆ ئاشکراکردنی جیاوازی نێوان ڕەنگەکان لەلایەکەوە و دروستکردنی ئیقاعی دینامیک و جووڵانەوە لەلایەکی دیکەوە، ئەمەش جوانی و شیعریەتێکی بەسەرجەم ئەتمۆسفیری تابلۆکە دەبەخشی... Karin Thomal.



دیلۆنی. خۆر و مانگ ١٩١٢

بەم جۆرە دیلۆنی بەبەکارهێنانی ڕەنگی دژ بەیەکتر جیاوازی و سنووری نێوان ڕەنگەکانی ئاشکرا دەکرد، لەلایەکی دیکەیشەوە حاڵەتێکی لە تلقائییەت «خوکرد» بۆ پەیوەندی نێوان ڕەنگەکان دروست دەکرد، بەم جۆرە ڕەنگ لای دیلۆنی تەنیا وەکو مەتریالێ بۆ ڕەسم کردن نییە بەڵکو ناوەڕۆکیشە. ئەنجامی ئەمەش هەوڵدان بوو بۆ شارەزابوونی گشت بنج و بنەوان و ڕەفتار و یاساکانی ڕەنگ ئەمەش زیاتر بەرەو شارەزابوونی بۆ بنج و بنەوان و یاساکانی تابلۆ بردی، تابلۆ بۆ ئەو وەکو بینایەک بوو لە ڕەنگ «Karl Ruhrberg».

دیلونی جگە لە سوود وەرگرتن لە یاساکانی ڕەنگ لای سۆیرە و سنیاک سوودێکی دیکەیشی لە هونەرمەندانی ئازادکەرانی ڕەنگ (فۆڤیزم) وەرگرتبوو، ئەمەش ڕێگا خۆشکەربوو بۆ ئۆرفیزم.

گیۆم ئەپۆلینێر یەکێ بوو لەوانەی کە لە نزیکەوە لەگەڵ ئەزموون و شێوەکارکردنی دیلۆنیدا دەژیا و هەستی بەنزیکبوونەوەی ئەو جۆرە ڕەنگ بەکارهێنانەی کێ بوو کە لە دونیای شیعری خۆی نزیک بوو، هەر بۆیەشە بەخۆی چۆن گەیشتبووە دونیای شیعری پەتی بەهەمان ئاستیش ڕەسم کردنی دیلۆنی وەکو «ڕەسم کردنی پەتی دەبینی» و ناوی ئۆرفیزمی لەم جۆرە ڕەسم کردنەی دیلۆنی نابوو، ئەمەش لەبەر بینینی هەستی شیعری و غینائی لە ئەتمۆسفیری ڕەنگی دیلۆنیدا، لە ١٩١٢بەدواوە جگە لە ناونانی ئەپۆلینێر خۆی دەبێت بەیەکێ لە تیۆریستەکانی ئۆرفیزم.

دیلۆنی لە سەرەتادا لەگەڵ گرووپی گلیز Gleizes و میتزنجیر Metzenger بەدژی کوبیزمی براک و پیکاسۆ کاری دەکرد، بەڵام هەر کەس بەپێ ئازادی خۆی، کەچی لەگەڵ Albert Gleizesدا یەک بوو لەسەر ڕەوتی کوبیزم بەرەو تەجرید، ماوەیەک کارەکانی تەواو تەجرید بوون، بەڵام پاشان دیسانەوە گەڕایەوە بۆ کاری فیگەراتیڤ...

کارکردنی دیلۆنی لە ئۆرفیزمدا لە سەرەتادا هەر خۆی بوو، پاشان هونەرمەندی ڕووسی سۆنیا تێرک Sonja terk کە ئەو ساڵە لە پاریس دەژیا کەوتە ژێر کاریگەرییەوە سەرەنجام ئەویش کاری لە ئۆرفیزمدا کرد، لە ئەنجامدا شووی بەدیلۆنی کرد و ناوی خۆی گۆڕی بۆ سۆنیا دیلۆنی. ماوەیەکی زۆری نەبرد هونەرمەندی چیکیش فرانچسکا کۆبکا Françska kubka کەوتە ژێر کاریگەری دیلۆنییەوە بەم جۆرە ئۆرفیزم لە کاری تاکە کەسی چووە دەرێ، بوون بەگرووپی ئۆرفیزم کە پێکهاتبوو لە ڕۆبەرت دیلۆنی و سونیا دیلۆنی و فرانچسکا کۆبکا.



لەوکاتەی کارکردن لە ئۆرفیزمدا لەوپەڕی چالاکیدابوو، هونەرمەندانی گرووپی «ئەسپ سوارە شینەکانی میونشن» هاتوچۆی پاریسیان دەکرد، خۆشییەکی گەورەیان بەپرۆسەی ئازادکردنی ڕەنگ دەهات لای هونەرمەندە فەرەنسییەکان، چاویشیان بەئۆرفیزمی دیلۆنی کەوت و بووە کارتێکردنێکی کوشندە بەتایبەت لەسەر ئۆگوست ماکە August Macke و فرانس مارک تا گەیشتە کارتێکردن لە کاندنسکی و پۆل کلێ، بەڵام بەڕادەیەکی کەمتر وەک لە (مەکە) و (مارک)، سەرچاوەیش هەیە دەڵێ دیلۆنی تەنیا کاریگەری تیۆری لەسەر کاندنسکی هەبووە. بەڵام لە هەموو حاڵەتێکدا بوونی دیلۆنی لە کتێبی «بلوو ڕایتەر»دا ئاشکرایە. هەروەها پول کلێ خۆی نووسینەکەی دیلۆنی (کە لە ساڵی ١٩١٣ لەژێر ناونیشانی «دەربارەی تیشک» نووسیبووی) وەردەگێڕێتە سەر زمانی ئەڵمانی و لە گۆڤاری شتورم Sturm لە بەرلین بڵاوی دەکاتەوە.

ئەم نووسینەی دیلۆنی لەپاڵ تیۆرییەکانی ئەپۆلینێردا دەبێتە یەکێ لە سەرچاوە تیۆرییە گرینگەکان دەربارەی ئۆرفیزم.

لە نێوان ئۆرفیزم و فۆتۆریستە ئیتالییەکاندا دیسان خزمایەتییەک دروست دەبێ و کار دەکەنە سەر یەکدی.



دیلۆنی. خۆر و مانگ ١٩١٢

## سوپەرماتیزم Suprematisme

سیزان ڕەهەندی وەهمی لە تابلۆدا نەهێشت، ئەمەش سەرەتای دروستکردنی شێوە بوو لەناو «مەجال – بوار»دا کە هونەرمەندانی کوبیزم پەرەیان پێیدا. بەڵام کوبیزم بەگشتی چ لای پیکاسۆ و براک و گریز و چ لای گرووپی گلیز و میتزنجیر بەفیگەراتیڤی مایەوە.

کازیمیر مالێڤچ شێوە و ڕەنگی کوبیزمی تەواو کورتبڕ(ئیختیزال) کردەوە و بەجۆرێکی دی لەناو «مەجال» Spaceدا دایانی نایەوە کە پاشان هەر خۆی ناوی ئەم جۆرە کارانەی نا سوپەرماتیزم.

سوپەرماتیزم Suprematisme جۆرە کارکردنێ بوو بەشێوە لەناو «مەجال»دا، بەڵام بەجیاواز لە نەریتی کوبیزم. چونکە لە سوپەرماتیزمی مالێڤچدا مۆدیل و وێنەکردنی ستیل لایف Stil Life نامێنێ و هونەرمەند بەهێزی تصور لەناو مێشکی خۆیدا شێوە دروست دەکات، شێوەکانیش زیاتر تەجریدی ئەندازەیین لە چەشنی چوارگۆشە و سێگۆشە و خڕ وئیلیپس و هەندێ جاریش لەشێوەی خاچ.

کازیمیر مالێڤچ Kasimir Malewitsch ١٨٧٨–١٩٣٥ مەبەستی لە دروستکردنی ئەم شێوە سوپەرماتیزمانە ئەوەبوو تابلۆ بەتەواوی لەفیگەر ڕزگاربکا، هەر بۆیەشە دەکرێ بەسوپەرماتیزم بگوترێ جیهانی بێ فیگەر.

مالێڤچ لە سەرەتای کاری هونەریدا لەژێر کارتێکردنی ئەمپرێسیۆنیزمدا بوو، بەتایبەتی ئەمپرێسیۆنیزمی نوێ (دیڤیزیۆنیزم) واتا سۆیرە و سنیاک١٣.

ئەو هەمیشە بەدوای نوێکارییدا دەگەڕا و زوو زوو دەکەوتە ژێر کاریگەری هونەرمەندە گەورەکانی پێش خۆیەوە، جاروباریش ڕێبازە هونەرییە نوێیەکانی سەردەمەکەی خۆیشی، ماوەیەک خۆشی بەکۆمەڵەی هونەرمەندانی (نەبیز) دەهات و لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا کەوتە ژێر کاریگەری فۆڤیزم و کوبیزمی فەرەنسییەوە، ماوەیەکیش لەژێر کاریگەری دەربڕینخوازی ئەڵمانیدا کاری دەکرد.

ساڵی ١٩١٢ مالێڤچ سەفەرێک بۆ پاریس دەکات کە کوبیزم لە قۆناغی شیکارییەوە دەگۆڕدرێت بۆ سەنتێتیزم. ئەو کاتە مالێڤچ دەکەوێتە ژێر کاریگەری کوبیزمی شیکارییەوە و لە هەمان کاتدا لە کارەکانی ئەو کاتەی کاندنسکییەوە نزیک دەبێتەوە، پاشان بۆ ماوەیەک دیسانەوە شێوە لە کارەکانیدا دەگۆڕدرێت و نزیکایەتی لەگەڵ شێوەی



کوبیزمی فرناند لیژێدا پەیدا دەکا ئەگەرچی وەکو بابەت هێشتا وێنەی جوتیارە ڕووسییەکانی دەکرد. بەڵام هۆی سەرەکی شێوە ئەندازەییەکانی مالێڤچ دەگەڕێتەوە بۆ کاریگەری کوبیزمی شیکاری تادێ ڕەنگیش لە کارەکانیدا ئیختیزال دەبێتەوە هەڵبەت وەک سەرەتایەک بۆماڵئاوایی کردن لە هونەری فیگەراتیڤ، [هەمان سەرچاوە].

جگە لە گۆڕانی کوبیزمی شیکاری بۆ سەنتێتیکی لە ساڵی ١٩١٢دا، زۆر ڕووداوی هونەری دیکەش ڕوویاندا لەوانە خۆ ئاشکراکردنی هونەرمەندانی فۆتۆریزم بەپێشانگایەکی هاوبەش لە پاریس، هەروەها لە هەمان ساڵ پیکاسۆ یەکەمین کاری کونستروکسیونی بەکاغەز دروست کرد کە ساڵێک پاش ئەوە و لەژێر ئەو کارەی پیکاسۆدا (ڤلادیمێر تاتلین) ئینجا بەدار و شووشە و ئاسن کارێکی کونستروکسیونی دروست کرد و هەمان ناویشی لێ نا، ئەمە کاریگەری لە کازیمیر مالێڤچ کردبۆ خێراکردن بەگەیشتن بەهونەری سوپەرماتیزم.

مالێڤچ مرۆڤێکی ئاینی بوو وەکو ژمارەیەکی زۆر لە هونەرمەندانی ڕووس ئیکۆنەی ڕووسی کاریگەری زۆری بەسەریەوە هەبوو، کە ناوەڕۆکی هونەرەکەی خۆی پێ گرێ دەدا. هەرچی فۆڤیزم و کوبیزم و فوتوریزم بوو تا دەگاتە کارە کونستروکتیڤیزمەکەی تاتلینیش کاریگەریان بەسەر ڕەنگ و شێوەدا بوو لە کاری مالێڤچدا. هەر بۆیەشە ناوی تابلۆی چوارگۆشە ڕەشەکەی نابوو «ئیکۆنە ڕەشە بێ چوارچێوەکەی سەدەی خۆم» [بڕوانە Volk-mar Esser] ٥، لە هەندێ سەرچاوەی دیکەدا بەناوی «ئیکۆنە ڕووتە بێ چوارچێوەکەی سەدەی خۆم» هاتووە.


مالێڤچ ئەم تابلۆیەی لە ساڵی ١٩١٣دا لەژێر گشت ئەو کاریگەرییانەوە وەک فۆڤیزم و کوبیزم و فوتوریزم و کونستروکتیڤیزم دروست کرد کە بەیەکەمین کاری هونەری سوپەرماتیزم دەژمێردرێ. [Werner Haftimann] ١٣، سەرەتایەکە بۆ زنجیرەیەک لە کاری سوپەرماتیزمی دیکە کە مالێڤچ لە کارکردن تەنیا لەسەر شێوەیەکدا نەمایەوە، بەڵکو چەندین شێوەی دیکەشی تاقیکردەوە، وەکو: لاکێشە و سێگۆشە و کۆمەڵێ چوارگۆشەی جیا جیا بەیەکەوە تاکو شێوەی خڕ کە لە چەند پەیوەندیەکدا لەگەڵ شێوەکانی دیکەدا هەستی دینامیکی دروست بکەن.

ئەم فاکتۆرە دینامیکییە کە مالێڤچ لە فوتوریزمەوە وەری گرتبوو لەپاڵ جیهانی بێ فیگەریدا یەکێ لە ئامانجە هونەرییەکانی خۆی بوو، کاریگەری و خۆشەویستی مالێڤچ بۆ

فاکتەری دینامیک هۆیەک بوو کە بۆ ماوەیەک لەگەڵ هونەرمەندانی کوبوفۆتۆریزمی ڕووسیدا کاری دەکرد. [هەمان سەرچاوە]

ماڵێڤچ هونەری سوپەرماتیزمی گەیاندە ئاستێ کە لە ڕووسیا لە هەمان کاتدا لەگەڵ کونستروکتیڤیزم و هونەرمەندانی کوبوفۆتۆریزمدا کاریگەر بێ. ماڵێڤچ بڕوای وابوو کە ئەگەر هونەر لە فیگەر ڕزگار بکا و بەو شێوەیەی کە خۆی دەیەوێ واتا (سوپەرماتیزم) ئەوسا دەتوانێ جۆرێکی نوێ لە بینین دروست بکا کە بەهۆیەوە دەتوانێ مرۆڤ لەو پەیوەندییە سیاسی و کۆمەڵایەتییانە ڕزگار بکا کە ساڵەهای ساڵە (بەڕای ماڵێڤچ) ئازادییەکانی لێ سەندووەتەوە. ئەو تەنیا مەبەستی ژیانی هونەری نەبوو، بەڵکو ڕزگارکردنی مرۆڤ لەناو ژیاندا بەگشتی، هەروەکو خۆی دەڵێت: «لەگەڵ سوپەرماتیزم چەند پلان و بۆچوونێک دەست پێ دەکەن کە تەنیا لە بوارێکدا نەگیرسێتەوە، بەڵکو زیاتر بۆ ڕزگاربوون بێت لە کۆمەڵگا و سیاسەت و دەوڵەت».

ئەو خۆی هەمیشە لەگەڵ ئەو دروشمەدا بوو کە سوود لە گشت شت و تواناکان وەربگیرێ و لە پێناو ئازادی مرۆڤدا بەکار بهێنرێ. ئەمەش بەدروستکردنی زمانێک بۆ هونەر کە زیاتر جیهانی بێ. ئەو دەیەویست بەو شێوە ئەندازەییانەی سنوورەکانی مانا و هەست و بیرکردنەوە دیاری بکات.


مالێڤیچ. سوپەرماتیزم ١٩١٤

بەم جۆرە هونەری سوپەرماتیزم شێوەیەکە لە دیاریکردنی سنوورەکان و ئاشکراکردنی ڕەنگ و شێوەیە کە عەقڵ ڕۆڵێکی گەورەی تیا دەبینێ ئەگەرچی ماڵێڤچ خۆی هەرگیز نکوڵی لە ڕۆڵی هەست و ئاگایی نەکردووە هەمیشە وەکو یارمەتیدەری عەقڵ تەماشای کردووە. بەم جۆرە هەست و ئاگایی لە کارە سوپەرەماتیزمەکانی ماڵێڤچدا یارمەتیدەرن بۆ دروستکردنی شێوەکان. ماڵێڤچ لەلایەکی دیکەوە هەست و ئاگایی وەکو سەرچاوەیەک دەبینی بۆ داهێنان بەگشتی و داهێنانی سوپەرماتیزمەکەی بەتایبەتی.
[Karin Thomas]



سوپەرماتیزم لە سەرەتادا تەنیا ڕەسم کردن بوو، ئیدی لەسەر هەر چ مەتریال یان ڕووبەرێ بێ وەکو قوماش یان کاغەز یان تەختە، شێوەکانیشی دوو ڕەهەندی بوون. (Flat) کاریگەری (پرۆنی) لیسیتسکی بوو بەسەر ماڵێڤچەوە کە شێوەکانی گۆڕی بۆ سێ ڕەهەندی و تادێ لە هونەری بیناسازی نزیک دەبووەوە. لە هەمان کاتیشدا نزیکایەتییەک هەبوو لە نێوان ئەو و قوتابخانەی باوهاوسی ئەڵمانی و گرووپی دو ستیلی هوڵەندی، هەڵبەت وەکو بەشدارییەک لەو هەوڵدانانەی ئەوان بۆ نەهێشتنی سنوورەکانی نێوان هونەر و زانست، ئەگەرچی ماڵێڤچ لە نێوان سوپەرماتیزمەکەی خۆی و دو ستیلی هۆڵەندی و باوهاوسی ئەڵمانیدا سنووری خۆی ڕاگرتبوو هونەر تەواو تێکەڵاو بەتەکنیک و کاری دەستی نەکا، بەو بەهانەیەوە کە تەکنەلۆژیا ئەرکی جێبەجێکردنی شتەکان لە مەجالێکی دیاریکراودا بەخۆوە دەگرێ و ئامانجی جیایە وەک لە هونەر کە هەمیشە ئازادە. [Horst Richter]

کوبیزم وەکو باسمان لێوە کرد کارکردنە لەناو مەجالدا. ماڵێڤچ هاتووە ئەم کارکردنەی ناو مەجالی لە کوبیزمەوە وەرگرتووە و شێوە و ڕەنگی تیا ئیختزال کردووە تا گەیاندوویەتی بەسوپەرماتیزم. ئەمەش هەنگاوێکە بۆ بەرەوپێشەوە و نوێکردنەوەی شێوە و ڕەنگ لە کاری هونەریدا. بەم چەشنە دەکرێ سوپەرماتیزم بەهەنگاوێکی دیکە ببینین لە ئازادکردنی ڕەنگ و نوێکردنەوەی شێوەدا وێڕای زیادکردنی فاکتۆری دینامیک و (مەجال).

ماڵێڤچ خۆی لە کارە تیۆرییەکانی خۆیدا کە ساڵانی ١٩١٤ و ١٩١٦ دەربارەی سوپەرماتیزم نووسیوونی جەخت لەسەر فاکتەری «مەجال» دەکاتەوە و شوناسی سوپەرماتیزمی بۆ دادەنێ. ماڵێڤچ ئەوکات نووسیویەتی: مەجال «هەندێ جار بەمانای بۆشاییش Space دێت کاتێ پێمان لەسەر زەوی نەمێنێ، لەش یان هەر چ شتێکی دیکە پەیوەندییان بەو پارچە زەوییەوە نەمێنێ کە لێوەی بەرز دەبنەوە».

هەر بۆیەشە بەڕای مارسیل بریۆن سەرجەمی شێوە داڕشتنەکانی هونەری سوپەرماتیزم خۆیان وا نیشان دەدەن کە بیانەوێ خۆیان لە زەوی جیا بکەنەوە و بەرەو ئاسمان بڕۆن. ئەم خۆنیشاندانە بەتایبەتی لە قۆناغی دووەمی سوپەرماتیزمدا زیاتر بەدەردەکەوێ، لەم قۆناغەدا ماڵێڤچ شێوەی بیناسازی بۆ کارە سوپەرماتیزمەکەی دروست کرد، پاشان هەندێکیان وەکو مۆدیل بۆ دروستکردنی ساختمان یان ساروخی کەشتی ئاسمانی

بەکارهێنران، ئەمەش لەژێر کارتێکردنی (پرۆن)ی ئال لیسیتسکیدا بوو. ئەو کارە تیۆرییانەی مالێڤچ بەئەندازەی کارە عەمەلییەکانی بۆ سوپەرماتیزم گرینگ بوون، چونکە تیایاندا مێژووی سوپەرماتیزم و چۆنێتی پەیدابوونی لە فۆڤیزم و کوبیزمەوە ڕوون دەکاتەوە، ئەو کات لەژێر ناونیشانی «لە کوبیزم و فۆتۆریزمەوە بەرەو سوپەرماتیزم» بڵاویان دەکاتەوە، لە ساڵی ١٩٢٢ بەدواوە بەردەوامی بەو کارە تیۆرییانەی دەدا وەک: تیۆرییەکانی جیهانی بێ فیگەر کە تیایاندا دەربارەی چوارگۆشە ڕەشەکەی دەڵێ «دۆزینەوەی هیچ» و دەنووسێ «من هیچم لەناو خۆم دۆزیوەتەوە» و لە شوێنێکی دیکەش دەڵێ «من هیچم نەدۆزیوەتەوە غەیری دۆزینەوەی شەو نەبێ لەناو خۆمدا».

وەکو شێوەکانی مۆندریان بەڕای (مارسیل بریۆن) ئەو شێوە ئەندازەییانەی مالێڤچیش پەیوەندی ڕاستەوخۆی لەگەڵ شێوەی هەست و بیرکردنەوەی مرۆڤی ڕووسی هەیە کە دەبنە دروستکردنی کارەکتەریی، واتا مالێڤچ ویستویەتی چەند شێوەیەک بۆ کارەکتەری خۆی دروست بکا کە لە ناوەڕۆکدا دانەپچڕاو بێ لەگەڵ ئیکۆنەی ڕووسیدا، ئەمەش بەرەو ئەو دیدەگایە دەمانبا کە ئەتوانین چوارگۆشە ڕەشەکەی مالێڤچ تەنیا وەکو شێوەیەکی پەتی تەماشا بکەین، وەکو (ئیختیزال)کردنەوەی شێوەیەک لە شێوەکانی ئیکۆنەی ڕووسی کە دەبێتە ڕەهەندێکی ئاینی و سیمبۆلیی لەو کارەدا.

مالێڤچ لە ساڵی ١٩١٣ بۆی ڕێک نەکەوت چوارگۆشە ڕەشەکەی لە چوارچێوەی پێشانگایەکدا نیشان بدا، بەڵکو هەمان شێوەی لەجیاتی دیکۆر لە شانۆگەری «سەرکەوتن بەسەر خۆردا» نیشان دا کە دەقێکی «کر و چونخ» بوو، ئەو تەنیا داوای لێ دەکا کە دیکۆری شانۆگەریەکە بگرێتە ئەستۆ، ئیدی مالێڤچ بەهەلی دەزانێ و لەسەر پەردەی شانۆگەرێکە وێنەی چوارگۆشەیەکی ڕەش دروست دەکات و، بۆ دیمەنەکانی دیکەیشی هەندێ شێوەی سوپەرماتیزم بەکار دەهێنێ. ئال لیسیتسکیش دەربارەی شانۆگەریەکەوکارەکانی مالێڤچ دەنووسێ، کە بەیەکەمین شانۆگەری لە چەشنی ئۆپێرایەکی فوتۆریستی دەناسرێ، بۆ یەکەم جار لە شاری لینینگراد نیشان دەدرێ. (W. Haft-mann)

ساڵی ١٩١٥ مالێڤچ تابلۆکەی (چوارگۆشە ڕەشەکە)، بۆ یەکەم جار لە چوارچێوەی پێشانگایەکدا، لەژێر ناونیشانی «ئیکۆنە ڕەشە بێ چوارچێوەکەی سەدەکەم» نیشان دەدا.

لەگەڵ ئەم هەموو عەقڵانیەتەی سوپەرماتیزمی مالێڤچدا ئەو خۆی هەندێ جار بەکاری لیریکی لە قەڵەمی دەدا، لە کاتێکدا کە خۆی هەمیشە لە قڕە و ململانێدا دەبێ لەگەڵ



مارک شاگالدا کە یەکێکە لە نوێنەرە گەورەکانی لیریکی لە هونەری شێوەکاریدا تا ئەو ڕادەی دەبێتە هۆی جێ لەقەکردنی و دەرکردنی وەکو بەڕێوەبەری ئەکادیمیای ڤیتەبیسک Witebsk و خۆی جێگاکەی دەگرێتەوە.

بێجگە لە سیفەتی لیریکیش مالێڤچ سیفەتی ڕیالیزمیش بەکارە سوپەرماتیزمەکانی خۆی دەدا، لە کاتێکدا گشت هەوڵ و کۆششی ئەو بۆ نەهێشتنی فیگەر بوو لە کاری هونەریدا و یەکێ بوو لە دوژمنەکانی قوتابخانەی ڕیالیزمی سوشیالیستی سوڤیەت، مارک شاگالیش لەم ڕقەیدا هاوبەش بوو.

ئەگەرچی مالێڤچ بەینی خۆش نابێ لەگەڵ کاربەدەستانی سوڤیەت بەڵام سوپەرماتیزمەکەی کاریگەری دەبێ نەک تەنیا لەسەر نەوەی خۆی، وەکو ئال لیسیتسکی بەڵکو بەسەر نەوەیەکی پاش خۆیەوە، تا دەگاتە هونەری مونوکرۆمی (ئیف کلاین) و مینیمالیزمی بارنێت نیومان و ئاد ڕاینهارد تا دەگاتە هونەرمەندی هاوچەرخی یۆنانی جینس کۆنێلیس Jenes Kounellis و سەرجەم هونەری بیناسازی سەدەی بیستەم.

شایانی باسە جیهانی بێ فیگەر و هونەری سوپەرماتیزمی مالێڤچ تەنیا قۆناغێ بوو لە کارکردن کە لە ساڵی ١٩١٣ دەستی پێ کرد و تاکو دەوروبەری ١٩١٦ خایاند، پاش ئەو ماوەیەسەرلەنوێ مالێڤچ دەگەڕێتەوە بۆ کاری هونەری فیگەراتیف.

## پرۆن Proun

سەرەتا هونەرمەندانی کوبیزم بوون کاریان لە شێوەدا کرد لەناو مەجالێکی «فەزایەکی» دیاریکراودا، بەجۆرێ کە فەزا «مەجال» بووە ئەو ئەتمۆسفیرە گرینگە شێوەی تیا هەنجن هەنجن بکرێ و دووبارە بەجۆرێکی نوێ بینا بکرێتەوە، پاشان مالێڤچ هات شێوە و ڕەنگی لەناو ئەو مەجالەدا (ئیختیزال) کردەوە و هونەری سوپەرماتیزمی دروست کرد کە لەمەش «مەجال» ڕۆڵێکی سەرەکی تیا بینی.

کازیمیر مالێڤچ لە قۆناغی دووەمی سوپەرماتیزمەکەیدا گەشەی بەشوناسی «فەزا» مەجال دا بەجۆرێ کە تەنیا لە چوارچێوەی ئەو ئەتمۆسفیرە نەمێنێتەوە کە شێوەکانی تیا دروست دەکرێت، بەڵکو بچێتە دەرەوەی تابلۆ، بۆ ناو هەوا و بۆشایی و بتوانرێ کاری هونەری سێ ڕەهەندی تیا دروست بکرێ، وەکو لە سوپەرماتیزمدا باسمان کرد «مەجال» بەبڕوای مالێڤچ کاتێ دروست دەبێ کە فیگەرەکان پێیان بەزەویەوە نەمێنی و بەرەو ئاسمان بەرزببنەوە.

ئەم بیرۆکانەی مالێڤچ کاریگەری سەرەکیان هەبوو لەسەر هونەرمەند و ئەندازیار ئال لیسیتسکی El-Lissitzky ١٨٩٠–١٩٤١ و دروستبوونی هونەری پرۆن.

لیسیتسکی خۆی لە زانکۆی تەکنیکی دارمشتاد Darmstadt لە ئەڵمانیا هونەری بیناسازی خوێندووە، خواستی تێکەڵاوکردنی تەکنیک بووە لەگەڵ هونەردا بێ ئەوەی لە نرخە هونەرییەکەی کەم بکاتەوە، «کار لە ئەنجامدا کارێکی هونەری بێ نەک ببێت بەمەکینە» ئەو هەمیشە دەیویست جیاوازی لە نێوان کاری میکانیکی پیشەسازی و کاری میکانیکی وەکو داهێنانی هونەری بکا، [Kai - Uwe Hemken].

دەیویست تەکنیک و مەتریال و فیزیای مۆدێرن و ماتماتیک و دوا تیۆرییە زانستیەکان وەکو تیۆری ڕێژەیی ئانیشتاین و تیۆرییەکانی هێرمان مینکوفسکی Hermann Min-kowski دەربارەی کات و شوێن لە کارە پرۆنەکانیدا بەکار بهێنێ، بەم جۆرە لیسیتسکی پەرەی دا بەتەکنیک و مەتریال و زانست و سوپەرماتیزمەکەی مالێڤچی و لە شێوە دوو ڕەهەندییەکەیدا گواستەوە بۆ سێ ڕەهەندی کە پاشان مالێڤچ خۆی کەوتە ژێر کاریگەری «پرۆن»ەوە و هەندێ شێوەی سێ ڕەهەندی سوپەرماتیزمی دروست کرد لە شێوەی بیناسازی، ئەمەش پەیوەندی نێوان سوپەرماتیزم و پرۆنی زیاتر بەهێز کرد.

لە ساڵی ١٩١٩ ململانێکانی نێوان مالێڤچ و مارک شاگال توندتر بوو تاکو جێ پێ لەقکردنی شاگال و پاشان جێهێشتنی تەواوی بۆ ئەکادیمیای ڤیتەبسک Witebsk و داگیرکردنی مالێڤچ بۆ بەڕێوەبەرایەتی ئەکادیمیای ڤیتەبسک. ئەم ڕووداوانە لە قازانجی لیسیتسکی دابوو، چونکە ڕاستەوخۆ مالێڤچ لیسیتسکی بانگ کرد بۆ ئەوەی ببێ بەمامۆستا لە ئەکادیمیای ڤیتەبسک. ئیتر لەو کاتەوە زیاتر لە یەک نزیکبوونەوە و هەر لە ١٩١٩ لیسیتسکی دەستی بەجێبەجێکردنی هەندێ بیرۆکەی نوێ کرد تاکو ساڵی ١٩٢٤ خایاند و ناوی پرۆژەی «پرۆن»یان لێنا.

پرۆن تەنیا ڕەسم کردن نەبوو، بەڵکو پێکەوە ئامێزاندنێک بوو لە نێوان ڕەسم کردن و لکاندنی هەندێ مەتریالی دی و چەسپاندنیان بەسەر ڕووبەری تابلۆوە، وەک پارچە تەختەی یەک ڕەنگی یان ئاسن و تەنەکە کە لە شێوەی ئەندازەیی بوون. بەم جۆرە کاری پرۆن لە ڕەسم کردنەوە دەگوازێتەوە بۆ کاری ئۆبجەکت object، ئەمەش تابلۆ لە دوو ڕەهەندییەوە دەگوێزێتەوە بۆ سێ ڕەهەندی. لیسیتسکی دەربارەی پرۆژەی پرۆن دەڵێ: «ڕەسم کردنی سەر قوماش بوارێکی تەسکە بۆ کارکردنم، من پرۆنم دروست کرد وەک



گۆڕانێ لە هونەری ڕەسم کردنەوە بۆ هونەری بیناسازی». دانانی مەتریالە سێ ڕەهەندییەکان لەسەر ڕووبەری قوماش یان تەختە کە لە کاری پرۆندا مەرج نەبوو تەریبی بێ یان شاقوڵی، بەڵکو دەکرا دیاگۆنالیش بێ، بەڵام گشت ئەو مەتریالانە شێوەی ئەندازەییان بەخۆوە گرتبوو. ئەمەش بێ گومان دەگەڕێتەوە بۆ ئەقڵە ئەندازەییەکەی (لیسیتسکی) خۆی. ئەم مەتریالە جۆراوجۆرە سێ ڕەهەندییانە لەگەڵ ئەو شێوە ئەندازەییانەی کە لیسیتسکی لەوەپێش لەسەر تابلۆکە ڕەسمیانی کردبوو لە دونیای سوپەرماتیزمی مالێڤچەوە هاتبوون، دیسانەوە ئەتمۆسفیرێکی نوێیان دروست دەکرد وەک تێکەڵاوییەک لە نێوان ڕەسم کردن و ئۆبجەکتدا، ئەمەش زیاتر فاکتەری جووڵانەوەی بەهێز دەکرد لە کاری پرۆندا.

جووڵانەوەی شێوە کە کوبیستەکان لە کارەکانیاندا دروستیان کرد. لە کاری پرۆندا زیاتر بەدەردەکەوت، چونکە مەتریالە سێ ڕەهەندییەکان و جۆری دانانی مەرج بوو لای لیسیتسکی هەستی جووڵانەوە بەبینەر بدەن. بەم جۆرە گشت مەتریالێکی بەکارهێنراو لە کاری پرۆن دەبوایە یان جووڵانەوە دروست بکا یاخود بەشداری لە دروستکردنی جووڵانەوە بکات.

بێ گومان ئەمە وەک گوتمان تەنیا لە جۆری دانانی مەتریال دایە وەکی دی لە کاری پرۆندا مەتریال لکێنراوە یاخود چەسپێنراوەتە سەر ڕووبەری تابلۆکەوە. پاش پرۆن بەماوەیەکی زۆر، لە نیوەی دووەمی سەدەی بیستەمدا هەندێ هونەرمەندی دیکە گەشە بەبیرۆکەکەی لیسیتسکی و مالێڤچ دەدەن و هونەرێک دروست دەکەن کە شێوەکان بەماتۆڕێکی کارەبایی لەسەر تابلۆکە بجووڵێنەوە، ئەمەش خۆی هونەری جووڵاوەی پێ دەگوترێ Kinetische Kunst. بەرزبوونەوەی مەتریالە دانراوەکانی سەر ڕووبەری تابلۆکان لای لیسیتسکی زیاتر بەرەو ئەوە دەیبەن کە زیاتر بیر لە جیابوونەوەی شتەکان بکا لە زەوی، ئەمەش یەکەم جار لە مێشکی مالێڤچدا دروست بووبوو. لیسیتسکی بەعەقڵە تەکنیکییەکەی دەیویست شتەکان بەرەو ئەو ئاستە بەرێ کە لە « هێزی موگناتیسی – قوة الجاذبیة»ی زەوی دەریانپەڕێنێ و بەرەو ئاسمان بڕۆن، سەرەنجام لیسیتسکی چەند هێڵکارییەک بۆ جوانی بەرز فڕین دروست دەکا. (هەمان سەرچاوە).

لیسیتسکی پرۆژەی پرۆن بەچەند قۆناغێکدا دەبا و بۆ هەر قۆناغێک ناوێکی تایبەتی لێدەنێ وەک: پرۆنی٥ A یان N١٧ یان N٢٣، تا دێ شێوەکان لە زەوی بەرزدەبنەوە و بەرەو ئاسمان دەچن.

لە قۆناغە کۆتاییەکانی پرۆژەی پرۆندا لیسیتسکی سوود لە بیرۆکەی دینامیکی فوتۆریستەکانیش وەردەگریّ و تەنیا بەخەسڵەتی جووڵاوە لە کارەکانیدا قایل نابیّت، بەڵکو دەبیّ دینامیکیش بن. بۆیە هەندیّ شیّوە دروست دەکا بەتەواوەتی لەسەر سکە بجووڵیّنەوەو بەگشت لایەنیّکدا، وەکو تەریبی و شاقوڵی و دیاگۆناڵ، هەندیّ جار سکەکە لە شیّوەی (کەوانە) دروست دەکات یان لە شیّوەی (پیّچ)، ئەم قۆناغەی پرۆن هونەریّکی دیکەی لیّ دروست دەبیّت کە بەکونسترەکشن « بنیاتنان – Construction» ناسراوە، ئەگەرچی یەکەم کاری کونسترەکشن لە میّژووی هونەری شیّوەکاریدا دەگەڕیّتەوە بۆ پیکاسۆ کە لە ساڵی ١٩١٢ لە کاغەز و کارتۆن دروستی دەکا و ساڵیّ دوای ئەو تاتلین سوود لە بیرۆکەی پیکاسۆ وەردەگریّ و لە ئاسن و شووشە دروستی دەکا، بەڵام پرۆنی لیسیتسکی دەبن بەناوەڕۆکی هونەری.

پرۆژەی پرۆنی لیسیتسکی تەنیا پلانیّک نەبوو بۆ جیهانیّکی نوێی بیّ فیگەر بەڵکو هیّڵکاری و پلانیش بوو بۆ هونەری بیناسازی. سەرەتا لیسیتسکی لەگەڵ مالیّڤچدا، سەرپەرشتی گرووپی هونەری Unowis(*)یان دەکرد.


کە بەمانای شیّوەی نوێی هونەر دیّت. پاشان لیسیتسکی وشەی Proی ب بۆ ناونانی پرۆژەکەی خۆی Pro Unowis زیادکرد، پاشان کورتی کردەوە و بۆ Proun واتا بەرەو نوێکردنەوەی شیّوەکانی هونەر. [Karl Ruhrberg] ئەمەش وەک واقیعیّکی نوێ بۆ نیشاندانی هەستی جووڵانەوە و دینامیکی و خیّرایی بەبینەر بەخشین. ئال لیسیتسکی ئەم گۆڕانە شۆڕشگیّڕیانەی لە شیّوە و مەجالدا وەکو شۆڕشی هونەری لەناو شۆڕشی پرۆلیتاریادا دەبینی، ئەو وەکو مالیّڤچ خۆی نەخستبووە ناو ڕقەبەرایەتی لەگەڵ دەستەلاتدارانی سۆڤیەت، بەڵکو بەپیّچەوانەوە دەیویست گشت ئەم داهیّنانەی لە خزمەتی شۆڕشی ئۆکتۆبەر و لینینی مەزندا بەکار بهیّنیّ، تا ئەو ڕادەیەی کاریّکی تایبەتی بەناوی لینینەوە دروست کرد لەژیّر ناونیشانی Wolken búgel(**) ڤولکن بویگل.

هەروەها پلانی بۆ مۆزەی لینین لە شیّوە پرۆن دانابوو، بەڵام لینین و پاشان ستالین تەنیا قوتابخانەی ڕیالیزمی سوشیالیستیان پەسەند دەکرد و گشت هونەرەکانی دیکە بۆ ئەوان

(*) Unowis لە زمانی ڕووسییەوە بەمانای شیّوەی نوێی هونەر دیّت، کە دیسانەوە ناویّ بوو بۆ ئەو گرووپە هونەرییەی کە مالیّڤچ و ئال لیسیتسکی سەرپەرشتییان دەکرد.

(**) ڤولکن بویگل Wolken búgel لە ئەڵمانییەوەیە بەمانای لە ئۆتودانی هەور دیّ.





ئال لیساتیسکی. پرۆن ١٩٢٢

لە خزمەتی بورژوازی دابوو و نابیّ بایەخیان پیّ بدریّ. خۆشبەختانە ئەوان وەکو نازییەکان کاری هونەرییان تیّک و پیّک نەدەدا، بەڵام پشتگوێیان دەخست گەر لێی نەگەیشتنایە کە لە خزمەتی پرۆلیتاریا دایە. بۆیە لیسیتسکی خۆیشی لەروانینی بۆ لینین پەشیمان بۆوە و دواڕۆژ وەکو هاوڵاتی خۆی سیّرگی ئایزنشتاین Sergej Eisenstein تووشی فشاریّکی زۆر بوو، بەڵام وەکو زۆربەی دواڕۆژی داهیّنان گرینگی و کاریگەری پرۆنی لیسیتسکی پاش خۆی بەدەرکەوت، کۆمەڵیّ هونەرمەند کەوتنە ژیّر کاریگەرییەوە لەوانە لازلومۆلی نەج Laszlo Moholy Nagy و زۆر لە هونەرمەندانی قوتابخانەی باوهاوس Bauhausی ئەڵمانی و هونەری دیکە وەک فۆتۆگرافی و تۆپۆگرافی.

ئال لیسیتسکی وەکو مالیّڤچی پیّش خۆی نەک تەنیا کاری پراکتیکی پرۆنی دەکرد بەڵکو خاوەنی تیۆرییەکانیشی بوو کە وەکو کاری پراکتیکی بەردەوامی و گەشەکردن بوو لە چۆنیّتی مامەڵەکردن لەگەڵ شیّوەدا(*) دەربارەی مەجال (فەزا) سەرەتا ئەو لەگەڵ چۆنیّتی مامەڵەکردنی هونەرمەندانی کوبیزم دابوو، لەم بارەیەوە دەڵیّ: «پرەنسیپی

(*) لە پرۆنی لیسیتسکیدا شیّوە لە مانای فۆرم Form تیّدەپەڕی و مانای Shapeی ئینگلیزی وەرگرت کە وەکو جەستەیەکی سیّ ڕەهەندی خۆی نیشان دەدا.

ئەندازەی ئەکلیدی بۆ دیدەگا مەجالی لە شێوەی سێ ڕەهەندیدا بەتەسکی هێشتەوە و دونیای لە چەشنی هەرەمێک دارِشت کە ژێرەکەی لە چاومانەوە نزیک بێ و نوکەکەی دوور» دیدەگا سنوورەکانی مەجالی دەستنیشان کردو تەسکی کردەوە تاکو کۆتایی پێ هێنا ، بەڵام هونەرمەندانی کوبیزم هاتن ئاسۆیان هێنایە پێشەوەی تابلۆکانیانەوە و لەگەڵ ڕووبەر و شێوەکانیاندا تێکەڵاویان کرد و هونەرمەندانی فوتوریزم نووکی ئەو هەرەمەیان لە پێش چاو لابرد و لەجیاتی ئەوەی بەرامبەر شتەکان «فیگەرەکان» ڕەسم بکەن چوونە ناویانەوە، بەڵام سوپەرماتیزمی مالێڤچ نووکی ئەو هەرەمەی بەرەو بێ کۆتایی برد».

دەربارەی ماتماتیک و بەکارهێنانی مەتریالەوە ئال لیسیتسکی دەڵێت: «مرۆڤ دەبێ زۆر ئاگاداری ئەو تەریبییەی نێوان هونەر و ماتماتیک بێ، چونکە هەر کاتێ بەسەر یەکدیدا تێپەڕین ئەنجامەکەی لەوانەیە مردنی هونەر بێت». بۆ بەکارهێنانی مەتریالیش دەڵێت: «هەستەکانی مرۆڤ تەنیا دەتوانن تەسەوری مەجالێکی سێ ڕەهەندی بکەن، بەڵام مەتریالی نوێ دەتوانێ خەیاڵ بۆ مەجالی دیکەش ئاراستە بکا».


## کۆنسترەکتیڤیزمی ڕووسی و مانیفێستی واقیعییەکان

پاش ئەوەی ئال لیسیتسکی شێوە ئەندازیارییە دوو ڕەهەندییەکانی مالێڤچی گۆڕی بۆ کاری سێ ڕەهەندی (سوپەرماتیزمی گۆڕی بۆ پرۆن) سەرەنجام مەجال لەوە دەرچوو کە تەنیا بەتەسور «وێنا» لەناو مێشکی هونەرمەندا دروست بکرێ، بەڵکو لە کات و شوێنێکی دیاریکراودا کارە هونەرییەکەی تیا دادەنرا، ڕەگ و ڕەچەڵەکی ئەم گۆڕانکارییەی لیسیتسکی دەگەڕێتەوە بۆ پیکاسۆ و لەوێشەوە بۆ ڤلادیمیر تاتلین.

تاتلین لە ساڵی ١٩١٢ سەفەرێک بۆ پاریس دەکا و پیکاسۆ دەناسێ و دەچێتە ستۆدیۆکەی و لەوێ چاوی بەهەندێ کاری کونسترۆکسیۆنی پیکاسۆ دەکەوێ کە لە کاغەز و کارتۆن دروستی کردبوو، بەڵام ئەو ناوی کونسترۆکسیۆنی لێ نەنابوو. تاتلین کاتێ کە دەگەڕێتەوە موسکۆ لە ساڵی ١٩١٣ لەژێر کارتێکردنی ئەو کارە سێ ڕەهەندییانەی پیکاسۆدا، کارێک بەدار و ئاسن و شووشە دروست دەکا، ناوی کونسترۆکسیۆنی لێ دەنێ «بینا» و پاشان پەرە بەو جۆرە کارانە دەدا تا لە ساڵی ١٩١٩ کارە کۆنسترەکسیۆنە بەناوبانگەکەی «مۆدیلێ بۆ ئەنترناشناڵی سێیەم» دروست دەکات.

لەسەر کارتێکردنی کارە کۆنسترەکتیڤیزمەکەی تاتلین کە لە ساڵی ١٩١٣ کردبووی ئال




پیکاسۆ. بینای گیتارێک ١٩١٤

لیسیتسکی سوپەرماتیزمە دوو ڕەهەندییەکەی مالێڤچ دەگۆڕێ بۆ ئۆبجەکت (بابەت) و زنجیرە کارێکی کۆنسترۆکسیۆنی لێ دروست دەکات، ئەوە بوو کە لە باسکردنی پرۆندا ناومان برد.

زانایانی هونەر لەوەدا یەکن کە جەوهەری کۆنسترەکتیڤیزم پرۆنی لیسیتسکییە، بەڵام لە هەمان کاتیشدا ڤلادیمیر تاتلین بەباوکی کۆنسترەکتیڤیزمی ڕووسی لە قەڵەم ئەدەن.

کۆنسترەکتیڤیزم ئەو کارە هونەرییەیە کە تەکنیک و مەتریالی جیاجیا و هونەری بیناسازی بەیەکەوە دەبەستێتەوە و لە مەجالێکی واقیعیدا جێبەجێ دەکرێ. ئەمەیش لە هونەری پەیکەر جیای دەکاتەوە، چونکە کاری کۆنسترۆکسیۆن مامەڵە لەگەڵ مەتریالە جیاجیاکان وەکو خۆیان دەکەن. بەئاسن و دارو شووشە و باغە و هەر مەتریالێکی دیکە بینایییەک دروست دەکەن. ئەوان مەتریالەکان مودەلێرە ناکەن وەک لە کارکردنی پەیکەردا دەکرێ، بەڵکو مەتریالەکان وەکو خۆیان چۆن لەناو واقیعدا هەن بەو شێوەیە وەریان دەگرن و دەیانچەسپێنن بەیەکەوە لە جێبەجێکردنی کارە هونەریەکە. دەشێ مەتریالەکە لە کارێکی کۆنسترۆکسیۆنی دابڕێ یان بیپچەمێنێتەوە بەپێی خواستی کارە هونەریەکە، بەڵام ناکرێ مودەلێرە بکرێ، چونکە ئەو کات لە کاری کۆنسترۆکسیۆن دەردەچێ و دەبێتە پەیکەر.

پەیکەریش کارێکی هونەرییە کە مەجالێکی دیاریکراو داگیر دەکات، بەڵام چ لە پرەنسیپی کارکردنیدا و چ لە مێژووی گەشەکردن و نوێکردنەوەیدا جیایە لە کاری کۆنسترۆکسیۆن کە سەرچاوە هەرە دوورەکەی دەگەڕێتەوە بۆ کوبیزم، بەڵام پەیکەر لە هونەری شارستانییە هەرە کۆنەکانەوە وەکو سۆمەری و بابلی و فیرعەونی و یۆنانییە کۆنەکانەوە هاتووە.

لە کاتێکدا لە کاری پەیکەر مەتریال و کات و شوێن هەست و ڕۆح ڕۆڵێکی گەورە

دەبینن، بەڵام کاری کۆنسترۆکسیۆن کارێکی عەقڵانی پەتییە. ئەمەش ئەوە ناگەیینێ کە کاری کۆنسترۆکسیۆن بەدەرە لە هەست و جوانی، بەڵام هەست و جوانیەک کە کار لەسەر عەقڵ و مێشک بکا وەک لەسەر ڕۆح.

ئامانجی کاری هونەری کۆنسترەکتیڤیزم چۆنێتی مامەڵەکردنە لەگەڵ مەجال وەکو چۆنێتی پڕکردنەوەی بۆشایی و مامەڵە کردن لەگەڵ ئەو دەوروبەرەی کە کارە کۆنسترەکتیڤیزمەکەی تیا بینا دەکرێ، بەچەسپکردنی کارەکە لە قەد دیوار یان لەسووچێ یان لەناو ژوورێک یان دالانێکی باریک یان هۆڵێک یان لە دەرەوەی چوارچێوەی ژوور، دانانی لە گۆڕەپانێ یان لەناو باخچەیەک یان لە قەراغی دەریایەک. دانانی لە گشت ئەم جێگا جیاوازانە مەبەست لە کاری کونستروکتیڤیزم چۆنێتی مامەڵەکردنە لەگەڵ فەزا و بۆشایی و شتەکانی دەوروبەری کە «مەجال»ی پێ دەڵێم. هەندێ لە کارەکانی نائوم گابوی لێ دەرچێ کە لە شێوەی کەللەسەر دروستیانی کردبوو، بەگشتی کۆنسترەکتیڤیزم هونەرێکە کە شێوەی تەجرید بەخۆیەوە دەگرێ، تەجریدێکی ئەندازەی عەقلانی کە خۆی لە دژایەتیدا دەبینێتەوە لەگەڵ دوا شێوە ئۆرگانییەکان کە ڕۆح و هەست تیایاندا زاڵن، ئەمەش بەهۆی زاڵبوونی هونەری بیناسازی و ماتماتیک و ڕۆحی تەکنیک و مەکینە بەسەر کاری کۆنسترۆکسیۆن. هەر بۆیەشە جگە لە کوبیزم کۆنسترەکتیڤیزم زۆر فوتۆریستە ئیتاڵیاکان نزیک و سوودێکی گەورەیان لە فاکتەری «دینامیک»ی فوتوریزم وەرگرتووە بۆ نیشاندانی جووڵانەوە لە کارەکانیاندا. دەڵێن گوایە کاتێ کە تاتلین لە پاریس بووە لە ساڵی ١٩١٣ چاوی بەپێشانگاکەی هونەرمەندی فۆتۆریست ئومبەرتۆ بۆچیۆنی Umberto Boccioni کەوتووە، بەڵام لە گشت حاڵەتەکان ئەمە لای زانایانی کۆنسترەکتیڤیزم ئاشکرایە کە تاتلین بۆ دروستکردنی کارە کۆنتسترۆکتیڤیزمەکەی (مۆدێلێ بۆ ئەنتەرناشناڵی سێیەم)، سوودی لە کارە فوتۆریستەکەی بۆچیۆنی وەرگرتووە. [شێوەیەک لەناو مەجالدا] کە لە شێوەی تەجریدکردنەوەی فۆرمی شووشە بەبرۆنز لە ساڵی ١٩١٣ دروستی کردبوو.

ڤلادیمیر تاتلین Wladimir Tatlin ١٨٨٥–١٩٥٣ لە سەرەتادا ڕەسام بوو پاشان خووی دایە کاری ڕیلیڤ بەڵام لە ڕیلیڤەوە ئەو بەرەو پەیکەر نەچوو، چونکە خۆشیی بەمۆدەلیرەی مەتریالەکانی نەدەهات، بەڵکو بەمەتریالەکانی بینای دروست دەکرد. هەربۆیەشە هێندە ئەو کارە کۆنسترەکتیڤیزمەی پیکاسۆ کاری تێی کرد هێندە پەیکەر بەگشتی و پەیکەرەکانی پیکاسۆ بەتایبەتی کاریان تێی نەکرد. لەلایەکی دیکەشەوە خۆشەویستی



زۆری هەبوو بۆ دونیای مەکینە و بەکارهێنانی تەکنیک، ئەمەش زیاتر لە دونیای هونەرمەندە فوتۆریستە ئیتاڵییەکان نزیکی دەکردەوە، بەتایبەتی کارە پلاستیکییەکانی ئومبەرتۆ بۆچیۆنی کە زیاتر جووڵانەوە و دینامیکی تیایاندا بەدی دەکرد. سوودێکی گەورەیان بۆ کارە کۆنسترەکتیڤیزمەکانی خۆی لێیان وەرگرتبوو. ئەمەش بەئاشکرا لە (مۆدێلێ بۆ ئەنتەرناشناڵی سێیەم)دا دیارە. تاتلین ئەم کارە هونەرییەی لە خۆشەویستیدا بۆ شۆڕشی ئوکتۆبەر دروست کردبوو نەک تەنیا وەکو سیمبۆل بۆ ئەنتەرناسیۆناڵی سێیەم بەڵکو وەکو نوێکردنەوەی شێوەی بەکارهێنانی مەتریالی جۆراوجۆر لەناو مەجالێکی واقیعیدا. ئەمەش وەکو بەشێ لە نوێکردنەوەی هونەر لەناو سەرجەمی نوێکردنەوەی کۆمەڵگا واتە وەک خواستی شۆڕشی ئوکتۆبەر وایە، واتە شۆڕشێکی هونەری لەناو شۆڕشێکی کۆمەڵایەتیدا.

تاتلین لە ساڵی ١٩١٩دا بەدار و ئاسن و شووشە بورجێکی لاری لە شێوەی پێچدار بیناکرد، وای دانابوو کە لە کاتی دروستکردنیدا لە موسکۆ، لە بورجی ئێفێلی پاریس بەرزتر بێ و سێ بینا لە ناوخۆ بگرێ، لە ژێرەوە بینایەی پەرلەمانی سۆڤیەت کە ساڵی جارێ بەدەوری خۆیدا بسووڕێتەوە و لەسەر ئەویشەوە بینایەی وەزارەتی ڕۆشنبیری کە مانگی جارێ بەدەوری خۆیدا بسووڕێتەوە و لەسەری سەریشەوە مەڵبەندی پڕوپاگەندە کە ڕۆژی جارێک بەدەوری خۆیدا بسووڕێتەوە [Stefan Weber].

بەڕای لیسیتسکی بەکارهێنانی کات لەم کارە کۆنسترەکتیڤیزمە لەلایەن تاتلین دەبێتە سیمبۆلێک بۆ کات وەکو ڕەهەندی چوارەم(*).

تاتلین وەکو پیکاسۆ هونەرمەندێکی خاوەن بەهرە و کراوە بوو لە بەکارهێنانی مەتریالی جۆربەجۆر و سوود وەرگرتن لە هونەر و کولتوورەکانی دیکە بۆکارە کۆنسترەکتیڤیزمەکانی. لەوانەیشە چاوی بەوێنەیەکی مەلویەی سامەڕا کەوتبێ چونکە وەکو شێوەی دەرەوەی کارەکە یەگجار لە مەلویەی سامەڕاوە نزیکە.

ئەم کارەی تاتلین بەناوبانگترین کاری کۆنسترۆکسیۆنە لە مێژووی هونەردا چونکە ئەو جگە لە شێوە و مەتریالی جیا ئەم کارەی وەکو شێوەیەکی جووڵاوە لەناو مەجالێکی

(*) شایانی باسە ڕژێمی سۆڤیەت لە کاتی خۆیدا دژی جێبەجێکردنی ئەم کارەی تاتلین وەستا و بەکاری فۆرمالیستی لە قەڵەم دا کە لە خزمەتی پرۆلیتاریدا نییە، بەڵام ئەم ماوەیە وڵاتی ئەڵمان مشتومڕیانە لەسەر جێبەجێکردنی لە شاری بەرلیندا.

واقیـعـیـدا دروست کـردووه و له زەوییـیـەوه ڕووەو ئاسـمـان بەرزبۆتەوه بێ ئەوەی لەسـەر تەختەیەک یان ڕاستەوخۆ بەدیوارێکەوه بیچەسپێنێ، ئەمەش جێبەجێکردنی بیرۆکەی ماڵێڤچە بۆ «مەجال».


بیرۆکەی ماڵێڤچ بۆ مەجال ئەمەیە: «مەجال کاتێ دروست دەبێ کە جەستە پەیوەندی بەزەوییەوه نەمێنێ» جگە لە «مۆدێلێ بۆ ئەنتەرناشناڵی سێیەم» تاتلین لە چەندین کاری کۆنستروکتیڤیزمی دیکەیدا ئەمەی جێبەجێ کردووه، لەوانە کارێکی کۆنستروکسیۆنی دیکە کە لە دار و ئاسن و باغە لە چەشنی فڕۆکە بەبنمیچی ژوورێکەوه هەڵی واسیبوو بۆ هەستکردن بەبەرزبوونەوه و فڕین. تاتلین خۆی دەربارەی ئەم کارانەی دەڵێ: «دەمەوێ بەم کارانەم هەستی فڕین بەمرۆڤ ببەخشم جیابێ لەو هەستەی لەناو فڕۆکەدا هەیبێ، چونکە لە حاڵەتی فڕین لەناو فڕۆکەدا هێندە هەست بەجووڵانەوه ناکرێ وەک ئەوەی بینەر بەچاوی خۆی ئۆبجەکتێک (بابەتێک) ببینێ بفڕێ». Schneckenburger کاریگەری دونیای میکانیکی تاتلین بەسەر کۆنستروکتیڤیزمەوه هێندە کوشندە بوو بەڕادەیەک هەندێ لە هونەرمەندە کۆنستروکتیڤیزمە توندڕەوەکان دروشمی «هونەر مرد، بژی دونیای میکانیکی تاتلین»یان بەرز دەکردەوه. ئەمەش هەڕەشە بوو لە سنوورەکانی نێوان هونەر و تەکنیک کە هونەرمەندانی کۆنستروکتیڤیزم بەگشتی دەیانەویست بیپارێزن، چونکە لای ئەوان تەکنیک و مەتریال تەنیا ئامراز بوون لە پێناوی هونەردا.

تاتلین هیوا و ئامانجێکی زۆری لە شۆڕشی ئۆکتۆبەردا دەبینی، بەڵام ئەوەی لەناو مێشکی دەستەڵاتدارانی سیاسی سۆڤیەتدا بوو تەنیا قوتابخانەی واقیعی سۆسیالیزمیی بوو کە هونەر لە خزمەتی سیاسەتی پرۆلیتاریادا بێ بەو جۆرەی کە خۆیان قەبوولی دەکەن. ئەوان نەیاندەتوانی بچنە ناو دونیای هونەری تاتلینەوه، هەروەها نەیاندەویست بیرۆکەی شۆڕش لە ڕوانگەیەکی هونەرییەوه ببینن، ئەمەش بۆ تاتلین بەئەندازەی «صدمە»یێک بوو. سەرەنجام ئەو تەواو بێ هودە بووبوو لە کاری هونەری و نوێکردنەوەی شێوەکانیدا، ناچار بوو گشت بەهرە هونەرییەکەی خۆی بەدیواری ڕەقی یەکێتی سۆڤیەتدا بداو قوتابخانە هونەرییەکەی کەواقیعی سۆسیالیزمی بوو، سەرەنجام توانای هونەری بۆ کاری ڕۆژانە و کارگەی جلوبەرگ و شتومەکی ماڵەوه و دروستکردنی پۆستەردا بەکار بهێنێ. چونکە ئەو لەگەڵ کازیمیر ماڵێڤچدا وڵاتیان جێ نەهێشت و تا دوارۆژیان لە یەکێتی سۆڤیەت مانەوه.

جگە لە تاتلین و ئال لیسیتسکی، کۆنستروکتیڤیزم ژمارەیەکی زۆری لە هونەرمەندانی



ڕووسی گرتبووه خۆی کە هەریەکە و بەشێوازی خۆی و بەمەتریالی جۆراوجۆر مامەڵەی لەگەڵ مەجالدا ئەکرد، لەوانە نائوم گابو Naum Gabu ١٨٩٠–١٩٧٧ و براکەی ئەنتوان پڤسنەر Antoine Pevsner ١٨٨٦–١٩٦٢ و ئەلکسندەر ڕۆدشینکۆ Alexander Rodts-chenko ١٨٩١–١٩٥٦ جگە لە کاری پراکتیکی لەپاڵ ئال لیسیتسکیدا کارێکی تیۆری زۆریان بۆ کۆنستروکتیڤیزم کرد.



ڕۆدشینکۆ. کۆنستروکسیۆنێکی هێلکاری ١٩٢٠

نائوم گابو سەرجەم تیۆرییەکانی خۆی لە شێوەی مانیفێستێکدا نووسی و لەگەڵ براکەیدا لە ٥/٨/١٩٢٠ ئیمزایان کرد و زیاد لە ٥٠٠٠ دانەیان لێ چاپ کرد و بەناوگشت موسکۆدا بڵاویان کردەوه. ئەو ژمارەیە هێندە زۆر بوو نەک تەنیا هونەرمەند و ڕۆشنبیر بەڵکو کەوتەدەست کرێکار و جوتیار و قوتابییش. گابو و پڤسنەر ئەو مانیفێستەیان ناونا «مانیفێستی واقیعییەکان» کە لە جەوهەردا تیۆریەکانی کۆنستروکتیڤیزم بوو.

ئەوان ناوی واقیعییەتیان لە مانیفێستەکەیان نا لەبەرئەوەی لەلایەکەوه ناوەڕۆکی کۆنستروکتیڤیزم مامەڵە بوو لەگەڵ مەجالێکی واقیعیدا لەلایەکی دیکەشەوه وەکو هەڵخەڵەتاندنی پیاوانی سیاسی سۆڤیەت بوو، بۆ ئەوەی گێچەڵیان پێ نەکن و تەگەرە نەخەنە پێش کارکردنیانەوه. چونکە ئەوان خۆشیان بەوشەی «واقیع» دەهات و حەزیان دەکرد هەمیشە بەرگوێیان کەوێ. گابو و پڤسنەر لە مانیفێستەکەیاندا هێندە بەلای ڕەسم کردندا نەهاتبوون وەک قووڵبوونەوه لە پرەنسیپی کارکردنی کۆنستروکتیڤیزم و ئۆبجەکت (بابەت) و کاری پلاستیک «Schneckenburger». وەکو خۆیان نووسیبوویان: «ئێمە بەخۆمان دەڵێین هونەرمەندانی کۆنستروکتیڤیزم چونکە کارە هونەرییەکانمان ڕەسم کردن نەبوو و پلاستیکەکانمانیش مۆدەلیرە نەکراون، بەڵکو ئێمە لەگەڵ مەجالدا مامەڵە دەکەین و کارەکانمان بەیارمەتی مەجال بینا دەکەین. پرەنسیپی کاری کۆنستروکتیڤیزم هونەری


شێوەکاری زیاتر بەرەو بیناسازی دەبات، لێرەدا مەبەستی ئێمە لە بیناسازی تەنیا دروستکردنی خانوو ماڵ نییە، بەڵکو سەرجەمی خانوو «بینا» وەکو وێنەیێ بۆ بوونی ئەمرۆمان».

نائوم گابو پێش ئەوەی بێتە ناو دونیای هونەرەوە لە کۆلیجی پزیشکی دەیخوێند، پاشان خووی دایە زانست و هونەری بیناسازی.

هەر لەو کاتەوە کە لە ئەڵمانیا لە شاری میونشن دەژیا خۆشەویستی بۆ کاری تیۆری پەیدا بووبوو، هەر بۆیەشە دەچووە موحازەرەکانی فەلسەفە و مێژووی هونەرەوە.

لە سەرەتای ژیانی هونەریدا خۆشەویستی بۆ کارەکانی سیزان هەبوو، ئەمەش ڕێگای بۆ خۆش کرد کە لە دونیای کوبیزم نزیک ببێتەوە، جگە لە ئەڵمانیا گابو سەفەر بۆ وڵاتانی دیکەی ئەورووپای خۆرئاوا دەکا و لە کاتی گەڕانەوەیدا بۆ ڕووسیا ڕاستەوخۆ لەگەڵ هونەرمەندە کۆنسترەکتیڤیزمەکان دەست بەکارکردن دەکات.

کارە کۆنسترەکتیڤیزمە سەرەتاییەکانی گابو هەندێ بابەتی کەللەسەر بوون کە لە نێوان پەیکەرە کوبیزمەکانی پیکاسۆ و کاری کۆنسترەکتیڤیزمدا بوون، پاشان دەگۆڕێ بۆ تەجرید تا لوتکەی کۆنسترەکتیڤیزم دەچێ کاتێ کە لە ١٩٢٤ کارێک بەئاسن و دار و شووشە و باغە بەناونیشانی «کۆلوم» دروست دەکات، کە تیایدا هەستی شەفافی و بەیەکەوە ژیانی ئەو کۆمەڵە مەتریالە لە ئەتمۆسفیرێکی شاعیریدا نیشان دەدا.


گابو. ستونده ١٩٢٣

نائوم گابو و ئەنتوان بڤسنەر جگە لە نوێکردنەوەی کۆنسترەکتیڤیزمدا فاکتەری لیریکی (غینائی)یان خستە ناو کۆنسترەکتیڤیزمەوە، لای پڤسنەر هێندە سووچ و قەراغ و گۆشە نەدەبینرا بەقەدەر بینینی خڕی و شێوەی ئیلیپس و شێوەی دیکەی کەوانە.

زۆرجاریش پڤسنەر بەدروستکردنی چەند هێڵی شێوە تیشکی لە کارەکانی دروست دەکرد، ئەمەش جگە لە لیریکی هەستی جووڵانەوەی بەبینەر



دەگەیاند. پڤسنەر هونەری لە شاری کیف و سانت پترسبۆرگ «لینینگراد»خوێندبوو، لە سەرەتای ژیانی هونەریدا لەژێر کارتێکردنی هونەری ئیکۆنەی ڕووسیدا کاری دەکرد، پاشان دەکەوێتە ژێر کاریگەری ئەمپرێسیۆنیزم و فۆڤیزمی فەرەنسییەوە. لە ساڵی ١٩١٢ ئەویش سەفەرێک بۆ پاریس دەکا و لەوێ بەکوبیزم ئاشنا دەبێ، ئیتر لەو کاتەوە کارەکانی دەکەونە ژێر کاریگەری کوبیزمەوە [George Rickey] لە کارە تیۆرییەکاندا پڤسنەر زیاتر لەژێر کاریگەری نائوم گابوی برایدا بوو کە لە ساڵی ١٩١٥ەوە سەرقاڵی نووسینەوەی تیۆرییەکانی کۆنسترەکتیڤیزم و جاروباریش لە نامەدا بۆ فەیلەسوفی هونەری شێوەکاری ئینگلیزی (هێربرد ڕید)ی دەنووسی و تیایشیدا هەستی نامۆیی و بێزاری خۆیشی لە دەست کاربەدەستانی سیاسی سۆڤیەت دەردەبڕێ کە ئەو هەمیشە هەست بەبێزاری و نائازادی دەکا.

ئەم نامە گۆڕینەوەی نێوان گابو ورید برادەرییەکی لە نێوان هەردووکیاندا دروست کرد و لەلایەکی دیکەشەوە بووە هۆی زیاتر ناساندنی کۆنسترەکتیڤیزم بەوڵاتی بەریتانیا، ڕێگای بۆ ئاسانتر کردەوە کە لە سۆڤیەت جێگای لەق بوو و دەبوایە ڕا بکا.

سەرەنجام گابو نەیتوانی زیاتر لە یەکێتی سۆڤیەت بمێنێتەوە بەڕادەیەک وەزیری ڕۆشنبیری ئەوسای سۆڤیەت «لوناچارسکی» خۆی یارمەتی دەربازبوونی دا کە لەگەڵ براکەیدا بەرەو بەرلین بچن و لەوێشەوە بۆ لەندەن، ئەوسا گابو ناوبانگی گەیشتبووە هونەرمەندانی گرووپی تەجریدی بەریتانی، و لەوێ ئیتر جێگای بووەوە بەتایبەتی لای هونەرمەندان بن نیکلس و باربارا هیب و ورث.

نائوم گابو و براکەی پڤسنەر لەناو گرووپی هەرمەندە کۆنستڕۆکتیفیستەکاندابۆشاییان جێهێشت، ئەمانەش تا دەهات سست تر دەبوون و ڕووبەری کارکردن و چالاکییەکانیان تەسکتر دەبۆوە، ئەمەش بەهۆی بەرنامەی سیاسەتی ئابووری نوێی یەکێتی سۆڤیەت، کە لینین ئاشکرای کرد وسەرەنجام هونەرمەندانی کۆنسترەکتیڤیزم زوو دەرکیان بەوە کرد کە هیچ جێگایەکیان لەو بەرنامە نوێیەدا نییە، چونکە تیایدا وەزیفەی هونەر دەبێ بۆ وشیارکردنەوەی جەماوەر و خزمەتکردنی سیاسەتی بەلشەفی بێ. ئەمەش جگە لە سنووردانان بۆ ئازادی هونەر و داهێنان لە هەمان کاتیشدا دان گرکردنەوەیەکە لە هونەرمەندە کۆنسترەکتیڤیستەکان. هێندەی نەبرد پاش مردنی لینین ستالین تەواو قەدەغە پێی کردن. ئەلکسندر ڕودشینکو لەگەڵ تاتلیندا مایەوەو وەکو ئەویش وازی لە کاری هونەری هێنا و بەهرەکەی خۆی خستە ژێر دروستکردنی پۆستەر و کاری دەستییەوە. بەڵام

لیسیتسکی ماوە ماوە سەفەری دەرەوەی وڵاتی دەکرد و دەگەڕایەوە، زیاتر سەفەرەکانی بۆ ئەڵمانیا بوو لە پێناوی بەردەوامی دانی بەبیرۆکە و کارە کۆنسترەکتیڤستەکانی و بەشداری بوون لە پێشانگا و کۆنفرانسی هونەریدا وەک: کۆنفرانسی کۆنسترەکتیڤیزم لە مانگی ٩ساڵی ١٩٢٢ لە شاری ڤایمەر Weimer لە ئەڵمانیا. لەوێ هونەرمەندی دادایی کورت شڤیتەرس Kurt Schwiters دەناسێ و بەیەکەوە گۆڤاری Nasci دەردەهێنن، لیستسکی تاکو ساڵی ١٩٢٩ لە ئەڵمانیا دەژی. لەوێ کۆمەڵێ پەیوەندی هونەری دروست دەکات و کاریگەری لەسەر ئەتمۆسفیری هونەری ئەڵمانیا دەبێ، وەک دروستکردنی پەیوەندی لە نێوان کۆنسترکتیڤیزم و دادایزم، هەروەها کاریگەری لەسەر قوتابخانەی باوهاوسی Bauhaus ئەڵمانیا و بەشداری بوون لە سیمینار و مشتومڕ لە نێوان تەعبیرییە ئەڵمانییەکان و کۆنسترەکتیڤیزمدا وەکو دوو پۆلی دژ بەیەک دەبێ. [George Rickey].

جگە لە کاری پراکتیکی یەکێ لە خاڵە بەهێزەکانی لیسیتسکی لایەنە فەلسەفی و تیۆرییەکانێتی کە لەپاڵ گابودا کۆنسترەکتیڤیزمی زیاتر ئاشکرا کرد. ئەو هەمیشە خۆی لە تاتلین بەبچووکتر نەدەبینی و لە ئاستی ڕابەری کردنی کۆنسترەکتیڤیزم نەدەهاتە خوارەوە، ئەگەرچی لەگەڵ تاتلیندا جگە لە کاری هونەری و کردنەوەی پێشانگای هاوبەش لە ١٩١٤ تاکو کۆتاییەکانی کۆنسترەکتیڤیزم لە سۆڤیەت. لە ١٩٢٤ بەیەکەوە گۆڤاری (کونستیزمن)یان دەردەهێنا Kunstismen، بەڵام لە هەمان کاتدا بەردەوام لە مشتومڕدا بوون لەگەڵ یەکتری و، هەندێ جار تۆمەتی دەدایە پاڵ تاتلین کەنموونەی ئەنتەرناشناڵی سێیەمی لە پرونی 6B وەرگرتووە.

ئەو لە بنەڕەتدا جیاوازییەکی لە نێوان هونەرەکەی خۆی (پرون) و کۆنسترەکتیڤیزم نەدەبینی (Kai - Uwe Hemken)، بەڵام ئەندریاس فرانتسکا Andreas Franzke پرونی لیسیتسکی وەکو کاری ڕلیف Relief لە قەڵەم دەدا، چونکە ئەو هێشتا کارە کونسترەکتیڤستەکانی خۆی بەقەد دیوارەوە هەڵدەواسی. بەڕای (فرانتسکا) تاتلین و ڕۆدشینکۆ و گابو و پڤسنەر کۆنسترەکسیۆنی ئال لیسیتسکییان گواستەوە بۆ ئۆبجەکت (مامەڵە لەگەڵ مەجالی واقیعیدا).

لای تاتلین نەک تەنیا مەجالی واقیعی بەڵکو دروشمی ئەو هەمیشە بەکارهێنانی «مەتریالی واقیعی لە مەجالێکی واقیعیدا» بوو تا ئەو ڕادەی کە کونسترەکتیڤیزم تەنیا وەک کاری هونەری نەمێنێتەوە، بەڵکو مرۆڤ بتوانی سوودیشی لێی وەرگرێ. لە کاتێکدا لای لیسیتسکی و ڕۆدشینکۆ و گابو و پڤسنەر تەنیا کاری هونەری بوو، بەتایبەتی



ڕۆدشینکۆ کە بەئەندازەی قورسایی تاتلین لەسەر مەتریالی واقیعی و مەجاڵی واقیعی قورسایی کارەکانی ئەو لەسەر شێوە ئەندازەییەکان بوو [هەمان سەرچاوە].

بەم جۆرە ئال لیسیتسکی و تاتلین وەکو دوو ڕابەری سەرەکی کۆنسترەکتیڤیزم هەریەک لەلایەن خۆیەوە چەند هەنگاوێکی زیاتر چەمکی «مەجال» و تەکنیک و بەکارهێنانی مەتریالیان نوێ کردەوە. هەریەک لە سەرچاوەیەکەوە هاتبوو کە جیابوو لەوی دی بەڵام هەردووک لەناو هەمان پرەنسیپی کۆنسترەکتیڤیزمدا کاریان دەکرد، لە کاتێکدا لیسیتسکی وەکو ئەندازیاری بینا لە سەرەتای گەڕانەوەی بۆ ئەڵمانیا بوو بەقوتابی لای شاگال و زیاتر سەرقاڵی کولتووری جوولەکەکان و بەبابەتکردنیان لە کارەکانیدابوو کە چۆن لەلایەن قەیسەری ڕووسیاوە دەچەوسانەوە، پاشان بەتوندی کەوتە ژێر کاریگەری سوپەرماتیزمەکەی مالێڤچەوە، چونکە شێوەکانی مالێڤچ ئەندازیاری بوون و نزیک بوون لە دونیای ئەوەوە، بەڵام کاتێ کە بەشی «تەکنیکی هونەری» بیست لە ئەنستوتی کولتووری هونەری لە مۆسکۆ، کە ئەو کات کاندنسکیش کاری تیای کردبوو و گەیاندبوویە ئاستێکی باش، ئەو لە ساڵی ١٩٢٠ دەگوێزێتەوە بۆ ئەوێ و دەبێتە سەرپەرشتی سەرەکی ئەو بەشە، پاشان دەبێتە مەڵبەندێ بۆ هونەرمەندە کۆنسترەکتیڤیستەکان کە تاتلینیش دەگرێتە خۆ کاتێ کە لە فەرەنسا دەگەڕێتەوە، (Kai - Uwe Hemken).

بەم جۆرە ئال لیسیتسکی لە سەرچاوەی ئەندازەی سوپەرماتیزمی مالێڤچەوە دێت بۆ پرون و کۆنسترەکتیڤیزم، بەڵام تاتلین لە پیکاسۆ و کوبیزم و دونیای میکانیکەوە دێن.

هەروەکو گوتمان سەرچاوەی کارە کۆنسترەکسیۆنەکەی تاتلین پیکاسۆیە، بەڵام سەرچاوەی خۆشەویستی تاتلین بۆ دونیای مەکینە فوتۆریستە ئیتاڵییەکانە، بەتایبەتی بۆچیۆنی، ئەمە نەک تەنیا تاتلین دەگرێتەوە بەڵکو پاش ئاشنابوونی هونەرمەندانی ڕووس بەفاکتەری جووڵانەوە و دینامیکی فوتۆریستە ئیتاڵییەکان ژمارەیەکی زۆر لەو هونەرمەندانە کە لەوەپێش لەژێر کاریگەری کوبیزمدا کاریان دەکرد بوون بەهونەرمەندانی (کوبۆفوتوریزم)

کۆنسترەکتیڤیزمی ڕووس دەکرێ لەگەڵ دروستبوونی پرۆژەی (پرون) و مۆدیلەکەی تاتلین بۆ ئەنتەرناشناڵی سێیەم وەکو کاری مەنهەجی و ئسلوبێکی هونەری دروست بووبێ و لەو کاتەوە ئیدی کۆنسترەکتیڤیزم بەتەریبی سوپەرماتیزمی مالێڤچ و ڕایونیزمی

(Rayonism)ی لاریۆنۆف و خێزانەکەی ناتالیا کونچارۆڤا وەکو هونەری (کوبۆفوتوریست) کاری پێ دەکرا.

ئەم گرووپە هونەرییانە لە ڕووسیا گشتیان لە ماوەی یەک کاتدا بوون لە یەکەمین کاری کۆنسترۆکسیۆنی تاتلین و دروستکردنی مالێڤچ بۆ چوارگۆشە ڕەشەکەی لە ساڵی **١٩١٣** و پاشان دەستپێکردنی پرۆنی لیسیتسکی و نموونەی ئەنتەرناشناڵی تاتلین **١٩١٩** تاکو ساڵی کۆتایی کۆنسترۆکتیفیزم وەکو گرووپ لە **١٩٢٢**. زۆربەیان هاوکاریان لەگەڵ یەکدی دەکرد و کاریگەری یەکێک لەسەر ئەوەکەی دی کوشندە بوو. هەروەکو چۆن لیسیتسکی لە سوپەرماتیزمەوە پرونی دروست کرد، مالێڤچیش لە پرونەوە کاری سێ ڕەهەندی سوپەرماتیزمی دروست کرد. مالێڤچ لەگەڵ گرووپی کوبۆفوترریستەکاندا کاری دەکرد و تاتلینیش لەگەڵ گرووپی ڕایۆنیزمدا، سەرەنجام بەمشتومڕ و هاوکاری و دژایەتی و لە یەکتر نزیکبوونەوە، هونەرمەندانی ڕووسی بزووتنەوەیەکی هونەری عەقڵانییان دروست کردبوو کە بەشێواز و تایبەتمەندی خۆیان شێوەی کاری هونەری و چۆنێتی بەکارهێنانی مەتریال و مامەڵەکردن لەگەڵ مەجال و نوێکردنەوەیاندا ڕێگایان بۆ چەندین هونەرمەند و گرووپی هونەری دوای خۆیان خۆش کرد، وەکو هونەری جووڵاوە Kinetische Kunst، قوتابخانەی باوهاوسی ئەڵمانی، وەکو تاکە کەسیش کاریگەریان لەسەر هونەرمەندی هەنگاری لازلۆ مۆلی نەج Lazlo Mohaly - Nagy هەبوو. گرووپی هونەری هۆڵەندی دو ستیل De Stijl و هونەری کۆنکریت تا دەگاتە هونەرمەندانی هاوچەرخ ئەلکسندەر کۆلدێر Alexander Colder و جان تانگیلی Jean Tinguely و ئیدواردو شیلیدا Eduardo Chilida، جگە لەو کاریگەرییەی کۆنسترەکتیڤیزمی ڕووسی بەسەر گرووپ و تاکە هونەرمەندەوە، وەکو گرووپی هونەریش لەژێر ناوی کۆنسترەکتیڤیزم لە پۆلۆنیا و هەنگاریا و ئەڵمانیا و ئیتالیا و بەلژیک پەیدابوون (Kai - Uwe Henker).

کۆنستروکتیڤستەکان جوانییان لە مەکینە و سەرجەمی دونیای تەکنەلۆژیا دەبینی و هێندە خۆشییان بەهونەری کۆن وەکو ڕیناسانس و ناتورالیزم و سیمبۆلیزم نەدەهات، چونکە (بەڕای ئەوان) ئەو هونەرانە دوور بوون لە دونیای زانست و تەکنیکەوە.

تاسەردەمی ئەوان، هونەرمەند بەهەست و بیر و خەیاڵ و ڕۆح کاری دەکرد، سەرەنجام ئەوان جگە لەو فاکتەرانە، ماتماتیک و فیزیک و شێوە ئەندازەییەکانیان بردە ناو ستۆدیۆی هونەرمەندەوە و سنوور و چەمکەکانی هونەریان زیاتر بەرفراوان کردەوە کە



بەردەوام هونەرمەند و گرووپی هونەری نوێ تەجرەبەی لەسەریان دەکرد. تاکو هەشتاکانی سەدەی بیستیش کەسەرلەنوێ هەندێ هونەرمەندی گەنج ویستیان کۆنسترەکتیڤیزم نوێ بکەنەوە و فاکتەری تازە بخەنە ناو دونیای شێوە و مەتریال و تەکنیک و مەجالەوە. ئەو گرووپە هونەرییە ناوی «Neo - Geo – ئەندازەی نوێ» یان لەخۆ نابوو [Geo لێرەدا کورتکردنەوەی وشەی Geometrieیە کە بەمانای ئەندازە دێ]. (بڕوانە Karl Ruhr-berg)-.

## دو ستیل De Stijl

دو ستیل یۆتۆپیای هونەرمەندانی هۆڵەندا بوو بۆ هارمۆنی و هاوتایی و ڕێکوپێکی جیهان بەبەستنەوەی مرۆڤ بەسەرجەم گەردووندا. ئەوان هێندە سەرقاڵی تەکنیک و مەتریالی جۆراوجۆر و مەجال نەبوون بەئەندازەی بیرکردنەوە و کارکردنیان بۆ یەکگرتن لەگەڵ گەردووندا. بۆ ئەوەی ئیتر مرۆڤ هێندە لەناو خودی خۆیدا نەمێنێتەوە بەڵکو بیر لە یاساکانی گەردوون بکاتەوە وەکو جووڵانەوەی زەوی بەدەوری خۆی و بەدەوری خۆردا، بۆ ئەم مەبەستەیش هونەرمەندانی دو ستیل هێندە پێویستیان بەفیکر و فەلسەفە هەبوو هێندە بەلای تەکنیک و دونیای مەکینەدا نەدەچوون، ئەمەش یەکێکە لە جیاوازییەکانیان لەگەڵ هاوڕێ ڕووسەکانیاندا، بەڵام هەردوو گرووپی دو ستیل و ڕابەرانی هونەرمەندانی ڕووس (سوپەرماتیزم و کۆنسترەکتیڤیزم) هەوڵدان بوون بۆ ڕزگارکردنی مرۆڤ، لە کاتێکدا هونەرمەندانی ڕووس بەسوپەرماتیزم و کۆنسترەکتیڤیزمیانەوە دەیانەویست مرۆڤ لەسەر زەوی ئازادکەن لەو پەیوەندییە کۆمەڵایەتییە سیاسیانەی کە ساڵەهای ساڵە کۆیەی کردوون ئازاد بکەن. هونەرمەندانی هۆڵەندا دەیانەویست مرۆڤ ئازادکەن لە قوولبوونەوەی لەناو خودی خۆیدا و بەیاسا گەردوونییەکەی ببستنەوە بۆ دروستبوونی پەیوەندی و تواندنەوە لەناو گەردووندا. ئەوسا مرۆڤ بەبڕوای ئەوان جیهانی دەبێ و ڕزگاری دەبێ لە تەنیا ژیان لەگەڵ خودی خۆیدا کە بەبڕوای هونەرمەندانی دو ستیل دەبێتە هۆی شەڕانگێزی و جەنگ.

خاوەنی سەرەکی و ڕابەری ئەم بۆچوونانە هونەرمەند پییت مۆندریان بوو. **١٨٧٢-١٩٤٤** (Piet Mondrian) هونەری بەشێوە ئەکادیمییەکەی لە ئەکادیمیای هونەر خوێندبوو، تا ماوەیەک لەژێر کاریگەری ئەمپرێسیۆنیزم و فۆڤیزمی فەرەنسیدا کاری دەکرد. پاشان

خۆشەویستی تیا دروست دەبێ بۆ کوبیزم، ئەمەش وەکو خاڵی وەرچەرخان بەرەو ڕێبازە تەجریدە ئەندازەییەکەی خۆی بوو. مۆندریان لە پاریس بەکوبیزمی شیکاری و سەنتتیکی ئاشنا دەبێ، ئەو ماوەیە بەتوندی دەکەوێتە ژێر کاریگەری پیکاسۆ و براکەوە کە بەتوندی بەرەو تەجرید تا ئەو ئاستەی دەبەن کە بڕوای وایە: هەر چەند فیگەری واقیعی لە کارەکانیدا بێ ئەوەندە ئەو کارە سەر بەجێگا و کولتوورێکی تایبەتییە ئەگەر تیای نەبێ ئەوەندە کارەکە جیهانی دەبێ. «گۆڤاری دو ستیل»

تەنیا کوبیزم و کاریگەری سوپەرماتیزم نەبوو کە مۆندریانی بەرەو کارە تەجریدە ئەندازەییەکەی برد، بەڵکو زیاتر گەڕان و قووڵبوونەوەی مۆندریان بوو لە فەلسەفە و تیۆسۆفی، لە گشتی بەهێزتر کاریگەری بۆچوونەکانی تیۆسۆفی هۆڵەندی شوێنمێکەرس بوو «Schoenmaekers» کە مۆندریان سوودێکی زۆری لێی وەرگرت، هەڵبەت وەک سەرچاوەیەکی فەلسەفی و زانستی، بەتایبەت ئەو بڕوایەی شوێنمێکەرس کە دەڵێ: «دوو یاسای سەرەکی گشت شێوەکانی زەوی و گەردوون دروست دەکەن، یەکێکیان ئەو هێزە ئاسۆییانەیە کە زەوی بەدەوری خۆردا دەسووڕێننەوە و ئەوەکەی دی ئەو جوولانەوە شاقوولییەیە کە زەوی بەدەوری خۆیدا دەسووڕێنێتەوە کە سەرچاوەکانی دەگەڕێنەوە بۆ ناوەڕاستی خۆر» Horst Richter.

ئەم زانستە فیزیکییەی (شوێنمێکەرس) سەرچاوەی جوانی بوو بۆ هونەرمەندانی گرووپی دو ستیل.


مۆندریان کاتێ کە لە ماوەی جەنگی جیهانی یەکەم دەگەڕێتەوە هۆڵەندا دەبینێ چەند هونەرمەند و ئەندازیاری دیکەش هەن لەو بۆچوونانەی ئەوەوە نزیکن، ئیدی لەگەڵ ڕەسامی هۆڵەندی تیوفان دویسبۆرگ Theo van Doesbarg و فیلموس هوزار Vilmos Huszar کە هونەرمەندێکی بەرەگەز هەنگاری بوو و ئەوسا لە هۆڵەندە دەژیا، جۆرج فان تون گێرلۆ Georges Vantongerloo و شاعیر ئەنتۆنی کوک Antonie Kok و ژمارەییەکی دیکەش لە ئەندازیار و هونەرمەند لە ساڵی **١٩١٧** گرووپی هونەری دو ستیلیان پێک هێنا و هەر لە هەمان ساڵدا گۆڤارێکیان هەر بەهەمان ناوەوە بڵاوکردەوە کە زیاتر تیوفان دویسبۆرگ سەرپەرشتیان دەکرد، ساڵی پاشتر **١٩١٨** لە مانگی نۆڤەمبەر یەکەمین مانیفێستی خۆیان بڵاوکردەوە. «هەمان سەرچاوەی پێشوو» کە تیایدا جەختیان لەسەر ئازادکردنی مرۆڤ دەکرد لە فەردانییەت و ڕێکەوت، بەمەبەستی



ڕێکوپێکی و هارمۆنی و هاوتابوون.

ئەوان لە مانیفێستەکەیاندا دوو کاتیان دەستنیشان دەکرد «یەکێکیان کۆنە کە وشیاری زاتی بەخۆوە دەگرێ و ئەوی دیکەیان نوێیە هەڵگری وشیارییەکی گەردوونییە».

هونەرمەندانی دو ستیل زۆربەیان ڕەسام و ئەندازیار بوون، هونەرەکەشیان زیاتر دوو ڕەهەندی بوو، لە شێوە و هێڵ و ڕووبەری ئەندازیاری پێکهاتبوو. ئەوان بڕوایان بەڕوون و ئاشکرا و ڕێکوپێکی هەبوو دوور لە گشت کاریگەرێکی دەربڕینخوازی یان شێوەیەکی ئۆرگانی کە ڕێکەوت و نائاگایی ڕۆڵی تیابینێ ئەمان عەقڵانی بوون و بڕوایان بەڕێکوپێکی و دەسەڵاتی عەقڵ بەسەر شێوەکانیاندا هەبوو.



دویسبۆرگ. دارشتنێک بەڕەش و سپی ١٩١٨

شێوە لە کاری هونەرمەندانی دو ستیلدا زیاتر لە چوارگۆشە و لاکێشە پێکهاتبوو کە بەهێڵی پانی و ئاسۆیی و تەریبی لە یەک جیا دەکرانەوە و ڕەنگیش پێکهاتبوو لە ڕەنگە سەرەکییەکان (زەرد، شین، سوور)، هەندێ جار ڕووبەری ئەندازەیی بێ ڕەنگیشیان بەکار دەهێنا کە بەسپی و ڕەش و خۆڵەمێشی دروست کرابوون، (سپی و ڕەش و خۆڵەمێشی لای هونەرمەندانی دو ستیل بەبێ ڕەنگ لە قەڵەم دەدرا). لای مۆندریان هەمیشە شێوە و هێڵەکان شاقووڵی و تەریبی بوون بەڵام لای تیۆفان دیسبۆرگ شێوەی دیاگۆنالیش بەکار دەهێنرا [Axelund Christa Marken].

ئەوان بڕوایان وابوو کە بەم ئاشکراییەی ڕەنگ و هێڵ و ڕێکوپێکی بەکارهێنانی شێوەدا کار دەکەنە سەر دەروون و عەقڵی مرۆڤ و لە تایبەتمەندییەکانی خۆی دەری دەخەن و دەیخەنە ناو سستەمێکی گەردوونییەوە. بەڵام کارل ڕوربێرگ Karl Ruuhrberg ئەم شێوە تەخت و دوو ڕەهەندییانەی هونەرمەندانی ms ستیل و ڕوون و ئاشکرای ڕەنگەکانیان بۆ دیمەنی تەختی وڵاتی هۆڵەندا و هێمنی و خۆشەویستی مرۆڤی هۆڵەندی بۆ

هارمۆنی و ڕێکوپێکی دەگەڕێنێتەوە. گەر وابێ دیسانەوە هونەری هونەرمەندانی دو ستیل خەسڵەتێکی ناسیۆنالی تایبەت وەردەگرێ و بەتاڵ دەبێتەوە لە گشت ئەو بیروڕایانەی کە مۆندریان و هاوڕێکانیان بەڕەنگ و شێوە جێبەجێیان دەکرد.

ئەم ڕایەی (روربێرگ) لە ڕاکەی بریۆنەوە Brion نزیکە کە شێوە ئەندازیارییەکانی سوپەرماتیزمی مالێڤچی بەجۆری هەست و بیرکردنەوەی مرۆڤی ڕووسییەوە گرێ دەدا، لێرەدا گەر ڕاکانی (روربێرگ) و (مارسیل بریۆن) ڕاست بن، دەبێ کارەکتەری هۆڵەندی و ڕووسییش بەگشتی زۆر لەیەک بچن و لە ڕووەکانی دیکەی کولتووریشەوە لەیەکەوە نزیک بن. بەڵام هونەرمەندانی دو ستیل کارەکانی خۆیان بەهارمۆنی و کاری ڕێکوپێک و پڕ ئارامی دەبینن. لە کاتێکدا ئال لیسیتسکی و تاتلین خۆشەویستییان بۆ شۆڕشی ئوکتۆبەر هەبوو و هەندێ لە کارە هونەرییەکانیان لە خۆشەویستی شۆڕشی ئوکتۆبەر و لینیندا دروست کردبوو. دو ستیلی هۆڵەندی، خۆیان لە گشت شێوەکانی دەستەڵاتی سیاسی و کۆمەڵایەتی بەدوور دەخستەوە و بەئاشکرا تیۆفان دۆیسبۆرگ بەناوی هەموویانەوە دەنووسێت: «هونەر وەک ئێمە لێی تێ گەیشتووین نە پرۆلیتارییە و نە بۆرژوازییە، تەنانەت بارودۆخە کۆمەڵایەتییەکەش ناتوانێ سنووری بۆ دابنێ، هونەر هێزێک دروست دەکا کە کاریگەری بەسەر کولتوورەوە هەیە». [Horst Richter].

مەبەستی سەرەکی هونەرمەندانی دو ستیل گێڕانەوەی هاوتابوونە بۆ جیهان، چەمکی «هاوتابوون» لە کاری هونەرمەندانی دو ستیلدا بەئەندازەی چەمکی مەجال لای کۆنسترەکتیڤستەکانی ڕووسی گرینگە، یەکێ لە بەرهەمە هەرە گرینگەکان کە مۆندریان بەهێڵە شاقوولی و تەریبەکانی ڕووبەرە چوارگۆشە و سێگۆشەکانی نێوانیان پێی گەیشتبوو، دروستکردنی هاوتابوونە بێ پەنابردن بۆسیمێتری، ئەمەش یەکەم جار بوو لە مێژووی هونەری شێوەکاریدا خرابووەڕوو.

مۆندریان لە ساڵی ١٩٢٠ بەدواوە، ناوی دو ستیلی گۆڕی بۆ نیوپلاستیسیزم -New plastizisme. تا دەوروبەری ساڵی ١٩٢٥ بەیەکەوە وەک گرووپ کاریان کرد، لەو کاتە بەدواوە کۆمەڵەی هونەری نیوپلاستیسیزم پەرش و بڵاویان لێی کرد و تیۆفان دۆیسبۆرگ ١٨٩١-١٩٣١ چووە پاریس و لەوێ گرووپێکی هونەری نوێی پێک هێنا بەناوی خوڵقێنەری ئەبستراکت Abstraction Creation کە ژمارەیەکی زۆری لە هونەرمەندە ڕاکردووەکانی دیکەشی لە دەوری خۆی کۆکردبۆوە.



پیت مۆندریان و تیۆفان دۆیسبۆرگ تاکو ١٩٢٥ هێندە کاریان لەو ڕێبازە هونەرییەی خۆیان کرد لە مێژووی هونەردا جێی خۆی بگرێ لەم ڕووەوە کۆمەڵێ ئامانجی هونەرییان هێنایە دی، وەک: ڕزگارکردنی تەواوی ڕەسم کردن لە هەرچی فیگەری واقیعی هەیە. ڕەنگ و شێوەیان بەتەواوەتی ئیختیزال کردەوە کە شاعیر ئاپولینیر ناوی ئەو ڕەسم کردنەی مۆندریانی نابوو ئەبستراکتی کوبیزم Abstrakter Kubism چونکە ڕەگ و ڕەچەڵەکی شێوەکانی لە کوبیزمەوە هاتبوو.

دو ستیلی هۆڵەندی کاریگەرییەکی زۆری لە پاش خۆی بەجێ هێشت، بەتایبەتی بەسەر ئەندازیاری فەرەنسی لۆ کۆربووزیێ Le Corbusier و سەرجەم هونەری بیناسازی و هونەری نەخشەسازی. بەڵام لە هەمووی زیاتر کاریگەری بەسەر قوتابخانەی باوهاوسی Bauhausی ئەڵمانییەوە هەبوو.

## باوهاوس Bauhaus

قوتابخانەی باوهاوس بەشداری ئەڵمانیا بوو لە پرۆسەی نوێکردنەوەی شێوەدا. جێگایەک بوو بۆ گشت ئەزموون و ئەنجامەکانی هونەرمەندانی کۆنسترەکتیڤیزمی ڕووس و نیوپلاستیسیزمی هۆڵەندی. ئەمەش بەپلەی یەکەم بەهۆی کارەکتەری بەهێزی ئەندازیاری بینسازیا ڤالتەر گرۆپیوس Walter Gropius بوو کە پاش جەنگی جیهانی یەکەم، لە ساڵی ١٩١٩ لە شاری ڤایمەر Weimar وەکو قوتابخانەیەکی دەوڵەتی هەروەها وەکو پرۆژەیەک بۆ نوێکردنەوەی جیهان دروستی کرد.

ناوەڕۆکی بیرۆکەی گرۆپیوس ئەوەبوو کە قوتابخانەیەک دروست کات بۆ نەهێشتنی سنوورەکان لە نێوان هونەر و کاری دەستیدا بەجۆرێ کە سوود لە گشت توانا هونەرییەکان بۆ بیناسازی وەرگرێ. بۆیە ناکرێ قوتابخانەی باوهاوسی ئەڵمانی وەکو ڕێبازێکی هونەری تەماشا بکرێ، بەڵکو زیاتر وەکو هەوڵدانێک بۆ لەیەکدانی گشت بەشەکانی هونەر و کاری دەستی.

گرۆپیوس (١٨٨٣-١٩٦٩) بەنووسینی پرۆگرامێک قوتابخانە هونەرییەکەی خۆی ئاشکرا کرد کە تیایدا دەڵێت: «ئەی هونەرمەندانی ڕەسم و پەیکەر و ئەندازیارانی بیناساز، ئێمە، دەبێ گشتمان بگەڕێینەوە بۆ کاری دەستی، چونکە شتێ نییە ناوی هونەر بێ وەکو پیشە».




گرۆپیوس. باوهاوس – دیساو ١٩٢٥

بەم جۆرە باوهاوس جیاوازی لە نێوان هونەرمەندێک و کارگەرێک نەهێشت کە نەخش و نیگار بکا یان وەستایەک دەرگا و پەنجەرە دروست بکا. گشت هونەرمەندێک لای باوهاوس کارگەر بوو، گشت پرۆفیسۆرێکی هونەریش وەکو وەستا تەماشا دەکرا. ئەمەش خۆی لەخۆیدا بڕوا نەبوونە بەئەکادیمی وەکو میتۆدێک بۆ فێربوونی هونەر. گرۆپیوس وەکو بیرۆکەی دامەزراندنی قوتابخانە سوودی لە قوتابخانەی کاری هونەری دەستی وەرگرتبوو کە لە سەرەتای سەدەی بیستدا هونەرمەندی بەلژیکی شێواز مودێرن هنری فان دو فیلدا Henry Van de Velde دایمەزراندبوو. ئیلهامیشی زیاتر لە بیناسازی سەدەی ناوەڕاست وەرگرتبوو کە لەلایەن کەسانی نەناسراوەوە دروست کرابوون.

دەوڵەمەندی باوهاوس لەوەدا بوو کە هەرچی هونەرمەندی باشی ئەو کاتە هەبوو لە خۆی کۆبکاتەوە وەک لیونێل فایننگەر، ئۆسکار شلیمەر، جوزێف ئەلبەرز، لازلۆ مۆلی نەج تا دەگاتە پول کلێ و کاندنسکییش.

لیونێل فایننگەر Lyonel Feininger ئەگەرچی وەکو هونەرمەندێکی بەڕەگەز ئەڵمانی لە نیویۆرک لە دایک بووبوو و هەر لەوێش مردبوو، لە سەرەتای دامەزراندنی باوهاوسەوە لەگەڵ گرۆپیوسدا کاری دەکرد.

فایننگەر ١٨٧١–١٩٥٦ لە سەرەتادا هونەرمەندی کاریکاتێر بوو، پاشان کەوتە ژێر کاریگەری کوبیزمی فەرەنسییەوە، بەڵام بابەتەکانی زۆربەیان خانوو وماڵی لادێیەکانی ئەڵمانیا و جۆری دروستکردنی بینای کەنیسە بوو کە لە شێوەیەکدا دروستیانی دەکرد لە



نێوان کوبیزم و ئۆرفیزمدا بوو، خزمایەتی لەگەڵ جۆری بەکارهێنانی ڕەنگی (تێرنەر)یشدا هەبوو.

ئۆسکار شلیمەر Oscar Schlemar کرۆکی کارەکانی خستبووە سەر مرۆڤ لەناو مەجالدا –(روربێرگ Ruhrberg).

شلیمەر ١٨٨٨–١٩٤٣ هەمیشە فیگەری لە شێوەی مرۆڤ ڕەسم دەکرد، لەناو ژوورێک یان هۆڵێک یان جێگایەک کە لە ساختمان بچێ بەکۆمەڵ یان بەتاک دایانی دەڕشت.

زۆربەی حاڵەتی فیگەرەکانی شلیمەر لە حاڵەتی جووڵانەوەدا بوون، بەتایبەتی حاڵەتی سەماکردن. زۆربەی وێنەی مرۆڤەکانی شلیمەر هەستی مرۆڤی میکانیکی بەبینەر دەدا. ئەو هێندە بایەخی بەڕەسم کردنی دەموچاو و پەنجەی دەست و پێ نەدەدا. وەک ئەوەی لە دار و تەختە و ئاسن دروست کرابێتن ئەوها دەکەوتنە بەرچاو، بەمەش شلیمەر زیاتر فیگەرەکانی لە شێوەی مرۆڤی ئامێری (ڕۆبۆت) نزیک دەخستەوە تا ئەو ئاستەی شێوازێکی بۆ خۆی دروست کرد ناوی لێ نا شێوازی مرۆڤی میکانیکی.

شلیمەر فیگەرەکانی لەناو مەجالێک دادەنا کە بێ دیدەگا بێ، ئەمەش جۆرێ بوو لە مامەڵەی شلیمەر لەگەڵ مەجالدا کە بەبڕوای (کارل ڕوربێرگ) ئۆسکار شلیمەر دوا هونەرمەندی دیدەگایە.

ئۆسکار شلیمەر وەکو هونەرمەندێکی باوهاوس هێند لەگەڵ بۆچوونەکانی گرۆپیۆسدا گونجاو نەبوو. ئەو لەگەڵ سنووردا دانان بوو لە نێوان هونەر و کاری دەستیدا. ئەمە لەلایەک، لەلایەکی دیکەش شلیمەر بەڕەهەندێکی ڕۆحییەوە کاری دەکرد و بڕوای وابوو کە تابلۆ کارێکی خوداییە و هونەرمەند دەبێتە هۆی دروستکردنی، لە کاتێکدا سەرجەمی ئەتمۆسفیری باوهاوس هێندە عەقڵانی بوو ئەوەندە جێگای هەست و ڕۆحی تیا نەدەبۆوە، بەڵام جێگای ئازادی و داهێنان و جیاوازی بیروڕا و شێوازی دەربڕینی تیا دەبۆوە.

هونەرمەند جوزێف ئەلبەرز ١٨٨٨–١٩٧٦ لە شێوە ئەندازەییە عەقڵانییەکەی باوهاوس دەگونجا بەڵام هەموو توانای خۆی خستبووە سەر ڕەنگ و چۆنێتی و ڕەوشتی ڕەنگ لەگەڵ یەکدیدا.

ئەلبەرز Josef Albers زیاتر تیۆرییە فەلسەفییەکانی فیتکنشتاین کاریان تێ کردبوو کە دەڵێت: «هەموو ئەو شتانەی کە دەیانبینین دەکرێ شتی دیکە بن، تەنانەت گشت ئەو

شتانەش کە وەسفیان دەکەین دەکرێ شتی تر بن». لەم سەرچاوە فەلسەفییەی لودڤیک فیتکنشتاینەوە ئەلبەرز بیرۆکەیەکی هونەری جێبەجێ کرد کە لە شێوەی تابلۆ، لەناو تابلۆدا دەبینرا، وەکو چەند ڕەنگێ کە پەیوەندییەکانیان لەناو یەکدا بێ کۆتایی بن. پاشان کتێبێکیشی لەسەر شێوە کارکردنەکەی خۆی بەناونیشانی Inter action of Colors (کاریگەری ڕەنگەکان لەگەڵ یەکدا)نووسی.

ئەو بەو شێوە چوارگۆشەییەی ناویەکتری ڕەنگە نزیک لەیەکەکانی دەیەوێ پێمان بڵێ: «عەقڵ توانای ئەوەشی هەیە چرکە ساتە ناعەقڵانییەکانیش لە واقیعدا بەرجەستە بکا. ئەمەش ئەوە نیشان دەدا کە شتێ نییە ناوی چارەسەر بێ، بەڵکو ئەوەی هەیە بەردەوامی گۆڕانە، بێ پایانی وردەکارییەکانە».


ئەلبەرز بەقەولی خۆی مەبەستی لەو ڕەنگ و شێوانەیدا دەربڕین نەبووە، بەڵکو بەرجەستەبوونی خۆی بووە: «من نامەوێ شتێ دەربڕم بەڵکو دەمەوێ خۆم بەرجەستە بکەم. من فێری بینین و بیرکردنەوە بوومە نەک فێری هونەر» ئەگەرچی ئازادی بیروڕا و جیاوازی ئسلوب و مامەڵە لەگەڵ شێوە و ڕەنگ و مەجالدا لە ئەتمۆسفیری باوهاوسدا باوبوو، بەڵام باوهاوس قورسایی خۆی خستبووە سەر چۆنێتی مامەڵە کردن لەگەڵ مەتریالی جۆر بەجۆر و تەکنیک لە پێناوی دروستکردن و بیناکردندا. ئەمەش دونیای هونەرمەند لازلو مۆلی نەج بوو **١٨٩٥-١٩٤٦**. هەر بۆیەشە لە گشت هونەرمەندەکانی باوهاوس لای گرۆپیوس خۆشەویستتر بوو. ئەو کاتانەی گرۆپیوس سەرقاڵی دروستکردنی قوتابخانەکەی دەبێ، مۆلی نەج وەک هاوڵاتییەکی جولەکە کە ناچار دەبێ وڵاتەکەی خۆی هەنگاریا بەجێ بهێڵێ و بەرەو نەمسا ڕا بکا، گرۆپیوس بەدوایدا دەچێ و لە ڤیەنناوە لەگەڵ خۆی دەیهێنێ بۆ ڤایمەر.

مۆلی نەج Láslo Moholy Nagy ئەوسا تەواو سەرقاڵی کارە کۆنستروکتیڤیزمە ڕووسەکان دەبێ، مەجال و دونیای سێ ڕەهەندی لیسیتسکی و دونیای مەکینەی تاتلین گەورەترین کاریگەری لەسەر مۆلی نەج جێ دەهێڵن، ئەویش کاری زیاتری تیا دەکا و فاکتەر و مەتریالی نوێی تێ دەخا، وەک جووڵانەوە و تیشک کە هێندەی تر کاری کۆنسترەکتیڤیزم پێش دەخا.

کارل ڕوربێرگ دەربارەی مۆلی نەج دەڵێ: «بەغیرەتی منداڵێک و عەقڵ و هۆشی مرۆڤێکی زیرەک مۆلی نەج دەڕوانێتە مەتریالی جیاواز و جۆری بەکارهێنانیان. شتە



سوود لێ وەرگیراوەکانی ڕۆژانە وەک کاغەز و تێل و قوماش و موسی تەراش، مۆلی نەج بەکۆکردنەوەو بەستن لەگەڵ یەکتری، لەسەر پرەنسیپی کوبیزم و کۆنسترەکتیڤیزم بەڵام بەجۆرێکی نوێ بەکاریانی دەهێنێ، کە پاشان هەر ئەمانەبوون بەسەرچاوە بۆ هونەرمەندانی دادایزم».


لازلۆمۆلی نەج. لەسەر بنەمایەکی سپی **١٩٢٣**

مۆلی نەج چەشەی بەکار و ئەزموونی هەر هونەرمەندێکی پێش خۆی بهاتایە هەوڵی دەدا بەبەکارهێنانی مەتریال و فاکتەری هونەری نوێ زیاتر پێشی بخا. وەک ئەزموونەکانی (مان ڕێ Man Ray) لە بواری فۆتۆگراف. ئەمەش زیاتر پیکاسۆ و تاتلینمان دەخاتەوە یاد. بەم جۆرە مۆلی نەج دەبێ بەباوکی ڕۆحی نەوەکانی دوای خۆی و کاریگەری زۆر لە پاش خۆی جێ دێڵێ، بەتایبەتی بەسەر ڕێبازی هونەری جووڵاوەدا. Kinetische Kunst مۆلی نەج یەکجار لەزەتی بەبەیەکەوە کارکردن دەهات لە قوتابخانەی باوهاوسدا، پاش پەرتەوازەبوونی هونەرمەندان لە ترسی نازییەکاندا، بۆ ئەمەریکا ڕایکرد و لەوێ لە شیکاغۆ لە ساڵی **١٩٣٧** سەرلەنوێ قوتابخانەی باوهاوسی پێک هێنایەوە.

جگە لە فاینینگەر و شلیمەر و ئەلبەرز و مۆلی نەچ، باوهاوس بۆ پۆل کلێ و کاندنسکی و مالێڤچ و ئال لیسیتسکی و تیۆفان و دۆیسبۆرگ و گابو و مۆندریان بووبوو بەجێگای کارکردن. ئەگەرچی ئەم شەشەی دوایی تەنیا جاروبار هاتوچۆیان دەکرد، بەڵام پول کلێ و کاندنسکی پاش ئەوەی گرووپی سوارە شینەکانیان دوایی پێ هێنا و میونشنیان بەجێ هێشت، باوهاوس بۆ ئەوان جێگایەکی چاک بوو بۆ دووبارە بەیەکگەیشتنەوە و پێکەوە کارکردن. بەتایبەتی لەبەرئەوەی، جگە لە کاری پراکتیکی باوهاوس بووبووە جێگایەک بۆ سیمینار و کاری تیۆری و دەرهێنانی کتێب.

کاندنسکی ئەو کاتە تازە لە ڕووسیا گەڕابۆوە و شێوەکانی ئەو ماوەیی ڕووسیا لە **١٩١٤** بۆ **١٩٢١**، زیاتر لەژێر کاریگەری سوپەرماتیزم و کۆنسترەکتیڤیزمدا بوون،

ئەمەش شێوەی ئەندازەییيان بەخۆوە گرتبوو و خۆشبەختانە لەگەڵ باوهاوسدا دەگونجان.

کاندنسکی ئەو ماوەی باوهاوسی بەکار هێنا بۆ گوتنەوەی چەندین گوتار کە زیاتر بابەتەکانی ناو کتێبەکەی خۆی بوو «لە خاڵ و هێڵەوە بەرەو ڕووبەر» کە ساڵی ١٩٢٩ وەکو کتێبی باوهاوس بڵاوی کردەوە.

پول کلێیش وەکو کاندنسکی وێڕای کاری پراکتیکی چەشەیەکی زۆری بۆ کاری تیۆری هەبوو، لەو ماوەیەدا دوو کتێبی لەجۆری کتێبەکانی باوهاوسی نووسی، یەکێکیان لەژێر ناونیشانی «ڕێگاکانی توێژینەوەی سروشت» کە ساڵی ١٩٢٣ بڵاوی کردەوە، ئەوی دیکەیان لەژێر ناونیشانی «پەروەردەی سکیچ» لە ساڵی ١٩٢٥ بڵاوی کردەوە. جگە لەم دوو کتێبە، پول کلێ سیمینارێکی گرینگی لە شاری (Jena) لەژێر ناونیشانی «هونەری هاوچەرخ» پێشکەش کرد، ئەمەشیان هەر لە بەرنامەی کارە تیۆرییەکانی باوهاوسدا بوو.

هەر وەکو گوتمان مالێڤچ وئال لیسیتسکی و مۆندریان و ڤان دۆیسبۆرک وەکو هونەرمەندانی باوهاوس کاریان نەدەکرد، بەڵام هەمیشە لە پەیوەندیدا بوون لەگەڵیدا، جاروباریش دەهاتن(*) بۆ لایان. ئەم پەیوەندییە بەهێزەش وایکرد کتێبەکەی مالێڤچ «جیهانی بێ فیگەر» لە ساڵی ١٩٢٧ وەکو کتێبی باوهاوس بڵاوببێتەوە.

جگە لە ڕەهەندە ڕۆحییەکانی کاندنسکی و کلێ، باوهاوس قوتابخانەیەکی عەقڵانی بوو، شێوە تیایدا زیاتر ئەندازەییەکان بوو، ئەمەش زیاتر بەهۆی دەستەڵات و کاریزمای ڤالتەر گرۆپیوسی دامەزرێنەرەکەیەوە بوو کە خۆشی بەوە دەهات گشت شێوە و بەکارهێنانی مەتریالەکان بەرەو هونەری بیناسازی ببات، هەر بۆیەشە باوهاوس لە پاش خۆی گەورەترین کاریگەری لەسەر ئەندازیارەکانی بیناسازی و هونەری نەخشەکێشان و نەخشەکێشانی پیشەسازی هەبوو. (لازلۆ مۆلی نەج).

ئەوەی باوهاوس لە هونەرمەندانی نیوپلاستیسیزمی هۆڵەندی و کۆنستروکتیڤیزمی ڕووسی جیا دەکردەوە، ئەو کار و بەرپرسیارە کۆمەڵایەتییانە بوو کە باوهاوس گرتبوویە ئەستۆی خۆی، هەڵبەت لەپاڵ کاری هونەریدا بووبووە بڵندگۆیەک بۆ گشت بیروڕایەکی پێشکەوتوو و نوێ هانی ئەو جۆرە هونەرەی دەدا کە جیا نەبێ لە کۆمەڵ، بەڵام سیاسییەکانی ئەوسای ئەڵمان لەم زمانە نەدەگەیشتن و تا دەهات ڕووبەری ئازادی و کاری

(*) Albert Einstein و مارک شاگال و ئۆسکار کۆکۆشکا و ئەرنولد شوێنبیرگ لەبرادەرە نزیکەکانی باوهاوس دەژمێردرێن. [بڕوانە گۆڤاری – Politir بەهاری ٢٠٠٢]



هونەری ئازادیان کەمتر دەبۆوە، ئەمە وایکرد باوهاوس لە ساڵی ١٩٢٤ بگوازرێتەوە بۆ شاری دیساو و لەوێشەوە لە ١٩٣٢ بۆ بەرلین.

ئەگەرچی دوا سەرپەرشتی گشتی باوهاوس لودڤیگ میس ڤان دێر ڕۆهە Ludwig Mies Van der Rohe بوو کە خۆیشی ئەندازیاری بینا بوو، هەوڵی بەردەوامی مانەوەی باوهاوسی دا، بەڵام نازییەکان کە تازە دەستەڵاتیان وەدەست هێنابوو، هونەری ئەبستراکت و بەلشەفییەکانیان بەیەک چاو سەیر دەکرد. بەمەش نەوەستان، بگرە گشت هونەری هاوچەرخی ئەوسایان بەناهونەر لە قەڵەم دەدا و کۆتاییان بەقوتابخانەی باوهاوسی ئەڵمانی هێناو بڵاوەیان بەگشت قوتابی و مامۆستاکانی کرد.


## پوریزم Purisme

پوریزم هەوڵدانێکی عەقڵانی فەرەنسی بوو بۆ ڕزگارکردن و پاککردنەوەی کوبیزمی سەنتێتی و ئۆرفیزم لەو شێوە و فیگەرە نامۆیانەی کە زەخرەفە و ئەرەبسا و دوا کاریگەری کولتوورەکانی دەرەوەی ئەوروپا، کە پیکاسۆ و براک و دیلۆنی لە ئەنجامی هەست و نەست و ڕێکەوتەوە خستبوویانە ناو تابلۆی کوبیزم و ئۆرفیزمەوە.

بەبڕوای هونەرمەند و ئەندازیار لۆکۆربووزیێ Le Corbusier و هاوڕێکەی ئامەدێ ئۆزەنفان Amedee Ozenfant، ئەم فیگەور و شێوانە نامۆن و تابلۆی کوبیزم لاواز دەکەن، زیاتر بەرەو زەخرەفە و دیکۆر دەیبەن. بۆیە ئەوان لە ساڵی ١٩١٨ مانیفێستێکیان لەژێر ناونیشانی «مانیفێستی پاش کوبیزم» بڵاوکردەوە تیایدا بەتوندی دژی ئەو فاکتۆرە نامۆیانە وەستان. دەیانەوێت کوبیزم بەتەواوەتی لەو کاریگەرییانە پاک بکەنەوە شێوەکانیشی بگەڕێننەوە بۆ شێوەی ئەندازەیی پەتی کە لە ئەنجامی عەقڵ و بیرکردنەوەدا داهێنرابوو، وەک لە شێوەی ئۆرگانی کە هەست و عاتیفە ڕۆڵی تیا دەگێڕن.

بەڕای لۆکۆربووزیێ ١٨٨٧–١٩٦٥ و ئۆزەنفان ١٨٨٦–١٩٦٦ پاکی و ڕاستی و وردی و ڕێکوپێکی تەنیا لە شێوە ئەندازەییەکان هەیە، ئەوان لە مانیفێستەکەیاندا نووسیبوویان: «ڕێکوپێکی سروشتی لەو شوێنە بەدەردەکەوێ کە شتە بینراوەکانی سروشت خۆیان لە شێوە ئەندازەییەکاندا نیشان دەدەن».

ئەم بۆچوونەی لۆکۆربووزیێ و ئۆزەنفان لە بنەڕەتدا زۆر دوور نییە لە فیکری سیزان کە لە پێش چاوی «گشت شتەکانی سروشت خۆیان وەک خڕ و قوچەک و لوولەک» نیشان



لۆکۆربووزیێ. ژیانی بێ گیان ١٩٢٠

دەدا کە بووە سەرەتایەک بۆ کوبیزم. لەوانەیە ئەمان بۆ پاککردنەوەی کوبیزم لەو شتە سەیر و نامۆیانە مەبەستیان گەڕانەوەبێ بۆ سەرچاوەی کۆبیزم کە بینینێکی ئەندازەیی لەگەڵ خۆیدا هێنا. بێ گومان ئەمە بەهۆی ڕۆڵی عەقڵ و بیرکردنەوە بوو لە پرۆسەی بینینیاندابوو.

لۆکۆربووزێی خۆی منداڵی قوتابخانەی عەقڵانی باوهاوس بوو، «Karin Thomas» پێش ئەوەی ڕەسام و هونەرمەندی گرافیک و پەیکەر بێ، ئەندازیاری بینا بوو و سەرجەم بیر و ئەزموونەکانی باوهاوسی لەخۆ کۆکردبووەوە، ئەمەش زیاتر یارمەتیدەر بوو بۆ جەختکردنی لۆکۆربووزێی لەسەر شێوەی ئەندازەیی. بەڵام ڕازی نەبوونی ئەو و هاوڕێکەی بەو حاڵەتە، ناعەقڵانیانەی بەسەر کوبیزمدا هاتبوو لە ڕوانگەیەکی ئەورووپی عەقڵانییەوە هاتبوو، ئەمەش تا ڕادەی سنووردانان لە پێش ئازادی گەشەکردنی کاری هونەریدا. ئەوان بەجەختکردنیان تەنیا لەسەر شێوەی ئەندازەیی بۆ کوبیزم، ڕێگا لە گەشەکردن و دەوڵەمەندی کاری هونەری دەگرێ کە لە ئەنجامی تێکەڵاوبوونی بەفیگەر و شێوەی نوێ دروست دەبێ ئەمەش پرەنسیپی کارکردنی براک و پیکاسۆ بوو.

کوبیزم خۆی ڕێبازێکی هونەری عەقڵانی بوو. ڕەگە هەرە گەورەکەی دەگەڕێتەوە بۆ



سیزان و تیۆرییە سایکۆلۆژی و فەلسەفییە خۆرئاواییەکانی سەدەی نۆزدە. بەڵام ئازادی کارکردنی پیکاسۆ و براک لە شێوە و ڕەنگەکانیاندا ڕێگایان بۆ تێکەڵاوبوونی شێوەی ئەندازەیی کوبیزم بەشێوە فیگەرەکانی دیکەیش تەنیا وەکو خواستی تابلۆی کوبیزم و ڕادەی بەرزی ئەو ئازادیەبوو کە لە نێوان براک و پیکاسۆ لە کاری کوبیزمداهەبوو، کە نەیاندەویست ڕێگا لە گەشەکردنی بگرن و بەسەپاندنی جۆرێکی دیاریکراو لە شێوە و مەتریال سنوور بۆ پرۆسەی تازەکردنەوەی دانێن. پوریزم نەیتوانی ژمارەیەکی زۆر لە هونەرمەند وەک کوبیزم و قوتابخانەی باوهاوس لە خۆی کۆبکاتەوە، چونکە لۆکۆربووزێی و ئۆزەنفان مەرج و سنووریان بۆی دانابوو.

ئەوەی کە لێیان نزیک بوو زیاتر ئەو هونەرمەندانە بوون کە لەژێر دەستەڵاتی عەقڵدا کاریان دەکرد و خۆشەویستییان بۆ شێوەی ئەندازەیی هەبوو، وەک: فێرناند لیژێ پاشان هونەرمەندی تەجریدی ئەڵمانی ڤیلی باومایستەریش لە هەوڵدانەکانی هونەرمەندانی پوریزم بەکارهێنانی شێوەدا هێندە دوور نەبوون. لەچاو مالێڤچ و هونەرمەندانی نیوپلاستیسیزمی هۆڵەندی، بەڵام ئامانج و ناوەڕۆکی کارەکانیان جیابوو.

***

وشەی پوریزم لە پور Purی ئینگلیزییەوە بەکارهێنراوە کە بەمانای پاک و بێ گەرد دێت.

## سەرچاوەکان


1- Kultur Politik. Christiane Jung. No. 3. 2002

2-Karin Thomas, Stilgeschichte - der Bildender Kunst im 20 Jh bis heute, Du Mont Köln 1998.

3- Gunther Regel, Frank schulz, Johannes Kirschenmann, Harald Kunde, Moderne Kunst, -zugánge zulhrem verstandnis, Ernst Klett schalbuch verlag, Stuttgart 1994.

4- Marcel Brion, Geschichte der abstrakten Kunst Du Mont, Köln, 1960.

5- Volkmar Esser, Klassische Moderne Von Matisse und Picasso bis Klee, schuler vertag, Herrsching 1974.

6- Ruhrberg, Schneckenburger, Fricke, Honnef, Kunst des 20 Jahrhunderts, Taschen, 2000 Köln.

7- Aschitektur des 20 Jh. (Christina Haberlik Gerstenberg verlag, 2000.

8- Horst Richter, Geschichte der Malerei im 20 Jh, Du Mont Köln, 1985.

9- Walter Hess, Do Kumente zum Verstándnis der Modernen Malerei, rororo Hamburg 1980.

10- George Rickey, Constructivism, Origins and Evolation, Ny. 1967.

11- Konstraktive Malerei 1915-1930. Kunstverein F.

12- Jewgeni Kowtun, Die Russische Avantgarde, des 20er Jahrhundert, Editions Parksone Aurora, Bournemouth, England, 1996.

13- Werner Haftmann, Suprematismus, Du Mont Köln, 1989.

14- Albert Gleizes & Jean Metzinger über Kubismus, R. G. Fischer, Frankfurt, 1993.

15- Edward F. Fr Y, Kubism, Du Mont, Cologne 1966.

16- Max Raphael, Raumgestaltungen Surkamp 1989.

17- Karla Bilang, Das Ursprungliche in der Kunst des 20 Jh. Bild und gegen Bild, Verlag W. Kohlhammer, Stuttgart, Berlin, Köln, 1990.

بابەتیDie Rationale analyse der afrikanischen Plastik in Kubismus

18- Walter Hess, Dokumente zum Verstándnis der Modernen Malerei, rororo, 1990.

19- Katharina Schmidt, Cézanne, Picasso, Braque Der Beginn des Kubisttuschen Stillebons Verlag Gerd Hatje, Basel 1998.

20- Alan Bowness, Die Kunst der Moderne, Lichtenberg, 1998. Anna Vonderster. Marianne L. Teuber. Kunst Halle

21- Pierr Daix, Der Kubismus, in wort und Bild Audem Fr. Roland Wáchter und Dr. Marcel Baumgartener Edition dصArt Albert Skira S A Genf Schweiz 1982.




# بەشی چوارەم

## جوڵانەوە و خێرایی و کات

## فوتوریزم

فوتوریزم نە گۆڕانێکی بنەڕەتی بوو لە شێوەدا وەک کوبیزم و نە ئازادکردنی ڕەنگیش بوو وەک فۆڤیزم، بەڵکو ڕێبازێکی هونەری بوو بۆ نیشاندانی جووڵانەوە و کات و خێرایی بەیەکەوە لە کارێکی هونەریدا ناوەڕۆک و ئامانجی خۆی هەبێ، ئەمەش بەڕادەی سەرەکی لەژێر کاریگەری شاعیر و نووسەری ئیتالی فیلپۆ تۆماسۆ مارینێتیدا بوو.

Flippo Tommaso Marinetti (١٨٧٨– ١٩٤٤) کە ڕابەری سەرەکی و خاوەنی بیرۆکەکە بوو. لە کاتێکدا فەرەنسا لەسەردەمی دولاکرواوە تا پیکاسۆ و ماتیس، بەریتانیا لە تێرنەر و کونستابل و برایانی پێش ڕافائیلەوە تاکو بن نیکاسن و هێنری مۆر، ئەڵمانیایش بەبەشداریکردنی گرووپی پرد و ئەسپ سوارە شینەکان و سەرجەم هونەری دەربڕینخوازی بووبوونە گۆڕەپان بۆ نوێکردنەوەی هونەر. هونەرمەندانی ئیتاڵیا هێشتا بەزۆری لەژێر کاریگەری هونەری ڕێنێسانس ئەمپرێسیۆنیزم کاریان دەکرد. هەر بۆیەشە مارینێتی ئیتاڵیای پێش فوتوریزم بەبازاڕی کۆنەفرۆش دەشوبهاند ویستی تەقینەوەیەکی گەورەی تیا دروست بکات تا لە خەو هەستێ و شان بەشانی فەرەنسا و بەریتانیا و ئەڵمانیا بەشداری لە پرۆسەی نوێکردنەوەی هونەر و ئەدەب بکا.

بەم جۆرە فوتوریزم بەشداری ئیتاڵیا بوو لە هونەری مۆدێرن، بەڵام ئەوان یەکجار توندڕەوبوون لە چەشنی ڕەشەبایەکی تیژ و کورت ماوەی دە ساڵی خایاند و کاری کردە سەر هونەرمەندان و نووسەرانی وڵاتە ئەوروپییەکان کە ئەمەریکا و یابانیشی گرتەوە.

لە یابان و هەندێ وڵاتی دیکە ڕاستەوخۆ گرووپی هونەری فوتوریزم دروست بوو، لە ڕووسیا هونەرمەندانی (نوێکەرەوەی شێوە ڕووسی وەکو ماڵێڤچ و ناتالیا گونچارۆڤا و پوپوڤا و هەندێکی دی، گرووپی کوبۆفوتوریزمیان پێک هێنا و لە ئەڵمانیایش هەندێ لە هونەرمەندانی دەربڕینخوازی ئەڵمانی سوودیان لێی وەرگرت بۆ نیشاندانی هەستی جووڵانەوە لە پەلە ڕەنگ و شێوەکانیاندا. لە فەرەنسایش هونەرمەندانی کوبیزم بەهەمان

ئەندازە کاریگەریان لەسەر فۆتۆریزم ئەوەندە سوودیان لە فاکتەری «دینامیک»ی فوتوریزم خۆی وەرگرت بۆ نیشاندانی جوولانەوە لەناو پەیوەندی شێوەکانیاندا، بەتایبەتی فێرناند لێژێ، لەپاڵ هونەرمەندانی ڕووسدا سەرلەنوێ هونەری کوبۆفوتوریزمی دروست کرد.

مارینێتی خۆی پێش ئەوەی بیرۆکەی فوتوریزم لە مێشکیدا دروست بێ، لەژێر کاریگەری سیمبۆلیزمدا دەینووسی. ئەو لە خێزانێکی دەوڵەمەندا گەورە بووبوو، ئەمەش یارمەتیدەربوو بتوانێ هەمیشە لە گەڕان و سەفەر دابێ هونەرمەندان و نووسەرانی ئیتاڵیا و ئەوروپادا ببینێ. سەفەرکردنی بۆ یابان و سەردان کردنی گرووپی هونەرمەندانی فوتوریزمی یابانی. بەڵام وەکو ژیان ئەو زیاتر فەرەنسای هەڵبژاردبوو و زۆربەی وەختی خۆی لە پاریس بەسەر دەبرد، پاریس پایتەختێکی گەورەی هونەر و ئەدەب و بزووتنەوە نوێیەکانی ژیان.


مارینێتی لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا وەکو زۆربەی نووسەر و شاعیرە نوێخوازەکان، زیاتر سەرقاڵی خوێندنەوەی نیتشە و برگسۆن بوو وەک دوو سەرچاوەی گرینگ بۆ گۆڕان و گشت ژیانی مۆدێرنە.

برگسۆن وەک سەرچاوەیەک بوو بۆ پەیوەندی نێوان عەقڵ و ئاگایی بەرادەی وشیارییەوە. نیتشەیش وەکو سەرچاوە فەلسەفییەکانی فوتوریزم لەمەڕ بیرۆکەی بەردەوامی نوێکردنەوە، ڕووخاندن و یاخیبوون لە ڕابردوو، لە ئەخلاق و دین تا دەگاتە ڕەتدانەوەی خۆشەویستی بۆ ئافرەت، گشتی کاریگەری بیرۆکەی سوپەرمانە و خواستی دەستەڵات (ارادة السلطة) بوو لە فەلسەفەی نیتشەدا بەسەر مارینێتییەوە. ئەمەش لەبنەڕەتی داڕشتنی فەلسەفەی داهاتوودا هەیە کە ناوەڕۆک و ئامانجی فوتوریزم پێک دەهێنێ. (بڕوانە William B. scháfer, The T urn of the century)

برگسۆن و نیتشە لەسەر مارینێتی گەیاندییە ئەوەی لە ساڵی ١٩٠٨ بیرۆکەی فوتوریزم لە مێشکیدا دروست بێ. پاشان لە ساڵانی ١٩٠٩ و ١٩١٠ وەکو مانیفێست بەچەند زنجیرەیەک بڵاوی کردنەوەوبەشی هەرەگرنگ ئەوەبوو کە لە ٢٠-٢-١٩٠٩ بەیازدە خاڵ لە لاپەڕەی یەکەمی ڕۆژنامەی فەرەنسی لۆفیگارۆ «Le Figaro» بڵاوی کردەوە. پاشانیش جارێکی دی لە ڕۆژنامەی پۆیێزیا (Poesia) لە میلانۆ بڵاوکرایەوە. (بڕوانە H. H. Arnason) بەم پێیە ڕۆژی ٢٠ی ٢ ساڵی ١٩٠٩ بەیەکەمین ڕۆژی ئاشکرابوونی فوتوریزم لە مێژوودا دادەنرێت.

فوتوریزم لە بنچینەدا پرۆژەیەکی ئەدەبی بوو، پاشان مۆزیک و شانۆ! و هونەری





فوتوریستەکان. لە ڕاستەوە بۆ چەپ: سەڤەرینی، بۆچیونی، مارنێستی، ڕۆسۆلۆ، کارا -١٩١٢- میلانۆ

بیناسازی و شێوەکاریشی گرتەخۆ. لە دەوروبەری ساڵی ١٩٠٩دا هەندێ هونەرمەندی شێوەکاری بەناوبانگی ئەوسای ئیتاڵیا بیرۆکەکەی مارینێتیان پەسەندکرد و لە دەوری کۆبوونەوە. پاشان لە ساڵی ١٩١٠ بەمانیفێستێکی تایبەتی بەشداری هونەری شێوەکاریان لە پرۆژەکەی مارینێتیدا کرد. ئەو هونەرمەندانەیش ئەمانەبوون: ئومبەرتۆ بۆچیۆنی Umberto Boccioni جینۆسەڤەرینی Gino severieni لویجی ڕوسۆلۆ Lugi Russolo، کارلوکارا Carrlo Carra، و جیاکۆ مۆباڵلا Giacomo Balla، پاشانیش زۆربەی ئەم هونەرمەندانە مانیفێستی تایبەتی خۆیانیان دەرهێنا.

فوتوریزم وەڵامدانەوەیەکی مارینێتی و هونەرمەندەکانی دیکە بوو بۆ بارودۆخی ئەو کاتی ئیتاڵیا. بەڵام ئەوان زۆر پەرگەگرانە بانگهێشتی ڕووخانیان دەرهەق بەدواکەوتوویی ئیتاڵیاڕاگەیاندبوو، خۆیان بەلێپرسراو دەزانی و بڕوایان وابوو بۆ ئەوەی ئیتاڵیا لەو حاڵەتە دواکەوتووە ڕزگار بێت، دەبێ گشت دابوونەریتە کۆنەکان، وەکو سیستەمی پەروەردەکردن، دانیشگاکان، ڕێبازە ئەکادیمییەکان لە ئەدەب و هونەردا، تا دەگاتە مۆزەخانە و کتێبخانەکانیش بڕووخێندرێن، بەمەبەستی دووبارە بوونیادنانەوە و نوێکردنەوەی ئیتاڵیا.

ئەوان دژی گشت هەستی لاواز و ڕۆحی سست بوون لە مرۆڤدا. ئەم دژایەتیانەش بەرەو جێگایەکی ئەوەندە تەسکی بردن سەرەنجام دژی خۆشەویستی و ئەڤینی ئافرەتیش

وەستانەوە. حەزیان بەچارەی ئافرەت نەدەکرد، پێیان وابوو خۆشەویستی پیاو سست و لاواز دەکات و ئەمەش دژ بەئامانجەکانی فوتوریزمە، بەحوکمی ئەو هەستە نیشتمانپەرست و نوێخوازەیان، کە لەسەر باوەڕێکی پتەو بەنوێکردنەوەی ئیتاڵیا بوونیاد نرابوو، زۆر لەگەڵ دیدی مۆسولینیدا گونجاو بوون، تا ئەو ڕادەی مارینێتی لە بیرۆکەی ڕووخاندندا لە مۆسولینی تیژڕەوتر و سەرپەڕتربوو. چونکە لای مارینێتی دروشمی سەرەکی ڕووخاندن و هەمیشە ڕووخاندن بوو. بەڵام لای مۆسولینی بیرۆکەی بیناکردنەوەشی هەبوو (فۆن گرێڤینتس) بەم شێوەیە لە ڕوانگەی سیاسییەوە فوتوریزم لە فاشیزمی ئیتاڵی جیا ناکرێتەوە، ئەگەرچی ئەوان لە ئاستێکی قووڵتریشدا کاریان دەکرد کە ئاستی ئەدەب و هونەر و فیکر بوو، ماوەیەک پێش مۆسولینی خۆیان وەکو ئیمپریالیست ئاشکرا کردبوو. ئەم پەیوەندیەی فوتوریزم بەفاشیزمی ئیتاڵیا، گفتوگۆیەکی گەورەی خولقاندووە بەتایبەتی لە بواری پەیوەندی هونەر و سیاسەت، یاخود هونەر و دەسەڵات. ئەمەش تا کو ساڵانی شەستەکانی خایاند، پاشان وردە وردە هەنگاوی زانستییانە نرا بۆ شیکردنەوەی لایەنەکانی فوتوریزم و جیاکردنەوەی ناوەڕۆکە هونەرییەکەی و ڕۆڵی لە گۆڕاندا لەو لایەنەی کە لە فاشیزمەوە نزیکی دەکردەوە (بڕوانە .Gunter Berghuns)

ئەگەرچی فوتۆریستەکان خۆیان شێوازی تیرۆر و چەکیان نەگرتە بەر بەڵام قەناعەتی تەواویان بەوە هەبوو گیانی شەڕانگێزی لەخۆیدا بچێنن، نەترس بن، لەگەڵ جەنگدا بن، بەردەوام ڕۆحی خەتەر لەخۆیدا سەوز بکەن هەردەم لە دۆخی پەلاماردان و هێرشدا بن.

جارێکیان مارینێتی لەسەر تەختی یەکێک لە شانۆکانەوە قسە بۆ خەڵک دەکات و پرەنسیپەکانی فوتوریزمیان بۆ شی دەکاتەوە، گوێگرەکان هێند تووڕە دەبن، دەیدەنە بەر تف و لەعنەت و دەکەونە شووشە بارانکردنی، ئەوکات مارینێتی دەڵێت: «من ئەمەم دەویست، وام لێکردن دار و شووشەم تێبگرن، شەڕانگێز بن و گشت پرەنسیپەکانی فوتوریزم پەیڕەو بکەن».

فوتوریزم لە ناوجەرگەی کولتووری پیشەسازی خۆرئاواوە هەڵقووڵاوە، ڕەخنە لەم شارستانییە ناگرێ کەلە لای گۆگان و ڤان کۆخ و هەندێ لە هونەرمەندانی دەربڕینخوازی ئەڵمانی هەیە. نزیکترە لە دونیای تەکنیک و خێرایی و دینامیو دوورە لە تەنیای ژیانی لادێ و سروشت و ڕۆمانسییەت. ئەوان جەختیان لەسەر ئەوە دەکرد کە پێوەرەکانی جوانی نوێ لە دەوری تەوەری خێرایی دەسووڕێتەوە وەک قەولە بەناوبانگەکەی مارینێتی کە هەمیشە دووپاتی دەکردەوە:



«ئەمڕۆ سەیارەی پێشبڕکێ زۆر لە پەیکەرەکەی نیکی فۆن سامۆتراک جوانترە Nike von Samothrak[*]».

ئەوان بەگشتی بڕوایان وابوو ئامرازە تەکنیکییە نوێیەکان کاریگەرییەکی گرینگیان لەسەر سایکۆلوژیای مرۆڤ هەیە. لاشیان گرینگ بوو هەستەکانی مرۆڤ بۆ کۆمەڵێ هەستی میکانیکی بگۆڕن. ئەو گۆڕانکارییەشیان بەجۆرێک لە پێشکەوتن تەماشا دەکرد. لێرەشەوە بەپێویستیان دەزانی تەکنیک و پیشەسازی زیاتر پێش بکەوێت. گوێیان لە جۆرە موزیکێکی تایبەت دەگرت کە هەستی تەکنیکی بدا بەگوێگر، جۆرە موزیکێک کە خشەخش و جیکەجیکی ئامێرەکانی بگەیاندایە. گشت ئەم جۆرە پرەنسیپانەشیان لە مانیفێستی تەکنیکیدا ڕوون کردبۆوەو کە گرینگترین مانیفێستی هونەری شێوەکاری بوو. فوتوریزم لەپاڵ کۆمەڵێ مانیفێستی دیکە کە پاش مانیفێستە سەرەکییەکەی مارینێتی بڵاو کرایەوە، یەکێکیان تایبەت بوو بەموزیک، و یەکێکیش بەئەدەب و هونەر و یەکێکیش بۆ هونەری شێوەکاری.

هونەرمەندانی فوتوریست Futurisme، پاش بڵاوکردنەوەی ئەو مانیفێستانە کەوتنە هەوڵدان بۆ نزیکبوونەوە لە دونیای مەکینە و سوود وەرگرتن لە گشت لایەنەکانی زانست و تەکنەلۆژیا و بەکارهێنانیان لەکاری هونەریدا بۆ گۆڕانی هەستەکانی مرۆڤ بەرەو مەکینە. ئەمەش دژایەتییەک بوو لەگەڵ ئەو هونەرەی کە لە سەرچاوەی ڕۆحی و لییکییەوە دێت.

جوانی لای هونەرمەندانی فوتوریزم تەنیا جوانی جووڵانەوە و خێرایی و دینامیکە کە وزە لە مرۆڤ و ژیاندا دروست دەکات. چەمکی (دینامیک) کە لە دونیای مەکینەوە دێ یەکێکە لە گرنگترین فاکتەرەکان لە هونەری فوتوریزمدا، پاشان هونەرمەندانی کوبیزم لە فوتوریزمەوە وەریدەگرن بۆ زیاتر وزەدان بەتابلۆی کوبیزم و نیشاندانی جووڵانەوە لە نێوان ڕەنگ و شێوە کوبیستییەکاندا، لە کاتێکدا کوبیزم خۆی یەکێکە لە سەرچاوە گرینگەکان بۆ دروست بوونی تابلۆی فوتوریزم.

هونەرمەندانی شێوەکاری فوتوریزم بۆ تەرجومەکردنی مانا پڕ وزەکانی مارینێتی و نیشاندانی جووڵانەوە و خێرایی و دینامیک و کات لە تابلۆیەکدا وەک شێوە لەژێر

(*) پەیکەری نیکی فۆن سامۆتراک Nike von Samothrak پەیکەرێکی یۆنانی کۆنە لە چەشنی ئافرەتێکی باڵدار وەک ڕەمز بۆ سەرکەوتن دروست کراوە و ئێستا لە مۆزەی لوڤرە لە پاریس.

کاریگەری کوبیزمدا بوون، بەڵام وەک ڕەنگ سوودیان لە تابلۆی ئەمپرێسیۆنیزم وەرگرتبوو.

بەتایبەتی قۆناغی دووەمی ئەمپرێسیۆنیزم (دیڤزیۆنیزم)ی سۆیرە و سنیاک، تاڕادەیەکیش کاری فۆڤیستە فەرەنسییەکان (تاڕادەیەک دەربڕینخوازە ئەڵمانییەکان).

بەم چەشنە دەکرێ وەک شێوە فوتوریزم بەجورێ لە کوبیزم دابنێین وێڕای جیاوازییەی کە بۆشایی شێوەکان لە تابلۆی فۆتۆریزمدا ئەوەندە ڕاست و تیژ نین، بەڵکو شێوەی چەوت و چێڵ و چەماوەی زۆری تیایە.

ئەوان بەجۆرێکی جیاواز لە کوبیزم و ئەمپرێسیۆنیزم شێوەکانیان دروست دەکرد، ڕەنگەکانیان بەکار دەهێنا بۆ ئەوەی بتوانن جوانی جووڵانەوە و خێرایی و دینامیک نیشان بدەن. هەندێ جار شێوەکانیان تێک هەڵدەکێشا، هەندێ جاریش شێوەکانیان بەسەر یەکدیدا ڕەسم دەکرد بەجۆری کە لە هەندێ جێگادا یەک بگرن و (تقاطع - یەکتربڕی) دروست بکەن، لە هەندێ وێنەشدا بۆ دەرخستنی کات و خێرایی هەمان شێوەیان لە نزیک یەکدیدا وێنەدەکرد و دووپاتیان دەکردەوە. بڕوانە تابلۆی جیاکوموباللا (ڕۆیشتنی سەگێک لە تەنیشت خاوەنەکەیدا).

لە نێوان تابلۆی ئەمپرێسیۆنیزم و فوتوریزمیشدا هەندێ لە جیاوازییەکان ئەوانەن کە ئەمپرێسیۆنیزمەکان ڕەنگیان شی دەکردەوە (دیڤزیۆنیزم) بۆ زیاتر نیشاندانی هێزو جوانی ڕەنگەکان ئەگەرچی لە خودی ئەم شیکردنەوەیەدا دیسانەوە جووڵانەوە و لەرانەوە پەیدادەبێ. بەڵام ئەوان مەبەستیان زیاتر کارکردن و تەجرەبەکردن بوو لەناو خودی دونیای ڕەنگەکاندا. کەچی فوتوریستەکان ڕەنگیان شی نەدەکردەوە، بەڵکو بەجۆرێ بەکاریان دەهێنا کە هەستی جووڵانەوە و خێرایی و دینامیک لای بینەر دروست کات. هەروەها بوونی وێنەی ئامرازی موزیک و دوا شتە پیشەسازییەکان وەک وێنەی پرد، پاسکیل، تەلەفۆن، دیسان مەبەستی نیشاندانی تەکنیک و دینامیک نەبوو، بەڵکو ئەمە پەیوەندی ئەمپرێسیۆنیزمی بەژیانی شارەوە نیشان دەدا وەک یەکێ لە خەسڵەتەکانی ئەمپرێسیۆنیزم کە نەک تەنیا لە نێوان ڕەنگەکانەوە هەستی شار نیشان بدرێ، بەڵکو وەکو بابەتیش، بەهەمان جۆر شیکردنەوەی شێوە لای هونەرمەندانی کوبیزم بۆ مەبەستی نیشاندانی خێرایی و دینامیک نەبوو، بەئەندازەی تێک شکاندنی خودی شێوە و دووبارە بیناکردنەوەی. چونکە وەکو گوتمان فاکتەری دینامیک خۆی لە فوتوریزمەوە هات بۆ کوبیزم.



ئەم لایەنە بەراوردانەی فوتوریزم و کوبیزم بەبەرفراوانی لە یەکەم پێشانگای فوتوریزمدا نیشان درا کە بەیارمەتییەکی زۆری هونەرمەند بۆچیۆنی لە ساڵی **١٩١٢** لە گەلەری بیرنهایم (Beinheim- Jeune) لە پاریس نیشان درا. لە هەمان ساڵیشدا بۆچوونی خۆی مانیفێستی پەیکەری فوتوریزمی بڵاوکردەوە. (بڕوانە Maurizo calvesi) لە پاش ئەم پێشانگایەوە لە کارتێکردنی فوتوریزم بەگشتی فاکتەری (دینامیک) بۆ سەرکوبیزم هەستی پێدەکرێ بەتایبەتیش فێرناند.

هێرڤالد ڤالدین لە هەمان ساڵ ئەو پێشانگایەی لە گەلەرییەکەی خۆی «شتورم» لەبەرلین نیشان دا بووە هۆی زیاتر بڵاوبوونەوە و ئاشکرابوونی فوتوریزم لە ئەوروپا. پاشان پێشانگاکە گوێزرایەوە بۆ لەندەن، دەنهاغ و ئەمستردام و کولون، هەروەها بۆ نەمساو هەنگاریا و سویسرایش. کاری لەسەر ژمارەیەکی دیکەش لە هونەرمەندانی ئەوروپادا کرد، وەک ڕۆبەرت دیلۆنی فرانچیسکاکۆبکا، مارسیل دۆشا، پیێت مۆندریان کە بوونە هۆی دروستبوونی چەندین گرووپی هونەری فوتوریزم بەڵام هیچیان نەگەیشتنە ئاستی فوتوریزمی ئیتاڵی.

## دەربارەی دینامیک لە فۆتۆریزمی ئیتاڵی

گرینگترین خواست و ئامانجی هونەرمەندانی داهاتووگەری ئیتاڵی «فوتوریزم - Futurisme»، ئەوە بوو کارەکانیان دینامیکی بن ئەمەش وەکو دەربڕینێک بۆ هێز و جووڵانەوە و خێرایی.

بەم جۆرە (دینامیک) دەکرێ گشت ناوەڕۆک و ماناکانی هونەری داهاتووگەری ئیتاڵی لە خۆ بگرێ، چونکە لە ئەنجامی هێز و جووڵانەوە و خێرایی دروست دەبێ کە هونەرمەندانی داهاتووگەری ئیتاڵی کاریان تیای دەکرد.

بەکارهێنانی خێرایی فڵچە لای هونەرمەندانی ئەمپرێسیۆنیزم هێز و جووڵانەوەی بەڕەنگ دەدا، ئازادکردنی ڕەنگیش لە بەکارهێنانە سروشتییەکەی لای هونەرمەندانی فۆڤیزم و دەربڕینخوازی ئەڵمانی بەخشینی هێزبوو بەڕەنگ. تێکشکاندنی شێوە و سەرلەنوێ بیناکردنەوەی لای هونەرمەندانی کوبیزم دینامیک و جووڵانەوەی بەشێوە و پەیوەندیەکانی ناو شێوە دەدا. بەڵام دینامیک ئامانجی هونەرمەندانی ئەمپرێسیۆنیزم نەبوو، هونەرمەندانی فۆڤیزم و دەربڕینخوازی ئەڵمانیش ئامانجی سەرەکیان ئازادکردنی

ڕەنگ بوو نەک هێنلی دینامیکی. هونەرمەندانی کوبیزمیش ویستیان شێوە سەرلەنوێ تازە بکەنەوە کار بۆ دینامیک نەکەن. ئەوان سوودیان لە دینامیکی کاری هونەرمەندانی داهاتوگەری وەرگرت بۆ بەردەوامی دان بەنوێکردنەوەی شێوە، لە کاتێکدا هونەرمەندانی داهاتووگەری پرەنسیپی تێکشکاندنی شێوەیان لە کوبیزمەوە وەرگرت بۆ ئەوەی جووڵانەوە و دینامیک لە کارە هونەریەکانیاندا دروست بکەن. چونکە بەدوای گشت دیاردە و شێوە و ڕەنگێکدا دەگەڕان کە بەهۆیەوە دینامیک لە کارەکانیاندا دروست بکەن. وەک لە سەرەتادا باسمان کرد، گرینگترینیان کوبیزم و ئەمپرێسیۆنیزم بوو، بەتایبەتی ئەمپرێسیۆنیزمی سۆیرە و سنیاک (دیڤزیۆنیزم).

ئەوان لە مانیفێستی تەکنیکییاندا کە ساڵی ١٩١٠ بەچەند زنجیرەیەک بڵاوکرایەوە، چالاکی تەواویان خستبووە سەر دینامیک وەک وزەیەکی گەردوونی نەک تەنیا خوڵقاندنی جووڵانەوە لە کاری هونەریدا. تیایدا دەڵێن: «گشت شتێ لە جووڵانەوە دایە... هەموو شتێ بەدەوری خۆیدا دەخولێتەوە... هەموو شتێ لە یاریکردن دایە لەگەڵ خێراییێکی زۆر... هیچ فیگەرێ نییە لە پێش چاوی ئێمە بێ جووڵانەوە بێ... ئەسپێک لە کاتی ڕاکردندا نەک چوار بەڵکو لە چاوی ئێمە بیست پێی هەیە و لە نێوان ئەو بیست پێیەیدا چەند شێوەیەکی سێگۆشە پێک دێنێ... هونەر پێویستە دینامیکی بێ نەک جووڵانەوە وەکو دیمەنی سینەما نیشان بدا، بەڵکو وەکو وزەیەکی گەردوونی... ئەو فیگەرانەی کە ئێمە لەسەر قوماشەکان وێنەیان دەکەین تەنیا دەربڕین نین بۆ دینامیک، بەڵکو خۆیان دینامیکن». (بڕوانە مانیفێستی تەکنیکی هونەرمەندانی داهاتووگەری ئیتاڵی، ساڵی ١٩١٠).

مانیفێستی تەکنیکی هونەرمەندانی داهاتووگەری لە هەمان کاتدا دەربڕین و هەڵوێستی ئەوان بوو دەربارەی ڕەنگ و شێوە و مەجال (بۆشایی)، پەیوەندییەکانیان لەگەڵ جووڵانەوە و ڕووناکیدابوو، لە کاتێکدا کوبیزم قۆناغێکی گەورەی بڕیبوو لە گۆڕانی دیدەگا لە ڕوانگەیەکی سروشتی ئەمپرێسیۆنیزمەوە بۆ ڕوانگەیەک کە هێزی وێنای هونەرمەندەکە دروستی دەکات. هونەرمەندانی داهاتووگەری لایان گرینگ بوو ئەو دیدەگایەی کە عەقڵ دروستی کردبوو (سیزان) بیگەڕێننەوە بۆ دیدەگا ئەمپرێسیۆنیزمەکەی. ئەمەش زیاتر بۆ ئەو پەیوەندیە بەهێزەی هونەرمەندانی داهاتووگەری دەگەڕایەوە لەگەڵ ئەمپرێسیۆنیزمدا هەیانبوو. لەلایەکی دیکەوە ئەوان لایان گرینگ بوو سەرجەم دیدەگا و مەجال و دینامیک بەهەستەوە گرێ بدەن نەوەک بەعەقڵ.



لەلایەکەوە دەیانەویست هونەرمەندی هەست بن و گشت کارەکانیان لە چوارچێوەی جوانی و هەستدا بێ، لەلایەکی دیکەیشەوە ناوەڕۆکی کارکردنیان بەدونیای مادده و مەکینەوە گرێ دابوو. ئەوان لە نووسینەکانیاندا بەئاشکرا دەریان دەبڕی کە چەند هەست و ئاگاییان بۆ مادده هەیە، چەند نزیکن لە ئازاری گلۆپێک کە لەژێر زیادکردنی هێزی کارەبادا بتەقێ ئەوان بەراوردی ئەو ئازارەیان لەگەڵ ئازاری مرۆڤدا دەکرد و وەکو یەک دەیان شوبهاند. (بڕوانە Raffaele Carriori).

ئەمە جگە لەو نزیکایەتی و خۆشەویستییەی ئەوان بۆ دونیای مەکینە و گشت ئەو مەتریالانەی کە مەکینەی لێ پێک دێن، ئەو دەنگانەی کە لەکاتی جووڵانەوەیدا دروستی دەکا، وەک بەشێ لە نیشاندانی هەستی گەورەی خۆیان بۆ دونیای شار و پیشەسازی و مۆدێرنەی خۆرئاوا بەجۆری کە سەیارە وەکو بەرهەمێکی گرینگی کومەڵگای پیشەسازی خورئاوا بووبوو بەڕەمز لای ئەوان، ئەمەش لەبەر هەڵگری گشت خەسڵەتەکانی دینامیک.

ئەوان بەبێ دروستکردنی دینامیک لە کارەکانیاندا نەیاندەتوانی دروشمەکانی خۆیان بەنووسین و قسەکردن دەربڕن وەک: «ئێمە هونەری بارۆک ڕەفز دەکەینەوە... دەمانەوێ لە ژیان نزیک بینەوە... ڕاستییەکانی دوێنێ لای ئێمە لە درۆ زیاتر هیچی دیکە نین».

ئەم دروستکردنەی دینامیکیش بەبێ خۆشەویستی و نزیکایەتیان لە دونیای تەکنیکەوە مومکین نەدەبوو، ئەوان لە بڕوابوونیاندا بە(هێز)، وەکو فاکتەرێکی گرینگ بۆ گۆڕان، دەگەڕانەوە بۆ دینامیک و جووڵانەوە وەکو سەرچاوە بۆ ئەو هێزە.

لای هونەرمەندانی داهاتووگەری ئیتاڵیا گرینگ بوو گشت ئەو هێزو گیانی هێرشبەر شەڕانگێزی و بەرەنگاربوونەوەی کە مارینێتی لە مانیفێستەکەی (١٩٠٩/٢/٢٠) دەری بڕیبوو، ئەوان لە کارەکانیاندا نیشانی بدەن، بۆیە لایان گرینگ بوو سەرچاوەکانی هێز و دینامیک بدۆزنەوە جا لە سەرچاوەی هونەریەوە بێ یان زانستیی. لەبەرئەوە جگە لە کوبیزم و دیڤیزیۆنیزم وەک دوو سەرچاوەی هونەری، ئەوان سوودێکی یەکجار گەورەیان لە هەندێ ئەزموونی زانستی و تەکنیکی بواری فۆتۆگرافی و فیزیۆلۆگیدا وەرگرت، بەتایبەتی لە جۆری کارکردنی هەردوو فیزیۆلۆگی ئەمەریکی ئیدوارد مایبرید (Eadweard Muybridge ١٨٣٠-١٩٠٤) و فەرەنسی ئێتیەن - ژول ماری وەرگرت. Etienn- Jules Marey.

ئەم دوو زانایا تەجرەبەکانی خۆیان لە بواری تەکنیکی فۆتۆگرافدا لە کۆتایی سەدەی

نۆزده ئاشکرا کرد. سەرەنجام لەو کاتەوە کەوتنە بەرچاوی هونەرمەندانی شێوەکاری داهاتووگەری بەتایبەتی جیاکۆمۆ باللا Giacomo Balla و ئومبەرتۆ بۆچیۆنی Umberto Boccioni کە ڕاستەوخۆ لە کارە هونەرییەکانیاندا بەکاریان هێنا.

ئەم دوو زانایە لە بوارێکدا کاریان دەکرد کە تەواو لەگەڵ ناوەڕۆک و ئامانجی داهاتووگەری ئیتاڵی دەگونجا، وەک بواری تەکنیک و جووڵانەوە.(مایبرید) بۆ نیشاندانی خەسڵەتە جۆربەجۆرەکانی جووڵانەوە چەند کامیرایەکی بەکارهێنا بۆ وێنەکردنی جووڵانەوەیەک، لە کاتێکدا (ماری) وێنەی ژمارەیەک لە جووڵانەوەی لەسەریەک فیلم وێنە کرد.

ماری لە تەمەنی (٦٤)ساڵیدا ئەنجامی تەجرەبەکانی خۆی لەژێر ناونیشانی جووڵانەوە (Le mouvement) بڵاوکردەوە کە پاشان بەکرۆنۆفۆتۆگرافی بەناوبانگ بوو. (Chronoftografie)، لەوکاتەوە (١٨٩٤) بەیارمەتی فۆتۆگرافی شیکاری (ماری) دەتوانرا جووڵانەوە بەوێنەی فۆتۆگرافی نیشان بدرێ کە ڕێککەوتی هەمان ئەوکاتەی دەکرد کە (هنری برگسۆن)یش سەرقاڵی چەمکی جووڵانەوە بوو، وەکو ناوەڕۆکی ژیان لەبواری فەلسەفەدا.(بڕوانە Uwe M. schneede)

بە ڕای ئۆڤەشنێرە هونەرمەندانی داهاتووگەری ئیتاڵی نەدەگەیشتنە ئەو ڕوانینەی بڵێن (ئەسپێک لەکاتی ڕاکردندا نەک چوار پێ، بەڵکو لەچاوی ئێمەدا بیست پێی هەیە) ئەگەر لەوەپێش بەکارە کرۆنۆفوتۆگرافیاکانی ماری ئاشنا نەبووبێتن.

وەکو ڕەنگیش هونەرمەندانی داهاتووگەری ئیتاڵی بۆ نیشاندانی دینامیک لە کارەکانیاندا ڕەنگی بەهێز و کراوەیان بەکاردەهێنا، وەک: سوور و زەرد و پرتەقاڵی و بەتایبەتی ڕەنگی سوور، لەبەر ئەو هێزەی کە لەو ڕەنگەدایە. لەمەدا فوتوریستەکان (داهاتووگەری) لەگەڵ کۆمونیزمدا یەک بوون وێڕای ئەو جیاوازییە گەورەیەی نێوانیاندا وەک ناوەڕۆک.

کاتی کە مارینێتی دەڵێت «ئێمە سووربن و سوورمان خۆش دەوێت» تەواو جیایە لەو مەبەستەی کە کۆمونیستێ وا بڵێ، ئەو و داهاتووگەرییەکان مەبەستیان لەو هەستە دینامیکییە بوو کە لە ڕەنگی سوور دایە، بەڵام لای کۆمونیستەکان سوور بووبوو بەڕەمز.

گشت هونەرمەندانی شێوەکاری داهاتووگەری لەوەدا یەک دەگرنەوە کە کارەکانیان دینامیکی بێ بەڵام لە شێوە و جۆری دروستکردنی دینامیک لە کارەکانیاندا جیابوون.



## دینامیک لای ئومبەرتۆ بۆچیۆنی


ئومبەرتۆ بۆچیۆنی (١٨٨٢-١٩١٦) لە گشت هونەرمەندە فوتوریستەکانی دیکە بەهەڵپە و گەرموگوڕتر بوو بۆ کارکردن لە فوتوریزمدا، لە هەموویشیان زیاتر لە مارینێتییەوە نزیک بوو، لەپاڵ تابلۆ و پەیکەرە فوتوریزمەکانیدا خاوەنی زۆربەی لایەنە تیۆریەکانی فوتوریزم بوو بەڕادەیەک کە دەکرێ بۆچیۆنی بەخاوەنی سەرەکی لایەنە تیۆریەکانی فوتوریزم لە هونەری شێوەکاریدا لەقەڵەم بدەین.

زۆربەی تیۆریەکانی بۆچیۆنی دەربارەی دینامیک و جووڵانەوە و ڕۆڵی شعور و سروشتن لە کاری هونەری شێوەکاری، لەبەر ئەوە بۆچیۆنی ڕەهەندێکی قووڵتر و بەرفراوانتری لە فۆتۆریزمدا هەیە. بۆچیۆنی لە تیۆریەکانیدا کاری بۆ نوێکردنەوەی تەئویلکردنی سروشت دەکرد وەک بەشێک لە نوێکردنەوەی پەیوەندی کارەکانی بەسروشتەوە، لەو بوارەوە دەڵێت: «ئێمە بەجۆرێ تەئویلی سروشت دەکەین کە لەسەر قوماشی ڕەسم کردنەکە هێڵەکان وەکو سەرەتایەک بۆ ئیقاعەکانی سروشت دەربکەون» (بڕوانە Maurizo Cal- vesi)

ئەم نووسینانەی بۆچیۆنی دەکرێ وەکو بەشێک لە پەیوەندیی فوتوریزم بەیەکێ لە سەرچاوەکانی تەماشابکرێ کە ئەمپرێسیۆنیزمە.

دەربارەی خاڵی لەیەک چوون و جیاوازی فوتوریزم لەگەڵ کوبیزمیدا بۆچیۆنی کۆمەڵێ نوسینی هەیە کەپشت بەڕوانینە فەلسەفییەکانی برگسۆن دەبەستێ لەمەڕ بۆچوونەکانی دەربارەی شعور و دینامیک و سروشت کەهەمووی لە کتێبێکدا کۆکردەوە بەناوی حاڵەتەکانی عەقڵ States of mind (هەمان سەرچاوە)

بۆچیۆنی هاوتایەکی لە نێوان کاری تیۆری و تابلۆ و پەیکەری فوتوریزمدا پێک هێنابوو. تابلۆکانی پێش ئەوەی لە ئەمپرێسیۆنیزمەوە بگۆردرێن بۆ فوتوریزم ماوەیەک تەجرید بوون، هەروەها پەیکەرەکانیشی لە سەرچاوەیەکی ئیمپرسیونیزمەوە هاتبوون، پێش ئەوەی ببن بەپەیکەری فۆتۆریزم ماوەیک لەژێر کاریگەری پەیکەری ئەمپرێسیۆنیزمدا بوون، بەتایبەتی پەیکەرە ئەمپرێسیۆنیزمەکانی داردۆ ڕۆسۆ «Dardo Rosso». ساڵی ١٩١٢ ساڵێکی وەرچەرخان بوو لە پەیکەری بۆچیۆنیدا بەرەو تەواو فوتوریزم کاتێ کە پەیکەرێکی لە چەشنی شووشە بەبرۆنز دروست کرد کە لە حاڵەتی




بۆچیۆنی. گەشەکردنی شووشەیەک لەناو فەزا ١٩٢٠

گەشەکردن و جووڵانەوەدا دەبینرێ. بۆچیۆنی ئەم حاڵەتانەی تەنیا بەمامەڵەکردن لەگەڵ شێوە و مەجالدا پێک هێنابوو، وەکی دی پەیکەرەکە بەهیچ دینەمۆیەک یان بەماتۆڕێکەوە نەبەسترابۆوە بۆ ئەوەی بیجووڵێنێتەوە. ناوی ئەم کارەی نابوو گەشەکردنی شووشەیەک لەناو مەجالدا. .Development of a Bottle in space ساڵێ پاش تەواوکردنی ئەو پەیکەرە بۆچیۆنی بەهەمان شێواز و لەسەر هەمان پرەنسیپ پەیکەرێکی دیکەیشی دروست کردکە بەبەناوبانگترین کاری بۆچیۆنی دەناسرێت، لە هەمان کاتدا چاکترین نموونەیە بۆ پەیکەری فوتوریزم لە بەرامبەر تابلۆکەی جیاکۆمۆ باللا «ڕۆیشتنی سەگێک لە تەنیشت خاوەنەکەیدا». بۆچیۆنی ناوی ئەم پەیکەرە نوێیەی نابوو بەردەوامی شێوەیەک لەناو فەراغدا Unique forms of a continuity in space.

بۆچیۆنی ئەم کارەی لە شێوەی مرۆڤێکی میکانیکی لە حالەتی هەڵپە و هەنگاوناندا بەبرۆنز دروست کردبووکەبە تەواوی بیرۆکەی خێرایی و دینامیکی بەرجەستە دەکرد و دەگەیشتە شێوازێ لە پەیکەر کە خۆی ناوی نابوو «پەیکەری جووڵاوە» یا شێوازی جووڵاوە (الاسلوب المتحرک).

ئەمەش بەکارکردن و دەسکاریکردنی بنەماکانی کێشە سەرەکییەکانی هونەری پەیکەر بوو، بێجگەلەمەش بووە هەنگاوێکی گرینگ بۆ داڕشتنی بنەماکانی پەیکەری نوێ،





بۆچیۆنی.بەردەوامیەک لەناو فەزادا ١٩١٣

هونەری پەیکەرتاشیشی لە پێوانە ئەکادیمیەکان ڕزگار کرد و پەیوەندی لەگەڵ سروشتدا تەواو پچڕاند، ئەمەش زیاتر بەهۆی چالاککردنی (خود) بوو لەکاری هونەریدا کە ناوەڕۆکی فەلسەفی بۆچیۆنی لە کاری هونەری پیشاندەدا، واتە بەبابەتکردنی خود. (بڕوانە Maurizo Cal-vesi)

پرسیاری بۆچیۆنی ئەوەبوو: «بۆچی هونەری پەیکەر پابەندی یاسا ئەکادیمیەکان بێ و بەدواکەوتوویی بمێنێتەوە؟»

ئەم پرسیارە بۆچیۆنی بەرەو شکاندنی یاسا ئەکادیمییەکان برد لە هونەری پەیکەرتاشیدا، بەرەو شێوەیەک لە کارکردن بردی کە ئەنجامەکەی دروستکردنی پەیکەری داهاتووگەری (پەیکەری جووڵاوە)بوو، هەر خۆشی خاوەنی لایەنە تیۆریەکەی بوو.

ئەو بەلایەوە گرینگ بوو سنووری هونەرەکەی تێکەڵاوی بەشەکانی هونەر و ئەدەب و موزیک بکا لە پێناوی زیاتر ئازادکردنی فیگەر و قووڵکردنەوەو بەرفراوانکردنەوەی ڕەهەندەکانی پەیکەرتاشی. لە هەمان کاتدا بەهەنگاوێک بوو بۆ شکاندنی ترس لەو یاسایانەی کە ساڵەهای ساڵبوو پەیکەری بەندکربوو، سنووری لە پێش کرانەوە و پێشکەوتنی دانابوو. خۆی لەم بارەیەوە دەڵێت: «بۆ هونەرمەند هیچ ترسێ ئەوەندە کوشندە نییە وەک ئەو ترسەی کە نەهێڵێ هونەری شێوەکاری لەگەڵ بەشەکانی دیکەی هونەر وەکو موزیک، شیعر، هتد... تێکەڵاوبن»، ئەو گۆتە و بۆدلێر و بەلزاک و شۆپنهاوەر و نیتشە زۆر دەخوێندەوە، کە نەک هەر لەسەر بۆچیۆنی بەڵکو کاریگەریان لەسەر زۆربەی هونەرمەندە تازەگەرەکانی ئەوسەردەمە هەبوو.

لە حاڵەتی ڕەسمی داهاتووگەریدا ئەویش وەکو هونەرمەندانی داهاتووگەری ڕەنگی سوور و ڕەنگەکراوەکانی بەکاردەهێنا، بەڵام بڕوای وابوو کە تەنیا پارچە پارچەکردنی

ڕەنگ بەس نییە بۆ نیشاندانی دینامیک، بەڵکو ئەم نیشاندانە بەڕای بۆچیۆنی پێویستی بەگەڕانە بەدوای شێوە بنەڕەتییەکاندا کە لەناو فەراغدا بوونیان هەیە، خۆی لەم بارەیەوە دەڵێت: «تێکدانی تکوین (انشـاء - دارِشتن) نرخـێکی باشی هەیە بۆ نیـشـاندانی جووڵانەوە، لەبەرئەوەی هێڵـەکان تێکوپێک دەدات، بەڵام ئەمـە هەمـوو شتـێک نییـە بۆ نیشاندانی دینامیک لە ڕوانگەی هونەرمەندێکی داهاتووگەرییەوە».

بەڕای بۆچیۆنی دینامیک کاتێ لە کاری هونەریدا دروست دەبێ کە هونەرمەند بتوانێ لە کارە هونەریەکەیدا مامەڵە لەگەڵ هەر سێ ڕەهەندەکان بکا: (پانی- درێژی- بەرزی)، ئەمەش لە تابلۆدا ئەنجام نایەت، بەڵکو تەنیا لەکاری سێ ڕەهەندیدا وەک پەیکەر و کاری پلاستیکی. بۆیە دینامیک لە هونەری ئومبەرتۆ بۆچیۆنی بەڕادەی سەرەکی لە پەیکەر و کارە پلاستیکییەکانیدا هەستی پێ دەکرێ وەکو لە تابلۆ و هێڵکارییەکانی کەتیایاندا جەختی لەسەر مەجال (فەراغ) و قەبارە و قورسایی و دەکردەوە بۆ بەرجەستەکردنی دینامیک، بەپێچەوانەوە تابلۆ ئەستەمە بەکار بهێنرێ.

هونەرمەند بەهێزی خەیاڵ دەتوانێ لە تابلۆدا قورسایی و بەرزی و قووڵی دروست بکات، بەڵام لەبەرئەوەی تەنیا بەهێزی وێنا کێشراون ئەو توانایەیان نییە دینامیک بەو ئەندازەی کە هونەرمەند مامەڵە لەگەڵ قەبارە و بەرزاییەک بکا کە لەناو فەراغێک دابێ دروستی بکە، لەم حاڵەتەدا بەرزی و قەبارە و قورسایی و فەراغ بوونێکی واقیعییان دەبێ و کاری کوشندەتر دەکەنە سەر بینەر، لەلایەکی دیکەیشەوە هونەرمەندەکە مەجالی زیاتری دەبێ ئەو مەتریالانەی مامەڵەیان لەگەڵ دەکات تەنیا ڕەنگ و هێڵ و تۆنەکانیان نین بەڵکو مەتریال و مەجالیشە.

بۆچیۆنی ئەوەندە چەشەی بەجووڵانەوە و دینامیک دەهات تا ئەو ڕادەیەی کە وەکو ناونیشانیش بۆ زۆربەی کارەکانی بەکاریانی دەهێنا وەک: (سەنتێتیزمی دینامیکی مرۆڤ)، (دینامیکی جەستەی مرۆڤ)، (دینامیکی پاسکیل سوارێک). (دینامیکی یاریکەرێکی تۆپ تۆپێن)... هتد.

ئەو ئازادییەکی زۆری دەبینی لە سەرقاڵی قووڵبوونەوەیدا لە پرەنسیپەکانی داهاتووگەری، وەک: خۆنەبەستنەوە بەبەکارهێنانی تەنیا یەک مەتریال، بەڵکو هەر مەتریالێکی دیکەش بەو مەرجەی کە لەگەڵ سەرجەم ئەتمۆسفیری کارەکەدا بگونجی و یارمەتیدەر بێ بۆ نیشاندانی هەستی جووڵانەوە و دینامیک ئەو بەکاری دەهێنا، بۆیە ئەو



هەندێ جار شووشە و دار و قژ و بەردیشی بەکارە هونەریەکەیەوە دەلکاند.

بۆچیۆنی ئەوەندە داهاتووگەرێکی توندڕەو بوو تەنیا مەیلی بەلای ئەو هونەرانەوە دەچوو کە هەستی جووڵانەوە و دینامیکی پێ دەبەخشین، وەک: کارە کوبیزمەکانی پیکاسۆ و براک. حەزی لەهونەری ئەفریقایی نەدەکردو لای سەیر بوو ژمارەیەک لە هونەرمەندانی مۆدێرنە سەرقاڵی ئەو هونەرەن. لەلایەکەوە پەیکەرە کوبیزمەکانی پیکاسۆی خۆش دەویست و سوودێکی گەورەی لە پەیکەری جووڵاوە وەردەگرت، و لەلایەکی دیکەوە حەزی لەو سەرچاوە نە دەکرد کە پیکاسۆ ئەو پەیکەرانەی لێوە دروست کردوو. ئەو تەنیا خۆشیی بەو ئەنجامە دەهات کە پیکاسۆ پێی گەیشتووە، ئەمەش زیاتر لایەنە هەرە ئیتاڵی و ئەوروپییەکەی بۆچیۆنی نیشان دەدات کە چەند بەقووڵی داهاتووگەرە و بڕوای بەمۆدێرنە و تەکنیک و ژیانی شارستانی خۆرئاوا هەبووە، وەک بڕوای بەئاینێک وابێ ئەو هەمیشە دەیگوت: «من داهاتووگەرم لەبەرئەوەی داهاتووگەری مانای ئازادی تەواو دەگەینێ، مانای ڕزگاربوون لە قەبرستانی مێژوو دەگەینێ... داهاتووگەری مانای ڕێگای تەواو بۆ داهاتوو، (بەڵێ)یەکی تەواوە بۆ ژیانی مۆدێرن». (بڕوانە Uwe M. schneede).

ئومبەرتۆ بۆچیۆنی وەکو هاوڕێ فوتوریستەکانی مانیفێستی خۆی دەرهێنا، کە تایبەت بوو بەپەیکەر و گرینگییەکی گەورەی هەبوو بۆ پەیکەری جووڵاوە.


ئەو جگە لە کاری هونەری وەکو کەسایەتیش داهاتووگەربوو، لە جەنگی جیهانی یەکەمدا بەشداری کرد و برینداریش کرا، دواتر مردنەکەشی هەر داهاتووگەریانە بوو، کە لەکاتی ئەسپ سواریدا و لە گەرمەی غارداندا بەر دەبێتەوە و دەمرێ.

## دینامیک لای جینۆ سەڤەرینی

جینۆ سەڤەرینی (Gino Severinie – ١٨٨٣-١٩٦٦) ڕەسام بوو، ئەوەندە حەزی لەکاری هونەری پەیکەر و پلاستیک نەدەکرد، دەیەویست دینامیک لە ڕەنگ و شێوە و پەیوەندییەکانیدا نیشان بدات. ئەویش وەکو برادەرە داهاتووگەریەکانی بەقۆناغی کوبیزم و ئەمپرێسیۆنیزمدا تێپەڕی. لە سەرەتادا کاریگەری ئەمپرێسیۆنیزمی نوێی لەسەر بوو. (سۆبرە و سنیاک) پاشان ڕووەو کوبیزم ڕۆیشت. بەم جۆرە سەڤەرینی بەگشت پرەنیسیپەکانی لەت لەتکردنی شێوە و پارچەپارچەکردنی ڕەنگ تێپەڕی، جینۆ سەڤەرینی لەساڵی ١٩٠٦ بەدواوە ژیانی لە پاریس بەسەر دەبرد و خۆشیەکی زۆری بەژیانی شەوانی

پاریس دەهات کە لە کارەکانیدا ڕاستەوخۆ ڕەنگی داوەتەوە، بەتایبەتی لە بابەتی سەماکانیدا.

سەڤەرینی وەکو بۆچیۆنی داهاتووگەرێکی توندڕەو نەبوو، بەڵکو بڕوای تەواوی بەپرەنسیپەکانی داهاتووگەری و ناوەڕۆکی مانیفێستەکەی مارینێتی هەبوو و تەواو دژ بەو حاڵەتەی ئیتاڵیا بوو کە لە سەدەی نۆزدە تیای دەژیا و دەیەویست بەشدار بێ لە گۆڕانکاری وڵاتەکەی، لەلایەکی دیکەوە حەزی لە توندڕەوی و شەڕانگێزی و جەنگ و هەمیشە ژیان لە خەتەر نەدەکرد، ئەو لە هەستی ناسک و ڕۆمانسییەتەوە نزیک بوو، دەیەویست بەپەلە ڕەنگی خێرا و شێوەی لەت لەتکراو جووڵانەوە و دینامیک لە تابلۆکانیدا نیشان بدات، لەلایەکی دیکەوە بەڕەنگی کراوە وێنەی دیمەنی سەمای دەکرد و دەیەویست وەکو هونەرمەندی سۆز بمێنێتەوە. نەیدەویست ئەوەندە مارینێتی دەستکاری ناوەڕۆکی کارەکانی بکا، دەیەویست خۆی چۆنی دەوێ بەوجۆرە داهاتووگەربێ، لە کاتێکدا داهاتووگەرەکان سیمبۆلیزمیان ڕەت دەکردەوە، ئەو هێشتا لەژێر کاریگەری شیعرەکانی مالارمێ، و ئەدگار ئالان پۆ و بۆدلێر دابوو. بەڵام سنووری ئاشکرای لە نێوان کاری شێوەکاری و ئەدەبی دادەنا و نەیدەهێشت ئەوەندە ئەدەب تێکەڵاو بەتابلۆکانی بێ.


سەڤەرینی. بڵاوبوونەوەی تیشک ١٩١٤

ئەگەر باس لە جووڵانەوە و دینامیک لای سەڤەرینی بکەین ئەوە پێویست بەگەڕانەوە دەکات بۆ بابەتی سەماکانی، کە تەواو جیابوون لەوانەی ئیدگار دۆگا و لۆترێک، چونکە لای سەڤەرینی مەبەست تەنیا نیشاندانی سەما نەبوو، بەڵکو لە نیشاندانی جووڵانەوە و دینامیک بوو نەک تەنیا لە وێنەی ئافرەتەکاندا، بەڵکو لە جۆری بەکارهێنانی ڕەنگ و شێوەکانی بۆ جەستەی ئافرەتە سەماکەرەکانی کە یەکجار لەژێر کاریگەری دیڤیزیۆنیزمی سۆیرە و سنیاکدا بوون.

لە ساڵی ١٩٠٩ بۆ ١٩١٦ لەژێر



کۆمەڵێ کاریگەری وەکو دیڤیزیۆنیزم و ژیانی خۆی لە پاریس و سوود وەرگرتنێکی گەورە لە تەجرەبەکانی مایبرید (E. Muybride)، ژمارەیەک تابلۆی دروست کرد کە تیایاندا ڕەنگی سوور و زەرد و شین و پرتەقاڵی بەکارهێنابوو بۆ نیشاندانی هەستی جوانی و جووڵانەوە و دینامیک لەکاتی سەمادا، نزیکایەتی هەستی مرۆڤ بەتایبەتی ئافرەت لەو ڕەنگانە لەکاتی سەماکردندا. وەکوتر ئەویش تەنیا بەکاری پراکتیکی قایل نەبوو. وێڕای ڕەسم کردن کۆمەڵێ تیۆری دەربارەی شێوە و جۆری لە یەکچوونەکانی دینامیک نووسی. لە بابەتە هەرە گرینگەکانی دەربارەی شێوە کتێبێک بوو لەژێر ناونیشانی «لە کوبیزمەوە بۆ کلاسیزم» کە نزیک بوو لە بۆچوونەکانی ئەلبیرت گلیز لە کوبیزمدا.

سەڤەرینی لە ساڵی ١٩١٣ مانیفێستەکەی خۆی لەژێر ناونیشانی «وێنە لە یەکچوونەکانی دینامیک» بڵاوکردەوە کەتیایدا ئەوەندە لە (بۆچیۆنی)یەوە نزیک بوو بەتایبەتی لەمەسەلەی «بەبابەتکردنی خود»، ئەوەندە لە (مارینێتی)یەوە نزیک نەبوو. (بڕوانە Hanson Anne coffin).

## دینامیک لای کارلۆ کارا

لە ئیشکردنی (کارلۆ کارا)دا Carlo carra – ١٨٨١– ١٩٦٦ ئەوەمان بۆ ئاشکرا دەبێ کە هونەرمەندانی داهاتووگەری چەند کار و کارتێکردنیان بەسەر یەکەوە هەبووە، تا ئەو ڕادەی ئەستەمە بەهێڵێکی ڕاست و دیاریکراو جۆری کارکردنی (کارا) لە بۆچیۆنی و سەڤەرینی جیاکەینەوە. چەند بۆچیۆنی و سەڤەرینی کاریان کردووەتە سەر جۆری کارکردنی کارلۆکارا، ئەوەندەش ئەو کاری کردۆتە سەر ئیشەکانی ئەوان، بەتایبەتی لە بەکارهێنانی (هێزی هێڵەکان) وەک فاکتەرێکی گرینگ بۆ نیشاندانی دینامیک.

کارەکانی کارلۆکارا وەکو تابلۆکانی سەڤەرینی درێژەکراوەی ئەمپرێسیۆنیزمە لەناو کوبیزمدا، هەر بۆیەشە لەهەمان کات وەکو کوبیزمی ئیتاڵی دەبینرێن. دینامیک لە کارەکانی کارادا ڕێ وپێکی لە ئەمپرێسیۆنیزمی نوێ بەتایبەت دیڤیزیۆنیزمی سۆیرە و سنیاک و تابلۆکانی سیزان دایە کە هەر بەرەو ڕووەو کوبیزم چوو (بڕوانە M.Calvesi)

کارلۆکارا جگە لە سوود وەرگرتنێکی گەورە لە ئەزموونەکانی ماری وەکو هاوڕێ داهاتووگەریەکانی، ئەو زیاتر لە دوو ئاراستەدا کاری دەکرد: یەکەمیان کارکردن بۆ تواندنەوەی بینەر لەگەڵ کارە هونەریەکەدا کە لەوەپێش سەڤەرینی هەنگاوی گەورەی بۆ نابوو، کارلۆکارا بەپاڵپستی تیۆریەکانی بۆچۆنی لە چۆنێتی بەکارهێنانی هێڵەکان ئەم

بیرۆکەی گەشەپێدا (هێڵی تەریبی و شاقوولی و ئەوانی نێوانیان) کە چۆن دینامیکیان لێ دروست دەکرێ، پاشان گرێدانی بینەر بەکارە هونەریەکەوە یاخود بینەر و کارە هونەریەکە بەیەکەوە لە پێکهێنانی جوولانەوە و دینامیکدا بەشدار بن کە بەبێ (هێزی هێڵەکان) دروست نەدەبوو.

کارا لەم بابەتەدا پشتی بەنووسینەکانی بۆچیۆنی بەستبوو و ئەویش (بۆچیۆنی) بۆ دروستکردنی ئەو تیۆریانە دەربارەی هێڵ و هێزەکانی سوودی لە هەندێ سەرچاوەی دیکە وەرگرتبوو، لەوانە تیۆریەکانی (هێزی هێڵەکان لای هنری فان دو فیلدا)(*). Henry van de velde هەندێ نووسینی دیکەی سنیاک دەربارەی هێڵ کە لە ساڵی ١٨٩٩دا نووسیویەتی، بۆ نموونە (دەستەڵاتی هێڵە تەریبیەکان هێمنی دەبەخشن) لە بواری ئاراستەکردنی هێزەکانی هێڵ بۆچیۆنی بۆ تیۆریەکانی «State of mind» وەکو هونەرمەندێکی داهاتووگەر لەسەر بنەمای بیرۆکەکانی مارینێتی کاری پێیان دەکرد کە دژ بەحاڵەتە نەفسییەکان بوو.

ئومبەرتۆ بۆچیۆنی لە تیۆریەکانیدا گرینگی بەسەر جیاکردنەوەی سیمبۆلە نەفسی و فیزیکییەکان دەدا. (بڕوانە Maurizo Calvesi).

بۆ نموونە جیاکردنەوەی هەستی غەم و پەژارە لە حاڵەتی ماڵ ئاواییدا بەچەند شێوەیەکی (عەقلانی - پلاستیکی) دەکرێ هێڵە شاقوڵییەکان لەگەڵ چەند هێلێکی بێ هێزدا شێوەی جەستەیەکی بەتاڵ نیشان بدەن بێ ئەوەی هەستی غەم و پەژارە دەربڕن. یاخود دەکرێ بەچەند هێڵێکی جۆراوجۆر ڕاست بن یان چەوت و چەوێڵ بەمەرجێ کە لەگەڵ یەکدیدا هەستی خێرایی نیشان بدەن. ئەم هێڵە خێرا و شپرزانە دیسانەوە دەتوانن هەستی (ماڵئاوایی) بەجیا لە غەم و پەژارە نیشان بدەن.

بۆچیۆنی دەربارەی هەست لەو ڕووەوە دەڵێ: «کاریگەری هەست لە حالەتی غەم و پەژارە یان خۆشی زیاتر لە نێوان زۆری یان کەمی وزەوە بەدیار دەکەوێ».

بۆچیۆنی وەکو هونەرمەندێکی داهاتووگەری توندڕەوە بەلایەوە گرینگ بوو سستی و غەم و پەژارە لە کارەکانی دوورخاتەوە، هەڵبەت بەنیشاندانی دینامیک لە پەیکەر و کارەپلاستیک و تابلۆکانیدا بەجۆرێک بتوانێ کار لەناو ڕووداوە ناخۆشەکانیش بکا بێ ئەوەی بینەر تووشی غەم و پەژارەبێ.

---

(*) چەمکی (هێزی هێڵەکان) دەگەڕێتەوە بۆ (هنری فان دو فیلدا).




کارلۆکارا ئەم (ئاراستە سایکۆلۆژیانە)ی بۆچیۆنی لە (هێزی هێڵەکان)دا بەکارهێنا نەک تەنیا بۆ پێکهێنانی دینامیک لە شێوەکانیدا بەڵکو وەکو دەربڕینێکیش بۆ حاڵەتە سایکۆفیزیکیەکان. (سایکۆلۆژی- فیزیکی) لە کاتێکدا بینەر بتوانێ بەشێوەیەکی پڕ مانا بیانهێنێتە سنووری ڕەهەندەکانی تابلۆوە کە پاشان کار دەکاتە سەر ڕەفتاری نوێی هەست لە گۆڕانی جێگای خود و بابەت لە کاری هونەریدا کە لای (کارا) بەڕادەی سەرەکی تابلۆ بوو. بەڵام قورسایی کارکردن لە گۆڕانی جێگای خود و بابەت لە کاری هونەری بۆچیۆنی زیاتر لە پەیکەر و کاری پلاستیکدا بوو. (هەمان سەرچاوە).

کارلۆکارا ئەم جێگۆڕەی خود و بابەتی پەرەپێدا (کەلەوەپێش سەڤەرینی شیکاری تیا کردبوو) بۆ تواندنەوەی بینەر لەگەڵ کارە هونەریەکەدا.

تەنیا (کارا) سوودی لە تیۆرییەکانی بۆچیۆنی و سەڤەرینی وەرنەگرت، ئەوانیش سوودێکی گەورەیان لە کار و تیۆریەکانی کارا وەرگرت، بەم جۆرە لە نێوان کارلۆکارا و جینۆ سەڤەرینی و ئومبەرتۆ بۆچیۆنیدا چەندین خاڵی لە یەکچوون و جیاوازی هەیە. لە یەکچوونەکانیان کارکردن بوو بۆ تواندنەوەی بینەر لەگەڵ کارە هونەرییەکەدا، جیاوازیەکەش ئەو حالەتە عەقلانییە پەتیەی بیرکردنەوە کارکردنی بۆچیۆنی بوو کە لە (کارا) و (سەڤەرینی) جیا دەکردەوە. کارلۆکارا لە مانیفێستەکەی خۆیدا کە لە ١٩١٣ بڵاوی کردەوە دەڵێ: «تیۆریەکانی بۆچیۆنی (State of mind) تێکەڵاوێکی ڕەهان (مطلق) بۆ وێنە هەروەها جەخت کردنەوەیە لەسەر یادگارییەکان).

ئەوەی خرابووە سەر کارکردن لە جوولانەوە و دینامیکدا لە هەمان کات جۆرێ بوو لە کارکردن بۆ تێپەڕبوونی تەواو لە ئەمپرێسیۆنیزم کە بووە هۆی نزیکبوونەوەی بۆچیۆنی لێی. لەبەرئەوەی بۆچیۆنی دەیەویست لەناو شعوردا ئەمپرێسیۆنیزم جێ بهێڵێ کە دەبوو جۆرێ لە بەسەردا بازدان، بەڵام لای کارا خەستی ژیان و ئاستی هوشیاری بوو کە دەیەویست دووبارە لە شێوەی بینین دروستیان بکاتەوە و پاشان بیانبەستێتەوە بەدۆزراوە زانستییەکانەوە (الاکتشافات العلمیە). (هەمان سەرچاوە).

گشت ئەم کار و تەجرەبانەی (کارلۆکارا) لە کاری هونەری شێوەکاری (داهاتووگەریدا) وەکو دروستکردنی جوولانەوە (تلقائیە) و دینامیک دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ماوە کارکردنەی ساڵانی ١٩١٠ بۆ ١٩١٤ کە کاریگەری سیزان و کوبیزم و دیڤیزیۆنیزم و برادەرایەتی پیکاسۆ و براک و ئەپۆلینیێر لەسەر کارەکانی دا هەبوو، ئەو کاریگەریە ئەوەندە گەورە بوو ڕێگای لە سیمبۆلیزم و کاریگەری زەخرەفە گرتبوو نەیەنە ناو کارەکانیەوە، لە کاتێکدا



کارلۆ کارا. ئەسپ سوارێکی سوور ١٩١٣

ئەوسەردەمە سیمبۆلیزم وزەخرەفە کاری زۆری پێ دەکرا.

جوولانەوە و دینامیک لە کارەکانی (کارا)دا خۆی لە سیستمێک دەبینێتەوە، سەرجەمی شێوەکانیشی جگە لە پانی و درێژی خەسڵەتی بەرزیشیان هەبوو، (یان قووڵی) بۆیە شێوەکانی کارا لە شێوەی بیناسازی دەبینران. کارا ئەو شێوانەی لە نێوان قەبارە و پڕی و بەتاڵایی و ڕووناکی و تاریکی هاوتاکردبوو کە هەستی سێ ڕەهەندی و مانایان دەبەخشی. ئەمەش فاکتەرێکی بنەڕەتیە لە کارکردنی تابلۆی داهاتووگەری (کارا)دا.(بڕوانە Gabriela mazzotta).

لەگەڵ ئەم هەوڵدانە عەقڵیانەی بۆچیۆنی بۆ بەستنەوەی دینامیک بەهەست و جوانیەوە (کارا) لە ١٩١٤ بەدواوە زیاتر کاری داهاتووگەری بەروح دەبەستەوە، لەم بارەیەوە (کارلۆکارا) و جینۆسەڤەرینی لە یەکەوە نزیک بوون. (کارا) تاکو دەهات هەستی بەبێزاری دەکرد لەو مامەڵە عەقڵانییە کە لەگەڵ شێوەی کاری داهاتووگەریی و دینامیکدا دەکرێ. ئەمەیش دووری دەخستەوە لە هەست و ڕۆح. ئیدی لە ١٩١٤ بەدواوە کەوتە قەیرانێکی ڕۆحیەوە لە نێوان پرەنسیپەکانی کاری داهاتووگەری و پێداویستەکانی ڕۆح سەری سوڕمابوو بەجۆری کە کاری کردبووە سەر دەروونی. سەرەنجام وردە وردە لە دونیای بۆچیۆنی مارینێتی دوور دەکەوتەوە. لەبەر ئەوە بۆخۆی کەوتە گەڕان بەدوای شێوەیەکدا کە لە هەست و جوانی ورۆمانسییەت و ڕۆحەوە نزیک بێ وەک لە دونیای مەکینە. ئەمەش



بوو کە زیاتر بەرەو نزیکبوونەوەی برد لە دونیای گیورگیودی کیریکۆ کە ئەویش لە هەمان ئەو سەردەمەدا بەدوای سەرچاوەکانی ڕۆحدا لە کاری هونەری دەگەڕا، ئەمە هۆیەکی گرینگ بوو بۆ یەکگرتنەوەی هەردوو هونەرمەند لە ڕەسم کردنی پیتورا میتافیزیکا. (بڕوانە لاپەڕە) (سوریالیزم).

کارلۆکارا بەدەستپێکردنی ڕەسمی میتافیزیکی لە دەوروبەری ١٩١٥- ١٩١٦ دوایی بەقۆناغی داهاتووگەری خۆی هێنا. ئەم وازهێنانەی کارا لە کاری هونەری داهاتووگەری و جیابوونەوە لە گرووپەکە، بەڕای زانایانی فوتوریزم بەئەندازەی مردنەکەی بۆچیۆنی بەتاڵایی لە فوتوریزم (داهاتووگەری) دروست کرد. ئیدی داهاتووگەری بۆ (کارا) بوو بەمێژوویەک کە کۆمەڵێ ئەزموونی گرینگی تیادا کرد بەتایبەتی لە بواری شێوە. کارا ئەوماوەیە جگە لە ڕەنگ و تاریکی و ڕووناکی و قەبارەو دەنگ و بۆنیشی لە شێوەکانی بەکاردەهێنا، تاڕادەیەک ناوی مانیفێستەکەیشی نابوو(مانیفێستی ئاژاوە و دەنگ و بۆن). ئەم گۆڕانەی کارا لە فوتوریزمەوە بۆ ڕەسم کردنی میتافیزیک وای لێکرد وەکو پردێک لە نێوان فوتوریزم و بیرۆکەی (پیتورامیتافیزیکا) ببینرێ. (بڕوانە Gabriela Mazzotta .usw). جیابوونەوەی (کارا) لە فوتوریزم لەبەر هۆی وشکی و بەتاڵایی ڕوح، چەند پرسیارێکی گرینگ لەسەر داهاتووگەری ئیتاڵی دروست دەکات بەتایبەتی لە بواری مانا و ناوەڕۆکی ئەو ڕێبازە هونەریەدا، ئەمەش بریتییە لە ئایا تەنیا کارکردن لە شێوە و مەتریال و مەجال هەمووشتێکە ئەوەی کارە هونەریەکە جوان و دینامیکی بێ؟

بێزاری و دوورکەوتنەوەی کارلۆکارا لە دونیای دینامیک و کارکردن لە شێوە و نزیکبوونەوەی کوتوپڕی لە دونیای ڕۆح، ئایا پێویستی ڕۆح لە کاری هونەریدا ناگەینێ؟ ئایا دەکرێ کاری هونەری بەبێ ڕۆح هەبێ؟

کارلۆکارا بۆ دۆزینەوەی ڕۆح لە کاری هونەریدا پەنای بۆ سەردەمەکانی چوارده و پانزه برد. (کواتر و چێنتو -١٤٠٠-١٥٠٠) ڕزگارکردنی ڕۆحی خۆی و هونەرەکەی لە هەڕەشەی مادە و تەکنیک. ئەو لەو بڕوایەدا بوو کە ڕۆحی ئەو سەردەمی هونەر (کواتر و چێنتو - سەدەکانی چواردەو پازدە) دەتوانێ کاری هونەری مودێرن زیندوو بکاتەوە. کۆتایی هێنانی کارلۆکارا شێوە و دینامیک نەک تەنیا بەتاڵایەکی گەورە بوو بۆ داهاتووگەریەکان بەڵکو ڕەددانەوەیەک بوو لە دژی دەستەڵاتی مادە و مەکینە و ڕۆحی شارستانی خۆرئاوا بەسەر ڕۆحدا کە (کارا) دیسانەوە ویستی بەسەرچاوەکانی ڕۆحی خۆرئاوا ڕزگاری بکات.

## دینامیک لای لویجی ڕوسۆلۆ

لویجی ڕوسۆلۆ Luigi Russolo –۱۸۸۵–۱۹٤۷ زیاتر هونەرمەندی موزیک بوو، لە گشت تابلۆ فوتوریزمەکانیدا بەدەردەکەوێ شێوەی هێڵ و ڕەنگ و تۆنەکانی لە چەشنی شەپۆلی دەنگ لەناو فەراغدا (مەجالدا) دەبینران.

ئەگەرچی لە میلانۆ لەگەڵ بۆچیۆنی و کارلۆکارادا بەیەکەوە کاریان بۆ هونەری داهاتووگەری دەکرد، بەڵام ڕوسۆلۆ لە گشتیان کەمتر سەرقاڵی کاری هونەری شێوەکاری بوو. ڕوسۆلۆ لە خێزانێکی موزیکیدا گەورەبووە و خۆیشی هونەری موزیکی خوێندووە، بەڵام بڕوای تەواوی بەو بزووتنەوەیە هەبوو کە ئیتاڵیا لە تەقالید و عەقڵی کۆن ڕزگار بکات و بەرەو مۆدێرن بیبات، ئەمەش بەرەوئەوەی برد بڕوای تەواوی بەمانیفێستەکەی (۱۹۰۹ /۲۰۲۰)ی مارینێتی هەبێ و ساڵێ پاشتر لەگەڵ بۆچیۆنی و کارلوکارا دا مانیفێستی ڕەسم کردنی داهاتووگەرییان نووسی. لە سەرەتادا وەکو بەیانێکی سیاسی دەستیان پێ کرد: «بۆ گشت هونەرمەندە گەنجە ئیتاڵیەکان... بانگەوازێ بۆ ڕزگارکردنی هونەری ئیتاڵیایی لە کۆنەپەرستی... هتد». (بڕوانە Giovanni Lista). لویجی ڕوسۆلۆ وەک هونەرمەندێکی شێوەکاری داهاتووگەر وەک هاوڕێکانی بەقۆناغی هونەری دیڤیزیۆنیزمدا تێپەڕی و پاشان کەوتە ژێر کاریگەری ئیدوارد مونشە و تا ڕادەیەکیش هونەرمەندی ئیتاڵی ڕۆمانی Romani کە کەمێک لە سیمبۆلیزمەوە نزیکیان کردەوە، بەڵام لە ۱۹۰۹ بەدواوە، بەتایبەتی لە ساڵی ۱۹۱۰دا کە لەگەڵ بۆچیۆنی و (کارا)دا مانیفێستی ڕەسم کردنی فوتوریزمیان بڵاوکردەوە ئیدی جوڵانەوە و خێرایی و دینامیک بوون بەفاکتەرە گرینگەکانی تابلۆکانی. ئەمەش تا ۱۹۱۲ درێژەی کێشا کە پێکهاتووی کارەکانی تەواو بەفوتوریزی بوون.

ڕوسۆلۆ هەمیشە پێیەکی لەناو موزیکدا بوو، پێیەکەی دیکەی لەناو هونەری شێوەکاری. بەمەش بایەخێکی گەورەی لە پەیوەندی نێوان موزیک و هونەری شێوەکاریدا لە چوارچێوەی فوتوریزمدا دۆزییەوە بەڕادەیەک کە بووە بەپردی نێوان هێڵ و ڕەنگ و دەنگ و تۆن.

دینامیک لە تابلۆکانی ڕوسۆلۆدا زیاتر لە (کارلۆکارا)وە نزیکە وەک لە برادەرە فوتوریستەکانی، لەوانەیشە ئەگەر سەڤەرینی لە میلانۆ بژیایە پەیوەندیەکی گەورە لە نێوانیاندا دروست ببوایە.




نزیکایەتی ڕوسۆلۆ لە (کارا) وە تا ئەو ڕادەیە بوو کە مانیفێستەکەیشی لێی نزیک بوو، هەڵبەت وێڕای ئەو جیاوازییە کە هینەکەی ڕوسۆلۆ تایبەت بوو بەموزیک و لەژێر ناونیشانی: «موزیکی خشەخش» بڵاوی کردەوە لە هەمان ئەو ساڵەی مانیفیستەکەی (کارا) ۱۹۱۳. و ئەم دووە ئەمەندە لە نزیک بوون کە هەندێ جار ئەوەی (کارا) بەمانیفێستی ڕوسۆلۆ دەناسرا. هەر بۆیەشە سەرچاوەکانی فوتوریزم هەندێ جار ناونیشانی مانیفێستەکەی (کارا) بە(ڕەسمکرنی دەنگ و خشەخش) دەنووسی، و هەندێ جار بەمانیفێستی «ئاژاوە و دەنگ و بۆن»، بەڵام لە گشت حالەکان ئەوەی ڕوسۆلۆ بەدڵنیاییەوە دەربارەی موزیک بوو لە هونەری فۆتۆریزمدا و کاریگەریەکی یەکجار گەورەی کردە سەر موزیک، نەک تەنیا لە سەردەمی خۆی، بەڵکو لە پاش خۆیشی (بڕوانە! Calves). لە تابلۆ بەناوبانگەکانی ماوەی فوتوریزمی ڕوسۆلۆدا، تابلۆی «دینامیکی سەیارەیەک» کە ساڵی ۱۹۲۲ بەڕەنگی زەیتی لەسەر قوماش دروستی کرد، هیچ شێوەیەکی ڕیالیستی سەیارەی تیا نییە، بەڵکو لە ناوەڕاستی تابلۆکەدا شێوەیەکی ئەبستراکتی بەڕەنگی شین و مۆر و سوور دروست کردووە و تۆنەکانیان بەئاشکرا کاریگەری کوبیزمیان لەسەرە. لە ئەندازیارکردنی پارچە پارچەکانی شێوە گشتییەکەی و بەیەکداچوونیدا لەگەڵ ڕەنگ و شێوەکانی دەوروبەرەکەی کە بەڕادەی سەرەکی لە سوور پێک هاتووە و شێوەکانی دەوروبەریشی دیسانەوە ئەندازیارین و بەجۆرێ دەرکەوتوون کە شێوە ڕەسمکراوەکەی ناوەڕاستی تابلۆکە بەتوندی پاڵیان پێوە دەنێ.

## دینامیک لە کارەکانی «جیاکۆمۆباللا»دا

لە کاتێکدا میلانۆمەڵبەندی داهاتووگەری جیاکۆمۆباللا Giacomo Balla –۱۸۷۱–۱۹۵۸ ژیانی لە ڕۆما بەسەر دەبرد، ئەمەش جیاوازی لە نێوان ئەو و هاوڕێ فوتوریستەکانیدا دروست کردبوو. بەڵام لە بنەماکانی فوتوریزم و کارکردن بۆ نیشاندانی دینامیک وەک ئامانجی کاری هونەری داهاتووگەری یەک بوون.

دینامیک لە تابلۆکانی «باللا»دا لە دوو سەرچاوەی سەرەکییەوە هاتوون؛ یەکێکیان دیڤیزیۆنیزمە و ئەوەی دی زانیارییە شیکارییەکانی کە لە فۆتۆگرافەوە وەری گرتووە.

«باللا» لە ساڵی ۱۹۰۰ بۆ چەند مانگێک ژیان لە پاریس بەسەردەبا، ئەمەش لە تابلۆی ئەمپرێسیۆنیزم بەتایبەتی ئیدگار دۆگا کە ماوەیەک دەکەوێتە ژێر کاریگەری ئەوەوە پاشان دیڤیزیۆنیزمی سۆیرە و سنیاک ئەمەیان کاریگەری ئەوەندە کوشندەدەبێ لەسەری تا



ماری. کرۆنۆ فۆتۆگراف ۱۸۸۳

پاش گەڕانەوەشی بۆ ئیتالیا تا ماوەیەک ئەم کاریگەرییە دەمێنێتەوەو وەک هۆیەکی سەرەکییە بۆ خۆشەویستی ئەو بۆ تیشک و کە یەکێ لە فاکتەرە هەرە گەورەکانە لە تابلۆی فوتوریزمی «جیاکۆمۆباللا»دا.

«جیاکۆ مۆباللا» وەکو هاوڕێ فوتوریستەکانی شارەزایی کرۆنۆ فۆتۆگرافی (مایبیرج و ماری) بووە، لەسەر ئەمەشەوە ئەو لە هونەرمەندە فۆتۆگرافیانە نزیک بووە کە لەو شارەی لێی لەدایک بووە ژیاون. گۆڤارێکی هونەری فۆتۆگرافیانەی بەناوی (تۆرێن) دەردەهێنا کە چاکترین هونەرمەندانی فۆتۆگرافی ئەو کاتەی لەخۆ کۆکردبووەوە وەک: ئۆگوست لومیەر Auguste Lumiere و نادار Nadar و ژمارەیەکی دیکەش. (بڕوانە Calvesi)

بەڵام لەهەمووی گرینگتر بۆ باللا لەمەڕ زانیارییە شیکاریەکان ئەو ئەزموونەی بوو کە لەگەڵ هەردوو فۆتۆگراف براجاجلیا Bragaglia و براکەی ئەرتۆرۆ Artoro بەیەکەوە لە شاری ڕۆما کردیان: پاشان ناوی «فۆتودینامیک»یان لێ نا.

لە ڕۆما، لە ساڵانی ۱۹۱۱ بۆ ۱۹۱۲ هەردوو برا «براجاجلیا» و ئەرتۆرۆ، بەیەکەوە هەندێ ئەزموونیان لەسەر فۆتۆگراف کرد، لە ساڵی ۱۹۱۲ بۆ ۱۹۱۳ براجاجلیا ئەنجامی ئەو ئەزموونەی لەژێر ناونیشانی «فوتۆدینامیکی فوتوریزم» ئاشکرا کرد.

جیاکۆمۆباللا لە نزیکەوە لەگەڵ ئەزموونەکانی ئەم دووبرایەدا دەژیا و کار و کارتێکردنیان بەسەر یەکەوە هەبوو. براجاجلیا لە گوتارێکدا دەربارەی کارە فۆتۆگرافیەکانی خۆی جەخت لەسەر توانا و بلیمەتی جیاکۆمۆ باللا دەکا لە بواری کارکردنیدا لە «جوولانەوە» لە نێوان ڕەنگ و تیشک و شێوەدا. ئەو «براجاجلیا» پێ لەوە دەنێ کە لە سەرەتای کارکردنیدا لە «فۆتۆدینامیک» لەژێر کاریگەری مانیفێستی ڕەسامە فوتوریستەکاندا بووە.



براجاجلیا وەکو «باللا» و بۆچیۆنی و سەڤەرینی و هونەرمەندە فوتوریستەکان فەلسەفەی «برگسۆن»ی کردبووە یەکێ لە سەرچاوە گرینگەکان بۆ کارکردنی لەسەر تیشک و جووڵانەوە و مەتریال و جەستەی شتە وێنەکراوەکان. ئەو ڕووناکی و جووڵانەوەی بۆ تێکشکاندنی مەتریال و جەستە وێنەکراوەکان بەکاردەهێنا.

لای ئەو گرینگ بوو بەتیشک و جووڵانەوە هەستی مەتریال لە کارە هونەریەکەدا نەهێڵی، ئەمە کە هەمان بیرۆکەی «جیاکۆمۆباللا»یش بوو:

لەمەش زیاتر هەردووکیان «براجاجلیا» و «باللا» زیاتر جەختیان لەسەر لایەنە زانیارییەکان دەکرد وەک سەرچاوە بۆ ڕۆح لە شێوەی تیۆسۆفی و ئایزوتیریک. ئەمەش یەکێکە لە جیاوازیەکان لە نێوان شێوە تەجریدیەکانی «باللا» و «موندریان». لای باللا و براجاجلیا زیاتر ئەو ڕێبازە فەلسەفی و زانیارییانەی کۆتایی سەدەی نۆزدەو سەرەتای سەدەی بیست کە هنری برگسۆن ڕۆڵێکی گەورەی تێیدا هەبوو، لەمەشدا لەگەڵ کوبیزم هاوبەشن. براجاجلیا گشت ئەمانەی لە گوتارێکدا لە ۱۹۱۰ بڵاوکردۆتەوە کە «ڕۆح» بۆ ئەوان چەند گرینگە، ناوی گوتارەکەیشی ناوە «گۆڕان لە شێوەوە بۆ ڕۆح» براجاجلیا لەگەڵ جیاکوموباللادا تەواو یەکبوون بەڕادەیەک کە «باللا» لە ساڵی ۱۹۱۸ کۆمەڵێ بەرهەمی دروست کرد هەمان ئەو ناونیشانەی براجلیای «گۆڕان لە شێوەوە بۆ ڕۆح» بۆ دانابوو. (هەمان سەرچاوە)

بەم جۆرە «فوتودینامیک» وەکو جۆرێکی نوێ لە مامەڵە لەگەڵ فوتوگرافدا تەواو بەجیهانی هونەری ئاشنا بوو. پاش براجاجلیا هونەرمەندانی دیکە کاریان تێدا کرد و گەشەیان پێی دا و بووە ڕێبازێک لە فۆتۆگراف کە بەهۆیەوە ناوەوەی شتە وێنەکراوەکانیش نیشان دەدرا.

«جیاکۆمۆباللا» یەکێ بوو لە سوود وەرگرە گەورەکان لەم ئەزموونانەی براجاجلیا و ئەرتۆرۆ و کرۆنوفۆتۆگرافی و دیڤیزیۆنیزمدا کەبوون بەزانیاری و میتودی گرینگ لە تابلۆی فۆتۆریزمی «باللا»دا. ئەمەش بەئاشکرا لە تابلۆ بەناوبانگەکەیدا «دینامیکی ڕویشتنی سەگێک بەپەتەکەیەوە»(*) کە «باللا» لە ساڵی ۱۹۱۲ بەبۆیەی زەیتی لەسەر کانفاز «قوماش» دروستی کردووە، تیایدا گشت زانیاریەکانی خۆی دەربارەی زانستی شیکاری و ئەنجامی ئەزموونەکانی لە «فۆتۆدینامیک» بەکارهێناوە، وەک: دووپاتکردنەوەی ڕەسم

(*) لەهەندێ سەرچاوەدا بەناونیشانی «ڕۆیشتنی سەگێک لە تەنیشتی خاوەنەکەیەوە» هاتووە.

کردنی شێوەی پێ و کلکی سەگەکە، هەروەها ئەو زنجیرەی کە بەدەستی خاوەنەکەیەوە لەگەڵ دووپاتکردنەوەی ڕەسم کردنەوەی پێی خاوەنەکەی بەهەمان جەشن پێی سەگەکە لە تەنیشت یەکدا بۆ نیشاندانی جووڵانەوە و ڕۆیشتنی هەردووکیان سەگەکە و خاوەنەکەی لە تەنیشت یەکدا. ئەم تابلۆیە لە کۆمەڵێ ڕووەوە ئەوەندە لە فۆتۆگرافەوە نزیکە لە هونەری ڕەسم کردنەوە نزیک نییە، نەک تەنیا لە «ئیختزال» کردنەوەی ڕەنگەکان بۆ شین و ڕەش، بەڵکو لەلایەنی «دارِشتن» و شەوە (پێکهاتووە) وا دانراوە چاوی فۆتۆگرافەوە گیردرابێ.

ژیان و کاردکردنی «باللا» و براجاجلیا لە شاری ڕۆما هۆکارێکی گرینگ بوو بۆ لەیەک نزیک بوونەوەیان و کار و کارتێکردنیان بەسەر یەکدیەوە، ئەم هەلە بۆ بۆچیۆنی و هاورِێکانی لە میلانۆ نەرِەخسابوو. ئەوان زیاتر کرۆنوفۆتۆگرافی کاری تێیان کردبوو. بۆچیۆنی سەرەرِای دووری لە «ڕۆما» کەچی بەفۆتۆدینامیکی براجاجلیائاشنا بوو بەڵام بەتوندی دژی بوو، لە نامەیەکدا بۆ برادەرێکی لە ساڵی ١٩١٣ دەنووسێ: «بەناوی برادەرایەتی فوتوریزمەوە بۆت دەنووسم و ڕای خۆمت پێ دەڵێم کە لە گشت فوتودینامیکیەکانی براجاجلیا دوورکەویتەوە، لەبەرئەوەی گشت هیواکانی ئێمە لە پێناوی جووڵانەوە تێک دەدات».


بەڵام بۆ «جیاکۆمۆباللا» فۆتۆدینامیک زانیاری و مێتودێکی نوێ و کاریگەر بوو بۆ شیکردنەوەی شێوە و ڕەنگەکان لە پاڵ مێتودی دیڤیزیۆنیزم.

ڕەسم کردنی «جیاکۆمۆباللا» خۆ گونجاندن نەبوو لەگەڵ کوبیزم، کارکردنیش نەبوو لە پێناوی نەهێشتنی فیگەر لە تابلۆدا، بەڵکو هێشتنەوەی شێوە دینامیکیەکان بوو لە قۆناغی تەجریددا. بۆیە تابلۆی فوتوریزمی «باللا» لە هەمان کاتیشدا بابەتێکی گرینگە بۆ خودی تەجرید. ئەو لە دەفتەری تێبینیەکانی نووسیویە: «ڕەسم کردنی فوتوریزم لە گشت لایەکەوە وەستان دەشکێنێ و خۆی لە ئاژاوەیەکی توندوتیژدا دەبینێتەوە لەگەڵ دینامیکی گەردوونیدا. ئەنجام تەنیا جووڵانەوە نییە لەگەڵ بابەتێکی شیکاریدا، بەڵکو لە ئاشتبوونەوەیەکی سەختە لەگەڵ شێوە تەجریدێکی نوێ وەک گەیشتن بەئاستێک لە گەڕانێکی گەورە لەناو شتەکانی ناوەوە».

ئەمەش بەڕای «جیۆڤانی لیستە» کارێکە زیاتر خۆی لە ئیشکالیەتی شێوەدا دەبینێتەوە کە لە چارلس هنری (Charles Henry)یەوە تاکو کاندنسکی کاریان تیای کردووە.

گەڕان و تاقیکردنەوەکانی «باللا» پەیوەندی لەگەڵ ئەوانەی کاندنسکی و سەرجەم





جیاکۆمۆ باللا. دینامیکی سەگێک بەپەتەکەیەوە ١٩١٢

دونیای ڕۆحی گرووپی «ئەسپ سوارە شینەکان)دا کەمە، چونکە ڕەنگ و شێوە تەجریدیەکانی «باللا» وەکو هەوڵدان بۆ تاقیکردنەوەی مانا تەماشا دەکرێن (لیستە).

پاشان کاری جیاکۆمۆ باللا لە پێناوی تەجریددا نەبوو، وەک ئەو جۆرە ڕەسم کردنەی کاندنسکی و مۆندریان و هونەرمەندانی تەجرید، بەڵکو ئەو تیشک و شێوە تەجریدیەکانی لە پێناوی جووڵانەوە و دینامیکدا بەکاردەهێنا وەکو ئەنجامی تابلۆی فوتوریزم. لەگەڵ ئەمەشدا جیاکۆمۆ باللا بۆ تەجرید گرینگە، ئەو بێ ئاگا نەبووە لە هەوڵە تەجریدیەکانی ئەدۆلف هولتسل و فان دو میلدا و ژمارەیەکی دیکەش لە هونەرمەندانی تەجرید. لەهەندێ خاڵی گرینگیشدا لەگەڵ تەجرید هاوبەشە وەکو گرینگیدانی بەرِۆح و دونیای ناوەوەی شتەکان کە بەردی بناغەی کارکردنی کاندنسکی بوو بەرەو تەجرید وەکو مێژوویش «باللا» لە ساڵی ١٩١٢فیگەری لە تابلۆدا نەهێشت و تابلۆکانی ساڵی ١٩١٢ بۆ ١٩١٣ە وە، تەنیا لە شێوەی تەجریدی ئەندازیاری و تیشک پێک هاتبوون، بەڵام تەواو جیاواز لەو شێوە تەجریدە ئەندازیارانەی مۆندریان.

بەگشتی تابلۆی فوتوریزمی جیاکۆمۆباللا لە تیشک و جووڵانەوە و شێوە تەجریدیە ئەندازیاریەکان پێک هاتوون، ئەمەش پێناسەیەکی تایبەتی بەتابلۆکانی داوە کە «دینامیکی تەجریدین». ئەو لە نێوان دووپاتکردنەوەی شێوەکانیدا لە تەنیشت یەکدا

ڕووناکی و جووڵانەوەی بەتابلۆکە داوە. بەلاشیەوە گرینگ بوو ئەو هێڵانەی کە شێوەکانی پێ دروست کردووە خێرا خێرا بەکاریان بهێنێ کە خۆی «هێڵی خێرایی»یان ناو دەنێ و دووریان دەخاتەوە لە مانا سیمبۆلییەکان. تەنیا بۆ دەربڕینی وزە بەکاریان هێناوە، بەم جۆرە تابلۆی فوتوریزمی باللا بەڕای (جیوڤانی لیستە) تێکەڵاوێکن لە تەجرید و دەربڕینخوازیدا.

یەکێ لە خەسڵەتەکانی هونەری «باللا» زۆری ئەو تەجرەبانە بوو کە پێیدا ڕۆیشت. دەربڕینخوازی پێش ئەوەی بگەیشتایە هەر ئەنجامێ، سەرەتا کۆمەڵێ تاقیکردنەوەی دەکرد. پاش ئەو تێکەڵاویەی نێوان تەجرید و دەربڕینخوازی لە کارەکانی ١٩١٢ بۆ ١٩١٣یدا، لە ساڵی ١٩١٤ دەستی هەندێ تاقیکردنەوەی نوێ لەسەر تیشک و جووڵانەوەکردەوە بۆ نیشاندانی دینامیک بەجۆرێکی نوێ. دەیەویست ناوەڕۆکێکی سایکۆلۆژی بەشێوە تەجریدیەکانی بدا: ئەمەش زیاتر بەدروستکردنی هەستی شەڕانگێزی و توندڕەوی لە ئەنجامی نزیککردنەوە و بەتەنیشتەیەک دانانی شێوەکانیەوە کە بە«تقاطع»ی تیشکەکان، شێوەی سێگۆشە و هەڕەمی نووک تیژی پێک دەهێنا، پاشان ئەو شێوە سێگۆشە نووک تیژە دوو ڕەهەندیانەی دەگۆڕی بۆ سێ ڕەهەندی «بەرجەستە» کە لە مێخ و چەقۆ و داس و بزمار و ئامرازی کارکردن دەچوون، هەڵبەت بۆ زیاتر گەیاندنی هەستی شەرانگێزی. ئەو هەموو شێوەیەکی نووک تیژی خۆشدەویست، هەر بۆیە (پەڕەسلێکە) یەکی بوو لە باڵندە هەرە خۆشەویستەکان لای ئەو کە چەند جار لە شێوەی تەجرید لە تابلۆکانی ١٩١٣ی دووبارەی دەکردەوە. هەروەها گۆڕینی شێوە چوارگۆشەکانی شەترەنج بۆ شێوەی «معين»، چونکە ئەو شێوە «معين»انە سەرەڕای ئەوەی نووک تیژترن بەڵام ئەو بەتاڵی نەدەکردنەوە لە جوانی و شاعریەت و ڕوح. ئەو بەهۆی زانیاریە شیکاریەکانیەوە بەلایەوە گرینگ بوو جەوهەری کارە هونەرییەکە نەکاتە قوربانی شێوە، بۆیە کاری بۆ نەهێشتی هەستی مەتریالی دەکرد. ئەمەش لە ئەنجامی ئەو بەیەکەوە کارکردنەی بوو لەگەڵ براجاجلیا و ئەرتۆرۆدا.

«باللا» لەو ئەزموونە زۆرانەیدا لەگەڵ ڕەنگ و تیشک و جووڵانەوە و ڕووناکی و شێوە تەجریدیەکانیدا، گەیشتە ئەو ئەنجامەی کە بەپێویستی دەزانی مەجالی تەختی دوو ڕەهەندێ تابلۆ بگۆڕێ، سەرەنجام بەکارکرد بۆ گۆڕینی شێوەی تەجریدی دوو ڕەهەندی (تەخت) بۆ شێوەیەکی بەرجەستەی (سێ ڕەهەندی). ئەمەش نەک بەهێزی وێناکردن وەک لای هونەرمەندانی کوبیزم، بەڵکو بەلکاندنی مەتریالی جۆراوجۆر بەڕووبەری تابلۆکەوە.



ئیدی لە ساڵی ١٩١٥ بەدواوە پاش دروستکردنی زیاتر لە بیست تابلۆ دەربارەی «هێزەکانی هێڵ» لەوە گەیشت کە ڕووبەری دوو ڕەهەندی تابلۆ (تەخت) ناتوانێ قەبارەی دینامیک بەخێرایی نیشان بدا، بۆیە هەستی بەلای تێل و کارتۆن و پارچە قوماش و کاغەزدا دەچوو بەلکاندنی بەڕووبەری تابلۆکەوە بۆ نیشاندانی لایەنی سێ ڕەهەندیەکانی دینامیک. ئیدی باللا گەیشتە ئەو ئەنجامەی کە بەتێل و کانزا پەیکەر دروست بکا کە گرینگی بۆ هونەری جووڵاوە هەبوو، ئەگەرچی پێش ئەو لە مێشکی پیکاسۆدا ئەو بیرۆکەیە دروست بوو بوو کە هەندێ شت (مواد) لەسەر ڕووبەری تابلۆکە بەماتۆڕێکی بچووکەوە گرێ بدا بۆ دروستکردنی خولانەوە لەناو مەجالێکی واقیعیدا. (بڕوانە Gio-vani Lista).

لەگەڵ ئەو برادەرایەتییەی نێوان جیاکۆمۆ باللا و ئومبەرتۆ بۆچیۆنی هەردووکیان دوو سەرجەبی سەرەکی هونەرمەندانی شێوەکاری فوتوریزم بوون، سەرەڕای گونجان و یەکگرتنەوەیاندا لە بنەماکانی فوتوریزم دا، کۆمەڵێ جیاوازی لە نێوانیاندا هەبوو.

ئەو جیاوازییە گەورەیەی نێوان بۆچیۆنی و باللا لە (فۆتۆدینامیک)دا، لە بنەڕەتدا جیاوازی ئەوان دەردەخا لەسەر تیشک کە یەکێکە لە فاکتەرە گرینگەکانی دینامیک.

لە کاتێکدا تیشک لای باللا دەبێت بەئامانج و ناسنامە بۆ وزە و مادده. بۆچیۆنی ئەم (بەئامانج و ناسنامەیەی تیشک) وەکو کۆتاییەک بۆ ڕۆڵی خودی تیشک بەکاردێنێ، «بۆچیۆنی» بەمە قایل نابێت و تیشک وەکو خودی دینامیک و ئیختزال کردنەوەی مادده بۆ وزە دەبینی کە ڕۆحی مادده پێک دێنێ. لای ئەو «ئامانج» لە شێوەی بەردەوامی دایە. پاشان ئەو دەیەوێ واقیع بەشێوە گشتیەکەی ببینێ. کەچی «باللا» ئەو چاوەڕوانییەی نییە لەگەڵ واقیعدا بەو گشتیە مامەڵە بکا. ئەو «باللا» کار لە وردەکارییەکان دەکا. لە بەشێکی کارەکە دەمێنیتەوە. تابلۆ لای «باللا» بەشێکی واقیع نیشان دەدا و تیایدا ورد دەبێتەوە. لە کاتێکدا بۆچیۆنی سەنتێتیزمیکی (Synthetism) خودی «ذاتی» پێک دێنێ «باللا» بەرەو بابەتێکی شیکاری دەڕوا کە لە ئەنجامی تەجرەبەکانیەوە لەگەڵ «فۆتۆدینامیک» هاتووە. بەڵام بۆچیۆنی بەدوای شێوەدا لە چەند ئاڕاستەیەکدا دەگەڕێ، «باللا» تەنیا یەک ئاراستەی شێوە بەلایەوە گرینگە ئەمەش شێوەی نووک تیژە کە هەڵگری جووڵانەوە وزەیە. ئەم شێوانە هەستەکان «دەبڕن» و دەبن بەدینامیکێکی تەجریدی.


دیالکتیک لای بۆچیۆنی لە نێوان ڕۆح و وزە و مەتریالەوە دروست دەبێ، لە نێوان

جیهان و وشیاریدا، بەڵام لای «باللا» شتی وا نییە. کات و شوێن لای بۆچیۆنی لە یەکەیەک دەبینرێ بەڵام لای «باللا» (گشتی) لە بەشێکدا دەبینرێ. لە کۆتاییدا جیاکۆمۆ باللا، فۆتۆگرافی وەکو سەرچاوەییێک بۆ شتە بینراوەکان بەکاردەهێنا بەڵام لای بۆچیۆنی فۆتۆگراف خۆی جۆرێ بوو لە دەربڕین. (بڕوانە Calvesi لاپەرە ١٠٦ بۆ ١٣٦)

بەڵام نەک تەنیا «باللا» و بۆچیۆنی بەڵکو هەر پێنج هونەرمەندە شێوەکارەکانی فوتوریزم لە شێوە تەجرید بوون و هنری برگسۆن سەرچاوەی فەلسەفەکەیان بوون.

«جیاکۆمۆ باللا»یش وەکو هاوڕێ فوتوریستەکان مانیفێستی تایبەتی خۆی لە ١٩١٤ نووسی و لە ١٩١٥ بڵاوی کردەوە. وەکو خولڤاندنێک بەداهاتوگەری نوێ ناسراوە، تیایدا توێژینەوەیەکی دەربارەی خێرایی، بەتایبەتی خێرایی سەیارە پێشکەش کردبوو کە تیایدا گەیشتە ئەو ئەنجامەی یاسای هەندێ لە هێڵەکان وەکو یەکن. ئەو مانیفێستەی «باللا» گرینگییەکی دیکەشی هەبوو ئەمەش گونجاندنی هونەر بوو لەگەڵ ئەتمۆسفیری شاردا کە داهاتوگەرییەکان کاریان بۆی دەکرد هەڵبەت وەکو بەشێکی گرینگ لە خۆشەویستی ئەوان بۆ ژیانی مۆدێرن.

یەکێ لە خەسڵەتەکانی فوتوریزم ئەو ژمارە مانیفێستە زۆرە بوو کە یەک لەدوای یەک دەریان دەکرد، بەڕادەیەک هونەرمەندێکی فوتوریزم خاوەنی مانیفێستی تایبەتی خۆی بوو،



جیاکۆمۆ باللا. خێرایی ئۆتۆمبێلێک لەگەڵ دەنگ و تیشکدا ١٩١٣



چونکە مانیفێست لە فوتوریزمدا گرینگیەکەی ئەوتۆی هەیە کەلەئاست خودی کارە هونەریەکانە.

جیاکۆ موباللا تاکو دەوروبەریساڵی ١٩٢٦ لەگەڵ دینامیک و جووڵانەوە و ئەتمۆسفیری فوتوریزمدا ژیا، لەو کاتە بەدواوە وردە وردە لە فوتوریزم بەدوورکەوتەوە، تابلۆکانی دیمەنیان تێ دەردەکەوێ، ئەو کات بڕوای بەوە هێنابوو کە سروشت پێویستە دووبارە بدۆزێتەوە.

تاکو دەوروبەری ١٩٣٢ هێشتا فوتوریزم بەتابلۆکانیەوە دیاربوو، بەڵام لێرە بەدواوە ڕۆڵی فوتوریزم (دینامیک) لە تابلۆکانیدا تەواو لاوەکی بوو. پاشان دەستی بەکاری پۆرترێت کرد هەندێ لەو پۆرترێتانەی بەپێی خواستی کڕیارەکانیان دروست دەکرد. (Lista). ئەم دوورکەوتنەوەی «باللا» لە دونیای دینامیک و تەکنیک تا ڕادەیەک لەوەی «کارلوکارا» وە نزیکە وێڕای ئەو جیاوازییە گەورەیە کە «کارلوکارا» لە دونیای دینامیکەوە بەرەو دونیای ڕۆح ڕۆیشت. بەڵام «باللا» بەرەو سروشت ڕۆیشت، هەروەها جینۆسەڤەرینیش لە ١٩٢٠ بەدواوە بەرەو ڕەسم کردنێکی فیگەراتیفی کلاسیک ڕۆیشت.

هونەرمەندانی فوتوریزم لەگەڵ ئەو یەکبوونەیاندا لەمەڕ نیشاندانی شەڕانگێزی و توندوتیژی و ڕۆحی «أقتحام» لە کارە هونەریەکانیاندا، گرنگیان بەڕۆحیش دەدا. ئەمە گرفتێک بوو لە هونەری فوتوریزمدا، لەوانەیە هەر لەبەر ئەم هۆیەیش، کارلوکارا و جیاکۆمۆ بەلا و سەڤەرینی لە فوتوریزم دوورکەوتبنەوە ئەگەر بەراوردی دونیای تەکنیک و دینامیک بەدونیای ڕەنگی ماتیس بکەین، ئەبینین ماتیس تاکو کۆتایی ژیانی لەگەڵ دونیای ڕەنگدا ژیا.

هونەرمەندانی شێوەکاری فوتوریزم تەنیا بۆچیۆنی و سەڤەرینی و کاراو ڕوسۆلۆ و باللا نەبوون بەڵکو ژمارەیەکی لەوە زیاتریش بوون، وەکو ئینریکۆ پرامپولینی (Enrico Prampolini) و جیراردۆ دۆتۆری (Gerardo Dottori) و فۆرتوناتۆ دیپیرۆ (Fortunato Depero) و ژماریەکی دیکەش. بەڵام گرینگی ئەم پێنج هونەرمەندەی کە باسمان کرد لەوەدا بوو، ئەوان لەوانی تر زیاتر لە دەوری مارینێتی کۆبووبوونەوە و ئیمزای مانیفێستەکەی مارینێتی و مانیفێستی تەکنیکی و ڕەسم کردنی فوتوریزمیان کردبوو، کەم یان زۆر بەنامە یان ڕاستەوخۆ بیروڕایان لەگەڵ یەکدی دەگۆڕیەوە و کار و کارتێکردنیان لەسەر یەک زۆرتربوو.

ئەگەرچی جەنگی جیهانی ڕۆڵێکی گەورەی لەکۆتاپێهێنانی فوتوریزمدا بینی، بەڵام ساڵی ١٩١٩ مارینێتی خۆی بەڕستەیەکی بەناوبانگ کۆتایی بەفوتوریزم هێنا، کاتێک گوتی «سیاسەت خۆی بەسەر هونەردا سەپاند...». گەرچی مارینێتی و مۆسۆلینی بۆ یەک ئامانج کاریان دەکرد، بەڵام مارینێتی بەهەڵەیەکی گەورەدا چووبوو کە باوەڕی بەوە هێنا کە دەشێت سیاسەت و هونەر بەیەکەوە کار بکەن، ئەگەرچی ئامانجەکانیشیان هەمان شت بوون.

جیاوازییەکی گەورە لە نێوان فوتوریزم و بزاوتە هونەرییەکانی تردا بەدی دەکرێ، ئەو جیاوازییە پەیوەندی بەکولتوورەکانی دەرەوە هەیە، لە کاتێکدا کوبیزم و فۆڤیزم و ئەکسپرسیۆنیزم لە دیالۆگدا لە تەک کولتوورەکانی دەرەوەدا سەریان هەڵدا و گەورەبوون، فوتوریزم ڕێبازێکی تەواو خۆرئاوایی بوو، تا ڕادەیەک وشەی «ئیتالیا» لای ئەوان لە پێش هەموو ئەوروپاشەوە بوو، بەڵکو وشەی «ئیتالیا» لای ئەوان لە سەروو وشەی ئازادیشەوە بوو.

فوتوریستەکان تەواو بیریان لای ڕووخاندنی دابونەریتە کۆنەکان بوو، ئەخلاق و دین جێگایەکی ئەوتۆی گرنگیان لە جیهانی ئەواندا نەبوو، وەک بیروڕای سیاسی، فاشیست بوون، بەڵام ناکرێت ئەوان لە دیدێکی سیاسی ڕووتەوە هەڵسەنگێنین، چونکە بەر لە هەر شتێک هونەرمەندبوون و تەنیا بەتیۆر و کاری هونەری لە ڕێگای سازدانی کۆڕ و کۆبوونەوە و سیمینارەوە، بەچەکی موزیک و تابلۆ و شانۆ کاریان دەکرد.

کەسایەتی مارینێتی ڕۆڵێکی سەرەکی لە سەرجەم فوتوریزمدا دەبینی. ئەو چەند جارێک هونەرمەندانی لەسەر حیسابی خۆی دەبرد بۆ پاریس و مەسرەفی چالاکییەکانیانی لە گیرفانی خۆی دابین دەکرد. بۆ هونەرمەندانی فوتوریستی دەرەوەی ئیتالیاش ڕووکاری فاشیستیانەی بزووتنەوەکە بایەخێکی ئەوتۆی نەبوو، چونکە ئەوان بایەخیان بەو نوێکاریانە دەدا کە بزاوتە کە لەگەڵ خۆیدا هێناویەتی.

فوتوریزم دوای تەواوبوونی لە ساڵی ١٩١٩دا بەڕەسمی لەسەر دەستی مارینێتی خۆیدا، کاریگەرییەکی مەزنی لەسەر کۆمەڵێک هونەرمەندی دیکەی دوای خۆی بەجێهێشت. ئەم کاریگەرییە لە ئاست کارتێکردن لە هونەرمەندانی کۆبۆفوتوریزم و ڕایۆنیزمی ڕووسیدا نەمایەوە، بەڵکو لە ئەڵمانیا کاریگەری قووڵی لای «ئۆگۆست ماکە» «فرانز مارک»، «لیۆنیل فاینینگەر»، «ئۆتۆدێکس»، «گیۆرگ گروس» بەجێهێشت کە ئەوسا لە دەوری گۆڤاری «Sturm» کۆبووبوونەوە، هەروەها فوتوریزم کاریگەری لەسەر



قوتابخانەی باوهاوسیش هەبوو، هەندێ لە مێژوونووسانی هونەر قوتابخانەی باوهاوس بەدرێژبووەوەی فوتوریزم لە قەڵەم دەدەن.

لە ساڵی ١٩٨٦ لە شاری ڤینیسیا، پێشانگایەکی گەورەی هونەریی بۆ کارە گرینگەکانی فوتوریزم کرایەوە، ئەم پێشانگایە دەریخست کە کاریگەری فوتوریزم لە دوای خۆی و لەسەر کۆی بەشەکانی هونەر لەوانە: موزیک و شانۆش ئێجگار گەورەبووە. ئەم پێشانگایە تەواو ئەوەی ئاشکرا کرد کە هونەرمەندانی دوای جەنگی جیهانی دووەم زۆر لەژێر کاریگەری ناوەڕۆکە فیکرییەکەی مارینێتیدا بوون، کەخۆی لە «وزە و جووڵاندنەوە»دەبینیەوە. ئەم کاریگەرییە بۆسەر کەسانی وەک «لۆچیو فۆنتان» و «کۆرت شڤیتەر» و «یۆزێف بۆیز»یش گوازراوەتەوە. گەر سەیری تەوەرەکانی وەک «کاریگەری تەکنیک لەسەر هونەر» یاخود «هونەر و ژیان» یاخود «هونەرمەند و دەستەڵات» بکەین، دەبینین سەرچاوەکانی فوتوریزم لەم ئاستانەوە کاریگەرییەکی قووڵی لەسەر ئەم هونەرمەندانەی دی جێهێشتووە.

## کوبۆفوتوریزم


پاریس لە دەوروبەری ساڵی ١٩١٢ چەند ڕێباز و بزووتنەوەی هونەری و هونەرمەندی گرینگی گرتبووە خۆ، لەوانە ڕێبازی کوبیزم و ئۆرفیزم پاشان فوتوریزم کە کاریگەری گرینگیان لەسەر یەک هەبوو.

فوتوریزم وەکو لە سەرەتادا باسمان کرد لەژێر کاریگەری شۆڕشی نوێکردنەوەی شێوەدا دروست بوو کە هونەرمەندانی کوبیزم بەردی بناغەی بوون، بەڵام کاتێ کە بووە ڕێبازێکی هونەری سەربەخۆ و هەندێ فاکتەری نوێی دیکەی لەخۆ گرت وەکو دینامیک، ئەم جارە کاریگەریەکە بەپێچەوانەوە کەوتەوە، بەتایبەتی لە دەوروبەری ساڵی ١٩١٢ کە چەندین پێشانگای گرینگی جۆراوجۆر لە گەلەریەکانی پاریس کرایەوە، لەوانە پێشانگایەک بۆ کارەکانی پیکاسۆ کە کاریگەری ڕاستەوخۆ و کوشندەی لەسەر بۆچیۆنی هەبوو، پاشان پێشانگای هونەرمەندانی فوتوریزم کە کاریگەری کوشندەی هەبوو لەسەر هونەرمەندانی کوبیزم و ئۆرفیزم و مارسێل دوشا و پیکاسۆ تا دەگاتە فێرناند لیژی و پیت مۆندریان.

مارسێل دوشا (Marcel Duchamp) ئەو کات کاری کوبیزمی دەکرد لەژێر کاریگەری دینامیک و جووڵانەوەی فوتوریزمدا تابلۆ بەناوبانگەکەی دروست کرد (ئافرەتێکی ڕووت بەسەر پاپیلکەکانەدا دێتە خواری). لە ئەنجامی دروستکردنی زنجیرە تابلۆیەک کە لە یەک

دەچوون و ناوی یەکێکیانی نابوو (بەو جۆرەی باسمان کرد)، ویستی ئەم تابلۆیەی لە ئارمەری (Armory Show) لە نیویۆرک نیشان بدا، بەڵام لەبەرئەوەی ئەو وێنەی ئافرەتێکی ڕووتی بەکار هێنابوو، تابلۆکەی لەو پێشانگایە قەبووڵ نەکرا. هەندێ ڕاهەن دەڵێن: سەرۆکی ئەمەریکی «ڕۆزفلت» خۆی نەیهێشتبوو ئەو تابلۆیە نیشان بدرێ. ئەگەرچی (دوشا) لەشی ئافرەتە ڕووتەکەی بەئاشکرا نیشان نەدابوو بەڵکو تەجریدی کردبووەوە و لە شێوەی کوبیزمدا وەکو دووپاتکردنەوەی چەند شێوەیەک لە تەنیشت یەکدا ڕەسمی کردبوو بۆ نیشاندانی جووڵانەوەی فیگەرەکە، بۆ ئەوەی بەجۆرێ دەرکەوێ کە ئافرەتەکە بەسەر پاپیلکەکەدا دێتە خوارێ. ئەم تابلۆیەی دوشا بەیەکی لە تابلۆ کوبوفوتوریزمە گرینگەکانی فەرەنسا دەژمێردرێ.

مارسێل دوشا تەنیا هونەرمەندی کوبیزم نەبوو کە فوتوریزم کاری لێ کردبێ بەڵکو سەرجەم هونەرمەندانی کوبیزمی وەک پیکاسۆ و براک و گلیز و میتزنجیریش کەوتنە ژێر کاریگەری دینامیکی فوتوریزمەوە بەجۆرێ کە دینامیک بوو بەفاکتەرێکی گرینگ بۆ زیاتر ئازادی دان بەداڕشتنی تابلۆی کوبیزم و جووڵانەوەی شێوەکانی بەهۆی ئەو زانیاریانەی کە فوتوریزم لەگەڵ خۆیدا هەڵیانی گرتبوو، چونکە هونەر لای فوتوریزم تەنیا دڵنیایی لەسەر بینین و هێزی وێنا نەدەکرد بەڵکو زانستیش کە لەگەڵ بنەماکانی کوبیزمدا وەکو هونەرێکی عەقلانی لە هارموونیدا بوو.


مارسێل دوشا. دابەزینی کەسێکی ڕوون بەسەر قالدرمەدا ١٩١١

ئەو بیرۆکەیەی فوتوریزم (چۆن جووڵانەوەیەک لەبەردەوامی بوونیدا خۆی تەواو دەکات «کامل دەبێت») کاریگەری کوشندەی هەبوو لەسەر جۆری بینین و هێزی وێنای پیکاسۆوە کە بەتەواوەتی لە بۆچوونەکانی ئەوکاتەیدا بەدەرکەوتبوو، «ئەگەر بێتو بەوجۆرە ڕەسمی شتەکان بکرێ وەکو دەناسرێن، نەک وەکو دەبینرێن» ئەم وتەی پیکاسۆ تەواو لە نێوان کوبیزم و فوتوریزم دایە. (بڕوانە German Karginow):



سەرەنجام هونەرمەندی کوبیزم ئەوەندەی دیکە لای گرینگ بوو لە چۆن شتەکان بەدەرکەون و ببن بەوێنە بەجۆرێ کە دیوەکانی تریشی ببینرێ، کە لە سەرچاوەی «سیزان»ەوە هاتبوو بۆ ناو کوبیزم، بەڵام بەو زانستی شیکارییەی فوتوریزم ئەوەندەی دیکە ژیان و جووڵاندنەوە بەشێوە و ئینشای تابلۆی کوبیزم درا.

لەکاتێکدا کە هونەرمەندانی فوتوریزم لە ساڵی ١٩١٢ لە گەلەری (d, Automne) لە پاریس کارەکانی خۆیان بۆ یەکەم جار وەکو گرووپ نیشان دا، کوبیزم بەتایبەتی کوبیزمی شیکاری لەوپەڕی گەشەکردنیدا بوو، بەبینینیان بۆ جووڵانەوە و دینامیکی تابلۆی فوتوریزم نەیانتوانی دەرگا لەسەر هێزی کارتێکردنی دینامیک لەسەر خۆیان داخەن، بەڵکو بەپێچەوانەوە هەست و بیری هونەرمەندانی کوبیزمی بۆ هەندێ شتی تازە برد کە پێویست بوو تێکەڵاوی بکەن بەجۆری بینین و هێزی وێنایان. ئەمە لای پیکاسۆ و براک و دوشا، بەڵام لای گلیز و میتزنجیر و مۆندریان فوتوریزم دەرگای لەسەر هەندێ زانیاری کردەوە کە ئەوان لەوەپێش دەرکیان پێی نەکردبوو وەک پێویستی کارەکانیان بەدینامیک. ئیدی ئەوکاتە گلیز دەنووسێ: (دینامیک هەمیشە لە دەوروبەرمانە و لە ناومانە، بەم جۆرە ناکرێ پشتگوێی بخەین) هەروەها مۆندریانیش لە لەم بارەیەوە دەڵێ: (ڕێگا بۆ نیوپلاستیسیزم Neoplastizim لەسەرەتادا بەکوبیزم و فۆتۆریزمدا ڕۆیشت) (بڕوانە Lis-ta)، لە لایەکی دیکەوە ڕۆبەرت دیلونی و (فێرناند لیژێ)یش خۆیان لە دونیای دینامیکی تابلۆی فوتوریزم نزیک کردەوە و ئەنجامەکەی ئەو زنجیرە تابلۆیە بوو کە دیلۆنی بورجی ئێڤێلی پاریسی کردبوو بەبابەت. (فرانچیسکا کۆبکا)یش هەمان مێتودی کرونۆفۆتۆگرافی بەکار دەهێنا بۆ تێکشکاندنی شێوەکانی لە پێناوی دروستکردنی داڕشتنێکی نوێ کە لە داڕشتنی تابلۆی فوتوریزمەوە نزیک دەبووەوە. کۆبکا لە مامەڵەیدا لەگەڵ کرونوفۆتۆگراف گەیشتە ئەو ئەنجامەی کە تیشک دەتوانێ شێوە واقیعییەکان تێکوپێک بدا کە لە بنەمای تابلۆی فوتوریزمەوە زۆر نزیکە. (هەمان سەرچاوە).

بەم جۆرە کوبوفوتوریزم وەک ڕێبازێکی هونەری لە ئەنجامی کاریگەری تابلۆی فوتوریزم (دینامیک) لەسەر کوبیزم و ئۆرفیزم دروست بوو. ئەمەش بووە هۆی بەدینامیککردنی پێمهاتووی تابلۆی کوبیزم و ئۆرفیزم یان بەفوتوریزمکردنی تابلۆی کوبیزم و ئۆرفیزم کە هەنگاوێکی دیکەبوو بۆ تازەکردنەوەی تابلۆ. لە فەرەنسا جاروبار کوبیزمی دینامیکیشی پێدەگوترا، بەڵام ناوی (کوبوفوتوریزم) بەشێوەیەکی سەرەکی دەگەڕێتەوە بۆ ڕەخنەگری هونەر (مارسێل بوولانژێ) (Marcel Boulanger). جگە لە فەرەنسا کوبوفوتوریزم لە

ڕووسیاش کاری پێ دەکرا، بەڵام جیا لەو کارکردنەی پیکاسۆ و براک و دوشا و دیلۆنی و ئەو هونەرمەندانەی پاریس کە دینامیکی فوتوریزمیان تێکەڵاو بەشێوە و ئینشای کوبیزم دەکرد. ئەمەش لەبەر جیاوازی جۆری کارکردنی هونەرمەندانی فەرەنسا و ڕووسیاو چۆنێتی مامەڵە و پێشوازیان بۆ فوتوریزم.

ناوی فوتوریزم هەر لە هەمان ساڵی بڵاوبوونەوەی لە ئیتاڵیا، بەهەندێ لە ڕەهبەرانی هونەری ئەو کاتەی ڕووسیا ئاشنا بووبوو. کازیمیر ماڵێڤچ و ناتالیا گونچاروڤا بەیاننامەکەی مارینێتیان لە هەمان ساڵی ١٩٠٩ بەزمانی ڕووسی لە ڕۆژنامەی Wets-che (ڤیچا) خوێندبووەوە. بەڵام پێشانگای فوتوریزم بۆ یەکەم جار لە ڕووسیا لە ساڵی ١٩١٥ لە شاری پێتەرسبۆرگدا لەژێر ناوی ترامواى نیشان درا.

هونەرمەندانی ڕووسی بەلایانەوە گرینگ بوو پشت لە تەقالیدی ڕەسم کردنی خۆیان نەکەن، بۆیە هونەرمەندە تازەگەرەکانی ڕووسی بۆ نوێکردنەوەی هونەرەکەیان سوودیان لەو ڕێبازە نوێیانەی ئەوروپای خۆرئاوا وەک دەربڕینخوازی و فۆڤیزم و کوبیزم وەرگرت و لەگەڵ تەقالیدی ڕەسم کردنی خۆیاندا تێکەڵاویان دەکرد بۆ دروستکردنی تابلۆی نوێ. ئەوان بەرامبەر گشت ئەو ڕێبازە نوێیانەی ئەوروپای خۆرئاوا کراوەبوون و ئەمپرێسیۆنیزم و سیزان بۆ ئەوان نامۆ نەبوو، بەڵام فوتوریزم بەجۆری لای هەندێ لەو هونەرمەندانە ڕەنگی دایەوە کە ناوی ڕێبازە نوێیەکانی دیکەیشیان پێی دەبرد، وەک کوبیزم و فۆڤیزم و دەربڕینخوازی. هەندێ جار گشت ئەم ڕێبازانە لای ئەوان ناوی فوتوریزمی لێدەنرا، نەک وەکو سەپاندنی ڕێبازی فوتوریزم بەسەر ئەوانی دیکەدا، بەڵکو وەکو خۆشەویستی ئەوان بۆ وشەی فوتوریزم کە بەڕووسی (Budetljare)ی پێی دەگووترا بەواتای مرۆڤی داهاتوو. (بڕوانە کتێبی پێشانگاکەی ڤوپەرتال).

کاریگەری فوتوریزمی ئیتاڵی لە ڕووسیا لە سەرەتادا لەسەر ئەدەب بوو. هەندێ لە ئەدەبیاتی ڕووسیا بەهەمان ڕۆحیەتی فوتوریزمە ئیتاڵیەکان دروشمی ڕووخاندن و ئیقتیحامکردنیان بەرزکردبووەوە تاڕادەی هاوارکردنی هەندێکیان بۆ فڕێدانی پۆشکین و دۆستویفسکی لە سەربانی مودێرنەوە بۆ خوارەوە (هەمان سەرچاوە).

مارینێتێ کە لە ساڵی ١٩١٤ دەگاتە ڕووسیا، زۆر دڵی بەم فوتوریزمە ڕووسانە خۆش دەبێ و ئەوکات دەڵێ: (ئێرە وڵاتی فوتوریزمە).

لە لایەنی هونەری شێوەکاریەوە لە سەرەتادا کازیمیر ماڵێڤچ و ناتالیا گونچاروڤا لەژێر



کاریگەری تابلۆی فوتوریزمدا دەستیان کردە دروستکردنی چەند تابلۆیەک کە خێرایی و جووڵانەوە نیشان بدات، بەڵام هێشتا لەشێوەی کوبیزم، بۆیە ئەو کارانەی ئەوان بەتابلۆی کوبوفوتوریزم ناسران.

ئەوەندەی نەبرد ژمارەیەکی دیکەی هونەرمەندان کەوتنە کارکردن لەگەڵ ماڵێڤچ و گونچاروڤا کە پاشان لە کوبوفوتوریزمەوە ڕێبازێکی نوێیان دروستکرد بەناوی ڕایونیزم Rayonisme.

دواتر هونەرمەندان لوچوبوف پۆپوڤا Ljubow Popowa و ئۆلگا ڕوزانوڤا Olga Ros-anovaیش کەوتنە کارکردن لە گەڵیاندا. هەروەها ناداشا ئودالزوڤایش بەیەکەوە لەگەڵ ماڵێڤچ، پرەنسیپەکانی فوتوریزمیان لە بواری شانۆدا بەکار هێنا و توانیان شانۆیەکی سەنتێتیزم دروست بکەن، لە ساڵی ١٩١٦ کازیمیرماڵێفچ شێوازە هونەرییەکەی خۆی (سوپەرماتیزمی) تێکەڵاو بەفوتوریزم کرد کە بووە هۆی زیاتر ناساندنی فوتوریزم لە ڕووسیادا. (هەمان سەرچاوە).

لەگەڵ ئەو پێشوازییە گەورەی هەندێ لە هونەرمەندانی ڕووسی بۆ فوتوریزم، ئەوان مامەڵەیان لەگەڵ فوتوریزمدا وەکو ڕێبازێکی هونەری نەبوو، بەڵکو وەکو چۆن داڤید بورلنیک (David Burlink) نوسیبووی: (جۆرێکی نوێ لە هەستکردن بەژیان)بوو.

## ڕایۆنیزم(*) Rayonism

ڕایۆنیزم لە بنەڕەتدا لە کوبوفوتوریزمی ڕووسی جیاناکرێتەوە، بگرە درێژەی ئەو ڕێبازەیە، لەبەرئەوەی هەردوو هونەرمەند میخائیل لاریۆنۆڤ Mikhail Larionov –١٨٨١–١٩٦٤ و خێزانەکەی ناتالیا گونچاروڤا Natalia Goncarova –١٨٨١–١٩٦٢ پێش ئەوەی بگەن بەتابلۆی ڕایۆنیزم وەکو هونەرمەندی کوبوفوتوریزم کاریان دەکرد.

ڕایۆنیزم پارچە پارچەکردنی شێوە بوو لەناو ئەتمۆسفیری ڕەنگدا کە وەکو تیشکێک دەبینرا لە شەبەنگێکەوە هاتبێتە دەرێ.

زۆر ڕووکەش و بێ دەرکەوتنی هیچ فیگەریک تیایدا، بەڵام کەی تابلۆ یان هێڵکاری کوبوفوتوریزم گۆڕدرا بۆ ڕایۆنیزم، ئەمەیان سەد دەرسەد ئاشکرا نییە. ئەوەی کە ئاشکرایە

(*) لە سەرچاوە ئینگلیزییەکاندا بەڕەیزم Rayism ناوبراوە.

ئەو سەردەمە زێڕینەی کوبوفوتوریزمەکە لە ١٩١٣ بۆ ١٩١٤ی خایاند لە هەمان کاتدا تابلۆی ڕایۆنیزم بەتەواوەتی دەرکەوتبوو و لاریۆنوف تیۆرەکانیشی ئاشکرا کردبوو. بەڵام جیاوازی بیروڕا لە دەرکەوتنی تابلۆ یان هێڵکاری ڕایۆنیزم لە نێوان ١٩٠٩ و ١٩١٢دا هەندێ گرفتی مێژوویی دروست کردووە، بۆ نموونە یوری ئەنێنکوف Juri Annenkow ساڵی ١٩١٦ بەم جۆرە دەنووسێ: (ساڵی ١٩٠٩ ساڵێکی گرینگ بوو لە هونەری گونجارۆڤا و لاریۆنۆڤدا بەڕادەیەک کە دواڕۆژی هونەرەکەیانی پێ دیاری کرا، ئەم دوو هونەرمەندە لەو ساڵەدا جۆرە تابلۆیەکیان دروست کردووە کە دەکرێ ببنە بنەما بۆ تەجرید، بەڵام لەلایەن لاریۆنۆڤەوە بەڕایۆنیزم ناسراون و لە ساڵانی ١٩٠٩ و ١٩١٢ لە دوو پێشانگای جیاوازدا نیشانیانی داو). (بڕوانە J ewgeni Kowtun).

پاش پەنجا ساڵی تر ڤالدیمار گیورگس Waldemar Georges پشت لەو ڕایەی ئەنێنکوڤ دەکاو مێژووی پێشانگاکەی لاریۆنۆڤی ساڵی ١٩١٢ (کە لەژێر ناونیشانی دونیای هونەر کردبوویەوە) گەڕاندۆتەوە بۆ ساڵی ١٩٠٩.

هەروەها فرانسوا دۆلت Francois Daulte کە دەقی کەتەلۆگی پێشانگاکەی لاریۆنۆڤی ساڵی ١٩٦٩ لە نیویۆرک نووسیوە پشتی بەنووسینەکەی (گیورگس) بەستووە و قۆناغی ڕایۆنیزمی لە هونەری لاریۆنۆڤ (١٩٠٩- ١٩١٢) بردووە، (هەمان سەرچاوە). بەڵام لاریونوف ١٩١٣ تیۆریەکانی ڕایونیزمی بڵاوکردووەتەوە.



ناتالیا گونجارۆڤ. دارستانێکی شین و سەوز ١٩١٣

لە هەمووشی سەیرتر ئەوەیە مێژووی هەندێ لەو تابلۆ تەجریدیانەی پێشانگاکەی ساڵی ١٩٧٦ شاری بروکسل دەگەڕێنێتەوە بۆ ١٩٠٧ (هەمان سەرچاوە). گەر ئەمە ڕاست بێت ئەوە لاریۆنۆڤ یەکێکە لە دەستپێکەرانی تەجرید لە مێژووی هونەری شێوەکاری



خۆرئاوادا، بێ ئەوەی ئەو تابلۆیانەی ساڵی ١٩٠٧ پەیوەندیان لەگەڵ ڕایونیزمەوە هەبێ، لەبەرئەوەی ئەو کات فوتوریزم وەکو ڕیشەیەکی سەرەکی بۆ ڕایۆنیزم پەیدا نەبووبوو. ئەگەریش مێژووی دەرکەوتنی تابلۆی ڕایۆنیزم بۆ ساڵی ١٩٠٩ بگێردرێتەوە، ئەوە مانای وایە تابلۆی فوتوریزم لای لاریۆنۆڤ لە هەمان کاتی بەیاننامەکەی مارینێتیدا دروست بووە. بەم جۆرە لاریۆنۆڤ دەبێتە یەکەمین هونەرمەندی ڕووسی کە لەژێر کاریگەری فوتوریزمدا کاری کردووە، و ئەمەش لە دژایەتیدایە دەبێ لەگەڵ کۆمەڵێ زانیاری مێژوویی کە دەڵێ: (فوتوریزم لە ڕووسیا یەکەم جار لە ئەدەبدا بەدەرکەوتووە).


بەهەرحاڵ ئەوەی گرینگە لێرەدا ئەوەیە ڕایونیزم وەکو درێژکراوەی کوبوفوتوریزم لە ئەنجامی کوبیزم و ئۆرفیزم، فوتوریزمدا دروست بوو. لە ئەنجامی ئەو پەیوەندیەی نێوان ڕەهبەری هونەرمەندانی ڕووسیا و فەرەنسادا کە ئەوکات لە پەیوەندی و هاتوچۆدا بوون لە نێوان پاریس و موسکو و سانپێتەرسبۆرگدا. لە ماوەی ١٩٠٩ بۆ ١٩١٤ هونەرمەندانی فەرەنسی مۆریس دینس و ماتیس سەفەری ڕووسیایان کردووە، لەگەڵ (نۆلدە)ی ئەڵمانی و بۆچیۆنی و مارینێتی ئیتاڵیش.

جگە لە ژمارەیەکی دی لە نووسەر و ڕەخنەگری هونەری (بڕوانە Anthony Parton)، لاریۆنۆڤ خۆی لە نووسینێکیدا بەناوی (ڕایۆنیزمەکان و فوتوریزمەکان) باس لەو پەیوەندیەی نێوان ڕایونیزم و فوتوریزم و کوبیزم دەکات، لەگەڵ جۆری ئاراستەکردنی ڕایۆنیزم بەرەو بزووتنەوەی تەجرید لە هونەری خۆرئاوای ئەوکاتەدا، باس لەو سەنتێتیزمەی ڕایونیزم دەکات وەک هاوبەشێک لە نێوان کوبیزم و ئۆرفیزم و فۆتۆریزمدا. (بڕوانە A.Parton هەمان سەرچاوە). ئەوان ئێجگار بەلایانەوە گرینگ بوو یەکەم جار باش لە هونەری میللی خۆیان بگەن ئینجا ڕێبازی نوێی تێکەڵاوکەن. گرینگی کارکردنی تیۆری و پراکتیسی لای گونجارۆڤا و لاریۆنۆڤ و ڕەهبەرانی هونەری ڕووسی بۆ ناساندن و شارەزابوونیان لە هونەرەکەی خۆیان و هونەری ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاواوە، هەندێ جار بەرەو توندڕەویەکی زۆریانی دەبرد. لای ئەوان مەبەست تەنیا کردنەوەی پێشانگاو نیشاندانی کاری هونەری نەبوو، بەڵکو باس و قسەکردنیش بوو لەسەر کارەکان. لە کاتی کردنەوەی پێشانگایەکی گرووپی هونەری (الهدف – ئامانج)دا لە ٢٣ی ئازاری ١٩١٣ لاریۆنۆڤ و گونجارۆڤا بەیەکەوە کۆڕێکیان ڕێکخست بۆ دانوستاندن، نەک تەنیا لەسەر کارەکانیان و پەیوەندیەکانیانەوە، بەڵکو دەربارەی سەرجەمی هونەری هاوچەرخی ئەوساو پەیوەندی بەشانۆوە، وەک بەشێکی دیکەی گرینگی هونەر، تیایدا (لەو کۆڕەدا) گونجارۆڤا خۆی

لەگەڵ شێڤچینکۆ (Shevchenko) دەربارەی هونەری میللی ڕووسی قسەیان کرد و لەوێدا دەیانەویست ئەوە بسەلمێنن کە هونەری میللی ڕووسی زیاتر خۆرهەڵاتییە وەک ئەوەی خۆرئاوایی بێ. ولاریۆنۆڤیش تیایدا باسی لە ڕۆڵی هونەری ڕەسم کردن دەکرد لە شانۆدا. ڕاوبۆچوونەکانی لاریۆنۆڤ و گونچارۆڤا ئەوەندە کاری کوشندەیان لە لەگوێگران کردبوو سەرەنجام دەبێتە شەڕە کورسی و پەرداخ وەشاندن و یەکتر داپلۆساندن تا پۆلیس دێت و لە یەکیان جیا دەکاتەوە و کۆڕەکەیان پێ دادەخات.

پاشان ڕۆژنامە و گۆڤارەکان ناویان بەفوتوریزم دەبەن. (بڕوانە Anthony Parton هەمان سەرچاوە).

میخائیل لاریۆنۆڤ لە سەرەتای کاری هونەریدا، هونەرمەندێکی فیگەراتیڤی ناتورالیست بوو. تاکو ساڵی١٩٠٤ تابلۆکانی کاریگەری ئەمپرێسیۆنیزمی پێوە دیار بوو، پاشان لەژێر کاریگەری فۆڤیزم و دەربڕینخوازی ئەڵمانیدا لەگەڵ ئاشکرابوونی کوبیزمدا ئەویش وەکو ژمارەیەکی دیکەی هاوڕێ ڕووسەکانی کەوتە ژێر کاریگەری کوبیزمەوە تا دەرکەوتنی فوتوریزم وەکو ڕێبازێکی هونەری هەڵگری جووڵانەوە و خێرایی و دینامیک. سەرەنجام ئەویش لەگەڵ هونەرمەندە ڕووسە کوبوفوتوریزمەکاندا کەوتە تێکەڵاوکردنی کوبیزم و دینامیک لەگەڵ هونەری میللی ڕووسیدا.



لاریۆنۆڤ. شکانەوەی تیشکی شین ١٩١٢



یەکێ لەبەرهەمەکانی ماوەی کوبوفوتوریزمی کۆمەڵە سکیچێک بوو کە بۆ کتێبێکی ئەلکسی کروچۆنیچس ئامادەکرد ساڵی ١٩١٢ بڵاوبۆوە، ئەم سکێچانە تاڕادەیەک لە ڕایونیزمەوە نزیک بوون. (بڕوانە Jewgeni Kowtun) وەکی دی تابلۆی ڕایۆنیزم بەشێوەیەکی سەرەکی لە ڕەنگ پێکهاتووە، خۆیشی دەربارەیان دەڵێت: (تابلۆی ڕایۆنیزم ئینشای ڕەنگەکانە، تێری و برسێتی و دوا ڕەفتاری ڕەنگەکانە)

ئەو کاری بۆ ئەوە دەکرد یاساکانی تابلۆی ڕایونیزم لەناو خودی تابلۆکەدا بێ و بەئازادی تیایدا بەیەکیانەوە گرێیدا.

ڕایۆنیزم وەکو لاریۆنۆڤ لە مانیفێستەکەی ساڵی ١٩١٣ ڕوونی کردۆتەوە، کارکردن تەنیا بەڕەنگ بەڵام لە شێوەی تیشکدا.لاریۆنۆڤ مانیفێستەی لە شێوەی کتیبێک دەرهێنا کە لە هەمان کاتدا تۆژینەوەیەک بوو بۆ ڕێبازەکەی خۆی و پەیوەندیەکانی لەگەڵ کوبیزم و فۆتۆریزم و هونەری میللی ڕووسیدا. بەڵام لاپەڕە سەرەتاییەکانی بۆ مێژووی ڕێبازە هونەریەکان لەسەردەمی بەردینەوە تاکو ئەمپرێسیۆنیزم تەرخان کردبوو، پاشان گرینگی دەدایە دروستکردنی تیشک لە نێوان داڕشتنی ئەو هێڵانەوە کە وا دەردەکەون وەک ئەوەی لە چاوەوە بەرەو دەرەوە بڕۆن بۆ ئەوەی بگەن بەئاستی درەوشانەوە.

لەو جێگایانەی کە ئەو تیشکانە خۆیان لەناو خۆیاندا یەکتر دەبڕن (تقاطع) لە نێوانیانەوە چەند شێوەیەکی نوێ پەیدا دەبن کە هەستی بێ کۆتایی زەمەن دەبەخشن، خۆی ناوی لێ دەنێ (دەرسی خولڤاندنی شێوەی نوێ). (بڕوانە هەمان سەرچاوە).

تابلۆی ڕایۆنیزم لە سەرەتادا تەواو تەجرید نەبوو، بەڵکو مامەڵەیەکی تەجریدی بوو لەگەڵ چەند بابەتێکی سروشتیدا. هەربۆیشە خۆی بەڕایونیزمەکەی دەڵێ: (ڕایونیزمی واقیعی).

ئەو لەبەردەوامی لەو مامەڵە تەجریدیەی لەگەڵ بابەتەکانی سروشتدا تا ئەو ڕادەی کە ئیتر فیگەر لەناو تابلۆکەیدا تەواو ون دەبێت و تابلۆ لە ڕەنگ و شێوە و تیشک پێک دێت، لەجیاتی تابلۆیەکی واقیعی خۆی دەبێتە بەشێ لەواقیع.

ئەم جۆرە مامەڵە تەجریدیەی لاریۆنۆڤ لەگەڵ سروشتدا زیاتر لە کاندنسکییەوە نزیکی دەخاتەوە وەک لە ماڵێڤچ. ئەو (لاریۆنۆڤ) لای سەخت بووە گشت پەیوەندیەکانی لەگەڵ سروشتدا بپچڕێ بەڕای هەندی لە ڕەسامەکانی هونەری، فیگەر ڕایونیزمی لاریۆنۆڤ زیاتر سەر بەسروشتە وەک لەوەی تەنیا دیمەنی ڕایۆنیزمی بن. (هەمان سەرچاوە).

بەڕای نیکولای پونین Nikolai Punin تیۆرەکانی ڕایۆنیزمی لاریۆنۆڤ لە بنەڕەتدا دژ بەعەقلانیەتی کوبیزمە.

لاریۆنۆڤ خۆی ڕایونیزمەکەی وەکو ئاستێکی بەرز لە دەربڕین دەبینێ، وەکو سوپاسێک بۆ کۆتاییەکی سروشتی هونەرەکانی پێش خۆی، وەک ئەوەی کە ژیان تەنیا بابەتێ بێ لە نێو هونەرەوە تەماشا بکرێ، یەفگینی کۆتوون (Jewgeni Kowtun) ڕایونیزم نە وەک تەجریدیکی دەربڕینخوازی دەبینێ و نە وەک ڕەسم کردنێکی شاعیرانەش.

بەلام یوری ئەنێنکوف (Yuri Annenkow) هەمیشە لەو بڕوایە دایە کە ڕایۆنیزم ڕیشە سەرەکییەکەی لە خۆشەویستی (لاریۆنۆڤ)ەوە هاتووە بۆ شێوە و تەقالید و هونەری میللی ڕووسی.

هەندێ سەرچاوە باس لە کاری مالێڤچ دەکەن لەگەڵ لاریۆنۆڤ و گونچارۆڤادا. ئەگەرچی ڕایۆنیزم و سوپەرماتیزم لە بنەڕەتدا جیاوازن بەلام هەردووکیان هونەری بێ فیگەرن.

ئەوانەی لەو کاتەدا لە جۆری کاری ڕایونیزمەوە نزیک بوون، زیاتر ئەو هونەرمەندانە بوون وەک: جەلینا گۆرو Jelena Guro و میخائیل ماچۆشین Mikhail Matjuschin چونکە ئەوانیش بۆ ڕزگارکردنی ڕەسم کردن لە فیگور و لە هەمان کاتیشدا هێشتنەوەی پەیوەندی لەگەڵ سروشتدا کاریان دەکرد. ماجۆشین لەم جۆرە کارەیدا دەیەویست لە نێوان کاندنسکی و مالێڤچدا ڕێگایەکی سێەم بگرێتەبەر. (بڕوانە هەمان سەرچاوەی پێشوو).

ئەو هونەرمەندانەی کە بەتەواوەتی لەگەڵ لاریۆنۆڤ و گونچارۆڤادا لە ڕایونیزم کاریان کرد: میخائیل لۆ دانتو Mikhail le Dantu و سێرگی ڕومانوڤیچ Sergej Romanowitsch بوون، بەلام کاتێ کە لاریۆنۆڤ و گونچارۆڤا لە ١٩١٤ ڕووسیایان بەجێ هێشت و بەرەو پاریس کۆچیان کرد، بەڕایونیزم لە ڕووسیا و لە دەرەوەی ڕووسیا کۆتایی پێ هات. لاریۆنۆڤ خۆی گەڕایەوە بۆ ڕەسم کردنی فیگەراتیڤ و زیاتر وێنەی مرۆڤی لە تابلۆکانیدا دروست دەکرد بەهێلی ڕەشی ئاشکرا و پڕکردنەوەی ڕووبەرەکانی بەڕەنگی سادە (تاکە ڕەنگ).

ڕایۆنیزم هەرچەندە بەبەراورد لەگەڵ کوبیزمی فەرەنسی و سوپەرماتیزمی مالێڤچدا ڕووبەرێکی گەورەی لە هونەری شێوەکاری سەردەمەکەی خۆی داگیر نەکردبوو، بەلام لاریۆنۆڤ و گونچارۆڤا بەکردنەوەی پێشانگا و کۆڕ و دانووستاندن و کاری تیۆری، توانیان وەک ڕێبازی هونەری لە مێژووی هونەردا بیچەسپێنن.



یەکێ لەو پێشانگا گرینگانەی کە ڕایۆنیزمی باش تیا ناسرا پێشانگای جیهانی پاریس بوو کە لە ساڵی ١٩١٤ کرایەوە. لاریۆنۆڤ ژمارەیەکی زۆری لە تابلۆ ڕایونیزمەکانی بۆ ناردبوو و کەوتنە بەرچاو ژمارەیەکی زۆر لە بینەران، بەمەش نەک تەنیا خودی لاریۆنۆڤ و ڕایۆنیزمەکەی، تەنانەت بوو بەسەرکەوتن بۆ سەرجەم هونەری ڕووسی ئەوکاتە، بەتایبەتی کاتێ کە سەرنجی گیوم ئەپۆلینێری بەلای خۆیدا ڕاکێشا و لەسەری نووسی: (هەمان سەرچاوە)

سەرەڕای ئەو پەیوەندیەی کە ڕایۆنیزم لەگەڵ کوبیزمدا هەیبوو، بەلام کاریگەری کوبیزم بۆ شێوەی دەرەوەی تابلۆی ڕایۆنیزم بوو. وەکی دی لاریۆنۆڤ و گونچارۆڤا پەیوەندیان لەگەڵ سروشتدا قووڵ بوو، لە کاتێکدا ئەو کاریگەریەی کوبیزم لەسەر مالێڤچ و جۆری بینینی مالێڤچ هەیبوو، هۆیەک بوو بۆ نەهێشتنی پەیوەندی لەگەڵ سروشت و دروستکردنی تابلۆی تەواو بێ فیگەر. بەم جۆرە خزمایەتی کوبیزم و سوپەرماتیزم قووڵتر و پتەوترە وەک لەو خزمایەتیەی کە ڕایونیزم لەگەڵ کوبیزم هەیەتی. لەوانەیە خۆ بەستنەوەی ناوەوەی گونچارۆڤا ولاریۆنۆڤ بەهونەری میللی ڕووسی یەکی بێ لەو فاکتەرانەی کە کوبیزم و دینامیک (فوتوریزم) بەردەوام لە دەرەوەی تابلۆی ڕایۆنیزم مانەوە وەزیفەکانیان تەنیا کارپێکردن بوو پێیان نەوەک گۆڕانی بوونیادی ناوەوەی تابلۆ و جۆری بینین.

لەلایەکی دیکەیشەوە شێوەی ئەندازیاری کە کوبیزم و سوپەرماتیزم کاریان پێ دەکرد، ئەوکات گونجانێکی گەورەی لەگەڵ ڕۆحی سەردەمەکە هەبوو، وەکو دیوی ئەودیوی دەربڕینخوازی و ماتیس.

## سەرچاوەكان


1- William B. Schafer, The Turn of the Ccntury p. Lang Ny 1995

2- H. H. Arnason: The History of Modorn art Harry. n. Abrams. Ny. 1986

3- Gunter Barghaus. Futurism and Politics Oxford. 1996

4- Maurizo Calvesi Futurismus Taschen, Koln. 1987. Michael Koulen, Gerhard Meir

5- Giovanni Lista, Susan wile .Futurism, Parils 2001, Termil

6- Volkmar Esser: Klassische Moderne uon Matiss und Picasso bis Klee. Schuler Verlag

7- Karl Ruhrberg: Die Malerei Unseres Jahrhunderts, Econ Verlag, Dcsseldorf, 1987

8- Horst Richter: Geschi chte Der Malerei im 20 Jahrhundert. Köln. 1985

9- Thomas Suppe: Referat (Futurismus und Religion) Avandgarde Und Relglon.

10- Erich Müller: Moderne Malerei. Sehen Und Verstehen, Verlag Helbing Lichtenhahn Basel Stuttgart 1980

11- Karin Thomas: Stilgeschichte der Bildanden Kunst im 20 Jh bis heute Du Mont, Koln 1977, 1978, 1998.

Lexikon der Kunst, Web. E . A. Seemann Verlag Leipzig 1989 627. pp 12 - 62

13- Raffaele Carrieri Futurismus, Milano. 1963, E . E . Baumbach

14- Uwe. M Schneede. Boccioni. Hatje, Stuttgart, 1994

15- John Golding, Boccioni, Unsique Form of Continuity in Space. Copyright 1985 The Tate Gallrry

16- Gabriel e Mazzotta, Jochen Poetter, Dirk Teuber.

Kati Wohf. Carlo Carra, Mailand 1987, Martina Ingenday, Jngo Bartsch

17- Gabliele Mazzotta, Severini, 1987 Milano/ Gillo Darfles

18- Gino Severini, From Cubism to Classicism Albert Gleizes, Painting and it,s Laws. London Ecl RIVY/ Francis Bautte Publoshers 2001, Peter Brooke, G. Dennis

19- Franco Ambrosio, Emma Cavazzini, Gino Severini The Dance

20- Anne Coffin Hason, Severini Futurista, 1912- 1917

Yale University Art Gallery, New Haven 1995

21- Giovanni Lista Balla. Edsizioni galleria Fonte d. a bissv. Copyright 1982, Italy

Fried Rosenstock, E. E baumbach

22- Raffaele Carrieri, Futurismus, Milano, 1963

23- John Golding, Boccioni, Unique Form of Continuity in Space.





Copyright The Tate Gallery, 1985

24- Marjorie Perloff, The Futurist Moment, The University of Chicago, 1988.

25- Guglielmo Paccttioni, Carlo Carra Edizioni Del Carra, Milano, 1959

26- Gabriele Maszzotta, Severini, 1987. Milano, Gillo Dorfles

27- Gino Severini, From Cubism to Classicism. Albert Gleizes. Painting and its Laws Translation by Peter Brooke, 2001, London, Ecirivy.

28- Franco Ambrosio and Emma Cavazzini, Gino Severine. The Dance 1909- 1919

Translation, Georgie Dennis.

29- Anne Coffin Hanson, Severini Futurista, 1912- 1977, Yale University, Art Gallery, New Haven, Connecticut, 1995

30- Susan Barnes Robinson, Giacomo Balla, Divisionism and Futurism. Umi Research Press, University Microfilms, Internation, Michigan 1981.

31- Gottlieb Leinz ,Die Malerei des 20 Jh Herder, 1988

32- Maly and Ditfried Gerhardus Kubismus and Futurismus, Herder, 1977

33- German Karginow, Rodschenko Buda pest, 1979

34- Futurism in Russland, and David Burlink, Wuppertal Von der Heydt- Museum

Sabine Fehlmann : E . V. Basner, E . N. Petrova, O. N Sichireva.

35- Willy Rotzler, Konstruktive Konszepte ABC Verlag Zurich, 1988. Herausgeber: Paul Andre, Susanne Brammer loh, Parkstone Press, Bournemouth, England, 1998

37- Anthony Parton Mikhail Larionow and the Russian Avant- Gard, Princetion University Press, New Jersey 1993. in U. K Princetion Univrsity oxford.

# بەشی پێنجەم

## تەجرید

خواستی هونەرمەند بۆ جیابوونەوە لە سروشت و چالاککردنی خودی خۆی و دنیای ناوەوەی لە کاری هونەریدا، نوێ نییە لە هونەری شێوەکاری خۆرئاوا و دەرەوەی خۆرئاوادا. ئەمە لە چەندین کاتدا و بەشێوەی جۆراوجۆر دەرکەوتووە، بەڵام کارکردنی هۆشیاری بەتیۆر و پراکتیکەوە بۆ نەهێشتنی فیگەر بەتەواوەتی لە کاری هونەریدا، زیاتر لە دەوروبەری ساڵی ١٩١٠ بەدواوە لە هونەری شێوەکاری خۆرئاوادا بەدەرکەوتووە، لەوەو پێش هەندێک جار لە هێڵ و هەندێک جاری دی لە ڕەنگ یان لە شێوە، لە هەندێ لایەنی کارە هونەرییەکە جارجار بەرێکەوت و جارجاریش بەپێی خواستی هونەرمەندەکە دەردەکەوت، وەک بۆ نموونە لە هێڵەکانی ولیام بلەیک (William Blake) و جۆن فلاکسمانس ١٧٥٥–١٨٢٨ (John Flaxmans)، بەڵام لە هەموویان زیاتر لەوسەردەمانەدا تەجرید لە تابلۆکانی ولیام تێرنەر (William Turner) دەرکەوتووە. (بڕوانە Robert Roseenblau) پاشان ئەمە کاری کردۆتە سەر کلۆد مۆنی و لەویشەوە بۆ کاندنسکی. ئەمە لە حاڵەتی تەجریدی ئۆرگانی (عضوی)، بەڵام تەجریدی ئەندازیاری لە هونەری خۆرئاوادا ڕەگ و ڕەچەڵەکی ڕاستەوخۆ لە کوبیزم دایە.

هونەرمەندانی کوبیزم بەشێوەی جیاجیا کاریان لە پرۆسەی نوێکردنەوەی شێوەدا کرد و هەڵوێستیشیان جیابوو بەرامبەر تەجرید. تێیاندا هەبوو وەک خوان گریز (Joan Gris) بڕوای بەئاڵوگۆڕی تەسەورەکان هەبوو (تصورات) دەربارەی گۆڕانی شێوەکان وەک لە لوولەکێکەوە بۆشووشەیەک، بەپێچەوانەشەوە ئەمە بەوێنایەکی (تصور) تەجرید شێوە دروست دەکات. نموونەی جیاواز، وەک پیکاسۆ و براک کە دەیانەویست سنوور بۆ گۆڕانکارییەکانی شێوە دابنێن لە کوبیزمدا، بۆ ئەوەی شێوە نەبێت بەتەجرید.

پیکاسۆ خۆی هەمیشە بڕوای بەکارکردنی فیگەراتیڤ هەبوو وەکو خۆیی دەڵێت: «شتێ نییە ناوی هونەری تەجرید بێ، هونەرمەند هەمیشە لە شتێکەوە دەست پێ دەکات»، هەبوو بڕوای تەواویان بەوە بوو کە سنوور بۆ گۆڕانکارییەکانی شێوە دانەنرێ گەر ڕووە و تەجرید بڕوات، لەوانە هونەرمەندانی گرووپی گلیز (Gleizes) و میتزینجیر



(Metzenger) و فرناندۆ لێژێ (Fernand Leger) و پیکابیا (Picabia) و فرانچیسک کۆپکا (Frantisek Kupka) و گیوم ئەپۆلینێر (Apollinair) و مارسێل دوشا (Marcel Duchamps) بوون (بڕوانە کوبیزم – هەمان کتێب).

مامەڵەی پیکاسۆ و براک و هونەرمەندانی کوبیزم لەگەڵ شێوە و بۆشایی و مەجالدا، بەکارهێنانیان بۆ هێزی تەسەور (تصور) و مێشک بۆ پارچە پارچەکردنی شێوەکان و دووبارە دروستکردنی شێوەی نوێ تەنیا بواری نوێکردنەوەی شێوەی نەگرتەوە، بەڵکو هەنگاوێکی گرینگ بوو بۆ نەهێشتنی دیدەگا (منظور) و دوورکەوتنەوە لە سروشت و نزیکبوونەوە لە تەجرید و چالاککردنی ڕۆڵی خود لە دروستکردنی شێوەی نوێدا کە بۆ تەجرید زۆر گرینگ بوو، ئەگەرچی سەرجەم کوبیزم ناکرێ وەکو هونەری تەجرید تەماشا بکرێ، بەڵام کارکردن و ئامانجی ئەوان بۆ ئەوە نەبوو کە فیگەر لە کاری هونەریدا نەهێڵن، بەڵکو بۆ نوێکردنەوەی شێوە بوو کە لەگەڵ جۆری کارکردنیان شێوەکان هەندێک تەجرید دەکران، بەتایبەتی لە قۆناغی کوبیزمی شیکاری براک و پیکاسۆدا کە گرینگییەکی زۆری بۆ تەجریدی ئەندازیاری هەبوو.

تەجرید و تەجرید کردن دوو جۆری کارکردنی جیان، لە کاتێکدا تەجرید هیچ پاشماوەیەک بۆ شتەکانی ناو سروشت و واقیع ناهێڵێتەوە، هونەرمەندی تەجرید لەناوەوە شێوە بۆ کارە هونەرییەکەی دروست دەکات. لە پرۆسەی تەجریدکردندا کارە هونەرییەکە هێشتا پەیوەندی تەواوی لەگەڵ سروشت نەپچڕاندووە و فیگەر تیایدا بەدی دەکرێ و ئەم حاڵەتەیش جگە لە کوبیزم ئۆرفیزمی ڕۆبەرت دیلۆنی و فوتوریزم و تا ڕادەیێک کارەکانی هونەرمەندانی گرووپی (ئەسپ سوارە شینەکان)یش دەگرێتەوە.

ئۆرفیزم وەکو مامەڵە تەنیا لەگەڵ ڕەنگدا و بەکارهێنانی ڕەنگ لە جیاتی شێوە و ناوەڕۆک هێشتا مامەڵەی لەگەڵ فیگوردا مابوو بەهەمان جۆریش کارەکانی هونەرمەندە فوتوریزمەکان کە لە تابلۆ و پەیکەرەکانیاندا ڕوخساری مرۆڤ و شتەکانی ناو واقیعیان کەم دەکردەوە، بایەخیان زیاتر بەنیشاندانی جووڵانەوە دەدا لە ڕەنگ و شێوەکانیان. بۆ ئەم مەبەستەیش ئەوان پێویستییان بەفیگەر هەبوو کە بەهۆیەوە دینامیک و جووڵانەوەی پێ نیشان بدەن وەک ئامانجی کارە هونەرییەکانیان، بەڵام بەتەجریدکراوی.

هونەرمەندانی (ئەسپ سوارە شینەکان) بەگشتی بەڕای (بریۆن) زیاتر لە تەجریدەوە نزیکن وەکو لە فیگەراتیڤ، لەوانەشە ئەمە کاریگەری کاندنسکی بێ لە سەریان وەکو یەکێ لە ڕەهبەرە گرینگەکانی ئەو گرووپە.

فرانس مارک (Frans Marc) له ساڵی ١٩١٥ ماوەیەکی کورت پێش مردنی دەنووسێ: «ڕۆژگارێک دێت ژمارەیەک له هونەرمەندە ئەوروپییەکان ئازاری بێ فیگەری تێ دەبەزێنن، شێوە نوێییەکانیان نە له ڕابردوو و نە له سروشت و نە له دەوروبەری خۆشیانەوە دێن، بەڵکو له ناخی ناوەوەیان، ئەمە نەک تەنیا له بواری هونەردا، بەڵکو له زانستیش، شێوەی هونەری نوێ جۆرێک دەبێ کە قەناعەت بەزانست دەکا، دەبێت بەئایین و بەخاڵە گرینگەکانی ڕاستی، خەستییەکەی ئەوەندە گەورە دەبێ بتوانێ گشت ئەو شێوانە له خۆ بگرێ کە ئەمڕۆ دونیا له پاش خۆی جێیان هێشتووە». (بڕوانە Marcel Brion).

تەجرید ئەوەندە پەیوەندی بەئاین و لایەنە ئایدیالەکانی ژیانەوە هەیە ئەوەندە پەیوەندی بەلایەنە مەتریالیستەکان و شتەکانی ناو سروشت و واقیعەوە نییە. هەرچەندە هونەرمەند خۆی له سروشت و واقیع دووربخاتەوە ئەوەندە له تەجرید نزیک دەبێتەوە. له هونەری ئیسلامیدا تەجرید له ئەنجامی دوورکەوتنەوەی هونەرمەند له ڕەسم کردنی وێنەی مرۆڤ و ئاژەڵ و قەدەغەکردنی ئیسلام بۆ دروستکردنی ئەو کارە هونەرییانەی کە (سێبەر دروست دەکەن) هونەرمەند زیاتر بەرەو هونەرێک ڕۆیشت کە شێوەی فیگەرەکان بگۆڕێ بۆ شێوەی زەخرەفە.

له هونەری خۆرئاوای مەسیحییشدا خۆ جیاکردنەوەی هونەرمەند له سروشت و چالاککردنی ڕۆڵی خود و ڕەهەندەکانی ناوەوە هونەری تەجرید دروست دەکەن.

ڕاوبۆچوونی چۆنێتی جیابوونەوەی هونەرمەند له سروشت و دروستبوونی تەجرید جۆراوجۆرن. هێربرد ڕید (Hebert REED) سەرهەڵدانی تەجرید بەترسێکی میتافیزیکی دەبەستێتەوە کە زیاتر بەسەر گەلانی سەرووی ئەوروپادا زاڵە وەکو ئەڵمان و هۆڵەندا و ڕووس، له کاتێکدا (ڕید) هونەری گەلانی خوارووی ئەوروپای دەوروبەری دەریای ناوەڕاست بەفیگەراتیڤ دەبینێ.

مارسێل بریون (Marcel Brion) و هارۆڵد پیکتۆن (Harold picton) و بالدوین براون (Balduin Brown) لەم بوارەوە دوور نین له بۆچوونەکانی (هێربرت ڕید)، بریون ڕای وایە تەجرید له هونەری ئەوروپادا زیاتر لای هونەرمەندان ماڵێڤچ و مۆندریان کۆبکا و کاندنسکی و کلێ و ئال لیسیتسکی و تاتلین پەیدابوون کە هونەرمەندانی گەلانی سەرووی ئەوروپان.

(پیکتۆن و براون) تەجرید دەبەستنەوە بەبونیادی ناو مێشکی مرۆڤەوە و دەڵێن:



«مێشکی مرۆڤ له هونەری سەرووی ئەوروپادا ئەوەندە سەرقاڵی وێنەی مرۆڤ (بەتایبەت پۆرترێت) و شتە سروشتییەکانەوە نەبووە، هەمیشە شێوەکان لەناو ئەو مێشکانەدا له تەجریدەوە نزیک بوونە». لەلایەکی دیکەشەوە بەڕێوەبەری پێشووی موزەی هونەری مۆدێرنی نیویۆرک ئەلفرید بار (Alfred Barr) بەجۆرێ وەسفی تەجرید دەکات وەکو هونەرێ کە تەنیا له شێوە پێک هاتبێ، بێ ئەوەی ناوەڕۆکی هەبێ، تەواو جیاواز له مەرجە مێژووییەکانی، وەکو ئەوەی بنەماکانی سروشت ڕێکوپێک و ڕیالیست بن. هەروەها بەبڕوای (بەر) شێوەی تەجرید له ئەنجامی هیلاکبوونی هونەری فیگوراتیڤەوە پەیدابووە. (بڕوانە Meyer Schapirc).

ئەگەر بڕوا بەم بۆچوونەی (ئەلفرید بار) بکەین دەبێ بڕوا بەوەیش بکەین کە سەردەمێ دێ شێوەی تەجریدیش هیلاک دەبێ و ئەو هونەرانەی کە بووبوون بەتەجرید دیسانەوە دەبنەوە فیگەراتیڤ.

هەندێ بۆچوونی دیکەش هەیە بڕوایان وایە کە دۆزینەوەی کامێرا و هونەری فۆتۆگراف بۆتەوە هۆی پەیدابوونی تەجرید. ئەمانە دەڵێن لەو کاتەوە ساڵی ١٨٤٠، کە کامێرای تیا دۆزرایەوە و کەوتە پێشبڕکێی لەگەڵ هونەرمەندی ڕیالیست له وێنەی دەقاودەقی سروشت. سەرەنجام ئەمە وای له هونەرمەندی ڕیالیست کە بەدوای جۆرێکی دیکە له ڕەسم کردندا بگەڕێ کە ئەمپرێسیۆنیزم بوو، ئەمەش وەکو ڕێ خۆشکەرێ بوو بۆ تەجرید.

گرینگی ئەمپرێسیۆنیزم بۆ تەجرید زیاتر له ڕەنگدا بوو وەک له شێوە. چونکە ئەمپرێسیۆنیزم بەگشتی لاساییکردنەوەیەکی دەقاودەقی سروشت نەبوو، بەڵکو له جۆری دانانی ڕەنگەکاندا ئازادی خودی هونەرمەندەکەی تیابوو. ئەمەش ئەوە ڕەت دەکاتەوە کە هونەرمەندی ئەمپرێسیۆنیزم لەبەر دروستبوونی فۆتۆگراف بۆ بەدیل گەڕا بێ، چونکە ئەمپرێسیۆنیزم خێرایی بەکارهێنانی ڕەنگی تیابوو وەک هەندێ خەسڵەتی ناڕەحەتی و ناڕەحەتی دەروونی هونەرمەندەکە له ئەنجامی کاریگەری ئیقاعی شاردا بەسەر هونەرمەندەکەوە. لەوانەشە وەکو «تحدی» کردنی هونەرمەندی ئەمپرێسیۆنیزمیش بۆ ئەو وێنەیەی کە کامێرا دەقاودەق بۆ سروشتی دەکرد و ویستبێتی بەجۆرێکی دیکە ڕەسم بکا کە کامێرا نەتوانێ. ئەمانە گشتیان بۆچوون و گەڕان و پشکنینن و هۆیەکانی دروستبوونی تابلۆی تەجرید دەوڵەمەند دەکەن، تاکو کاریگەری تیۆری ڕێژەیی ئانیشتاینیش لەسەر دروستبوونی تەجرید.

جگە لەو کاریگەرییەی کە ئەمپرێسیۆنیزم وەکو کوبیزم بەسەر ڕەنگ و شێوەی تەجریددا هەیانبوو، ناوەڕۆکی تەجرید پەیوەندی بەڕۆحەوە هەیە کە لە سەرچاوەی جیاجیاوە هاتووە. زۆبەی ئەو سەرچاوە ڕۆحییانەی تەجرید دەگەڕێنەوە بۆ کولتوورەکانی دەرەوەی ئەورووپا وەک «تاو و زین»ی بوزی و کولتووری هیندییە سوورەکانی ئەمەریکا تا دەگاتە سەر زەخرەفەی ئیسلامی.

هێرمیتیزم Hermitism و ئەنترۆپوزۆفی Antroposophi و ئەلشیمی Alchemi سێ سەرچاوەی گرینگی تەجریدن کە زیاتر سەر بەکولتووری ڕۆژهەڵاتن کە بۆ ناوەڕۆک و بەسیمبۆلکردن و ڕۆحانیکردنی شێوەکانی تەجرید سوودیان لێ وەرگیراوە. تەجرید زیاتر لە بیری ئاینییەوە نزیکتر دەکاتەوە، ئەم بەروحانیکردنی شێوانە بەڕای (بریون) لە دینی ئیسلامدا ڕەت کراونەتەوە لە کاتێکدا هونەری مەسیحی سەدەکانی ناوەڕاست بەکاریانی هێناوە. بەم جۆرە بەئاشکرا هونەری تەجرید خود و بابەت بەهێڵێکی دیاریکراو لە یەکدی جیا دەکاتەوە، لە کاتێکدا هونەری فیگەراتیڤ بەیەکیان دەبەستێتەوە. (بڕوانە Marcel Brion).

لە ڕووی ڕەگوریشەوە، تەجرید لە مێژووی قۆناغە هونەرییەکاندا ڕەچەڵەکی دەگەڕێتەوە بۆ هونەری کلاسیزم، بۆ دەوروبەری ١٧٦٠، لەوێشەوە بۆ سیمبۆلیزمی سەدەی نۆزدە.

ڕیشەی پەیوەندی ئەم دوو قۆناغەش (کلاسیزم و سیمبۆلیزم) بەتەجریدەوە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی خودی ئەم دوو شێوازە هونەرییە پەیوەندیەکی پتەویان بەڕۆحەوە هەیە، بەو مانایەی کە هونەری شێوەدانان بوو بۆ ڕۆح. (بڕوانە هیگل – هونەری کلاسیکی).

هەروەها سیمبۆلیزمیش بەپێچەوانەی ناتورالیزم پەیوەندی بەواقیعەوە نەبوو، بەڵکو سیمبۆل دانان بوو بۆ هەندێ تەسەوڕاتی (تصورات) ڕۆحی. (هەمان سەرچاوە)

دەکرێت کۆتایی شێوە کارکردنی ناتورالیزم Naturalism بەسەرەتای تەجرید لە هونەری شێوەکاری خۆرئاوادا بناسین.

لێرەوە هونەرمەند پێویستی بەوە نەما شتەکانی ناو سروشت وەکو خۆیان ڕەسم بکات و لاسایی ڕوخساری دەرەوەی دیمەنەکان بکاتەوە، ئیتر (خود)ی هونەرمەند چالاکتر بوو و کەوتە هەوڵدان بۆ دۆزینەوەی شێوەی دی بۆ شتە بینراوەکان کە مەرج نەبوو وەک شێوەکانی ناو سروشت بێت. بۆیە ئەمپرێسیۆنیزم لەگەڵ خۆیدا جۆرێک لە تەجریدی تیابوو کە لەلای کلۆدمۆنێ و هونەرمەندانی پۆست ئەمپرێسیۆنیزم بەئاشکرا دیار بوو.



ئەمە جگە لەوەی کە ولیام تێرنەر (William Turner) ماوەیەک پێش ئەوان بەهۆشیارییەوە فیگەرە بینراوەکانی ناو سروشتی لەناو تابلۆکانیدا بەجۆرێکی ئاشکرا نیشان نەدەدا. بەڵکو لەناو کۆمەڵێک ڕەنگدا ونی دەکردن بەشێوەیەک کە سەرجەم دنیای ڕەنگەکان فیگەرە وێنەکراوەکان بشارنەوە و ئیدی تابلۆ بریتی نەبێ لە بابەتی وێنەکراو، بەڵکو لە ئەتمۆسفیرێکی ڕەنگ کە بەئاستەم فیگەری تیا ببینرێ. پاشان کلۆدمۆنێ شێواز و بیرۆکەکەی تێرنەری وەرگرت و پەرەی پێدا و سنووری ڕەقی نێوان فیگەرە ڕەسمکراوەکانی نەرمترکرد، بەجۆرێک پەیوەندی فیگەرە ڕەسمکراوەکان لەناو یەکدا لە تەجرید نزیک بینەوە. (بڕوانە Hans Hildebrandt).

هونەرمەندانی پۆست ئەمپرێسیۆنیزمیش ڕۆڵێکی باشیان لە نزیکبوونەوە لە تەجرید بینی.

فنسنت ڤان کۆخ (Vincent Van Gogh) هەوڵی ئەوەی داوە کە سروشت تێکەڵاو بەڕۆح بکا و بەوپەڕی هێزی ڕووناکی ڕەنگ بیانخاتە سەر تابلۆ وەک دەربڕینی ڕاستەوخۆ بۆ ڕاستی لەناو خودی خۆیەوە، پۆل گۆگانیش لە دنیای ناوەوە لەسەر هونەر کاری کردووەو بڕوای بەڕۆڵی دڵ هەبووە لە کاری هونەریدا. سیزانیش هەرچەندە هونەرمەندی سروشت بووە، بەڵام وێنەی دەقاودەقی سروشتی نەکردووە، هەمیشە سروشتی وەکو بابەت بۆ ڕەسم کردن بەکارهێناوە بەجۆرێ کە خودی خۆی ڕۆڵی گەورەی تیا بینیوە. ئەمە لە وێنەی سێوەکانییەوە تاکو دیمەنەکانی شاخی سانت ڤیکتۆر (Mont Sainte Victoire) لە ساڵەکانی ١٩٠٤ بۆ ١٩٠٦دەردەکەوێ. (بڕوانە Alan Bowness).

هەمیشە چاو و دەروونی خۆی بەتەواوەتی تەسلیم بەسروشت نەکردووە. ئەمەش بەشداری سیزانە وەک ڕێ خۆشکەر نەک تەنیا بۆ فۆڤیزم و کوبیزم، بەڵکو بۆ تەجریدیش.

لە ڕووی تیۆریشەوە هونەرمەندانی پۆست ئەمپرێسیۆنیزم هێمایان بۆ تەجرید هێناوە وەک ئەوەی ڤان کۆخ لە یەکێ لە نامەکانیدا بۆ تیوی برای دەنووسێ کە تابلۆکانی پێویستییان بەتەجریدکردن هەیە. گۆگانیش لە کاتی خۆی گوتوویەتی: «هونەر هەر خۆی تەجریدە».

پول سنیاک Paul Signac و جۆرج سویەریش لە ساڵی ١٨٩٨دا گرینگی تێرنەر دووپات دەکەنەوە، سنیاک دەڵێت: «ولیام تێرنەر ڕێی بۆ ئێمە خۆش کرد بەهیچ جۆرێک خۆمان بەلاساییکردنەوەی سروشتەوە وابەستە نەکەین». (هەمان سەرچاوە).

## ئەمپرێسیۆنیزم و کوبیزم(*)

پەیوەندییان بەدنیای دەرەوەی تەجریدەوە هەیە وەکو ڕەنگ و شێوە، لە کاتێکدا تەجرید دۆزینەوەی ئازادییە لە ناوەوە، ئەمەش جۆرێکە لە یەکچوونی تەجرید و سوریالیزم، کە جوانی و ئازادی لە دەرەوەی سروشت بەدی دەکەن.

لەبەرئەوەی هونەرمەندی تەجرید پەیوەندی خۆی لەگەڵ شێوە سروشتییەکاندا ناهێڵێ حوکمی خۆی بەسەر دنیای دەرەوە دەدات، وەک ئەوەی چۆن زەوقی کۆن گوتوویەتی: «هەرچەند لە یەک بچن ئەوەندە جوانە». زەوقی تەجریدی مۆدێرنیش گوتوویەتی: «هەرچەند لە یەک بچن ئەوەندە ناشرینە». (بڕوانە Meyer Schapiro).

چەمکی تەجرید (Abstract) لە زۆر کۆنەوە بۆ لایەنەکانی دیکەش وەکو ئەدەب و موزیک و فەلسەفە و زانستیش بەکارهێنراوە. لە مێژووی هونەری شێوەکاریی خۆرئاوادا تاکو سەدەی شازدە، بەمانای بەبابەت کردنی پەیوەندی نێوان جیهانە بینراوەکان و کارە هونەرییەکەدا هاتووە. هەروەها بەمانای جیابوونەوە لە شتە بینراوەکان بەجۆرێک جێگایان تەنیا لەناو تەسەور (تصور) و خەیاڵدا بمێنێت هاتووە.

لە سەدەی نۆزدەمیشدا بەمانای سادەکردنەوەی هێڵەکان بەکارهێنراوە. هەروەها بۆ وەسفکردنی شتێکیش کە پەیوەندی بەخەیاڵەوە هەبێ یان شتێ کە دوو ڕەهەندی (تەخت) بێت، یان ڕەسم کردنی شتێ کە لەناو واقیعدا نەبینراوبێ، وەک فریشتە (ملائکە) یان شەیتان تاوەکو بەکارهێنانیشی بۆ شتی ڕازاندنەوەش. (هەمان سەرچاوە)

لە سەدەی بیستەمدا سیمینارە گرینگەکانی فیلهلم و ورینگەرس (Wilhem Woringers) ڕۆڵێکی گەورە دەبینن لە ماناکانی چەمکی تەجرید. ورینگەرس لە ساڵی ١٩٠٨ هەندێ سیمینارە لە زانکۆی میونشن دەربارەی تەجرید گوتبۆوەوە کە تیایاندا چەمکی تەجریدی بەشێوەی سووچ و قەراغ. یا نەخۆشێک دژ بەسروشت، ئەو کات کاندنسکی لە میونشن دەبێ و بەوردی گوێ بۆ ئەو موحازەرانەی ورینگەرس دەگرێ و لەهەمان کاتدا سەرقاڵی تیۆری و کارکردنیش دەبێ بۆ تەجرید، سیمینارەکانی ورینگەرس کاری گەورەی

(*) بەڕای (مارسێل بریون) ناکرێ کوبیزم وەکو ڕێ خۆشکەر بۆ تەجرید ببینرێ، بەڵکو وەکو هونەری بەتەجریدکردنی شێوەکان دیارە، لەبەرئەوەی شێوەکانی ناو کوبیزم (لێرەدا ئۆرفیزم و فۆتۆریزمیش دەگرێتەوە) هێشتا پەیوەندییان بەشتەکانی ناو واقیعەوە هەیە.



لە سەردەکەن. لای پیت مۆندریان تەجرید پرۆسەی کەڵەکەبوونی ڕۆحە، ئەو چەمکی تەجرید لە (پ. ویلش– P. Welsh و ج.م. جۆستن J.M. Joosten)ەوە وەردەگرێت و بەم جۆرە لە دەفتەری یادگاریەکانیدا دووپاتی کردووەتەوە: «شێوە دەتوانێت لە دنیای واقیعەوە بەرەو دونیا تەجرید سەرکەوێت، بەوێنەی سێگۆشەیەک کە بەردەوام ڕووەو سەرەوە بڕوات، تا سەری سێگۆشەکە دەگات بەڕۆح، بەموتڵەق (مطلق) ئەو کات دەگات بەپاکی».

کاندنسکیش گشت ئەو هونەرانەی بەتەجرید بینیوە کە هیچ جێ پێی شتەکانی ناو واقیعیانەی تیا نییە ئەگەر وەکو خاڵی دەستپێکردنیش بەکارهێنرابێتن. ئەم بینینەی کاندنسکی بۆ تەجرید بێگومان ناکۆکە لەگەڵ ئەوەی پیکاسۆ گووتویەتی: «شتێ نییە ناوی تەجرید بێ، هونەرمەند هەمیشە لە شتێکەوە دەست پێ دەکا».

ئەپۆلینێریش زۆر پێش پیکاسۆ و کاندنسکی تەجریدی بەجۆرە ڕەسم کردنێ شوبهاندووە کە بەهیچ جۆرێک بابەت، یان فیگەری تیا نابینرێت، بەڵکو تەنیا لە ڕەنگ و شێوەکانی ڕەنگ پێک هاتبێت. هەروەها ڕەخنەگری هونەریش میشیل زۆیفور (Michel Seuphor) زۆر بەکورتی و بەئاسانی تەجرید وەکو شۆڕشێک دەبینێ لە بەرامبەر ڕێنێسانس. (هەمان سەرچاوە).

گشت جۆرە دەرکەوتنەکانی تەجرید لە مێژووی هونەری شێوەکاری خۆرئاوادا تاکو سەرەتای سەدەی بیستەم نەیتوانی کاری هونەری بەتەواوەتی لە فیگەر ڕزگار بکا. ئەوانەی کە تەواو بەتیۆری و پراکتیکەوە خۆیان بۆ نەهێشتنی فیگەر لە کاری هونەریدا تەرخان کردووە هونەرمەندانی تەجریدی سەرەتای سەدەی بیستەم بوون.

ولیام تێرنەر لە سەدەی نۆزدە توانی فیگەر تێکەڵاو بەئەتمۆسفیری ڕەنگ بکا و قورسایی کارەکانی تەواو بخاتە سەر ڕەنگ، بەمەش هەنگاوی گەورە ڕووەو تەجرید بنێ، بەڵام (تێرنەر) هونەرمەندی دیمەن بوو. کلۆدمۆنێیش سنووری نێوان فیگەرەکانی بەڕەنگ نەرم کردەوە، دیسانەوە وەکو هەنگاوێکی دیکە بۆ ڕێ خۆشکردن بۆ تەجرید، بەڵام مۆنێ وەکو هونەرمەندی ئەمپرێسیۆنیزم دەمێنێتەوە.


لە کۆتایی سەدەی نۆزدەمیشدا هونەرمەندی بەلژیکی (هنری ڤان دو ڤیلدا Henry Van de Velde ١٨٦٣–١٩٥٧) لە ساڵی ١٨٩٠ پێکهاتوویەکی تەجریدی دروست کرد. بەڵام ڤان دو ڤیلدا هونەرمەندی شێوازی مۆدێرن بەیەکێک لە ڕابەرە گەورەکانی ئەو ڕێبازە دەژمێردرێ. (بڕوانە H.H Arnason)

لە ساڵی ١٩٠٥یش هونەرمەندی موزیک و کۆمپۆنیستی لیتوانی (میکولاس. ک. سیرلیون Ciurlions) هەندێ لە کارە کۆمپۆنیستەکانی خۆی گۆڕیبوو بۆ ڕەنگ و چەند تابلۆیەکی بەناونیشانی (ئەبستراکت) دروست کردبوو کە ڕۆڵێکی چاک لە سەرەتای تابلۆی تەجرید دەبینن و کار دەکەنە سەر کاندنسکی و سەرەتای تەجریدەکەی، بەڵام سیرلیون بەشێوەیەکی سەرەکی هونەرمەندی موزیک بوو.

گشت کوبیزمی شیکاری و ئۆرفیزم و فۆتۆریزم وەکو هونەری تەجریدکردنی شێوە و ڕەنگ مانەوە و تابلۆی نیمچە تەجریدیان پێک هێنا (Semi- Abstraction)، بەڵام وەکو باسمان لێوە کرد بەفیگەراتیڤی مانەوە.

ساڵی ١٩١٠ ساڵێکی گرینگە بۆ سەرەتای گشتی تابلۆی تەجریدی. لەم ساڵەش تەنیا کاندنسکی نەبوو کە تابلۆی تەجریدی تەواوی دروست کرد، بەڵکو لە هەمان ساڵدا هونەرمەندانی ڕووس: میخائیل لاریۆنۆڤ و ژنەکەی ناتالیا گونچارۆڤا، هەندێ تابلۆی تەجریدیان دروست کرد کە تێکەڵاوێک بوون لە کوبیزم و فۆتۆریزم. ئەوان ناوی ڕایونیزم (Rayonism)یان لێنا، لەبەرئەوەی شێوەی ڕەنگەکان لە تیشک دەچوون (Ray)، تابلۆکانیش تەنیا لە ڕەنگ و شێوەکانی ڕەنگ پێک هاتبوون بێ ئەوەی پەیوەندییان بەسروشتەوە هەبێ. (بڕوانە هەمان سەرچاوە).

یەکێک لەو هونەرمەندانەی پێش کاندنسکی ڕۆڵێکی باشی لە تابلۆی تەجریدی و تیۆرەکان بینی هونەرمەندی چیکی فرانچیسک کۆپکا Frantisek Kupka (١٨٧١ – ١٩٥٧) بوو. کۆپکا ئەو ماوەیە ساڵی ١٩١٠ ژیانی لە پاریس بەسەر دەبرد و لەگەڵ ڕۆبەرت دیلۆنی و ژنەکەی سۆنیا دیلۆ نی کاریان لە ئۆرفیزم دەکرد.



کۆپکا. تەجرید ١٩١٢

کۆپکا لە ١٩١٠ بۆ ١٩١١ هەندێ کاری لە ئۆرفیزم دا کرد تا ڕادەی نەهێشتنی فیگەر لە تابلۆدا و دروست کردنی تابلۆی تەجریدی تەواو،



لەگەڵێشیدا هەندێ تیۆری دەربارەی تەجرید و کارەکانی خۆی نووسی کە تیایاندا زیاتر لە پرۆسەی ئازادکردنی ڕەنگەوە دەستی پێ کردبوو و قورسایی نووسینەکانی خستبووە سەر (هێڵ) و چۆنێتی دەرکەوتنی لە کاری هونەری تەجریدیدا. وەک بۆ نموونە: بەچەوتی، بەڕاستی، بەچەماوەیی و چۆنێتی ئەو چەمانەوەی، هتد.. (بڕوانە Anna Moszynska).

ئەم کار و تیۆرییانەی (فرانچیسک کۆپکا) کاریگەرییەکی باشی لە سەرەتای تابلۆی تەجرید بینی.

جگە لە میخائیل لاریۆنۆڤ و گونچارۆڤا و کۆپکا هەر لە هەمان دەوروبەری ساڵی ١٩١٠ هەندێ هونەرمەندی دیکەش وەکو هەردوو ئەمەریکی کاترین شیڤەر Kathärin Schafer و ئەرتۆر دۆڤ Arthor Dove سەرقاڵی تابلۆی تەجرید بوون. بەڵام ئەوانەی کە تەجریدیان کردە شێوەی تایبەتی کارەکانیان و بەتەواوەتی هونەرەکەیان لەلایەن پراکتیک و تیۆرییەوە بۆ تەرخان کرد، کاندنسکی و پیت مۆندریان و هونەرمەندانی دو ستیلی هۆڵەندی و کازیمیر مالێڤچ و سوپەرماتیزمەکەی و هونەری کۆنستروکتیڤیزمی لیسیتسکی و تاتلین و هونەرمەندانی قوتابخانەی باوهاوسی ئەڵمان بوون، کە تەجریدیان کردە شێوەی بنەڕەتی لە کارەکانیاندا. لای هەندێکیان وەکو پیت مۆندریان و کاندنسکی تەجرید بوو بەمێتۆد (منهج) بۆ هونەرەکەیان و گشت تازەکردنەوەی شێوەکانیان گرتە ئەستۆی خۆیان چ وەکو تابلۆ یان کاری تیۆری.

تەجرید ڕێباز یان قوتابخانەیەکی هونەری نییە، بەڵکو شێوەیەکە بەگشتی لە دوو جۆردا خۆی دەبینێتەوە، یەکێکیان شێوەی ئەندازیارییە (Geometric) کە هونەرمەندانی هۆڵەندی پیت مۆندریان و تیۆڤان دویسبۆرگ و هاوڕێکانیان لەژێر ناوی دو ستیل (De Stjl)دا کاریان تیای کرد. هونەرمەندانی ڕووسی کازیمیر مالێڤچ و ئال لیسیتسکی و تاتلین ناوی (سوپەرماتیزم) و کۆنستروکتیڤیزمیان بۆی دانا، پاشانیش قوتابخانەی باوهاوس شێوەی ئەندازیارییان کردە شێوەی بنەڕەتی لە کارەکانیاندا. ڕیشەی ئەم شێوە ئەندازیارەی تەجریدیش دەگەڕێتەوە بۆ کوبیزم.


شێوەی دووەمی تەجرید ئۆرگانییە (عضوی) Organic کە هونەرمەندی ڕووسی ڤاسیلی کاندنسکی ڕابەری سەرەکی و خاوەنی تیۆرییەکان و شێوەکارکردنی بوو. ڕیشەی ئەم شێوە تەجریدەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەمپرێسیۆنیزم.

## پیت مۆندریان

پیت مۆندریان – Piet Monderian – ١٨٧٢–١٩٤٤ لە سەرەتای کارکردنی هونەریدا هونەرمەندی سروشت بوو، زیاتر لەژێر کارتێکردنی ئەمپرێسیۆنیزمدا کاری دەکرد. تاکو ساڵی ١٩١٦ سەرەڕای تێپەڕبوونی بەچەندین قۆناغی هونەری وەک: سیمبۆلیزم کاریگەری هونەرمەندی هاوڵاتی خۆی تۆروپ (Too rop) بەسەریەوە نەیتوانی خۆی لێ رزگاربکا. پاشان لە ماوەی پاریسی بەتوندی کەوتە ژێرکاریگەری کوبیزمەوە.

کوبیزم گرینگترین قۆناغی هونەری مۆندریان بوو پێش ئەوەی بگاتە تەجریدە ئەندازیارییەکەی خۆی و تابلۆ بەچەند هێڵێک و چەند ڕەنگێکی سادە و شێوەی لاکێشە و چوارگۆشە و هێڵی شاقوڵی و تەریبی دروست بکات.

کوبیزمی مۆندریان دەگەڕێتەوە بۆ ئەو سەردەمە کە لە مانگی ١٢ی ساڵی ١٩١١ بۆ ١٩١٤ ژیان لە پاریس بەسەر دەبا. هەرچەندە سیزان و سەرجەم ئەمپرێسیۆنیزمیش لەو کاتەدا کاریگەریان لەسەر هەبوو، بەڵام ئەو زیاتر کەوتە ژێر مێتۆدی پارچە پارچەکردنی شێوەوە، بەتایبەتی کوبیزمی شیکاری کە تێکەڵاوی وێنەی سروشت کردبوو و بووە سەرەتایەک بۆ شێوە کارکردنی شاقوڵی و تەریبەکەی خۆی. مۆندریان ئامانجی ئەو نەبوو لەگەڵ گرووپی پیکاسۆ و براک یان گلیز و میتزنجیر کار بۆ نوێکردنەوەی شێوە بکات، بەتایبەتی بەو حاڵەتە عەقلانییەی کە کاری کوبیزمی پێ دەکرێ، وەک بەکارهێنانی مێشک و هێزی تەسەور (تصور) بۆ پارچە پارچەکردنی شێوەکان و دروست کردنی مەجال. لە کاتێکدا ئەو هەر لەو دەمەوە کە کارەکتەر و بینینی هونەرمەندی تەجریدی تیا دەرکەوتبوو وەک جیاکردنەوەی خود لە سروشت و بەکارهێنانی بۆ دروستکردنی شێوەکان لە ناوەوە، کە مۆندریان بەیارمەتی کوبیزم پێی



مۆندریان. تابلۆ ژمارە -١- ١٩١٣



گەیشت و بەمەش کوبیزم لە هونەری تەجریدی ئەندازیاری مۆندریان و شێوە ئەندازیارەکانی تەجریدیدا وەکو سەرچاوەیەک دەمێنێتەوە.

لە ساڵی ١٩١١ بەدواوە مۆندریان مێتۆدی پارچە پارچەکردنی شێوەی فیگەرەکانی سروشتی بەکار دەهێنا. لە هەمان کاتدا بینینی تەجریدی تیا دروست بووبوو. وەکو لە تەجرەبەکەیدا لە ڕەسم کردنی تەنیا دارێک دەردەکەوێ. ئەوکات مۆندریان بینینیدا بۆ سروشت تەماشاکردنەکەی خۆی پەرش و بڵاو نەدەکردەوە بەسەر گشت دیمەنەکەدا، بەڵکو تەنیا تەماشای یەک شتی دەکرد.

لە چیرۆکی ڕەسم کردنی مۆندریان بۆ دارەکە، سەرەتای جیابوونەوەی لە سروشت و کاری تەجریدی دەردەکەوێ بەجۆرێ کە چەند جارێک وێنەی هەمان دار دەکاتەوە. لە ڕەسم کردنێکی سروشتییەوە تا نەمانی فیگەری دارەکە بەتەواوەتی. ئەو وردە وردە وێنەی لقەکانی دارەکە سادە دەکاتەوە بۆ چەند هێڵێکی چەماوە و دروستکردنی شێوەی هێلکەیی لە نێوانییەوە بەجۆرێ کە لە دووپات و سێ پاتکردنەوەیدا هێڵە کەوانەییەکانی بەیەکەوە دەبەستەوە و دەیانی گۆڕی بۆ هێڵی تەریبی و شاقوڵی. بڕوانە (H.H Arnason).


سەرەنجام هیچ پاشماوەیەک لە (دارەکە) نامێنێ و تابلۆکە تەنیا لە چەند هێڵێکی تەریبی و شاقوڵی پێک دێت کە لە نێوانیانەوە شێوە لاکێشە و چوارگۆشە پەیدا دەبن. خۆی لەم بارەیەوە دەڵێت: (ئاشکرایە شێوەی کراوە سنووری دیاریکراو نییە بەبەراورد لەگەڵ شێوە داخراوەکاندا کە سنووریان تەواو دیاریکراوە). (بڕوانە Walter Hess).

ئەم هێڵە شاقوڵی و تەریبانەی مۆندریان کە لە تەجرەبەی ڕەسم کردنی دارەکەوە پێی گەیشتووە، هێشتا هەڵگری سیمبۆلی گەردوونی نین، بەڵام گەیشتن بوو بەدروستبوونی شێوەی داخراو کە ئامانجی مۆندریان بوو.

ساڵی ١٩١٤ مۆندریان دەگەڕێتەوە بۆ هۆڵەندا و لە هونەرمەندی هاوڵاتی خۆی تیۆڤان دویسبێرگ Theo Van Doesburg نزیک دەبێتەوە کە ئەویش سەرقاڵی کارکردن دەبێ لە شێوەی هونەری ئەندازیاری و تیۆرەکانی حسێبی(*) سەدەکانی ناوەڕاست و کاریگەرییان بەسەر تەجریدی ئەو کاتەوە و پاشان تێگەیشتن و سوود وەرگرتن لەو زانیارییانە لە شێوەی تەجریدی ئەندازیاریدا کە لە لای مۆندریان، جێگەیان گەورە بوو. ئەگەرچی بەڕای (بریۆن) مۆندریان زیاتر لە ڕێگای مەزندەوە (حدس) بەرەو ئەنجامە هونەرییەکەی دەچوو وەک لە ڕێگای زانیاری و حسێبدا. مێتۆدی شیکاری کوبیزم و بینینی تەجریدی مۆندریان

گەیاندیانە ئاستی دروستکردنی شێوە شاقوڵی و تەریبییەکانی. بەڵام مەبەستی مۆندریان تەنیا شێوە نەبوو لە کاری تەجریددا، ئەو دەیەویست شێوە و ڕەنگەکانی مانا و ناوەڕۆک لەخۆ بگرن. بەتایبەتی پاش ئەو ئێش و ئازارەی کە لە دوورەوڵاتی بۆی دروست بوو بوو، نەیدەویست تەسلیمی بێ. بەڵکو دەیویست هونەرێکی لێ دروست بکا، کە بێ هاوتا بێ و هێمنی ببەخشێت. لەلایەکی دیکەشەوە تاکو ساڵی ١٩١٦ هێشتا بەتەواوەتی لەژێر کارتێکردنی ئەمپرێسیۆنیزم ڕزگاری نەبووبوو. ئەمە قەیرانێکی بۆ دروست دەکا لە نێوان پاشماوەی کاریگەری ئەمپرێسیۆنیزم و تەجرەبە و گەڕانەکانی خۆی بۆ دۆزینەوەی شێوە و ناوەڕۆک بۆ کارەکانی. ئەمە وای لێ دەکات بەدرێژایی ئەو ساڵە (١٩١٦) تەنیا یەک تابلۆ دروست بکات. لە نامەیەکیدا بۆ برادەرێکی خۆی دەنووسێت: «خەریکە تووشی سەرلێشێوان دەبم و نازانم چۆن لەژێر کاریگەری ئەمپرێسیۆنیزم دەرباز بم و هەنگاوی نوێ بنێم». (بڕوانە Alan Bowness).

حاڵی مۆندریان ئەو کاتە وەکو حاڵی پیکاسۆ و براک دەبێ لە کارکردنیاندا لە قۆناغی کوبیزمی شیکاری کە تاکو دەهات لە تەجرید نزیک دەبووەوە و سەخت بوو ئەم ڕێڕەوە کارکردنە ڕاگرن، سەرەنجام لە نێوان دوو ڕێگادا وەستان. یان ڕێگای بەردەوامبوونی کوبیزمی شیکاری بۆ تەجرید یاخود ڕێگای گێڕانەوەی فیگەر بۆ کوبیزم. ئەوکات مۆندریان بڕوای وابوو، ئەگەر بێتو تابلۆیەکی تەواو بێ فیگەر لەژێر فشاردا بکا، ئەنجامەکەی تەنیا دەبێتە کاری دیکۆر و هیچ مانایێکی نامێنێ، سەرەنجام لەو کاتەدا بوو کە تیۆرییەکانی تیۆسۆفەکان کەوتنە هانایەوە. (بڕوانە Alan Bowness).


مۆندریان. داڕشتن بە سوور و زەرد ١٩٢١

ئانا مۆزنسکا (Anna Mosynska) لە کتێبەکەیدا (ئەبستراکشن) ڕای وایە مۆندریان زۆر لەوەپێش، لە ساڵی ١٩٠٩ زانستە تیۆسۆفییەکانی تێکەڵاو بەتەجرەبەکانی خۆی کردووە. لەوانەیە (مۆزنسکا) لەوەدا مەبەستی کارتێکردنی نووسینەکانی خانمی ئیزیز ئۆنڤایلد (Isis



Unveiled) بێ کە دەوروبەری ساڵی ١٨٧٧ دەربارەی شوبهاندنی هێڵی شاقوڵی و تەریبی بەنێر و مێ، چونکە مۆندریان زۆر جار هونەرمەندی وەکو مرۆڤێک دەبینی کە نە نێرە و نە مێیە و لە هەمان کاتیشدا هەردووکێتی، دەشێ ئەمە لەلایەکی دیکەوە لەژێر کاریگەری پرەنسیپی (یەن و یان)ی بووزیشدا بێ کە مۆندریان سەری پێیانەوە قاڵ بوو. بەڵام زۆربەی سەرچاوە تیۆرییەکان دەربارەی مۆندریان لەوەدا یەکن کە بەگەردوونیکردنی هێڵە شاقوڵی و تەریبەکانی مۆندریان لەژێر کاریگەری زانا و فەیلەسوف وتیۆسۆفی مەسیحیی کاتۆلیک شوێنمێکەرس دابووە (Choenmaekers).

شوێنمێکەرس لە ساڵی ١٩١٤ تاکو ١٩١٩ ژیانی لە هۆڵەندا بەسەر دەبرد هەمان ئەو ماوە دەگرێتەوە کە مۆندریان هێڵە شاقوڵی و تەریبییەکانی بەیاساکانی گەردوون بەستەوە، بەتایبەتی ئەو هەندێ لە نووسینەکانی شوێنمێکەرسی لەژێر ناونیشانی (وێنەی نوێ بۆ ژیان) خوێندبۆوە کە لە ساڵی ١٩١٥دا نووسیبووی، زۆر هەستی بەگونجاندن دەکرد لەگەڵیدا. چونکە شوێنمێکەرسیش خۆشەویستی بۆ شێوە و ڕەنگ هەبوو و هەندێ لەو بۆچوونانەی خۆی بەنموونەی ڕەنگ و شێوە دەردەبڕی وەکو ڕەنگی زەرد بۆ جووڵانەوە و خێرایی، لەبەرئەوەی هەستی تیشک دەبەخشێ، ڕەنگی شینیش بۆ شوێن و بێ پایانی دژایەتی بۆ زەرد و ڕەنگی سووریش وەکو یەکێتی و بەیەکەوەنان. (بڕوانە Anna Mos-zynska).

شوێنمێکەرس وەکو کەشیشێکی کاتۆلیک یەکێ بووە لە تازەکەرەوەکانی بیری ئەفلاتۆنی کە هەمان شت لای مۆندریان، خۆشەویست بوو ناوی ئەو نووسینانەی دەنێت مستیکی پۆزەتیڤ (Positive Mystik– تەسەوفی ئیجابی) یاخود بینای ماتماتیک کە ئەمەش نزیک بوو لە دنیای مۆندریانەوە.

شوێنمێکەرس. لەو نووسینانەیدا مامەڵە لەگەڵ هەندێ بابەتی دژ بەیەک دەکرد، وەکو تاریکی و ڕووناکی، مردن و ژیان، نێر و مێ، شوێن و کات کە تیایاندا سەرجەمی یاساکانی گەردوون دەبەستێتەوە بەدوو هێزی سەرەکییەوە کە لە شێوە هێڵ دان، هێڵی شاقوڵی وەکو جووڵانەوەی زەوی بەدەوری خۆیدا و هێڵی تەریبیش وەکو جووڵانەوەی زەوی بەدەوری خۆردا. ئەوکاتەش (١٩١٦) مۆندریان بەتەجرەبەکانی خۆی گەیشتبووە دروستکردنی هێڵی شاقوڵی و تەریبی لە تابلۆکانیدا و لەوەوپێشیش تەجرەبەی لەگەڵ سیمبۆلیزمیشدا هەبوو. سەرەنجام ئەم بۆچوونانەی شوێنمێکەرس بوون بەیاریدەدەرێکی

گەورە بۆ ڕزگاربوونی لە قەیرانەکانی. ئەمەش بەتێکەڵاوکردنی مانا تیۆسۆفییەکانی شوێنمێکەرس بەهێڵ و ڕەنگەکانییەوە بۆ دروستکردنی مانا و سیمبۆل و ناوەڕۆک بەهێڵ و ڕەنگەکانی.

مۆندریان دەربارەی کارە تەجریدییەکانی جەخت لەسەر مەشقکردنی میدیتاتیڤ (Miditation) (بیرکردنەوە – تأملی)و ڕێگای لە سەرخۆ و دڵنیایی گەشەکردن دەکات (Evolution)، ئەمەش لە ئەنجامی سەرقاڵییەوە بەکولتوورەکانی ڕۆژهەڵات کە نزیک بوون لە بۆچوونەکانی دووتیۆسۆفی دیکەش کە دیسانەوە مانا و سیمبۆلەکان لە کارەکانیدا بەهێزتر دەکەن.

ئەم دووتیۆسۆفە ئانی بێزەنت (Annie Besant) و س. و. لیدبێتەر بوون (C. W. Leadbeater) کە شێوەی تەجریدیان وەک بنەڕەتێک دەبینی بۆ میدیتاتیڤ کە زیاتر هانی مۆندریانی دەدا بۆ بەستنەوەی شێوە تەجریدییەکانی بەڕۆحەوە، ئەمە بەشێوەی سەرەکی لەژێر کاریگەریی بۆچوونەکانی لیدبێتەر کە بەڕای ئەلان بۆنس (Alan Bowness) شێوە تەجریدییەکانی تەجریدی خۆرئاوایی لە نەخش و دیکۆر جیاکردەوە. (مارسێل بریۆن)یش لەمەدا جیاوزیەک لە نێوان هونەری تەجریدی ئەندازیاری مۆندریان و زەخرەفەی ئیسلامی دەبینێ، بەومانایەی تەجریدەکەی مۆندریان دەربڕینی خودێکی داهێنەرە و دەکرێ وەکو (خود – زات) تەماشا بکرێ. سەرەنجام لە نێوان شێوە تەجریدەکەی مۆندریان و بیری ئەم تیۆسۆفانە ڕەهەندێکی ئاینی کریستیانی خۆرئاوایی بەکارەکانی بەخشی کە هەندێ جار دەکەوتنە دژایەتییەوە لەگەڵ گەڕان و بایەخ پێدانەکانی دیکەیدا کە لە سەرچاوەی ڕۆحی ئاینە خۆرهەڵاتییەکاندا بوو وەکو بودیزم و هیندوئیزم کە دەبنە مایەی قەیرانی ڕۆحی کولتووری لای کە لە نامەیەکیدا بۆ کاندنسکی دەری دەبڕێ: «دووبارە لە دایکبوونەوەی ڕۆحی شارستانی خۆرئاوا لە سەرچاوەی ئاینە خۆرهەڵاتییەکاندایە». (بڕوانە Alan Bowness).

مۆندریان ئاگاداری ئەوەبوو کە لە کارەکانی نە شێوە پێش ناوەڕۆک بکەوێ و نە ناوەڕۆکیش پێش شێوە بکەوێ. ئەو هەمیشە کاری بۆ پێشخستن و نوێکردنەوەی شێوە و ناوەڕۆک بەیەکەوە دەکرد، لە کاتێکدا بیرۆکەی تیۆسۆفە مەسیحییەکان و سەرچاوە دینییە خۆرهەڵاتییەکان ناوەڕۆک و ڕۆحی بەکارەکانی بەخشی. ئەو لە ساڵی **١٩١٧** دیسانەوە دەگەڕێتەوە سەر کارکردن بۆ پێشخستن و هاوتاکردنی شێوە و ڕەنگەکانی لەگەڵ



ناوەڕۆکدا، ئەمەش بەیارمەتی تۆژینەوەی کارەکانی هونەرمەندی هاوڵاتی خۆی (ڤان دێر لێک Van DER Leck –١٨٧٦–١٩٥٨) کە هەستی بەنزکیایەتی دەکرد لە کارەکانییەوە، بەتایبەتی لە لایەنی شێوەوە، لە ئەنجامی ئەم تۆژینەوەیە (دراسە) ڕەنگ و شێوەکانی سادەتر بووەوە (ئیختیزال) بۆ ڕەنگە سەرەتاییەکان (سوور، زەرد، شین) و شێوەکانیش بەتەواوەتی بوون بەچوارگۆشە و لاکێشە کە هەندێکیانی بەسادە ڕەنگی سوور یان زەرد یان شین پڕکردەوە و هەندێکی دیکەیشی بەڕەش و سپی و خۆڵەمێشی.

ئامانجی سەرەکی مۆندریان لەم کارکردنە نوێکردنەوەی بەردەوامی ڕەنگ و شێوەکانی گەیشتن بوو بەهونەرێک کە هێمنی و قووڵی و هاوتایی و ڕێکوپێکی ببەخشێت. ئەمەشە هۆی بوونی هێڵی ڕاست و گۆشەی ژمارە نەوەت **٩٠**(*) ڕەنگی سادە لە کارەکانیدا کە ماوە و یاسا ڕۆڵێکی گەورەی تیا دەبینن، لایەنێکی زانستی (الجبر)ی عەرەبییە بۆ ناو زانستی ئەورووپی هاتووە.

ساڵی **١٩١٩** مۆندریان تەواو گەیشتە ئاستی (ئیختیزال) و سادەکردنەوەی شێوە و ڕەنگەکانی کە بوونە بەشێک لە بەسیستمکردنی شێوەی بیرکردنەوە و هەستەکانیشی لەژێر ناونیشانی (تەجریدی سروشتی و تەجریدی واقیعی). مۆندریان دەنووسێ کە چۆن بەتێکەڵاوکردنی بۆچوونی تیۆسۆفەکانەوە گەیشتە جوانییەکی گەردوونی لە شێوەی تەجریددا کە تیایدا لە هێڵی ڕاست و ڕەنگی سادە و شێوەی ئەندازیاری کۆنکریت هەستی ڕاستی و بێ پایانی، دەردەبڕێ وەک چۆن (بەڕای مۆندریان) فەلسەفەی ئەفلاتۆنی نوێ وەسفی دەکا.

بەڕای ڤیرنەر هۆفمان (Werner Hofmann) ئەم بەستنەوەی هێڵی شاقوڵی و تەریبییە بەیاساکانی گەردوونەوە دەبنە میتودێ بۆ ڕزگاربوونی خودی مۆندریان لە ئێش و ئازار کە مەنفای ساڵەکانی (١٩١١ بۆ ١٩١٤) بۆی دروست کردبوو.

هۆفمان دەڵێت لای مۆندریان دوالیزمی ئێش/ خۆشی هەبوو، ئەمەش لەو سنوورە دیاریکراوانەی کارەکانی بەدەر دەکەون، لە جوانییەکی قووڵدا ئەم دوو دژە (ئێش/خۆشی) بەیەک دەگەن و ئیدی پاشماوەیان نامێنێ و لە جیاتیان هێمنی دروست دەبێ کە ڕیشەی لە جوانی و ئازارێکی قووڵ دایە. دیاریکردنی سنوورەکان لە هونەری مۆندریاندا لەگەڵ ئیش و ئازاردا وەکو یەکن. (بڕوانە Werner Hofmann).

(*) گۆشەی ژمارە ٩٠ لای مۆندریان دەربڕین بوو بۆ هارمۆنی گونجانی تەواو.

پەیوەندی و هاوتاکردنی خود لەگەڵ گەردوون لە نێوان هێڵە شاقوڵی و تەریبییەکانەوە چاکترین میتۆد بوو بۆ مۆندریان بۆ کەمکردنەوەی ئازارەکانی بۆ ئەوەی لە جێگایەکدا کۆ نەبنەوە و مەترسی دروست نەکەن، بەڵکو بەگەردووندا بڵاوە بکەن و دابەش بن و هاوتا دروست بکەن.

پاش ئەوەی زانستی سروشتی و تیۆسۆفی ئەوەی بۆ مۆندریان ئاشکرا کرد کە مادده و ڕۆح دەکرێ وەکو یەک تەماشا بکرێ، سەرەنجام ئەوەندەی دیکە مۆندریان شێوە و ڕەنگەکانی تێکەڵ بەڕۆح دەکرد. نەک تەنیا بۆ قووڵکردنەوەی ناوەڕۆکی کارەکانی، بەڵکو بەڕای (هۆفمان) بۆ کەمکردنەوەی ئێش.

مۆندریان بەهێڵە شاقوڵی و تەریبییەکانی و ڕووبەرە ڕەنگە سادەکانی، جگە لەوەی سیستەمێکی بۆ بینین دروست کرد کە لە هێمنی و ڕێکی پێک هاتبوو، گەیشتە زانستێکی هونەری گرینگتر، ئەوەش دروستکردنی هاوتابوو لە تابلۆدا بێ پەنابردن بۆ سیمێتریک کە بەلوتکەی دۆزینەوەکانی مۆندریان لە هونەردا دەژمێردرێت.

پلاستیک و واقیع لەو وشانە بوون کە مۆندریان لە تیۆرەکانیدا دووپاتی دەکردەوە. هەر بۆیەشە ناوی سەرجەم کارەکانی خۆی نا (نیوپلاستیسیزم) کە پاشان لەگەڵ هونەرمەندی هاوڵاتی خۆی (تیۆفان دویسبۆرگ)، هەندێ هونەرمەندی دیکەی هۆڵەندی، گرووپی هونەری دو ستیل (De Stijl) یان دروست کرد و کۆمەڵێ ئامانجیان گرتە ئەستۆ بۆ گۆڕانی کۆمەڵگا. بڕوایان وابوو کە بینینی کاری هونەری کۆمەڵگا بینا دەکا، ئەمەش یەکێ لە جیاوازییەکانی گرووپی دو ستیل بوو لەگەڵ سوپەرماتیزمی مالێڤچ. هونەرەکەی مۆندریان پاش خۆی زیاتر کاریگەری کردە سەر ڕێبازی تەجریدی تەعبیری ئەمەریکی لە کاتێکدا سوپەرماتیزمەکەی مالێڤچ کاریگەری لەسەر کۆنسێبت ئارت (Konzept Art) جێهێشت.

لە کۆتاییەکانی ژیانیدا مۆندریان دەنووسێت: «ئەوەی کە من لە هونەرەکەمدا دەرم بڕیوە لەوە زیاتر نییە کە هەر هونەرمەندێکی دیکە بیەوێ دەری ببڕێ، ئەوەش هارمۆنییە لە نێوان هاوتایی و گەیشتن بەدروست کردنی پەیوەندی لە نێوان هێڵ و ڕەنگ و ڕووبەر، بەڵام بەڕوون و ئاشکراترین و بەهێزترین ئاست».



## ڤاسیلی کاندنسکی

تابلۆی تەجرید لای کاندنسکی (Vasily Kandinsky ١٨٦٦-١٩٤٤) لە ناکاو و بەکتووپڕی دروست نەبوو، بەڵکو لە ئەنجامی هەست و کارکردنی بەردەوامی و لە سەرخۆیی دا بوو کە بەچەندین قۆناغدا تێپەڕبووە.

ڕادەی بەرزی ناسینی کاندنسکی بۆ خۆی و خۆشەویستی بۆ هونەری شێوەکاری و موزیک و هێمنی و لە سەرخۆیی و گوێ گرتنی بۆ ئاوازەکانی (نغمە) ناوەوەی و کارکردنی بەدڵسۆزی و هۆشیارییەوە بۆ جێبەجێکردنی داواکاریەکانی ناوەوەی هونەرمەندی تەجرید.

تەجرید لای کاندنسکی بەهەندێ خاڵی وەرچەرخانی گرینگدا تێپەڕبووە کە بوونەتە هۆی ئاراستەکردن و دۆزینەوەی هەندێ خەسڵەتی گرینگ لە خۆی و جۆری کارکردنی. یەکێ لەو خاڵە وەرچەرخانانە بینینیەتی بۆ تابلۆی بارەگایەکەی کلۆدمۆنێ کە ڕۆڵێکی زۆر گەورەی بینی لە دۆزینەوەی بینینی تەجریدی خۆی بۆ جیهان.

کاندنسکی ئەو کاتە تەمەنی سی ساڵە دەبێ و لە زانکۆی مۆسکۆ پرۆفیسۆری ئابووری نەتەوەیی و یاسا دەبێ، کە لە ساڵی **١٨٩٦** لەمۆسکۆ پێشانگایەک بۆ ئەمپرێسیۆنیزمە فەرەنسییەکان دەکرێتەوە و ئەو دەچێت بۆ بینینی.

لە ناو کۆی تابلۆ ئەمپرێسیۆنیزمەکاندا تابلۆی خەرمانە کایەکەی مۆنێ سەرنجی ڕادەکێشێ، بەرامبەری دەوەستێت و دەبینێت تابلۆکە وەکو کارێکی فیگەراتیڤ نایەتە پێش چاوی، سنووری زەق لە نێوان بارە کایە ڕەسم کراوەکە و ڕەنگەکانی دەوروبەری نامێنن کە وەکو فیگەر نایەت بەرچاوی، بەڵکو وەکو پەڵە ڕەنگێک لەناو کۆی تابلۆکەدا.

ئەو کات وەکو پیاوی یاسا دەڵێت: «لە سەر چ بناغەیەک ئەم فەرەنسیانە ماف بەخۆیان دەدەن فیگەر لە تابلۆکانیاندا نەهێڵن؟».

ئەو کاتە تابلۆکەی مۆنێ تەواو بێ فیگەر نەبوو، بەڵام کلۆدمۆنی لە گشت هونەرمەندە ئەمپرێسیۆنیزمەکان نزیکتر بوو لە تەجریدەوە، ئەمەش بەهۆی سوود وەرگرتن و کاریگەری ولیام تێرنەرەوە بەسەر مۆنێ کە سنووری نێوانی فیگەرە ڕەسمکراوەکان و سەرجەم ئەتمۆسفیری ڕەنگی تابلۆکەی نەرم دەکردەوە. هەیشە دەڵێن مۆنێ چاوی لاواز بووە، نەیتوانیوە فیگەرەکان بەڕوونی و ئاشکرایی ببینێ بۆ ئەوەی سنووری نێوانیان بەئاشکرا دیاری بکا.

کارتێکردنی تابلۆکەی مۆنێ لەسەر کاندنسکی و یەکگرتنەوەی بینینی مۆنێ و کاندنسکی لەو تابلۆیەدا خاڵێکی وەرچەرخان بوو بۆ کاندنسکی و بۆ تابلۆی تەجرید.

ئەوەندەی نەبرد دوای ئەم ڕووداوە کاندنسکی یاسا و ئابووری نەتەوەیی و شاری مۆسکۆ جێ دەهێڵێت و بەمەبەستی خوێندنی هونەر بەرەو ئەڵمانیا و شاری میونشن سەفەر دەکات. (بڕوانە Ulrike B. Marlony).

میونشن (München) ئەو کات شارێکی گرینگ دەبێ، نەک تەنیا بۆهونەری شێوەکاری، بەڵکو بۆ موزیکیش کە زۆر لە ڕۆح و دەروونی کاندنسکییەوە نزیک دەبێت، بەتایبەتی موزیکی ڤاگنەر کە لە ڕووسیا خۆشەویستی بۆی هەبووە، کاتێ کە دەچێتە ئۆپێرایەکی ئەو لە شاری سانت پیتەرسبۆرگ، وەکو خۆی پاشان لە کتێبەکەی ڕوکبلیکە(*) (Rückblicke) دەنووسێ کە کاریگەری موزیکی ڤاگنەر و تابلۆکەی مۆنێ بوو بەرەو خوێندنی هونەر و شاری میونشنیان برد.

لە میونشن لە سەرەتادا لە قوتابخانەی هونەری ئازاد لای هونەرمەندی یۆگسلاڤی (ئەنتوان ئەزبەر) دەست بەخوێندن دەکات، پاشان هەوڵ دەدات لە ئەکادیمیای هونەر، بەتایبەتی لای هونەرمەند فرانس فۆن شتوک بخوێنێت (Franz Von Stück). ئەوسا وەکو هونەرمەندێکی سیبمۆلیست و پرۆفیسۆری ئەکادیمیا بەناوبانگ دەبێ. هەوڵدانی یەکەمی ڕەت دەکرێتەوە و دوای ساڵێک هەوڵێکی دی دەدات و ئەم جارە وەردەگیرێت.

کاندنسکی هەر لەو سەرەتاوە لە نێوان پرەنسیپە ئازادەکانی خۆی و خوێندنی ئەکادیمی هەست بەناکۆکی دەکات. بۆیە هەر زوو لە ساڵی ١٩٠٠ واز لە خوێندنی ئەکادیمی دێنێت. ئەو ماوەی خوێندنی ئەکادیمیای بە«مەیموونی ناو قەفەس» دەشوبهێنێت.

پاش وازهێنانی لە ئەکادیمیا هەست بەئازادی دەکا و سەرەنجام ڕوو دەکاتە کارکردن لە سروشت، وەکو پاشماوەی خۆشەویستی بۆ ئەمپرێسیۆنیزم، پاشان سیمبۆلیزم و شێوازی مۆدێرنیش تاقی دەکاتەوە پێش ئەوەی بگات بەفۆڤیزم.

دەکرێ بڵێم دەستپێکردنی تەواوی کاندنسکی بەرەو تەجرید لە فۆڤیزمەوە بوو. ماوەی فۆڤیزم لە ڕەسم کردنی کاندنسکیدا بۆ تەجرید بەئەندازەی ماوەی کوبیزم لای مۆندریان گرینگە. لە کاتێکدا مۆندریان بەمیتۆدی کوبیزمی شیکاری دەروون و دنیای ناوەوەی خۆی لە سروشت جیادەکردەوە تاکو گەیشت بەتابلۆی تەجریدی ئەندازەیی. کاندنسکی

(*) Rückblicke: وشەیەکی ئەڵمانییە زیاتر بەمانای بەخۆداچوونەوە دێت.



بەبەکارهێنانی ڕێبازی ئازادکردنی ڕەنگ لای هونەرمەندانی فۆڤیزم گەیشت بەتەجریدی ئۆرگانی. بەڵام ئەو وەکو مۆندریان زوو پەیوەندی خۆی لەگەڵ سروشتدا نەبڕی، بەپێچەوانەوە ئەو لە تێکەڵاوکردنی ڕەسمی سروشت و دنیای ناوەوەی خۆی بەمێتۆدی فۆڤیزم گەیشت بەتەجرید.

فۆڤیزم و پۆست ئەمپرێسیۆنیزم (وەکو ڕیشەی فۆڤیزم) و سیزان وەکو سێ جۆری پەیوەندی لەگەڵ سروشتدا چۆنێتی ڕەسم کردنی کاندنسکی و مامەڵەی لەگەڵ سروشتدا دیاری دەکەن. ئەو شێوە مامەڵەیەی سیزان لەگەڵ سروشتدا هەیبوو گەر زوو نەمردایە (بەڕای بریۆن) دەگەیشتە ئەو جۆرە تەجریدەی کاندنسکی.

کاندنسکی بەو میتودەی سیزان و پاشان ماتیس، ڕەسمی شتەکانی سروشتی دەکرد تاکو وردە وردە ڕووخساری شتە ڕەسمکراوەکان کەم دەبوونەوە وەکو فیگەری تەجرید کراو دەردەکەوتن.

مارسێل بریۆن ڕای وایە کاندنسکی بەدرێژایی گشت ئەو قۆناغانەی کە تیایاندا تێپەڕبووە، پەیوەندی لەگەڵ سروشت دانەبڕیووە، بەم جۆرە تەجرید لای کاندنسکی جیابوونەوەی تەواو نەبوو لەگەڵ سروشتدا. بەڵکو بەتێکەڵاوکردنی سروشت بوو لەگەڵ دنیای ناوەوەی خۆیدا. (بەخستنە ناوەوەی سروشت بوو) کە ڤێرنەر هۆفمان (Werner Hofman) بەئاستێکی دیکە باسی دەکات، وەکو گەڕانەوەی کاندنسکی لە مامەڵەکردنیدا لەگەڵ سروشت لە سروشتێکی کارتێکراوەوە (Natura Naturada) بۆ سروشتێکی کاریگەر (Natura Naturans) ڤێرنەر ئەم جۆرە گۆڕان و کارتێکردنە لە فەلسەفەی سپینۆزاوە هێناوە. (Spinoza ١٦٣٢-١٦٧٧).

لای سپینۆزا سروشت گشت ئەو بوونەوەرانەیە کە پەیوەندیان لەگەڵ خودا دا هەیە. دەکرێ گشت ئەم بوونەوەرانە وەکو شتێ تەماشا بکەین کە لەناو خودا دان. بێ بوونی خودا گشت ئەو شتانە نەبوونیان هەیە و نە بیریشیان لێ دەکرێتەوە. بەپێی ئەم بیرۆکەی سپینۆزا، (بەڕای هۆفمان) کاندنسکی لە ساڵی ١٩١٠ بەدواوە بینینی خۆی لە سروشتی کارتێکراوەوە (Natura Naturada) دەگۆڕێ بۆ سروشتی کاریگەر. (Natura Naturans) بەمەش گشت ئەو ڕیشە گەردوونیانە و ئەو هێزانەی کە کاریگەرییان بەسەرییەوە هەیە لای کاندنسکی دەمێنێتەوە.

کاندنسکی لە پەیوەندی لەگەڵ سروشتدا دەیەوێ ئاوازەکانی ناوەوەی (نغمە) لەو

شتانەی کە ڕەسمی دەکات و لەو ماددەیەیش کە بەکاریان دەهێنێ بەکاربهێنێ. (سروشتێکی کاریگەر) بەم جۆرە ئەو ماددە بەکارهێنراوەکانی (ڕەنگی ئاوی، زەیت) شل دەکاتەوە و بەهێڵکاری ئاژاوەیەک لە فۆرمەکانی دروست دەکات. ئەمەش بەپێچەوانەی مۆندریانەوە شێوە سنوور داخراوەکان دەتەقێنێتەوە کە ئیدی شێوەی ئەندازەیی لەخۆ نەگرن و لە چەند لایەنێک پێک بێن.

بەم کارەش لە جیاتی یەک شێوە و یەک مانا شێوە و ماناکانی زیاتر دەبێ و دەبێتە دەربڕین بۆ بەردەوامی کە لە سەردەمی پۆست ئەمپرێسیۆنیزم ڤان کۆخ و گۆگان هەنگاویان بۆ ئەم جۆرە کارکردنە ناوە، وەکو هەوڵدانێک بۆ دەربڕینی ناکۆکییەکانی ژیان لە ڕەگوڕیشەوە کە لای ڤان کۆخ لە وێنەی مرۆڤەکانیدا و لای گۆگانیش لە دیمەنە سروشتییەکانی دا دەردەکەوێ ئەگەرچی کاندنسکی نە ڕێگای ڤان کۆخی گرت و نە ڕێگای گۆگانیش. (بڕوانە Werner Hofmann).

فۆڤیزم و تا ڕادەیەک دەربڕینخوازی ئەڵمانی و کوبیزمیش (نەک وەکو قۆناغ) بوونە یاریدەدەرێکی گەورە بۆ جیاکردنەوەی کاندنسکی لە ڕەسم کردنی دەقاودەقی سروشت، بەتایبەت لە دەرککردنی زووی کاندنسکی بۆ گرینگی دنیای ناوەوە.

مەبەست لە دنیای ناوەوە لای کاندنسکی (ڕۆحە) چ وەکو ڕۆحی خودێکی داهێنەر و چ وەکو ڕۆحی مرۆڤێکی کریستیانی ئورثۆدۆکسی ڕووسی کە خاوەنی کولتوورێکی گەورەیە لە هونەری ئیکۆنە(*).

کاندنسکی پێش ئەوەی سەفەر بۆ میونشن بکا بۆ خوێندنی هونەر، شارەزاییەکی زۆری دەربارەی ئەو ئیکۆنە ڕووسییانە هەبوو کە چیرۆکە کۆنەکانی ڕووسییان دەگێڕایەوە، وەکو چیرۆکی فلۆروس (Florus) و لۆروس (Laurus) کە ئاینە کریستیانی ئۆرثۆدۆکسی بەمانای پارێزەری سروشت دێن، یاخود چیرۆکی فلادیمێر و هەردوو کوڕەکەی بۆریس (Boris) و گلێب (Gleb) کە ڕووداوەکانی لە سەدەی یانزەی میلادی لە شاری کییف ڕوویداوە. هەروەها وێنەی سونیای پیرۆز کە هەمیشە بەڕەنگی سوور و لە شێوەی مەلائیکەت ڕەسم دەکرا. ئەم بابەتە ئاینی و ڕووسییانە لە قووڵایی ڕۆحی کاندنسکیدا

(*) ئیکۆنە: ئەو تابلۆیانەن کە بابەتەکانیان ڕاستەوخۆ چیرۆکی مرۆڤە کریستیانی کۆنەکان دەگێڕێتەوە بێ گوێدان بەلایەنە هونەری و ڕێباز و شێوازی کارکردن کە لە هونەری کریستیانی سەدەکانی ناوەڕاست جیا دەکرێتەوە.



کاریگەر بوون. ئەو هەمیشە سوودی لە فیگەرەکان و ئەتمۆسفیری ڕەنگەکانی بۆ کارە هونەرییەکانی وەردەگرت. نەک تەنیا وەکو فیگەر و ڕەنگ، بەڵکو پەیوەندی قووڵی ئەو فیگور و ڕەنگانە بەڕۆحییەوە و زیادکردنی هێز و جوانی و مانا لە تابلۆکانیدا و لەلایەکی دیکەیشەوە وەکو ڕیشەی ناسنامەی ڕووسی و کریستیانی ئۆرثۆدۆکس خۆی بەتایبەتی لە وێنەی مرۆڤە پیرۆزەکاندا وەکو سوفیا میشائیل (میخائیل) و گیورگی پیرۆزدا دەبینێتەوە.

جەنگی پیاوە ئاینییە پیرۆزەکان وەکو وێنەی میخائیل و گیورج لەسەر ئەسپ کە لە دژی هەژیها (وەکو ڕۆحی شەڕ) هەردەم لەو ئیکۆنانەدا دووپات کراوەتەوە، هەندێ جار وەکو یەک ئەسپ سوار و هەندی جار وەکو سێ ئەسپ سوار کەپاشان گواستراوەتەوە بۆ ئیکۆنەکانی سەدەی هەژدە و نۆزدەی میلادی و کولتووری (سلاڤی). (بڕوانە Noemi Smolik).

ئەم پەیوەندییە قووڵەی کاندنسکی بەکولتوورە ئاینی کریستیانی ئۆرثۆدۆکسییەکەیەوە ناوەڕۆکی ئاینی کریستیانی بۆ کارەکانی پێکدێنێ کە لە ڕەسم کردنی سروشتیدا هەمیشە وێنەی ئەسپ سوار وەکو تاک یان وەک سێ ئەسپ سوار بەدی دەکرێ، بەتایبەت، لە کارە خۆکردەییەکاندا (Improvosion) وەک تێکەڵاوێکی سروشت لەگەڵ دنیای ناوەوەیدا،



کاندنسکی. خۆکرد ١٠ – ١٩١١

هەر ئەمەیشە هۆی خۆشەویستی کاندنسکی بۆ وێنەی ئەسپ سوار کە پاشان لەگەڵ ڕەنگی شیندا لای هەردوو هونەرمەند (کاندنسکی و فرانس مارک) خۆشەویست بوو، کردیانە ناو بۆ گرووپە هونەرییەکەیان.

گرووپی (ئەسپ سوارە شینەکان) چەند لە تەجریدەوە نزیک بوو ئەوەندە لە هونەری فیگەراتیڤەوە نزیک نەبوو. لەوانەیشە ئەمە کاریگەری کاندنسکی بووبێ لەسەر ئەو گرووپە، چونکە ماوەی دروست بوون و کارکردن لەو گرووپەدا هەمان ئەو ماوەیە بوو کە تابلۆی کاندنسکی بەخێرایی بەرەو تەجرید ئەڕۆیشت.

ئەم خۆشەویستییەی کاندنسکی بۆ ڕەنگ و بابەتی ئیکۆنەی ڕووسی کۆن کاریگەرییەکی زۆری هەبوو بەسەر خۆشەویستی بۆ هونەری میللی بایەرن (کە شاری میونشن پایتەختێتی)، بەتایبەتی ڕەسم کردنی سەر شووشە و پەنجەرەی کەنیسەکانی ئەوێ کە نزیکایەتییەکی هەبوو لەگەڵ بابەت و ڕەنگی ئیکۆنە ڕووسییەکان دا، بوونە درێژەپێدەری کولتوورەکەی خۆی، وەک بەشێ لە دنیای ناوەوەی خۆی بتوانێ تێکەڵاوی ڕەسمی سروشتی بکا. ڕەنگی ئیکۆنەکان ڕۆڵێکی زۆر گەورە دەبینن لەتابلۆی تەجریدی کاندنسکی (ڕەنگی سەر شووشەی پەنجەرەی کەنیسەکانی بایەرن). لەگەڵ ئەمەشدا کاندنسکی بەرامبەر کولتوورەکانی دیکە داخراو نەبوو. هاوچەرخانە مامەڵەی لەگەڵ هەر ڕەنگ و شێوەیەکدا دەکرد. هەستی بەنزیکی بکردایە لەگەڵیدا. سوودی لێی وەردەگرتن و لەکارەکانی بەکاری دەهێنان وەک ئەو دیمەنانەی کە لە سەفەرەکەیدا بۆ تونس بەرچاوی کەوتن کە نەوەک تەنیا وەکو شێوە و ڕەنگ، بەڵکو وەک ناونیشانیش بۆهەندێ لە کارە خۆکردەییەکان سوودی لێیان وەرگرت. (Improvosion)، هەروەها کاندنسکی لە ساڵی ١٩١٢ پێشانگایەک دەربارەی هونەری ئیسلامی لە شاری میونشن دەبینی، بۆ کارە تەجریدەکانی سوودی لێ وەردەگرێ. سەرەڕای ئەو هەڵوێستەی خۆی بەرامبەر زەخرەفە کە وەکو کاری شێوەی پەتی دەبینێ، تەجرید لای ئەو ناوەڕۆکە.

کاندنسکی لە سەرەتادا، لە میونشن وەکو هونەرمەندێکی شێوەکار لە چاو هونەرمەندانی دیکەی ئەکادیمی کە ساڵانە لە هۆڵی «ستجسیون» کارەکانی خۆیان نیشان دەدا بەناوبانگ نەبوو.

ئەو کات وەکو بینەر دەچوو بۆ سەیرکردنی کارەکانیان و لەوێ چاوی بەتابلۆیەکانی ئەدۆڵف هۆڵتسل (Adolf Holzel) دەکەوێ کە لە ساڵی ١٩٠٥ بەڕەنگی سوور و لەژێر ناونیشانی «تەکوین»دا دروستی کردبوو. ئەم تابلۆیەی هۆڵتسڵ زۆر سەرنجی ڕادەکێشێ،



چونکە لە تەجریدەوە نزیک بوو، لەوەپێشیش کارە تەکوینەکانی هونەرمەندی لیتوانی سیرلیونی بینیبوو (Ciurlion).

لە هەمان ئەو کاتەدا کارەکانی کاندنسکی تاکو دەهات کاریگەری فۆڤیزمی لەسەر کەم دەبووەوە و پێیداویستەکانی ناوەوەی خۆی دەوڵەمەند دەکرد. لە زانکۆی میونشن، فیلهلم ورینگەرس (Wilhelm Worringers) هەندێ وانەی دەربارەی تەجرید پێشکش دەکا، کاندنسکی ئامادەی دەبێ و کاریگەرییەکی گەورەی لێ دەکەن بەجۆرێ کە ڕای وا هەیە دەڵێن تابلۆی تەجرید لای کاندنسکی، لەژێر کاریگەری ئەو وانانەدا دروست بووە. بەڵام ئەوەی لای کاندنسکی ئاشکرایە ئەو گەشەکردنی تابلۆی دابووە دەست پێشکەوتنی خودی تابلۆکە و پێیداویستەکانی ناوەوەی خۆی. بۆیە ئەکرێ ئەو وانانەی ورینگەرس کاریگەری لەسەر لایەنە تیۆرییەکانی تەجرید هەبێ کە کاندنسکی خۆیشی بەتەریبی ڕەسم کردندا کاری تیای دەکرد، چ وەکو تیۆری و چ وەکو نووسینەوەی تێبینی و یادگاری کە پەیوەندییان بەگەشەکردن و چۆنێتی کارکردنەکەیەوە هەبوو. پاشان گشتی لە کتێبێکدا لەژێر ناونیشانی «دەربارەی ڕوحانییەت لە هونەردا» بڵاوی کردەوە.

تاکو ساڵی ١٩٠٩ کاریگەری فۆڤیزم بەسەر کاندنسکییەوە زیاتر بوو وەک لە هەستەکانی ناوەوەی خۆی. بەڵام لەوە بەدواوە پێیداویستەکانی ناوەوە کاریگەرییان زیاتر بوو. (بڕوانە Vivian .E. Barnett) تا دەهات ئەو هۆکارانەی زیاتر لا پیرۆز بوو گەر پێویستێکی ڕۆحی لە ناوەوە پاڵپشتییان بایە، ئەو هۆکارانەیشی لا بەد بوو گەر لە سەرچاوەی «پێداویستەکانی ناوەوە» نەهات بن.

بڕوا بوونی کاندنسکی بەپێشخستن و ئیشکردنی بەردەوام لەسەر بنەمای «پێداویستەکانی ناوەوە» وای کرد، ڕەنگ و شێوەکان لە کارەکانیدا لە ڕەنگ و شێوەکانی ناو سروشت جیابنەوە و بەرەو تەجرید بڕۆن، بەڵام بێ فشارکردن، بەڵکو بەهارمۆنێکی تەواو لە نێوان شتەکانی سروشت و دنیای ڕۆحی ناوەوەی خۆی. بەمەش تابلۆکە هەندێ جار لە تەجرید نزیک دەبۆوە، هەندێ جاریش فیگەر بەئاشکرا دەردەکەوت، لەم حاڵەتەشدا خۆی دەنووسێت «دەرکەوتنی ئەو فیگەرانە دەبێ هۆی خۆیان هەبێت، ئەوانە نهێنییەکانی ناو ڕۆح ئاشکرا دەکەن». (هەمان سەرچاوە).

بەم جۆرە لای کاندنسکی تابلۆ گیاندارە، ئەو وەک بوویەکی گیاندار و هەستیار مامەڵەی لەگەڵدا دەکات. ئەو هەمیشەبڕوای لە بیرۆکەکەی خۆیەوە «پێداویستەکانی ناوەوە» بوو کە تابلۆ بەرەو تەجرید دەبات، ئەو تەنیا بەهۆشیاری و دونیا بینین و تیۆری و

فەلسەفە و یارمەتی موزیک کاری بۆ دەکرد، سەرەنجام وێنەی دارودرەخت و نەمام و خانوو و ماڵ و چیا و وێنەی مرۆڤەکان وەک پەلە ڕەنگ لە نێوان بینراو نەبینراوە، بێ ئاشکراکردنی ڕووخساریان دەردەکەوتن، دانانی ڕەنگەکانیش تاکو دەهات خێراتر دەبوو شتەکانی ناو سروشتیش بەگشتی نادیارتر دەبوون، تاکو هەر لەهەمان ساڵ (١٩٠٩) وێنەی چیایەکی کێشا کە شێوەی کورت کرابۆوە(ئیختیزال) بۆ شێوەی هەرەمێکی شین، لە سەرووی ئەو ڕەنگە شینەیشەوە هەندێ پەلە ڕەنگی سپی و سەوزی دانا بوو و لە خواریشەوە هەندێ فیگەری نادیاری نیگار کردبوو کە لە مرۆڤ دەچوون و ناچوون، ئەم تابلۆیە کاندنسکی گەیاندە سنووری تەجریدی تەواو. (بڕوانە Ulrike .B. Marlony).

ساڵی ١٩٠٩ ساڵی وەرچەرخانێکی گرینگ بوو لە هونەری کاندنسکی بەرەو تەجرید. واتە ئەو وێستگە گرینگەیە کە بەر لە گەیشتنی تەواوەتی بەتەجرید پێیدا تێپەڕی.

لەم وێستگەیەدا دوو زنجیرە کار ئەنجام دەدا. یەکەمیان: بەناونیشانی ئەمپرۆڤیژن (Improvsion)، کاری خۆکرد (تلقائی)، دووەمیشیان: بەناونیشانی کۆمپۆزیشن (Komposion) (تکوین)، هەیشە دەڵێن سێ زنجیرە کاربۆن، ئەو بۆچوونانە (کە دەڵێن سێ زنجیرە کاربۆن) کارە خۆکردەکان دەکەنە دوو بەشەوە، بەشی یەکەم بەکاری ئەمپرۆڤیژن دەناسێنن و بەشی دووەمیشی بەکاری خۆگرد -تلقائی- لەوانە (ڤل گرۆمان)ە (Will Grohmann)، بەڵام زۆربەی سەرچاوە تیۆرییەکان سەرجەم کارە (ئەمپرۆڤیژن)ەکان بەیەک قۆناغ دەبینن.

ئەم کارە ئەمپرۆڤیژن (خۆکرد) و کۆمپۆزیشنانەی کاندنسکی کە لە ساڵی ١٩٠٩ تاکو ١٩١٣ کردیانی، گرینگیەکی ئیجگار گەورەیان هەبوو پێش ئەوەی بگات بەتەجریدی تەواو.

تابلۆ ئەمپرۆڤیژنەکان (Improvsion) لە سەرەتادا ئینتیباعێکی ڕاستەوخۆ بوون بۆ سروشت، بۆیە ڤڵ گرۆمان ناوی ئەم کارانەی ناوەوە -ئینتیباع- بەڵام تاکو دێت پەیوەندییان لەگەڵ سروشتدا کەم دەبێتەوە، وەک کاندنسکی خۆیشی وەسفیان دەکات زۆر هەستی و بێ ئاگایبوون و کاریگەری موزیک و سەفەرەکەی (تونس)یان لە سەربوو، بۆیە هەندێ لە ناونیشانەکانی ئەم کارانەی بە(خۆرهەڵات) یان (عەرەبەکان) ناوە. هەندێکیشانی تەنیا بەژمارە جیاکردوەتەوە وەکو کاری ئەمپرۆڤیژن ژمارە ١، ژمارە٢، ٣... تاکو ژمارە ٢١ هەیشە دەڵێت ژمارەی ئەو کارە ئەمپرۆڤیژنانە گەیشتبوون بە٣٥تابلۆ، ئەم کارە ئەمپرۆڤیژنانە وا نەبوون کە باسمان کرد ڕوخساری فیگەرەکانیان بەتەواوەتی تیا



دەرنەدەکەوت بۆ نموونە تابلۆی (چیایە شینەکە). لەم کارانەدا بەگشتی هێشتا فیگەر لە تابلۆکانیدا مابوون و کاندنسکی خۆی ئەم کارانەی وەکو دەربڕینی ناوەوەی خۆی لە قەڵەم داوە: (سروشتی ناوەوە). هەروەکو خۆی لە کتێبەکەیدا (دەربارەی ڕوحانییەت لە هونەر) دەربارەی ئەم کارە تلقائییانە دەڵێ: «ئەمانە خاڵی وەرچەرخانی ڕۆحن» خۆشەویستین بۆ کاری ناسروشتی بەرەو تەجرید و دنیای ناوەوە. (هەمان سەرچاوە).

کاندنسکی لەم کارانەیدا گشت هەستی گێڕانەوە (Naration)و کاریگەری سروشت دوور دەخاتەوە بۆ ئەوەی بتوانێ ناوەڕۆک و ئاوازی (نغمە) ڕوحی دەربڕن (ناوەڕۆک و ئاوازیی ڕوحی ببن بەیەک). ئەوکاتە کاندنسکی بڕوای بەوە بوو کە ناوەڕۆک شێوە بۆ خۆی دروست دەکات و دەڵێت: «هارمۆنی شێوە تەنیا لەگەڵ پرەنسیپی پێداویستەکانی ناوەوەیە». ئەو کارە (خۆکرد Improvosion)انەی کاندنسکییش جێبەجێکردنی (پێداویستەکانی ناوەوە) بوون کە کاندسکی لە پاش هەوڵدان و کارکردنێکی زۆر لە خۆیدا، لە جۆری کارکردنەکەی پێیان گەیشت. ئەو کات (هەر ساڵی ١٩٠٩) لە میونشن لە دەفتەری یادگاریەکانی دەنووسێت: «ئێوارە کاتێک بەخۆم و کەرستەی ڕەسم کردنەوە لە کارکردن گەڕامەوە، هێشتا هۆش و خەیاڵم لای ئەو تابلۆیە بوو کە ئەمرۆ کارم تیا کردبوو، لە کاتێکدا لەناو ستۆدیۆکەمدا تابلۆیەکی درەوشاوە و جوانم بەرچاو کەوت، یەکەم جار حەپەسام، بەڵام پاش وردبوونەوە لە تابلۆکە، کە تەنیا لە ڕەنگ و شێوە پێکهاتبوو، بێ دەرکەوتنی هیچ بابەتێک، یەکسەر کانگای نهێنییەکەم دۆزییەوە، ئەمە تابلۆیەکی خۆمە و بەرێکەوت بەلابەلا لە قەد دیوارەکە دامنابوو، بۆ ڕۆژی دوایی لەبەر ڕووناکی خۆردا تەماشام کرد و لێی وردبوومەوە، بۆم دەرکەوت کە فیگەر تابلۆکانی من تێک دەدەن». (بڕوانە Vivian .E. Barnett)

بەڕای ناومی سمۆلیک (Noemi Smolik) کاری تەکوینی ژمارە یەک لە ساڵی ١٩١٠ دروست کرابوو، بەڵام تەکوینی ژمارە (٧) لە گشت ئەو کارانە لە تابلۆی تەجریدی پەتییەوە نزیک بوو کە کاندنسکی ساڵی ١٩١٣ دروستی کردبوو، تیایدا ڕەنگەکان زەرد و شین و سوور و سەوزی کراوە بوون، لە نێوانیانەوە هەندێ هێڵی ڕەش دروست کرابوون.

کاندنسکی بۆ دروست کردنی ئەم کارەی لەوەپێش هەندێ کاری ئاوی و هێڵکاری دروست کردبوو کە ژمارەیان خۆی لە ٣٠دانە دەدا.

دووەمین زنجیرە کارە گرینگەکانی پێش تابلۆی تەجریدی تەواو وەکو گوتمان، ناوی تەکوینی لێیان نابوو (Komposition) کە ڕاستەوخۆ پاش تەواوبوونی کار

ئەمپرۆڤیژنەکان (خۆکرد Improvosion) دەستی پێیان نەکرد، بەڵکو کاتەکانیان چووبوون بەناو یەکدا، لە کاتێکدا کاری خۆکردی ژمارە ٦ و، تەکوینی ژمارە ١یش دروست دەکات. بەم جۆرە ناکرێ بەهێڵێکی ڕاست و دیاریکراو کاتی کۆتایی و دەستپێکردنی هەر دوو ئەو زنجیرە کارانە لە یەک جیا بکەینەوە. بەڵام بەچۆنێتی کارکردن کاندنسکی بەناو لە یەکدی جیایانی کردەوە. لە کاتێکدا لە کارە خۆکردە (تلقائی)کان نا ئاگایی ڕۆڵی گەورەیان تیا دەگێڕا و لە کارە تەکوینانەدا هۆش و عەقڵ جێگایان هەبوو. لەم کارە تەکوینانە کاندنسکی ڕاستەوخۆ لەسەر کاغەز یان قوماش کاری نەدەکرد، وەکو کارە تلقائییەکانی، بەڵکو لەوەپێش سکیچ یان هێڵکارییەکی بۆیان دەکرد پێش ئەوەی بیانکاتە تابلۆ. بەم جۆرە ئەم کارە تەکوینانە لە زۆر لایەنەوە بەپێچەوانەی کارە تلقائی (خۆکرد)ەکان بوون، گشت شتەکان بەمانا و بەمەبەست وێنەکرابوون و کاریگەری موزیکیان دیسانەوە لەسەر بوو لەگەڵ تێکەڵاویدا بەبۆچوونە تیۆفیزمەکان، بەڵام بێ حسێب و یاسا، بەڵکو دیسانە بەهەست، قەبارەی ئەم کارە تەکوینانە گەورەتر بوون و زۆربەیان بەرەنگی زەیتی دروست کرابوون. (هەمان سەرچاوە).

ئەم کارە تەکوینەی کاندنسکی ڕاستەوخۆ لەژێر کاریگەری کارێکی پێشووی کردبووی کە ساڵی ١٩١٢ کە ئەمەشی لەژێر کاریگەری ڕەسم کردنی سەر شووشە و پەنجەرە کردبوو.

کاندنسکی لە کتێبەکەی خۆی «دەربارەی ڕووحانییەت لە هونەردا» بەم جۆرە وەسفی ئەو دوو زنجیرە کارانە دەکات: «کارە خۆکردەکان (Improvosion) وەکو دەربڕینی ڕاستەوخۆ و لەناکاوی کارەکتەری ناوەوە، وەکو ئینتیباعێکی سروشتی ناوەوە، بەڵام بەبێ ئاگایی» بەهەمان جۆر، بەڵام زۆر لە سەرخۆ، هەندێ دەربڕینی دیکەم تیا دروست بوو کە کاتی زیاتری برد و بەئاگادارییەکی زیاترەوە دروستیانم کرد، ناوی ئەم کارانەم نا کۆمپۆزیشن (Komposion) تەکوین، کە تیایاندا عەقڵ و هۆش ڕۆڵ دەبینن، لە کاتێکدا لە کارە تلقائییەکاندا (خۆکرد) عەقڵ و هۆش هیچ ڕۆڵێکیان نییە».

هەندێ جاریش کاندنسکی ئەم دوو زنجیرە کارانەی خۆی بە(سیمفونی) شوبهاندووە لە بواری موزیکدا. لای ئەو سیمفونی دژ بەمیلۆدییە (کن) هەروەکو خۆیشی باس لە جیاوازی نێوان سیمفۆنی و ئاواز دانان دەکا: «ناوەڕۆکی سیمفۆنی لە چەند شێوەیەکی سەرەکی پێک دێت کە یاسا و ڕێکوپێکیی تیایە، بەڵام لە (ئاواز)داناندا یەک شێوە هەیە». (بڕوانە Will Grohmann).





کاندنسکی. داڕشتن ١٩١١

ئەم دوو زنجیرە کارە بۆ گەیشتن بەتەجریدی تەواو گرینگ بوون، وەکی دی لە هەردوو ئەو زنجیرە کارانەدا هێشتا بەتەواوەتی و سەد دەرسەد فیگەر لە تابلۆدا لەناو نەچووبوو. گوایە خانوو، ئەسپ سوار، مرۆڤ، دارودرەخت و چیاوچۆڵ دەبینران. ژمارەیەکی زۆر لە سەرچاوە مێژووییەکان ساڵی ١٩١٠ (کە ساڵی یەکەمین تابلۆی زنجیرەی تەکوینە) بەساڵی لە دایکبوونی تەجرید لە مێژووی هونەری شێوەکاری خۆرئاوادا دادەنێن و دەرکەوتنی تابلۆی تەجریدی کاندنسکیش دەبەنەوە بۆ ئەو ساڵە. بەڵام لە ڕووی بینینی ئەو دوو زنجیرە کارانە (Improvsion) تلقائی و (Komposion) تەکوین کە کاندنسکی وەکو پردی پەڕینەوە لە فۆڤیزمەوە بۆ تەجرید لە ١٩٠٩ تاکو ١٩١٣دروستییانی کردبوو، سەرجەم نووسینەکانی خۆی و ئەوانەی کە لەسەریان نووسیبوو دەمانگەیەنێتە هەندێ تێبینی:

ئەگەر بگەڕێینەوە سەر ئەو نووسینەی کە لە ساڵی ١٩٠٩، ساڵی دەرکەوتنی دەفتەری یادگارییەکانی نووسیبووی، دەبوایە ساڵی ١٩٠٩ ساڵی دەرکەوتنی تابلۆی تەجریدی کاندنسکی بوایە هەر وەکو خۆی گوتوویەتی: «پاش وردبوونەوە لە تابلۆکە تەنیا لە ڕەنگ و شێوە پێک هاتبوو بێ دەرکەوتنی هیچ بابەتێک، یەکسەر کانگای نهێنییەکەم دۆزیەوە».

دۆزینەوە و کانگای ئەو نهێنییەش هەر وەکو خۆی ڕۆژی پاش بینینی تابلۆکە لەناو ستۆدیۆکەیدا ئەوە بوو کە: «فیگەر تابلۆکانی من تێک دەدەن». ئەمە ئەوە دەگەیەنێ کە

لەو چرکە ساتەی کە کاندنسکی گەیشتە ئەو قەناعەتەی فیگەر ڕەسمەکانی ئەو تێک دەدەن، پرسیاری چۆنێتی لە ناودانی فیگەر لە ڕەسم کردنیدا لا دروست دەبێت، ئەمە پرسیارێکی بنەڕەتییە لە تەجرید بەگشتی و تەجریدی کاندنسکی بەتایبەتی، بەڵام لە ١٩٠٩ تاکو ١٩١٣ دیسانەوە فیگەری تیا دەرکەوت، واتە دروستکردنی ئەو تابلۆیەی ساڵی ١٩٠٩ بەڕێکەوت بوو، بۆیەشە نەبووە بەردەوامی و نایشکرێ ئەو تابلۆیەی ساڵی ١٩٠٩ بەسەرەتای قۆناغی تەجرید لای کاندنسکی دابنێین، لەوانەیشە مێژووناسەکان بەهەڵە ئەو نووسینەیان بۆ ساڵی ١٩٠٩ گەڕاندبێتەوە!! ئەگەریش ئەمە ڕاست بێ واتە ئەو تابلۆ بێ فیگەرەی کاندنسکی لە ١٩٠٩ دروست بووبێ دیسانە ناکرێ دەرکەوتنی تەنیا تابلۆیەک (بەڕێکەوت) بکەینە سەرەتای قۆناغێکی هونەری. گەر وابوایە پێش کاندنسکی و مۆندریانیش (وەکو باسمان کرد) چەندین هونەرمەند تابلۆیەکی تەجرید یان دووان یان سیانیان دروست کردووە، بەڵام تەجرید نەبوونە بەمەنهەج و فەلسەفەی هونەرەکەیان وەکو لای کاندنسکی و مۆندریان.

خواستی کاندنسکی بۆ نەهێشتنی فیگەر لە تابلۆدا زۆر لە پێش ئەو کاتەوە بوو کە گەیشت بەتەجرید. ئەو بڕوای تەواوی بەگەیشتن بەتەجرید لە کاتێکدا بوو کە خۆی دیاریی نەکردبوو. گرینگ لای ئەو ئیشکردنی بەردەوام و لەسەرخۆ و بەپرەنسیپی (پێداویستییەکانی ناوەوە) بوو. سەرەنجام ئەو کاتە ئەگەر ئەم پێداویستییانەی ناوەوەی بەرەو هونەری ڕیالیستیش بیانبردایە ئەو دوای دەکەوت. بەڵام ناوەوە و ڕۆحی کاندنسکی و دوورکەوتنی لە دنیای مەتریالیزم و بڕوابوونی بەفەلسەفەی ئیدیاڵ و ئاینی کریستیانی ئۆرثۆدۆکسی، زیاتر بەرەو تەجرید دەچێ وەک لە ڕیالیزم.

یەکێک لە خەسڵەتە هەرە گرینگەکانی کارکردنی کاندنسکی لەو ئازادییە و هارمۆنییەی دا بوو لەگەڵ خۆی و پرۆسەی کارکردنیدا کە بەهیچ جۆرێ لەگەڵ پەلە کردن و فشاردا ناگونجێ وەکو خۆیشی دەڵێ:

«هیچ شتێ لای من بەئەندازەی بەزۆر دروست کردنی شێوە ناشرین نییە». ئەو هەر زوو دەرکی بەوە کردووە کە فیگەر تابلۆی ئەو تێک دەدەن، بەڵام بەزۆر فیگەری لە تابلۆکانی دەرنەکردووە، بەڵکو بەردەوام بووە لەسەر کارکردن لەسەر پرەنسیپی «پێداویستییەکانی ناوەوە» کە لە ساڵی ١٩٠٩ بۆ ١٩٣١ تادێ فیگەر لە تابلۆکانیدا تەجریدتر دەبوو. لە ساڵی ١٩١٣ بەدواوە ئیدی تابلۆکانی بەتەواوەتی فیگەریان تیا نامێنێ و تابلۆی



کاندنسکی لەو کاتە بەدواوە تەنیا لە شێوە و ڕەنگ و هێڵ پێکدێن. ڤیڵ گرومان (Will Grohmann)یش جەخت لەسەر ئەوە دەکات کە کارەکانی کاندنسکی تاکو ساڵی ١٩١٣ هێشتا فیگەریان تیا مابوو، هەیشە ساڵی ١٩١٠ وەکو ساڵی تەجرید لای کاندنسکی بۆ هەڵەیەکی مێژوویی دەبەنەوە. (بڕوانە گۆڤاری Artی ئەڵمانی ژمارە ٧ ساڵی ١٩٨٤).

تەنانەت "مارسێل بریۆن" لە کتێبەکەیدا «مێژووی تەجرید» بڕوای وایە گۆڕان و پەڕینەوە لە تابلۆی فیگەراتیڤەوە لای کاندنسکی بۆ تابلۆی تەجرید لە دەوروبەری ساڵی ١٩١٠دا بوو. بەڵام «بەبڕوای بریۆن» ئەمە ئەوە ناگەیێنێ کە ساڵی ١٩١٠ ساڵی دەرکەوتنی تابلۆی تەجریدە لای کاندنسکی.

## ئەشکالییاتی شێوە و ناوەڕۆک لە تەجریدی ئۆرگانی کاندنسکیدا

کاندنسکی و مۆندریان لەوەدا هاوبەشن کە هەر لە سەرەتای کارکردنیانەوە بینینی تەجریدیان هەبووە، بەڵام جیاوازی بینینیان بۆ دونیا و بۆ شێوە و ناوەڕۆک لە تابلۆی تەجریددا، وایکرد یەکێکیان بەرەو شێوەی ئەندازیاری ڕۆیشت و ئەوەی دیکەش بەرەو شێوەی ئۆرگانیی (عضوی). ئەمەش بەڕادەی یەکەم بەهۆی دەستپێکردنی مۆندریان لە کوبیزمەوە و کاندنسکی لە فۆڤیزمەوە بوو، کە وایکرد مۆندریان بگاتە شێوەیەک لە تەجرید کە پەیوەندی لەگەڵ یاسا و ژمارە و سووچ و فەراغ و گۆشە ژمارە ٩٠ بێت، بەڵام لای کاندنسکی بەڕادەی یەکەم بایەخدان بوو بەناوەڕۆک، کاندنسکی شێوەی جێ هێشت بۆ ئەوەی ناوەڕۆک دروستی بکات.

تەجریدی کاندنسکی نەک لەوەی مۆندریان، بەڵکو لە سەرجەم ئەو تەجریدانە جیا دەکرێتەوە کە لە کوبیزمەوە هاتوون، چونکە کاندنسکی لە پرۆسەی گەیشتن بەتەجرید بەدوای ئاسانکردنەوەی شێوەدا نەدەگەڕا، بەڵکو ناوەڕۆکێکی ڕۆحی بوو کە بەیارمەتی فۆڤیزم و هەندێ جار کوبیزم سنووری شێوەکانی دیاری دەکرد، ئەمەش هێز و شعوورێکی ئازادی پێک دەهێنا. (بڕوانە Marcel Brion). تەجرید شێوەیەکە لە کارکردن، بەڵام خودی شێوە ئەو بابەتە نەبوو کە کاندنسکی سەرقاڵی بێ، بەڵکو سەرجەم سەرقاڵی ئەو بەرۆح و دنیای ناوەوە بوو کە (بەڕای کاندنسکی) دەتوانن شێوە بۆ خۆیان پێک بێنن.

لای ئەو ئەوەندە بەردەوامی و گەشەکردنی ئازادی و جوانی و خۆشەویستی و ڕێکوپێکی دنیای ناوەوە گرینگ بوو، ئەوەندە بەلایەوە گرینگ نەبوو بەدوای شێوەی نوێدا بگەڕێ،

هەر بۆیەشە وێڕای ئەو سوودە گەورەی لە پیکاسۆی وەرگرت، بەقۆناغی کوبیزمدا تێنەپەڕی.

کاندنسکی لە ١٩١٤ تاکو ١٩٢٢ دیسانەوە ژیان لە مۆسکۆ بەسەر دەبا کە ئەوسا شێوەی ئەندازەی سوپەرماتیزمی مالێڤچ و کۆنسترەکتیڤزمی ئال لستیسکی و تاتلین وەکو ڕەهبەرانی هونەری ڕووس باو دەبێت. ئەو ئەوماوەیە دەکەویتە ژێر کاریگەری ئەو شێوە ئەندازیارانەوە. بەتایبەتی سوپەرماتیزمی مالێڤچ کە کاریگەری لەسەر کاندنسکی دەبێ، شێوەی ئەندازیاری دەکەوێتە ناو کارەکانییەوە. هەروەها ئەو ماوەی باوهاوسیش (١٩٢٢ تاکو ١٩٣٣) شێوەکانی ئەندازیاری دەبن لەبەر کاریگەری هونەری دو ستیلی هۆڵەندی و سوپەرماتیزمی ڕووسی لەسەر باوهاوس کە شێوەی ئەندازیاری بووە شێوەی بنەڕەتی لە هونەری قوتابخانەی باوهاوسدا. وەکی دی ئەوەندە حەزی بەشێوەی ئەندازیاری (جیۆمەتری) نەدەهات، وەکو کاری میکانیکی و بێ گیان دەیانیبنی. لەم بارەیەوە دەڵێ:

«حیسابات و هاوتایی و (نیسب) شتێ نین کە شێوە و دیوی دەرەوەی کاری هونەری دیار بکەن، ئەوانە دەکرێ لەناو خودی کارە هونەریەکەدا بن» ، ئەو بەڕادەی یەکەم سەرقاڵی ناوەڕۆکی کارە هونەرییەکە بوو. وەک، دەربڕین بۆ دنیای ناوەوە هەر وەکو خۆی پاشان دەنووسێت: «هەمیشە هەستەکانم لە هونەردا وابوون کە بابەت شێوە نییە، بەڵکو ناوەڕۆکە، کار دەکاتە سەر شێوە» . هەر بۆیەشە ئامانجی کاندنسکی تەنیا کارکردن نەبوو بۆ نەهێشتنی فیگەر لە کاری هونەریدا، بەڵکو مانا و سیمبۆلە ڕۆحی و دینییەکانیش بوون کە دەبنە ناوەڕۆک بۆ کاری هونەری و لە کاری زەخرەفی ڕزگاری دەکەن. ئەو لە نێوان شێوە تەجریدەکانی خۆی و زەخرەفەدا سنووری دانا. لای ئەو تەجرید بەهیچ جۆرێ ئەشکالییەتی شێوە نییە بەئەندازەی ڕۆڵی ڕۆح لە دروستکردنی شێوە و هێڵ و پەلە ڕەنگەکان، کە لە شێوەیەکی دیاریکراوەوە بۆ تەقاندنەوە و شکاندنی سنووری ئەو شێوە دیاریکراوانە لە پێناوی هەست و ڕۆح و ئازادی و جوانیدا داڕێژراون. ئەو مەترسی لەو جۆرە کارکردنە نەبوو کە تەنیا بۆ شیوە و ڕێباز کار دەکەن. لێرەدا بەڕای فێرنەر هۆفمان (Werner Hofman) جۆری کارکردنی کاندنسکی لە شێوەدا لەوەی مارسێل دوشا (Marcel Duchamp) نزیکە کە چۆن دوشا لە کاری ڕێدی مەید (Ready Made)دا ناسنامەی شێوە و مەتریالەکان بەتوندی دەگۆڕێ.

ئەم دوورکەوتنەوەی کاندنسکی لە خۆ سەرقاڵکردن بەئەشکالییەتی شێوە و لایەنی



ڕۆحی و هەستیاری کاندنسکی زیاتر ئاشکرا دەکات کە چەند مرۆڤێکی هەستیار بووە وەک لەوەی عەقلانی بێ.

بێگومان مومکین نییە عەقڵ لە هونەری کاندنسکی دەرکەین کە ڕۆڵێکی گەورەی هەبووە لە پەروەردە کردن و هەست و بیرکردنەوەکانی وەکو مرۆڤێکی کریستیانی خۆرئاوایی، بەڵام ئەو لە نێوان عەقڵ و ڕۆح و شعووردا ڕۆح و شعووری خستووەتە پێش عەقڵەوە لە کارەکانیدا، بەوڕادەیەی کە ڕۆح لای ئەو سەنگی مەحەک بووە، بەڵام وەکو خۆی دەڵێ نەک ڕۆح وەکو ئامرازێک بۆ ڕووناککردنەوە، (ئەو کات دەبێتە مرۆڤێکی ئاینی وەک لەوەی ببێ بەهونەرمەند) ، بەڵکو قووڵی بەرفراوانی ماناکانی ڕۆح و گرینگی بۆ ناوەڕۆکی کاری هونەری.

کارکردنی کاندنسکی بەگشتی لە دەوری دوو تەوەر دەسووڕێنەوە. یەکێکیان: (ڕۆح)ە و ئەوەکەی دیکەشیان پرەنسیپی «پێداویستییەکانی ناوەوە»یە. لای ئەو هەر شێوەیەک یان دانانی ڕەنگێک لە سەرچاوەیەکی ڕۆحییەوە هەڵدەقوولێت و پێویستی ناوەکی خۆی هەیە، ئەو لەو کاتەوە کە پرەنسیپی «پێداویستییەکانی ناوەوە»ی کردە بنەما بۆکارکردن ئیدی لە ناوەوە کاری لە شتە بینراوەکانی سروشت دەکرد، واتا گشت ئەو شتانەی کە دەیانبینی و بۆ ڕەسم کردن بەکاریانی دەهێنا، دەچوونە ناوەوەی خۆی و لەوێ تێکەڵاو بەدنیای ناوەوەی دەبوون، سەرەنجام لە شێوەی تەجریددا بەڕەنگ و هێڵ و شێوە دەری دەبڕین. ئەو بەگشتی لەو کارانە دووردەکەوتەوە کە سەرچاوەکانی عەقڵن، لەوانەی کە لە هەست و ڕۆح و دینەوە هاتوون نزیک دەبووەوە. لەوانەشە ئەمە هۆی ئەوەبێ ئەو تەنیا سوودی لە پیکاسۆ و کوبیزمەکەی وەرگرتبێ، ئەوەی وەکو قۆناغێکی گرینگ (وەک لەلای مۆندریان) پیایدا تێپەڕی.

بۆیە مێژووی شێوەی ئۆرگانی لە تەجریدی کاندنسکی لە ئەمپرێسیۆنیزمەوە هاتووە بۆ فۆڤیزم و لەوێشەوە بۆ تەجریدی ئۆرگانی. بەڵام ئەو بەگیانێکی سیمبۆلیزمەوە کاری تیای کردووە، لە هەمان کاتدا وەکو سیمبۆل بۆ هێزی سروشتیش ببینرێ. لەگەڵ ئەو جیاوازییە مێژوویی‌یەی نێوان تەجریدی ئۆرگانی و سروشت کە کاندنسکی هەردووکیانی بەیەکەوە بەستەوە، خۆی دەربارەی گەورەیی و بەهێزی تەجریدی ئۆرگانی و سروشت و جیاوازییە مێژووییەکەیان دەڵێت:

«دەبێ چەند ساڵێک بڕوات تاکو بەهەست و بیر بگەمە چارەسەرییەکی ئاسان کە

ئامانج و ناوەڕۆکی هونەر و سروشت لەلایەن ئۆرگانی (عضوی) و مێژووییەوە جیاوازن، ئەگەرچی هەردووک وەکو یەک گەورە و بەهێزن». (بڕوانە W. Hofman)

خۆشەویستی کاندنسکی بۆ شێوە ئۆرگانی زیاتر پەیوەندی بەدنیای ناوەوەی هەبوو کە ئەو زیاتر هونەرمەندی شعور و ڕۆح بوو وەک لە عەقڵ. کاری شعوریش پتر فۆرمی ئۆرگانی بەرهەم دەهێنێ وەکو چۆن کاری عەقڵ فۆرمی ئەندازەیی دروست دەکات.

هێڵی ڕاست و شێوە سێگۆشە و بازنە لە کارەکانی کاندنسکی پەیوەندییان بەکوبیزم و تەجریدی ئەندازیارییەوە نییە، بەڵکو وەکو کاندنسکی خۆی دەڵێت «ئەمانە نهێنییەکانی ڕۆح ئاشکرا دەکەن»، زیاتر پێداویستییەکانی ناوەوە دەریان دەخەن، هەندێ جار ناکرێ ڕاستەوخۆ مانا یان ڕەمزێکیان بۆ دابنێین وهەندێ جاریش خۆیان ڕەمز و مانا لەخۆ دەگرن وەکو بازنە (کە یەکێک بوو لە شێوە خۆشەویستەکان لای کاندنسکی) بەمانای تەواوبوون دەهات، سێگۆشە بەمانای وزە دەهات، بەڵام دەبیت ئاماژە بەوەش بکەین کە سێگۆشەکانی کاندنسکی بەپێی جۆری دانانیان لەناو تابلۆیەکەدا مانای جیاوازییان بەخۆیانەوە دەبینی، سەربەرەوخوار ماناکەیان جیاواز بوو وەک لە سەربەرەو ژوور، لوتکەکەی بەرە و چەپ بێت جیابوو وەک لەوە بەرەو ڕاست بێت.

هێڵەکانیش هەندێ جار مانای خۆیان هەبوو، هێڵی تەریب لای کاندنسکی هەندێ جار بەمانای هێمنی دێت، هێڵی سەربەرەوخوار بەمانای غەمباری و سستی دێت، هێڵی سەربەرەوژووریش بەپێچەوانەوە هەندێ جار هەڵگری مانای شادی و خۆشی بوو، تا دەگاتە باریکی و پانی هێڵەکانیش، کە هەندێ جار مانای خۆیان هەیە و بەواتای جۆراوجۆر بەکارهێنراون.

ڕەنگیش لای کاندنسکی زۆرجار وەک سیمبۆل بەکار دەهێنران، زەرد وەکو سیمبۆل بۆ وزە یان جەستە، بەرامبەری شێوەی سێگۆشە بوو، لە هەمان کاتیشدا بەرامبەری خاک دەهات و هەستی شەڕانگێزی پێ دەردەبڕی. ڕەنگی شین لای کاندنسکی پیرۆز بوو، سیمبۆل بوو بۆ ڕۆح و بەرامبەری شێوەی بازنە دێت. سوور هەستی هێزی دەدا، سپی بەمانای هیچ یان دەستپێکردن، یان پێش لە دایکبوون، سیمبۆل بوو بۆ دنیایەکی بەرزتر لە دنیای ئێمە، ڕەنگی ڕەشیش وەک سیمبۆل بۆ قسە نەکردن، بێ داهاتوو، بێ هیوا، ڕەنگی خۆڵەمێشیش هەندێ جار بەمانای بێدەنگی و بێجوولەیی دیت. (بڕوانە Vivian E. Barnett. و Magdalene Moeller).



بەم جۆرە کاندنسکی زاراوەگەلێکی نوێی لە ڕەسم کردندا خولقاند، کە شێوە و ڕەنگەکان وەکو پیت و وشە بخوێنرێنەوە، بەجۆرێکی ئەوتۆ کە ئەو تابلۆیانەی کاندنسکی کە شێوەی بازنە و سێگۆشە و هێڵی جیاجیای بەدی دەکرا، دەکرا بەجۆری کتێب بخوێنرێنەوە، بەڵام ئەم پرەنسیپە (پرەنسیپی خوێندنەوە) ناکرێ بۆ گشت کارەکانی کاندنسکی بەکار بهێنرێ، چونکە زۆر جار ئەو شێوە و ڕەنگانە دەربڕین بوون بۆ نهێنییەکانی ڕۆح و دنیای ناوەوە.

## ڕۆڵی موزیک و تیۆرییەکانی کاندنسکی لەسەر تەجرید

کەسایەتیی کاندنسکی هەر لە ڕووسیا پێش ئەوەی بچێتە میونشن و دەست بەڕەسم کردن بکا دروست بووبوو. ئەو لەو کاتەوە چۆن ڕەنگ و بابەتەکانی ئیکۆنەی ڕووسی بووبووە بەشێ لە کولتوورەکەی، ئاست و چونێتی دنیای بینینی دیاری کرد، بەم جۆرەیش خۆشەویستی بۆ موزیک هەبوو، بەتایبەتی موزیکی ڤاگنەر (١٨١٣-١٨٨٣ Richrd Wagner) لە شاری سانت پیتەرسبۆرگ ئۆپێرایەکی ئەوی بینی، ئەمەش بەئەندازەی بینینی تابلۆکەی مۆنی کاریگەری لەسەر هەبوو. یەکێ لەو هۆیانەبوو (وەکو باسمان کرد)، بۆ هەڵبژاردنی شاری میونشن بۆ خوێندنی هونەر. چونکە لەوێ موزیکی ڤاگنەر باوبوو. کاندنسکی لە هونەرەکەیدا دەیەویست لەدوا ئەنجامدا دنیای ڕەسم لە دنیای موزیک نزیک بکاتەوە. ئەمەش لەگەڵ بۆچوونەکەی شووپنهاوەردا دەگونجێ: «گشت هونەرەکان هەوڵ دەدەن بگەن بەموزیک».

موزیک یەکێ لە فاکتەرە گرینگەکانی بنەمای کارکردنی کاندنسکی بوو. ئەو دەیەویست شێوە و ڕەنگەکان لە چوارچێوەی تابلۆکەدا هارمۆنیایەکی وەها دروست بکەن، لە هارمۆنییەتی تۆن و ئیقاعەکانی پارچەیەک موزیک بچێت.

لە میونشن هونەرمەندی موزیک و کۆمپۆزیست و لە هەمان کاتیشدا ڕەسام (ئەرنۆڵد شۆێنە بێرک) یەکێک دەبێ لە برادەرە نیزکەکانی کاندنسکی. نەک تەنیا موزیکی شۆێنە بێرگ کار لەسەر تابلۆکانی کاندنسکی دەکات، بەڵکو کارەکانی کاندنسکیش کار دەکەنە سەر موزیکی شۆێنە بێرگ، بەئەندازەیەک، کاتێک (فرانس مارک) گوێی لە کۆنسێرتێکی (شۆێنە بێرگ) دەبێت بۆ «ئۆگوست ماکەی»ی هاوڕێی دەنووسێت: «بەردەوام لە کاتی گوێگرتندا لە کۆنسێرتەکەی شوینە بێرگ پەلە ڕەنگە گەورەکانی کارە تەکوینەکانی کاندنسکیم دەبینی».

ئەم کۆنسێرتە لایەنی هاوبەشی ئەو دوو هونەرمەندە دەردەخات، کە شۆێنە بێرگیش چەند ڕۆحانی بووە و پێ لەسەر ئیقاعەکانی ناوەوەدا دەگرێت.

کاندنسکی جگە لە پەیوەندی قووڵی لەگەڵ موزیکدا و تێکەڵاوی لەگەڵ دنیای شێوە و ڕەنگەکانیدا خۆیشی هونەرمەندی موزیک بووە، بەتایبەتی هەردوو ئامێری کەمان و چەلۆ، بەڵام وەکو گوێگر ئەو بەڕادەی سەرەکی دۆستی موزیکی ڤاگنەر و شۆێنە بێرگ بوو.

کاندنسکی بڕوای وابوو کە هێزی ناوەوە مرۆڤ بەڕێوە دەبا نەک مرۆڤ هێزی ناوەوەی بەڕێوەی ببا. بۆیە زۆر لای گرینگ بوو دنیای ناوەوەی خۆی تێکەڵاو بەموزیک بکا. بۆ زیاتر جوانتر و ئازادتر و پڕ خۆشەویستیتری دنیای ناوەوە کە شێوە و هێڵ و ڕەنگەکانی پێ دروست دەکات نەک وەرگێڕانی موزیک بۆ هێڵ و ڕەنگ و شێوە وەک لە کارە تەجریدەکانی کۆمپۆنیستی لیتوانی «سیرلیون» دەبینرا.

ئەو دەیەویست لەناو تایبەتمەندێتی دنیای ڕەنگەکاندا ئەو جیهانە ڕەنگییە پڕ هارمۆنییە دروست بکات ڕۆحی بینەریان پێ ببزوێنێت، چونکە ڕەنگ و موزیک بەبڕوای کاندنسکی لە قووڵایی ڕۆحەوە هەڵدەقووڵێن.

ئەو زۆر سەرقاڵی دۆزینەوەی لەیەکچوونەکان بوو لە نێوان دەنگ و موزیکدا کە هەندێ جار ڕەنگەکانی بەدەنکی ئامرازە موزیکییەکان دەشوبهاند، بۆ نموونە زەرد لە چەشنی ڕەنگی ترومپێت، شین لە چەشنی دەنگی شمشاڵ یان چەلۆ یان کۆنترەباس یان ئۆرگن، چونکە شین یەکێ بوو لە ڕەنگە خۆشەویست و هێمن و قووڵەکان لای کاندنسکی، ڕەنگی سووریش وەک دەنگی کەمان و ڕەنگی خۆڵەمێشی (بۆر) وەک بێدەنگی. (بڕوانە Mag-dolene Moeller).

کاندنسکی گشت ئەم ڕاوبۆچوون و دەربڕینانەی خۆی بەتەریبی ڕەسم کردنەکەیدا دەنووسییەوە کە لە ئەنجامدا بوونە پاڵپشت و دەوڵەمەندییەکی گەورە بۆ هونەرەکەی و زیاتر یارمەتی نووسەر و ڕەخنەگر و مێژوو و هونەرناسەکانی دا بۆ تێگەیشتن لە کارەکانی و ڕیشەی گۆڕان و پێشکەوتنیان کە زانا و مێژوو و هونەرناس، ڤێرنەر هۆفمان (Werner Hofman) لەم تیۆرانەی کاندنسکیدا ڕەهەندی زانستی هونەر بەدی دەکا و مارسێل بریونیش جگە لە پێشخستنی هونەری ڕەسم کردن ناوەڕۆکێکی دینی و فەلسەفیش بەدی دەکا.

کاندنسکی لە کۆتایی ژیانیدا کتێبێکی لەژێر ناونیشانی (Ruckblike – ڕوکبلیکە)نووسی کە زیاتر گێڕانەوە و جەختکردنەوەی خۆی لەسەر خاڵە گرینگەکانی



وەرچەرخانی ژیانی هونەریی بوو. پێش ئەوەیش کتێبێک لەژێر ناونیشانی «لە خاڵێکەوە بۆ هێڵ و پاشان بۆ ڕووبەر» بڵاودەکاتەوە، هەروەها لەسەر شێوەیش دەقێکی باشی نووسی. بەڵام سەرەتای نووسینەکانی وێڕای گەشەکردنی کارەکانی بەرەو تەجرید دەڕۆیشت، ناوی نابوو: «دەربارەی ڕۆحانییەت لەهونەردا»، بەزمانی ئەڵمانی لە میونشن بڵاوی کردەوە. (Über Das Geist in Der Kunst) لە مەسەلەی چاپکردنی هەندی مشتوومڕی لەگەڵ دەزگاکانی چاپدا هەبوو، نەک تەنیا لەبەرئەوەی نووسینەکانی نوێن، بەڵکو ئسلوبەکەیشی هی یەکێکی ئەڵمان نییە، لەبەرئەوە لەوانەیە ئەڵمان بەئاسانی قەبووڵی نەکەن.

دەزگاکانی چاپ و پەخشی ئەڵمانی پیپەر Piper و جۆرج مویلەر بۆی چاپ ناکەن.

دەزگای جۆرج مویلەر (Georg Müller) بەم جۆرە وەڵامی کاندنسکی دەداتەوە: «ئەگەرچی نووسینەکەتان شتی چاکی دەربارەی ڕووحانییەت لە هونەر تیایە، بەڵام بەداخەوە مایەی ڕەزامەندی ئێمە نییە. چونکە لەو باوەڕەداین جەماوەری خوێنەران قەبووڵی ناکەن، بۆیە ناتوانین چاپی بکەین. مەترسی ئەوەشمان هەیە ڕەخنەی زۆری بێتە سەر لەبەرئەوەی شێوازی نووسینەکە لە شێوازی ئەڵمان جیا دەکاتەوە بەجۆرێک کە دیارە ئەمە کاری یەکێکی بێگانەیە» (Ulrike B. Malory).

پاشان کاندنسکی بەهۆی (فرانس مارک)ی برادەرییەوە لە جێگایەکی دیکە هەزار دانەی لی چاپ دەکا(*).

ئەمەش تەنیا کۆسپ و ناخۆشی پێش کاندنسکی نییە لەو سەردەمە وەک داهێنەرێک کە نەک تەنیا هونەرێکی نوێی دروست کردووە، بەڵکو شۆڕشێکی لە هونەردا کردووە، کە بەڕای هەندێ زانا و مێژووناسی هونەر سەرەتای هونەری مۆدێرنی پێک هێناوە.

ئەو هونەرمەندو ڕەخنەگرانەی کە برادەری خۆی بوون هەڵوێستیان پۆزەتیڤ بوو و پاڵپشتییان دەکرد، وەکو (فرانس مارک، گابریلە مۆنتەر، ئەرنۆڵد شوێنە بێرگ، ئەلکسی فۆن یا ڤلنسکی، پۆل کلێ، هتد).

---

(*) کاندنسکی لەم کتێبەیدا وشەی زێلەی ئەڵمانی (SEELE) کە بەمانای (ڕۆح)دێت بەکارناهێنێ، بەڵکو وشەی گایستی ئەڵمانی بەکاردەهێنێ (Geist) کە سەد دەرسەد بەمانای ڕۆح نایەت، مەبەستی ئەویش زیاتر (ڕۆح)ە وەک لە عەقڵ، مانای ئەم وشەیە (Geist) زیاتر لە ڕۆحەوە نزیکە وەک لە عەقڵ.

هەیش بوون نەک تەنیا دژایەتییان دەکرد، بەڵکو کاندنسکییان بەبێ شەرم و لووت بەرز و ئێسک قورس وەسف دەکرد و کارەکانیشی وەکو کاری شێت و سەرخۆش و فاڵچی دەبینی، ڕەنگەکانیشیان بەقاڵی و بەرڕە و ڕەنگی فیشەکە شێتەی کیور دەشوبهاند کە مرۆڤ بەئاسانی دەتوانێ لاساییان کاتەوە.

هونەرمەند ئەلبەرت لەم (Albert Lamm) لە ساڵی ١٩١٢ لەژێر ناونیشانی «ئەوپەڕی ڕەسم کردن» دەنووسێ: «کاندنسکی چاکترین نموونەی ئەو هونەرمەندانەیە کە بەشێوەیەکی ڕوون و ئاشکرا هۆش و عەقڵ نیشان نادا، بەڵکو دەیەوێ بەهێڵ و ڕەنگ کار لەسەر شعور بکا».

(ئۆتۆ فیشەر Otto Fischer)یش لەژێر ناونیشانی (تابلۆی نوێ) دەنووسێ: «تابلۆ تەنیا دەربڕین نییە، بەڵکو دروستکردنی وێنە یان فیگەریشە، تابلۆی بێ فیگور بێ مانایە، نیوەی فیگەر و نیوەی ڕۆحیش شتێکی ساردوسڕە، ڕۆیشتنە بەرەو شێتی و خەڵەفاندن. لەوانەیە شێتیش بتوانێ دەربارەی ڕۆح قسە بکا. بەڵام ناکرێ ڕۆح شێت بکرێ. چونکە ڕۆح هەمیشە ڕوون و ئاشکرایە. نایشکرێ هەندێ پەڵە ڕەنگ و هێڵ بەهونەر لە قەڵەم بدرێ). (بڕوانە Armin Zweite).

خاوەنی ئەو ڕەخنە و جنێوانە ئەو کاتە لە کاندنسکی نەگەیشتبوون، نەشیان دەزانی کە تابلۆ لای کاندنسکی تەنیا لە هێڵ و ڕەنگ و شێوە پێک نەهاتووە. ئەوان دەرکییان بەپەیوەندی ئەو هێڵ و ڕەنگ و شێوانە بەڕۆحەوە نەدەکرد و شارەزای پرەنسیپی «پێداویستییەکانی ناوەوە»ی کاندنسکی نەبوون. زانیارییان نەبوو دەربارەی پەیوەندی کاندنسکی بەئاین و ئەدەب و فەلسەفە و موزیکەوە. نەیاندەزانی تابلۆ لێپرسراویەکی گەورترە وەک لە دانانی ڕەنگ و دروستکردنی هێڵ و شێوە. ئەوەشیان نەدەزانی کە کاندنسکی تەنیا خۆشەویستی بۆ هونەرەکەی خۆی و تەجرید نییە، بەڵکو بۆ گشت هونەرێکی باش، تەجرید بێ یان ریالیست، داهاتووی ڕەسم کردنیشی تەنیا لە تەجریددا نەدەبینی، بەڵکو بڕوای بەهونەری ریالیستیش هەبوو وەکو خۆی دەڵێت: «بەبڕوای من داهاتووی ڕەسم کردن لە دوو پۆلدا خۆی دەگرێتەوە، یەکێکیان تەجریدە، ئەوەکەی دیکەشیان ریالیستە».

کاندنسکی گشت ئەم گۆڕانکارییانەی لە پێناوی ئازادکردنی ڕەنگ یان نوێکردنەوەی شێوەدا نەکرد کە لەوەوپێش ماتیس و پیکاسۆ و هونەرمەندانی فۆڤیزم و کوبیزم



بەئەنجامیان دەگەیاند. بەڵکو ئەو سوودی لە فۆڤیزم و کوبیزم وەرگرت لە پێناوی «پێداویستییەکانی ناوەوە» بەکاریانی هێنا. ئەو نە بیری لە تازەکردنەوەی ڕەنگ و شێوە دەکردەوە و نە لە مۆدێرنەیش کە خۆی بەئاشکرا دەڵێت: «من بەهیچ جۆرێک هەوڵی تازەگەریم نەداوە».

## بەشداری پۆل کلێ لە تەجرید

هونەری پۆل کلێ Paul Klee –١٨٧٩–١٩٤٠ فرە ڕەهەندە، بۆیە ناکرێ تەنیا وەکو تەجرید تەماشا بکرێ. ئەو وەکو کاندنسکی و مۆندریان و ماڵێڤچ ئیشی بۆنەهێشتنی فیگەر نەکردووە. لە کاری هونەریدا، بەڵام بایەخدانی گەورەی کلێ بۆ دنیای ناوەوەی شتەکانی سروشت و ئیختیزالکردنەوەیان، ڕەهەندێکی تەجریدی بۆ کارە هونەریەکانی پەیدا کرد کە زۆر جیایە وەک ئەوەی مۆندریان و کاندنسکی. وەکو کاتیش، ئەو پێش ئەوان بیری لە تەجرید کردووەتەوە. هەر لە ساڵی «١٩٠٥»ەوە لای کلێ ئاشکرا بووە کە هونەری تەجرید پێویستە بۆ دنیای پڕ ئازار و وێرانکراو، بۆ یارمەتیدان و بیناکردن لە ناوەوە وەکو خۆی دەڵێ: «دەکرێ ئەم دیوەی دنیایە جێ بهێڵرێ بۆ ئەوەی لە دیوی ئەودیویدا بیناسازی تیا بکرێ».

ئەم بۆچوونەی کلێ ناوەڕۆکی شێوە کارکردنی تەجرید دەگرێتەوە و لە ڕووی بینین و ناوەڕۆکەوە تەواو لە بۆچوونەکەی کاندنسکییەوە نزیکە کە دەڵێ: «لە کاتێکدا ڕووخان لە دەرەوە دەستپێدەکات هونەر دەتوانێ لە ناوەوە بینا بکا». (بڕوانە Wolfgany Ker-sten).

دنیای کلێ دنیای ڕۆح و چوونە ناوەوەی سروشت و موزیک و ڕۆمانسییەت بوو کە دووبارە ژیانی بەسروشت دەدا و گیانی دەخستە ناو شتە بێگانە ڕەسم کراوەکان بەجۆرێ کە کارۆلا ڤیلکەر (Carola .G. Welcker) کاری کلێ بەپۆرترێتی ڕۆح دەشوبهێنێ. بۆیە ڕەهەندی تەجرید لە کارەکانی کلێدا زیاتر لە کاندنسکی و تەجریدی ئۆرگانییەوە نزیکە وەک لە مۆندریان و تەجریدی ئەندازیاری. ئەو هەر لە ساڵی ١٩٠٥ پەیوەندی لەگەڵ ئیمپرسیونیزمدا پەیداکرد و بووە سەرەتایەک بۆ هونەری کلێ، سەرەنجام لەو کاتەوە سروشت بووە خاڵی سەرەتا لای کلێ کە وردە وردە لەوە جیای دەکردەوە کە مامەڵە لەگەڵ لایەنە ڕووکەشەکەی سروشت بکا. بەڵکو بەبینین و بیرکردنەوە بچێتە ناوەوەی و ڕەسمی ژیانە نهێنییەکانی ناوەوەی شتەکانی سروشت بکا.

تەجرید لە کارەکانی پۆل کلێدا لەوەدا نییە کە فیگەر لە تابلۆکانیدا دیار بێ یان نادیار بێ، شێوەکانیان ئۆرگانی بێ یان ئەندازیاری، بەڵکو لە ئیختیزالکردنەوەی شێوەکانی و جۆری مامەڵەکردنی لەگەڵ سروشت و شتە ڕەسمکراوەکان دایە کە چۆن بەبینین و بیرکردنەوە دەچێتە ناویانەوە و یاسا نهێنییەکانیان دەدۆزێتەوە و بۆ بینین نیشانیان دەدا. جا ئەو شتانە گیاندار بن یان بێ گیان وەکو بریۆن وەسفی ئەو جۆرە مامەڵەیە دەکات، بەبەخشینی ژیان بەشتە بێ گیانەکان و دووبارە زیندووکردنەوەی سروشت. (بڕوانە M. Brion).

لای کلێ وەکو خۆی دەڵێ: هونەر شتە بینراوەکانی ناو واقیع دووبارە نیشان ناداتەوە بەڵکو ڕوون و ئاشکراتریان دەکات بۆ بینین و دژی گشت لاساییکردنەوە و وەسفکردنی دیوی دەرەوەی شتەکان دەوەستێتەوە.

لەو مامەڵە هاوتایەیدا لەگەڵ شتە گیاندارەکانی سروشت و شتە بێگانەکان کارۆلا ڤیلکەر Carola G. Welcker تابلۆی کلێ لەگەڵ "یولیسیس"ی جەیمس جۆیش James Joys بەراورد دەکا کە چۆن لە "یولیسیس"دا لەگەڵ مرۆڤ و شتەکانی شاری دیبلن مامەڵە دەکات.

بەم جۆرە ناوەڕۆکی تابلۆکانی کلێ لە خزمەتی شتەکانی ناو واقیعدا نییە، ئەمەش وا دەکا کە تابلۆکانی کلێ شێوە سنووریان بۆ دانانێ، بەڵکو ناوەڕۆک خۆی شێوە بۆ خۆی دروست دەکات. ئەمەش زیاتر ئازادی بەدیوی دەرەوە و سنووری شتە بینراوەکان دەدات.

کلێ وێنەی شتە بینراوەکان تا ئەوپەڕی سنووری توانین ئیختیزال ئەکاتەوە کە لە شتە بینراوەکانی ناو واقیعەوە شێوەی تەجرید دروست دەکات، وەک ئیختیزالکردنی شێوەی تیشک و بلاچەی هەور بۆ هێڵی زکزاک، وێنەی گژوگیاو لقوپۆقی دار بۆ هێڵی بچووک بچووکی ڕاست و چەماوە، وێنەی ئەستێرە بۆ خاڵ و دەریا و خاک، گۆڕەپان بۆ ڕووبەر. (بڕوانە Carola G. Welcker).

ئەم ئیختیزالکردنەوەی شێوەکان لای کلێ لە هەمان کاتدا هەستکردنە بەدۆزینەوەی یاساکانی ناوەوەیان و نیشاندانیانە بۆ بینین و ڕێکوپێککردنیانە وەک خۆی دەڵێ: «من نامەوێ وێنەی شتەکان وەکو خۆیان بکێشم، بەڵکو وەکو خۆیان دەبوایە ببن».

مامەڵەی کلێ لەگەڵ خاڵ و هێڵ و ڕووبەر بەجۆرێ بوو کە نەک تەنیا وەکو ئامراز بۆ دەربڕین یان دیاریکردنی سنووری شێوەکان، بەڵکو هەستکردنیش بوو بەحاڵەتە نەفسییەکانی ئەو شێوانە. بۆ ئەمەش کلێ سوودێکی زۆری لە هێڵکاری منداڵ




وەرگرتووە. لای ئەو خاڵ بێ ڕەهەند نییە، بەڵکو ڕووبەرێکە بێ کۆتایی بچووک، هێڵ لای ئەو ڕەهەندە، ڕووبەر دوو ڕەهەندییە و جەستەش سێ ڕەهەندیی، ئەو لای گرینگە چۆن و لە چ ڕوانگەیەکەوە خاڵ و هێڵ و ڕووبەر دەبینرێ و شووناسی هێڵ بۆ نموونە لای مرۆڤی ئایدییال و مرۆڤی واقیعی چۆنە؟ ئەو خۆی شووناسی هێڵ وەکو بەرماوەی دوو ڕووبەر دەکات و دەنووسێ: «مرۆڤی ئایدییاڵ دەڵێ وەکو ئەوەی چۆن هێڵەکە نابینم ئاوهاش هەستی پێ ناکەم لە کاتێکدا مرۆڤی واقیعی دەپرسێ ئایا هێڵ بوونی هەیە؟». (لە نووسینەکانی کلێ دەربارەی دیراسەتی بێ کۆتایی سروشت). هێڵ بەشێکی گەورە و گرینگ لە تابلۆی کلێ پێک دێنێ. هەڵگری کۆمەڵێ نهێنییە، هێزێکی زیندوو و بێ لایەنی هەیە، بەڕادەی سەرەکی بەدوای خودی خۆیدا دەگەڕێ، پاشان بۆ دۆزینەوەی جێگای خۆی لە تابلۆکەدا، وەکو بەشێ لە خەسڵەتە هونەرییەکانی کلێ خۆی، وەکو گەڕان لەناو خودی خۆی و بەستنەوەی ئەو گەڕانە بەو شتانەی کە ڕەسمیان دەکات.

(بڕوانە Brion). مەرجەکانی گۆڕینی خاڵە جووڵاوەکان بۆ هێڵ و جووڵانەوەی هێڵ بۆ ڕووبەر و پاشان بۆ مەجال (Space)، زۆر لە ناوەڕۆکە هونەرییەکانی کلێ دیاری دەکەن.

مەجالیش لای کلێ زیاتر مانای کاتیی هەیە وەک لە شوێن گۆڕینی وێنەی ئەستێرە بۆ خاڵ و تیشک بۆ هێڵ، جگە لە حاڵەتە نەفسییەکانی هێڵ، لە هەمان کاتدا مامەڵەیە لەگەڵ دینامیکدا. بەم جۆرە، ئەو هێڵ و خاڵ و ڕووبەرانە خۆیان دەتوانن جووڵانەوە ویاساکانی نێوان خۆیان دیاری بکەن، شێوەی ئەلف و بێ وەردەگرن کە کلێ لە ساڵی ١٩١٦ لە تابلۆکانیدا بەکاریانی هێناوە. بەم جۆرە کلێ لە ڕەنگ و هێڵ و شێوەکانیدا شیعر نیشان دەدا وەکو چۆن لە قەسیدەیەکدا بوترێت «مانگ بەرز و درەوشاوەیە یان ڕەنگی خۆڵەمێشی شەو هەستی پەشیمانی دەبەخشێ». ئەمە شاعیرییەتی کلێیە لە هونەری شێوەکاریدا، بەڵام بێ گومان نەک وەک تەرجومەی شیعر بۆ ڕەنگ و شێوە یاخود کارکردن لە شیعرەوە،، چونکە کلێ هەمیشە جەختی لەسەر بینین و هونەری شێوەکاری کردووە نەک تەنیا بۆ هەست و ڕۆح، بەڵکو بۆ بیرکردنەوەیش. کتێبێکی لەسەر بیرکردنەوە هەیە کە تیایدا دەڵێ: «هونەری شێوەکاری بەهیچ جۆرێ لە شیعر یان فیکرەوە دەست پێ ناکات، بەڵکو بەڕەسم کردن یاخود لە بیناکردنی فیگەرێک یان زیاتر دەست پێدەکات. یاخود لە نێوان گونجاندنی هەندێ ڕەنگ و تۆنەکانیان بەیەکەوە یاخود لە مامەڵەکردن لەگەڵ مەجالدا دەست پێدەکات».

هێڵکاری کلێ لە ڕووی سادە و ساکاری شێوەکان و دیاریکردنی دیوی دەرەوەیان بەهێڵ


پۆل کلێ. باخچەیەکی ناو قەڵا ١٩١٩

لەگەڵ هێڵکارییە کۆنەکانی ناو ئەشکەوتەکاندا خاڵی هاوبەشیان زۆرە. هەرچۆن لە رووی میتۆلۆژییەوە ئەو هێڵکارییە کۆنانە گۆڕانی ناوەوەیان تیایە وەکو گۆڕانی شێوەی ئاژەڵ یان مرۆڤ بۆ شێوەیەکی دی، لە هێڵکارییەکانی کلێشدا هەن. هەروەها لەگەڵ پیکاسۆیش لەوەدا یەک دەگرنەوە، ئەگەر کارە هونەرییەکە بەیەک هێڵ تەواو بێ ئیدی پێویست بەهێڵی دووەم ناکات. (بڕوانە M. Brion).

لە تابلۆی پۆل کلێدا شێوە بڕیار لەسەر شتە بینراوەکان نادات بەڵکو بینینی قووڵی ناوەوەیان، مامەڵەی ڕۆحی لەگەڵیاندا شێوەیان بۆ دروست دەکات، خۆی دەڵێت: «ناکرێ دونیا تەنیا لەم شێوەی ئێستایدا ببینرێ». ئەو دژی ئەو جۆرە هونەرە بوو لە سەرەتاوە دەستنیشانی شێوەی بۆ بکرێ، پاشان ببێتە ڕێگر لە پێش گەشەکردنی شێوەکان لە پرۆسەی کارکردندا. بەم جۆرە تابلۆکانی کلێ لە پێناوی شێوەدا نەبوون، ئەو کاری فۆرمالیزمی ڕەت دەکردەوە، گشت تەجرەبەکانی خۆی لە هونەردا لەگەڵ تەجرەبەکانی لەگەڵ ژیان و سروشتدا جیا نەدەکردەوە، خۆی وەکو هونەرمەندێکی ڕۆمانسی دەبینی کە لەژێر کاریگەری شاعیرییەت و موزیکدا کار دەکات، بەجۆرێ کە ماوەیەکی زۆری خایاند تاکو خۆی لە نێوان هونەرمەندی موزیک و هونەرمەندی شێوەکار جیاکردەوە و بڕوای بەوە هەبوو کە: «شتەکانی سروشت دەتوانن لە خودی خۆیان زیاتر خۆیان بڵاو بکەنەوە ئەگەر زانیاریمان دەربارەی ژیانی ناوەوەیان هەبێ». (پۆل کلێ) ئەویش وەکو کاندنسکی وێڕای کاری هونەری تیۆرەکانی لە شێوەی یادگاری یان گوتار. یان کتێب یان موحازەرە دەنووسییەوە، لە گشتیان گرینگتر ئەوانە بوون کە لەژێر ناونیشانی «دەربارەی هونەری مۆدێرن» کە لە یەکێتی هونەر لە شاری یینا (Jena)ی ئەڵمانیا وەکو موحازەرە گوتبییەوە. پاشان کۆمەڵێ نووسین دەربارەی ڕێگاکانی لێکۆڵینەوە لە سروشت و چۆنێتی بیرکردنەوە لەژێر کاریگەری بینین و فاکتەرەکانی هونەری شێوەکاریدا بڵاوکردەوە.



## تەجرید و هونەری کۆنکریت

جیاکردنەوەی هونەری کۆنکریت (Art Concret) لە تەجرید هەندێ ئەشکالییات دروست دەکات لەناو تێگەیشتنماندا بۆ خودی تەجرید. لەبەرئەوەی هونەری کۆنکریت گشت بەشە ئەندازیارییەکەی تەجرید دەگرێتەوە کە لەژێر ناوی جیاجیادا وەکو کۆنستروکتیڤیزم و سوپەرماتیزم و نیۆپلاستیزم و دو ستیلدا دروست بوون. سەرەنجام بەڕای هونەرمەندانی هونەری کۆنکریت چەمکی تەجرید تەنیا بۆ ئەو هونەرانە دەمێنێتەوە کە لە سەرچاوەی سروشتییەوە هاتوون.

هونەرمەندانی هونەری کۆنکریت ئەو هونەرە بەتەجرید نابینن کە یاسا و ماتماتیک لە دروستکردنی شێوەکانیدا بەشدار بێ. ئەوان دەڵێن: «هونەرێک لە بنەڕەتێکی ماتماتیکەوە هاتبێ وەکو ئەو هونەرانەی کە شێوەی ئەندازەییان تیا بەکار دەهێنرێ لە سەرچاوەیێکی تەجریدەوە نەهاتوون، بەڵکو لەسەر بنەمای مامەڵەکردنی هونەرمەند لەگەڵ شێوە کۆنکریتییەکاندا وەک: هێڵ، ڕووبەر، سووچ، قەراغ، جێگا»دروست دەکرێن. (بڕوانە Horst Richter).

ئەمە بەشێکی بچووک بوو لەو دەقەی کە هونەرمەند و ئەندازیاری هۆڵەندی تیوڤان دۆیسبۆرگ (١٨٩١-١٩٣١ Theo Van Doesburg) لە پاریس لە ساڵی ١٩٣٠ «ساڵی پێش مردنی» لە گۆڤاری ئارت کۆنکریت (Art Concret) بڵاوی کردەوە. هەر خۆیشی سەرپەرشتی ئەو گۆڤارەی دەکرد. ئەم بیرۆکە و پێشنیازەی ڤان دۆیسبۆرگ کاریگەری لە ژمارەیەک لە هونەرمەندانی گرووپی «بازنە و چوارگۆشە» کرد کە پێک هاتبوون لە «جان ئارپ، سۆنیا و ڕۆبەرت دیلۆنی، ڤیللی باومایستەر، فێرناند لیژێ، لۆکۆر بووزیێ، کاندنسکی، کورت شڤیتەرس، پیت مۆندریان» کە ئەوسا لە پاریس بەتەریبی تەجریدی دەربڕینخوازی کاری دەکرد. (هەمان سەرچاوە). (ڤان دۆیسبۆرگ) و ئەو هونەرمەندانەی کە بڕوایان بەپێشنیازەکەی هەبوو دڵنیابیان لەسەر ئەوە دەکردەوە کە هونەرێک پێوانەکانی پانی و درێژی و ژمارەی تیابێ، دەبێ لەو چەمکانە دوور بخرێتەوە کە پەیوەندی بەسروشتەوە هەیە. (هەمان سەرچاوە).

بەکورتییەکەی مەبەستی ئەوان ئەوە بوو کە چەمکی «تەجرید» بۆ شێوە ئەندازەییەکان بەکار نەهێنرێ، لە جیاتی ئەوە چەمکی کۆنکریت بەکاربهێنرێ.

ئەگەرچی تیۆڤان دۆیسبۆرگ ئەم بیرۆکەی لە ساڵی ١٩٣٠دا ئاشکرا کرد، بەڵام فیکر و

هونەری خۆرئاوا مێژووی زۆر لەوە کۆنترە لە فاکتەر و شێوەکانی هونەری شێوەکاریدا. چەمکی کۆنکریت لە فەلسەفەی جوانی هیگڵ «١٧٧٠-١٨٣١»دا بەکاربراوە لەوە کۆنتر، پێش دوو هەزار ساڵ (سووکرات)یش لە تیۆرەکانی جوانیدا قسەی لەسەر جوانی هێڵ و گۆشە و شێوەی خڕ کردووە. لە بەراوردیاندا لەگەڵ شتە زیندووەکانی ناو سروشتدا: «لەژێر مانای جوانی شێوەدا بیری من وەک بیری گشتی خەڵک نییە، کە چۆن جوانی لە تابلۆ و شتە زیندووەکاندا دەبینن، بەڵکو من مەبەستم لەو هێڵە ڕاست یان چەوت و چەوێڵ و پڕگۆشە و شێوەی خڕ و «بەرجەستە»ەکانە، ئەگەر تۆ لێم بگەی من دەڵێم ئەمە لە حاڵەتی پەیوەندییاندا نییە لەگەڵ شتەکانی دیکە، بەڵکو لەناو خودی خۆیاندا جوانن و نەمرن». (بڕوانە Annie Muller لە کتێبی Arther Niggli)

ئەم وەسفەی جوانی (سووکرات) بۆ هێڵ و شێوەکان کە «لە حاڵەتی پەیوەندییاندا نییە لەگەڵ شتەکانی دیکە، بەڵکو لەناو خودی خۆیاندا جوانن» هەمان ئەو شووناسەیە کە پاش لە دوو هەزار ساڵ ماکس بێڵ بۆ هونەری کۆنکریتی دەکا.

(تیۆڤان دۆیسبۆرگ) شووناسی هونەری کۆنکریت دەبەستێتەوە بەهونەری بێ فیگر و دەڵێ: «دەکرێ گشت هونەرە بێ فیگەرەکان وەکو هونەری کۆنکریت تەماشا بکرێ». لای ئەو هونەری کۆنکریت ئەو هونەرەیە کە (لە حاڵەتی تابلۆدا) تەنیا لە هێڵ و ڕووبەر و ڕەنگ پێک هاتووە و بەهیچ جۆرێ فیگەری تیا نییە. لای دویسبۆرگ هیچ شتێ بەئەندازەی هێڵ و ڕەنگ و ڕووبەر کۆنکریت نین. (بڕوانە Max Imdahl لە کتێبی Sieg-fried Schmidt) ئەمەش بەڕای ئمیدال گەڕانەوەیە لەو چەمکە تەجریدانەی کە پێیان ڕاهاتووین.

ماکس ئیمداڵ بەپیاچوونەوەیدا بۆ بۆچوونەکانی مۆندریان و تیۆڤان دۆیسبۆرگ و ماکس بێڵ دەربارەی تەجرید و هونەری فیگەراتیڤ ماناکانی هونەری کۆنکریت قووڵتر دەکات و جیاوازییەکانی لەگەڵ تەجریددا لە ئاستێکی دیکەدا دەبینێ و دەڵێ: «هونەری کۆنکریت بێ فیگەرە لە دەرەوەی خۆی، بەڵام لە ناوەوە تەجریدە، لە کاتێکدا تەجرید هونەرێکی فیگەراتیڤە لە دەرەوەی خۆی، بەڵام لە ناوەوە بێ فیگەرە».

پیت مۆندریان کە خۆی نوێنەرێکی گەورەی تەجریدی ئەندازیارییە، تەجرید بەگشتی وەکو هونەری کۆنکرێت دەبینێ و دەڵێ: «هونەری تەجرید خۆی کۆنکریتە، لە نێوان ڕادەی بەرزی دەربڕینییەوە لە هونەری ناتورالیزم کۆنکریتترە، لە سنووری بینینییەوە واقیعێکی نوێ بۆ مرۆڤ پێشکەش دەکات». (بڕوانە Walter Hess).



بێگومان مۆندریان لە ڕوانگەی تەجرید و ئەندازیاریەکەی خۆیەوە قسە دەکات کە ئەگەر بیخەینە ژێر تیۆرییەکانی (ڤان دۆیسبۆرگ)ەوە دەبێت بەهونەری کۆنکریت، لەگەڵ تیۆ ڤان دۆیسبۆرگەوە یەکن لە واقیعییەتی ئەو شێوە کۆنکریتییانە.

لە هونەری کۆنکریتدا جوانی سروشتی دەوری نامێنێ، ڕەنگ و شێوە پەیوەندییان لەگەڵ ئەمپرێسیۆنیزم و دەربڕینخوازیدا نییە، بەڵکو ڕەتدانەوەن و بەپێی فەلسەفەی جوانی هیگڵ «ماناکان دەبەنە ئاستی ڕۆح و عەقڵ». (بڕوانە Margit Staber).

ئەمەش بەرەو ئەوەمان دەبا بڕوا بهێنین کە تەجرید دەکرێ پەیوەندی بەسروشتەوە هەبێ، شێوەکانی ئیختیزال کردنەوەی شێوەکانی سروشتن لەناو خودی داهێنەردا کە چالاکییەکەی و کاریگەری لەسەر داهێنەرەکە لە کاریگەری سروشت بەهێزترە. تەجرید وەکو باسمان کرد، لە ئەنجامی داپچڕانی خودی هونەرمەند لە شتەکانی ناو واقیع و سروشت دروست دەبێت کە تیایدا هەست و ڕۆح کاریگەریەکی گەورە دەبینن، لەکاتێکدا لە هونەری کۆنکریت ڕۆڵی عەقڵ لە دروستکردنی شێوەکاندا گەورەیە بەئەندازەی ئەوەی کە بەهیچ جۆرێ پەیوەندی لەگەڵ سروشت نامێنێ، شێوەکان ڕەق و ئەندازیاری دەبن و ڕەنگەکانیش سادە و ڕوون و ئاشکران. ئەمەش زیاتر لای ماکس بێڵ بەدەردەکەوتن وەکو گەورەترین نوێنەری هونەری کۆنکریت.

## ماکس بێڵ

سەرەڕای ئەو کاریگەرییەی کە بیرۆکەکەی تیۆ ڤان دۆیسبۆرگ لەسەر هونەرمەندانی تەجریدی ئەندازیاری ناو گرووپی «بازنە و چوارگۆشە» جێی هێشت، کەسیان بەئەندازەی هونەرمەند و ئەندازیاری سویسری ماکس بێڵ «Max Bill ١٩٠٨-١٩٩٤» بیری لە بیرۆکەکەی ڤان دۆیسبۆرگ و گرینگییەکەی نەکردەوە بۆ شێوە کە بووە تازەکردنەوە و بەردەوامییەک بۆ تیۆرەکانی تیۆ ڤان دۆیسبۆرگ.

ماکس بێڵ چەمکی هونەری کۆنکریتی لە تیۆ ڤان دۆیسبۆرگەوە وەرگرت و کاری لە تیۆر و لایەنە پراکتیکەکانی کرد و سنوورەکانی زیاتر بەرفراوانتر و ڕێکوپێکتر کرد بەهۆی بینینی تایبەتی خۆی و گرێدانی چەمکەکانی هونەری کۆنکریت بەفەلسەفەی جوانی هیگڵەوە.


شێوە و داگیرکردنی مەجال لای ماکس بێڵ بەدوای تەئویلکردنی دونیادا ناگەڕێ،

بەڵکو لەوەدایە کە دونیا بەشێوە گشتییەکەی ببینێ و بیناسێ بۆ ئەوەی کاری تیا بکا و بیگۆڕێ. (بڕوانە Margit Staber).

ئەمەش بەیارمەتی جگە لە فەلسەفەی «ئایدالّ»ی هیگڵ، یاسا و ماتماتیک و زانستە ئەندازیاریەکانەوە بۆ دروستکردنی پەیوەندی نێوان شێوەکانی و پێداویستییەکانی عەقڵ و ڕۆحدا وەکو زمانی ئازادی هونەر. (هەمان سەرچاوە).

خۆشەویستی ماکس بیێڵ بۆ شێوەی ئەندازیاری Geometric بەرەو قوتابخانەی باوهاوسی ئەڵمانی بردی و بەتایبەتی بۆ لای پۆل کلێ کە یاسا و ڕێکوپێکی ڕۆڵێکی گەورەی لای ئەو دەبینی پاشان ئەمانە بوونە کاریگەری بەسەر (ماکس بێڵ)ەوە، بەتایبەتی لەوەدا کە دەکرێ بیری ماتماتیک وەکو شێوەیەک لە شێوەکانی وازیکردن یان «یاریکردن» ببینرێ. ئەمانە بوون کە بوونە هاندەر بۆ ماکس بێڵ کە بەرەو هونەرێک بردیانی، تیایدا ڕێکوپێکی و یاسا و عەقڵ و ماتماتیک و مێتود و سیستەم و تاکەکەس داهێنەر بوون بەفاکتەرە بنەڕەتییەکانی، سەرەنجام لە ساڵی (١٩٣٦)ەوە ناوی هونەرەکەی خۆی نا (هونەری کۆنکریت) و لە تەجرید جیای کردەوە.

بەڕای «ڤیلّ گرومان Will Grohmann» کارەکانی ماکس بێڵ دەربارەی تەجرید نین، بەڵکو یاسان، لە تەجریدەوە دروست نابن، بەڵکو لە یاساکانی ناوەوەی خۆیانەوە، لە ڕەنگ و مەجال و ڕووناکی و جووڵانەوە پێک هاتوون و لە پەیوەندیدان لەگەڵ ڕۆحێکی خوڵقێنەری ڕوون و ئاشکرادا کە بەدوای هارمۆنیدا دەگەڕێن.


ماکس بێڵ. جیاوازی -١- ١٩٣٥

(بڕوانە Will Grohmann لە کەتەلۆگی پێشانگایەکی ماکس بێڵ لە Galerie Im Erker لە ٨-٤ بۆ ٢٧-٥ ساڵی ١٩٦٧ لە سانت گەلن St. Gallen).

هونەری ماکس بێڵ ئەوەندە پەیوەندی لەگەڵ میتافیزیکدا نییە بەئەندازەی پەیوەندی لەگەڵ واقیع و شارستانی وەک شێوەکانی و حاڵەتە



دنیای مۆدێرنە کەهەر لە سەردەمی باوهاوسەوە خۆی بۆی ئاراستە کردبوو، چونکە هەر ئەو کات پرۆگرامی باوهاوس بۆ ماکس بێڵ پەیوەندی بەتەکنیک و پێداویستییەکان شارستانیەکانەوە هەبوو، بەتایبەتی شارستانی خۆرئاوا کە ڕیشەیەکی قووڵی بۆ فەلسەفەی هیگڵ دەگەڕێتەوە. (بڕوانە د. عبدالله ابراهیم).

ماکس بێڵ ماناکانی جوانی کارە هونەرییەکانی خۆی بیناکردووە و لەگەڵ هیگڵدا لەسەر چەمکی «ئایدالّ» و پەیوەندی هونەر بەعەقڵ و ڕۆحەوە یەکن، هەر وەک چۆن لای هیگڵ تەنیا وردەکارییە کۆنکریتییەکان کە (لە کۆتایی پرۆسیسەوە دروست دەبن) لە ڕاستییەوە نزیکن نەک گشت تەجرید. لای (ماکس بێڵ)یش هونەری کۆنکریت دەتوانێ فیکرە تەجریدییەکان زیاتر بەدەرخات و ئاشکرای بکات بۆ بینین و هەست پێکردن. (بڕوانە Max Bense هەمان کەتەلۆگ کە وتارەکەی Will Grohmannی تیایە).

هونەری ماکس بێڵ ئیختیزال کردنەوەی فاکتەرە هونەرییەکانە (ڕەنگ و شێوە) تاکو ئەوپەڕی سنوورەکانیان، بۆ گەیشتن بەڕێکوپێکی و یەکەیەکی پتەو کە ڕێگا لەوە دەگرێ تەنیا تەماشای لایەکی کارە هونەریەکە بکرێ. لەوانەشە ئەمە دیسانەوە میراتی (پۆل کلێ) بێ.

بێڵ خۆی وا دەڕوانێتە هونەر بەگشتی و هونەرەکەی خۆی بەتایبەتی کە پاکترین حاڵەتی ڕێکوپێکییە مرۆڤ هێنابێتییە کایەوە. ئەمەش دیسانەوە نزیکە لە فەلسەفەی جوانی هیگڵ: «هونەر بەدروستکردنی پەیوەندی لە نێوان ڕەنگ و ڕووبەر و فەزا و قەبارەدا بەرزترین پێداویستی ڕۆحی مرۆڤ جێبەجێ دەکا». (بڕوانە Margit Staber / M. Bill).

هونەری کۆنکریتیش وەکو ماکس بێڵ خۆی شووناسی بۆ دەکات، ئەو کارە هونەرییەیە کە لەسەر بنەمای خۆی و یاساکانی ناوخۆیەوە دروست دەبێ، بێ پاڵپشتی هیچ کاریگەریەکی سروشتی و دیاردەکانی، دەربڕینی ڕۆحێکی مرۆڤە بۆ ڕۆحی مرۆڤ، بەفۆرمکردنی ڕەنگ و تیشک و فەزا و جووڵانەوە، واقیعێکی نوێ دروست دەکات کە پێشان تەنیا لەناو دنیای فیکرە تەجریدەکاندا هەبوو. دەربڕینی هارمۆنی و یاساکانە بەئامرازی هونەری کە سیستم پێک دێنێت و ژیان ڕێکوپێک دەخەن، واقیعی و ڕۆحییە، لە سروشتەوە نزیکە. بەڵام سروشتی نییە، هەوڵی پەیوەندی دەدات لەگەڵ گەردوون، لەمەدا ماکس بێڵ لەگەڵ مۆندریاندا نزیکە هەروەها دینامیک دەداتە ئەو ڕووبەرانەی کە مۆندریان دروستی کردوون. (بڕوانە Edward Hüttinger).

ماکس بیڵ لەساڵی ١٩٤٤ لە ئەمەریکا گۆڤارێ لەژێر ناونیشانی تەجرید/ کۆنکریت دامەزرێنێ، لە هەمان ساڵدا لە شاری بازل لە سویسرا پێشانگایەکی جیهانی لەژێر ناونیشانی «هونەری کۆنکریت» ڕێک دەخات کە تیایدا ئەوەندە بایەخی بەشێوە نەدابوو بەئەندازەی نیشاندانی ماناکانی هونەری کۆنکریت.

ماکس بیڵ وێڕای کاری هونەری کۆنکریت و تیۆرەکانی هەمیشە لەسەر هەندێ هونەرمەندی دەنووسی کە هەستی بەهاوبەشی دەکرد لەگەڵیاندا: لەوانە پیت مۆندریان، کازیمیر ماڵێڤچ، جۆزێف ئەلبەرز، جان ئارپ، مارسێل دوشا، کاندنسکی، پۆل کلێ، لۆکۆربووزیێ، ئەگەرچی لەگەڵ ئەمەی دواییدا لە زۆر لایەنەوە نەدەگونجا. (هەمان سەرچاوە)

هونەری کۆنکریت بەگشتی و هونەری کۆنکریتی ماکس بیڵ لە پاش خۆیان کاریگەرییان لەسەر هەندێ ڕێبازی هونەری پاش جەنگی جیهانی دووەم جێ هێشت، لەوانە هونەری ئۆپ ئارت Op Art و هونەری جووڵاوە Kenetic Art. لە پاش جەنگی جیهانی دووەم ژمارەیەک لەو هونەرمەندانەی کە سەرقاڵی شێوەی ئەندازیاری و هونەری کۆنکریت بوون. لەناو خۆیاندا گرووپێکی هونەرییان بەناوی هونەری کۆنکریتی نوێ پێک هێنا کە ژمارەی ئەو هونەرمەندانە لە بیست (٢٠) بەسەرەوە بوون، وەک: Max Imduhl ماکس ئیمداڵ، Castellani کاستەلانی، Gerhard Van Graevenite گیرهارد ڤۆن گرێڤینتیس و Caldirara کاڵدیرارا... هتد. ئەو هونەرمەندانە کارەکانیان لە Galerie.M لە شاری بۆخم (Bochum) لە ئەڵمانیا نیشان دا. (بڕوانە کەتەلۆگی پێشانگاکە H. L. Alexander. V. Berswordt. Waltrabem, Neue Konkrete Keunst, Galerie M. Bochum). بەداخەوە کاتەکەی تێدا نەنووسراوە.




## تەجرید و زەخرەفە

زەخرەفە وەکو شێوەیەکی تایبەتی لە هونەر مێژووی بەئەندازەی خوودی مێژووی هونەر کۆنە. هەندێ جار تەنیا وەکو زەخرەفە دەرکەوتووە و هەندێ جاریش لە پەیوەندیدا لەگەڵ بەشەکانی دیکەی هونەردا. ئەم پەیوەندییەش شێوە و ڕەنگ و ناوەڕۆکی لە قۆناغێکەوە بۆ قۆناغێکی دیکە گۆڕدراوە، هەڵبەت بەپێی پێویستی و کاریگەرییان لە یەکدی.

مرۆڤ بەدرێژایی مێژووی پێویستی بەزەخرەفە هەبووە ئەم پێویستییەش دیسانەوە لە قۆناغێکەوە بۆ قۆناغێکی دی جیابووە. بۆ نموونە: لەوەی کە بۆ ڕازاندنەوە بەکاربهێنرێ یاخود هەڵگری ڕەمز بێت، وەکو هونەرێکی سەربەخۆ لە یەک ڕووبەردا «هونەری ئیسلامی» یاخود لە پەیوەندیدا لەگەڵ هونەری دیکەدا «هونەری خۆرئاوا».

هونەری خۆرئاوا لەسەردەمی ڕۆمانسیزمەوە لە ڕێگای هونەرمەندی ئەڵمانی فیلیپ ئۆتۆ ڕونگە پەیوەندی ئاشکرای لەگەڵ زەخرەفەی عەرەبی ئیسلامی پەیدا کردووە (Markus، Bruderlin) کە بۆتە هۆیەک بۆ سەرنجدانی مێژووی هونەرناسی نەمساوی ئەلویس ڕیگڵ Alois Riegel بۆ زەخرەفە و مێژووی دووری ئەو پەیوەندییەی هونەری خۆرئاوادا، بەڵام بایەخدانی گەورەی خۆرئاوا بۆ زەخرەفە زیاتر لە نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەوە بوو، لەو کاتەوە کە تەجرید وەکو هونەرێکی سەربەخۆ و بەشێکی گرینگ لە پرۆسەی مۆدێرنە پەیدابوو، پێش ئەو کاتە هێشتا زەخرەفە بەتایبەت زەخرەفەی عەرەبی ئیسلامی



ماتیس. ١٩٤٣ - ١٩٤٤

(Arabesques) وەکو تەنیا دانانی شێوە و ڕەنگی جوان بەیەکەوە تەماشا دەکرا، بێ ناوەڕۆک و وەزیفەکەیشی زیاتر لە پێناوی ڕازاندنەوەدا دەبینرا.

پەیدابوونی تەجرید وەکو هونەرێکی سەربەخۆ و بەشێکی گرینگ لە هونەری شێوەکاری مۆدێرنی ئەوروپا، بایەخدانێکی گەورەی لەگەڵ خۆیدا هێنا بۆ زەخرەفەی عەرەبی ئیسلامی، نەک لە پێناوی ئەو زەخرەفەیەدا، بەڵکو لە پێناوی قووڵکردنەوەی زانستەکانی خۆیان بۆ تەجرید، گەڕان و پشکنین و دۆزینەوە و پەردە هەڵدانەوە لەسەر چۆنێتی و مێژووی ئەربسکا بەتەجریدەوە، وورووژاندنی کۆمەڵێ پرسیاری گرینگ دەربارەی خودی تەجرید و خودی زەخرەفە و پاشان شەرعییەتی ئەو پەیوەندییەی نێوانیان وەک ئایا تەجرید و زەخرەفە دوو دنیای جیاوازن یان لە ناوەڕۆکدا یەکن و شێوە و ڕەنگی جیاوازیان بەخۆوە گرتووە؟ چی وای کردووە کە ئەو دوو ناوەڕۆکە شێوە و ڕەنگی جیاواز بەخۆوە بگرن؟ ئایا تەجرید و زەخرەفە هەڵگری دوو دەربڕینی جیان و بەیەکەوە پەیدابوون؟ پەیوەندی و خاڵی هاوبەش و جیاواز لە نێوانیاندا کامانەن؟ ئایا خودی زەخرەفە تەجریدە؟ یان تەجرید زەخرەفەیە؟ کار و کارتێکردنیان لەیەکتری بەدرێژایی مێژوو چۆن بووە؟ خودی ئەم پرسیارانە بەشێکی گرینگ لە تەجرید و سەرجەمی هونەری مۆدێرن پێک دێنن و دەبنە هۆ بۆ گەڕان بەدوای مێژووی پەیوەندی زەخرەفە بەتەجریدەوە.

یەکێ لە هۆیەکانی دەوڵەمەندی تەجرید و بوونی وەکو هونەرێکی سەربەخۆ و بەشێکی گرینگ لە مۆدێرنەدا، کاری ئەو ژمارە زۆرەیە لە هونەرمەند و زانا و مێژووناسی هونەر و فەیلەسوف و پیاوانی ئاینی دەربارەی تەجرید. لەم ڕووەوە ئەگەر لەگەڵ زەخرەفەدا بەراوردی بکەین بەشی زەخرەفە زۆر کەم بووە و تاکو سەردەمی مۆندریان و کاندنسکیش ماناکانی هێشتا لە دەوروبەری ڕازاندنەوە بووە. ئەمەش زیاتر بەهۆی ئەخلاق و یاساکانی مۆدێرنەوە بووە کەتەجریدی لە خۆ گرتووە و زەخرەفەی دەرکردۆتە دەرەوە. سەرەنجام لەگەڵ چەمکی تەجریددا مۆندریان و کاندنسکی و مالێڤچ و کۆبکا و هونەری دو ستیل و کۆنسترەکتیڤیزم و چەندین هونەرمەند و شێوەی هونەری دێتە یادمان کە وێنایەکی مۆدێرن لەگەڵ خۆ دێنن. لە کاتێکدا لەگەڵ چەمکی زەخرەفەدا وێنای تەقالید و دین و ڕازاندنەوە لەناو مێشک دروست دەبێ. واتە تەجرید وەکو هەڵگری مانای مۆدێرن بەگشت هێز و توانای خۆ تازەکردنەوەی و زەخرەفە وەکو هەڵگری مانای تەقالید (تقالید) بەگشت وەستاندن و پێش نەکەوتن و تازەنەکردنەوە. بەڵام ئایا ئەمە ڕاستە؟ کراوەیی و سوود وەرگرتن لە هونەر و کولتوورەکانی دەرەوەی خۆی لە خەسڵەتەکانی مۆدێرنەیە کە





ماتیس

بەفاکتەرێکی گرینگ بۆ تازەکردنەوەی هونەری خۆرئاوا دادەنرێ، زەخرەفەیش بەتایبەت زەخرەفەی عەرەبی ئیسلامی (ئەرابیسک) بەشێ بووە لەو کولتوورە بێگانەیە کە خۆرئاوا بۆ تازەکردنەوە هونەرەکەی خۆی سوودی لێی وەرگرتووە. بەڵام هەرگیز هونەرمەندانی مۆدێرنی ئەوروپا ڕازی نەبوونە کارەکانیان بەزەخرەفە بشوبهێنرێ، ئەمەیان بەکەمکردنەوەی نرخی کارەکانیان زانیوە تا ڕادەی جنێو. بێگومان هەڵوێستی هونەرمەندانی مۆدێرنە بەرامبەر زەخرەفە جیابووە لە ڕادەی کەمکردنەوەی نرخ و جنێوەوە (مۆندریان، کاندنسکی) تاکو (بەهەشتی زەخرەفە لای ماتیس). بەڵام گشتیان بەڕادەی سەرەکی سەرقاڵی تازەکردنەوەی کارەکانیان بوونە لە خودی هونەری خۆرئاواوە. زەخرەفە ئەگەر دەوری لە تازەکردنەوەی کارەکەیان هەبێ ئەمە لە بەراورددا لەگەڵ خودی هونەر و کولتوور و فیکری خۆرئاوا دەردەکەوێ بەڵام خۆی دەورەکەی لاوەکییە. هونەرمەندەکانیش جیابوونە لە ڕادە و چۆنێتی بەکارهینانی زەخرەفەدا. بەڵام بەگشتی و بەڕای مارکوز برودەرلین (Markus Bruderlin) زەخرەفە هەمیشە وەکو «موسافیری کێور» بەناو هونەری مۆدێرنی خۆرئاوادا تێپەڕیوە، تاکو سەرەتای سەدەی بیست و یەک، کاتێ لە فۆندەیشن بەیەلەر (Fondation Beyler)، لە شاری بازلی سویسرا پێشانگایەکی زۆر گرینگ ڕێکخرا بۆ مێژوو و پەیوەندی زەخرەفە «بەتایبەتی زەخرەفەی عەرەبی – ئیسلامی»، بەتەجریدەوە و هەر لەژێر ناونیشانی زەخرەفە و تەجرید (Ornament and Abstraction).

لەگەڵیدا کتێبێکی گەورەیشیان چاپ کرد کە تیایدا ژمارەیەکی زۆر لە زانایانی هونەر و ئیسلامناس تیایان نووسیبوو، بەتایبەتی ئەو هونەرناسەی کە سەرقاڵی تەجرید و زەخرەفە و کولتووری ئیسلامی و خۆرهەڵاتین، وەک مارکۆز برودەرلین (Markus Bruderlin) و فلیپ بۆتنەر (Philippe Büttner)، ئۆلیگ گرابار (Oleg Grabar)، سامۆئیل هێرتسوگ (Samuel Herzog) و کلاوس پیاس (Claus Pias)، هانز تسیتکۆ (Hanz Zitko)، دیتەر بۆگنەر (Dieter Bogner) و خانمی ئیسلامناس ئەننامارى شیمیل (Annemarie Schimmel) هەروەها دەقێک بەقەڵەمی خاوەنی فۆندایشنەکە خۆی: ئێرنست بەیەلەر (Ernst Beyler)، ژمارەیەکی دی کە هیچیان سەر بەکولتووری عەرەبی ئیسلامی نەبوون.


## زەخرەفە چییە؟

بەرامبەر وشەی عەرەبییەکەی «زەخرەفە» وشەی ئۆرنەمێنت (Ornament) دێت، کە لە وشەی ئۆرنار (Ornare)ی لاتینییەوە وەرگیراوە، ئەمەش بەمانای ڕازاندنەوە دێت. (بڕوانە Huber, Luidl).

لە وانەیشە هەر ئەو هۆیە بێ کە هونەرمەندانی وەک مۆندریان و کاندنسکی (وێڕای سوود وەرگرتنیان)خۆیان لێی بەدوور گرتووە. چونکە ئەوان هەمیشە هونەرەکەی خۆیان وەکو دەربڕینی ڕۆح و بەستنەوەی بەگەردوون بینیوە،بەکارهێنانی ڕەنگ تەنیا لە پێناوی ڕازاندنەوەدا دوژمنی گەورەیان بووە.

فیلیپ لویدل (Philipp Loidl) و هیلموت هۆبەر (Helmut Huber)، ژمارەیەکی زۆریش لەوانەی کە لە زەخرەفەدا قووڵ بوونەتەوە، جیاوازی لە نێوان ئەو زەخرەفەی تەنیا بۆ ڕازاندنەوە بەکاردێت و ئەوەی کە هەڵگری مانا و سیمبۆلن. لەلایەن شێوە و ڕەنگ و ژمارەی فۆرمەکانیشیانەوە ئەکەن زۆر جار چەمکی زەخرەفە لە چەمکی سیمبۆل جیا دەکەنەوە لەبەرئەوەی سیمبۆل شێوەیەکە مانای هەیە و زەخرەفەی نییەتی. سیمبۆل (ڕەمز) شێوەی دیاریکراوی خۆی هەیە. زەخرەفە نییەتی. لە حاڵەتی سیمبۆلدا ژمارەی فۆرمەکان دیاری کراون و ڕەنگەکان تایبەتن و وەزیفەکانیشیان جیاوازن، وەک وەزیفەی ئاینی یان سیحر یان ڕەمز بۆ خێر یان شەڕ، ماناکانیشیان یان لە سروشتەوە دێن یان لە دەرەوەی سروشت. لەلایەن زۆربەی بینەرانەوە وەکو یەک دەبینرێ، بۆ نموونە «ئاڵا، یان دروشم.




ماسکی شین مالولا

بەڵام وەزیفەی زەخرەفە تەنیا ڕازاندنەوەیە، جیاکردنەوەی زەخرەفە لە سیمبۆل بەگشتی ئاسان نییە، ڕای (لویدل و هۆبەر) ئەوەیە دەکرێ ڕیشەی زەخرەفە لە سیمبۆلەوە هاتبێ، ئەگەرچی لەلایەن مێژووەوە ئەمە نەسەلمێنراوە.


بەگشتی زەخرەفە تەنیا تایبەت نییە بەکولتوورەکانی دەرەوەی ئەوروپا، بەڵکو گشت میللەتانی دونیا زەخرەفەی تایبەتی خۆیان هەبووە، لە خۆرهەڵاتەوە تاکو خۆرئاوا، هەندێ شێوە وەکو هێڵی زیگزاگ و لوول بەناو خۆدا، لە نێوان چەندی کولتووردا هاوبەشە. (بڕوانە Huber, Luidl).

زۆرجار بەو تایبەتمەندێتییەی کە زەخرەفە جیاوازەکان بەخۆوەی دەگرن، دەکرێ کولتوورەکانی پێ بناسرێتەوە، وەکو وێنەی ئاژەڵ لە زەخرەفەی فارسی و ڕۆمانی کۆن دا، یان نووسین لە زەخرەفەی چینی و عەرەبی و ئیسلامیدا. (هەمان سەرچاوە).

تەکنیک و مەتریال و ئەو ئامرازانەی کە شێوە زەخرەفییەکانیان پێ دروست کراون، ڕۆڵیان لەوەدا بینیوە کە شێوەکانیان لە تەجریدەوە نزیک بن یان دوور، ڤیگەریان تیابێ یان تیانەبێ، بەتایبەتی لە زەخرەفەی (بەرجەستە)دا. لە زەخرەفەی چاپکراویشدا پیت (حرف) ڕۆڵ دەبینێ. لە زەخرەفەی چنراویشدا (قاڵی و بەڕە) دەکرێ شێوەکان ڤیگەر دیاری بکەن یان نەکەن، بەپێی ئەو کولتوورەی کە زەخرەفە چنراوەکەی تیا دەکرێ. لە زەخرەفەی ڕەسم کردنیشدا تێکەڵاوییەکی تەواو لە نێوان شێوە زەخرەفەکان و پرۆسەی ڕەسم کردنەکەدا دروست دەبێ، واتا جۆری بەتابلۆکردنی زەخرەفەکە (پۆل کلێ، ماتیس، جۆرج براک).

شێوەکانی زەخرەفەیش بەپێکهاتەکانی هەڵکەوتوون، بۆ نموونە: زەخرەفەی ڕێنێسانس بەسیمێتری (Symetry) بەناوبانگە و لە سەردەمی بارۆک و ڕۆکۆکۆیشدا شێوەکان زیاتر

له حەرفی (C) ئینگلیزی دەچوون، ئەم شێوە (C)یە گواستراوەتەوە بۆ شێوازی مۆدێرن «له کۆتای سەدەی نۆزدەوە بۆ سەرەتای سەدەی بیست». زەخرەفەی عەرەبی ئیسلامیش بەگشتی بێ فیگەر بووە. (هەمان سەرچاوە).



پیکاسۆ

بێجگە له (ڕونگە) و (ڤان دی ڤیلدا) و کلیمیت و کاندنسکی و ماتیسی فەیلەسوف و کۆمەڵناس و مێژوو و هونەرناسە خۆرئاواییەکانیش، له کانتەوە تاکو گادامار کەم تا زۆر سەرقاڵی زەخرەفە بوونە. هەبووە زەخرەفەی وەکو هەڵگری مانای ئاین و ئەخلاق و کۆمەڵەوە بینیوە، وەک ڕەمز بۆ ژیانی بەکۆمەڵ و شێوەیەک له شێوەکانی بیرکردنەوە (کۆنسترەکتیڤیزم).

هیگڵ زەخرەفەی وەکو ئامرازێک بینیوە بۆ وشیارکردنەوەی ڕۆح. لای ئەرنست بلۆخ زەخرەفە شێوەیەک بوو له ئاشتبوونەوە و یۆتوپیای ئۆرگانی. هانیریش لوتسەر Heinrich Lutzer زەخرەفەی بەئیسلامەوە گرێداوە و وەکو دەربڕینێ بۆ دەستەڵاتی خودا بینیویەتی. فلهلم ورینگەرس Wilhelm Worringer له زەخرەفەدا چرکە ساتی پێویستی بوونی دونیای دەبینی، (فردریک شلێگل)یش Friedrich Schlegel له ئەرابیسکادا کۆنترین و ڕەسەنترین شێوەی خەیاڵی مرۆڤایەتی دەبینی. هونەرمەند (فرانک ستێلە)یش دەڵێ هونەر له دیکۆر زیاتر هیچی دیکە نییە و هانس جۆرج گادامار Hans Georg Gadmar ئەرابیسکای وەکو جۆرێکی تایبەت له دیکۆر بینیوە، بەڵام خانمی ئیسلامناسی ئەڵمانی ئەننامارس شیمیل (Annemarie Schimmel) ئەرابیسکای له دیکۆر زیاتر بینیوە و دەڵێ: «ئەرابیسکا زۆر لەوە زیاترە کە له مەغریبەوە تاکو ئەندەنوسیا دەرگا و پەنجەرە و ماڵ و خان و مزگەوت و مەرقەدی پیاوە ئاینیەکانی پێ ڕازاوەتەوە لەدیکۆر ئەرابیسکا



دەربڕینی هەست و ڕۆحی ئیسلامە، دوورە له دراما، بایەخ بەدیدەگا (Perspektive) نادات، بەڵکو ڕووبەرێکی تەختە، هونەرمەندەکە ویستوێتی بەشێوەیەکی تەجرید ڕەهەندە قووڵەکان نزیک بخاتەوە و تیایدا نووسینی عەرەبی ڕۆڵێکی گەورە دەبینێ».

بەڕای هونەرمەندی ئیسلامناس ئۆلیگ گرابار (Oleg Grabar) بوونی نووسینی عەرەبی له ئەرابیسکادا پەیوەندی هونەرمەندەکە بەخودی خۆیەوە بەهێز دەکات، ئەمەش ڕۆڵێکی گەورە له ئەشکالییەتی (خودا)دا له نێوان تەجرید و زەخرەفە بەگشتی و تەجرید و زەخرەفەی عەرەبی ئیسلامی بەتایبەتی دەبینێ، بەم جۆرە، ڕاوبۆچوون و هەڵوێستی فەیلەسوف و هونەرمەند و کۆمەڵناسەکان جیاوازبووە دەربارەی زەخرەفە تەنیا وەکو دیکۆر. بەڵکو هەڵگری مانا و هەست و ڕۆح بووە، لەلای هەندێکیان وەک سەرچاوەی خۆشەویستی سەیریان کردووە، وەک شلێغل و ماتیس و ئەنناماری شیمیل، لەهەمان کات کەسانی دیکە هەبوونە هەمیشە خۆیان لێی بەدوورگرتوە، وەک کاندنسکی و بریۆن، بەڵام یەکێ له هەڵوێستە هەرە توندڕەوەکان بەرامبەر زەخرەفە ڕای ئەدولف لۆزە (Adolf Loos) کە زەخرەفەی لەسەر شتە بەکارهێنراوەکان و خانوو و ماڵەکان وەکو شێوەی بێ سوود بینیوە کە بەڕای ئەو لەگەڵ کاتی نوێدا ناگونجێ، لۆز ئەو شێوانەی بەخوتبەی بێ سوود شوبهاندووە تا ڕادەی ڕەگەزپەرستی، لەم بارەیەوە دەڵێ: (هونەری سەربەخۆ «مەبەستی له هونەری خۆرئاوایە» دەبێ ترسی لەوەدا هەبێ نەک ئەو شێوە بێ وڵاتانە لەناو ئەواندا جێگا بۆخۆیان بدۆزنەوە و مەنفا دروست بکەن)(بڕوانە Brúderlin) لۆز ئەم ئاگادارکردنەوەی زیاتر ئاراستەی هونەرمەندانی تەجریدی خۆرئاوا دەکا تا بەردەوام بن له هونەرەکەیان وەک شتی ڕازاندنەوە تەماشا نەکرێ. چونکە ئەو هونەرمەندانە هونەرەکەی خۆیان (هونەری سەربەخۆ) وەکو شۆرش دەبینن له بواری ڕەنگ و شێوەدا، ناوەڕۆکی کارەکانیان هەڵگری ڕۆح و دەربڕینی دونیای ناوەوەن.

پاشان برو دەرلین دەڵێت: (بەڵام خودی ئەو هونەرمەندانە ئەوەیان لەبیر کردووە کە له بواری فەلسەفە و زانستی هونەردا له کاتی ئەمانوئیل کانتەوە (Kant) مشتومڕ له گۆڕێدا بووە بۆ جیاکردنەوەی چەمکی زەخرەفە وەکو سیمبۆل له زەخرەفە وەک تەنیا بۆ ڕازاندنەوە. لەو کاتەوە دەست بەوە کراوە کە زەخرەفەی سیمبۆل وەکو شتێکی تایبەت بەخۆی ببینرێ. هەروەکو (لویدال و هۆبەر) له کتێبەکەیاندا (زەخرەفە- Ornament) هەروەها ئەلویس ڕێگل Alois Riegel له کتێبەکەی (پرسیاری شێواز) دەربارەی ئەم بابەتەیان نووسیوە.

مێژوو و هونەرناسی نەمساوی ئەلویس ڕێگل (Alois Riegel) لە ساڵی ١٨٩٣ کتێبێکی لەژێر ناونیشانی (پرسیاری شێواز)نووسی، زیاتر بۆ دیاریکردنی هەندێ خاڵ و قۆناغی مێژوویی زەخرەفەی کۆن و چۆنێتی پەڕینەوەی بۆ شارستانی ڕۆما و هونەری شێوەکاری خۆرئاوا.


ڕێگل لەم کتێبەیدا زیاتر مەبەستی لە مێژووی (ئەرابیسک)ە کە لە سەدەکانی ناوەڕاستدا جێگای لە هونەری ئەندەلووسدا زۆر گەورە بووە و کاری کردۆتە سەر هونەری خۆرئاوا بەتایبەتی تەجرید.

ئەلویس ڕێگل لەو کتێبەی دەیەوێ ئەوە بسەلمێنێ کە ڕیشەکانی ئەرابیسک دەگەڕێتەوە بۆ هونەری میسریە کۆنەکان و لەوانەوە گواستراوەتەوە بۆ یۆنانی کۆن (ئەنیتک)، پاشان لە نێوان کولتووری بێزەنتەوە (لە سەدەی پێنجی میلادیەوە) هاتۆتە ناو شارستانی ڕۆما و ناوی ئەکانتۆسرانکای لەخۆگرتووە Akanthusranke، ئەمەش زیاتر لە کولتووری دەریای ناوەڕاستدا بەناوبانگە کە لەگەڵ ئەرابیسکادا زۆر لە یەک دەچن. (بڕوانە Bru-derlin)

ئەم هەوڵدانەی ڕێگل لە لایەکەوە، دەکرێ وەکو سەرچاوەیەک وەربگیردرێ بۆ ڕیشەی زەخرەفەی عەرەبی- ئیسلامی کە چەندین گۆڕانی بەسەردا هاتووە تاکو بووە بەئەرابیسک. واتە توانای تێکەڵاوبوونی لەگەڵ شێوەی نوێدا بۆ دروستکردنی شێوەیەکی نوێتر وەکو گۆڕانی لوتۆس ئورنەمێنت Lotosornament ی سەردەمی فیرعەونەکان بۆ جۆرێکی دی لە زەخرەفە لای یۆنانییەکان کە ناوی (پالمێت)ی بەخۆوە گرتووە Palmett. لە کۆتاییدا بۆ ڕۆما کە بووە بە(ئەکانتۆسرانکا)، لەمەشەوە بۆ ئەرابیسک (Arabisk). ئەمە ئەگەرچی توانای گۆڕان و نوێکردنەوەی زەخرەفە نیشان دەدا، لە لایەکی دیکەیشەوە سەرچاوە و ڕەگەزی ئەو زەخرەفەیە لە عەرەب و ئیسلام دەسێنێتەوە. بەڵکو عەرەب و نەتەوە ئیسلامەکانی دیکە وەکو فارس و وڵاتی قەوقاز و سەمەرقەند و بوخارا شێوەکانیان گۆڕیوە و لە نێوان بڕوای ئیسلامەوە هەندێ شێوە و ڕەنگ و پیتی عەرەبییان تێکەڵاو کردووە و خۆماڵیان کردووە، بەجۆرێ کە مۆرکی ئیسلامی تەواویان پێداوە. سەرەنجام وەکو بەشێکی گرینگ لە کولتوور و هونەری عەرەبی- ئیسلامی دەبینرێ بەشێوەیەک کە هەست بەو ڕەچەڵەکەی میسری و یۆنانیە کۆنەکانی نەکرێ.

ئەم هەوڵدانەی ڕێگل یەکێکە لە نووسینە هەرە گرینگەکان بۆ مێژووی زەخرەفەی





عەرەبی- ئیسلامی، وێڕای ئەو هونەرەی کە لە لیوناردۆ داڤنشیەوە بۆ ڕوبنس و ڕامبرانت و دولاکروا لە ئەوروپا باو بووە و ڕێگل ناوی (پراکستیلیس)ی ناوە (Praxiteles)، دەیەوێ ئەوە بڵێ کە بەتەریبی پراکستیلیسەوە مێژوویەکی دیکە هەیە بۆ جۆرێکی دی لە هونەر کە لەسروشتەوە نەهاتووە، بەڵکو هونەرمەند لەناو خودی خۆیدا شێوەی بوونی داناوە و خاوەنی دینامیک و مێژووی تایبەتی خۆیتی و ناوی زەخرەفەیە. (Orn amen-ant) (بڕوانە M.Brüderlin) ڕێگل دەیەوێ شوناسێک بۆ هونەری زەخرەفە دابنێ کە بوونێکی هونەری سەربەخۆیە نەک وەک تەکنیک و نەوەک ماتریال پەیوەندی بەپراکستیلیسەوە نییە.

ئەم کتێبەی ڕێگل کاریگەری لە سەرجەم ئەو هونەرمەند و زانایانە کردووە کە سەرقاڵی زەخرەفە و پەیوەندییەکانن. بەتایبەتی لەسەر تەجریدی خۆرئاوا. لەوانە لەسەر نامەی دکتۆراکەی فیلهلم ورینگەر کە لەژێر ناونیشانی تەجرید و پڕکردنەوە (Abstsaktion und Einfuhlung) لە ساڵی ١٩٠٧ بۆ ١٩٠٨ لە زانکۆی میونشن پێشکەشی کرد. ئەوکات وەکو سیمیناریش هەر لە هەمان زانکۆ دەیگوتەوە و ببووە یەکێ لەسەرچاوە تیۆریە هەرە گرینگەکان لەسەر کاندنسکی و سەرجەم تەجریدی خۆرئاوای سەرەتای سەدەی بیست.

## کاریگەری زەخرەفە لەسەر تەجرید
## (ڕونگە، فان دی فیلْدا، کلیمیت، مۆندریان، کاندنسکی)

مێژووی تەجرید بەرەو ماناکانی زەخرەفەمان دەبا. وەک بنەمایەک بۆ تەجریدی خۆرئاوای سەدەی بیستەم، لە (فیلیپ ئۆتۆ ڕونگە)وە بۆ (ڤان دو ڤیلدا)و کلیمیت و کاندنسکی و مۆندریان، هەندێ پرسیار خۆیان ڕەپێش دەکەن: وەک پرسیارکردنەوەی کۆمەڵناس نیکلاس لۆمان Niklas Luhmann لەمەڕ چۆنیەتی پەیوەندیی مێژووی زەخرەفە بەمێژووی هونەر بەشێوەیەکی سەربەخۆ. چونکە سەرەڕای هەوڵدانەکانی ڕیگل لای لومان هێشتا مێژووی گەشەکردن و پێشکەوتنی زەخرەفە ئاشکرا نییە. هەروەها پرسیاری بەردەوام نەبوونی کاریگەری زەخرەفە لەسەر هونەری مۆدێرن وەکو ئەو کاریگەریەی کە لە شێوازی مۆدێرنەکردنی (کلیمیت و ڤان دو ڤیلدا)هەیە لە کاتێکدا کوبیزم و فۆڤیزم بەردەوام بوون لە کاریگەریەکەیان، ئایا ئەمە پەیوەندی بەنەگونجانی ئەو شێوە زەخرەفانەوە هەیە لەگەڵ سەرجەم پرۆسەی پێشکەوتنی هونەری سەدەی بیستی خۆرئاوا کە وایکردووە زەخرەفە وەکو (موسافیری کوڕ) بەناو تەرکیبی (ترکیب) هونەری مۆدێرندا بڕوات؟


یان هونەری تەجریدی خۆرئاوای سەدەی بیست تازەکردنەوە و پێشکەوتنی شێوەی زەخرەفەیە؟

ئەم پێشانگایەی فۆندەیشنی بەیەلەر (Beyeler) دەیەوی وەڵامی ئەم پرسیارانە و چەندین پرسیاری دیکەش بداتەوە کە پەیوەندی بەتەجرید و زەخرەفەوە هەیە. هەر بۆیەشە من کەتەلۆگی پێشانگاکە و ئەو دەقانەی کە تیایدا نووسراون کردوومەتە سەرچاوەی سەرەکی لەم بابەتەمدا لەمەڕ پەیوەندی تەجرید لەگەڵ زەخرەفەدا و بەتایبەت زەخرەفەی عەرەبی ئیسلامی (ئەرابیسک).

ئەم پێشانگایە قورسایی خۆی خستوەتە سەر پەیوەندی تەجرید بەزەخرەفەی عەرەبی ئیسلامیەوە. (ئەرەبیسک) بۆ نموونە: چۆن تیۆریەکانی لە یەکچوونی شێوەکانی زەخرەفە کاریگەری نەک تەنیا لەسەر تەجرید بەڵکو لە دروستبوون و پێشکەوتنی هونەری مۆدێرنی فیگەراتیڤیش هەبوو. (بڕوانە Jorg Traeger) برودەرلین (Markus Brüderlin)

مێژووی پەیوەندی ئەرابیسکا بەتەجریدی ئەوروپییەوە دەگەڕێتەوە بۆ هونەرمەندی ڕۆمانسی ئەڵمانی (فیلیپ ئۆتۆ ڕونگە Philipp otto Runge)، بۆ ئەو کارانەی کە لە





نموونەیەک لە زەخرەفە

ساڵی ١٨٠٣دا زەخرەفەی عەرەبی- ئیسلامی. لە تابلۆکانی بەکارهێناوە، ئەمەش لە لایەن ناوەڕۆکەوە وەکو ئامرازێک بوو بۆ ئاشتبوونەوەی ڕۆح لەگەڵ شروشتدا کە لە ڕوانگەی فەلسەفییەوە سەردەمی ڕۆمانتیک پێویستی پێ بوو. (Brüderlin) بەم جۆرە ئەرابیسکا وەکو فاکتەری سەرەکی لە سەرەتای سەدەی نۆزدەوە وەکو (مسافیری کیور) لە هونەری ڕۆمانسییەوە بۆسیمۆلیزم و (شێوازی مۆدێرن ڕۆڵێکی گەورەی بینیوە، بەتایبەتی لە تەجریدی هێڵدا، بەهەردوو بەشەکانییەوە، هێڵی ئۆرگانی (ڕونگە، فیلدا، کلیمیت تاکو پولوک)، هێڵی ئەندازیاری (مۆندریان) ئەلبەرز و ڕودەشینکۆ). ئەمەش لەلایەکەوە وەکو گۆڕینێ بوو لە نێوان هونەری فیگەراتیف و هونەری بێ فیگەر. لەلایەکی دیکەشەوە وەکو نرخاندنێک بوو بۆ هەندێ دیاردەی هونەری ئەوکاتە، وەکو پرەنسیپی تەرکیبی گەردوونی کە لە ڕۆمانتیکەوە دەستی پێ کرد. (Bruderlin) ئەمەش بەناوەڕۆکێکی هەمەجۆرەوە کە لە (فردریک شلێگل)ەوە تاکو چارلس بۆدلێر (Charles Baüdelair) کاریان لە تیۆریەکانی کردووە.

(ڕونگە) لەژێر کارتێکردنی ئەرابیسکادا توانی چوارچێوەی تابلۆ بکات بەبەشێ لە ناوەڕۆک، چونکە لە سەرەتادا کارتێکردنەکەی ئەرابیسکا بەسەر چوارچێوەی کارەکانییەوە بوو، تاکو کۆکردنەوەی لایەنێکی گرینگی ناوەڕۆک لە چوارچێوەکانیدا بەرادەیەک خودی چوارچێوەکە دەبێتە تابلۆ. سەرەنجام ڕووبەرێکی ئەندازیاری زەخرەفی پێک دێنێ، تەخت و دوو ڕەهەندی و زیاتر لە هونەری فۆرمالی نزیک دەبێتەوە، سەرجەم چوارچێوە و تابلۆکە بەیەکەوە دەبێتە ڕووبەرێکی ڕەسمکراو، کە لە سەدەی بیستدا لای مۆندریان زیاتر ئاشکرا دەبێ.

لەو حاڵەتەدا کە چوارچێوە و تابلۆ یەک ڕووبەری ڕەسمکراو پێک دێنن، هێڵ لەوە

ڕزگاری دەبێ تەنیا وەسفی شێوە بکا، دوو وەزیفەی تەجریدی بەخۆوە بگرێ یەکەمیان: دەربڕین بێ وەکو لە کارەکانی کاندنسکی و پۆلۆک، ئەوەی دیکەیان بەستر. کتورکردنی ڕووبەر و تەکوینی تابلۆکە بێ کە شێوەیەکی ئەندازیار و (متبلور) پێک بێنێ (مۆندریان).

لێرەدا پرسیاری (برودەرلین) ئەوەیە: (ئایا ئەکرێ چیرۆکی زەخرەفەی «ئەلویس ڕێگل» لە «لوتۆس ئۆ نەمێننتەوە» تاکو زەخرەفەی سروشتی «لە شێوەی گیاوگژ»ی هێلینی و هونەری ڕۆمانی وەکو پردی نێوان هونەری بێزەنتی بۆ زەخرەفەی عەرەبی ئەسپانیا ببینرێت؟).


گەر وابێ دەکرێ بەردەوامی بەم چیرۆکە بدەین تاکو ڕونگە و ئەمپرێسیۆنیزمی نوێ و شێوازی مودێرن تاکو تەجریدی هێڵی مۆدێرن؟.

ئەرابیسکا لەو پەیوەندیەیدا لەگەڵ کارەکانی (ڕونگە)دا کاری کردووە بۆ هاوچەرخبوون و وەرگرتن و قەبووڵکردنی بەیەکەوە ژیانی جیهانی مۆدێرنە و ئەو شێوە زەخرەفیە بێ فیگەرانە (Brüderlin).

(ڕونگە) لە گرێدانی فاکتەرەکانی خودی تابلۆکە بەیەکەوە (ڕەنگ، شێوە، هتد) بۆ چارەسەرکردنی بابەتەکانی، خودی تابلۆکە لە ئەنجامدا دەبێتە مەرجێکی سەرەکی بۆ شۆڕشی تەجرید و ڕێ خۆش دەکا بۆ هونەرمەندانی شێوازی مۆدێرن «ڤان دو ڤیلدا، کلیمیت» کە دەبێتە زیاتر ڕێ خۆشکەر بۆ تەجریدی هێڵ (ئۆرگانی و ئەندازیاری). هێڵە ئۆرگانییەکان لە نیوەی یەکەمی سەدەی بیستدا لە هەردوو بواری هونەری فیگەراتیڤ (ماتیس، کای) و بێ فیگەر (کاندنسکی) بەکارهێنراوە. لە لایەکی دیکەشەوە ئەم تەجریدکردنی هێڵە بۆ ئۆرگانی و ئەندازیاری وەکو جۆرێک لە تازەکردنەوە و بەردەوامی خودی ئەرابیسکا دەبینرێ کە دەستپێکەرەکەی (ڕونگە)بووە. (بڕوانە Philippe Butt-ner).

لە کاتێکدا فەیلەسوفی ئەڵمان فردیک شلێگل «Friedrich Schlegel» گرینگی ئەرابیسکا بۆ هونەری ڕۆمانسی وەک پردێک لە نێوان هونەری کلاسیکەوە بۆ مۆدێرنە دەبینێ کە بەڕادەکی سەرەکی لە تابلۆکانی (ڕونگە) دان، ڤێرنەر بوش (Werner Busch) باس لە ئەرابیسکا لای (ڕونگە) دەکا کە شێوەیەکە لە شێوەکانی ڕەخنە، چونکە (بوش) ئاشتبوونەوەی نێوان من (انا) و گەردوون لە ڕومانسییەت بەمەحاڵ دەبینێ کە





ڕۆحی ڕۆمانسییەت پێوەی دەناڵێنێ. (ف. بوش) جۆری مامەڵەی (ڕونگە) لەگەڵ چوارچێوەی تابلۆکە و کردنی بەبەشێکی دانەپچڕاو لە سەرجەم بونیادی تابلۆ، لە ڕۆمانسیزمەوە دەپەڕێتەوە بۆ شێوازی مۆدێرنە، بەتایبەتی بۆ سەر شێوەی کارکردنی ڤان دو ڤیلدا و کلیمیت کەبوونە هۆی پەیدابوونی کۆمەڵێ هێڵی نوێ.

هونەرمەند و ئەندازیاری بەلژیکی هێنری ڤان دو ڤیلدا بەکار و تیۆرەکانی دەربارەی مودێرنە، توانی ڕۆڵێکی سەرەکی لە تەجریدی هێڵدا بگێڕێ لە هەردوو جۆرەی ئۆرگانی و ئەندازیاری، بەتایبەتی ڤان دو ڤیلدا خۆی یەکێ لەو هونەرمەندانەی شێوازی مۆدێرنە بوو کە لە کاری دەستیدا خاوەن بەهرە و بلیمەت بوو. ئەمەش یەکێ بوو لەو هۆیانەی کە زوو پەیوەندی لەگەڵ ئەرابیسکا پەیدا کرد. لە ساڵی ١٩٠٢ شێوە و هێڵەکانی ئەرابیسکای گۆڕی بۆ پرەنسیپی هونەری هێڵی مۆدێرنی سەربەخۆ. لەوکاتەوە هێڵەکانی لە شێوەی (شەپۆل و پێچاوپێچ)وە گۆڕدران بۆ تەکوینی تەجرید، هەرچەندە هێشتا کارەکانی ئەو کاتەی فیگەراتیڤ بوون. (بڕوانە Philipp Buttner) لای ڤان دو ڤیلدا هێڵ وەکو فاکتەرە هونەریەکان چالاک بوو، هەمیشە وەکو هەڵگری هێز تەماشای دەکرد، پشتی گەورەی پێ دەبەست بۆ دروستکردنی تەکوینی کارەکەی. ڤان دو ڤیلدا لەپاڵ تیۆرەکانی جۆن ڕۆسکن John Ruskin و وئۆن جونز Owen Jones زەخرەفەیان لە شێوازی مودێرنی سەدەی نۆزدەوە وەکو هەڵگری ناوەڕۆکێکی خودی خۆی دەبینی، وەکو دەربڕینێکی تەجریدی بۆ شوناسی جوانیەکی گشتی نوێ کە لە پاڵ ئۆبرێ بێردسلەی (Obray Beardslay)دا کاریگەری لەسەر (گۆستاف کلیمیت)یش گەورەبوو، «Gustav Klimt» بەڕادەیەک فیلپ بووتنەر Philippe Bultner لەدایکبوونی تەجریدی هێڵی شێوازی مودێرن (سەدەی نۆزدە) لە ڕۆحی زەخرەفەوە دەبینێ. بەتایبەتی لە کاری ئەو هونەرمەندانەیش کە لە دەوری

ستجسیوونیدا کۆبووبوونەوە و لە پێش هەموویانەوە گۆستاڤ کلیمیت.

کلیمیت جگە لە کاریگەری (ئۆبریێ بێردسلەی) سوودێکی گەورەی لە ئەرابیسکا وەرگرتبوو بۆ دروستکردنی ئەو هێڵانەی کە شێوەی ئافرەت و فیگەرەکانی دەورووبەریانی پێ دیاری دەکرد. هەروەها ئەرابیسکا بۆ ڕازاندنەوە و جوانکردنی هەندێ لە ڕووبەرەکانی تابلۆکانی کە بابەتی سێکس و ئافرەتیان تیابوو، وەکو گونجان و هارمۆنی شێوە و ڕەنگەکانی ئەرابیسکا لەگەڵ ناوەڕۆکی تابلۆکانیدا کە جوانی و ڕۆمانسییەتی زیاتری پێیان دەدا. لەلایەکی دیکەشەوە ڕۆڵێکی گەورەی دەبینی لە تەجریدی هێڵدا، ئەمە وەکو بەردەوامی بۆ ئەو دەستپێکردنەی (ڕونگە) و کار و تیۆرەکانی ڤان دو ڤیلدا و ڕووسکن و شلیگڵ کە زیاتر ئەوە ئاشکرا دەبوو زەخرەفە تەنیا یاریکردن نەبووە بەڕەنگ و شێوە، بەڵکو لە پاڵ سیمبۆلدا شێوەیەکی پڕ ناوەڕۆک بووە و هەمان ئەو خەسڵەتانەی تەجریدی خۆرئاوای هەبووە وەک گەردوونی بێ کۆتایی. ڕێکوپێکی، جیهانی و یاسا نەبینراوەکانی سروشت کە مۆندریان و کاندنسکی کردبوویانە ناوەڕۆکی کارەکانیان. مۆندریان لە کارە تەجریدەکانیدا دەیەویست ناوەڕۆکی تابلۆکانی لە زەخرەفە دووربخاتەوە و زیاتر بەگەردوون و سەرچاوەی دیانەتی مەسیحی و بوزی ببەستێتەوە. بەڵام هاوبەشی و خاڵی لە یەکچوون لە نێوان تابلۆکانی مۆندریان و زەخرەفەی ئیسلامی کەم نین، یەکێ لەو لایەنە هاوبەشییە گرینگانە سیستەمە.

ناوەڕۆکی کارەکانی پیت مۆندریان، وەکو یەکێ لە هونەرمەندانی گرووپی دو ستیل (De Stijl)ی هۆڵەندی لەگەڵ ناوەڕۆکی کارەکانی (ڤان دو ڤیلدا)دا هاوبەشن، لەوەی کە تابلۆ دەبێ تەخت بێ شێوە و ناوەڕۆک یەکبن، ئەمەش کەمکردنەوەی ناسنامەی تابلۆ نییە، بەڵکو یەکگرتنەوەی گشت بەشەکانی تابلۆیە پێش ڤان دو ڤیلدا (ڕونگە) کاری بۆی کردووە، ئەمەش ناسنامەی تابلۆی خستە ناوەڕاستەوە. (بڕوانە Buttner).

ڤان دو ڤیلدایش بەئاشکرا پێ لەوە دەنێ کە بۆ ئەنجامدانی تابلۆکانی سوودی نەک تەنیا لە ڕونگە وەرگرتووە، بەڵکو لە (ئەرابیسکا)یش. ئەمە وەکو ڕوونکردنەوەیەکی لایەنی ڕەچەڵەکی کارەکانی مۆندریان بە(ئەرابیسکا)وە.

لەلایەکی دیکەوە مۆندریان بۆ بەرجەستەکردنی پەیوەندیی گەردوونی لە کارەکانیدا، ویستی زمانی شێوە لە گشت ڕووبەرەکانیدا یەکسان بکا. بەڵام گرفتی مۆندریان لەوەدا بوو کە هێشتا بابەتی دەرەکی لەسەر تابلۆکانی کاریگەر بوو، کە دەبوونە ڕێگر لە پێش



بەرەو تەجرید بردنی تابلۆکانی و نەگونجانی شێوە لەگەڵ ناوەڕۆکدا. ئەمەش پەیوەندی بەو داپچڕانەیدا هەبوو لەگەڵ کوبیزم. چونکە ئەوکات مۆندریان دەکەوێتە قەیرانێکەوە هەست دەکات کوبیزم هیچ چارەسەرییەکی پێ نادات لە بواری گۆڕین و هاتوچۆی نێوان بابەت و ڕووبەری کارەکانی، وەک هاتوچۆ لە بابەتەوە بۆ ڕووبەر و بەپێچەوانەیشەوە، لێرەدا تەرکیبی زەخرەفە بەهانای مۆندریانەوە دێت. (بڕوانە Ph. Buttner).

سەرەنجام لەساڵی ١٩١٦ بەڕەنگ و هێڵ سیستەمێک پێک دێنێ کە لە نێوان سەرجەم فۆرمەکانیدا سازش هەبووە. ساڵێک پاش ئەوە سیستەمێکی دیکە پێک دێنێ کە تیایدا یان بەڕەنگی تەواو یاخود هێڵی تەواو کار دەکات. ئینجا بێ سازش کە یارمەتیی دەدەن بەرەو ئەو کارانەی کە لە ١٩١٨ بۆ ١٩١٩ دروستییانی کردووە، تیایاندا هێڵ و ڕووبەرەکانی تەواو شاقوڵی و تەریبی بوون لە سیستەمی زەخرەفەوە نزیک بوون، بەتایبەتی بیرۆکەی ئەم هێڵە ڕاست و شاقووڵی و تەریبیانە لە زاکیرەیەکی زەخرەفییەوە هاتوون، ئەمەش یەکێکە لە جیاوازییەکانی نێوان مۆندریان و کاندنسکی لە پەیوەندی و هەڵوێستیاندا بەرامبەر زەخرەفە.

کاری مۆندریان وەکو هونەری مۆدێرن ڕێگا بۆ ئەوەیش خۆش دەکا لەو بیرۆکە کۆنانە بگەین کە دەڵێن (شێوەی هونەری وا دەکا ڕێکوپێکی گەردوون ببینرێ) ئەمەش دیسانەوە لە هەندێ لە ناوەڕۆکەکانی زەخرەفە نزیکمان دەکاتەوە.

بەپێی بینینی ئەنناماری شیمیل (Annemarie Schimmel) لەبارەی ئەو تابلۆیانەی مۆندریان کە لە پاش (١٩١٨)ە و دروستیانی کردووە، (بەشێوەیەکی ڕێکەوت بێ یان مەبەستی خۆی بێ) لە یەکچوونێک هەیە لە نێوان هێڵە ڕاست و شاقوڵی تەریبیەکانی مۆندریان و نووسینی عەرەبی کوفی.

کاندنسکی نەک لەبەر شێوەی ئۆرگانی کارەکانی، بەڵکو لە زۆر لایەنی دیکەوە پەیوەندی و هەڵوێستی بەرامبەر زەخرەفە جیابوو وەک لە مۆندریان و کلیمیت و ڤان دو ڤیلدا و ڕونگە. ئەو لە نێوان سەرسوڕمانی بەرامبەر ڕەنگ و شێوەکانی زەخرەفە و خۆپاراستندا بوو لە کاریگەری و بەکارهێنانی ڕاستەوخۆ لە پەلە ڕەنگ و هێڵەکانیدا کە لە سەرچاوەی سروشت و بڕوا کریستیانە ئۆرثۆدکسەکەی و فۆڤیزمەوە هاتبوون. نەیدەویست دونیای ڕۆحی خۆی و پێداویستییەکانی ناوەوەی بشڵەژێنێ. لەگەڵ ئەوەشدا کەم یان زۆر زەخرەفەی لە کارەکانیدا (بەئاگادارییەوە) بەکار دەهێنا.

کاتێ کە کاندنسکی لە ساڵی ١٨٩٦ دەگاتە شاری میونشن ئەو کاتە شێوازی مۆدێرن و هونەری پڕ لە زەخرەفەی عەرەبی لە میونشن باوبوو کۆمەڵێ هونەرمەندی بەناوبانگی ئەوکاتە کاریان پێی دەکرد کە کاندنسکی لە هێڵەکانیاندا ئازادیەکی وەهای بەدی دەکرد، چونکە بەڕای ئەو، ئەو هێڵانە هیچ شێوەیەک یان فیگەرێک وەسف ناکەن، بەڵکو لەناو خودی خۆیاندا جووڵانەوە پێکدێنن. ئەوەندەی نەخایاند لە ساڵی ١٩١٠ پێشانگای هونەری ئیسلامی لە میونشن کرایەوە کە کاریگەری خۆی لەسەر کاندنسکی و تەجریدەکەی جێ هێشت، ئەگەرچی ئەو هەر لەو قەناعەتدا بوو کە ئەمانە دانانی کۆمەڵێ ڕەنگ و شێوەی جوانن بەیەکەوە، (بڕوانە Ph. Büttner) لە قووڵاییدا دەرک بەمەترسی ئەو تەجریدە دەکات کە بیەوێ لە شێوە و ڕەنگی زەخرەفەوە بپەڕێتەوە، ئەو هەمیشە بەدوای شێوەیەکدا گەڕاوە کە ببێتە ڕێگر لە پێش زەخرەفە، چونکە ئەو لە زەخرەفەدا بەگشتی شێوەیەکی نێگەتیڤی بینیوە لە بەراورددا بۆ شێوەی تەجرید، سەرەڕای ئەمەش قسەی لەسەر زەخرەفە کردووە و لە هەندێ قۆناغەکانی کارکردنیدا بەکاری هێناوە، وەکو قۆناغی سەرەتای تەجرید ١٩١٠ بۆ ١٩١٣ هەروەها لە ١٩٢٠ و ١٩٣٠. (هەمان سەرچاوە).

لە سەرەتای تەجریددا کاندنسکی شێوە و ڕەنگە جوانەکانی ئەرابیسکای بەپارچە پارچەکراوی، لەناو ئەتمۆسفیری ڕەنگ و هێڵەکانی توانەتەوە و لە پێناوی زیاتر دانانی هێز و گەشانەوەی ڕەنگەکانی بەکاری هێناوە. هەڵبەت بێ هێشتنەوەی هیچ ناسنامەیەکی ئەو زەخرەفانە و کارتێکردنیان لە ناوەڕۆکی تابلۆکانی. ئەمەش نەک لەبەر خۆشەویستی بۆ زەخرەفە، بەڵکو لەبەر خۆشەویستی بۆ ڕێکوپێکی، چونکە ئەو کاتە کاندنسکی لە گەڕاندابووە بەدوای شێوەی نوێ و ڕێکوپێک.

پاشان پەنابردنی کاندنسکی بۆ بەکارهێنانی زەخرەفە لە ماوەی بیست و سییەکاندا زیاتر بەهۆی ئەو ڕۆڵە گەورەیەوە بوو کە زەخرەفە لەو کاتە بینی نەک تەنیا لەسەر کاندنسکی، بەڵکو لەسەر کۆمەڵێ هونەرمەندی دیکەی ئەو سەردەمە، وەکو جۆرج براک و پیکاسۆ و ماتیس و سەرجەم هونەرمەندانی گرووپی خوڵقێنەری تەجرید،کە گرووپی(ئارت دیکۆ Art Deco)یش لەوسەردەمە تازە سەری هەڵدا بوو. (Brüderlin).

بەگشتی کاری کاندنسکی لە تەجرید لە هەمان کاتدا خۆ دوورخستەوە بوو لە زەخرەفە. زەخرەفە لە هونەری کاندنسکیدا لەگشت حاڵەتەکان لە ئاستێکی مێژووییەوە نەهاتوو،



واتا زاکیرەی کاندنسکی لەگەڵ زەخرەفەدا پەیوەندیەکی قووڵی نییە. سەرەڕای ئەو کاریگەرییە قووڵەی کە سیمینارەکانی ورینگەر ڕاستەوخۆ لەسەر تەجریدی کاندنسکی هەبوو، کەچی ئەم لایەنە کاریگەری ئەوتۆی نەبووە. لە نامەی دکتۆراکەیدا دەڵێت: «خاڵی سەرەتای گشت داهێنانێک لە بواری تەجرید و خواستی شێوەدا ڕەچەڵەکەکانی دەگەڕێتە بۆ زەخرەفە». (بڕوانە Philippe Büttner).

پۆل کلێ پەیوەندی باشتر بووە لەگەڵ زەخرەفە بەبەراورد لەگەڵ مۆندریان و کاندنسکیدا. ئەو خۆشیی بەهێڵی عەرەبی هاتووە و وەکو شێوەیەکی پێشکەوتوو تەماشای کردووە. ئەمەش زیاتر لە ئەنجامی ئەو سەفەرانەیدا بۆ تونس، بەتایبەتی شاری قەیرەوان کە خۆشەویستییەکی گەورەی تیا دروست ئەکا، بەرادەیەک دەڵێ: «قەیرەوان منی دروست کرد». بەڵام ئەویش وەکو کاندنسکی سەرچاوە سەرەکی هونەرەکەی لە سروشت و دونیای ڕۆحی خۆیەوە دێت. زەخرەفە و سەرجەمی ئەو شێوە و ڕەنگانەی کە لە تونس دەیانبینێ وەکو فاکتەری دەرەکی وان لە هونەرەکەیدا و تەواو کراوە نابێ لەگەڵ زەخرەفەدا و ئەویش بەشێوەی داخراو دەیبینێ.

لەو هونەرمەندە خۆرئاواییانەی کە بەرامبەر (ئەرابیسکا) کراوەیە هێنری ماتیسە (Henry Matisse) کە زۆر بەخۆشەویستییەوە لە هونەرەکەی بەکاری دێنێ.

ماتیس ئەگەرچی هونەرمەندی تەجرید نەبوو، بەڵام سوودێکی گەورەی لە زەخرەفەی عەرەبی وەرگرت بۆ ژیان بەخشین و مانا و جوانکردنی ڕووبەری ڕەنگەکانی، بەهۆیانەوە دیالۆگێکی لە نێوان ڕووبەری ڕەنگی ئەورووپی کە لە ئەمپرێسیۆنیزمی نوێوە بۆی مابووەوە، ڕەهەندەکانی فۆڤیزمی بێ سڵکردنەوە و خۆ دوورکردنەوە فراوان کرد، بەڕادەیەک ناوی لێ دەنێ (بەهەشتی زەخرەفە) کەچی کاندنسکی دەڵێ: «ئەوەی مانای نەبێ هیچە وەک زەخرەفە»، بەڵام خودی تەجریدی کاندنسکیش بەگشت پێداویستییەکانی ناوەوە و دونیا ڕۆحانییەکەیەوە لای هەندێ هونەرمەندانی سەردەمی خۆی وەکو هونەرمەندانی «دادا» لە ئاستی زەخرەفە زیاتر نەبوو، ئەمەش زیاتر بەهۆی ئەو جیاوازییە گەورەی جۆری کارکردنی تەجرید و داداوە کە هۆگۆ باڵ لە ساڵی ١٩١٧ بۆ ئەو پرسیارە دەبا: «ئایا هونەری تەجرید لە زەخرەفە زیاتری پێیە؟» و برودەرلینیش دەپرسێ: «بۆچی دیاردەگەری زەخرەفە و ڕازاندنەوە یەک مێتۆد نەبن بۆ نوێکردنەوەی ڕەسم کردن لە خۆرئاوادا بەتایبەت تەجرید؟».

## ئەشکالییەتی «خود» لە تەجرید و زەخرەفەدا

یەکێ لە ڕەخنە کوشندەکانی هەندێ لە هونەرمەندان و زانایانی هونەری خۆرئاوا لە زەخرەفەی عەرەبی ئیسلامی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوە کە زەخرەفە مانای هەڵگری (خود) نییە و زیاتر کاری میکانیکی و بێ ناوەڕۆکە. یەکێ لەمانە مارسێل بریۆنە (Marcel Brion) کە لەلایەکەوە بڕوای بەوە هەیە زەخرەفەی عەرەبی ئیسلام بنەمای تەجریدی نوێ پێک دێنێ، لەلایەکی دیکەشەوە دووری دەخاتەوە لە ڕۆح و هەست و وەک کارێکی تەنیا بابەتی تەماشای دەکا و دەڵێ: «هونەری تەجریدی نوێ لە زەخرەفەی عەرەبی جیا دەکرێتەوە بەومانایەی تەجرید دەربڕینی خودی هونەرمەندەکەیە، ئەمەش لە هونەری ئیسلامییەوە دوورە». (بڕوانە عفیف بهنسی).

لەوە دەچێ ئەم ڕەخنەیە و هەڵوێستی کاندنسکیش ئەو کارە زەخرەفییە میکانیکییانە بگرێتەوە کە دووپاتی ئەو شێوە زەخرەفییانە دەکەنەوە کە لەوەوپێش دروست کراون و ئینجا کاریگەرەکە بۆ ڕازاندنەوەی مزگەوت و کۆشک و تەلار و مەرقەدی پیاوە ئاینییەکان بەکاری هێناوە. بەڵام ئەو ڕەخنەیە ئەو کارە سیمبۆلییە ناگرێتەوە کە هونەرمەندەکە شێوەی یەکەمی وەکو بەشێ لە لایەنە بینراوەکەی سۆفیزم بۆ دەربڕین لە باڵا و (حق) و نزیکبوونەوە لە ڕۆحی خودا دروستی کردووە. وەکو پەیوەندی لە نێوان مرۆڤ و خودا دا کە جوانییێکی تایبەتی لە هاوتا نەبینراوەکانی دایە وەکو بەشێک لە سیستەمی سۆفیزم.

مێشکی سۆفی کە لەسەر بیروڕای تاکە خودا بونیاد نراوە، لە پێناوی نزیکبوونەوەیدا لە ڕۆحی ئەو خودایە ئەوەندە بایەخی بەخودی خۆی نەداوە (انکار الذات) کە هونەرمەندی زەخرەفەی ئیسلامی بەرەو جووتبوون و تواندنەوە دەبات لەگەڵ (مطلق) و ئەمە لە دووپات و سێ پات بوونەوەی شێوەکاندا بەدەری دەخات. (عفیف بهنسی)

ئەمەش وەکو مێتۆدێک بۆ ئاشکراکردنی نادیار کە لەگەڵ تەجریدی خۆرئاوادا یەکن (لە مێتۆدەکەدا)، بەڵام جیان لە چەمکی «نادیار»، لە کاتێکدا «نادیار» لای کلێ و کاندنسکی و مۆندریان ڕۆحە، لای هونەرمەندی ئیسلامی کە شێوەی زەخرەفەی پێ دروست کردووە ئاستی ئەوپەڕی باڵاییە کە خودا دەگرێتەوە. (هەمان سەرچاوەی پێشوو)

لەگەڵ ئەو خاڵە هاوبەشیانەی نێوان زەخرەفەی ئیسلامی و تەجریدی خۆرئاوادا وەکو



مێتۆدێک بۆ دەربڕینی نادیار و پەنابردن بۆ ناوەڕۆک لە چرکە ساتی داهێناندا نەک بۆ هەستی ماددی شتە ڕەسم کراوەکان، هەردووک هەوڵی ئاستی بەرزی جوانی دەدەن کە نە سروشتە و نە مرۆڤیشە. لە تەجریدی ئەندازیاری خۆرئاوادا لە پاڵ ڕۆح و دونیای ناوەوە کۆمەڵێ ماتماتیک و بەرهەمی عەقڵانی تیا بەکار دەبردرێ، بەتایبەتی لە کۆنسترەکتیڤیزم و هونەری کۆنکریت، ئەمەش ئەوە ناگەیەنن کە شێوەی زەخرەفەی ئیسلامی دوورە لە بەکارهێنانی عەقڵ، ئەو ژمارەیەیش کەم نین کە شێوەی زەخرەفەی ئیسلامی (ئەندازیاری) وەکو جۆرێ لە جۆرەکانی کۆنسترەکتیڤیزم دەبینن کە تایبەتە بەهونەر و کولتووری ئیسلامی، فاکتەری دینی ڕۆڵێکی گەورەی تیا دەبینێ و لە ناوەڕۆک و پەیامی دروستکردنی ئەو شێوە ئەندازیارانەدا.

لە کاتێکدا ئاینی کریستیانی لە پاش سەدەکانی ناوەڕاستەوە ڕێگای بەدروستکردنی وێنەی خودا داوە، هونەرمەندانی خۆرئاوا لەو کاتەوە تاکو ئەمڕۆ وێنەی خودا لە شێوەی مرۆڤ و شتی دیکەدا لە کارە هونەرییەکانیاندا بەکاردەهێنن. بەڵام ئیسلام ڕێگای بەوێنەکردنی خودا نەداوە و لە سورەتی (الاخلاص) خودا دەڵێ: «قل هو الله أحد * الله الصمد * لم يلد ولم يولد * ولم يكن لهُ كُفُواً أحد»، سەرەنجام هونەرمەندی زەخرەفەی ئیسلامی هەوڵی نەداوە بۆ دروستکردنی وێنەی مرۆڤ یان خودا، بەڵکو لەزەتی لە نزیکبوونەوەی ڕۆحی خۆی وەرگرتووە لە ڕۆحی خودا، لەمەشدا ناو و ڕۆحی خۆی لە پێناوی ڕۆحی خودادا لە بیرکردووە. ئەمەش یەکێکە لە هۆیەکانی نەبوونی ناو لەو کارە زەخرەفییە ئیسلامییانە، لەلایەکی دیکەیشەوە هەرچەندە (المقريزى) لە کتێبەکەیدا «الخُطَطْ» ناوی هەندێ لەو هونەرمەندانەی بردووە. بەڵام بەڕای (بهنسی) ئەو هونەرمەندانە لەو سەردەمەدا جێگایەکی بەرزیان لەناو کۆمەڵدا نەبووە، وەک پیاوە ئاینی و شاعیرە بەناوبانگەکان، بۆیە ناویان سڕاوەتەوە. بەهنەسی دان بەوە دادەنێ کە جیاوازی لە نێوانی هونەری عەرەبی و هونەری تەجریدی خۆرئاوادا هەیە، لە بواری ناو و بەرجەستەکردنی «خود»دا، هۆیەکەیشی بۆ ئەوە دەگەڕێنێتەوە کە هونەرمەندی ئیسلامی بەدوای ئەو نرخە هونەرییانەدا گەڕاوە کە لە خودای نزیک دەکاتەوە لە کاتێکدا تەجرید لە هونەری خۆرئاوادا لە ئەنجامی دەربڕینی خودی هونەرمەندەکە دروست بووە، ئەمەش وەکو بەشێک لە کولتووری خۆرئاوا و ڕۆڵی تاکەکەس و نیگەرانی خود کە ڕۆڵێکی گەورەی بینیوە لە بەرجەستەکردنی خودی مرۆڤی خۆرئاوای کریستیانی (عبدالله ابراهيم)، پێویستی ئەو خودە نیگەرانە بۆ دەربڕین، ئەم تاکە کەسییەش لە شێوەی تەجریدی

خۆرئاوادا بەدەردەکەوێ لە کاتێکدا شێوەی بەیەکەوەی زەخرەفە ئاماژە بۆ بەیەکەوە ژیان دەکا.

«بەهنەسی» هێزی بینین و مەزندە(حەدس)ی کردۆتە دوو فاکتەری جیاوازی نێوان هونەرمەندی عەرەبی ئیسلامی و هونەرمەندی تەجریدی خۆرئاوا. بەڵام هونەرمەندی تەجریدی خۆرئاوایش هەرچەندە عەقڵ و تاکەکەس بەسەریدا زاڵە، هیچ کات خۆی لە مەزندە و هێزی بینین بەدوور نەگرتووە. بەپێچەوانەوە ئەوان هەمیشە لە کاری هونەرییاندا عەقڵیان تێکەڵاو بەهەست و ڕۆح کردووە کە مەزندە پێکدێنێ، بۆ نموونە لای کاندنسکی ڕۆڵی هەست و ڕۆح لە ڕۆڵی عەقڵ زیاترە و پۆل کلێیش هەمیشە عەقڵی ساغ و سەلیمی بە«مەزند»ەوە گرێداوە، کاندنسکی لە میکانیزمی تابلۆی تەجریددا باس لە ڕۆڵی گەورەی ڕۆح دەکا بەرامبەر «من» «الأنا»، چۆن لە قووڵایی دەربڕینەکەدا ڕۆح بەسەر «من»دا زاڵ دەبێ بەو ڕادەی کە «من» ئەوەندە ڕۆڵی نامێنێ و دەڵێ: «کاری هونەری گەر کات بەسەریدا تێپەڕ بێت، ئیدی نرخ و ژیانی فاکتەری خود نامێنێ، ئەوەی کە دەمێنێتەوە نرخە هونەرییە پەتییەکەیە کە هەرچەندە کات بەسەریدا بڕوات ئەوەندە وزەی نوێ و بەردەوامی پەیدا دەکات». ئەمەش لە ناوەڕۆکدا لەگەڵ میکانیزمی دروست بوونی زەخرەفەی عەرەبی ئیسلامیدا جیاوازیەکی گەورەی نییە کە لەلای ڕەخنەگری فەرەنسی (میشیل زۆیفۆر) زیاتر ڕوون و ئاشکرا دەبێ، چۆن هەردوو یەک دەربڕینن بۆ یەک نادیار. «بەهنەسی»یش دەڵێ: «هونەرمەندی تەجرید لە ڕێگای بەشە جیاجیاکانییەوە دەیەوێت بگات بەگشتی کە خودایە و ئەمەش دەبێتە سەرچاوەی هەستێکی گەورە و داهێنان».

بەڕای (مارکۆز برودەرلین) سەرجەم دیالۆگەکان لەسەر قەیرانی هونەری ڕازانەوە (دیکۆر)ی سەدی نۆزدە وتیۆرەکانی پەیدابوونی زەخرەفە لە بنەڕەتەوە لە پرۆسەی دروست بوونی تەجریدی سەدەی بیست جیانین و زیاتر پشت بەڕای هاینس هۆڵتس دەبەستێ (Heinz Holz) کە ئەویش دەڵێ: «شێوازی ڕۆکۆکۆ لە سەدەی حەڤدە و هەژدە وەکو میتاستایل خۆی لە لاساییکردنەوەی زەخرەفەدا دەبینێتەوە».

خود دەربڕین لەکاتێکدا ڕوودەدات کە شێوە زەخرەفییەکان بتوانن وەزیفەی بینین بگەیێنن ئەمەش دەربڕینێکە بۆ ناوەڕۆکی بابەتەکە (نادیار) کە لە حاڵەتی زەخرەفەی ئیسلامیدا بەئەنجام گەیەنراوە، واتە زەخرەفە وەکو شێوەیەکی ڕێکوپێک بۆ دەربڕینی خود، بەڵام لە مۆدێرنەدا هونەری بێ فیگەر (وەک پاشماوەی زەخرەفە) ئەو وەزیفەی لە زەخرەفەدا



سەندوەتەوە و وەکو مێتۆدێکی شەرعی بۆ هونەرەکەی خۆی (هونەری سەربەخۆ) بەکاری هێناوە.

چەمکی "دەربڕینی خود" کە وەزیفەیەکی بنەڕەتی دەگێڕێ لە هونەری تەجریددا ئەوەندە گەورەیە کە لە پێوەرەکانی (مقاییس) جوانی تێدەپەڕێ بۆ بواری پێشخستنی سیستەم، وەک لایەنی ئابووری و کۆمەڵایەتیی، زانست، زمان تا دەگاتە هونەر کە لەگەڵ دیکۆر و زەخرەفەدا پەیدابوو (Brüderlin).

کۆمەڵناس نیکلاس لۆمان ٠ Niklas Luhmann) گرینگی شێوەی زەخرەفە بەئەندازەی زمان دائەنێ بۆ کۆمەڵگا و دەڵێ: «گرینگی پێشکەوتنی شێوەی زەخرەفە بۆ سیستەمی هونەر، بەئەندازەی پێشکەوتنی زمان بۆ کۆمەڵگا گرینگە».

برودەرلین لە کۆتایی باسەکەیدا: «پێشەکییەک بۆ زەخرەفە و تەجرید» دەڵێ: «ئەگەر ئێمەی خۆرئاوا لە نێوان زەخرەفەوە بتوانین لە شعور و فیکری کولتوورەکانی دیکەوە باشتر بگەین، دەکرێ زەخرەفە وەکو پردێک لە نێوان هونەری گلۆبال ببینین کە بەهۆیەوە هونەر لە قۆناغی مۆدێرنەوە بۆ پۆست مۆدێرنە دەچێ». (ئەننامار شیمیل)یش کاری هونەری شێوەکاری بەناوەڕۆکی کولتوور دەبینێ و (ئەرابیسکا)یش، بەتایبەتی بەناوەڕۆکی کولتووری ئیسلامی لێ دەبینێ و دەڵێ: «بۆ خۆرئاوا بەگشتی ئاسانترە لە نێوان هونەری شێوەکارییەوە پەیوەندی لەگەڵ ئیسلامدا ببەستێ وەک لە ئەدەبی کلاسیک».

## فەرەنسا و بەریتانیا وەکو کۆکەرەوەی هونەرمەندانی تەجرید

فەرەنسا و بەریتانیا نەک تەنیا بۆ تەجرید، بەڵکو لە سەرەتای دروست بوونی هونەری مۆدێرنەوە پاریس و لەندەن ژمارەیەکی زۆریان لەو هونەرمەندانە لە خۆ گرتبوو وەک، دولاکروا و ئانگەرز، دۆمێ دوتریک، سەرجەم هونەرمەندانی ئەمپرێسیۆنیزم و سیمبۆلیزم (پاریس) و تێرنەر و کونستایل و ئۆبرێ بێردسلەی و سەرجەم هونەرمەندانی (پاش ڕافائیل) و شێوازی مۆدێرنی بەریتانیا (لەندەن).

پاش جەنگی جیهانی یەکەم ڕۆڵی ئەو دوو شارە گرینگتر بوو بەلە خۆگرتنی ژمارەیەکی زۆرتر لە هونەرمەندە نوێخوازەکانی ئەوروپا، بەتایبەتی هونەرمەندانی تەجرید و دادا و سوریالیزم.

## تەجرید لە پاریس، گرووپی (تەجرید – خەلق)

پاریس لە سەرەتای سەدەی بیستدا مەڵبەندێکی گەورەی هونەر بوو، نەک تەنیا بۆهونەرمەندانی فەرەنسی، بەڵکو بەهۆی مەترسی جەنگ و دواتر بەهۆی هەڕەشەی نازییەکانەوە، ژمارەیەکی زۆری هونەرمەندان لە هەموو لایەکی ئەوروپاوە ڕوویان دەکردە پاریس. لە دەوروبەری ساڵی ١٩٢٠دا تەجرید گرنگییەکی گەورەی پێ دەدرا، وەک جەمسەری ئەودیوی سوریالییەکان هەندێ لەگەڵ هونەرمەندانی ئەو سەردەمە وەک پیکاسۆ، براک و ماتس لە دەوری کۆبوونەوە. ئەم هونەرمەندانە بەهۆی ئەوەی هەر یەکەیان ڕێبازی خۆی هەبوو، لە قۆناغەکانی دوایی تەجریددا چالاک نەبوون... پیکاسۆ خۆی بەدرێژایی ژیانی هونەرمەندێکی ڤیگەراتیڤ بوو، زۆر جار بەتایبەت لە قۆناغی کوبیزمی ئەنالەتیکدا (شیکەرەوە) لە تەجرید نزیک بووەوە، بەڵام حەزی پیکاسۆ لە ڤیگەر هەمیشەیی بوو.

لەو دەمەدا فێرناند لیژێ و دیلۆنی دوو هونەرمەندی گرینگ بوون ئەو کاتە کاری تەجریدیان دەکرد. لیژێ هەندێ نەخشەسازی لە شێوەی تەجریددا کردووە و سەرجەم ئۆرفیزمی دیلۆنی کە ئەوکات لە پاریس بەناوبانگ بوو، دەتوانرێ بەشێوەیەک لە شێوەکان بەتەجرید لە قەڵەم بدرێت.

هەرچەندە کارە تەجریدەکانی کۆنستروکتیڤیستەکانی ڕووس و دو ستیلی هۆڵەندی کاریگەرییەکی زۆریان لەسەر باوهاوسی ئەڵمانی هەبوو، بەڵام لە فەرەنسا کاریگەرییان هێندە بەرچاو نەبوو. بەڵام (پوریزم)ی ئۆتسەفاند لە پاریس وەک شێوەیەکی تەجرید کاریگەر بوو. یەکێ لەو هۆیانەی وایکرد هونەری دو ستیل و کۆنستروکتیڤستە ڕووسەکان کاریگەریان کەم بێت، دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە فەرەنسا ئەو کات هێندە خۆشی بە«وەرگرتن و هێنانی» هونەری بێگانە نەدەهات، تا ئەو ڕادەی پێشانگای هونەرمەندانی دو ستیل لە ساڵی ١٩٢٣دا لە پاریس هێندە دەنگی نەبوو. خەڵکێکی کەمیش ڕوویان تێی کرد، هەتا پیت موندریانیش لە پاریس ژیان بەسەر دەبا، سەرەتا بواری ژیانی خراپ بوو، بەدزییەوە وێنەی گوڵی دەکرد و هاوڕێیەکی بۆی دەفرۆشت تا ژیانێکی کوڵەمەرگی پێ بەرێ بکات.

یەکەم هەنگاوی چاونەترسانە بۆ تەجرید (وەکو گرووپ) هونەرمەندی بەرەگەز پۆڵۆنی پۆتسنانسکی (Poznanski) هاویشتی پێشانگایەکی بۆ کاری تەجرید کردەوە.



ژمارەیەکی زۆر لە هونەرمەندانی ئەو سەردەمەی لەخۆگرتبوو، لەوانە «هانز ئارپ، ڤیلی باومایستەر، برانکۆزی، ڕۆبەرت و سۆنیا دیلۆنی، تیۆفان دۆیسبێرگ، گونچارۆڤا، خوان گریێ، پۆل کلێ، لاریۆنۆڤ، فێرناند لیژێ، خوان میرۆ، مولی نەچ، مۆندریان، بن نیکلسن، ئۆتسنفاند، و کۆمەڵێک هونەرمەندی دیکە. ئەم پێشانگایە بووە شتێکی گرنگ لە مێژووی تەجریددا لە پاریس کە تا ١٩٣٠ شتێکی دیکەی وەهای بەخۆیەوە نەبینی.

ساڵی ١٩٢٩ ڕەخنەگری فەرەنسی میشێل سوپۆر (Michel Seupor) و هونەرمەند ژواکیم تۆریس گارسیا (Joaquim Torres- Garcia) گرووپی هونەری تەجریدی «بازنە و چوارگۆشە»یان دامەزراند، لە هەمان ساڵدا لە قاتی خوارەوەی ئەو خانووەی ئەوسای پیکاسۆدا، کارەکانی ئەو گرووپەیان لە چوارچێوەی پێشانگایەکدا خستەڕوو. لەو پێشانگایەدا کۆمەڵێک هونەرمەندی سوریالی گرنگیش بەشداربوون وەک، هانس ئارپ، هونەرمەندی ئەوسای دادائیزم «کورت شڤیتەرز»، هونەرمەندانی تەجرید وەک باومایستە، کاندنسکی، لۆکۆربوزیێ، فێرناند لیژێ، مۆندریان، ئۆتسنڤاند، ئەنتۆن بڤسنەر، ڕوسولۆ، و هەندێ هونەرمەندی دیکەش.

گرووپی بازنە و چوارگۆشە هێندەی نەبرد خۆیان گۆڕی بۆ گرووپی (Abstract- Crea-tion) (تەجرید – داهێنان) کە یەکێ لە بنکە زۆر بەهێزەکانی تەجرید بوو لە پاریس و گرینگی بۆ دروست بوونی هەندێ گرووپی تەجریدی دیکەوە لە بەریتانیا هەبوو. ئەم گرووپە تا ساڵی ١٩٣٦ ژیا و هێدی هێدی لەبەر ترس و هەڕەشەی نازییەکان هونەرمەندانی ئەو گرووپە پاریسیان بەجێ هێشت و هەر یەک بەلایەکدا ڕایان کرد. گابو و براکەی بۆ بەریتانیا و مۆندریان بۆ ئەمەریکا. (H.H. Arnason).

## تەجرید لە بەریتانیا، بن نیکلسون، هینری مۆر، بەربارا هیپورث

ئەمپرێسیۆنیزم و پۆست ئەمپرێسیۆنیزمی فەرەنسی، بەتایبەتی کارەکانی کلۆد مۆنێ سیزان، پیسارۆ، سیسلی، ڕۆڵێکی گەورەیان لە گەشەپێدانی هونەری هاوچەرخدا لە بەریتانیا هەبوو. ئەم کاریگەرییە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو پێشانگایەی ڕەخنەگری بەریتانی ڕۆجەر فرای (Roger Fry ١٨٦٦–١٩٣٤) کردییەوە کە لە نۆڤەمبەری ١٩١٠ تا مانگی یەکی ١٩١١ی خایاند، کاری ئەمپرێسیۆنیستە فەرەنسییەکانی تیا نیشان دران. ڕۆجەر فرای خۆی یەکێ بوو لە ئەمپرێسیۆنیستەکانی ئەو سەردەمە، خاوەنی چەمکی پۆست

ئەمپرێسیۆنیست بوو. جگە لەم پێشانگایە ڕۆجەر فرای پێشانگایەکی تری بۆ کارەکانی ماتیس و پیکاسۆ و فۆڤیست و کوبیستەکانی دی ڕێکخست کە کاریگەرێکی گەورەی کردە سەر هونەرمەندانی ئەودەمەی بەریتانیا، هەموویانی ڕێکخست بۆ زیاتر گەشەدان بەفۆڤیزم و تەعبیرییەت و کوبیزم، لە پێناوی برەودان بەهونەری ئەوروپی هاوچەرخدا. کاریگەری ئەم پێشانگایەی ڕۆجەر فرای وایکرد دواتر هونەرمەند و نووسەری بەهرەدار پێرسی ویندهام لویس (Percy Wyndham Lewis ١٨٢٢-١٩٥٥) کە ئەوسا لەژێر کاریگەری کوبیزمدا کاری دەکرد، بەهاوکاری لەگەڵ ئەرزا پاوەند بۆ دروستکردنی گرووپی هونەری فۆرتیسیزم (Vorticism) چالاک بێت، کە ڕۆڵێکی گەورەی لە هونەری هاوچەرخدا بەتایبەتی لە تەجرید لە بەریتانیادا ببینێ.

وێڕای «پێرسی ونهام لویس» هونەرمەندی فۆتۆگراف ئالڤین لاندگن گیبورن (Alvin Langdon Geburn) هەندێ کاری فۆتۆگرافی کرد، ئەویش کۆمەڵێک ئەزموونی دەوڵەمەند بوون لە شێوەی فۆتۆریزم. ئەو شتەکانی لە نێوان سێ ئاوێنە. دادەنا وێنەی دەگرتن، لویس و ئازرا پاوەند ئەو کارانەیان ناو دەنا ڤۆرتۆگراف (Vortograph)، لەم کارە ڤۆرتۆگرافانەدا شێوە وەک تەجریدی- ڤۆتۆریستی دەبینران.

یەکێ لە هونەرمەندە هەرە گرینگەکانی ئەوسای بەریتانیا کە لەگەڵ گرووپی (ڤۆرتیسیزم) کاری دەکرد، هونەرمەند (بن نیکلسن Ben Nicolson) بوو. «١٨٩٤-١٩٨٢» ئەو لە ئەزموونە هونەرییەکانی لە فەرەنسا و ئیتالیا زانیارییەکی زۆری پەیدا کردبوو. ئەو کات لە گرووپی (ڤۆرتیسیزم) نزیک بووەوە و کارەکانی بەرەو تەجرید دەچوون، بەڵام هێشتا فیگەریان تیا مابوو. بن نیکلسن سەرەتا هەوڵی هاوتاکردنی لە نێوان کاری کوبیزم بەشێوازی پیکاسۆ و براک و کاری پوریزمدا دەدا. دواتر چووە پاڵ گرووپی هونەری (Abstrct- Creation)، لەوێ ئاشنای «مۆندریان» بوو، سەرەنجام کارەکانی بوونە تەجریدی ئەندازەیی لەسەر ڕەوشتی مۆندریان. ئەگەرچی تا هێشتا لەژێر کاریگەری کوبیزم و پوریزمدا دەرنەچوو بوو. زۆریش حەزی بەتێکەڵاوکردنی ئەزموونی جیاجیا دەکرد. بۆیە هەندێ دیمەنی بەتێکەڵاو کردنی پرەنسیپە تەجریدەکان لەگەڵ کوبیزم و پوریزمدا کە بەهیچ شێوەیەک لە کوبیزمی فەرەنسی نەچێت دروستکرد. بەم شێوەیە بن- نیکلسن توانی شێوازێک لە تەجریدی ئەندازەییدا بۆ خۆی بدۆزێتەوە کە نە لە کوبیزمی فەرەنسی و نە لە تەجریدی هۆڵەندی بچێت. ئەم شێوە کارکردنەی بن- نیکلسن بێ سەرقاڵ بوون بە«پوریزم»ی ئۆتسڤاندەوە نەدەکرا. (H.H. Arnason).



## هینری مۆر

بەڕای مارسێل بریۆن (Marcel Brion) ناکرێ هینری مۆر وەکو هونەرمەندی تەجرید لە قەڵەم بدرێ، بەڵام کارەکانی کە لە قورسایی و ئیقاع و جووڵانەوە پێکهاتوون، هارمۆنێکی باش لە نێوان تەجرید و کاری فیگەراتیڤ پێک دێنن.

گرنگی و دەوڵەمەندی هینری مۆر لەوەدا بوو کە تۆژینەوەی لەسەر هەموو پەیکەرە ئەوروپی و نا ئەوروپییەکان لە کۆنەوە تا ئەو کاتەی خۆی کردبوو، تا ڕادی پەیکەری ئەفریقی و میللەتە سادە و سەرەتاییەکان کە سەرچاوەی کارەکانی بوون تاکو ساڵی ١٩٣٠. لێرە بەدواوە کەوتە ژێر کاریگەری هەردوو دنیای سوریالی و تەجرید، کەیەکێ یەکێ لە نوێکەرەوەکانی پەیکەرتاشی دادەنرێ.

هینری مۆر پێش ئەوەی بگاتە پەیکەری تەجرید، کارەکانی بەچەندین قۆناغدا تێپەڕینە لە پەیکەرێک کە زۆر لە ڕیالیزمەوە نزیک بێت تا دەگاتە کورت کردنەوەی بەشە ڕیالیستەکانی لەش بەشێوەیەک لە دەوروبەری کۆتاییەکانی ژیانیدا «بۆشایی -فراغ» و «قەوارە - کتلە» بەیەکەوە یەکەیەکی تەجریدییان دروست دەکرد.

باربارا هیبۆرس (Barbara Hepworth - ١٩٠٣-١٩٧٥) و بن نیکلسون (Ben- Nichlson -١٨٩٤-١٩٨٢)

## باربارا هیبۆرس

یەکێک بوو لە هونەرمەندە گرینگەکانی تەجریدی ئینگلیزی. لە سەرەتادا لەژێر کاریگەری هینری مۆردا کاری دەکرد. پاشان بەرەو شێوەی برانکوزی و لە ویشەوە بۆ هانز ئارپ و دواتریش کەوتە ژێر کاریگەری پیکاسۆوە. دوای ئەوەی شووی بە(بن نیکلسن) کرد، هەردووکیان بوون بەدوو ڕابەری سەرەکی هونەری تەجریدی ئینگلیزی و کار و کارتێکردنیان بەسەر یەکەوە زۆربوو.

ساڵی ١٩٣٣ گرووپی (Abstrct- Creation) لە پاریس هەردووکیانی داوەت کرد بۆ بوون بەئەندام لەو گرووپەدا، بەمەبەستی بڵاوبوونەوەی گرووپەکە لە بەریتانیا.

ساڵی ١٩٣٧ لەگەڵ نائوم گابودا «کە ئەوسا لە پاریسەوە بەرەو بەریتانیا ڕای کردبوو» گرووپی «بازنە»یان دروست کرد. وەک گرووپێکی هونەری کە کاری پەیکەر و ڕەسم کردن

و نەخشەکێشانی خانووبەرەش بگرێتە خۆی، ئەوە لە بنەڕەتدا بیرۆکەیەک بوو بۆ دروستکردنی قوتابخانەی (باوهاوس) لە بەریتانیا.

جگە لەم هونەرمەندانە، ڕەخنەگری هونەری (هیربرت ڕید) ڕۆڵێکی گەورەی لە ناساندنی هونەرمەندەکان بەیەکتر هەبوو، لە نووسین و ناساندنی ئەو هونەرمەندانەشدا بەخەڵک گەلێک چالاک بوو. (ڕید) برادەرێکی کۆنی (نائۆم گابو) دەبێت، کاتێک گابو لە ڕووسیا دەبێت بەردەوام نامە بۆ ڕید دەنێرێت و ئازاری خۆی بەدەستی بەلشەڤییەکانەوە لای بەیان دەکات، لەوێشەوە ناوەڕۆکی کارە کۆنسترەکتیڤیستییەکانی خۆی و براکەی بەڕید ئاشنا دەکات.

کاتێ کە گابو و مۆندریان و ڤالتەر گرووپیوس و مۆلی نەج و هەندێکی دی لە هونەرمەندە پێشەنگەکان «ئاڤانتگارد- طليعي»ەکانی ئەوروپا لە ترسی نازییەکان خۆیان گەیاندە بەریتانیا. بن- نیکلسن و باربارا هیبۆرس و هربرت ڕید هاتن بەکۆمەکییانەوە و دۆستایەتی کۆنیانی نوێ کردەوە و یەکێتی هونەرمەندانی مۆدێرنیان لەگەڵ یەکدا دروست کرد.

پەیکەرەکانی (هیبۆرس) تا ئەندازەیەک لە کارە کۆنسترەکتیڤیستییەکانی نائوم گابووە نزیک بوو. بەزۆری بەرد یان داری وەک مەتریال بەکار دەهێنا و شێوەی تەجریدی پێ دروست دەکرد، کە لە بۆشایی و قەوارە پێک هاتبوون، لە نێو بۆشاییەکانەوە تەلی ڕەوانە دەکرد، یاخود سەری تەلەکانی لە بەردەکان چەسپ دەکرد، بەجۆرێک لە تەلی ئامرازی موزیک بچێت.



## سەرچاوەکان


1- Marcel Brion, Geschichte der Abstraktenkunst Du Mont, Kóln, 1960.
2- Meyer Schapiro, Moderne Kunst 19 and 20 Jh Du Mont, Kóln, 1982.
3- Anna Moszynska, Abstract art, Thames and Hudson, Ltd, 1990, London.
4- Michel Ragon, Das Abenteuer der Abstraken Kunst, Hermann Luchterhand Verlag 1957.
5- Karl Ruhrberg, Die Malerei Unsers Jahrunderts, Econ Verly, 1987.
6- H.H. Arnason, History of Modern Art, Harry N. Abrams Ny. 1986.
7- Robert Rosenblau, the International Style of 1800, a stady in Linearabstration.
8- Erich Müller, Moderne Malerei, Sehen und Verstehen, Helbing + Lichtenhahn Verlag, AG. Bassel, Stuttgart, 1980.
9- Axel und Christa Marken, Von der Avantgarde bis Zum Postmoderne.
10- Monika Wagner, Moderne Kunst 1, Rororo rowohlt Taschenbuch, Reinbekbe H.H. 1997.
11- Hans Hildebrandt, Die Kunst des 19 und 20 Jh.
12- Alan Bowness, Die Kunst der Moderne, Lichtenberg, 1988.
13- Volkmar Esser, Klassische Moderne Von Matisse U, Picasso bis Klee.
14- Horst Richter, Geschichte der Malerei im 20 Jh Du Mont, Kóln, 1977.
15- Edward Lucse- Smith, Art of 1930.
16- Werner Hofmann, Die Grundlagen der Modernen Kunst, Alfred Kroner Verlag, Stuttgert, 1987.
17- Ulrike Becks Molorny, Kandinsky, Benedikt Taschen Verlag, Koln, 1999.
18- Magdalene M. Moeller, Der Fruhe Kandinsky (1900-1910), Hirmer Verlag München 1994.
19- Vivian Barnet, Das bunte Leben, Wassily Kandinsky im Lenbach Haus. Herausgegeben Von Helmut Friedel, Du Mont, Koln, 1995.
20- Das Kunst Magazin Art. 7. 1984.
21- Umbro Appolonio, Mondrian und die Abstrakten Schuler Verlag, Herrsching,1988.
22- Walter Hess ؛Dokumente Zum Verstadnis der Modernen Malerie ro ro roVerlag, 1956.
23- Armin Zweite, Kandinsky und München, Begegnungen und Wandlungen 1896-1914, Prestel- Verlag München 1982.
24- Noemi Smolike, Von der Ikone Zum Gegendstandslosen Bild. der Maler Vasilij

Kandinskij, Neimains Verlag. München 1992.

١- الدكتور عفيف بهنسي، الفن العربي الحديث بين الهوية والتبعية. الطبعة الاولى، دار الكتاب العربي، سوريا، دمشق. ١٩٩٧.

٢- هيغل، الفن الكلاسيكي، ترجمة جورج طرابيشي، دار الطليعة للطباعة والنشر ١٩٧٨ لبنان، بيروت.

25- Wolfgang Kersten, Osamu Okuda, Paul Klee, im Zeichen der Teilung Hatje Verlag,1995.

26- Crola Giedion- Welcker, Paul Klee ro ro ro, 1991.

27- Paul Klee, Unedliche Naturgeschichte. Jürgen Spiller. Schwabe + Co. Verlag/ Basel- Stuttgart 1970.

٣- الدكتور عبدالله إبراهيم، المركزية الغربية اشكالية التكون والتمركز حول الذّات المركز الثقافي العربي، الدار البيضاء، المغرب، الطبعة لاولى ١٩٩٧.

28- Ernst Beyler, Markus Brüderlin, Ornament und Abstraktion, Dumont, Koln 2001.

ئەو گوتارانەی کە سوودم لێیان وەرگرتووە پێشەکی کتێبەکە:

a- Markus Brüderlin (Vorwort).

b- Eernst Beyler. Zum Geleit.

c- Markus Brüderlin, Ornament Und Abstraktion.

d- Annemarie Schimmel, Die Arabeske und das Islamishe Weltgefuhl.

e- Dieter Büttner, Das زConstractive سOrnament der Beitrag Wiens Zur Absttraktion.

f- Philippe Büttner, Ornament und Erinnerung, Matisse, Kandinsky. und Monderian.

g- Samuel Herzog, Ornament und nicht - Westliche Kunst.

29- Philippe Luidt, Helmut Huber, Ornamente, Ornaments, Herausgegeben in Zusammenarbeit Mit Novum. F. Bruckmann KG. Munchen 1983. 3. Durchgesehene Auflage 1990.

٣٠- أوليغ كرابار (Oleg Grabar) كيف نفكر في الفن الاسلامي. ترجمة: عبدالجليل ناظم وسعيد الحنصالي. دار توبقال للنشر، الدار البيضاء، مغرب. الطبعة الاولى ١٩٩٦.

31- Siegfried J. Schmidt, Konkrete Dichtung- Konkrete Kunst, Karlsruhe Max Imdahl, Zum Begriffdes Konkreten in der Malerei.

32- Arthur Niggli, Max Bill, 1958 Schweiz Annie Müller.

33- Margit Staber, Max Bill. Erker- Verlag st. Gallen 1971.

1/ Will Grohmann.

2/ Max Bense.



34- Edward Hüttinger, Max Bill, abc Verlag, Zürich, 1977.

35- H. L. Alexander, Neue Konkrete Kunst. V. Berswordt - Waltrabe Galerie M. Bochum.

بڕوا بوون بەنهێنییەکانی ژمارە میراتی مسرییە کۆنەکانە بۆ یۆنانییەکان ماوەتەوە لەوانیشەوە گوازراوەتەوە بۆ هونەری سەدەکانی ناوەڕاستی ئەوروپا. (مارسێل بریۆن).

# بەشی شەشەم

## دادایزم

«دادا (نەء)ێکی گەورە و (ئا)ییەکی بچووکە»

جۆرج گرۆز

دادا بزووتنەوەیەکی ڕۆحی بوو لە ئەنجامی نارەزایی هەندێ هونەرمەندی شێوەکار و نووسەر و هونەرمەندی موزیک و شانۆ دژ بەکۆمەڵگای بۆرژوازی خۆرئاوا و نەریتە مرۆڤایەتییەکەی هەڵگیرسا کە لەرێنێسانسەوە بەشان و باهوی هەڵ دەدرا تا ئەنجامەکەی جەنگی جیهانی یەکەم بوو Richter لێکەوتەوە. هونەرمەندان و ڕۆشنبیرانی داهێنەری دادایزم ڕاکردووی دەست جەنگی جیهانی یەکەم بوون، خۆیان خزاندبووە وڵاتی سویسرای بێ لایەن و هەندێکیشیان بەرەو نیویۆرک ڕایان کردبوو.

بەم جۆرە دادا بزووتنەوەیەکی هونەری ڕۆشنبیری مەنفا بوو، جەنگی جیهانی یەکەم تەنیا فاکتەر نەبوو بۆ دروستبوونی، بەڵکو دەرککردنی هونەرمەندانی داهێنەری دادا بووبۆ جۆرێکی دی لە هونەر ببێتە وەڵامێک بۆ ئەو عەقڵ و ئەخلاقەی کە جەنگی جیهانی بەسەر مرۆڤایەتیدا سەپاند. ڕازی نەبوونی ئەو هونەرمەندانە بوو بەرامبەر مردن و سستبوون کە هەڵگیرسێنەرانی جەنگ لەگەڵ خۆیاندا هێنایان.

دادا قەبووڵ نەکردن بوو لەفۆرمی یاخیبوون و ڕەفزکردن و ئاژاوە و ئیستفزاز بەوزە و ئازادییەکی گەورەوە، بزووتنەوەیەکی بەکۆمەڵ بوو وێڕای ئەوپەڕی ڕێزگرتن لە فەرد، ئەوان دەیانویست ئەخلاقێکی نوێ دروست کەن کە دژایەتی ئەخلاقی بورژوازی بکا، دەیانویست هونەرێکی نوێ دروست بکەن بۆ مرۆڤێکی نوێ، کاریان دەکرد و هەنگاویان دەنا بۆ ڕەفزکردنەوەی ڕۆژئاوا و جەنگە شوومەکەی کە ئەوان وەکو سزادانێکی خودی کۆمەڵگای ڕۆژئاوا بۆ خۆی دەیانبینێ. بڕوایان وابوو ئەم جەنگە لە ئەنجامی عەقلانییەتی کۆمەڵگای ڕۆژئاوا پەیدابووە هەر بۆیەشە ئەوان کردار و ڕەفتارێکیان بەکاردەهێنا دژایەتی ئەو عەقڵە بکا وەک بایەخدان بەشعوری سروشتی و نا جدییەت و نزیک بوونەوە و خۆشەویستییان بۆ سەما و دابونەریت و ماسک و فۆرمی ئەفریقی و هونەری میللەتە ساکارەکان. لەو بڕوایەدابوون کە هونەری میللەتە ساکارەکان زیاتر لە ڕاستییەوە نزیکە



وەک لە هونەری مۆدێرنەی ئەورووپی. ڕەهەندێ لە ڕەهەندەکانی نزیکبوونەوەی ئەوان لە هونەری ئەفریقی و میللەتە ساکارەکان. بێزاری و نارەزایی ئەوان بوو لەو کولتووره عەقلانییەی کە کۆمەڵگای بۆرژوازی ئەورووپی لەگەڵ خۆی هێناویێتی. داداییەکان خۆیان خۆرئاوایی بوون و هەڵگری جۆرێ لەجۆرەکانی ئەو عەقڵەیش بوون هەر بۆیە ناکرێت لە سەرجەم عەقلانییەتی ڕۆژئاوا جیا بکرێتەوە. دەکرێ وەکو ڕەخنەیەک لە هونەر و کولتووری ڕۆژئاوا لە قەڵەم بدرێ، بەڵام لەعەقڵێکی دیسانەوە خۆرئاواییەوە. جگە لە هونەری ئەفریقی و میللەتە ساکارەکان ئەوان سوودیان لە گشت شێوە تازەکانی هونەری پێش خۆیان وەرگرتبوو وەکو کوبیزم و کونستروکتیڤیزم و کۆلاج و فوتوتوریزم تا دەگاتە تەجرید. دینامیک و بەڕەنگاربوونەوە و خشەشی موزیکیان لە فوتوتوریزمەوە وەرگرتبوو، کۆلاجیان لە کوبیزمەوە وەرگرتبوو، هەندێ شێوەیان لە کونستروکتڤیزم و تەجریدی ئەندازیاری و ئۆرگانییەوە وەرگرتبوو، بگرە لای ئەوان کاندنسکی یەکێ بووە لە ڕێ خۆشکەرەکان بۆ دادایزم ئەو لەکاتی سەرقالبوونی بەتەجریدەوە شیعری دادایی گوتووە. هەروەها مارینێتییش ڕۆڵی لە ڕێخۆشکردن بۆ دادایزم بینیووە، بەڵام لە ڕووی ناوەڕۆکەوە دادایزم زۆر لە فوتوتوریزمەکانەوە دوورە، چونکە لای داداییەکان ناسیونالیزم هیچ ڕۆڵێکی نەبووە، بگرە ئەوان دژی سەر بەیەک نەتەوەبوونە و ئەوەی لای ئەوان گرینگ بووە ئەخلاق و ڕۆحی دادا بووە(بڕوانە Willy Verkauf).

ئەوەی کە هاوبەش بوو لە نێوان فوتوتوریزم و داداییەکان زیاتر فەلسەفەی نیتشە بوو کە سەرچاوەیەکی گرینگ بوو بۆ هەردوو جۆری کارکردنەکە. لەمەشدا جیاوازییەکی گرینگ لە نێوانیاندا هەبوو، چونکە فوتوتوریزستەکان سوودیان لە باڵی ڕاستی نیتشە وەرگرتبوو، وەک فیکرەی سوپەرمان، لە کاتێکدا داداییەکان زیاتر بایەخیان بەباڵی چەپی نیتشە دەدا بۆ پتەوکردنی گرینگی عەدەمییەت و ئەنارشیزم. لێرەدا باکونیننیش یەکێک بوو لە سەرچاوەکان، بەڵام ئەوان لەگەڵ هیگڵدا لە (تناقض)دا بوون. چونکە هیگڵ بەیەکێک لە سەرچاوەکانی عەقڵی غەربی دەژمێردرێ، ئەنارشیزم و هاتوهاوار و ڕۆحی گاڵتە و نوکتە و پێکەنین لەناو ئەتمۆسفیری دادا، لە ئەنجامی ڕاکردن نەبوو لە واقیع بەڵکو جۆرێ بوو لە نیشاندان و ڕەفتاری ئەوان بۆ ڕەفزکردنی ئەو واقیعە (عبث – بێهودەی)ە کە جەنگی جیهانی دروستی کردبوو، بۆ خولقاندنی ئەخلاقییەتێکی نوێ و مامەڵەیەکی نوێیش لەگەڵ ئەو واقیعەدا، هەروەها خۆشکردنی ئەتمۆسفیری هاوڕێتی ناوخۆیان بوو، بۆ زیاتریش دوورکەوتنەوە لە دیسپلین و ڕۆحی دەستەڵات تاڕادەیەک ئەوان ئەنارشی بوون و حەزیان

له تاساندنی جۆری کارەکانیان نەبوو. بڕوایان بەئازادیەکی هێندە گەورە هەبوو کە پێویست بەناساندن نەکات.

وشەی دادا پاشان، دوای ماوەیەک لە پێکەوە کارکردن و دروستبوونی شێوە و ناوەڕۆکی کارکردنیان دروست بوو.

لە ماوەی دروستبوونی (دادا)دا ١٩١٥-١٩١٦، فوتوتوریزم و تەعبیریەت و تەجرید هاوچەرخ بوون و کاریان پێ دەکرا. پەیدابوونی دادا وەکو پێویستییەکی دیکە و نوێ بوو بۆ ئەوکاتە. هونەرمەندانی دادا هێند بەقین بوو لە هەڵگیرسێنەرانی جەنگی جیهانی، بۆیە لای ئەوان تەنیا کاری فەردی و قووڵبوونەوە لەناو (خود)دا هەمووشتێک نەبوو، بەڵکو بڕوایان وابوو سەردەمەکە پێویستی بەئیحتجاج هەیە. هەر بۆیەشە دادا وەکو پۆلێکی (قطب) ئەودیوی دەربڕینخوازی (تەعبیریەت) دروست بوو، تاڕادەیەک وەک نەقیز دژی دەربڕینخوازی ئەوانە خۆشییان بەئاراستەی دەرەوە بۆ ناوەوە نەبوو وەک دەربڕینخوازی، بەڵکو بەپێچەوانەوە لەگەڵ لە ناوەوە بەرەو دەرەوە (Karin Thomas) دەگونجان. ئەگەرچی ساڵی ١٩١٦ و کەبەرێتی ڤولتێر لە زیورخ وەکو کات و شوێنی لە دایکبوونی دادا لە قەڵەم دراوە، بەڵام هەندێ بۆچوون هەن کە لەگەڵ ئەو ڕایەدا نین و نیویۆرک بەجێگای لەدایکبوونی (دادا) دائەنێن، لەجیاتی ساڵی ١٩١٦ ساڵی ١٩١٥ بەساڵی لەدایکبوونی دادا دەژمێرن (Richter). هەندێ بۆچوون (تریستان تسارا) بەدامەزرێنەری دادا لە زیورخ دائەنێن و هەندێکی دی هۆگۆبال و کەسانی دیکەش هەن دەڵێن پیکابیا و هەیشە دەڵێن دوشا، تادەگاتە ئەوانەی کە دەڵێن کاندنسکی یەکەم دادایی بووە و هەندێکی دیکەش ئەندرێ گاید Andre Gide بەیەکەم دادایی لە قەڵەم دەدەن.

بەڕێوەبەری کۆنی مۆزەی هونەری هاوچەرخ لە نیویۆرک ئەلفرید بەرجۆن Alfred Barjun دەڵێت (دادا لە نیویۆرک و زیورخ بەیەکەوە لە ساڵی ١٩١٦ لە دایک بووە، بەڵام پێش ئەوە لە ساڵی ١٩١٥ بەشێوەیێ لە شێوەکان لە کارە کونسترەکتیڤیزمەکانی هونەرمەندی ڕووسی نائۆم گابو Naun Gabo دا دەرکەوتووە. لەلایەکی دیکەوە هونەرمەندی فوتومونتاجی بەڕەگەز چیکی ڕاوڵ هاوسمان دەڵێت من لە ساڵی ١٩١٥ەوە دادام داهێناوە.

کلود ڕیڤەر Claude River لە گۆڤاری ئارتس Arts لە ١٩٦٢/٢/١٣ نووسیویەتی «فرنسیس پیکابیا Francsis picabia) نووسەری سەرەکی دادایزمە، بەڵام بەشی ئەدەبی ڕۆژنامەی تایمس لە لەندەن London Times لە ١٩٥٣/١٠/٣ دا نووسیویەتی: «ئەوەی



کە دەرکەوتنی دادا لە زیورخ نەک لە نیویۆرک و پاریس دەسەلمێنێ، ئەو کارێکتەرانەیە کە بزووتنەوەی دادایزم هەیبووە، ئەمەش تەنیا لەگەڵ ئەتمۆسفیری ئەوسای شاری زیورخدا دەگونجێ.Willy Verkauf.

نووسەری تایمسی لەندەنی لێرەدا مەبەستی سەرەتای دەرکەوتنی دادایزمە چونکە لای مێژوونووسانی هونەر و ئەو هونەرمەندانەی بایەخ بەمێژووی هونەر دەدەن، تاڕادەیەک ئاشکرایە کە دادایزم لە زیورخ و نیویۆرک لەکاتێکی زۆر نزیک لە یەک پەیدا بووە.

بەڵام ئەو کارێکتەرانەی کە دادای زیورخ لەوەی نیویۆرک جیا دەکاتەوە ئەتمۆسفیر و جۆری پەیدابوونی دادایزم خۆیەتی، کە لە زیورخ ڕۆژنامە و گۆڤار و مانیفێستی یەک لەدوای یەکیان دەرئەهێنا، ئەمەش بەهۆی ئەوەوە بوو کە ژمارەیەکی زۆر لە داداییەکانی زیورخ شاعیر و نووسەر و بگرە فەیلەسوفیش بوون، لەکاتێکدا ئەوانەی نیویۆرک زیاتر هونەرمەندی شێوەکار بوون(*). (هەمان سەرچاوە).

کاتێ هۆگو بال کەوتە کردە و کۆشەی دامەزراندنی کابارێتی ڤولتێر چەمکی دادا هێشتا لە گۆڕێدا نەبوو. ئەو بەپێویستی دەزانی شوێنێک، جێگایەک بدۆزێتەوە کە ببێتە مەڵبەند بۆ چەند چالاکییەکی هونەری شێوەکاری و شانۆ و سەما و موزیک و ئەدەب و گۆڕینەوەی بیروڕا و گفتوگۆ. پاشان بتوانن چەند هونەرمەند و ڕۆشنبیرێ لە دەوری خۆی و ئەو مەڵبەندە کۆبکاتەوە کە بۆ هەمان مەبەست کار دەکەن.

نووسەر و ڕۆژنامەنووس و هونەرمەند و شاعیر و فەیلەسوفی ئەڵمانی هۆگۆ بال Hogo Ball و کچە برادەرە گۆرانی بێژەکەی ئێمی هێنینگ Emmy Hennings لە ساڵی١٩١٥ وڵات بەجێ دێڵن و بەرەو سویسرای بێ لایەن کۆچ دەکەن، بەمەبەستی ئۆقرەکردن لە شاری زیورخ. وەکو هۆگۆ بال لە دەفتەری یادگارییەکانی خۆی دەیگێڕێتەوە (کاتێ کە کابارێتی ڤولتێرم دروست کرد، بڕوام وابوو لە سویسرا هەندێ گەنج بدۆزمەوە نەک تەنیا چێژ لە کارکردن وەرگرن، بەڵکو دوکومێنتیشی بکەن. بۆ ئەم مەبەستە چووم بۆ لای ئیفرایم Ephraim کە ئەوسا خاوەنی چایخانە و مەیخانەی مایەرای Meirei بوو. گوتم ئیفرایم تکایە ئەو هۆڵەی خۆتم بدەرێ بۆ ئەوەی کابارێتێکی پێ دروست بکەم. ئیفرایم ڕازی بوو، پاشان چووم بۆ لای چەند برادەرێک لەوانە هانس ئارپ، پێیانم گوت

(*) ئەمە بەڕای داداییەکان، بەڵام دەربڕینخوازییش خۆی لەخۆیدا جۆرێکە لە دەربڕینی ناوەوە بۆ دەرەوە. کابارێتی ڤولتێر وەکو هەنگاوی یەکەم بۆ دروستبوونی دادا لە زیورخ.

تابلۆیەک، هێڵکارێکم بدەنێ بۆ ئەوەی پێشانگایەکی پێ دروست بکەم، هانس ئارپ و برادەرەکانم تابلۆ و هێڵکاریان دا پێم، هانس ئارپ جگە لە کاری خۆی هێڵکارییەکی پیکاسۆشی دا پێم. پاشان چووم بۆ لای ڕۆژنامەنووسەکانی زیورخ و پێیانم ڕاگەیاند کە لە کابارێتی ڤولتێر شتی جوان دەکرێت، وەکو پێشانگا و خوێندنەوەی شیعر و لێدانی موزیک، تکایە بەشکو شتێکی لەسەر بنووسن، ئەوانیش پێیان خۆش بوو، بەم جۆرە تابلۆ و هێڵکاریم هەڵواسی، شیعر خوێندرایەوە، گۆرانی گوترا ڕۆژنامەکانیش لەسەریان نووسی. H. Richter بەم جۆرە ڕۆژی ١٩١٦/٢/١ هۆگۆ بال کابارێتی ڤولتێری دروست کرد. ئێمی هێنینگ گۆرانی تیای گوت، تریستان تسارا شیعری لێ خوێندەوە، هونەرمەندی شێوەکاری ڕۆمانیش مارسێل جۆنکۆ پۆستەری بۆ دروست کرد، سەرەنجام کابارێتی ڤولتێر بووە جێگای شیعر و پەخشان خوێندنەوە. جێگای گۆرانی و موزیک و نیشاندانی کاری هونەری شێوەکاری، جێگای هەراوهۆریا و هاتوهاوار و سەما و شانۆ و گۆڕینەوەی بیروڕا و گفتوگۆکردن. هەروەها بووە جێگایەک بۆ خاوەن مەرجێکی هونەری کە لە ڕۆحی داداوە نزیک بێ. ئەوان جگە لە نیشاندان و سازدانی ئێوارەی هونەری و ئەدەبی (ئەپۆلینێریان Soiree) بەلایانەوە گرینگ بوو شتەکانیان دۆکومێنت بکەن، ئەم دوکومێنتکردنە خاڵێکی گرینگ بوو لە کابارێتی ڤولتێر و بۆ سەرجەمی دادایزم.

هۆگو بال کە بینی فیکرەکەی لە دامەزراندنی کابارێتی ڤولتێر سەری گرت، کەوتە دەرهێنانی ڕۆژنامەیەک هەر بەناوی (کابارێتی ڤولتێر)، هانس ئارپ سەرپەرشتی لایەنە هونەرییەکەی دەکرد.

پاش ئەوەی هۆگۆ بال کابارێتی ڤولتێر دامەزراند. کۆمەڵێ شاعیر و نووسەر و هونەرمەندی شێوەکار کە لە هەمان کاتدا لە وڵاتی جیاجیاوە ڕایان کردبووە سویسرا و لە زیورخ خۆیان حەشار دابوو، لە دەوروبەری کابارێتەکەی هۆگۆ بال کۆبیوونەوە لەوانە نووسەری ئەڵمانی ڕیتشارد هۆیلسنبێک Richard Huelcenbeck کە لە زووەوە هەر لە ئەڵمانیا برادەرێکی کۆنی هۆگۆ بال بوو. ڕەسام و هونەرمەندی پەیکەری ڕۆمانی مارسێل جۆنکۆ Marcel Jonco، شاعیر و هونەرمەندی شێوەکار هانز ئارپ Hans Arp کە لە ئەلزاسی فەرەنساوە ڕای کردبوو، شاعیر و نووسەری ڕۆمانی تریستان تسارا Tristan Ttsara نووسەر و ڕەسامی ئەڵمانی هانز ڕیشتەر Hans Richter، هونەرمەندی شێوەکاری ئەڵمانی کریستیان شارد Christian Schrd، تاقە هونەرمەندی سویسریش، هونەرمەندی سەما خانمی (سوفی تۆیبەر) Sophie Taeuber بوو کە پاشان شوی بەبەهانز ئارپ کرد.



گشت ئەم هونەرمەند و نووسەرانە لەگەڵ هۆگۆبال و ئێمی هێنینگ ناوکی دادای زیورخیان پێک هێنا، لە دەوروبەری کابارێتی ڤولتێر کۆبووبوونەوە، لە شەقامی شپیگل گەسە Spiegel gasse کە کەوتبووە یەکێ لە گەڕەکە کۆنەکانی شاری زیورخەوە. (هەمان سەرچاوە) شایانی باسە هەر ئەو کاتە (ڤلادیمێر ئیلتش لینین)یش لەو کۆڵانە دەژیا وماڵەکەی دەوری پەنجا مەترێک لە کابارێتی فولتێرەوە دووربوو. دەڵێن سەری لە کابارێتەکە داوە، بەڵام ئەو زیاتر سەرقاڵی کاری دیکە بووە و پێویستی بەهێمنی بووە وەک لە ئەتمۆسفیری پڕ هات و هاوار و گاڵتە و ئیستفزازی ناو کابارێتەکە.

ڕۆژنامەکەی هۆگۆبال (کابارێتی ڤولتێر) تەنیا بۆ بڵاوکردنەوەی چالاکییەکانی ناو کابەرێتەکە نەبوو، بەڵکو هەرچی کاری هونەری و ئەدەبی نوێ و باش کە بگونجێ لەگەڵ ڕۆحی ئەواندا بڵاودەکرایەوە. هەربۆیەشە لە یەکەم ژمارەیدا قەسیدەیەکی ئەپۆلینێریان تیا بڵاوکردەوە، لەگەڵ هەندێ لە کارەکانی مودیلیانی و پیکاسۆ.

هۆگۆبال تاکو ساڵی ١٩١٧ سەرپەرشتی ڕۆژنامەکەی کرد، پاشان بەتەواوەتی کەوتە ژێر دەستی هانز ئارپ و ژنەکەی سۆفی تۆیبەر، ئینجا زیاتر کاری هونەرمەندە شێوەکارەکانیان تیا بڵاودەکردەوە، بەتایبەتی ئەو کارانەی کە لەژێر کاریگەری کاندنسکیدا بوون.

لە ڕاستیدا بەدامەزراندنی کابارێتی ڤولتێرر لە ١٩١٦/٢/١ دادای زیورخ دروست بوو. بەڵام ئەوان ئەوکاتە ناوی دادایان لێ نەنابوو، گرینگ لای ئەوان بەردەوامبوون بوو بۆ ئەو ئەتمۆسفیرەی کە لە کابارێتی ڤولتێر دروستیان کردبوو.

وشەی دادا Dada ماوەیەک دوای دروستبوونی کابارێتی ڤولتێر بەڕێکەوت دۆزراوەتەوە. وشەی دادا لە هیچ وشەیەک یان چەمکێکی هونەری دیکەوە دانەتاشراوە هەروەها ئاشکرایش نییە چۆن و کێ و لە کوێ دۆزراوەتەوە Annegret Jürgens - Kirch-hoff هەندێک دەڵێن لە گفتوگۆکانی نێوان هەردوو هونەرمەند و شاعیری ڕۆمانی مارسێل جۆنکۆ و تریستان تسارا لەجیاتی (ئا، ئا) (بەڵێ، بەڵێ) (دا، دا، دا) بەکارهێنراوە کە گوایە (دادا) بەزمانی ڕۆمانی بەمانای ئا، ئا دێت Hans Richter.

لەلایەکی دیکەشەوە ڕیتشارد هویلسنبیک دەگێڕێتەوە کە هۆگۆبال و خۆی بۆ گەڕان بەدوای وشەیەکدا کە ناوی سەرجەم ئەو ئەتمۆسفیرەی ناو کابارێتەکەی لە خۆ بگرێ، دەچن قاموسی ئینگلیزی فەرەنسی دێنن و بەرێکەوت گۆرانی بێژی فەرەنسی خانمی Le Roy لە نزیکیانەوە دەبێ، قاموسەکەیان داوەتە دەست ئەو کە لاپەڕەکانی هەڵداوەتەوە ئەویش

پەنجەی بۆ وشەی دادا ڕاکێشاوە، ئەوانیش بەگونجاویان بینیووە چونکە ماناکەی ئەوەندە گرینگ نەبووە. دادا لە فەرنسی بەمانای ئەو ئەسپە دێت کە بۆ یاری منداڵ بەکارئەهێنرێت، و بەئەڵمانی ماناکەی نزیکە لە عەرەبانەی منداڵەوە (هەمان سەرچاوە).

پاش ناونانی چالاکییە هونەری و ئەدەبییەکانی هونەرمەندانی کاباریتی ڤۆلتێر بە(دادا) تریستان تسارا گۆڤارێک دەردەکا هەر بەناوی دادا و بەهۆیەوە پەیوەندی لەگەڵ هونەرمەند و نووسەرانی ئەوسای پاریس پەیدا دەکات. لەوانە برۆتۆن ئەراگون وئێلوار و سوپۆ و کارەکانیان لە گۆڤارەکەی خۆیدا بڵاو دەکاتەوە. ئەمە دەبێتە هەنگاوێکی چاک بۆ بڵاوکردنەوەی دادا لە پاریس لە ڕێگای نووسەرانی خۆیانەوە. سەرەنجام لە ساڵی (١٩١٨)ەوە برۆتۆن لەگەڵ دادابیەکانی زیورخ کار دەکا، ئەمە خاڵێکی گرینگ بوو بۆ پاشەڕۆژی دادا کاتێ کە وەزعیان لە زیورخ تێک دەچێت و هونەرمەندان و نووسەرانی پەرشوبڵاو دەبنەوە.

ئەوەی کە دادای زیورخ لە دادای نیویۆرک و جێیەکانی دی جیادەکاتەوە ئەو مێتۆدە بوو کە زیاتر بەکردە و کۆشەی تریستان تسارا و هۆگۆبال و هویلسنبیک بەرزکرایەوە، چونکە هەرسێکیان شاعیر و نووسەر بوون، بڕوایان بەو کارەی خۆیان هەبوو کە دەیانکرد. زۆر دڵسۆزانە و بێ سازش بوون، هەر ئەو بێ سازشیەش بوو کە بەرەو ناکۆکیانی برد، تاڕادەیەک کە قڕەوبۆڵە و دووبەرەکانێ کەوتە نێوانیانەوە، تسارا و بال لە یەکدی دوور کەوتنەوە و بوونە دوو پۆلی جیا و تاڕادەیەک دژ بەیەک لەناو (دادا)دا، مارسێل جۆنکۆ دژ بەهویلسنبیک وەستایەوە، تسارا و هویلسنبیک دژ بەهانز ئارپ، هۆگۆبال لەگەڵ هویلسنبیک دابوون بەیەک دژ بەتسارا. سەرەنجام ئەتمۆسفیری دادای زیورخ تێکچوو و جێگای بەیەکەوە کارکردنی تیا نەما. هۆگۆبال زیورخی جێهێشت و بەرەو بێرن Bern کۆچی کرد و دەستەڵاتی گەورە بۆ تسارا مایەوە.

جگە لەم ناکۆکیانەی نێوان نووسەرانی دادا جارێکی تر ناکۆکییەکی دی لە نێوان نووسەران و هونەرمەندە شێوەکارەکانی ناو دادا دەستی پێکرد، لە کۆبوونەوەی دادای مانگی چواری ١٩١٩ گەیشتە لوتکەی. لەم کۆبوونەوەیەدا کە لە ١٩١٩/٤/٩ لە هۆڵی کاوفلوتن Kaufleuten لە زیورخ ساز کرا، ویستیان هەندێ باسی تەنگوچەڵەمەکانی خۆیان بکەن، ڕووبەڕووی هەندێ ئەشکالیات ببنەوە کە ناکرێ پشتگوێ بخرێن، بەتایبەتی لە نێوان ئەوانەی کە دەیانەوێت زیاد پەرە بەنوێکردنەوەی کاری جوان بدەن و



تەجرەبەی جیاوازی تیا بکەن، ئەوانەی دی کە دەیانەوێت بەردەوام بن لە بەرزکردنەوەی دروشمی ڕووخاندن و ڕووخاندن، بەجۆرێکی دی بڵێین لە نێوان هونەرمەندە شێوەکارەکان کە هێشتا بەتەواوەتی خۆیان لە ڕۆحی دەربڕینخوازی جیا نەکردۆتەوە و نووسەران کە دەربڕینخوازی بەگەرانەوە بۆ ناو خود دەبینن و پێیان وابوو ئەمە دژ بەڕۆحی دادایە. چونکە دادا هەمیشە بانگەوازێکە بۆ دەرەوە. هونەرمەندە شێوەکارەکان بڕوایان وابوو کە ئازادی تاکە کەس و ئازادی پەرەپێدان بەتەجرەبەی نوێ هێزی مەرکەزی دادا بوو. ئەوان زیاتر پشتیان بەتابلۆکانیان دەبەست بۆ گشت دەبڕین و ڕەفزکردنێک و هێشتا ڕۆحی دادایان بەتەواوەتی لە ڕۆحی دەربڕینخوازی جیا نەکردبووەوە. ئەم جیاوازیانەی نێوان هونەرمەندە شێوەکارەکان و نووسەرانی دادا جیاوازییەکی بچووک و لاوەکی نەبوو. بۆیە چارەسەر نەکرا و بەپێچەوانەوە بووە هۆی جیابوونەوەیان لە نووسەرانی دادا. سەرەنجام ئەوان بۆ خۆیان گرووپێکیان پێک هێنا بەناوی گرووپی هونەری ڕادیکال و مانفێستی خۆیان بڵاوکردەوە بەڵام لە چەند هەفتەیەک زیاتر خۆیان نەگرت. کەچی زۆر کاریگەربوون و پتەوی و خەستی کاری هونەری شێوەکاریان لە توانەوەی لەناو لێشاوی قسەکردن و نووسین و احتجاج ڕزگار کرد (Robet Short). سەرەنجام دادا لە زیورخ بەئاشکرا نەیتوانی بەردەوام بێت، لەم کاتەشدا جەنگی جیهانی بەرەو کۆتایی دەچوو، ئەوەش زیاتر هاندەربوو بۆ پەرش و بڵاوبوونەوەیان، بەم جۆرە مەنفاییەکان هەریەکەیان بەلایەکدا ڕۆیشتن. هۆگو بال بۆ بێرن، تسارا و بیابیا بۆ پاریس، هانز ئارپ بۆ کۆلن بۆ لای ماکس ئێرنست، و ڕیتشارد هویلسنبیک بۆ بەرلین.

دادابیەکانی زیورخ زۆر لە هیوا و ئامانجی خۆیان بەدی هێنا ئەگەرچی هەر یەکێکیان لەلایەن خۆیەوە نەیدەویست وازبهێنێ، بەڵام ئەتمۆسفیرەکە وا تێکچوو بوو تەحەمول نەدەکرا، هەمان سەرچاوە وەکو هانز ڕیشتەر دەیگێڕێتەوە لە کۆبوونەوەکەی ١٩١٩/٤/٩دا، ئەتمۆسفیرەکە هێندە دژوار بوو بەشێوەیەک کە ڕۆحی گاڵتە لە نێوانیاندا نەمابوو. ئەگەر هەوڵدانی تسارا نەبوایە لە گێڕانەوەی هەندێ ڕۆحی گاڵتە و نوکتەوە، ئەوە بەدڵنیاییەوە سەروچاوی یەکتریان دەشکاند.

## دەربارەی هۆگۆبال

بۆ ئەوەی زیاتر ناکۆکییەکانی ناو داداییەکانی زیورخ ڕوون کەمەوە بەتایبەتی ناکۆکییەکانی نێوان هەردوو سەرە گرینگەکە: تریستان تسارا و هۆگۆبال، بەپێویستی دەزانم چەند وشەیەکی زیاتر دەربارەی هۆگۆبال بنووسم.

هۆگۆبال کریستیانێکی کاتۆلیکی بوو لە شاری پیرمازن pirmasen سەر بەناوچەی (زارلاند)ی ئەڵمانیا لە ساڵی ١٨٨٦ لە دایک بووە. هێندە مرۆڤێکی ئاینی بووە وێنەی مەریەمی دایکی عیسای لە ژوور سەریەوە لەسەر چرپایەکەی هەڵواسیوە و گشت شەوێ پێش خەوتنی ماچی کردووە.

پاش ئەوەی گەورە دەبێ خۆشەویستییەکی زۆری بۆ ئەدەب و فەلسەفە تیا دروست دەبێ، بەتایبەتی فەلسەفەی نیتشە. سەرقاڵبوونی بەفەلسەفەی نیتشەوە دووری دەخاتەوە لە ئاین و لە کاتۆلیکی. ئەم کارە هەندێ نائارامی تیا دروست دەکات و دەروونی دەشڵەژێنێ تا دەگاتە نەخۆشی عەسەبی و نزیکبوونەوە لە شێتبوون، لێرەوە لەجیاتی ئەوەی وازبهێنێ بەپێچەوانەوە دەیەوێ بەردەوام بێت تاکو بگاتە هەندێ مەبەستی خۆی. بۆیە درێژەی بەو سەرقاڵییە دا و ڕۆیشت بۆ زانکۆی میونشن Munchen و لەوێوە بۆ زانکۆی هایدلبێرگ Heidelberg، بۆ خوێندنی نیتشە و لەوێ خۆی بۆ ئامادەکردنی بروانامەی دکتۆراە دەربارەی فەلسەفەی نیتشە، بەتایبەت درێژە پێدانی نیتشە بۆ شۆپنهاوەر Schopenhauer تەرخان دەکا. هەروەها بۆچوونەکانی نیتشە دەربارەی نوێکردنەوەی کولتوور لەسەر بناغەی ڕووخاندنی کولتوری کۆن و دەربارەی ئاین بەتایبەت ئاینی کریستیانی و یەهودی.

ئەگەرچی هۆگۆبال بروانامەکەی تەواو نەکرد، بەڵام لەم سەرقاڵییەیدا شارەزاییەکی باشی دەربارەی نیتشە پەیدا کرد، بەتایبەتی دەربارەی ئەنارشیزم و قینی نیتشە بۆ ئاین، لەلایەکی دیکەشەوە بۆی دەرکەوت کە ئەڵمان لە نیتشە نەگەییون.

بال بایەخی بەگشت لایەنەکانی نیتشە بەئەندازەی بایەخدانی بەگرینگی ڕووخاندنی کولتووری کۆن و بیناکردنەوەی نوێ نەدا، هەروەها ڕۆحی ڕەفز و تێگەیشتن لە عەدەمیەت Nihilism لای نیتشە.

هۆگۆ بال کاتێ کە کابارێتی ڤۆلتێری دامەزراند ئەو بەو نیازەوە داینەمەزراند کە



ڕێبازێکی نوێ یان قوتابخانەیەکی هونەری نوێ دروست بکا، کابارێتی ڤۆلتێری وەکو یانەیەکی شەوان بۆ هونەرمەند و ڕۆشنبیران دروست کرد، ئەگەرچی لە ١٤ی تەمموزی ١٩١٦ مانیفێستی دادای نووسی، بەڵام تسارا زیاتر کاری مەنهەجی بۆی کرد و بۆچوونەکانی دادای بەرەو ڕێباز و قوتابخانەیەکی هونەری ئەبرد. هۆگو بال لەگەڵ ئەم کارانەی تسارادا نەبوو.

هۆگو بال نەیدەویست دادا لە کولتووری بۆرژوازی نزیک ببێتەوە، بەڕای ئەو گشت ئەو چەمکانەی کە بە(ئیزم ism) تەواو دەبن وەکو دادایزم ئەکسپرێسیۆنیزم...هتد. لە عەقڵێکی بورژوازیەوە دێن، لە هەموویشی گرینگتر لای بال ئەوە بوو کە دەیویست دادا نەکەوێتە ژێر کاریگەری عەدەمییەتەوە. بەڵام تسارا زیاتر عەدەمییەتی لە دادا چاند و پاڵپشتی کرد. بەبڕوای بال عەدەمییەت ڕۆحێکی ئەڵمانی بەخۆوە هەڵدەگرێ و ئەوەش هۆیەک بوو لە دروستکەرانی جەنگ H. Richter.


بال سەرجەمی بۆچوونەکانی خۆی لە کتێبێکدا نووسی بەناوی (بەرەو ڕەخنە لە عەقڵی ئەڵمانی) لە (کانت)ەوە پێهات تاکو هیگڵ و مارکس، بۆ ئەوەی بیسەڵمێنێ کە عەقڵی ئەڵمانی دروستکەری ئەو شەڕەیە. لەلایەکی دیکەوە تسارا لەو کەمتر نەبوو لە تێگەیشتنی لە فەلسەفە و ئەدەب، بەڕادەیەک کە بیروڕاکانی ئەو زیاتر کاریگەرترە لەناو (دادا)دا، بەجۆرێک عەدەمییەت بووە یەکێ لە ناوەڕۆکەکانی (دادا). ئەم خاڵە گرینگە بوو تاکو دەهات تسارا و بالی لە یەک دوور دەخستەوە. تاکو بوون بەدوو پۆلی دژ بەیەک لەناو (دادا)دا، لە کۆتاییەکانی دادای زیورخ، تسارا جێی بەبال لەق کرد و بال زیورخ و دادای بۆ تسارا جێ هێشت. لە مانگی نۆی ١٩١٩ چوو بۆ شاری بیرن بۆ سەرپەرشتی کردنی (ڕۆژنامەی ئازاد)، چونکە ئەو ڕۆژنامەیە دژ بەعەسکەرتاریەتی ئەڵمان بوو.

ئەگەرچی هۆگو بال ڕۆحی ڕەفزکردن و ئاڵای ڕووخاندنی کولتووری کۆن و دامەزراندنی کولتووری نوێ لە خۆی و لە دادا چاند و بەسەرقاڵبوونی لەگەڵ فەلسەفەی نیتشەدا لە ئاین دوورکەوتەوە، بەڵام لە کۆتایی ژیانیدا دیسانەوە گەڕایەوە بۆ کریستیانی و کاتۆلیکی جاران. سەری خۆی هەڵگرت بۆ ئەوەی ژیانی کۆتایی لە لادێ بژی، لەوێ لەگەڵ جوتیارە هەژارەکاندا وەکو ئەوان ژیان بەسەر بەرێ. Lef - wing Nietz scheans, seth Taylor

## دادا لە بەرلین

پاش کۆبوونەوەی داداییەکانی زیورخ لە ١٩١٩/٤/٩ و بڕوابوونیان بەبێ سوودی نەوەیان لە زیورخ، ریتشارد هویلسنبیرک Richard Huelsenbeck برادەری کۆنی هۆگۆ بال و یەکێ لە نووسەرە چالاکەکانی دادای زیورخ، لەژێر کاریگەری شێوەی دامەزراندنی هۆگۆبال بۆ کابارێتی ڤۆلتێر، ئەویش لە بەرلین (کلەپی دادا) دادەمەزرێنێ بەڵام جیا لە کابارێتی ڤۆلتێر، ئەوسا هونەرمەندی شێوەکار جۆرج گرۆز Georg Grosz هەر لە بەرلین دەبێ و لەوێ وەکو هونەرمەندێکی دادایی دژ بەجەنگ و دروستکەرانی، دژ بەکۆمەڵگای بۆرژوازی کار دەکات. بەڵام ئەو هێندە بەقین دەبێ لە سەرمایەداری و جەنگەکەی سەرەنجام دەبێت بەئەندام لە حزبی کۆمۆنیست. نزیکبوونەوەی هویلسنبێرک و گرۆز لە هونەرمەند و نووسەرانی بەرلین و لە ڕاول هاوسمان Raoul Hausman و هەنا هویخ Ha-nah Hoch و برایانی هێرتسفیلدە Herzfelde و یوهانس بادەر Johannes Bader دەبێتە هۆیەکی چاک بۆ دامەزراندنی کلەپی دادای بەرلین.

یەکێ لە مەبەستەکانی ئەو هونەرمەند و نووسەرانە هەوڵدان بوو بۆ گیرسانەوەی برینەکانی ئەڵمانیا پاش هەپرون بەهەپرون بوونی لە جەنگی جیهانیدا. دیسانەوە ئەم هونەرمەند و ڕۆشنبیرانە بەرۆحی ڕەفز و ئیحتجاج کەوتنە کارکردن، وەکو مرۆڤی بەرپرسیار بەرامبەر ڕۆحی ناهەمواری ئەوسەردەمە لەگەڵ جیاوازییەکدا کە لای ئەمان گیرسانەوەی برینەکانی ئەڵمان گرینگ بوو، لەکاتێکدا لای داداییەکانی زیورخ نەتەوە و کارکردن سەر بەقەومییەوە هیچ ڕۆڵێکی نەبوو، بگرە هۆگۆبال خۆی وەکو ئەڵمانێک هەمیشە دژ بەرۆحی ئەڵمان بوو لەناو (دادا)دا.



راول هاوسمان. گیانی سەردەمەکەمان ١٩٢١

هەر بەهەمان شێوەی داداییەکانی زیورخ هێندەی نەبرد تووشی کۆمەڵێ ناکۆکی



بوون، دیسانەوە لە نێوان هونەرمەندە شێوەکارەکاندا کە ئەمجارەیان زیاتر لە ڕۆحی دەربڕینخوازییەوە نزیک بوونەوە، بڕوایان وابوو کە توندوتیژی و تەعقیدات دیاردەیەکی ئاساییە لە مرۆڤدا، بەتایبەتی لەو مرۆڤەی کە تازە لە ملۆزمی جەنگ ڕزگاری بووە. ئەو مرۆڤە ناکرێ بەتوندی و بەپەلە هێمن بکرێتەوە، بەڵکو پێویستی بەدەربڕین و کارکردن هەیە بۆ ڕزگابوونی لە کارتێکردنەکانی جەنگ، لە کاتێکدا نووسەران بڕوایان وابوو کە ئەو ڕۆحە تەعبیریەتە زیاتر بەرەو ناوەوەی خۆیانیان دەگێڕێنێتەوە و دووریان دەخاتەوە لە ڕەفز و ئیحتجاج کە ئەمە ڕۆحی دادایە. (بەهەمان جۆری ناکۆکییەکانی دادای زیورخ) ئەم ناکۆکییە بەرەو ململانێیەکی توندی بردن تا ئەو ئاستەی کە هەندێکیان ئەوەندە لەگەڵ گرووپی سیاسی و چەپدا نزیک بوون، وەک گرووپی سپارتاکۆس و کاریان لەگەڵیاندا دەکرد، هێندە لە هونەر و ڕۆشنبیریەوە نزیک نەبوون. هونەرمەندان و ڕۆشنبیرانی دیکە، ئەم هەڵوێستەی بوون بەئەندام لەناو گرووپی چەپەکان بەهەڵەیەکی گەورە دەبینن ئەم ململانێیە تاکو دەهات گەورەتر دەبوو، تاکو ساڵی ١٩٢٠ گەیشتە لوتکەی بەتایبەتی لە نێوان سەرە گەورەکاندا، وەکو هویلسنبێرگ و هاوسمان تا گەیشتە ئەو ڕادەی کە لە پێش چاوی خەڵک و بەبێ شەرمانە قسەیان بەیەکدی دەگوت، بەڵام هێندەی نەخایاند دیسانەوە ئەتمۆسفیرەکە بەرەو باشتر دەچوو، تاکو پاش ساڵی ١٩٢٠ ئیدی تەبایی دیسانەوە کەوتە نێوانیانەوە.

جگە لەو هەلە گەورەی کە هەندێ لە داداییەکانی بەرلین کردیان بەکرداری پڕوپاگەندە بۆ لایەنە چەپە سیاسییەکان، ئەوان چالاک بوون لە کارکردنیان و بەگشتی بەرۆحی داداوە کاریان دەکرد، لە ساڵانی ١٩١٩ تاکو ١٩٢٠ چەندین کتێب و گۆڤاریان دەردەهێنان، لەوانە گۆڤاری (دادا) کە هاوسمان دەری دەهێنا و هویلسنبێرگ گۆڤاری ئەلمناخ دادا (Almanch dada)ی دەردەهێنا، لە گشت ئەمانەش گرینگتر دۆزینەوەی ئسلوبی فۆتۆمونتاج بوو کە بەهاوکاری ڕاول هاوسمان و هەنا هویج دۆزرایەوە و پەرەی پێدرا (بڕوانە R. Huelsenbeck).



گرۆز. سروودێکی گچکە بۆ خۆشەویستی ١٩٢٦

## فۆتۆمۆنتاج Fotomontage:

(بەکارهێنانی کۆلاج و چەسپاندنی کاغەز لای دادایییەکانی زیورخ بەکارهێنرابوو، بەڵام بەکارهێنانی پارچە فۆتۆگراف بەیەکەوە بەجۆرێک کە بەیەک نامۆ نەبن ئەمە ڕەهەندێکی نوێ بوو لای دادایییەکانی بەرلین) هانز ڕیشتەر H. Richter.

مێژووی کۆلاج دەگەڕێتەوە بۆ کوبیزم، دادائیییەکانی زیورخ ئەم تەکنیکە هونەرییەیان لە کوبیزمەوە وەرگرت و لە هەندێ کارەکانی خۆیاندا بەکاریان هێناو پەرەیان پێیدا. بەڵام فۆتۆمۆنتاج بەرهەمی دادایییەکانی بەرلین بوو، بەتایبەتی ڕاول هاوسمان Roul Hausman و کچە برادەرەکەی هەنا هویخ Hanne Hohch پاشان برایانی هێرتسفیلدە پەرەیان پێی دا، (هانز ڕیشتەر) بەم جۆرە چیرۆکی دۆزینەوەی فۆتۆمۆنتاج دەگێڕێتەوە ساڵی ١٩٠٧ بوو یان ١٩١٨ هاوسمان و کچە برادەرەکەی (هەنا هویخ) لە دێی گریبووف Gribow لە نزیکی ئوسەدۆم usedom لە سەرووی ئەڵمانیا ژوورێک بەکرێ دەگرن بۆ بەسەربردنی چەند کاتێک لەسەر دەریا، لەناو ئەو ژوورە لە بەرامبەر تەختی نووستنەکەیان تابلۆیەکی زەیتی چاپکراو لەسەر کاغەز هەڵواسرابوو، لەسەر وێنەی ئەم تابلۆوەوە وێنەیەکی فۆتۆگرافی خاوەن ماڵەکە پێوە لکێنرابوو، ئەمە سەرنجی هەردوو هونەرمەندی ڕاکێشا و



لێی وردبوونەوە و کاری تێیان کرد و لە یادیان دەچەسپێ تاکو دەگەڕێنەوە بۆ بەرلین، لەوێ هاوسمان دەست بەلکاندنی وێنە فۆتۆگرافەکان بەیەکەوە دەکا، بێ گوێدان بەماناکانیان و ناوی ئەو جۆرە کارکردنە دەنێت فۆتۆمۆنتاج Fotomontage.

فۆتۆمۆنتاج پەرەپێدانێ بوو بەهونەری کۆلاج، بەوە لە کۆلاج جیا دەکرێتەوە کە دەبێ کاغەزەکە وێنەی (فۆتۆی) شتێکی دیاریکراو بێ، بەڵام لە حاڵەتی کۆلاج هەرچ کاغەزێ بێ دەکرێ.

هونەرمەندی فۆتۆمۆنتاج فۆتۆکان دەدڕێنێ یاخود وەکو خۆی بەسەر تابلۆکەدا دەیانچەسپێنێ. هەندێ جاریش پارچە فۆتۆکان هێندە زۆرن کە تەواوەی تابلۆکە پێک دەهێنێن.

هێرتسفیلد ئەم تەکنیکەی بۆ بەرگی کتێبیش بەکار دەهێنا. هێندە بەجوانی دەیکا، کورت توخولسکی دەڵێت: ئەگەر من توخولسکی نەبوومایە حەزم دەکرد بەرگێکی کتێب بوومایە لە دەزگای چاپ و پەخشی مالیک Malik و بەدەستی هونەرمەندی (دادا) هێرتسفیلد دروست بکردرامایە- (هانز ڕیشتەر).

ئەوەی کە (دادا) لە زیورخ کردی وەک بزووتنەوەیەکی هونەری کولتووری پەتی دوور لە پاڵپشتی سیاسەت بگرە ڕەفزکردنیشی بۆ بەرپاکەرانی جەنگ بەشێوەی هونەری و ئەدەبی و فیکری، لە بەرلین وانەبوو.

لای دادایییەکانی زیورخ هیچ جێگایەک نەبوو بۆ مارکسی - لینینی، چونکە بەبڕوای ئەوان مارکسی لینینی جێگایەکی نییە بۆ فەرد، لەکاتێکدا دادا جەختی لەسەر گرینگی فەرد دەکردەوە، بگرە پرۆگرامی دادا بەردوام بەگومان بوو لە ئایدۆلۆجیا، ئەوان هەرگیز بڕوایان بەوە نەبوو کە دونیا بەسیاسەت چاک دەکرێتەوە، بەڵام دادایییەکانی بەرلین لەو سنوورانە چوونە دەرەوە، بەتێکەڵاوبوون بۆ ناو سیاسەت، ئەمە یەکێکە لە جیاوازییەکانی نێوان دادایییەکانی بەرلین و ئەوانەی زیورخ.

## دادا لە هانۆڤەر

دادا لە هانۆڤەر کردەوکۆشەی تەنیا کورت شڤیتەرس بوو. Kurt Schwitters ئەگەرچی دادایییەکانی زیورخ درەنگ ناوبانگی ئەویان بیست، بەڵام ڕۆحی دادا لە کارەکانی شڤیتەرسدا لە هەمان ماوەی دادایییەکانی زیورخدا پەیدا ببوو. ئەو ناوی دادایییەکانی

زیورخی بیستبوو بەڵام ئەوانەی زیورخ تاکو ساڵی ١٩١٨ هیچ کارێکی شڤیتەرسیان نەبینیبوو.

کورت شڤیتەرس بەم لاو بەولادا سەفەری دەکرد بۆ ناساندنی دادابییەکان و نیشاندانی کۆلاجەکان و خوێندنەوەی شیعری دادابییەکان بەدەنگی بەرز بەرۆحێکی پڕ گاڵتە و وزەی هونەری گەورەوە. شڤیتەرس هەندێ خۆی لە دادابییەکانی بەرلین نزیک کردەوە، بەڵام خۆی تێکەڵاویان نەکرد و نەیویست بەهیچ جۆرێ کارەکانی تێکەڵاو بەسیاسەت بکا، بگرە یەکجار بەهۆشیارییەوە سنوورەکانی نێوان هونەر و سیاسەتی دەبینی. ئەو بەوپەڕی خۆشحاڵییەوە دەیویست ژیانی خۆی وەکو هونەرمەندێ بەسەربەرێ و حەزی دەکرد هونەرمەندانی دادا بناسێ و لە هەوڵدانەکانیدا هەنگاویشی بۆ دەنا، بۆ ناساندن و بەیەکەوە کارکردن لە هۆڵەندا سەکەوتنی بەدی هێنا و خۆیشی گەیاندە زیورخ، بەڵام لەگەڵ جۆرج گرۆزی هاوڵاتیدا بەجۆرێکی دی بوو.

(گرۆز)ی پڕ ڕقوکینە لە دەستەڵاتداران و داهێنەرانی جەنگ و خاوەن هەڵوێست و ڕەخنەی توند لە ئەڵمانیا ئەوسا هێندە کراوە نەبوو بۆ دەوروبەر، بگرە ئەو ڕقوکینانەی لە هەڵسوکەوتی ڕۆژانەشیدا دەردەکەوت. لەکاتێکدا شڤیتەرس بەدوای دەکەوێ و لە دەرگای ماڵەکەی دەدا، ئەو دەرگاکە دەکاتەوە و بەتوندی پێی دەڵێ: من گرۆز نیم. شڤیتەرس ئەمەی لەلا ناخۆش دەبێ، بۆیە بۆی دەگەڕێتەوە دیسانەوە لە دەرگاکەی دەدا. ئەم جارە کە گرۆز دەرگاکە دەکاتەوە ئەو پێی دەڵێ: من شڤیتەرس نیم، ئیدی بەهیچ جۆرێ یەکدی نابیننەوە.

هونەری کورت شڤیتەرس جگە لە نووسین و خوێندنەوەی شیعر بەدەنگ بەرزی هونەری (مێرتس) بوو.

## مێرتس Merz

مێرتس دروستکردنی پەیوەندییە لە نێوان مەتریالیی جیاجیادا، کە ئەنجامەکەی کاری هونەری نوێ پێک بهێنێ، بۆ شڤیتەرس دروستکردنی ئەو پەیوەندییانە چەند ڕەهەندێک و مانایەک دەبەخشن، یەکێ لەو مانایانە پەیوەندی خۆیەتی لەگەڵ جیهاندا، لەگەڵ شتە جۆربەجۆرەکانی ناو جیهاندا.

توانای دروستکردنی ئەو پەیوەندیانە ڕەنگدانەوە و توانای پەیوەندییەکی خۆیەتی وەکو هونەرمەند لەگەڵ ژیان و هونەر و هونەرمەنددا.



کاری هونەری (مێرتس) تابلۆیەکی زەیتی یان ئاوی یان هێڵکاری نییە، بگرە تابلۆ نییە (بەمانا کلاسیکییەکەی تابلۆ) بەڵکو کارێکی مێرتسە، کارێکە کورت شڤیتەرس خۆی دایهێناوە، تێکەڵاوێکە لە نێوان کۆلاج Collage(*) و دێکۆلاج Decollage و(**) ئەسەمبلاج Assemblage(***) بەومەرجەی پەیوەندییەک دروست کات لەگەڵ خواستی هونەرمەندەکە بگونجێت. جا بەبەکارهێنانی کاغەز بێ یان دار یان تەنەکە یان قوماش یان پەت یاخود. تێل یان هەرچ ماددەیەکی دی کە فڕێ درابێ یان لە ژیانی ڕۆژانەدا بەکارهێنرابێ شڤیتەرس ڕێی بەخۆی داوە و کاری هونەری مێرتسی پێیان دروست کردووە. پاشان سەرجەم کارەکەی لە چوارچێوە گرتووە. چوارچێوەکان هەندێ جار چوارگۆشەن و هەندێ جار لاکێشە و هەندێ جاریش خڕ یان لە شێوەی ئیلیپس یان هەر چ شێوەیەکی دی کە کارە هونەرییەکە بیگرێتە خۆی. کاری مێرتس کاری تەجریدە. ڕەسم کردن یان دروستکردنی شێوەی شتەکانی ناو واقیعی پێوە دیار نییە بەڵکو کاری فۆرمالی ڕووتە لە مەتریالی جۆراوجۆر پێکهاتووە، قەراغی شتەکان شێوەی هێڵ نیشان دەدەن، ڕووبەری شتە بەکارهێنراوەکانیش لە چەشنی ڕووبەر دەردەکەون.

لەبەرئەوەی زۆربەی شتە بەکارهێنراوەکان شێوەی ئەندازیارییان هەیە بۆیە کاری مێرتس زیاتر لە تەجریدی ئەندازیارییەوە نزیکە وەک لە تەجریدی ئۆرگانی، ئەمە وەک شێوە بەڵام ناوەڕۆکی مێرتس

ڕەفزکردن و ناڕەزایی و ئیستفزازی دەردەبڕی، شڤیتەرس بەم کارانەی دەیویست ناسنامەی هونەرمەند بوون و بێ لایەنی خۆی بسەلمێنێ دروستکردنی کاری مێرتس لای شڤیتەرس دروستکردنی دونیایەک لە چەشنی مەتریال و شێوە بەکارهێنراوەکانی جیاجیابن بەڵام لە پەیوەندیەکدا بن کە وەکو مێرتس وابێ.

مەتریالە بەکارهێنراوەکان ڕەنگی خۆیان هەبوو، هەندێ جاریش شڤیتەرس خۆی ڕەنگیانی دەکرد، بۆیە کاری مێرتس تەنیا مەتریال و شێوە نەبوو بەڵکو کاری ڕەنگیش بوو، ئینجا کەمێک لەتابلۆ دەچوو.


(*) کۆلاج Collage: لکاندنی پارچەی کاغەز یان قوماش یان هەرچ مادەیەکی دوو ڕەهەندی بێ بەسەر تابلۆکەوە.

(**) دێکۆلاج Decollage: چەسپاندنی شتێ، مەتریالێ بەسەر تابلۆکەوە پاش دەستکاریکردنی وەک: بۆ نموونە دڕاندنی یان سووتاندنی یان کڕاندنی.

(***) ئەسەمبلاج Assemblage: لکاندن و چەسپاندنی شتێکی سێ ڕەهەندی بەسەر تابلۆکەوە.

مێرتسی شڤیتەرس دووپاتبوونەوەی ئەو بیرۆکەیە بوو کە ژیان و هونەر یەکن، شڤیتەرس لە نێوان کارە مێرتسەکانییەوە دەیویست نامۆبوون و پەیوەندی نێوان شتە فرێدراوە نامۆبووەکان وەک ڕوویەک لە ڕووەکانی مۆدێرنە نیشان بدات.

شتە بەکارهێنراوەکانی کاری مێرتس شتی دۆزراوەبوون وەک ئەوەی پێیان بڵێ مەگرین من لە فرێدراویتان و نامۆبوونتان کاری هونەری دروست ئەکەم، مانا و جوانی دروست ئەکەم. ئەمەش ڕەهەندی تەحەداکردن نیشان دەدا کە ناوەڕۆکی هونەرە و سیفەتێ لە سیفەتەکانی دادایە.



شڤیتەرس. دارِشتنێک بۆ ژنێکی خانەدان ١٩١٩

شڤیتەرس خۆشەویستییەکی زۆری بۆ شارەکەی خۆی (هانۆڤەر) هەبوو بەڵام نازییەکان نەیانهێشت تیای بژی و هەمیشە لە ڕاکەڕاک و دەربەدەریدا ژیا تاکو ساڵی ١٩٤٨ لە مەنفا لە بەریتانیا بەنەخۆشی دڵ مرد Joachim Buchner & Norbert Nobis.

وشەی مێرتس Mertz لای کورت شڤیتەرس لە وشەی (Commerz)ەوە هاتووە کە بەمانای بازرگانی دێ لە زمانی ئەڵمانی. ئەو چوار پیتەکەی دواوەی ئەم وشەیەی بڕیوە و کردوویەتی بەناو بۆ کارەهونەرییەکانی خۆی.

کورت شڤیتەرس هێندە ئەم ناوەی خۆش دەویست لە کۆتاییەکانی ژیانیدا گشت چالاکییە هونەرییەکانی دیکەشی بەمێرتس ناو دەنا، چەندین نووسین و شیعر و سمیناری لەسەر مێرتس گوتووەتەوە تاڕادەی ناوی خۆیشی گۆڕیوە بەمێرتس.



## دادا لە نیویۆرک

گرینگترین بزووتنەوەی دادا کە وێڕای دادای زیورخدا دروست بوو و گەشەی کرد دادای نیویۆرک بوو، ئەگەرچی لە ڕووی مێتودەوە جیا بوو لەوەی زیورخ بەڵام، لە ڕووی کارکردن و پەرەپێدان بەچەمک و شێوەکانی هونەر زۆر پێشکەوتووبوون.

قورسایی دادای نیویۆرک لەسەر هونەری شێوەکاری بوو نەک ئەدەب، چونکە هونەرمەندانی ئەوێ بەپلەی یەکەم هونەرمەندی شێوەکار بوون، ئەوانیش وەکو هونەرمەندانی زیورخ ڕاکردووی دەست جەنگ بوون، مان ڕێ ی Man Ray لێ دەرچێ کە لە ئەمەریکا لەدایک بوو بوو. ئەوانی دی دیسانەوە هونەرمەندی مەنفا بوون.

فرانسیس پیکابیا Francis picabia وەکو سەربازێک بۆ کوبا نێردرابوو بۆ کڕینی شتومەک بۆ سوپا. بەڵام ئەو بەرەو نیویۆرک ڕۆیشت، مارسێل دوشا Marcel Duchamp بەهۆی نەخۆشییەوە لە عەسکەری عەفو کرابوو، ئەویش بەرەو نیویۆرک ڕۆیشت، هەردوو هونەرمەندی ئەورووپی لەوێ لەگەڵ مان ڕەیَ دا یەکیان گرت و هونەرمەندی فۆتۆگراف ئەلفرید ستیگلیتس Alfred Stieglits یان ناسی.

ئەلفرید ستیگلیتس ئەوسا گۆڤارێکی دەرئەهێنا بەناوی کاری کامیرا Camera Work، ئەو جگە لە کاری فۆتۆگراف خۆشەویستییەکی زۆری هەبوو بۆ هونەری هاوچەرخ و لە شەقامی Fifth Aveneu ژمارە (٢٩١) گەلەریەکی هەبوو هەر بەناوی ژمارەی شەقامەکەوە، واتا گەلەری (٢٩١)، تیایدا هەندێ لەکارەکانی ماتیس و بیکارۆ و سیزان و لوترێک و چەندین هونەرمەندی هاوچەرخی ئەورووپی نیشان دەدا. بەم جۆرە ئەلفرید ستیگلیتس و گۆڤارەکەی و گەلەریەکەی بوونە مەڵبەندێ کە هونەرمەندان لە دەوری کۆببنەوە، لەوانە (مان ڕێ)ی و دوشا و پیکابیا، بەم جۆرە ستیگلیتس بووە پردی نێوان هونەری ئەورووپی و ئەمەریکا.

جگە لە ستیگلیتس هونەرمەندانی دادا لە نیویۆرک لە دەوری سالۆنی شەترەنج فالتەر کۆنراد ئارنسبێرگ Walter Conrad Arnsberg کۆبووبوونەوە، چونکە ئارنسبێرگ خۆشەویستی بۆ هونەر هەبوو و دەیکڕی و کۆشی دەکردەوە. داداییەکان بایەخیان بەیاری شەترەنج دەدا وەک سەرچاوەیەک بۆ هونەرەکەیان، بەتایبەتی (مان ڕێ ی و دوشا) کە زۆر وێنەیان پێکەوە هەیە یاری شەترەنج دەکەن. بەم جۆرە ئارنسبێرگ و ستیگلیتس بووبوونە دوو مەڵبەند بۆ کۆکردنەوەی هونەرمەندانی دادا لە نیویۆرک.

لە ڕووی مێژوویییەوە مێژوونووسی هونەری هاوچەرخ (ه.ه. ئەرناسۆن) مێژووی دروستبوونی دادای نیویۆرک دەخاتە پێش زیورخ. بەڕای ئەو بەهاتنی دوشا لە ساڵی١٩١٥ بۆ نیویۆرک لەوکاتەوە لە نێوان ئەو و (مان ڕێ)دا بیرۆکەی دژ بەهونەر(*) دەستی پێکرد و (ئەرناسۆن H. H. Arnason) دروستبوونی دادا دەبەستێتەوە بەلەدایکبوونی بیرۆکەکە.

مارسێل دوشا و پیکابیا هەر لە زووەوە، لە ساڵی ١٩١٢ لەگەڵ گابرێل بووفێ Ga-brelle Buffet و ئەپۆلینێر Apollinaire لە پاریس، دەربارەی ئەشکالیاتی هونەر لەوکاتە و شیمانەی دۆزینەوەی ڕەهەند و شێوەی نوێ لە گشت بوارەکانی هونەردا بیروڕایان دەگۆڕیەوە (هەمان سەرچاوە).

مارسێل دوشا هونەرمەندێکی خاوەن (ڕارایی – قلق) و (خەم – هموم) بوو هەرگیز ڕازی نەدەبوو بەدووبارەکردنەوەی هەمان هونەر، بەڵکو هەمیشە مێشکی بەنوێکردنەوەی شێوە و ڕەهەندەکانی هونەرەوە سەرقاڵ بوو. ئەو وەک ڕەسام و هونەرمەندی پەیکەر هەر لەوکاتانەدا ١٩١٢–١٩١٣ بەنیازی تێکشکاندنی کۆبیزم کاری دەکرد. ئەو کاتانە کوبیزم لە کۆتاییەکانیدا دەژیا. ئەگەر لەوکاتە کۆتایی پێ نەهاتبایە ئیدی ڕووەو دیکور دەرۆیشت وەک لە هونەر. ئەمە لەلایەک و کاریگەری پێشانگای فوتوریستەکان بەسەر دوشا گەورە بوو بۆ بیرکردنەوە و بایەخدان بە(دینامیک) و جووڵانەوە لە کاری هونەریدا، بەکارهێنانی لە کارەکانی خۆیدا، چونکە ئەو ئەوکاتە گشت شێوەکانی هونەر وەک کوبیزم و فوتوریزم و کاری کونسترەکتیڤیزم تێریان نەدەکرد و بەڕای ئەو، ئەو جۆرە هونەرانە کاتیان بەسەر چوو بوو، ئەو هەمیشە دەیگوت (ئێمە بەهەڵە بیر دەکەینەوە هەستەکانمان هەڵەن بەهەڵەش دەبینین) Serge Lemoine.

ئەم (ڕارایی – قلق) و گەڕان و بیرکردنەوەی دوشا بەرەو هەندێ تەجرەبە بردی کە لە شتە بەکارهێنراوەکانی ناو واقیع چەند فۆرمێکی نوێ دروست بکا، وەکو ئەوەی کە لە ساڵی ١٩١٣ بەشی پێشەوەی پاسکیلێکی بەسەراوبنی لەسەر مێزێکی خڕی بەرز چەسپاند، ئەوکاتە شتێکی وەهای دەربارەی ئەو کارە نەگوت جگە لەوەی (ئەمە خۆشییەکم پێ دەبەخشێ).

---

(*) (دژ بەهونەر) خۆی لەخۆیدا دادابوو، چونکە دادا نەک تەنیا دژ بەدابونەریتی کۆمەڵگای بۆرژوازی بوو، بگرە دژ بەزۆر شتی دیکەش بوو لەوانە خودی هونەر.



بەڵام لە ناوەڕۆکدا زۆر لەوە زیاتر بوو کە تەنیا خۆشییەک ببەخشێ، دەتوانم بڵێم ئەم کارە هەنگاوێکی زۆر گرینگ بوو بۆ دوشا لەدۆزینەوەی بۆ فیکرەی ڕێدی مێد Ready Made، هەروەها چەسپاندنی ئەو (پێشە پاسکیلە) لەسەر ئەو مێزە خڕە بەسەرەتای هونەری جووڵاوە Kenitische Kunst لە مێژووی هونەری هاوچەرخی خۆرئاوا دادەنرێ، هەروەها ڕێگە خۆشکەرێ بوو بۆ سوریالیزم.

دوشا ئەو کارەی چەندین جار دووپات کردەوە، چەندین (پێشە پاسکیلە)ی لەسەر مێزی بچووک و بەرز چەسپاند، بەتایبەتب ئەو مێزانەی زیاتر لە مەشروبخانەکان بۆ دانیشتن بەکاردەهێنرێ. لێرەدا پرسیاری من ئەوەیە: بۆچی ئەو کارەی دوشا بەیەکەمین کاری دادا لە قەڵەم نەدرێ؟

## ڕێدی مێد Ready Made

هونەرمەندی فەرەنسی مارسێل دوشا Marcel Duchamp داهێنەری (ڕێدی مێد)ە، ئەمەش وشەیەکی ئینگلیزییە بەمانای شتێک دێ کە لەوەوپێش دروستکراو بێ.

دوشا لە ئەنجامی سەرقاڵبوونیدا بەهونەرێک کە لەوانی دی نەچێ بیری بۆ بەکارهێنانی شتە ئامادەکراوەکانی ژیانی ڕۆژانە چوو.

ناوەڕۆک و فەلسەفەی هونەری (ڕێدی مێد) لە هەڵبژاردن و بڕیاردان دایە، ئەو هەڵبژاردن و بڕیاردانەش مومکین نییە بێ هێزی بینینێکی نوێ و کارەکتەرێکی بیرکار و بەهێز بۆ ئەوەی شتەکان هەڵبژێری و بڕیاریان لەسەر بدا کە ئەمە هونەرە.

مارسێل دوشا هەڵگری ئەم کارەکتەرە بوو، هەوڵدان و سەرقاڵی و پشکنین گەیاندبوویە بینینێکی نوێ و ڕادیکاڵ کە ئەو توانایەی هەبێ هونەرێ دابهێنێ نەک تەنیا جیا بێ لە هونەرەکانی پێشوو، بەڵکو هونەرێ بێ لە ئەنجامی پێشخستن و نوێکردنەوەی شێوە هونەرەکانی پێشوو نەبێ. هونەری (ڕێدی مێد) سەرەتایەکی نوێیە بۆ هونەری هاوچەرخ کە لە سەرچاوەی هونەرەکانی دیکەوە نەهاتووە. بینینێک لای دوشا دروست بووبوو کە توانای دروستکردنی شۆڕشێکی هەبوو لە هونەردا، بینینێک عەقڵ و فەلسەفە و هەست و خەیاڵێکی مەزن پاڵپشتی دەکرد، بۆیە دوشا توانی هەڵبژاردن و بڕیاردانی هەبێ. کارەکتەرێک کە بڕیار بدا و بڵێ من ئەم شتە (لەوەوپێش دروستکراوە) بەهونەر لە قەڵەم ئەدەم نابێ کون و کەلەبەر و بۆشایی تیابێ. دوشا فەرەنسی بوو، هاوڕێی هونەرمەند و

بیرکارە گەورەکانی سەردەمەکەی خۆی بوو، دەوروبەرەکەی ئەپۆلینێر و پیکابیا و دەیانی وەکو ئەوان بوون کە هەریەک سەربەهەمان Mileu ملیو[*] بوون، بۆیە توانی ڕەفزی شێوە هونەرەکانی پێش خۆی بکاتەوەو و لەجیاتیان هونەرێک دابهێنێ بکەوێتە دژایەتی لەگەڵیاندا.



مارسێل دوشا. تایەی پایسکل
١٩١٣

(ڕێدی مێد)ی دوشا گۆشەنیگای بینینی بەڕادەی سەد و هەشتا گۆڕی، ئەو زۆرجار لەگەڵ خۆیدا و هەندێ جاریش لەگەڵ پیکابیادا سوێندی دەخوارد کە ئیدی واز لە ڕەسم کردن بهێنێ، پاشانیش لەگەڵ مان ڕێ ئەو سوێندەی دووپات دەکردەوە.

پاش دۆزینەوەی (ڕێدی مێد) ئیدی لای دوشا ڕەسم کردن یان دروستکردنی پەیکەر تامی زۆر کەم بووەوە.

هونەری (ڕێدی مێد) دروستکردن نەبوو بەڵکو وەک گوتمان (هەڵبژاردن و بڕیاردان) بوو، وەرگرتنی شتە دروستکراوەکان وەکو خۆیان بێ دەستکاریکردنیان وەکو ڕەنگکردنیان یان گۆڕانی شێوەکانیان بەڵکو وەکو خۆی چۆن دروست کراوە ئاوها وەریانی دەگرت، چەسپکردن و بەیەکەوە گرێدانی شتەکان نەبوو، مومکین بوو یەک دوو شت بەیەکەوە دابنرێ یاخود کۆمەڵێ شتی لەیەک چوو یان لەیەک نەچوو بەڵام بێ دەستکاریکردنیان دابنرێ. شتەکان مەرجە لەوەو پێش دروستکراو بووبێتن، واتا شتی سروشتی نەبن ئەمە خۆی لەخۆیدا ڕەهەندێکی شارستانیە لە (ڕێدی مێد)دا[**].

لە کاتی لە دایکبوونی (ڕێدی مێد)دا سەخت بوو وەکو هونەر جێی خۆی بکاتەوە

(*) ملیو - Milleux: وشەیەکی فەرەنسییە بەمانای ئەو ئەتمۆسفیرە برادەرایەتییە دێت کە لە هەمان کات و هەمان شێوە لەگەڵ یەک هەڵسوکەوتیان دەکرد.

(**) ڕێدی مێد: گۆڕانی ناسنامەی شتە دروستکراوەکان بوو پاش هەڵبژاردن و بڕیاردانی دوشا. ئەو شتە لە وەزیفەی خۆی دەردەچوو کە بۆچی و لە پێناوی چیدا دروست کراوە و دەبوو بەهونەر.




ئەمەش موشکیلەی زۆربەی داهێنەرە نوێیەکانە ئینجا ئەگەر گۆڕانەکەش وەها ڕادیکال بێ کە درێژەپێدان نەبێ بۆ شێوە هونەرەکانی پێشوو وەکو کوبیزم و فۆڤیزم و کونسترەکتیڤیزم هتد، ئەمە سەختیەکەی زیاد دەکات بەڕادەیەک زۆرجار گاڵتەی پێ دەکرا هەر بۆیەشە کاتێ کە دوشا کارە ڕێدی مێدەکەی (فونتان Fontane)[*] بۆ پێشانگای ساڵانەی گرووپی هونەری سەربەخۆ لە نیویۆرک پێشکەش کرد، لیژنەی هەڵبژاردنی کارە هونەریەکان ئەو کارەی دوشا یان ڕەفز کردەوە لەبەر دوو هۆ: یەکەم ئەمەکارێکی بێ ئەخلاقیە، دووەم چۆن دەبێ شتێ بەهونەر لە قەڵەم بدرێ کە لەوەوپێش کەسێ یان کارگەیێ بۆ مەبەستێکی دی دروستی کردبێ. لەدایکبوونی هونەری ڕێدی مێد پابەند بوو بەڕۆحی سەردەمەکە خۆیەوە، وەک لە دایکبوونی هونەرەکانی پێش خۆی کە ئەوکات سەردەمی جەنگی جیهانی و (عبث) و دابەزینی نرخی مرۆڤ و بێزاری و ئیستفزاز و ڕەفزکردن تا دەگاتە گاڵتە بەدونیا کردن، سروشتێکی ئاسایی بوو. لای مرۆڤ تا دەگاتە داهێنان، هەر بۆیەشە (ڕێدی مێد)[**] گشت ئەو ڕەهەندانەی تیابوو کە ناوەڕۆکی دادا پێک دێنێ، وەک ڕەفز وئیستفزاز وئیحتجاج و دژایەتیکردن، بەتایبەتی دژایەتیکردنی هونەر کە یەکێ بوو لە خاسیەتە گرینگەکانی دادا، بەڵام بەهونەرێکی دی.

ئەگەرچی مارسێل دوشا و هونەرەکەی (ڕێدی مێد) جەوهەری هونەری نوێ و دادای نیویۆرکیان پێک هێنا بەڵام ڕۆڵی پیکابیا و مان ڕێش یەکجار گەورەبوو لە دادای نیویۆرکدا، پیکابیا ئێجگار بزێو و بەجموجۆڵ بوو، هەمیشە سەفەری دەکرد، لە نێوان ئەمەریکا و ئەوروپادا و لە نێوان وڵاتە جیاجیاکانی ئەوروپادا وەک ئسپانیا و فەرەنسا و سویسرا. لە گشت ئەو جێگایانە کاری بۆ دادا دەکرد، جگە لەوەی لە گۆڤارەکەی تسارا (دادا) لە زیورخ کاری دەکرد و خۆیشی گۆڤارێکی دەردەهێنا بەناوی **٣٩١** کە بەردەوام نووسین و کاری دادای تیا بڵاو دەکردەوە.

مان ڕێ تەنیا هونەرمەندی ئەمەریکی بوو لەناو دادائیەکانی نیویۆرک هەرچەندە دایک و باوکی جولەکەی ڕووسیا بوون، بەڵام ئەو خۆی لە فلادلفیای ئەمەریکا لە دایک بوو بوو. هێندە خۆشیی بەئەمەریکا نەدەهات و دەیویست هەرچی زرووفێکی بۆ هەڵکەوێ لە

(*) Fontane فونتان دوشا بۆ ئەم کارەی کاشییەکی ئاودەستخانەی پیاوانی هەڵبژاردبوو کە بۆ میزکردن دروست کرابوو، ئەو کاشییەی بەسەر مەقولانج دانابوو و لە خوارەوەی ناوی R. Mutt.ی نووسیبوو.

(**) R. Mutt ناوی ئەو کارگە بوو کە ئەو کاشییەی لێ دروست کرابوو.



مارسێل دوشا. فۆنتان ١٩١٧


خزمەتی ناسنامەکەیدا بەکاری بهێنێ. ئەگەرچی ئەو لەکاری هونەریدا هێندە هونەرمەند بوو لە پرەنسیپەکانی هونەر و تازەبوونەوەی شێوەکانی کاری دەکرد هێندە ناسیونالیزمی بەلایەوە گرینگ نەبوو. ئەو خۆشیی بەئەوروپادا دەهات و زۆر هاوڕێی دوشا بوو.

مان ڕێ مەیلێکی گەورەی هەبوو بۆ کاری فۆتۆگراف ئەگەرچی ئەو جگە لەوە ڕەسامیش بوو، بەڵام کارە فۆتۆگرافیاکانی بەیەکێک لە سەرچاوە گرینگەکان دەژمێردرێت لە مێژووی فۆتۆگرافدا. هەر بۆ مان ڕێش دۆزینەوەی کاری فۆتۆگرافی ڕایۆگراف Rayographie دەگەڕێتەوە کە جۆرێک بوو لە فۆتۆگراف بێ بەکارهێنانی کامیرا.

وەکو گوتمان دادای نیویۆرک قورسایی لەسەر هونەری شێوەکاری بوو، هەر بۆیە جگە لە پیکابیا، ئەوان هێندە بایەخیان بەنووسین و دەرخستنی مانیفێست نەئەدا وەک ئەوانەی زیورخ، بەڵام ئەوانیش بەرۆحی ڕەفز وئیستفزازەوە لە چەشنی ئەوانەی زیورخ کاریان دەکرد. نەیاندەویست لە ڕەوتی هونەر لە ئەوروپا داپچڕێن و لەو پەیوندیەشدا پیکابیا چاکترین ڕۆڵی دەبینی.

جگە لەم سێ هونەرمەندە دادایەی نیویۆرک دادایییەکی دیکەش هەبوو کە بەجۆرێکی دی کاری دەکرد و ئەویش هەر بەڕەگەز ئەوروپی بوو، ناوی ئارتۆر کراڤان Arthur Cravan بوو.





مان ڕێ. پێشکەش ١٩٥٨

ئارتۆر کراڤان وەکو (گابریل بووفێ) باسی دەکرد، پیاوێکی هەست ناسک بوو، یەکێ بوو لە نووسەرە باشەکانی ئەوکاتە و گۆڤاری Maintennantی دەرئەهێنا، بەڵام زۆرنەترس و بزێو بوو، دەیویست سەر بەکونی هاروماردا بکا، بۆیە بەگشت لایەکدا سەفەری دەکرد، بۆ ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا، ژنەکەی جێ هێشت و سواری پاپۆڕێک دەبوو بەدەریادا سەفەری بۆ ئەمەریکای لاتین دەکرد، بڕوای بەئازادی ڕەها هەبوو، بەڵام زۆر جنێوفرۆش و پیاوێکی ئیستفزازی بوو، بەڕادەیەک کەم لە برادەرەکانی خۆی هەن بەرجنێوی ئەو نەکەوتبن. خۆی فێری پاڵەوانبازی کردبوو و بەبێ ترس بەرەو پیری مردن دەچوو، تا جارێکیان بەمەبەستی خۆ کوشتن دەکەوێتە پاڵەوانبازی لەگەڵ یەکێ لە پاڵەوانبازە بەهێزە ڕەشە بەناوبانگەکان و بەم جۆرە دەمرێ.

ڕەفتاری ئارتۆر کراڤان کاری لەسەر زۆربەی دادایییەکانی نیویۆرک کردبوو، تاڕادەیەک بووە هۆیەک لە بەینچوونیان H. Richter.

## دادا لە کۆلۆن (کۆلۆنیا)

کە دادایییەکانی زیورخ پەرش و بڵاوەیان پێ کرد ماکس ئێرنست Max Ernst وەکو هونەرمەندێکی دادایی لە کۆلۆن چالاک بوو، هانز ئارپ لە زیورخەوە بەمەبەستی کارکردن لەگەڵ ماکس ئێرنستدا بەرەو کۆلن دەچێ، ئەوکاتە لەم شارە هونەرمەند یوهانس تیودور بارگیلد Johannes Theoder Bargeld گۆڤاری ڤەنتیلاتور Ventilatearی دەرئەهێنا.

بیروبۆچوونەکانی بارگێلد لە کۆمۆنیزم نزیک بوون. زۆر بەتوندی دژ بەدەوڵەت و کەنیسە کاری دەکرد و دەیویست ئەتمۆسفێرێکی فراوان دروست کات، ئەوکاتە ماکس ئێرنست لەگەڵ بارگێلددا لە گۆڤارەکەی کاری دەکرد. ماکس ئێرنست لە بنەڕەتدا لەگەڵ

دادایییەکانی بەرلین نەئەگونجا و نەیدەویست ناوەڕۆکی کاری هونەری بکاتە قوربانی سیاسەت. ئەویش وەک شڤیتەرس جەختی لەسەر هونەرمەند بوون و کاری هونەری دەکرد و دەیویست سنوورەکانی بپارێزێ.

بینین لای ماکس ئێرنست لە پێش گشت شتێکی دیکەوە بوو، هەر ئەوەش کارەکتەری هونەرمەندیی لا پتەو و نەگۆڕ کردبوو، کاتێ کە لێیان دەپرسی چی لای تۆ لە گشت شتی تر بەلەزەت ترە، ئەو دەیگوت بینین.

هۆی خۆ پاراستنی دادایییەکانی کۆلن لە سیاسەت دەگەڕێتەوە بۆ ماکس ئێرنست،تەنیا ئەوەندە نەبێ ئەوان دووربن لەلایەنە چەپەکان، بەڵام سنوورەکانی خۆیانیان دەپاراست و ئەو هەڵانەی دادایییەکانی بەرلینیان دووپات نەدەکردەوە و بگرە ڕەخنەیشیان لێیان دەگرت لەپای کرداری پڕۆپاگەندەکانیان بۆ کۆمۆنیزم و تواندنەوەی سنوور لە نێوان هونەر و سیاسەتدا. ئەمانەی کولن بڕوایان بەوە نەبوو بەهیچ جۆرێ پڕۆپاگەندە بۆ حزبە سیاسییەکان بکەن. ئەمە یەکێکە لە جیاوازیەکانی نێوان دادایییەکانی کۆلن و بەرلین. گۆڤاری ڤەنتیلاتۆر بەرێکوپێکی دەردەچوو، تا دەهات ژمارەکانی زۆرتر دەبوون، بەڵام هێندەی نەخایاند دەستەڵاتی بەریتانی ئەوسا قەدەغەی کرد، بەڵام بارگیلد بەردەوامی بەپرۆژەکەی خۆی دا. ئەمجارەیان بەناوی گۆڤاری شەمدە Schamde، ماکس ئێرنست و هانز ئارپیش کاریان لێ دەکرد.

گۆڤاری (شەمدە) تاڕادەیەک لە گۆڤاری دادایی زیورخەوە نزیک بوو، ئەوانیش پەیوەندیان لەگەڵ نووسەرانی پاریس: برۆتۆن و ئێلوار و ئەراگون دا پەیدا کرد و شیعر وتاری ئەوانیشی بڵاو دەکردەوە. بەم جۆرە پەیوەندی برۆتۆن و ئێلوار و ئەراگون نەک تەنیا لە ڕێگەی گۆڤاری دادایی زیورخەوە بوو. لەمەڕ کارکردن لەگەڵ (دادا)دا، بەڵکو لە ڕێگای گۆڤاری (شەمدە)یشەوە کاریان دەکرد. تا دەهات فشاری دەستەڵاتی بەریتانی گەورەتر دەبوو لەسەر دادایییەکانی کۆلن ئەوان دادایییەکانی کۆلنیان خەتەرتر دەبینی وەک لە کۆمونیستەکان، پاش ئەم هەرەشەیە ئیدی هێندەی نەبرد پۆلیس سەرادووی نان، ئیدی ماکس ئێرنست و بارگیلد و ئارپ جێگای کارکردنیان لە کۆلن نەما (H. Richter).

لەو کاتانەدا دەوروبەری ١٩١٩ تسارا و پیکابیاش لە زیورخەوە گەیشتبوونە پاریس، ئەمانیش زیاتر بیریان لە کۆچکردن دەکردەوە بۆ پاریس، چونکە جموجۆڵی دادا لەوێ گەشەی کردبوو، سەرەنجام هانز ئارپ و ماکس ئێرنست (کۆلن)یان بەجێ هێشت و بەرەو پاریس کۆچیان کرد.



## دادا لە پاریس

ئەندرێ برۆتۆن لە ساڵی (١٩١٨)ەوە لەگەڵ تریستان تسارا لە گۆڤاری دادای زیورخ وەکو دادایییەک کاری دەکرد، پاشان ئەراگون و ئێلواریش خۆیان گەیاندێ، سەرەنجام بووە بڵاوبوونەوەی دادا لە پاریس.

لە ساڵی ١٩١٩ بەدواوە دادایییەکان زیاتر ڕوویان لە پاریس کرد، تسارا هەر ئەو ساڵە گەیشتە پاریس چونکە جێگای کارکردنی نەمابوو لە زیورخ، هەروەها لە کۆلنیشەوە ماکس ئێرنست و هانز ئارپ، لە نیویۆرکیشەوە پیکابیا و مارسێل دوشا گەڕانەوە پاریس و (مان ڕەی)یشیان لەگەڵ خۆ هێنا.

بەهۆی پیکابیا لە نووسین و قسەی ڕۆژانە و گفتوگۆکانی ناو قاوەخانەکان تسارای بەناوبانگ بوو، ئەوسا لە پاریس برۆتۆن وئێلوار و ئەراگۆن گۆڤاری لیتراتوریان دەرئەهێنا Litteratur و تاڕادەیەک بۆنوبەرامی دادای لێ دەرکەوتبوو.

کە تسارا گەیشتە پاریس لە سەرەتادا میوانی پیکابیا بوو، پاشان هێندەی نەبرد بوو بەیەکێ لە ناوە بەناوبانگەکانی پاریس و بەهۆی ئەوەوە ئیدی دادا بەتەواوەتی لە پاریس بەناوبانگ بوو، بەڕادەیەک گەشەی کرد کە لە گشت ئاستەکانی تر بەرزتر بووەوە لە جارانی زیورخیش.

دادای پاریس خاوەن تایبەتمەندی خۆی بوو، بووبووە بەشێک لە تەقالیدی پاریس، بەڵام ڕێژەی هونەرمەندی شێوەکار بەرامبەر نووسەر زۆر کەم بوو.

تسارا و برۆتۆن و پیکابیا سێ سەرە گەورەکەیان پێک هێنابوو. ئەگەرچی لە نێوان برۆتۆن و تسارادا جیاوازییەکی گەورە هەبوو، ئەمەش نەک تەنیا لە نووسین و کارکردندا دەردەکەوت بگرە لە کارەکتەری شەخسیشدا، لەکاتێکدا تسارا ڕۆحی نوکتە و گاڵتە و نا جدییەت و ئاژاوەی تیابوو، ئەم کارەکتەرانەی لە پرۆگرام و کارکردنی دادایشدا دەرئەخست برۆتۆن جیدی بوو و زیاتر حەزی لە ڕێکخستنی ئەو ئاژاوەیە هەبوو و بەو جۆرەش کاری دەکرد و دەینووسی.


جیاوازییەکانی نێوان تسارا و برۆتۆن بچووک و ڕووکەش نەبوون بەڵکو قووڵ و گەورە بوون.

برۆتۆن زۆر دەمێک بوو، هەر لە ساڵی (١٩١٦)ەوە کاتێ کە پزیشکی دەخوێند،

سەرقاڵی حاڵەتە نائاگاییەکانی مرۆڤ بوو، پشتی بەبۆچوونەکانی فرۆید دەبەست، لەکاتێکدا تسارا ئەو بۆچوونانەی فرۆیدی بەنەخۆشی لە قەڵەم ئەدا، بەڵام لەوە گرینگتر جیاوازی و ڕێک نەکەوتنی تسارا و برۆتۆن بوو لەسەر چەمکی ئۆتۆماتیزم Automatism کە برۆتۆن لای گرینگ بوو وەکو فاکتەرێ بۆ ئازادی ناوەوەی مرۆڤ بەگرینگی دەزانی لە بواری هونەر و ئەدەبدا کاری پێ بکرێ، چونکە ئەو ئۆتۆماتیزمی وەکو ڕەهەندێک دەبینی بۆ ناوەوە، بەڵام تسارا ئەمەی بەفاکتەرێکی ساکار و سادە دەبینی و لای وابوو (ئۆتۆماتیزم) هونەر لە ڕووکەشی نزیک دەکاتەوە، بەم جۆرە برۆتۆن بەرەو ناوەوەو بوو تسارا بەرەو دەرەوە. لە شێوەدا ئەم ناکۆکییە لەوە دەچێ کە لە زیورخ لە نێوان تسارا و هونەرمەندە شێوەکارەکاندا دروست بوو. بووە هۆی تێکدانی پەیوەندی نێوان تسارا و هونەرمەندە شێوەکارەکان(پیکابیای لێ دەرچی).

سەرەنجام برۆتۆن و تسارا هەتا دەهات لەیەک دوور دەکەوتنەوە و ڕاستی و دلسۆزی هەر یەکێکیان بۆ بیروبۆچوونی خۆی، نێوانیانی ڕەقتر و بێ سازش دەکرد.

لای برۆتۆن دونیایەکی دی دروست بووبوو زیاتر لە دونیای خەو و خەیاڵ و نائاگایی نزیک دەبووەوە، لەکاتێکدا تسارا ئەمانەی بەدونیای ناواقیعی و لە بەرژەوەندی بۆرژوازیدا دەبینی.



پیکابیا. ستیگلیتس ١٩١٥

جیاوازیەکە تاکو دەهات لە نێوان تسارا و برۆتۆندا گەورەتر دەبوو تا گەیشتە ناتەبایی و لەقبوونی پەیوەندی لە نێوانیاندا. ئەمە کاری لەسەر پیکابیاش کرد کە لە تسارا و برۆتۆن دووردەکەوێتەوە، سەرەنجام هەرسێ سەرەگەورەکەی دادا لەیەک دوورکەوتنەوە و تارادەیەک بوون بەدوژمنی یەکدیش.

دادا هەمیشە ئەتمۆسفیرێکی لەگەڵ خۆیدا دەهێنا کە قابیل بوو بۆ تەقاندنەوە و. هات و هاوار، ئەوانەی هانۆڤەر وکۆلۆنی لێ دەرچێ دووبەرەکی و دژایەتیکردنی یەکتری لەناو (دادا)دا سروشتی بوو (Robert Short).



سەرەنجام برۆتۆن هیوای بەوە نەما جارێکی دی لە تسارا نزیک ببێتەوە، لەلایەکی دیکەشەوە تسارایش هەمان هەستی لا دروست بووبوو. بۆیە هەریەکەیان زیاتر کەسانی دیکەیان لە خۆیان و بیروبۆچوونەکانی خۆیان کۆ دەکردەوە. هەریەکەیان خۆی بەخاوەنی دادا دائەنا و لە ناخیشیاندا خۆشەویستییەک هەبوو بۆ ئەو ماوەی بەیەکەوە کارکردنە، بەتایبەتی کە گشتیان دیسانەوە پاش ١٩١٩ لە پاریس یەکیان گرتەوە و. (دادا)یان گەیاندە لوتکەی پێشکەوتن. پاش ئەم دوورکەوتنەوەیە، ئەم جارەیان لە (تیرۆل)، سەرووی ئیتاڵیا لە ساڵی ١٩٢١ دیسانەوە لەیەک نزیک بوونەوە. ئەمجا کەوتنە دەرکردنی گۆڤارێک بەناوی (دادا)، لە تیرۆل هانز ئارپ و ماکس ئێرنستیش تیایدا بەشداربوون.

دەرکردنی ئەم گۆڤارەش نەیتوانی درزەکانی نێوانیان بەتەواوەتی پڕ بکاتەوە، زوو زوو دووبەرەکی دەکەوتەوە نێوانیان.

لە پاریس هونەرمەندان هەستان بەرێکخستنی کۆنگرەیەکی هونەری گرینگ کە ئەوەندە مشووری هونەر و هونەری ئەوکاتەی دەخوارد و هێندە دادا بەلایەوە گرینگ نەبوو، کۆنگرەکە لەژێر ناونیشانی: Congres internationl, pour la determination des d: d: esprit Moderne rectives et la défense deL کۆنگرەی جیهانی دیاریترینی ئاراستەو داکۆکیکردن لە گیانی مۆدێرن.

لەم کۆنگرەیەدا فێرناند لێژێ و ئوتسقاند و دیلۆنییش بەشداربوون، برۆتۆن و پیکابیا و تسارایش خۆیان گەیاندێ، بەڵام گشت قسەکان زیاتر لە دژی دادابوو، تسارا برۆتۆن دژ بەیەک قسەیان کرد.

لە کاتێکدا تسارا ئیعترافی بەو کۆنگرەیە نەکرد (دادا) برۆتۆن ناوەڕۆکی کۆنگرەکەی بەجیدی وەرگرت و بگرە جنێوی شەخسیشی بەتسارا دا، لە دوای ئەم گۆنگرەیە پیکابیا دژی تسارا و داداییەکەی وەستایەوە و وتارێکی لەژێر ناونیشانی (پیکابیا خۆی لە دادا جیا دەکاتەوە)نووسی و پاشان گرووپێکی دیکەی پێک هێنا بۆکارکردن لە گۆڤارەکەیدا، (٣٩١) کە پێکهاتبوو لە جان کۆکتۆ Jean Cocteau و ئەزرا پاوەند Ezra pownd. بەجیابوونەوەی پیکابیا لە تسارا سەرەنجام ئەتمۆسفیری دادا لە پاریس هێندە دژوار و ناخۆش بووبوو کە هیچ تروسکاییەک بۆ دووبارە بیناکردنەوەی لە ئاسۆدا نەبوو.

تسارا و دادا بەتەنیا مانەوە، بێ پیکابیا و بێ برۆتۆن جگە لەوە هەر چ کارێکی

دادایی بکردایە لای برۆتۆن بەنێگەتیڤ وەڵام دەدرایەوە. چونکە برۆتۆن لە ساڵی ١٩٢٢ بەدواوە، بڕوای تەواوی بەدادا نەما و لەوکاتەوە سنووری نێوانی خۆی و دادای ئاشکرا کردبوو. بەبڕوای ئەوسەردمە ئاژاوە و ئیستفزاز و گاڵتەجاڕی بەسەرچوو.

بەڵام تسارا هەر لەسەر بەزمی جاران دەیویست جۆشوخرۆش بەدادا بدا، لە ١٩٢٣/٧/٦، لە شانۆی میشێل Theatre Michel ئێوارەیەکی گەورە بۆ (دادا) سازدەکا و تیایدا چەند قەسیدەیەکی دادایی خۆی و جان کۆکتۆ و سوپو Saupault دەخوێنێتەوە.

لەو ئێوارەیەدا زۆربەی داداییە کۆنەکان ئامادە دەبن وەک برۆتۆن وئێلوار و ئەراگون جگە لەوان سۆنیا دیلۆنی و تیۆفان دۆیسبۆرگیش لەوێ دەبن.

وەکو هانز ڕیشتەر خۆی دەیگێڕێتەوە: جگە لە شیعر خوێندنەوە شانۆگەرییەکیش بەناونیشانی Le Coeuragz (دڵێکی ڕیشن) پێشکەش دەکرێ کە دەقەکەی تسارا خۆی نووسیبووی.

لە ناوەڕاستی شانۆگەریەکەدا برۆتۆن خۆی پێ ناگیرێ و سەر دەکەوێتە سەر سەکۆی شانۆ و دەکەوێتە داپلۆسینی ئەکتەرەکان و دەیانداتە بەر شەق و زللە و جلەکانیان دەدڕێنێ کە (سونیا دیلۆنی) دروستیانی کردبوو، هێندە نابات ئەراگۆن و پێرێ (peret)یش دەچن بۆ یارمەتی دانی برۆتۆن تاڕادەیەک شەڕ دەکەوێتە خوارەوە، ئیدی ئێلواریش خۆی تێ دەکوتێ دەبێتە هەرا. لە کۆتاییدا گشتیان بەسەرشکاو و جل دڕاوەوە دێنە خوارێ و تەلەفۆن بۆ پۆلیس، دەکرێ سەرەنجام شانۆگەریەکە تێکوپێک دەدرێ.

ئەم کردەوەیەی برۆتۆن بۆ تێکدانی شانۆگەریەکەی تسارا کردارێکی ساکار و ڕووکەش نەبوو، تەنیا لە ئەنجامی حالەتێکی نەفسی یان چرکە ساتێکی ئیستفزازی بووبێت، بەڵکو هۆیەکانی دەگەرێتەوە بۆ ئەو جیاوازیە گەورەی کە لە نێوان بۆچوونەکانی برۆتۆن و تسارا دا دروستبووبوو کە ئەوەندە بەپێچەوانەی یەکەوە بوون تارادەی دژایەتی کردن و شەڕانگێزی.

لەکاتێکدا تسارا هەوڵی دەدا دادا ببوژێنێتەوە، لای برۆتۆن بنچینەکانی سوریالیزم دروست ببوو. تسارا دەیویست بەردەوام بێت لە ئاژاوە، برۆتۆن دەیویست ئاژاوە ڕێکوپێک بخات و سیستەم دروست بکات.

تسارا کۆڵی نەدا، بۆ کۆکردنەوەی پارچەکانی دادا و دووبارە بیناکردنەوەی، بەتایبەتی پاش ئەو ڕووداوە ناخۆشەی شانۆی میشێل، ئەمجارە بەرەو ئەڵمانیا سەری خۆی هەڵگرت



و لەوێ لە شارەکانی ڤایمەر Weimar و یێینا Jena و هانۆڤەر Hannover چەند سیمینارێکی گوتەوە، هانزارپ و ڤان دۆیسبێرگ و کورت شڤیتەرس پاڵپشتیان کرد.

لەلایەکی دیکەوە پیکابیاش دەیویست جۆرێکی دی لە دادا دابێنێ کە تایبەت بێ بەخۆی. بۆ ئەم مەبەستە لە مانگی نۆی ١٩٢٤ لە مارسیل دوشا و دێرمێ Dermee نزیک دەبێتەوە و ڕوانینێکی هونەری نوێ دادەهێنن و ناوی لێ دەنێن (Instantanism انستانتانیزم) ئەمەش جۆرێ بوو لە هەوڵدان بۆ کۆکردنەوەی پارچەکانی دادا. پیکابیا دەربارەی ئەم شێوازە نوێیەی نووسی و وتارەکەی لە گۆڤارەکەی خۆی (٣٩١) بڵاوکردەوە و تیایدا هێرشێکی توند دەکاتە سەر برۆتۆن، بەڵام هێندەی نەبرد دیسانەوە لێی نزیک دەبێتەوە و دەچێتە ناو سوریالیزمەکەی برۆتۆن، ئەویش بۆ پێشوازی کردن لێی لە پیێشانگاکەیدا کە لە (بەرشەلۆنە) دەیکاتەوە وتاری کردنەوەکەی دەخاتە سەر شانی خۆی، جگە لەسەر کارەکانی، پیکابیا بەفرسەتی دەزانێ هەندێ لەسەر هونەری هاوچەرخیش قسە دەکا (هەمان سەرچاوە).

دادا لە نیویۆرک و زیورخ دەستی پێکرد، لە پاریس گەیشتە لوتکەی گەشەکردنی و هەر لە پاریسیش کۆتایی پێ هات. کۆتایی دادا مانای مردنی ناگەیەنێ. چونکە بزووتنەوەیەکی هونەری ڕاستەقینە بوو و کاری میتۆدی و دۆکومێنتی بۆ کرا. جگە لەمانە (ڕێدی مێد) و (فۆتۆمونتاج) و (میرتس) لە بواری هونەری شێوەکاریدا و چەندین ڕۆژنامە و گۆڤار و مانیفێست لە بواری ئەدەب و ڕۆشنبیریدا بەرهەمی دادا بوون.

هەروەکو چۆن لە ساڵەکانی ١٩١٥-١٩١٦ پێویستییەک هەبوو بۆ دروستبوونی دادا، لە پاش ١٩٢٣ پێویستیەکی دیکە پەیدا بوو، ئەمەش (سوریالیزم)بوو کە بەپەلە پاڵی بەداداوە ناو جێی گرتەوە، چونکە وەکو برۆتۆن دەیگوت سەرەنجام سەردەمی ئاژاوە بەسەرچوو. هەوڵدانەکانی تسارا و پیکابیاش دادی نەدا، ئەوە نەبێ برۆتۆن پەشیمان بێتەوە و دژایەتی دادا بکا بەپێچەوانەوە ئەو تاکو قەناعەتی پێ بوو کاری لەگەڵیاندا کرد، وکاتێ کە قەناعەتەکانی گۆڕا و هەستی کرد کە شتی تر لە دادا زیاتر دەتوانێ لەگەڵ ڕۆحی سەردەمەکە بێ، ئەوسا ئەو شتە نوێیانە ڕۆڵی خۆیان دەبینن و برۆتۆن تەنیا وەری دەگرێ و کاری بۆ دەکا، وەک (ئۆتۆماتیزم) ڕێکەوت. ئەگەرچی ڕێکەوت فاکتەرێکە کە داداییەکان زۆر بەلایانەوە گرینگە وکاریان پێی دەکرد، بەڵام پاشان بووە یەکێ لە فاکتەرە هەرە گرینگەکان بۆ سوریالیزم.

بەگشتی دادا پردێ بوو لە فۆتۆریزمەوە بۆ سوریالیزم کە بەسەریدا ئۆتۆماتیزم و ڕێکەوت پەڕینەوە. بەم جۆرە بوونی دادا پێویستیەک بوو بێ. ئەو مومکین نەبوو هونەری هاوچەرخ لە فۆتۆریزمەوە بپەڕێتەوە و بگاتە سوریالیزم.

دادا هێندە بایەخی بەڕێباز یان یەکگرتنەوە شێواز نەئەدا بەئەندازەی بایەخدانی بەئەخلاق و ڕۆحی دادا. ئەخلاق لای دادا ئەو ئەخلاقە ترادسیونە کۆمەڵایەتیە نەبوو، بەڵکۆ ئەخلاقی دادا خۆی بوو، دەکرێ کۆمەڵ بەبێ ئەخلاقی لە قەڵەمی بدا، بەڵام هەر خۆی ئەو بێ ئەخلاقییە جۆرێ بوو لە ئەخلاقی نوێ کە دادا پەیڕەوی دەکرد و لەگەڵ خۆیدا هێنای.

ئەوان هێندە بێ سازش بوون لەگەڵ کۆمەڵگای بۆرژوازی خۆرئاوا، تەنانەت دژ بەهونەرەکەیشی بوون. یەکەم جارە لە مێژووی هونەر، هونەرێک دژایەتیکردنی هونەرێکی دیکەبا. ئەگەرچی ئەوان دژایەتی کۆمەڵگای ڕۆژئاوایان دەکرد لە گشت لایەنەی عەقڵانی و کولتووری و ئەخلاقییەوە، بەڵام بەعەقڵ و کولتوور و ئەخلاقێکی دیسانەوە ڕۆژئاوایی. دادا خۆشیی بەهونەر و کولتووری ئەفەریقا و میللەتە ساکارەکان دەهات، بەڵام ئەوانیش وەک کوبیزم و فۆڤیزم لە پێناوی خۆیان سوودیان لێیان وەرگرت و بۆ دەوڵەمەندکردنی خۆی بەکاریان هێنا، نەوەک ببن بەئەفریقی یان بەمیللەتێکی ساکار، یاخود بەلای کەمەوە لە خۆرئاوایی خۆیان دەرچن. ئەوان سەرجەمی بزووتنەوەکەیان لەناو کۆمەڵگای خۆرئاوادا بوو، لەناو عەقڵ و هەست و ڕۆحی خۆرئاواو. دژایەتی عەقڵانییەت و لۆجیکیان دەکرد، بەڵام دیسانەوە بەعەقڵ و لۆجیکێکی خۆرئاوایی نوێتر. ئەوان لەگەڵ ناعەقڵانییەت و ڕێکەوت و ڕەفتاری بێ ئاگایی وتلقائیدا بوون وەک بێزاربوونێ لەو سیستەمە عەقڵانییەی کە بەڕای ئەوان بووە هۆی سەرهەڵدانی جەنگ. لەو بێزاری و ڕەفزکردنەدا هونەر و ڕۆشنبیرییەکیان داهێنا پاشان جارێکی دیکە دەبێتەوە بەشێ لە هونەر و کولتووری خودی خۆرئاوا.



## سەرچاوەکان:

1- Seth Taylor, Left - wing Nietzcheans, The politics of German Expressionism 1910 - 1920, Berlin, Ny 1990.

2- willy verkauf. Dada, zürch, 1957.

3- Richard Huelsenbeck, DADA ALmanach, copyright 1966 Ny, Something Else press.

4- Gunther Regel, Frank Schutz, Johannes Kirchenmann, Harald Kunde, Moderne Kunst, zugange zu iherm verstandns, ernstklett Sculbuch verlag stuttgart 1994.

5- Kunst historische Arbeits blatter 2000 Annegret Jurgens - kirchhoff. 6

6- Robert Short, Dada und Surrealisimus, Belser verlag stuttgart, zurich 1984.

7- Karin Thomas, Stilgeschichte der bildenden kunst in 20th bis heute, verlag Du Mont, Koln, 1977, 1978, 98.

8- H. H. Arnason, History of modern ART. NY, 1980 BY Harry N. Abrans. 218 P.

9- Hars Richter, DADA - Kunst und Antikunst Dumont, 1964.

10- Serge Lemoine, Dada. publish in paris E, 1987 printed in Italy. Translatet by charles Lyun clark.

11- Joachim Buchner, Norbert Nobis, Kurt Schwitters.

12- Gara, Die Fotographische arbeiten. Man Ray (Referat)

گوتارێک دەربارەی کارە فۆتۆگرافیاکانی (مان ڕەی) لە زانکۆی کولون بەشی مێژوو هونەر سیمیناری Museums لەژێر چاودێری Prof. Dr, A. Von Graevenitz 1999 پێشکەش کرا.

# بەشی حەوتەم

## سوریالیزم

مێژووی هونەری شێوەکاری خۆرئاوا بەپەیوەندییەکانی نێوان هونەرمەندی شێوەکار و شاعیر و نووسەر و فەیلەسوف و هونەرمەندی موزیکەوە دەوڵەمەندە، هەڵبەت بەومانایەی هەریەکەیان سوودی لەوەی دیکە وەرگرتووە و هەندێ جار بوون بەسەرچاوەی ئیلهام بۆ یەکدی. ئەم هونەرمەند و نووسەرانە زۆربەی کاتەکە بەجیا لە یەکدی کاریان کردووە. هونەرمەندانی بەناو (پێش ڕافائیل) ژمارەیەک بوون لە هونەرمەندی شێوەکار و نووسەر، ئەوەی کە بەیەکەوەی کۆکردبوونەوە ڕۆحی هونەری پێش ڕافائیل و خۆشەویستییان بوو بۆ تازەگەری، بەڵام گشتیان لەسەر یەک پرەنسیپ کاریان نەدەکرد و نووسەرێک نەبووبووە ڕەهبەر و خاوەن تیۆریەکانیان.

ئەمیل زۆلا و بۆدلێر و مالارمێ نزیک بوون لەمانێ و مۆنێ و سیزان و گۆگانەوە، بەڵام بەیەکەوە گرووپێکی هونەرییان پێک نەهێنابوو. بەرزترین ئاستی نزیکبوونەوەی هونەرمەندی شێوەکار و نووسەر لە سەدەی نۆزدە لە سیمبۆلیزمدا بوو. بەڵام هونەرمەندی شێوەکار بەجیا سیمبۆلیزم بوو وەک لە نووسەر. بەم جۆرە ئەمپرێسیۆنیزم و سیمبۆلیزمی. سەدەی نۆزدە و فۆڤیزم و کوبیزم و کۆنسترەکتیڤیزم و تەجرید لە هونەری شێوەکاری سەرەتای سەدەی بیست کارکردن بوو لە بونیادی کاری هونەری شێوەکاریدا و هەنگاوە نویەکانیان لە بواری ڕەنگ و شێوەی تەنیا کاری هونەری شێوەکاریدا بوو، تەواو جیاوازو دوور لە ئەدەب و هاوڕێ نووسەرەکانیان.

لەگەڵ ئەو پەیوەندییە پتەوەی ئەپۆلینێر بەکوبیزمەوە، پیکاسۆ و ئەپۆلینێر بەیەکەوە گرووپی هونەری کوبیزمیان دانەمەزراند، بەڵکو براک و پیکاسۆ و خوان گریز بوون. کاندنسکی و مۆندریان لەگەڵ ئەو پەیوەندییە پتەوەیاندا لەگەڵ موزیک و تیوسۆفیدا، بەڵام کاندنسکی بەجیا لە شوێنەبێرگ تابلۆی تەجریدی دروست کرد و مۆندریانیش بەجیا لە شوێنمێکەرس.

یەکەم جار بوو گرووپێکی هونەری دروست بێ، نووسەر یان شاعیرێک ڕەهبەرایەتی بکا و ببێت بەخاوەنی سەرەکی بیروبۆچوون و تیۆریەکانی. بەجۆرێ کە هونەرمەندی شێوەکار و



نووسەر بەهەمان ڕۆحیەت و پرەنسیپ کار بۆ بەرجەستەکردنی فاکتەرەکانی بکەن، گرووپی فوتوریزم بوو «المستقبلیە» کە شاعیر و نووسەری ئیتاڵی فیلیپۆ تۆماسۆ مارینیتی لەساڵی ١٩٠٩ وەکو پرۆژەیەکی ئەدەبی دایمەزراند. پاشان نووسەر و شاعیر هۆگۆبال و تریستان تسارا لە ساڵی ١٩١٦دا (دادایزمیان) پێکهێنا وەکو گرووپێکی هونەری دژ بەهونەر و ڕۆحی بۆرژوازی داهێنەری جەنگ کە ژمارەیەکی زۆری لە هونەرمەندی شێوەکاری لەخۆ کۆکردبووەوە و کاری کوشندەی کردە سەر سوریالیزم.

سوریالیزم وەکو بەردەوامییەک بۆ ڕۆحی دادا، سێیەمین گرووپی هونەری بوو کە شاعیر و نووسەر ڕابەرایەتی بکا و ببێت بەخاوەنی بیرۆکە و تیۆرییەکانی.

شاعیر و نووسەری فەرەنسی (ئەندرێ برۆتۆن) مەبەستی سەرەکی لە سوریالیزم دروستکردنی پەیوەندی بوو لە نێوان بەشە جیاجیاکانی ناوەوەی مرۆڤ لە پێناوی هارمۆنیکردن و ئازادیکردنیدا بەمیتۆدی(نووسینی ئۆتۆماتیک Ecriture autom atique) هونەرمەندانی شێوەکار ماکس ئێرنست و ئەندرێ ماسۆن و خوان میرۆ و ژمارەیەکی دیکە، هەمان ئەو میتۆدەیان بەهێڵ و ڕەنگ و کۆلاج جێبەجێ کرد و کاری هونەری شێوەکاری سوریالیزمیان دروست کرد.

## لە دایکبوونی سوریالیزم و مانەوەی ڕۆحی دادا

یەکەم جار دادایییەکان بەتوندی کولتوور و نەریتی بۆرژوازی خۆرئاوا و تەقالیدی هونەری مۆدێرنەیان ڕەتکردەوە، لەجیاتی هونەر و کولتوور، ئەخلاقێکی نوێیان پێکهێنا سەر بەهیچ دین و نەتەوەییەکی خۆرئاوایی و خۆرهەڵاتیش نەبێ، بەڵکو دادایی بێ، پاشان بووە گەورەترین ڕێ خۆشکەر بۆ سوریالیزم.

کاتێ دادا لە پاریس، لە ساڵی ١٩٢٣ بەدواوە (وەکو گرووپ) تا دەهات بەرەو لاوازی و نەمان دەچوو، گرووپێکی دیکە ماوەیەک بوو پرەنسیپەکانی پێ قەبووڵ بوو و کاریان پێ دەکرد. سەرەنجام لێرە بەدواوە کەوتنە ڕەخنەگرتن لێیان بەتایبەت لە تسارا و وردە وردە جیا دەبوونەوە لێیان. (Marice Nadean) ئەو گرووپە دەرکیان بەهەندێ پێویستی نوێ کردبوو بۆ کاتێکی نوێتر و تاکو دەهات بڕوایان پتەوتر دەبوو کە سەردەمەکەی ئەوان پێویستی بەبیر و هەست و ڕۆحێکی نوێتر هەیە لە دادا.

ئەم گرووپە هەمان شاعیر و نووسەرانی گۆڤاری لیتراتور بوون ""Literatur کە

پێکهاتبوون لە لوی ئەراگۆن Louis Aragon و فیلیپ سوپو philippe soupau و پۆل ئێلوار paul Eluards و بەسەرۆکایەتی ئەندرێ برۆتۆن Andre Breton، ئەم نووسەر و شاعیرانە دادایان ڕەفز نەکردەوە بەڵکو هەرچی تیایدا سوودبەخش بوو بۆ هەست و بیر و ڕۆح و جۆری کارکردنیان هێشتیانەوە و تێکەڵاویان کرد بەسەرجەم کارکردنی خۆیاندا لە بواری خەون و بێ ئاگایی و ئۆتۆماتیزم هەڵبەت بۆ ئازادی و ڕێکوپێک کردنی هەست و ڕۆح و بیر و دەروون، پاشان ناویان لێنا سوریالیزم Surrealism.

ئەوەی کە داداییەکانی زیورخ و برۆتۆن و هاوڕێکانی بەیەکەوە گونجاندبوو بەڕادەی سەرەکی ڕۆحی دادا بوو، ئەو ڕۆحەی کە کۆمەڵگای بۆرژوازی و عەقڵ و مەنتیقی خۆرئاوایی کریستیانی ڕەت دەکردەوە و دژایەتی دەکرد، لەبەر سەپاندنی شووم و جەنگی جیهانی بەسەر مرۆڤدا.

دادا و سوریالیزم یەک بوون لە ڕەفز و یاخیبوون و بەنەعلەتکردنی عەقڵی داهێنەری جەنگ، هەروەها لەوەشدا یەک بوون کە بەدوای ڕۆحێکی دیکەدا بگەڕێن دوور بێ لە دەستەڵاتی «مەنتیق» و نزیک بێ لە خەون و نهێنییەکانی ناوەوەی مرۆڤ و بتوانێ بەشە جیاجیاکانی مرۆڤ ڕێک بخا و دەروون ئازاد بکا و بیانخاتە کار بۆ دەربڕین و رووخاندنی کولتوورێ کە بەعەقڵ و مەنتیقی دەروون و ڕۆحی مرۆڤ سەرکوت دەکا و هێنانە کایەوەی کولتوورێکی نوێ، ئازادی بەڕۆح و دەروون بدا.

بەڵام لەو چرکە ساتەی کە برۆتۆن بیری بۆ ڕێکخستنی ئاژاوە دەچوو و تسارا بیری بۆ بەردەوامیدان بەئاژاوە بێ ڕێکخستن دەچوو، سەرەنجام خاڵی جیاوازی نێوان هەردوو سەرەگەورەکەی دادا و سوریالیزم بەدەرکەوت.سەرەنجام هەریەکەیان بەڕێگایەکی جیا لەوەکەی دی دەڕۆیشت. تسارا لە ناوەوە بەرەو دەچوو برۆتۆنیش لە دەرەوە بەرەو ناوەوە دەڕۆیشت. «William S. Rubin» لەوانەیە هۆی ئەو جیاوازییە بگەڕێتەوە بۆ تێکەڵ نەکردنی هەردوو گۆڤاری دادا و لیتراتور، هەروەها لەیەکچوونە ڕۆحیەکانی نێوان تسارا و برۆتۆنیش بگەڕێتەوە بۆ هاوکاری هەردووکیان لەگەڵ سوپو و ئەراگۆنی لە گۆڤاری دادای زیورخ و هاوکاری تسارا و پیکابیا لە گۆڤاری لیتراتوری پاریسدا. لەوانەیشە لە کاتێکی دیاریکراودا برۆتۆن و تسارا لە ناخەوە هەستیان بەجیاوازی کردبێ، هەر بۆیەشە نەیانهێشتووە گۆڤارەکانیان تێکەڵاو بەیەکدی بێ و جیاوازی گەورەی هەردووکیانیش لەسەر پرەنسیپی (ئۆتۆماتیزم) بێ سنوور لە نێوان دادا و سوریالیزم دەستنیشان دەکات.



ئەم جیاوازیانەش بەڕای (ڤێرنەر شپیس و مۆریس نادۆ) زیاتر لە نێوان تسارا و سوریالیییەکاندا بوو، (ئەوەش نەک لە گشت لایەنێکەوە) بۆ نموونە لە نێوان هانز ئارپ و هۆگۆبال و سوریالیییەکاندا نەبوو، برۆتۆن و هۆگۆبال لە کۆمەڵێ لایەنەوە وەکو ڕۆحی و دەروونی لەیەکەوە نزیک بوون. جیاوازی تسارا و برۆتۆن و سوریالیییەکان بوو لە مەڕ ئۆتۆماتیزم و ئاژاوەکە لێکی دوورخستبوونەوە، وەکی دی برۆتۆن لە قوڵایی بڕوایدا هیوای دەخواست تسارا لەگەڵیاندا بمێنێتەوە، کاری سوریالی بکا لەبەر خۆشەویستی ئەو بۆ بواری ڕۆحی تسارا و ڕاستگۆیی و دڵسۆزی لە پێناوی بڕواکانی و کارە ئەدەبییەکانیدا. (Gunter Metkea) لە ساڵی (١٩١٨)ەوە برۆتۆن لە گۆڤاری "دادا"ی زیورخدا هاوکاری دەکرد کە تسارا دەری دەهێنا، هەر لەو کاتەشەوە تسارا لە گۆڤاری لیتراتور کە برۆتۆن لە پاریس دەری دەهێنا هاوکاری دەکرد، ئەو کات گشتیان دادایی بوون و یاخیبوون لە ڕۆح و مەنتیق و ئەخلاقی خۆرئاوا و (دادا)یان وەکو چاکترین ڕەددانەوە دژ بەو عەقڵ و مەنتیقە دەبینی کە بەبڕوای ئەوان جەنگی جیهانی بەسەر سەپاندن، ئەو کات ئەو هونەرمەند و نووسەرانە نە لەگەڵ فۆڤیزم و نە لەگەڵ کوبیزمدا دەگونجان، فوتوریزمیش وەکو جۆرێ لە ڕەفزکردنی کۆن و هەوڵدان بۆ دروستکردنی نوێ، لایان قەبووڵ بوو و سوودێکی زۆریشیان لێی وەرگرت، بەڵام جگە لەوەی زۆر مۆرکی سیاسی پێوە بوو (بەڕای داداییەکان) هەروەها لە فاشیزمیشەوە نزیک بوو کە بۆ دادائییەکان بەهیچ جۆرێ مەودای لەیەک نزیکبوونەوە نەبوو لەگەڵیاندا، وەکو برۆتۆن خۆی ئەو کات دەڵێت «کوبیزم شێوازێکی هونەری بوو، فوتوریزم بزووتنەوەیەکی سیاسی بوو، بەڵام دادا حاڵەتێکی ڕۆحییە». بڕوانە (Robert short) جیاوازی نێوان برۆتۆن و تسارا لەسەر مامەڵەکردن لەگەڵ ئاژاوەدا بوو کە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو سەردەمەی، واتا ساڵی ١٩١٨ (هەمان سەرچاوە). هەر چۆن فوتوریستەکان لە کاتی خۆیاندا دروشمی ڕووخاندن و ڕووخاندنیان بەرز کردبووەوە بەم شێوەیەیش داداییەکانی زیورخ دروشمی ئاژاوە و ئاژاوەیان بەرز کردبووەوە.

بریتون پاش ئەوەی بەمیتۆدی شیکاری دەروونی فرۆید ئاشنا بوو و دەستی کردە هەندێ تاقیکردنەوە لەسەری، ئیدی لەگەڵ دروشمی هەمیشە ئاژاوەدا نەبوو، بەڵکو بەڕای ئەو دەبێ ئەو ئاژاوەیە ڕێک بخرێ، ئەگەرچی ئاژاوە خۆی لە خۆیدا ڕەهەندێکی ئازادی تیایە و برۆتۆنیش نەیدەویست بەدوور بێت لەو ئازادیە، بەڵام کردە و کۆشەی ئەو بووە هۆی ڕێکخستنی ئەو ئازادیە کە خۆی و هاوڕێ سوریالیییەکانی بەناوەڕۆکی سوریالیزمیان دەزانی و دەیانەویست ئاراستەی وزە و جووڵانەوە لەجیاتی (لە ناوەوە بۆ دەرەوە) وەک

لای داداییـــان باوبوو، ئەوان بیگۆڕن بۆ (لە دەرەوە بۆ ناوەوە) کــە ئەمــەش یەکــێکە لە خەسڵەتی سوریالیزم. بڕوانە (William S. Rubin) جیاوازی ئاراستەی وزە و جووڵانەوە لە نێوان دادا و سوریالیزمدا تەنیا لە بواری ئاژاوە و ڕێکوپێکیدا نەمایەوە، بەڵکو هەندێ بابەتی دیکەیشی لەخۆ گرت، وەکو هەڵوێستیان بەرامبەر ئافرەت و خۆشەویستی، کە لای بڕۆتۆن سنوورەکـانی ئاشکرا بـوو، لەم بوارەیشــەوە بڕۆتۆن جـیــابوو لـەگــەڵ پول ئیلواردا، لەوانەیشە بڕوای ئیلوار بەڕادە بەدەر بۆ سنووری پەیوەندی لەگەڵ ئافرەتدا بووبێتە هۆی لە دەستدانی «گالا»، لەگەڵ تسارایشدا بڕۆتۆن جیاوازی گەورەی هەبوو لە ڕوانگەی ئافرەت و خۆشەویستیدا.

بڕۆتۆن خۆی پاشان هەست بەپەشیمانی دەکات کە لە کاتی خۆیدا لەگەڵ تسارادا لەو بوارەوە بەتەواوەتی نەدواوە بەڵکو قورسایی نامەکانی خستبووە سەر ئەدەب و فیکر و هونەر لەبەر ئەوەی بڕۆتۆن وا بیـر دەکـاتەوە گـەر هەر ئەو کـاتە پرسـیـاری ئافـرەت و خۆشەویستی لە تسارا بکردایە، ئەوسا هەر ئەو کاتە جیاوازی بنەڕەتی لە نێوانیاندا بەدەرئەکەوت. بڕوانە Xaviere Gauthier
.sarrealismus and Sexualitat

## ڕۆڵی فرۆید و مێتۆدی ئۆتۆماتیزم

(ئەنشا فۆن گرێڤینیتس Von Graevenitz) ئۆتۆماتیزم و ڕێکەوت بەدوو فاکتەری گرینگی سوریالیزم دەزانێ، یەکەمیان پەیوەندی گەورەی بەدۆزینەوەکانی (فرۆید)ەوە هەیە لە بواری شیکاری دەروونی و جیهانی خەون و نهێنییەکاندا، دووەمیشیان مێژووی لەگەڵ مێژووی تازەگەری هونەری شێوەکاریدایە.

## ئۆتۆماتیزم

دۆزینەوەکانی فرۆید لە بواری شیکاری دەروونی و خەون و بێ ئاگاییدا بەئەندازەی دادا بۆ سوریالیزم گرینگن. هەرکە بڕۆتۆن و هاوڕێکانی بەتایبەت (فیلیپ سۆپۆ)، دەرکیان بەگرینگی ئەم دۆزینەوانەی فرۆید کرد، ڕاستەوخۆ کەوتنە قووڵبوونەوە و کارلێکردن و بەکارهێنانی.

ئەندرێ بڕۆتۆن لە ساڵی (١٩١٦)ەوە هەنگاوی ناوە بۆ بەکارهێنانی مێتۆدی شیکاری



دەروونی فرۆید، ئەو کات ئەو وەکو قوتابی خوێندنی پزیشکی لە مەڵبەندی سانت دیزیێ "Saint Dizier" کاری لەسەر حالەتی دەروونی ئەو سەربازانە دەکرد کە لەژێر کاریگەری جەنگدا بێ هۆش بوون.

لەوێ بڕۆتۆن مێتۆدی شیکردنەوەی دەروونی فرۆیدی لەسەر ئەو سەربازانە بەکار دەهێنا و بەهۆیەوە زانیارییەکانی خۆی پێ زیاتر دەکرد، هەر خۆیشی لەو بوارەوە دەڵێت: «من لەوێ، لە سانت دیزیێ زانیارییەکانم دەربارەی پەیوەندییە ئازادەکانی ناوەوەی دەروون پەیدا کردن نەک لە دادا» (Edward B. Henning Maurice Nadea).

بڕۆتۆن لە بەکارهێنانی مێتۆدی شیکاری دەروونیدا لەسەر ئەو سەربازانە دەگاتە ئەو ئەنجامەی کە ئازادکردنی دونیای بێ ئاگایی چەند گرینگە بۆ دەربڕینی ڕاستەقینەی دونیای ناوەوە کە هۆش و عەقڵ و مەنتیق سەرکوتی دەکەن. هەر خۆیشی ناولەم دەربڕینە دەنێ «ئۆتۆماتیزمی پاک و بێگەردی دەروونی» کە بەهۆیەوە مرۆڤ دەتوانێ پەیوەندییەک لە نێوان بەشە ئازادەکانی ناوەوەی خۆی پێک بهێنێ، پاشان ڕاستەوخۆ (ئۆتۆماتیزم) دەریان دەبڕێ ئیدی بەنووسین بێ یان قسەکردن بەڕەنگ بێ یان بەهێڵ یان بەهەر جۆرێکی دیکە بێ ئەمەش بەڕای بڕۆتۆن جەوهەری سوریالیزمە.

ئۆتۆماتیزم دیسانەوە بەڕای بریتون دروستکردنی هارمۆنییەکی تەواو و ئازادە لە نێوان بیر و هەست و ڕۆح بەجۆرێک کە یەکەیەکی تەواو پێک بهێنێ، کاری سوریالیزمیش وەکو بڕۆتۆن خۆی شوناسی دەکات: دەربڕینە بەو یەکە هارمۆنیە تەواوەی کە دەبێتە هۆی بەستنەوە و یەکگرتنی بەشە ئازادەکانی ناوەوەی دەروون.

بەم جۆرە داهێنانی گەورەی بڕۆتۆن لە سوریالیزمدا «ئۆتۆماتیزم»ە وەک مێتۆدێک بۆ ئازادکردن و پتەوکردنی ناوەوە بەهۆی نەهێشتنی سنوور لە نێوان عەقڵ و هەست و ڕۆحدا کارکردنیانە بەیەکەوە لە یەکەیەکی هارمۆنی، ئەمەش بێ ئەو زانستانەی بڕۆتۆن دەربارەی دونیای خەون و نائاگایی و میتۆدی شیکاری دەروونی فرۆید نەدەبوو.

زۆربەی سوریالی ناسەکان لەو بڕوایەدان لەو کاتەوە فرۆید بۆ یەکەم جار پەردەی لەسەر خەون هەڵدایەوە وەکو بەشێکی گرینگ لە ژیانی مرۆڤ، ئیدی گشت نووسینەکانی بڕۆتۆن پێیەکی لەناو خەون بوو و پێیەکەی دیکەی لەناو "ئۆتۆماتیزم". ئەو پشتی گەورەی بەدۆزینەوەکانی فرۆید قایم بوو کە بەهۆیەوە مرۆڤ لە کۆد و پەیوەندی عەقل و مەنتیق ڕزگار بکرێ کە بوونەتە هۆی پێکهێنانی شارستانی ڕۆژئاوا وەکو سەرکوتکەرێ بۆ ڕۆح.

(بڕوانە ئەندرێ برۆتۆن/ مانیفێستی یەکەمی سوریالیزم ١٩٢٤) لایەنە هەرە خۆشەویستەکەی خەون لای برۆتۆن ئەوە بوو کە ڕەگ و ڕەچەڵەک و بنەمای مرۆڤی تیا بەدی دەکرد و پرسیاری ئەو لەوەدا بوو: «ئایا ناکرێ خەون بۆ چارەسەرکردنی گرفتە بنەڕەتییەکانی مرۆڤ بەکار بهێنرێ؟».

برۆتۆن بڕوای وابوو دەکرێ بەمیتۆدی (ئۆتۆماتیزم) دونیای خەون و بێ ئاگایی لەگەڵ واقیعدا تێکەڵاو بکرێ کە ئەنجامەکەی دەبێتە سەرووی واقیعە «سوریالیزم»، واتا نەهێشتنی سنوورەکان لە نێوان خەون و بێ ئاگایی و واقیع.

ئۆتۆماتیزم دیسانەوە «دەستهەڵگرتنی تەواوی هونەرمەندە لەسەر جیاوازی وەزیفەکانی عەقڵ و هەست و ڕۆح بەمەبەستی دروستکردنی یەکەیەکی هارمۆنی بۆ پێویستییەکانی ناوەوە کە لە ئەنجامدا خودێکی ڕاست و ڕەوا و بێگەرد پێکدێنێ». گرینگ لە دروستبوونی ئۆتۆماتیزم لادانی کۆنترۆڵی عەقڵە (نەک لادانی خودی عەقڵ)، لەسەر بەشەکانی دیکەی دەروون بۆ دروستکردنی پەیوەندییەکی ئازاد لە نێوان عەقڵ و ڕۆح و هەستدا برۆتۆن لە مانیفێستی یەکەمی سوریالیزمدا دەڵێت: «ئێمە هێشتا لەژێر دەستەڵاتی (مەنتیق)دا دەژین، بەڵام ئەو (مەنتیق)ە لەناو قەفەسێکدا هاتوچۆ دەکات و تاکو دێت قورستر دەبێت.

... لەژێر ئاڵای پێشکەوتن و شارستانی ڕۆڵی ڕۆح قەدەغە کراوە». ئامانجی سوریالیزم ڕزگاربوونە لە کۆنترۆڵی ئەو عەقڵ و مەنتیقە و ئازادکردنی هەست و ڕۆحە کە ئەمەش بەیارمەتی گەورەی دۆزینەوەکانی فرۆید بوو.

برۆتۆن هەر وەکو چۆن لە میتۆدی ئۆتۆماتیزمدا بڕوای بەلادانی کۆنترۆڵی عەقڵ و (مەنتیق) هەبوو بۆ شکاندنی سنوورەکان لە نێوان بەشە ئازادە جیاجیاکانی دەروون و دروستکردنی خودێکی یەکگرتوو و هارمۆنی، بەم جۆرەش پاش قوولبوونەوە و سەرقاڵبوونی لەگەڵ دونیای خەون و نائاگایی فرۆیددا، بڕوای بەلەیەکدانی جیهانی خەو و واقیع هەبوو، کە لە مانیفێستی یەکەمی سوریالیزمدا بەئاشکرا نووسیویەتی: «بڕوام بەداهاتووی یەکبوونی ئەو دوو حاڵەتە لە خەو و واقیع هەیە لەناو یەکەیەکی ڕەهادا کە سەرووی واقیعە، هەرچەندە ئەوان خۆیان وەک جیاواز نیشان ئەدەن». بڕوانە مانیفێستی سوریالیزم ١٩٢٤.

برۆتۆن و هاوڕێکانی کاریان بۆ نەهێشتنی عەقڵ نەدەکرد بەڵکو بۆ گۆڕینی وەزیفەکەی،



بۆ نەهێشتنی کۆنترۆڵی عەقڵ لەسەر هەست و ڕۆح و دەروون، ئەمەش لە خۆیدا کارکردن بوو بۆ ئازادی و بەهێزکردنی خودی عەقڵ.


ئەندرێ برۆتۆن. لە تەمەنی هەژدە مانگیدا ١٨٩٧

برۆتۆن لە نووسینەکانیدا دەربارەی ئۆتۆماتیزم باس لە ئازادی ڕەوانی عەقڵ دەکات لە پەیوەندییەکانیدا لەگەڵ بەشەکانی دیکەی دەروون. ئەو عەقڵ بەتەواوەتی لە سوریالیزم و ئۆتۆماتیزمەکەی دوور ناخاتەوە هەر وەکو خۆی دیسانەوە لە مانیفێستی یەکەمدا دەڵێت: «سوریالیزم ئۆتۆماتیزمێکی پاک و بێگەردی دەروونە (نفس)... ڕێگا بەڕاستی ڕەوانی عەقڵ دەدات بۆ دەربڕین». عەقڵ بەبۆچوونی سوریالیەکاندا کاتێ ئازاد دەبێت کە واز لە کۆنترۆڵکردنی هەست و ڕۆح بهێنێ، کە کاریش دەکات نابێ تەنانەت (بەڕای سوریالیەکان) بیر لە جوانی و ئەخلاقیش بکاتەوە. مەبەستی سوریالیەکان لێرەدا لە خودی جوانی و ئەخلاق نییە بەڵکو جوانییەک و ئەخلاقێک کە لە ئەنجامی بیرکردنەوەی عەقڵ دروست بووبێ نەک لە ئەنجامی کارکردنی هارمۆنی و بێ سنووری عەقڵ و هەست و ڕۆح، ئەو کات جوانی و ئەخلاق دەبن بەبەشێکی ئۆرگانی دانەپچڕاو لە کارە هونەرییەکە.

هەروەها لە بواری خەون و پەیوەندییەکان بەمیتۆدی ئۆتۆماتیزمەوە، کاری هونەری سوریالیزم بەهیچ جۆرێ وێنەکردنی خەون نییە، بەڵکو تێکەڵاوییەکە لە نێوان خەون و واقیع، نەهێشتنی سنوورەکانە لە نێوان بێ ئاگایی و خەون و واقیع، بۆ مەبەستی دروستکردنی حاڵەتێکی سەروو لە واقیع. (بڕوانە مانیفێستی سوریالیزم ١٩٢٤) ئەم حاڵەتە (سەرو و واقیع)ە خۆی لەناو خودی واقیعدایە نەک لەناو خەون یان خەیاڵ. ئەگەرچی سوریالیەکان بڕوایان بەکارکردن بەخەیاڵ بەئەندازەی بڕوابوونی واقیعییەکان بەواقیعە، بەڵام واقیع لای سوریالیزم سنوورەکانی کراوەیە بۆ جیهانی خەون و خەیاڵ و بێ ئاگایی کە زیاتر ئازادی بەکاری هونەری دەدات.

هەردوو میتۆدی شیکاری دەروونی و ئۆتۆماتیزمی برۆتۆن بۆ مەبەستی ڕێکخستنی دەروونی مرۆڤ و چڕکردنەوەی وزە و ناوەوە کار دەکەن. وێڕای جیاوازییەکی زۆر لە نێوانیاندا، وەک: بەکارهێنانی میتۆدی شیکاری دەروونی لای فرۆید بۆ حالەتی چاککردنەوەی نەخۆش، چونکە بەهۆیەوە دەستنیشانی زۆری و کەمی جێگاکانی هێزی دەروونی پێ دەکرێ هەروەها جۆری جوولانەوەی ئەو هێزە لە جێگایەکەوە بۆ جێگایەکی دیکە و پەیوەندییان بەیەکەوە لەلایێک، بەمنی بالاّ (الانا العلیا) لە لایەکی دیکەوە. (بڕوانە: التحلیل النفسی والفن) کە لە ئەنجامدا نەخۆشەکە بتوانێ حالاتە نائاگاییەکانی خۆی دەربڕێ، بەلاّم ئۆتۆماتیزمی برۆتۆن بەهیچ جۆرێ دەروون شی ناکاتەوە، برۆتۆن تەنیا وەکو میتۆدێک سوودی لێی وەرگرتووە. چونکە بڕوای بەهارمۆنی و یەکبوونی و ئازادی ناوەوەی هونەرمەند هەیە کە لە ئەنجامی یەکبوونی و تەبایی بیر و هەست و ڕۆحدا لە چرکە ساتی کارکردن بەئۆتۆماتیزم دروست دەبێ، ئەمەش خۆی لە خۆیدا هێز دروست دەکات.

بەجیا لە تەجرەبەکانی برۆتۆن و سوپۆ لەسەر میتۆدی شیکاری دەروونی دکتۆر ج. و. پایلتۆب (G. W. Pailthope)یش هەندێ توێژینەوەی دیکەی لەسەر هەردوو میتۆدی شیکاری دەروونی و ئۆتۆماتیزم لە ڕووی زانستییەوە کرد و گەیشتە ئەو ئەنجامەی کە ئەمە دوو میتۆدی جیان، بەلاّم بەتەریبی یەکدی دەتوانن مرۆڤ لە کۆد و گرێ ڕزگار بکەن.

لای دکتۆر پایلتۆب چەمکی ئۆتۆماتیزم چەمکێکی زانستییە و لەناو ماناکانی شیکردنەوەی دەروونیدایە کە بەگشتی (شیکردنەوەی دەروونی) کار بۆ ئاشکراکردنی دژایەتی و گرێکانی ناوەوە ئەدا کە دەبنە ڕێگر لە پێش ململانێ نوێیەکان. بڕوانە نووسینێکی Werner von Alvensleben بەناونیشانی Als die Sarrealisten Rech-thatten تەجرەبە زانستییەکانی دکتۆر پایلثوب زیاتر دەچێتە مەیدانی پزیشکییەوە، چونکە ئەو کاری بۆ دەستنیشانکردنی گرێ کۆنەکانی نەخۆش کردووە وەکو هۆیەک بۆ نائازادی و ناتەبایی و ناهارمۆنی ناوەوەی، لە کاتێکدا سوریالیزم لەو ئاستە نامێنێتەوە بەڵکو لای گرینگە بەهۆی یەکگرتنەوەی بەشە ئازادەکانی ناوەوە و کارکردنی هارمۆنی عەقڵ و هەست و ڕۆحەوە بتوانێ گشت ئەو کۆسپ و تەگەرە دەروونیانە ورد و خاش بکات، لەجیاتیان شێوەی ژیان لە ناوەوە پێک بهێنێ. برۆتۆن و سوپۆ لە تەجرەبەکانیاندا لەسەر میتۆدی شیکاری دەروونی دەیانویست سەرچاوەی ئیلهام بگەڕێننەوە بۆ دەروون و ئیدی ئەوەندە بەئاینەوە گرێ نەدرێ. ئەوان لەو بڕوایەدا بوون ئەگەر دەروون ئازاد بێ گشت



ئۆرگانەکانی مرۆڤ بەهارمۆنی بەیەکەوە کار دەکەن. ئەمەش دیسانەوە نەهێشتنی سنوورە لە نێوان دەروون و عەقڵ و سەرجەم جەستەی مرۆڤ، هارمۆنییەکی گشتییە لەناو ئینساندا.

ئەمە ئەزموون و کارکردنی برۆتۆن و سوپۆ بوو لەسەر دۆزینەوەکانی فرۆید کە کردیە بەشێکی دانەپچڕاو لە سوریالیزم. ئەگەرچی وەکو کەسایەتی نە فرۆید و نە برۆتۆن ئەوەندە خۆشییان بەیەک نەدەهات. برۆتۆن تاڕادەیەک لە کارەکتەری شەخسی فرۆید پەشیمان بوو کە لە ساڵی ١٩٢١ دەچێت بۆ شاری ڤین بۆ بینینی. بەلاّم فرۆید وەکو پیاوێکی نەخۆش دێتە بەرچاوی برۆتۆن، خۆیشی هەستی پێ دەکات پاشان دەڵێت: «سوریالییەکان من وەکو شێت لە قەڵەم دەدەن». (بڕوانە Edward B. Henning) بەلاّم مەبەستی برۆتۆن بەرهەمەکانی فرۆید بوو نەوەک خودی خۆی و ئەم کارەکتەری فرۆید لای ئەو نەبووە هۆی کەمکردنەوەی بایەخدان بەتیۆر و دۆزینەوەکانی لە بواری بێ ئاگایی و خەون و میتۆدی شیکاری دەروونیدا کە بێ ئەو برۆتۆن و سوپۆ نەدەگەیشتنە دۆزینەوەی ئۆتۆماتیزم.

برۆتۆن و تسارا لە بۆچوون و هەڵوێستیاندا بەرامبەر میتۆدی شیکاری دەروونی فرۆید و ئۆتۆماتیزم تەواو دژ بەیەک بوون، برۆتۆن لە نامەکانیدا چەند جارێک پرسیاری فرۆید و یونگ لە تسارا دەکات، وەلاّمی ئەو ئەوە بوو کە ئامرازی شیکاری دەروونی جۆرێکن لە خەڵەتاندنی خود و لە نەخۆشی ترسناک پێک هاتوون کە دژ بەواقیع و لە بەرژەوەندی کولتووری بورژوادان.

لە کاتێکدا کە ئۆتۆماتیزم لای بەردی بناغەی سوریالیزمە و ڕەهەندێکی گرینگە بەرەو ناوەوە، تسارا وەکو تەقاندنەوەیەکی غەریزی و تەنیا لە هەست پێکهاتوو دەبینێ کە دۆخی ساکاری لە مرۆڤ و سروشت ئاشکرا دەکا.

بەبڕوای تسارا ئۆتۆماتیزم ئاژاوە دەشێوێنێ، لە کاتێکدا لای برۆتۆن ئارامی و ڕێکوپێکی بۆ ناوەوە دروست دەکات، بەمانایەکی دیکە ئاژاوە ڕێک دەخات.

تسارا ئۆتۆماتیزمی وەکو جۆرێ لە گرژیی دەبینی، بەلاّم لای بریتون دروستکەرێک بوو بۆ ئازادی.

تسارا و هاوڕێکانی ئۆتۆماتیزمیان وەکو زمانێک دەبینی کە لەناو بونیادی خۆیدا ناعەقلانی و ئاستی نزمی خاوەنەکەی نیشان دەدات و دەبێتە کورتکردنەوەیەک (اختزال) بۆ دونیا، بەلاّم سوریالییەکان بەئۆتۆماتیزم دونیای ناوەوە و دەرەوەی مرۆڤیان لەیەک

دەدا، بەم جۆرە هیچ جێگایەک نەمابوو بۆ بەردەوام دان بۆ بەیەکەوە کارکردنی ناو "دادا" لە نێوان برۆتۆن و سوپۆ و هاوڕێکانیان لە لایەک و تسارا و پیکابیا و هاوڕێکانیان لە لایەکی دیکەوە. سەرەنجام ڕەنگە ڕۆحی کاتەکە بێ کە ئۆتۆماتیزمی هێنایە گۆڕێ وەکو پێویستێک بۆ کار و دەربڕینی هونەری یاخود کردە و کۆشەی برۆتۆن و سۆپۆ و هاوڕێکانی بن بۆ گەیشتن بەئۆتۆماتیزم وەکو ئامرازێ بۆ گۆڕانی ڕۆحی سەردەمەکە. تسارا و داداییەکەی تا دەهات بەتەنیا دەمایەوە، بەتایبەتی کە تسارا زیورخی بەجێ هێشت و هات بۆ لای پیکابیا لە پاریس بەنیازی دەستپێکردنەوەیەکی نوێی دادا بەهەمان سیناریۆی زیورخ. لە هەمان ئەو کاتەدا کە ڕێکەوتی ساڵی ١٩١٩بوو برۆتۆن و سۆپۆ و هاوڕێکانیان چەند قۆناغێکیان بڕیبوو لە بەکارهێنانی مێتۆدی ئۆتۆماتیزمدا و چەند تاقیکردنەوەیەکی موختەبەریشیان لەسەر مێتۆدی شیکاری دەروونی فرۆید کردبوو کە بەلایانەوە گرینگ بوو کار و تاقیکردنەوەکانیان بەتوێژینەوەی زانستی بەهێز بکەن هەر وەکو لە ئەدەبیاتیاندا هەندێ جار تاقیگەی لێکۆڵینەوە سوریالییەکان بەکار دەهێنن.

ساڵی ١٩١٩ ساڵێکی گرینگە بۆ ئاشکرابوونی جیاوازیەکانی نێوان دادا و سوریالیزم و دەرکەوتنی سوریالیزم وەکو بزووتنەوەیەکی هونەری و ئەدەبی نوێ، بەتایبەتی کە برۆتۆن و سۆپۆ و هاوڕێکانیان، گشت ئەم کار و ئەزموونانەی خۆیان لەسەر مێتۆدی شیکاری دەروونی فرۆید لە گوتارێکدا بەناوی «Le champs magnetiques – گێڵگە موگناتیسییەکان» لە گۆڤاری لیتراتور بڵاو کردەوە کە بووە خاڵی وەرچەرخان لە مێژووی لە دایکبوونی سوریالیزم. برۆتۆن خۆی ئەم وتارە بەیەکەمین کاری سوریالی لە قەڵەم دەدا کە بەتەواوەتی دوور بێ لە کاریگەری دادا. (بڕوانە Robert short Maurice Nadea)

لەو کاتە سەرەتا بەهێزەی سوریالییەکان تسارا دەگاتە پاریس، جگە لە فرانسیس پیکابیا پەیوەندی لەگەڵ هونەرمەندە شێوەکارەکانی دادا گشتی تێک چوو بوو. بووە هۆی بەتاڵاییەکی گرینگ لە دادایزمی تسارا لە کاتێکدا ئۆتۆماتیزمی (بڕوانە Maurice Na- Robert short dea) بەرەو دروستکردنی (دیالۆگ) دەچوو لە نێوان وشە و وێنەدا.

لەلایەکی دیکەشەوە خودی گۆڤاری لیتراتور تایبەتمەندنییەکی ئەوتۆی بەخۆوە گرتبوو تا دەهات بەرەو کامڵبوون و بەرجەستەبوونی سوریالیزم دەچوو. هەرچەندە تا ئەو کاتە ناوی دادا باو بوو، برۆتۆن و هاوڕێکانی تەنیا سەرقاڵی کارکردن بوون لە ناوەڕۆکی نووسینی ئۆتۆماتیزم «Ecriture automatique».



برۆتۆن و سۆپۆ لە سەرەتای هەستکردنیاندا بەنەگونجاندن لەگەڵ پرەنسیپی کارکردنی تسارادا بڕیاری ڕێگای نوێیان بۆ گۆڤارەکەیان گرتبووە بەر و ڕێیان بۆ ئەوە خۆش کردبوو کە شیعرەکانی خۆیان لەوانەی داداییەکان جیا بکەنەوە. بۆ ئەنجامدانی ئەم مەبەستەش زیاتر بۆ ڕەهبەرە فەرەنسییەکانی پێش خۆیان بگەڕێنەوە وەکو ئەپۆلینێر G. Apollinair و ڤالێری valery و ڕیڤێردی Reverdy هەروەها بۆ ڕامبۆ Rimbaud و ژاری Jarry، بەتایبەتی بۆ لوتێریامون Lautreamont،(بڕوانە Malolm Haslam, Edward B. Hen-ning) ئەم کارەش ئەوەندەی دیکە سوریالیزمی لە دادا دوورخستەوە، لەوەش زیاتر مۆرکێکی فەرەنسی بەسوریالیزم دا، کە هەندێ لە توندڕەوەکان دەیانگوت: «پاریس چی دی پێویستی بەکۆپیکردنەوەی دادا نییە» هەر بۆیەشە هەندێ لە سوریالیست ناسەکان دەڵێن، سوریالیزم شێوە فەرەنسییەکەی دادائیزم بوو، بەڵام لەبەر ئەوەی تاکو ساڵی ١٩٢٤ و دەرچوونی مانیفێستی سوریالیزم برۆتۆن و سۆپۆ و هاوڕێکانیان ناویان بۆ جۆری کارەکانیان دانەنا بوو جگە لە ئێکریتور ئۆتۆماتیک (نووسینی ئۆتۆماتیکی) Ec-riture automatique کە ئەمەش تەنیا ئەو جۆرە کارانە بوو کە ئۆتۆماتیزمی تیا بەکار دەهێنرا، وەکی دی گشتیان لە ببرۆتۆن و سۆپۆوە تاکو تسارا و پیکابیا وەکو یەک گرووپ کاریان دەکرد و هەموویشیان تاکو ١٩٢٣ (برۆتۆنی لێ دەرچێ) هێشتا هەر لەگەڵ گرووپی دادای پاریس کاریان دەکرد. بەڵام لە ١٩١٩ تاکو ١٩٢٤ ئەو گرووپە دادای پاریسە لەناو منداڵدانیدا کۆرپەی سوریالیزمی هەڵگرتبوو، هەیشە ڕای وایە کە جیا لە داداییەکان لەناو هەندێ شاعیر و نووسەری پاریسدا ڕۆحی سوریالی دروست بووبوو، ئەم بۆچوونەش دەگونجێ لەگەڵ ئەوەی برۆتۆن خۆیدا کە دەڵێ: «لە ساڵی ١٩١٩ بۆ ١٩٢٤ ئێمە سەرقاڵی کردە و کۆشەی تەجرەبەکانی خۆمان بووین». خۆیشی ناوی ئەو کاتە دەنێ «کاتەکانی ڕووداو» بڕوانە (Robert short). هەرچەندە برۆتۆن لە ساڵی ١٩١٦ دەست بەبەکارهێنانی مێتۆدی شیکاری دەروونی فرۆید لەسەر سەربازەکان پەیڕەو دەکا، بەڕای هەندێ سوریالیست ناسەکان ئەمە سەرەتای سوریالیزمە. بەڵام کاری ڕێکوپێک و مێتودی زیاتر لە (١٩١٩)ەوە دەستی پێ کرد، واتا کەکتێبی کێڵگە موگناتیسییەکان دەرچوو.

بەڕای مۆریس نادۆ (Maurice Nadeau) لە ساڵی ١٩١٦ تاکو ١٩٢٤ شتێ نەبوو (ناوی) تابلۆ یان شیعری سوریالی بێ. ئەوەی هەبوو تەجرەبەکانی برۆتۆن و هاوڕێکانی بوو لەسەر مێتۆدی ئۆتۆماتیزم. ئەوانیش وەکو داداییەکان یەکەم جار تەنیا کارکردن بوو بێ ناونان، هەر وەکو خودی سوریالیزم کە بەڕادەی یەکەم ناوەڕۆکە.

## ناوی «سوریالیزم»

جۆری ئەزموون و کارکردنی برۆتۆن و سوپۆ لەو ڕوانگەوە کە گوێیان بەناونان نەدەدا و زیاتر قورساییان خستبووە سەر کارکردن لە دادایزم دەچوون. ئاشکرایە ئەوان ئەو جۆرە تەجرەبانەی خۆیان ناو نابوو ئۆتۆماتیزم «Ecriture automatique» ، بەڵام ئەو کات بەخەیاڵیان نەدەهات ناوی سوریالیزمی لێ بنێن، ئەگەرچی ئەو وشەیە لە پێش بڵاوکردنەوەی تەجرەبەکانی ئەوان لە گۆڤاری لیتراتوردا (کێڵگە موگناتیسییەکان) ئەپۆلینێر بەکاری هێناوە.

گیوم ئەپۆلینێر (G. Apollinaire) لە ساڵی ١٩١٧ وەسفی یەکێ لە دراماکانی خۆی بەسوریالیزم کردووە کە بەناونیشانی مەمکەکانی تێرێزا نووسیبووی «Le mamelles de Tiresias» . ئەو لە بەکارهێنانیدا بۆ وشەی سوریالیزم لە وەسفکردن زیاتر هیچ مەبەستێکی دیکەی نەبوو، وەک دروستکردنی ڕێبازێ یان قوتابخانەیەکی هونەری.

لەو کاتە بەدواوە ئەپۆلینێرو برادەرانی چ بەگاڵتە و چ بەڕاستی لەناو خۆیاندا بۆ وەسفی هەندێ لە کارەکانی خۆیان و هاوڕێکانیان بەکاریان هێناوە. برۆتۆن خۆی یەکێ بوو لە برادەرەکانی ئەپۆلینێر، لە ساڵی ١٩٢٤ بۆ ناوی مانیفێستەکەی بەکاری دێنێ، بەتایبەتی کاتێ کە دەرک بەوە دەکا کە ئەمە وشەیەکی زۆر گونجاوە بۆ ناونانی ئەو ناوەڕۆکەی کە ماوەیەکە لەگەڵ سوپۆ و هەندێ هاوڕێکانی کاری تیا دەکەن. (بڕوانە Mal- colm Haslam) تاکو دەرهێنانی مانیفێستی یەکەمی سوریالیزم بریتی بوون لە ئەندرێ برۆتۆن Andre Breton، فیلیپ سوپۆ Philippe Saupault، پۆل ئێلوار Paul Eluard، بنیامین پێرێ Benjamin Peret و، لوی ئەراگۆن Louis Aragon.

## سەرەتای هونەری شێوەکاری سوریالیزم

سوریالیزم وەکو فوتوریزم یەکەم جار پرۆژەیەکی ئەدەبی بوو، گشت تەجرەبەکانی برۆتۆن و سوپۆ لە سەرەتادا تەنیا لەسەر ئەدەب بوو. ئیدی بەنووسین بێ یان قسەکردن، ئەوان لە بواری نووسین و قسەکردندا دەیانویست ئۆتۆماتیزم بن.

برۆتۆن یەکەم جار مانیفێستەکەی بەناونیشانی شاعیر و نووسەرەکان نارد، ئەو کات هێڵکاری و تابلۆی هونەرمەندە شێوەکارەکان ڕۆڵێکی ئەوەندە گەورەی نەبوو، وەکو



شتێکی لاوەکی جارجار لەگەڵ هەندێ شیعر و گوتاردا لە گۆڤاری لیتراتور بڵاو دەکرایەوە.

ڤێرنەرشپیس و ژمارەیەکی زۆر لە سوریالیزم ناسەکان ڕایان وایە کە چۆن پێش ساڵی ١٩٢٤ برۆتۆن و هاوڕێکانی شیعر و گوتاری سوریالیزمیان نووسیبوو، بەم جۆرەش پێش ئەو کاتە کاری هونەری شێوەکاری سوریالیزمیش پەیدا بووبوو، بەتایبەتی لە کارەکانی ماکس ئێرنستدا Max Ernst. (بڕوانە Werner spies) ، پێشەکیەک بۆ پێشانگای سوریالیزم لە هۆڵی (Kunstsammlung Nordrhein - westfalen) لە شاری دوسلدورف لە ئەڵمانیا ٢٠٠٢).

وێڕای برۆتۆن و هاوڕێکانی لە کارەکانی ماکس ئێرنست، گیورگیودی گیریکو و ئەندری ماسۆن و فرانسیس پیکابیا و چەند هونەرمەندێکی دیکە گۆڕانکاری ڕۆحی سەردەمەکە دروست بووبوو. وەکو چۆن لای برۆتۆن و ئێلوار و ئەراگۆن و سوپۆ بەنووسین ئەم کرابوو، لای ئەم هونەرمەندانەش کەم تا زۆر بەڕەنگ و هێڵ و کۆلاج کاری بۆ کرابوو، ئەم هونەرمەندانە ئەو کاتە چاوەڕوانی گوتارێک یان ئیشارەتێکیان لە برۆتۆنەوە دەکرد، بەڵام بەچڕی و بەوردی لەگەڵ ڕۆحی سەردەمەکەیان و گۆڕانکارییەکانیدا دەژیان.

ڕێکخستنی ئاژاوە و گۆڕانی، دەربڕین لە دەرەوە بەرەو ناوەوە، ئاشکرابوونی گرینگیی جیهانی خەون و بێ ئاگایی، بەستنەوەی بەبەشە ئازادە جیاجیاکانی ناوەوە، پێویستی نەهێشتنی سنوور لە نێوان جیهانی بێ ئاگایی و واقیع، کاریگەری تەنیا بەسەر ئەدەبەوە نەبوو، بەڵکو بەسەر هونەرمەندە شێوەکارەکانیشەوە. بەتایبەتی لای ماکس ئێرنست و گیورگیودی گیریکو کە لە ئەتمۆسفیری (برۆتۆن)ەوە نزیک بوون.

برۆتۆن و سوپۆ خۆیان شاعیر بوون، بۆیە تەجرەبەکانی خۆیان لە مێتۆدی ئۆتۆماتیزمدا، لە بواری شیعر و نووسیندا تاقی کردەوە، بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیێنێ کە ئەوان ئەو مێتۆدەیان تەنیا بۆ شیعر و نووسین داناوە. ئەوان لە ئاستێکی قووڵتردا کاریان دەکرد (ئازادییەکانی ناوەوە) ئاستی دروستکردنی هێزێکی ئازاد لە ناخی دەرووندا، ئاستی نەهێشتنی سنوورەکان و لابردنی کۆنترۆڵی عەقڵ بەسەر هەست و ڕۆحدا. ئەوان لە پرەنسیپی ئۆتۆماتیزمدا کاریان دەکرد. کارکردنی ئەو پرەنسیپانەشیان نەخستبووە چوارچێوەی تەنیا جۆرێک لە دەربڕین یاخود تەنیا نووسین یان قسەکردن. بەتایبەتی ئەوان لە کولتوری وێنەدا دەژیان. مێژوویان لەگەڵ بینین و تازەکردنەوەی شێوە و ڕەنگەکاندا هەبوو، مێشک و چاوێکی ئازاد و کراوەیان هەبوو کە تەجرەبەکانیان لەسەر ئۆتۆماتیزم ئەوەندەی دیکە

ئاسۆیانی بەرفرەوان کردبوو ناخیانی ئازادتر کردبوو، ئەوان دەیانگوت: «لە ئەنجامی تاقیکردنەوەکانماندا بینیمان ڕۆح لەژێر فشاری ڕەخنە و ڕێباز و قوتابخانە ڕزگاری دەبێ، ئەنجامەکەی نووسینی مەنتیقی نابێت، بەڵکو وێنە پێک دێنێ». (هەمان سەرچاوە).

ڤێرنەر شپیس بیری بۆ ئەوەش دەچێ کە برۆتۆن و سوپۆ (ئێکریتور ئۆتۆماتیک)یان لە بواری ڕەسم و هێڵکاریش تاقی کردبێتەوە، ئەو ئەمە بەدوور نازانێ، بەڵام ئەو کات ئەندرێ ماسۆن زۆر نزیک دەبێ لێیانەوە ئەو گۆڕانکاریانەی کە (ئێکریتور ئۆتۆماتیک) لە شیعر و نووسینی برۆتۆن و سوپۆ دروستی دەکات ئەوەندە ناخاینێ لە کارە هێڵکارییەکانی ماسۆنیشدا دەردەکەوێ.

ئەو ئاستەی کە برۆتۆن و سوپۆ لە (کێڵگە موگناتیسییەکان)پێی گەیشتن، کە بەڕای برۆتۆن خۆی (یەکەمین کاری سوریالیزمە دوور لە کاریگەری دادایزم)، ئاستێکی سوریالیزم بوو لە سەرجەم بینین و فیکر و ئەدەبیاتی سوریالیزمدا، لە سەرجەم بونیادی گۆڕانکاریەکانی ناوەوەی ئەو هونەرمەند و نووسەرانە کە لە برۆتۆنەوە نزیک بوون.

کە برۆتۆن لە (کێڵگە موگناتیسییەکان) باس لە (وێنە) دەکات، بەزۆری مەبەستی ئەو وێنەی شیعری بووە، بەڵام ئەو (وێنە شیعریانە) کە برۆتۆن و سوپۆ لە ئەنجامی لابردنی فشاری (ڕەخنە و ڕێباز و قوتابخانەکان) پێی گەیشتوونە، خۆی لە خۆیدا سەرەتای دروستبوونی دیالۆگە لە نێوان ئەدەب و هونەری شێوەکاریدا. لە سوریالیزم کە کارە کۆلاجەکانی ماکس ئێرنست (Max Ernst) تەواو ئاشکرایان دەکا. (ڤێرنەر شپیس Werner spies) ماکس ئێرنست لە ساڵی ١٩٢٠ هەندێ کاری کۆلاجی دروست کرد دوور لە تەقالیدی کۆلاجی کوبیزم، بەڵکو گرینگیەکی زیاتری خستبووە سەر ناوەڕۆک و پەیوەندی ئەو وێنانەی کە دەیانبڕی و دووبارە دەیاننووسانە یەکەوە، کە لە سوریالیزمدا گرینگە. ساڵێک پاش دروستکردنیان ئێرنست ئەو کارانەی لە کتێبخانەی (Au Sans paoeil) لەژێر ناونیشانی ئەو دیوی ڕەسم کردن (Au - dela de la peinture) نیشان دا و کەوتە بەرچاوی برۆتۆن و تسارا و ئێلوار و ئەراگۆن و پیکابیا و سوپۆ و، بووە جێی سەرسوڕمانیان و نزیک بوونەوەیان لێی. پاشان برۆتۆن ئەم کارانەی (ئێرنست)ی بەیەکەمین کاری هونەری شێوەکاری بینی کە پرەنسیپی ئۆتۆماتیزمی تیا جێبەجێ کراوە.

بۆ زیاتر تایبەتمەندی سوریالی لەو کارانەی ماکس ئێرنستدا پشت بەو پێشەکییە گرینگەی ڤێرنەر شپیس دەبەستم کە بۆ پێشانگای سوریالیزم لە دوسلدورف لە ساڵی ٢٠٠٢ نووسیویەتی:



١- شپیس بڕوای وایە کە پێش ئەو کارانەی ئێرنست شتێکی وەها ڕوون و ئاشکرا نەبووە لە هونەری شێوەکاریدا کە لە دادا دەرچوو بێ.

٢- کۆلاجەکانی ئێرنست وەکو ڕێباز یەک بوون بەڵام وەکو بابەت (وێنەکان) تێکەڵاو بوون، ئەمەش نزیکە لە پرەنسیپی سوریالیزمەوە (ڕێکوپێک کردنی ئاژاوە).

٣- ئەم کارانەی ئێرنست جوانی کۆلاجی دادای گۆڕی کە پیکابیا بەشێوەیەکی سەرەکی نوێنەرایەتی دەکرد. ئەم کارانەی ئێرنست ئاستەکانی جوانی ئەو جۆرە کۆلاجانەی پیکابیای تێکدا و گۆڕی بەرەو سوریالیزم.

٤- دانانی کۆلاجەکانی ئێرنست تەواو جیا بوو وەک تەکنیکی دیمۆنتاج «Demontage» کە دادایزم پێی بەناوبانگ بوو.

٥- کۆلاج لەم کارانەی ئێرنستدا وەکو تەکنیک و ئامرازی وەسفکردن ئەوەندە گرینگ نەبوو، بابەتەکان و جۆری دانانیان لە تەکنیکەکە گرینگتر بوون.

٦- سنووری کارەکان کراوە بوون، وەکو کرانەوەی سنوور لەناو بەشە جیاجیاکانی دەروون.

٧- زۆر بەئازادی و بێ کۆنترۆڵی عەقڵ وێنەکان بەیەکەوە لکێنرابوون.

٨- وەکو ناونانیش ئێرنست ناوی شیعری بۆ کارەکانی دانەنابوو.

ئەمەش خۆی لە خۆی ئۆتۆنۆمی کاری هونەری شێوەکاری دەگەیەنێ، بەڵام لە نێوان بابەتەکاندا ڕەهەندێکی شیعری هەبوو کە بۆ پەیوەندی لەگەڵ سوریالیزمدا گرینگ بوو.

بڕوانە پێشەکی کەتەلۆگی سوریالیزم پێشانگایەک لە دوسلدورف (٢٠٠٢).

ئەوەی کە زیاتر یارمەتی برۆتۆن و بینەرەکانی دابوو زیاتر نزیکبوونەوەی کارەکانی ئێرنست لە سوریالیزم، ئەو نووسینە بوو کە خۆی دەربارەی جۆری دروستکردنی کارەکانی نووسیبووی و خستبوویە پێش چاوی بینەرانی، بەتایبەتی کە بریتون دەیخوێنێتەوە، هەست دەکات بەتەواوەتی لەگەڵ ناوەڕۆکی ئۆتۆماتیزم و (کێڵگە موگناتیسییەکان) دەگونجێ.

ماکس ئێرنست نووسیبووی: «ڕۆژێکی باراناوی ساڵی ١٩١٩ بوو، لە یەکێ لە دێیەکانی سەر ڕووباری ڕاین بووم و لاپەڕەکانی کەتەلۆگێکم هەڵدەدایەوە، هەندێ وێنەی جۆراوجۆری تیا بوو، وەک: وێنەی مایکرۆسکۆب و بابەتی ئەنترۆپۆلۆجی و دەروونی و مێژووی زەوی و شتی مەعدەنی دیکە کە هەستمیان بەلای خۆیاندا ڕاکێشا.

ئەوەی کە سەرنجی ڕاکێشابوو ئەو وێنانە بوون کە پەیوەندییەکی زۆر لە نێوانیاندا نەبوو، بیر و خەیاڵ و بینینمی بۆ شتی ناماقووڵ و (بێهودە) برد. ئەم بینینە بوو کە کاری تێم کرد و بوو بەهۆی دروستکردنی چەند کارێکی هونەری جیاجیا لە یەک. وەکو بابەتیش پەیوەندیان بەبابەتی وێنەکانی ناو ئەو کەتەلۆگەکەوە نەبوو، بەڵکو زیاتر یادگاری کۆنی خۆشەویستی خۆم بوون لە شێوەی خەو و خەیاڵ و واقیع دروستیانم کردبوون». (Patrick Waldbery) لێرەدا پرسیاری من ئەوەیە، ئەگەر ماکس ئێرنست ئەو نووسینەی دەربارەی جۆری دروستکردنی ئەو کارە کۆلاجانە نەنووسیایە هەمان کاریگەری لەسەر برۆتۆن و سوریالییەکان دەبوو؟ ئایا تەنیا کاریگەری کارە کۆلاجەکان بوو یاخود کۆلاجەکان و نووسینەکە بەیەکەوە ئەو کاریگەریەیان کردە سەر بینینی برۆتۆن و هاوڕێکانی کە بڕیاری سوریالی بەسەر کارەکانی ئێرنستدا بدەن؟ وەڵامی ئەم پرسیارانە ئاسان نییە، چونکە ئێرنست لەو نووسینەیدا باس لە پەیوەندی نێوان خەو و خەیاڵ و واقیع دەکا، هەروەها دروستکردنی پەیوەندی لە نێوان چەند بابەتێکی جیادا (ڕێکخستنی چەند بابەتێکی جیا) کە دیسانەوە ناوەڕۆکی سوریالیزم دەپێکێ. سەختە بە(ئا)، یان (نا) وەڵامی ئەم جۆرە پرسیارانە بدرێتەوە. بەڵام لە هەموو حالەتەکاندا نووسینەکەی ئێرنست ئەگەرچی لێکدانەوە نەبووە بۆ کارەکانی، بەڵام یارمەتی بینەریان داوە بۆ ئاراستەکردنی بیر و هەست بەرەو ئەو مەبەستانەی کە ئێرنست خۆی دەیەوێ. (نەک وەکو پێکانی مانا و ناوەڕۆک) بەڵکو وەکو بەشێ لە تیۆریزە کە کاری هونەری شێوەکاری (بەتایبەت مودێرنە) دەوڵەمەند کردووە. نزیکی ماکس ئێرنست لە سوریالیزمەوە مێژووێ هەیە، وەکو مێژووی نزیکی ئەندرێ ماسۆن لە برۆتۆنەوە یاخود پیکابیا لە تسارا و داداوە. ئێرنست هەر لەو کاتەی وەکو هونەرمەندێکی دادایی کاری دەکرد نزیک بوو لە دونیای هەست و ڕۆح و خەیاڵ، وەکو (کورت شفیتەرس)ی هاوولاتی خۆی، هونەرەکەی لە تێکەڵاوکردن بەسیاسەت دەپاراست. ئەمەش هۆیەک بوو بۆ تازەکردنەوەی کارەکانی لەناو ئەتمۆسفیرێکی هونەریدا.

ساڵێک پاش نیشاندانی کۆلاجەکانی ئێرنست، لوی ئەراگۆن دیراسەتێک لەسەر هونەری کۆلاج دەنووسێ، پاشان نزیکبوونەوە لە نێوان ئەدەب و هونەری شێوەکاری سوریالیزم دروست دەبێ، ئێرنست و پۆل ئێلوار بەیەکەوە کتێبێک بەناونیشانی «Les malheurs des immortels» بڵاودەکەنەوە، لە نووسینی پۆل ئێلوار و هەندێ کاری کۆلاجی ماکس ئێرنست. کە دەبێتە پاڵپشت بۆ هاندانی دیالۆگ لە نێوان وێنەی شیعری



و وێنە لە هونەری شێوەکاریدا. وەکو جەخت کردنێک لەسەر بوونی ئەو پەیوەندیە لە (کێڵگە موگناتیسییەکان)دا، لێرەوە دڵنیایی لۆتریابۆن لەبارەی سوریالیزمدا دەڵێت: «شیعر نابێ تەنیا لە یەک کەسەوە بێت». کە دروشمی (ڤێرنەر شپیس Werner spies) کارکردنی سوپۆ و برۆتۆن بوو.

پاش ئەو تێکەڵبوونەی هونەری شێوەکاری لەگەڵ شیعردا جۆرێکی دی لە کاری هاوبەشی هونەری شێوەکاری و شیعر لە سوریالیزمدا دەرکەوت. وەکو نووسینی شیعر لەسەر تابلۆ و هێڵکاری و ڕەسم کردن یان کاری هێڵکاری لەسەر نووسین، وەکو بەرفراوانکردنی ئەو پەیوەندیەی نێوانیان، نەهێشتنی سنوور لە نێوان دوو جۆری دەربڕیندا بەئۆتۆماتیزم، بێ ئەوەی یەکێکیان لە خزمەتی ئەوەکەی دیکە بێ، بەڵکو بەهەردووکیان کارێکی هونەری تەواو دەکەن و هیچیشیان شەرح یان تەرجومە نەبێ بۆ ئەوەکەی دیکە.

لە ساڵەکانی ۱۹۱۹ تاکو ۱۹۲٤ پاریس لە هەڵقوڵان و گۆڕانکاری گەورەدا دەژیا، جگە لەوەی برۆتۆن و سوپۆ تەجرەبەکانی خۆیانیان لە گۆڤاری لیتراتور بڵاوکردەوە. ئەو کاتە بەهاری گۆڤارەکەیان بوو. کاتی ئاشکرابوون و بەرجەستەبوونی سوریالیزم بوو. کاتی گۆڕانکاری جەوهەری بوو لە هەست و بیر و ڕۆحدا. ژمارەیەکی زۆر لە هونەرمەندی شێوەکار لە کۆمەڵێ وڵاتی ئەوروپا و ئەمەریکاوە هاتنە پاریس، ماکس ئێرنست لە ئەڵمانیاوە، پیکابیا لە ئسپانیاوە، (مارسێل دوشا) و (مان ڕێ) لە نیویۆرکەوە. ئەمانە گشتیان وردە وردە لە یەکدی و لە گۆڤاری لیتراتور نزیک دەبوونەوە. لە هەمان کاتیشدا ئەندرێ ماسۆن و، خوان میرۆ و گیورگیودی گیریکو و پیکاسۆ و هانز ئارپ لە پاریس دەژیان، ئەوەندەی نەبرد ئیڤ تانگی و ڕینێ ماگریت و، پۆل کلێ و سلڤادۆر دالی و ئەلبێرتوجیاکومیتییش لێیان نزیک بوونەوە، گشتیان دەکەونە ژێر کاریگەری ئەو ئەتمۆسفیرە کە برۆتۆن و سوپۆ لە (کێڵگە موگناتیسییەکان) بڵاویان دەکردەوە.

بەنووسین و بڵاوکردنەوەی مانیفێستی یەکەمی سوریالیزم ۱۹۲٤ سەرەنجام سوریالیزم بەتەواوەتی لای هەمووان ئاشکرا بوو، کەم هونەرمەند و نووسەر هەبوو دوور بێ لە کاریگەری ناوەڕۆکێکی ئەوەندە پڕ ئازادی و خۆشەویستی وەکو سوریالیزم کە دروشمەکانیان خۆشەویستی ژیان و ئافرەت و بەیەکەوە کارکردن بوو.

ساڵێک پاش بڵاوبوونەوەی مانیفێستی یەکەمی سوریالیزم، ژمارەیەک لەو هونەرمەندانەی کە لەیەکدانی دونیای خەو و بێ ئاگایی و واقیعیان کردبوو بەبابەتی

کارەکانیان، بەمیتۆدی ئۆتۆماتیزم تابلۆ و هێڵکاریان دروست دەکرد، کارەکانیان لە چوارچێوەی پێشانگایەک لە گالێری پییێر Galerie pierre نیشان دا کە پێک هاتبوون لە Georgeo de Chirico گیورگیودی کیریکۆ، ماکس ئێرنست Max Ernst ، ئەندرێ ماسۆن Andre Masson ، خوان میرۆ Joan Miro، پابلو پیکاسۆ Pablo picasso ، پییر ڕۆی Pierre Roy، مان ڕێ Man Ray هەروەها پۆل کلێ Paul Klee کە یەکەمین پێشانگای بەکۆمەڵ و ڕێکوپێکی سوریالیزمی پێکهێنا لە مێژووی هونەری شێوەکاریدا. (بڕوانە Patrick Waldberg).

پیکاسۆ و کلێ ئەوەندە لەگەڵ سوریالییەکاندا نەبوون. دونیای هونەری تایبەتی خۆیان هەبوو. بەڵام ئەو کاتەی کە مانیفێستی سوریالیزمی تیا بڵاو کرایەوە ماوەیەک کەوتنە ژێر کاریگەریەوە، ئەگەرچی. دونیای هونەری هەردووکیان جیابوو، پیکاسۆ بەکوبیزمەوە کلێیش لە دونیای ڕۆحەوە نزیک بوو بەڵام کلێ کەمێک لە سوریالیزم نزیکتربوو وەک لە بیکاسۆ، بەڵام لە گشت ئەوانەی کە لە دونیای سوریالیزمی برۆتۆنەوە نزیک بوو ماکس ئێرنست ئەندری ماسون و مان ڕێ و دی گیریکو بوون. ئەگەرچی «گیریکو» ئەوەندە لە ئۆتۆماتیزمی برۆتۆنەوە نزیک نەبوو. سوریالیزمی ئەو ڕەگ و ڕەچەڵەکی جیا بوو، بەڵام کارەکانی گەورەترین کاریگەری پەیوەندی خەو و خەیاڵ و واقیعی دەردەبڕی و یەکێ بوو لەو هونەرمەندانەی کە بەئەندازەی ماکس ئێرنست کاری لە برۆتۆن کردبوو. لەو پێشانگایەی گالێری پێیری ساڵی ١٩٢٥ بەدواوە سەرەنجام سوریالیزم بەئاشکرا تەنیا لە شیعر و نووسیندا نەمایەوە بەڵکو هونەری شێوەکاری بوو بەلایەنێکی گرینگی تا ڕادەی کارتێکردنی بۆ سەر شیعر و نووسینی سوریالی، بەتایبەتی لە کارەکانی دی گیریکو و ماسۆن و ئێرنست و پاشان مان ڕێ و مارسیل دوشا وەکو هەڵگری فاکتەری ڕێکەوت لە (دادایزمە)وە پەڕینەوە بۆ سوریالیزم.

ئەم کاریگەرییەی هونەری شێوەکاری لەسەر سوریالیزم برۆتۆنی لە ساڵی ١٩٢٨ بەرەو نووسینێک برد بەناوی (دەربارەی سوریالیزم و ڕەسم کردن) کە جگە لە ماسۆن و ئێرنست و میرۆ و پیکاسۆ باسی لە کارەکانی شاگال و کوبێن و ڕێدایش کرد، وەک گرینگیان بۆ سوریالیزم. (بڕوانە Edward B. Henning).

سوریالیزم هونەرێکە زیاتر پەیوەندی بەهەست و ڕۆحەوە هەیە، ڕەگ و ڕەچەڵەکی لەناو ئەو ڕێبازە هونەریانەیە کە ڕۆح و خەیاڵ ڕۆڵی گەورەی تیا دەبینن، ئەمەش مێژووی هونەری شێوەکاری سوریالیزم دەباتەوە بۆ سیمبۆلیزم وەک لە ئەمپریسۆنیزم. لەگەڵ مارک



شاگالدا زیاتر هاوبەشە وەک لە ماڵێڤچ و کۆنستروکتیڤیزمەکان، هەر بۆیەشە گیورگیو دی گیریکۆ و سەرچاوەکانی وەکو گۆستاف مۆرۆ و ئەرنۆلد بویکلن بەشێکی باش لەو نووسینەی برۆتۆن داگیر دەکەن.

هونەری (بویکلن) و (مۆرۆ) و (کلێنگەر) هونەری شێوە دانانن بۆ ڕۆح کە بەشێ لە مێژووی پیتورا میتافیزیکای گیریکۆ پێک دێنێ وەکو سەرچاوەیەکی گرینگ بۆ سوریالیزمی وەهمی. سلڤادور دالی بۆ جۆری ڕەنگ دانان سوودێکی گەورەی لە ڕەنگەکانی گۆستاف مۆرۆ وەرگرتووە. بەمەش مۆرۆ تەنیا وەک هونەرمەندێکی سیمبۆلیزم بەشداری لە مێژووی سوریالیزم ناکا، بەڵکو لایەنە ڕەنگ دانانە ناتورالیستەکەشی ڕۆڵی گەورەی هەیە.

## ڕۆڵی گیۆرگیۆ دو گیریکۆ و پیتۆرا میتافیزیکا

کاریگەری گیورگیودی گیریکۆ (١٨٨٤-١٩٧٨) Georgio De Chirico بەسەر هونەری شێوەکاری سوریالیزمەوە بەئەندازەی کاریگەری سیزان بەسەر کوبیزم و ئیدوارد مونش بەسەر دەربڕینخوازە ئەڵمانیەکان گەورەیە.

جیا لە هەوڵدانەکانی برۆتۆن و هاوڕێکانی گیورگیودو گیریکۆ هەر لە سەرەتای ژیانی هونەریەوە سەرقاڵی دونیای ڕۆح و نهێنییەکانی بووە، ویستویەتی وەکو فاکتەرێکی گرینگ لە دونیای هونەرەکەیدا بیپارێزێ و لە کاتی گۆڕانکاری شێوەکانیدا بیهێڵێتەوە. ئەو دەیویست هونەرەکەی لە ئاستی ناتورالیستی و ئەکادیمیەدا نەمێنێتەوە و لە هەمان کاتیشدا ڕۆح لە دەست نەدا و چەند جارێ بۆ ئەم مەبەستە دەگەڕێتەوە بۆ سەرچاوە فەلسەفییەکانی شوپنهاوەر و نیتشە، ئەمپرێسیۆنیزمیش تاقی دەکاتەوە، ئەو ماوەیش کە لە ١٩١١ تاکو ١٩١٥ لە پاریس دەبێ، (پاش ئەوەی خوێندنی ئەکادیمی لە میونشن لە ئەڵمانیا تەواو دەکا) کۆلاجی کوبیزمیش بەکار دەهێنێ، بەڵام نە کوبیزم و نە ئەمپرێسیۆنیزم ئەو خۆشیەی پێ نادەن. بەئەندازەی کارە سیمبۆلیزمەکانی ئەرنۆلد بۆیکلێن Arnold Boklin و ماکس کلێنگەر Max Klinger ، هۆیەکەیشی ئەو حاڵەتە ڕۆحانیەتە بوو کە هەمیشە لەگەڵیدا بوو ببووە فاکتەرێکی گرینگ لە کارەکانیدا، دەیویست لەگەڵ گشت نوێکردنەوەی ڕەنگ و شێوە و بابەتەکانیدا شێوەدانانیش بۆ ڕۆح نوێ بکاتەوە.

ئەم جارەیان گیریکۆ دەگەڕێتەوە بۆ سەرچاوەکان، بۆ سەدەی پانزە Quattro cento(*) (کواترۆ چێنتۆ).

بەتایبەتی لەو کاتەی کە لە پاریس، لە کۆتای ١٩١٥ دەگەڕێتەوە بۆ ئیتالیا، لەوێ لە شاری تۆرین بەرۆحی سەدەی پانزەوە، هەندێ تابلۆ دەکات، وەک: بابەت خانوو و شەقام و گۆڕەپانەکانی شاری تورین، بەڵام بەچۆڵ و هۆڵی و هەستێکی غەمگین و نائارامەوە. لەم کارانەی شاری تورین، پاشان ئەوانەی کە لە شاری فێرارا کردیانی دوو خەسڵەتیان تیا دەرکەوت کە بۆ سوریالییەکان زۆر گرینگ بوو: یەکێکیان ڕەهەندی وەهمی بوو Illi-sion کە کاریگەرییەکی گەورەی کردە سەر سلڤادۆر دالی و ماگریت و تانگی و ئێرنست. (بڕوانە Edward B. Henning).

ئەوەی تریشیان هەستی نهێنی بوو کە کاریگەری بەسەر گشت سوریالیەکانەوە هەبوو. ماکس ئێرنست پێش ئەوەی کارە کۆلاجەکانی بکا چاوی بەو کارانەی کیریکو کەوتبوو.

کە گیریکۆ لە ساڵی ١٩١٥ لە پاریسەوە بۆ ئیتالیا دەگەڕێتەوە، وەکو زۆربەی هونەرمەندە بەناوبانگەکانی ئەوسای ئیتالیا، ئەویش بۆ ماوەیێکی کەم دەکەوێتە ژێر کاریگەری فوتوریزمەوە کە ئەو کات لە گەرموگوڕیدا بوو، لە ساڵی ١٩١٧ بەدواوە خۆی لە فوتوریزم دەکێشێتەوە، دیسانەوە دەگەڕێتەوە بۆ دونیا ڕۆحانییەکەی خۆی. ئەم جارە کارلۆ کارایش لە تاو دونیای خێرایی و میکانیکی فوتوریزم ڕادەکا و لە کیریکۆ نزیک دەبێتەوە. سەرەنجام هەردوو بەیەکەوە بۆ ماوەی چوار (هەندێک دەڵێن شەش مانگ) لە یەک ستۆدیۆ لە شاری فێرارا کار دەکەن. ئەوەی کە زیاتر لە هونەری کیریکودا بۆ هونەری شێوەکاری سوریالیزم گرینگە، ئەو قۆناغەیە کە کیریکو خۆی (پیتورا میتافیزیکا)ی ناوناوە کە بەمانای ڕەسم کردنی میتافیزیک ناو دێت. Pittura Metaphisca(**).

هەندێک دەڵێن پیتورا میتافیزیکا بەرهەمی ئەو ماوەیەیە کە لەگەڵ (کارلوکارا)دا بەیەکەوە کاریان دەکرد. هەندێکیش دەڵێن بەرهەمی خودی کیریکۆ یە، لە ئەنجامی قووڵبوونەوە لە دونیای ڕۆح و نهێنییەکانی دەروون و بەستنەوەیان بەسەردەمی (کواترۆ چێنتۆ – سەدەی پانزە)وە، بەڵام لە هەردوو حالەتەکە ڕۆڵی خودی کیریکۆی تیایە. چونکە

(*) کواترۆ چێنتۆ (Quattro cento) چەمکێکی لاتینییە ماوەی ١٤٠٠ تاکو ١٥٠٠ دەگەیێنێ.

(**) کاری هونەری پیتورا میتافیزیکا بریتی بوو لە خولڤاندنی ئەتمۆسفیریک لە نێوان خەو و واقیع و شڵەژاندنی هەستی پڕ نهێنی و غەمگینی (wieland schmied).



ئەو مێژووی لەگەڵ ڕۆحدا لە هونەر هەبووە، کارا زیاتر پەنای بۆ دونیای ڕۆحی ئەو بردووە کە لە فێرارا بەیەکەوە کاریان دەکرد. هەرچەندە ئەمە لە ڕۆڵی کارا کەم ناکاتەوە لەمەڕ پیتورا میتافیزیکا. بڕوانە:

1- Wieland schmied, Georgeo de Chirico, Die beunruhigenden Musen.
2- William Rubin, Surrealism.

کیریکۆ لە وێنەکردنیدا بۆ خانوو و ماڵ و دیوار و گۆڕەپانەکانی شاری تورین Turin و فیرارا Firrara سنووری نێوانی خەو و واقیعی تێکەڵاو دەکرد، ئەمەش ناوەڕۆکی سوریالیزم پێک دەهێنێ.

ئەو تابلۆیانەی ئەوماوەیەی کیریکۆ یادەوەریەک بوون، پەیوەندی نێوان شتە بینراوەکان و هەستێکی وەهمی و پڕ نهێنی بوون کە بەقەولی خۆی «تەنیا ئەو چاوە دەتوانێ بیانبینێ کە هەڵگری ڕۆح یان میتافیزیکە». ئەگەرچی کیریکۆ خۆی زۆر باسی لە (خەو) کردووە و دونیا لای ئەو (بەقەولی خۆی) خەوێکی گەورەی پڕ نهێنییە، بەڵام لە تابلۆکانیدا وێنەی دەقاودەقی خەوی نەدەکرد، بەڵکو لەژێر کارتێکردنی خەو و دونیای میتافیزیکدا دروستیانی دەکرد، لەمەش دیسانەوە مەبەستی سوریالییەکان بوو. (Edward B. Hen-ning). برۆتۆن کە لە پەنجەرەی گالێری پول گیوم Paul Gaillaume لە پاریس تابلۆیەکی کیریکۆ دەبینێ دەڵێ: «ئێمە پێویستە سوپاسی کیریکۆ بکەین کە لە کارەکانیدا ڕەهەندێکی ئەفسانەیی مودێرنی لەخۆ گرتووە» و بەڕای ولیام ڕۆبن جگە لەو ڕەهەندە ئەفسانەییە کیریکۆ هەڵگری ئەتمۆسفیرێکی فانتازیای نوێشە.


گیوم ئەپۆلینێر ماوەیەک پێش برۆتۆن گرینگی کارەکانی کیریکۆی بۆ دەرکەوتووە، ئەمەش کاریگەری زۆر بووە لەسەر برۆتۆن کە پاش بینینی کارەکانی کیریکۆ گوایە هەر کاتێک بابەتێکی لەسەر خەو نووسیبێ تابلۆ میتافیزیکییەکانی کیریکۆی لە یاد بووە.

گرینگی پیتورا میتافیزیکا(*) بۆ سوریالیزم زیاتر لە فاکتەری «وەهم» بوو «Ilision» وەک خەسڵەتێکی سەرەکی بۆ تابلۆی پیتورا میتافیزیکا جگە لەو هەستە نامۆیانە و پڕ نهێنیانەی کە تابلۆی پیتورا میتافیزیکا بەبینەری دەگەیێنی، ڕەهەندێکی وەهمی

(*) پیتورا میتافیزیکا لە ساڵی ١٩١٦ بووبوو بەگرووپێکی هونەری لە نێوان ئەلبەرتو ساڤینۆ Al-berto Savino و فیلیپۆ پیسیس Filippo de pisis گیورکیو دی کیریکۆدا. ساڵێک پاش دامەزراندنی هونەرمەند (گیورگیو مۆراندی)یش Giorgo Morandi کاریان لەگەڵ دەکا.. «William Rubin».

گرینگیش لە خۆ دەگرن کە بۆ سوریالیییەکان یەگجار گرینگ بوو بەجۆرێ کە هونەری سوریالی شێوەکاری کردە دوو بەشی سەرەکییەوە: ئەو بەشەی کە لەژێر کاریگەری ئۆتۆماتیزمی برۆتۆندا کاریان دەکرد وەکو ئەندرێ ماسۆن و خوان میرۆ، بەشی دووەمیشی لەژێر کاریگەری فاکتەری وەهمی پیتورا میتافیزیکادا بوو، وەکو تانگی و ماگریت و سلڤادۆر دالی و دەلڤۆ.

ماکس ئێرنست نەک تەنیا بۆ کۆلاجەکانی کاریگەری کیریکۆی لەسەر بوو، بەڵکو بۆ تابلۆ بەناوبانگەکەیشی Au Rendez - vous des amis مەوعەدی برادەران، کە ساڵی ١٩٢٢ دروستی کردووە، ئێستا لە مۆزەی لودڤیک لە کۆڵن پارێزراوە، ئێرنست لەو تابلۆیەیدا کیریکۆی لە تەنیشت (گالا)ی ئێلوارەوە لە شێوەی عامودێکی بینای کاتی ڕێنێسانس وێنە کردووە، ئەمەش وەک: گێڕانەوەی ڕۆحی کارەکانی کیریکو بۆ ئەو کاتە.



گیۆرگی دو گیریکۆ. نۆستالژی
١٩١٣

بەڕای ڤیلاند شمید (Wieland schmied) لە گشت تابلۆکانی کیریکۆ گرینگتر بۆ سوریالیییەکان، بەتایبەتی بۆ ئێرنست، تابلۆی (The Disquieting Muses)ە، کە ساڵی ١٩١٧ کێشاویەتی.

(بڕوانە Wieland schmied).

بەم جۆرە پیتورا میتافیزیکا لە پاڵ فرۆید و دادایییەکاندا دەبێتە سەرچاوەی سێیەم.




## ڕۆڵی ئۆدلیون ڕێدا و هنری ڕۆسۆ و شاگال لە سوریالیزمدا

جگە لە فرۆید و دادا و هونەری پیتورا میتافیزیکای کیریکۆ، سوریالیییەکان گشت ئەو هونەرمەند و سەرچاوە هونەریانەی پەیوەندییان بەخەیاڵ و دونیای ڕوحەوە هەبوو و دوور لە کۆنترۆڵی عەقڵ، بەرێ خۆشکەر دەزانی بۆ هونەرەکەیان، لەوانە ئۆدلیون ڕێدا و هێنری ڕووسۆ، مارک شاگال، ئەلفرید کوبین تا دەگاتە هونەرمەندانی سیمبۆلیزم پول گۆگان و ئەرنولد بویکلن و ماکس کلینگەر، نەک تەنیا بۆ کیریکۆ بەڵکو بۆ ژمارەیەکی زۆر لە هونەرمەندە سوریالیییەکان گرینگ بوو، هەروەها کارەکانی گۆیا و هونەری بەناو (میللەتە ساکارەکان)یش سەرچاوەیەک بوون.

## ئۆدلیون ڕێدا

بەڕای ژمارەیەکی زۆر لە سوریالیییەکان ئۆدلیون ڕێدا Odelion Redon (١٨٤٠ – ١٩١٦) یەکەمین هونەرمەند بوو کە پێش ئەوان گرینگی بەدونیای نائاگایی داوە و لە کارەکانیدا ڕەنگیداوەتەوە.



ئۆدلیۆن ڕێدا. ١٨٨٥

ڕێدا هەمیشە دوور بووە لە کۆپیکردنی واقیع، بەڵکو خۆشیی بەتێکەڵاوکردنی وێنەی شتەکانی ناو سروشت لەگەڵ دونیای ناوەوەدا دەهات. لەم بوارەیەوە خۆی دەڵێت: «ترسی من لەوەدایە کە شتە بینراوەکانی ناو واقیع وێنەی ئینسان بێ یان شتەکانی دیکەی سروشت وەکو خۆیان کۆپی بکرێن». ڕێدا هەمیشە لە قسە و کارە هونەرییەکانیدا تێکەڵاوکردنی واقیع و ناواقیعی دووپات دەکردەوە، بەتایبەتی شکاندنی سنوورەکان لە نێوانیاندا، لەمبارەیەوە دەڵێت: «وێنەی مرۆڤ لە تابلۆیەکدا دەبێ بەشێوەیەک دەرکەوێ وەکو لە تابلۆکە بێتە دەرێ و مامەڵە لەگەڵ خودی واقیع بکا». بڕوانە Walter Hess.

وێنەی شتە بینراوەکانی ناو تابلۆکانی ڕێدا تەنیا لە یەک مانادا نامێننەوە، بەڵکو دەبنە دەربڕین و هەڵگری مانا بۆ هەندێ شتی دیکەی نەبینراو کە ڕەچەڵەکیان لەگەڵ دونیای ناوەوە هەیە، وەکو خۆی لەم بوارەوە دەڵێت: «شتی بینراو لە خزمەتی شتی نەبینراودا». کە تا ڕادەیەک نزیکە لە پرەنسیپی «پێویستییەکانی ناوەوە» کاندنسکی. ڕێدا پەیوەندی لەگەڵ دونیای خەوندا کەمتر نەبوو لە پەیوەندی کارەکانی لەگەڵ نائاگاییدا لەم بارەیەوە دەڵێت: «هونەر وەکو ڕووناکی شتەکانی ناو خەون وایە، ژیانمان وشیار دەکاتەوە».

خۆ بەستنەوە و دیاریکردنی کاری هونەری لە چوارچێوەی واقیع یان سروشتدا، زیاتر کاری ناتورالیستی و ئەکادیمیەکان بوو تا دەگاتە ئەمپریسیۆنیزم. بەڵام ڕێدا بڕوای بەو دیاریکردنە و لە چوارچێوەگرتنە نەمابوو. هەر بۆیەشە ڕێی بەخۆی دەدا سنوورەکانی واقیع تێپەڕێنێ، نەک تەنیا لە کاری هونەریدا، بەڵکو لە قسە و نووسینەکانیشیدا کە وێڕای کارەکانی ڕۆڵیان لەو پەیوەندییەی نێوان دونیای خەون و بێ ئاگایی و واقیع دەبینی. ئەو ئەگەرچی لەگەڵ نەهێشتنی سنوورەکاندا بوو لە نێوان خەون و بێ ئاگایی و واقیعە ئەوەندەش لە لایەکی دیکەوە، جەختی لەسەر سنووری نێوان ئەو کارە هونەریانە دەکردەوە کە هونەرمەند دەیکا، لەوانەی دیکە کە مندالّی یان شێتێ دەیانکات. ئەمەش یەکێکە لە دۆزینەوە هەرە گرینگەکانی ئۆدلیون ڕێدا، نەک وەکو گرینگێ بۆ سوریالیزم بەڵکو بۆ سەرجەم هونەر. لەگەڵ گشت ئەو ئازادیەی کە ڕێدا بڕوای پێ بوو لە کاری هونەریدا، ئەوەندەش ئاگاداری سنووری نێوان کاری هونەری و ناهونەری بووە. کارێک کە لە بیر و هەست و ڕۆحێکی ئازاد و خەملاوەوە هاتبێت و کارێک کە تەنیا لە ئەنجامی یاری منداڵێک یان شێتێکەوە هاتبێت، ئەمەش بابەتێکی ورد و گرینگە بەتایبەت بۆ سوریالیزم، چونکە سوریالیزم دڵنیایی لەسەر لابردنی کۆنترۆڵی عەقڵ دەکا، دڵنیایی لەسەر حالاتە نائاگاییەکان و کاری منداڵ دەکا تا ڕادەی سوود وەرگرتن لە هەڵوەست. بەڵام ئەمە گشتیان وەکو هونەرێکی ئازاد، وەکو سوود بەخشین بەئازادی هونەر، گرینگی ڕێدا لێرەدا دەبینین و دەستنیشانکردنی سنوورەکان و جیاکردنەوەی کاری منداڵ لە کاری هونەرمەندێکی تەواو ئازاد، هەروەها جیاکردنەوەی کاری شێتێ لە کاری هونەرمەندێکی ئازاد، ڕێدا لەم ڕووەوە لەگەڵ ئەوەدایە کە کاری شێتێک دەبێ وەکو کارێ شێتێک ببینرێ و کاری منداڵیش وەکو کاری منداڵ. ڕێدا ئەمە دەباتەوە بۆ ڕۆڵی ڕۆح لە کاری هونەریدا، دەڵێ: «پێویستە ئاگاداری ڕوون و ئاشکرایی ڕۆح بین لە کاری هونەریدا، چونکە ئەمە هونەر لە کاری منداڵ و شێت جیا دەکاتەوە)، (هەمان سەرچاوە).



## هێنری ڕووسۆ

هێنری ڕووسۆ: (Henri Rousseau – ١٨٤٤–١٩١٠) لە چاو هەندێک وەک هونەرمەندێکی ساکار دەبینرا، بەڵام لای کەسانی وەکو پیکاسۆ و ئەندرێ برۆتۆن گرینگیەکی مەزنی هەبوو.

ڕووسۆ لەو هونەرمەندانە بوو کەلەم سەردەمەدا ناوی (هونەرمەندی کۆتای هەفتە)ی لێی دەنرێ، چونکە کاری فەرمانبەری دەکرد و تەنیا کۆتایی هەفتە کاتی بۆ هونەر هەبوو. بەڵام کاتێ کە کاری دەکرد کۆپی هیچ هونەرمەندێکی دیکەی نەدەکردەوە. بۆیە کارەکانی زۆر تایبەت بوون. گرینگی ڕووسۆ زیاتر لەسەر «واقیعەی سیحری»دا بوو کە زۆر لە سوریالیزمەوە نزیکە. (بڕوانە William Rubin) خۆی دەربارەی جۆری کارکردنی خۆی دەڵێت: «من ڕەسم ناکەم، بەڵکو کەسێکی دیکەیە کە دەستم دەجولێنێ». بەڕای (روبین) ئەم دێرە یەگکجار کورت و چڕە چەندین مانای تیایە تا دەگاتە مێتۆدی ئۆتۆماتیزم. واتا ڕووسۆ ئەوەندە ڕۆح و هەست و بیری خۆی لە کاتی ڕەسم کردندا بەیەکەوە گونجاندووە تا دەگاتە ئەو ئاستەی کە لە دونیای واقیعدا دەردەچێ بەرەو دونیای خەو و خەیاڵ و نائاگایی. گرینگی ئەم حالەتانە تەنیا بۆ ڕووسۆ و ئەو جۆرە هونەرمەندانە نییە، بەڵکو بۆ ئەو جۆرە بینینەیشە کە ئەم ڕەهەندانە لەو کارە هونەریانە دەبینن و پشتگوێی ناخەن، وەکو برۆتۆن و پیکاسۆ.

ڕووسۆ هێندە لە سنوورەکانی واقیع دوورکەوتبۆوە تاڕادەی بڕوابوونی بەخێو و جنۆکە و دونیای غەیبی و تێکەڵاوکردنی ئەو دونیایە بەواقیعەوە کە لەگەت سوریالی یەکی دەگرتەوە.

شایانی باسە ڕوسۆ و ڕێدا و تا دەگاتە کیریکۆیش لە دۆزینەوەی دادابیەکانن. (هەمان سەرچاوە).

## مارک شاگال

شاگال (Marc Chagall – ١٨٨٧–١٩٨٥) ئەو ماوەی لە پاریس بوو کارەکانی لەژێر کاریگەری خەو و خەیاڵدا بەئەنجام دەگەیاند لەگەڵ پەیوەندیەکی پتەو بەواقیعەوە. مرۆڤ و ئاژەڵ وەکو دوو گیانلەبەری ناو واقیع. بەڵام لە کاتی دارشتن و وێنەکردنیاندا

پەیوەندییان ئەوەندە بەواقیعەوە نەبوو. زۆر جار پێی مرۆڤەکانی لەسەر زەوی نەبوون. هەندێ جاریش سەری مرۆڤەکانی ئاژەڵ بوون یاخود جەستەی ئاژەڵەکانی مرۆڤ بوون و بەشێوەیەکی زۆر هارمۆنی بەیەکیانەوەی دەگونجاند کە بینەر تیایاندا هەست بەناکۆکی نەکا.

ئەم دونیایەی کارەکانی شاگال ڕەهەندێکی ڕوون و ئاشکرای سوریالیزمی تیا بوو کە برۆتۆن لە مانیفێستی دووەمی سوریالیزمدا ناوی دەبا، بەتایبەتی ناوی تابلۆی «من و دێیەکەم» کە ساڵی ١٩١١ دروستی کردبوو.

ئەم تابلۆیەی شاگال ئەتمۆسفێرێکە لە تێکەڵاوکردنی خەو و خەیاڵ و واقیع، تیایدا ژنێک مانگا دەدۆشی، بەڵام لەناو مێشکی ئاژەڵێکدا وێنە کراوە، جووتیارەکە بۆ زەوی کێڵاندن دەچێ، ئافرەتەکەی بەرامبەری بەسەراوبنی وێنە کردووە، لە ناوەڕاستی تابلۆکەیشدا بەگەورەیی وێنەی دوو دەموچاوی کردووە: یەکێکیان لە چەشنی مرۆڤ و ئەوەکەی دیکە لە چەشنی ئاژەڵ لە بەرامبەر یەکترین، وەک ئەوەی لە قسەکردندا بن لەگەڵ یەکتری.

شاگال نە بەشێوە و نە بەڕەنگ و نە بەدارشتن خۆی بەواقیع یان ئەکادیمییەوە نەبەستۆتەوە، ئەمەش لایەنێکی دیکەی خۆشەویستی سوریالیییەکان بوو بۆ کارەکانی شاگال.

## ئەلفرید کۆبین

دەکرێ ئەلفرێد کوبین (Alfred Kubin – ١٨٧٧ – ١٩٥٩) لە پاڵ ڕێدا و شاگال و ڕووسۆدا وەک ڕێ خۆشکەر بۆ سوریالیزم تەماشا بکرێ، لەبەر پەیوەندی هونەرەکەی ئەو بەدونیای خەوەوە.

کۆبین تەنیا بایەخی بەخەو نەداوە، بەڵکو بەزیندەخەویش. خۆی لەم بارەیەوە دەڵێت: «مرۆڤ تەنیا لە کاتی خەوتندا خەو نابینێ». لای کۆبین ئەو حالەتە زیندەخەوانەش بەشێک لە نائاگایی پێک دێنن وەک هەڵگرتنی سنوور لە نێوان واقیع و زیندەخەودا کە مرۆڤ بەرەو دونیای خەیاڵ دەبات و دووری ئەخاتەوە لەو واقیعەی کە بۆ سوریالییەکان هەموو شتێک نەبوو ببێتە سەرچاوەیەک بۆ هونەر و جوانی و داهێنان.

جگە لەو هونەرمەندانەی ناومان بردن: سوریالییەکان دونیای سیمبۆلیزمی «پول گۆگان»



وەکو سەرچاوە و ڕێ خۆشکەر بۆ هونەرەکەیان دەبینن. جگە لەوەی کە گۆگان هونەرمەندێکی پۆست ئەمپرێسیۆنیزم بوو، بەڵام زۆر پێش کیریکۆ سەرقاڵی دونیای میتافیزیک بوو، چونکە تەنیا واقیع و سروشت بۆ ئەو بەس نەبوو، بەتایبەت کاتێ کە لەگەڵ کۆمەڵی هونەرمەندی دیکەدا لە دێی «پۆنت ئاڤن» کەوتە کارکردن. ئەوسا گۆگان دەیویست زیاتر بچێتە قوڵایی ڕۆحەوە، ئەمەش بەرەو دونیای سیمبۆل و میتافیزیک بردی، خۆی لەو بارەیەوە دەڵێت: «من فیزیکی ئەمپرێسیۆنیزم گۆڕیوە بۆ میتافیزیک».

لە هونەری پیتورا میتافیزیکای کیریکۆدا پول گۆگان یەکێ بوو لە سەرچاوەکانی، بەڵام سوریالیزم ڕاستەوخۆ لە سیمبۆلیزمەوە نەهات، بەڵکو لە دادا و کارکردنی برۆتۆن لەسەر دۆزینەوەکانی (فرۆید)ەوە هاتووە. پۆل گۆگان و گۆستاف مۆرۆ و ئەرنۆلد بویکلن و ماکس کلێنگەر و سیمبۆلیزمەکان، وەک شێوەدانان بۆ ڕۆح لە لایەکەوە، سەرچاوەیەکی ڕۆحی بوون بۆ سوریالیزم، بەتایبەتی بۆ پیتورا میتافیزیکا. لە لایەکی دیکەشەوە جۆری بەکارهێنانی ڕەنگی ناتورالیستی و ئەکادیمییان سەرچاوەی سوود وەرگرتنی ژمارەیەکی زۆر لە سوریالیستە وەهمییەکان بوو، لە پێش هەموویانەوە سلڤادۆر دالی.

## فاکتەری (ڕێکەوت) لە سوریالیزمدا

لە سەرەتای ڕۆڵی فرۆید و مێتۆدی ئۆتۆماتیزمدا ناوی «ڕێکەوت»م وەکو فاکتەرێکی گرینگ برد لە سوریالیزمدا، پاشان بەلامەوە گرینگ بوو باسی مێتۆدی ئۆتۆماتیزم و پیتورا میتافیزیکا و فاکتەری «وەهم» بکەم وەکو دوو جۆری کاری هونەری شێوەکاری سوریالیزم.

مێژووی ڕێکەوت لەگەڵ مێژووی تازەگەریدایە، ئەمەش پەیوەندی بەجیابوونەوەی خودی هونەرمەند هەیە لە سروشت، بەتایبەتی لەو چرکە ساتانەی کە هەست و ڕۆح لەژێر کۆنترۆڵی عەقڵ ئازاد دەبن و چالاکییان لە بەکارهێنانی هێڵ و دانانی ڕەنگدا دەردەکەوێ. ئەم دیاردەیەش بەئاشکرا لە سەدەی حەڤدەم لە هێڵکارییەکانی ڕامبراندا بەدەرکەوتوون وەک دەرکەوتنی خودی تازەگەری لە هونەری شێوەکاریدا. پاشان بەئاشکراتر لە هێڵکارییەکانی گۆیا و دولاکروا و دومێدا وەکو پەڵەڕەنگیش لای تێرنەر و لەوێشەوە بۆ ئەمپرێسیۆنیزمەکان.

ستێفان مالارمێ لە کارەکانی ئیدواردمانێ دا فاکتەری ڕێکەوتی بینیووە و لەسەری نووسیوە «E. B. Henning».

یەکێ لە خەسڵەتە گرینگەکانی ئەمپرێسیۆنیزم خێرایی دانانی ڕەنگەکان بوو کە پاشان زیندوێتی بەتابلۆکان دەدا. ئەم خێرایی دانانی ڕەنگانە جگە لەوەی ڕەهەندێکی دەربڕینخوازی تیا بوو، یارمەتی ئەوەشی دەدا کە لایەنێک لە ڕەنگەکان، بەتایبەتی ئەوانەی کە لە نزیک یەکەوە دادەنران بەڕێکەوت تێکەڵاوی یەک بن یاخود دەچوونە سەر یەکتری. ئەم دیاردەی (بەڕێکەوت تێکەڵاوبوونی ڕەنگەکان) پاشان لە هونەری فۆڤیزم و دەربڕینخوازی تا دەگاتە تەجریدی ئۆرگانی کاندنسکی زیادی کردووە.

زۆری و گەورەیی ڕۆڵی ڕێکەوت لە تێکەڵاوبوونی هێڵ و پەڵەڕەنگەکاندا، پەیوەندی بەچالاکی ڕۆڵی ڕۆح و هەست و کەمی کۆنترۆڵی عەقڵەوە هەیە لە چرکە ساتی کارکردندا کە پاشان سوریالییەکان بەهوشیاریەوە تێبینییان کرد و کاریان لەسەری کرد و کردیانە پرەنسیپی کاری خۆیان. ئاستی هەرە بەرزی ڕۆڵی ڕێکەوت لە تێکەڵاوبوونی ڕەنگەکاندا پێش سوریالیزم لە تەجریدی ئۆرگانی کاندنسکیدا بوو. ئەمەش پاش هەوڵدانی زۆری کاندنسکی بۆ ئازادکردنی تابلۆ لە فیگەر، هەڵبەت لە ئەنجامی جیاکردنەوەی خود لە سروشت و چالاکی ڕۆڵی هەست و ڕۆح لە کاری هونەری پەیدابووە، ئەمەش زۆر نزیکە لە میتۆدی ئۆتۆماتیزمی برۆتۆن، وێڕای ئەو جیاوازییەی کە میتۆدی ئۆتۆماتیزم مەرج دانانێ بۆ نەهێشتنی فیگەر لە کاتێکدا لە تەجریدی ئۆرگانی کاندنسکیدا فیگەر لە تابلۆدا تەواو نامێنێ.

بەم جۆرە فاکتەری ڕێکەوت زیاتر پەیوەستە بەسوریالیزمی ئۆتۆماتیزمەوە، لەگەڵ سوریالیزمی وەهمیدا پەیوەندی زۆری نییە، ئەگەرچی ئۆتۆماتیزم و تەجریدی ئۆرگانی کاندنسکی سەرچاوەکانیان جیان. جگە لەوەی بەکارهێنانی ڕاستەوخۆی میتۆدی ئۆتۆماتیزم لە هێڵکاری و ڕەسم کردندا حالاتی ڕێکەوت لە دانانی ڕەنگ و هێڵەکان دروست دەکات وەک لای ئەندرێ ماسۆن و خوان میرۆ، بەڵام فاکتەری ڕێکەوت لە سوریالیزمدا دیسانەوە لە ڕێگای (دادا)وە هاتە ناو سوریالیزم.

هونەرمەندانی شێوەکاری پێشووی دادا (مارسیل دوشا) و هانز ئارپ و فرەنسیس پیکابیا ئەو دەرگایە بوون کە فاکتەری ڕێکەوتی لێوە هات بۆ ناو سوریالیزم، بەجۆرێ هەندێک دەڵێن: سوریالیزم بەناو پیکابیاوە تێپەڕیوە هەڵبەت لەبەر گرینگیدانی پیکابیا بەسیستەمکردنی ڕێکەوت. بڕوانە (Edward B. Henning). وەکو هەنگاوی گرینگ بۆ جیاکردنەوەی لە دادا و بەسیستەمکردنی سەرجەم ئاژاوەی دادا.



بایەخدانی سوریالیزم بەفاکتەری «ڕێکەوت» بەجۆرێ بوو کە ئۆتۆماتیزم و ڕێکەوت وەکو یەک کاریگەریان هەبووە لە ئازادی دەربڕیندا. هەردووکیان بەیەکەوە ئەو حالەتە ئازادیە پێک دێنن کە عەقڵ کۆنترۆڵی لەسەر ڕۆح و هەست نامێنێ. ئەو کات بەڕێکەوت پەیوەندی لە نێوان هێڵەکان و ڕەنگەکان دروست دەبێ و شێوەی سەیر سەیر بەڕێکەوت لە کارە هونەریەکەدا دەردەکەون.

ڕێکەوت لای دادایییەکان بەتایبەت لای تسارا هێزێکی شەخسی نەبوو، بەڵکو لە نائاگایەوە دەهات. لای برۆتۆنیش کلیلی گەڕان بوو بەدوای خوددا. (هەمان سەرچاوە).

## ڕۆحی سوریالیزم

برۆتۆن و هاوڕێکانی بەکار و تەجرەبەکانیان لەسەر دۆزینەوەکانی فرۆید لە بواری خەون و نائاگایی و تێکەڵکردنی ئەنجامی تاقیکردنەوەکانیان لەگەڵ واقیعدا ناسنامەی (دادا)یان گۆڕی بۆ سوریالیزم، ئاژاوەیان ڕێکخست، ڕێگای بیرکردنەوەیان لە ناوەوە بەرەو دەرەوە گۆڕی بۆ لە دەرەوە بەرەو ناوەوە. بەڵام ئەوەی نەیانویست بیگۆڕن ڕۆحی دادا بوو. نەک تەنیا نەیانویست ئەو ڕۆحە بگۆڕن، بەڵکو بەردەوامیشیان پێدا بەڵام بەشێوەیەکی دی.

ئەوان بەردەوامیان بەڕەفزکردنی ڕۆحی خۆرئاوا و شارستانییە مەتریالییەکەی دەدا کە «بەڕای ئەوان» لە ئەنجامی عەقڵ و مەنتیقەوە هاتووە. بڕوایان وابوو دوو هەزار ساڵ دەبێ کریستیانی ڕێگای لە دەربڕین و ئازادبوونی دونیای ناوەوە گرتووە، تاکە کەسیان بەئاین و ئەخلاق و خێزان، کۆت و بەند کردووە. ئەوان دژ بەرەگ و ڕەچەڵەکی ئەو ئاینەش بوون کە ئاینی یەهودی و فەلسەفەی یۆنانی کۆن دەگرێتەوە. بڕوانە (Maurice Nadean).

برۆتۆن وەک لە مانیفێستی یەکەمی سوریالیزمدا گوتویەتی: «ئێمە هێشتا لەژێر کۆت و بەندی مەنتیقی خۆرئاوا و شارستانیەکەی داین». کە بەڕای ئەو ڕۆح و هەست و لایەنە بێ ئاگاییەکانی مرۆڤ سەرکوت دەکات. لە لایەکی دیکەوە یەکێ لە سەرچاوەکانی ئەوان کیریکۆ بوو کە لە ڕۆح و هونەری کواترو چێنتۆ (سەدەی پانزە)(١٤٠٠ - ١٥٠٠) و سیمبۆلیزمەوە هاتووە کە بەدەر نییە لە کریستیانی، لە لایەنی فەلسەفیشەوە ئەوان فەلسەفەی خۆیان لەسەر دیالێکتی هیگڵ بینا کردبوو کە لە ڕۆحی کریستیانیەوە هاتووە. (د. عبدالله ابراهیم - المرکزیه الغربیه) لێرەدا گشت ڕەفز و یاخیبوونی سوریالیستەکانیش لە چوارچێوەی خۆرئاوای کریستیانی نایەتە دەرێ و لە ئەنجامیش وەکو

داداییەکانی پێش خۆیان بەشێکی تازەگەر لە کولتووری کریستیانی خۆرئاوا پێک دێنن، ئەگەر دادا تا ڕادەیەک ڕۆحی مۆدێرنەی ڕەت دەکردەوە لەوەدا خۆیان بەمۆدێرن لە قەڵەم نەدەدا بەڵام سوریالییەکان وێرای هێشتنەوەیان بۆ ئەو (ڕۆحە ڕەفزەی دادا) بەشێکی گرینگ لە مۆدێرنە دروست دەکەن.

بەشێکی ئازاد و زیندوو و جوانە لە سەرجەم پرۆسەی مۆدێرنەدا. ڕۆحی ڕەخنەگرتن لە شارستانی خۆرئاوا کە دیسانەوە میراتی دادا بوو، خۆرئاوای بەلایەنە جۆربەجۆرەکانی خۆی ناساند و پاشان دەوڵەمەند و بەهێزتری کرد.

لەگەڵ هەموو ئەو یاخیبوونەیاندا لە ڕۆح و دامودەزگای خۆرئاوا، بەڵام هەر مێژووی ئەو کولتوورە خۆرئاواییە کە سوریالیزمی لێ پەیدابوو، فرۆید و کیریکۆ و سیمبۆلیزمی خۆرئاوا بوون کە سەرچاوەی گرینگی سوریالیزمیان پێکهێنا، بووە شۆڕشێکی گرینگ لە هونەر و ئەدەب و فیکری خودی خۆرئاوا ئەگەرچی ئەوان جەختیان لەسەر مرۆڤ و ئازادی و خۆشەویستی دەکرد، بەڵام بەعەقڵ و هەست و ڕۆحێکی خۆرئاواییەوە ڕەفتاریان دەکرد. ئەگەرچی ئەوان بەڕووکەش کاریان بۆ خۆرئاوا نەدەکرد، بەڵام بەپێچەوانەوە هەمیشە لە یاخیبوون و ڕەفزی مەنتیق و لایەنە شارستانییە مەتریالییەکەیدا بوون. لە ئەنجامدا ئەوەی بەڕادەی یەکەم سوودی لێیان بینی خودی خۆرئاوا بوو. لەگەڵ گشت ئەمانەشدا ئەستەمە تۆمەتی ناسیۆنالیزم و خۆرئاواگەری بخرێتە پاڵیان، چونکە ئەوان ڕۆحی دژ بەنەتەوەپەرستی دادایان لە خۆ هێشتەوە و کراوە بوون بەرامبەر گشت نەتەوە و کولتوورەکانی دیکە، هەمیشە لەگەڵ پەیوەندیدا بوون لەگەڵ کولتوورەکانی دیکەدا، چ برۆتۆن خۆی و چ سوریالییەکان، کولتوورەکانی دەرەوەی ئەورووپایان خۆش دەویست. وەک برۆتۆن خۆی وەسفی خۆرهەڵاتی بە«خۆرهەڵاتی تورە و مرواری» کردووە، بەهەمان ئاستیش وەسفی مەکسیک دەکا «بڕوانە بیرەوەرییەکانی برۆتۆن لە مەکسیک».

(پەیوەندی) چەمکێکی گرینگی سوریالیزمە چ لە ئاستی پەیوەندی بەشە ئازادو جیاجیاکانی وەک لە مێتۆدی ئۆتۆماتیزمدا یان پەیوەندی نێوان خۆیان و کولتوورەکانی دیکە بۆ بەرفراوانکردنی ئازادی مرۆڤ و نەهێشتنی سنوور لە نێوان کولتوورەکاندا، هەر بۆیەشە هونەری میللەتانی ئەفەریقا و ئاسیا و هیندییە سوورەکانی ئەمەریکا جێگایەکی گەورەی هەیە لە سوریالیزمدا.

بێزاری و ڕەفز و یاخیبوونی سوریالییەکان لە ڕۆح و کولتوور و شارستانی خۆرئاوا چ



لای خودی خۆیان و لە دەرەوە، دەکرێ بەچاوێکی بەرز تەماشا بکرێ، ئەمە ئازادی و نەترس و ئاستی هۆشیاری بەرزی ئەوان نیشان دەدات، ئەگەرچی ئەوان بەدوای بەدیلدا نەدەگەڕان بەڵام زۆر جار هونەر و ڕۆح و کولتووری میللەتانی دیکەیان لە پێش هی فەرەنسا و خۆرئاواوە دادەنا کە ئاستێکی گەورەی لەخۆبوردن و ڕێز لێنانی تیایە بۆ (ئەوی دیکە)، تا ڕادەیەک لە زۆر حالەتدا دژی کولتووری خۆرئاوا دەوەستانەوە لە لای ژمارەیەکیان (ئەفغانستان) زۆر خۆشەویستتر بوو لە کۆشکی فرسای و سەرجەم هونەری ڕۆمانی. (بڕوانە Patrick Waldberg لاپەڕە surrealismus 22, 21).

ئەمە بەشێوەیەکی سەرەکی ئاستی بێزاری ئەو سوریالیانە دەگەینێ کە کۆشکی فرسای بەبەشێک لەو عەقڵ و شارستانیە دەبینن کە سەرچاوەکەی هونەری ڕۆمانییەو لەژێر یاسا و دیسیپلینێکدا دروست بووە. ئەوان نەک هەر تەنیا بەنەگونجاویان دەبینی لەگەڵ خۆیان، بەڵکو ڕقیشیان لێی دەبۆوە.

لای برۆتۆن و سوپۆ و ئێلوار و ئەراگۆن لەگەڵ ئەو ڕەفز و یاخیبوونانەدا جیاوازی و هەڵبژاردن و سوود لێ وەرگرتن هەبووە. بەڵام لای یەکێکی وەک ئەنتۆنین ئارتۆ Antunin Artaud ڕەفز و یاخیبوونەکە یەکجار کوشندە بوو تا ڕادەی شوبهاندنی خۆرئاوا بەمۆمیا و کریستال و نرخاندنی ئاستی نزمی ڕۆحی وەک لە نامەکانیدا بۆ سەرۆکی زانکۆکانی ئەورووپا و (دەلای لامە) دەنووسێ کە من لێرەدا چەند بەشێکی وەردەگێڕمە سەر کوردی.

١) دەلای لامە: پیاوی گەورەی ئاینی بودایی تبتستان (م).

لە نامەکەیدا بۆ سەرۆکی زانکۆکانی ئەورووپا دەڵێت: «ئەورووپا لەژێر کۆت و پابەندی یاسا و کارگە و دادگا و زانکۆکانیدا خۆی بەکریستال و مۆمیا دەکا... ئەمە سیستەمە کەڕوو هەڵهێنراوەکەی ئێوەیە، تاوانی ئەو مەنتیقەی ئێوەیە کە دەڵێت دوو جاران دوو دەکاتە چوار.

... تاوانبار ئێوەن ئەی سەرۆکی زانکۆکان... ئێوە مامۆستای هەڵە دروست دەکەن، کەسانی کوێر دروست دەکەن کە هیچ دەربارەی ڕۆڵی فەلسەفە و ڕۆح نازانن... سەرەنجام بەچ مافێک دەتانەوێ دیبلۆمی ڕۆح دابەش بکەن و ڕەوتی زانست بگۆڕن؟».

بەڵام کاتێ کە هەر خۆی نامە بۆ (دەلای لامە) دەنووسێت تیایدا دەڵێت: «ئێمە خزمەتکاری دڵسۆزی تۆین ئەی (لامەی) مەزن، ئامۆژگاری خۆتمان بەزمانێ بۆ بنێرە کە ڕۆحی ناهەمواری ئێمەی ئەورووپی لێی بگەین، خۆ ئەگەر پێویستیش بێ ڕوحیشمان

بگۆڕە، ڕوحێکمان پێ ببەخشە کە نزیک بێ لە لوتکەی کاملبوونەوە تاوەکو جارێکی دی ڕۆحی مرۆڤ بەهیلاکی و کلۆڵی نەمێنێتەوە... بەهۆی نووسەر و سەگ و ڕەخنەگرەوە ڕۆحی ئێمە کەوتووەتە ژێر ئاستی سەگیشەوە.

... بەنیگای ناوەوە تەماشای تۆ دەکەم ئەی پاپای لوتکەی دونیای ناوەوە... لە ناخی ناخیشمەوە خۆم بەتۆ هاوتا دەکەم». (هەمان سەرچاوە لاپەڕە ٥٧).

ڕۆح پەیوەندی بەئاینەوە هەیە بەڵام مەرج نییە هەمیشە ئاین تەنیا سەرچاوەی ڕۆح بێت، مرۆڤ دەتوانێ لە سەرچاوەی غەیرە ئاینیشەوە ڕۆح وەرگرێ، بەم جۆرە هاوبەشی ڕۆحی لە نێوان مرۆڤەکاندا مەرج نییە لە هاوبەشی ئاینییەوە هاتبێت.

کاتێ دادا و سوریالیزمیش نموونەی زۆری وەکو (ئەنتۆنین ئارتۆ)ی(*) تیا بووە کە هاوبەشیان لەگەڵ ئاینی کریستیانی ئەوەندە نەبووە، بەڵکو هەستیان بەنزیکایەتی ڕۆحی خۆیان لەگەڵ هەندێ ڕۆحی دیکەدا کردووە کە لە دەرەوەی کولتووری ئەورووپای کریستیانین (ئەمە تەنیا نامۆ و هەڵاتن لە ڕۆحی ئەورووپای کریستیانین ناگرێتەوە بەڵکو هەندێ جار بەپێچەوانەوەیە) بەڵام ڕۆحی سوریالیزم وەکو بەردەوامێک بۆ ڕۆحی دادا نامۆبوونێکی تیا بوو لە ئەورووپای کریستیانین، لەبەر ئەوەی سوریالیزم بزووتنەوەیەکی ڕۆحی بوو لە هەموو ئەو فاکتەرانە یاخی دەبوو کە هەڕەشەیان لە ڕۆح دەکرد، کاریگەری ئەو دەربڕین و هەڵوێستانەی ئەنتۆنین ئارتۆ لەسەر برۆتۆن گەورە بوو، دووریش نییە هەر لەژێر ئەو نووسینانەی ئارتۆدا بێت هەندێ لایەنی مانیفێستەکەی وەکو: «ئێمە هێشتا لەژێر دەستەڵاتی مەنتیق داین» و چەند دێرێک دوای ئەوە ئاماژە بۆ کۆت و بەندی خۆرئاوا و زیانەکانی بۆ سەر ڕۆحی مرۆڤ دەکات. چونکە ئارتۆ یەکێ لە خۆشەویستەکان بووە لای برۆتۆن و سوریالییەکان، دوور نییە گشت دوورکەوتنەوەکانی برۆتۆن لە ئکریستیانی و پاشان مارکسیزم و نزیکبوونەوەی لە سەرچاوە ڕۆحییە شەرقییەکانەوە وەکو ئەلمشیمی و ئوکولتیزم و هێرمیتیزم دیسانەوە کاریگەری ئارتۆی لەسەر بێ.

بەم جۆرە ڕۆحی ڕەفز و یاخیبوونی دادا لە ئەورووپا و عەقڵە سەرمایەدارییەکەی کە جەنگی جیهانی بەسەر مرۆڤەکانیدا سەپاند ئەوەندە بەهێز و کوشندە بووە کە گشت سوریالیزمی گرتەوە.

ئاژاوە و هاتوهاوار و کارکردن بەڕۆحێکی پێکەنینەوە یەکێ لە خەسڵەتەکانی دادا بوو

(*) ئەنتۆنین ئارتۆ لە کۆتایی ژیانیدا تێک دەچێت.



کە لایەنی جیدی و قورسی عەقلانییەتی کەم دەکردەوە. ئەمەش خۆی لە خۆیدا کەم کردنەوەی کۆنترۆڵی عەقڵ بوو بەسەر هەست و ڕۆحدا، لە هەمان کاتیش فرسەتی بوو بۆ خودی عەقڵ بتوانێ یاری بکا سوریالییەکان بەردەوامییان بەرەو ئەو ئەنجامانە پێدا عەقڵ خۆی بەرەو جێگای گرفتە سەرەکییەکانی مرۆڤ بڕوات و چارەسەریان بکات.

ڕۆحی دادا هێندە کاریگەری گەورە بوو بەسەر سوریالیزمەوە بەڕادەیەک هەندێک دەڵێن گەر دادا نەبووایە سوریالیزم بەجۆرێکی دیکە دروست دەبوو.

## جوانی لای سوریالیزم

وەکو لە لاپەڕەکانی پێشوودا باسم کرد سوریالیزم پێش ئەوەی ڕێبازێک یان قوتابخانەیەکی هونەری بێ بزووتنەوەیەکی ڕۆحی بوو، کارکردن بوو لە قوڵایی دەروونداً، لە پەیوەندییە ئازادەکانی نێوان ڕۆح و بیر و هەستدا، هەر بۆیەشە ئەوان ئەوەندە بایەخیان بەلەیەکچوونی باری دەروونی و ئازادییەکانی ناوەوە دەدا، ئەوەندە بایەخیان بەشێوە نەدەدا. لای ئەوان گرینگ ئەوەبوو کارە هونەریەکە ڕەنگدانەوەی پاکی و بێ گەردی ڕۆح و هەست و بیرێکی ئازاد بێ، ئیدی هونەرمەند چ شێوەیەک یان ڕەنگێک یان مەتریالێک هەڵدەبژێرێ ئەمە بەپلەی دووەم دێت.

ئەوان لە کاتی کارکردندا بیریان لە قوتابخانەیەک یان ڕێبازێکی هونەری نەدەکردەوە، ئەمە لای هونەرمەندی سوریالی خنکاندنی ئازادی و کوشتنی ڕۆحی کارە هونەریەکە بوو پێش لە دایکبوونی. بەڵام بۆ ئەوەی کارە هونەریەکە پاش تەواوبوونی وەک کارێکی سوریالی بناسرێ دەبوایە ڕەنگدانەوەی مێتۆدی ئۆتۆماتیزم و تێکەڵاوکردنی سنوورەکانی نێوان حالەتە بێ ئاگاییەکان و واقیع و هەندێ خەسڵەتی دیکەی سوریالی وەکو سەرسوڕمان و لەناکاوی تیابێ. سوریالییەکان بۆ لایەنی جوانی کارەکانیان جگە لە برۆتۆن و ڕیڤاردی و ئێلوار و ئەراگۆن، زۆر جار دەگەڕانەوە بۆ هەندێ سەرچاوەی دیکەی وەک ئەپۆلینێر و ڕامبو و لوتریامۆن تا دەگاتە بۆدلێریش کە لای سوریالییەکان سەرچاوەی خەسڵەتی (سەرسوڕمانە) لە کاری هونەریدا. (بڕوانە Patrick Waldberg) لەیەکدان و تێکەڵکردنی چەند دونیایەکی دوور لە یەکدی، بەڕای لوتریامۆن ڕیڤاردی حالاتی سەیر و سەرسوڕمان و پڕ «مفاجأه» دروست دەکەن و دەبنە ئاستێکی بەرز بۆ جوانی.

بریۆتۆن و سوپۆ و سوریالییەکان هەمیشە ئەو قسەیەی (لوتریامۆن)یان وەکو جوانترین

نموونه دەهێنایەوە بۆ نزیکبوونەوە و لەیەکدانی چەند واقیعی جیا و دوور لەیەک. لەم بارەیەوە دەڵێ: «جوانی وەکو دیدارێکی لەناکاوی چەترێک و مەکینەیەکی دروومان لەسەر تەختی عەمەلیاتی دکتۆرە».

(پێر ڕیڤاردی)یش دیسانەوە دەربارەی جوانی نزیکبوونەوەی دونیا جیاوازەکان دەڵێت: «تابلۆ بەرهەمی ڕۆحی پەتیە لە حالەتی بەراورددا دروست نابێ، بەڵکو لە حالەتی لەیەک نزیکبوونەوەی دوو واقیع یان زیاتر کە لەیەکەوە دوور بن، چەندیش دونیای واقیعەکان دوور بن لەیەکەوە ئەوەندە هەست و شیعریەتی تابلۆکە بەهێزتر دەبێت».

بیرۆکەی «لەیەک نزیکبوونەوەی حالەتە جیاوازەکان» کە لەسەر پێوانەکانی جوانی لای لۆتریامۆن و ڕیڤاردی و سوریالییەکان بەکار بووە، بەرەچەڵەک بۆ ئەپۆلینێر دەگەڕێتەوە کە نەک تەنیا لەسەر سوریالییەکان بەڵکو کاریگەری لەسەر گشت هونەرەکانی سەردەمەکەی خۆی هەبووە.

لەوانەیشە ماکس ئێرنست پێش ئەوەی کارە کۆلاجەکانی ساڵی ١٩١٩ بکا هەر وەکو چۆن چاوی بەهونەری پیتورا میتافیزیکای کیریکۆ کەوتبوو، شارەزاییشی دەربارەی ئەم مقاییسە جوانانەی لۆتریامۆن و ڕیڤاردی و سەرجەم سوریالییەکان هەبووبێ، چونکە ئەو بابەتانەی کە ئێرنست بەیەکیانەوەی لکاندوون چەند دونیایەکی جیان لە یەکدی وەک بابەت، ئەوەندە پەیوەندییان بەیەکەوە نەبووە، بەڵام ئێرنست بڕیونی و بەیەکەوە چەسپی کردوون وەک چەند کارێکی کۆلاج بێ بایەخدان بەشێوە، بەڵکو بایەخدان بەنزیکبوونەوە و لەیەکدانی چەند بابەتێکی جیاواز کە لەگەڵ پرەنسیپی جوانی قەولەکەی لوتریامۆن و ڕیڤاردیدا تەواو گونجاوە. ئێرنست لەو کارانەیدا بایەخی تەنیا بەناوەڕۆک و لەیەک نزیکبوونەوەی جیهانی ئەو وێنانە داوە بێ ئەوەی بایەخ بەشێوە بدا. بەڕای ی. ل. ت مێسەنس Mesens ناوەڕۆکی ئەو کارانەی ئێرنست حیکایەتخوازی بوون تاکو ڕادەی سنوورەکانی خەون. (بڕوانە ولیام ڕوبین William S. Rubin). ئەو کارانەی ئێرنست گشت پرەنسیپەکانی سوریالیزمیان بەخۆوە گرتووە، چ وەک لەیەک نزیککردونەوەی چەند دونیایەکی دوور لەیەک کە (مفاجأە) و حالاتی سەیر دروست دەکەن تا بایەخدانی سەرەکی ئێرنست بەناوەڕۆک و پشتگوێ خستنی شێوە بۆ خودی کارە هونەریەکە. ئەمەش لە لایەنی هونەرییەوە دووریی سوریالیزم لە شێوازی ناتورالیزم و ئەمپرێسیۆنیزم و ئەکادیمی نیشان دەدات، نزیکبوونەوەی لە تەجرید و سیمبۆلیزم.

بەڕای (ولیام ڕوبین) ئەو هونەرەی کە لە ڕەگ و ڕەچەڵەکی یۆنانییەکانەوە بۆ مایکل



ئینجیلو ماوەتەوە و لەوێشەوە بۆ سیزان گواستراوەتەوە نەک تەنیا بەسوریالیزم نامۆیە بەڵکو دوژمنیشیەتی چونکە جگە لەوەی شێوە تیایدا ڕۆڵێکی گەورە دەبینێ بەڵام بەڕۆح و عەقڵێکی ئەوروپی خۆرئاوایی کریستیانی دروست کراون، بەقەولی برۆتۆن ساڵەهای ساڵە ڕۆح و هەست و لایەنە بێ ئاگایەکانی مرۆڤی سەرکوت کردووە، لە کاتێکدا لە کاری سوریالیزم ناوەڕۆک خۆی شێوە بۆ خۆی دروست دەکا و گشت هەوڵی سوریالییەکان بۆ چالاککردنی لایەنە بێ ئاگایەکان و ئازادی ناوەوەی مرۆڤە کە بەڕای برۆتۆن بەمێتۆدی ئۆتۆماتیزم دێتە ئەنجام و جوانیەک لەگەڵ خۆ دێنێ کە لە قوڵایی پەیوەندی ئازادی ڕۆح و بیر و هەستەوە دێ، جوانیەک کە پێویست بەڕازانەوە و ڕتوش نەکات.

برۆتۆن لە جوانی کاری سوریالیزم زیاتر باس لە سوریالیزمی ئۆتۆماتیزم دەکات کە جوانی تیایدا جوانی ڕاستگۆیی دەروونی ئازادی هونەرمەندەکەیە، لە چرکە ساتی کارکردن و دەربڕیندا، گرێدان و بەستنەوەی تەواوی هەست و ڕۆح و بیری هونەرمەندەکەیە کە دەست و فڵچەکەی یاخود پاستیل و قەڵەمەکەی یان هەرچ مەتریالێکی دیکەی لەسەر کاغەز یان قوماش یان هەرچ ڕووبەرێکی دیکە دەجووڵێنێ. دەست لەم حالەتانەدا تەنها وەزیفەی جێبەجێکردن دەگەیەنێ بەڵام هونەر و دەربڕین کاری بەیەکەوە کارکردنی هارمۆنی ڕۆح و هەست و بیرە، ئەنجامەکەیشی جوانی ڕۆحە کە پێویست بەدەستکاری ناکا.

هەر دەستکارییەک و گۆڕینی هێڵ و پەلەڕەنگەکان، پاش تەواوبوونی کارەکە بەنیازی جوانکردن، خەسڵەتی سوریالیستی لە دەست دەدا. شێوەیەک بەکارە هونەرییەکە دەدا کە هونەرمەندەکە خۆی دەیەوێ نەک ئازادییەکانی ناوەوە و حالاتە بێ ئاگایەکان. ئەو کاتە دەبێتە جوانییەکی ڕووکەش و نابێتە دەربڕین لە قوڵایی ناوەوە کە برۆتۆن وەکو هێزێکی بزوێنەر جەختی لەسەر دەکا کە لە ڕۆمانی نادیە (Nadja)دا دەردەکەوێ دەڵێ: «جوانی دەبێ وەک بومەلەرزەبێ یاخود نەبێ».

پەیوەندی نێوان هەست و بیر و ڕۆح و دەربڕینی ئەو چرکە ساتانەی یەکگرتنەوەیان بەڕەنگ بێ یان هێڵ یان نووسین یاخود قسەکردن، یان هەرچ مەتریالێکی دیکە، دەربڕینێکی ڕاستەوخۆیە بێ ئەوەی پاشان ڕتوش یان دەستکاری بوێ. ئەوان گشت کارێ ڕەد دەکەنەوە کە بەرهەمە هونەریەکە لە پێناوی ڕازانەوە و جوانکردنی دەرەوەیدا بێ. ئەو کات بەڕای ئەوان لە کاری سوریالیزم دەردەچێ و دەبێتە کارێ کە لە پێناوی جوانیدا کرابێ، چونکە جوانی کاری سوریالی جوانییەکی ناوەوەیە لەگەڵ پرۆسە و میکانیزمی چرکە ساتی دەربڕیندا دروست دەبێ، نەک پاشان پیاچوونەوە و دووبارە جوانکردنی. ڕۆح

و هەست لە چرکە ساتە ئازادەکانی ناوەوە خۆیان ڕەنگ و شێوە و مەتریال بۆ خۆیان هەڵدەبژێرن نەک بەخواستێک کە لە دەرەوە بێت. بەم جۆرە دەست و فڵچە لە کاری سوریالیدا تەنیا وەزیفەی جێبەجێکردن دەبینێ.

هونەری سوریالی ئەو هونەرە نییە کە لە پێناوی جوانیدا دەکرێت، بەڵکو هونەرێکە کە جوانی لەگەڵ خۆی دێنێ.

## سوریالیزم و سیاسەت

سەردەنی سوریالییەکان ماوەی نێوان هەردوو جەنگی جیهانی بوو. ئەوان خۆیان دوورەپەرێز نەدەگرت لەو ڕووداوە گەورانە و پاشماوەکانی، لە لایەکەوە دەیانەویست وەکو ئەدیب و هونەرمەند بمێننەوە و لە لایەکی دیکەیشەوە نەیاندەویست بێ هەڵوێست بن بەرامبەر ڕووداوەکان، لە لایێەکەوە شۆڕشگێڕ بوون و نزیک بوون لە مارکسیزم و گرووپە چەپەکانەوە، لە لایەکی دیکەشەوە وێڕای مارکسیزمی، ئەو ڕۆحە عەدەمییەی دادایان لە خۆیان هێشتبۆوە، لە لایەکەوە دەیانویست دونیا بگۆڕن و لە لایەکی دیکەشەوە ڕەشبین بوون.

ئەوان مارکسیست بوون بەڕۆح نەک بەئایدیۆلۆجیا، لە نێوان مارکس و ڕامبۆدا لەیەکچوونی زۆریان دەبینی، ڕەفز و یاخیبوونیان دەبینی لە سەرمایەداری ئەورووپی و عەقڵی دروستکەری، بەڵام نەیاندەویست لەناو پەیڕەو و پرۆگرام و ئایدۆلۆجیای حزبدا بتوێنەوە. ئەمە ناکۆکی و لەیەک نەگەیشتنی نێوان سوریالییەکان و گرووپە چەپەکان و حزبی شیوعی فەرەنسی بوو، ئەگەرچی ئەراگۆن و ئێلوار بوون بەئەندام تیایدا. (بڕوانە Maurice Nadaea) مارکسیزم بۆ سوریالییەکان لە قاڵبدان و ڕێگر نەبوو بۆ ئازادی، بەپێچەوانەوە سەرچاوەیەک بوو بۆ ئازادی و هێز و توانای گۆڕان بۆ زیاتر ڕەفز و یاخیبوون لە کۆن و خێرایی بەرەو پێشەوە چوون. هەر بۆیەشە لە پاش ساڵی (١٩٢٤)ەوە ناوی گۆڤارەکەیشیان لە (لیتراتور)ەوە گۆڕی بۆ شۆڕشی سوریالیزم. Le Revolation Surreal-ism بەڵام نە چینی پرۆڵیتاریا و نە ڕابەڕە سیاسییەکەی لە دونیای ئازادییەکانی ناوەوە و لەیەک نزیکبوونەوەی دونیا جیاوازەکانی ئەوان دەگەیشتن. لای زۆر لە ئەندامانی گرووپە چەپەکان بروتۆن و هاوڕێکانی کۆرەبورژوا و کەسانی بێ هەڵوێست بوون. ئیدی سوریالیزمی قووڵبوونەوە لە نهێنییەکانی ڕۆح و دەروون و پرولیتاریای ڕێکخراوی




جاکلین بروتۆن، ترۆتسکی، ڕیڤێرا، بروتۆن ١٩٣٨

سیاسی دوو جیهانی جیابوون. ئەم جیاوازییەی بیروڕای نێوانیان گەیاندییە هەندێ ناکۆکی دیکە کە پاشان بوون بەئۆپۆزیسیۆن (معارضە) لەناو گرووپە چەپەکاندا.

بروتۆن خۆی وەکو بیروباوەڕی سیاسی زیاتر لە ترۆتسکییەوە نزیک بوو وەک لە سەرکردەکانی حزبی شیوعی فەرەنسییەوە. ماوەیەک برادەرایەتی هونەرمەندی مەکسیکی دییێگو ڕیڤیرای کرد Diego Rivera، ئەویش بەترۆتسکی ناساند و بۆ ماوەیەک بروتۆن سەفەری بۆ مەکسیک کرد و لەگەڵ ترۆتسکی و ڕیڤیرا و ژنەکەی (فریدا کالو) ژیانی بەسەر برد. بەڵام لە جەنگی جیهانی دووەم بەدواوە بروتۆن لە گشت سەرچاوە مارکسییەکان و ترۆتسکی دوور دەکەوتەوە، لە سەرچاوە ڕۆحییە شەرقییەکان وەک ئەلشیمی و ئوکولتیزم نزیک دەبێتەوە.

سیاسەت لای سوریالییەکان دروشم بەرزکردنەوە و ڕێکخستن نەبوو لە چوارچێوەی حزبێکدا، بەڵکو هەڵوێست وەرگرتن بوو لەناو ژیاندا، بەرپرسیارێکی ئینسانی بوو بەرامبەر سەردەمەکەی خۆیان. ئەوان دژایەتی هەرچ گرووپ و تاقمێکیان دەکرد کە هەڕەشە لە ئازادی و کەرامەتی ئینسان بکا. هەڵوێستیان دژی حکومەتی فەرەنسی وەرگرت لە شەڕی مەغریب و جەزائیردا. ناوی شۆڕشگێڕی مەغریبییان (عبدالکریم الخطابی) لە نووسینەکانیاندا بڵاو دەکردەوە. ئەو کات ئەوان دروشمیان ئەوە بوو «هیچ ئازادییەک بۆ دوژمنانی ئازادی نییە». (بڕوانە Maurice Nadean).

## سوریالیزم و سەلڤادۆر دالی

لەگەڵ گشت ئەو ڕەخنانەی کە لە سەلڤادۆر دالی و کارەکانی دەگیرێ هێشتا ئەدەبیاتی سوریالیزم ئەوی لە ناوخۆی هێشتۆتەوە. کە باس لە هونەری شێوەکاری سوریالیزم دەکرێ باس لە «دالی»یش دەکرێ. بەپێی ڕای ژمارەیەک لە زانایانی هونەر سەلڤادۆر دالی سوریالی نییە، بەڵام کەم کتێب هەیە دەربارەی سوریالیزم باس لە دالی نەکا، چ وەکو ئەو ئاژاوە و حالاتە نەگونجانانەی کە بەدرێژایی بوونی لەگەڵ سوریالییەکاندا دروستیانی کردووە، چ وەک جۆری ڕەسم کردن، کە بەڕای هەندێ هونەرمەند و زانای هونەر پەیوەندی بەسوریالیزمەوە نییە. ڕەخنەکان لە دالی کوشندەن چ وەکو ڕەفتاری شەخسی و چ وەکو جۆری کارکردنیشی.

گومان لەوەدا نییە کە دالی ڕەسامێکی بلیمەت بوو، توانای بەسەر بەکارهێنانی ڕەنگەوە زۆر گەورە بوو، دەیتوانی گشت فاکتەرە ئەکادیمییەکان وەکو تاریکی و ڕوونی لە بەکارهێنانی ڕەنگدا و منظور (دیدەگا) و «ڕێژە» بەباشی لە تابلۆکانیدا بەکار بهێنێ. بەڵام تا چ ڕادەیەک ئەو تابلۆی سوریالی دروست کردووە، ئەم پرسیارە هێشتا کراوەیە.



سەلڤادۆر دالی. ١٩٢٩

سەلڤادۆر دالی (Salvador Dali – ١٩٠٤-١٩٨٩) وەکو ژمارەیەکی زۆر لە ڕەسامە سوریالییەکان لەژێر کارتێکردنی ڕەسمی میتافیزیکی دی کیریکۆ و مێتۆدی شیکاری دەروونی فرۆید خۆی لە سوریالییەکان نزیک دەکاتەوە. لە ساڵی ١٩٢٨ دێت بۆ پاریس و لە ڕێگای (خوان میرۆ)وە ئەندرێ برۆتۆن دەناسێ و پاشان پەیوەندی لەگەڵ گالای ژنی ئێلوار پەیدا دەکا، چەند کارێک لەسەر کاغەز دروست دەکا کە خۆی بەسوریالیزمی لە قەڵەم دەدا، دەیەوێ لە ڕێگای (گالا)وە بەو کارانەی بێتە ناو سوریالییەکانەوە.

سوریالیزمیش گرووپێک نەبوون کە لەسەر



پەیڕەو و پرۆگرام و ئایدیۆلۆژیا برۆن، بەڵکو کۆمەڵێ هونەرمەند و نووسەر بوون کە ئازادی و لەیەکچوونی ڕۆحیان بنەمای کارکردنیان بوو. «دالی»یش حەزی لەهاتنە ناو ئەو گرووپە دەکرد. خۆی لەم بارەیەوە دەیگێڕێتەوە: « لەگەڵ سوریالییەکاندا هەستم بەخۆشی دەکرد، بڕوام بەسوریالیزم هاوتای بڕوام بەیاسابوو، گشت زانیارییەکانیم خستە ناو خۆمەوە، وەکو باوکی دووەم تەماشای (برۆتۆن)م دەکرد» (بڕوانە Andre Parinaud) بەڵام چ وەک جۆری کارکردن یان وەک ڕەفتاری شەخسی وردە وردە لە نێوان دالی و سوریالییەکاندا (برۆتۆن بەتایبەتی) نەگونجان و ناهارمۆنی دەردەکەوێ.

سوریالییەکان سوودیان لە گشت خەون و لایەنە نائاگاییەکان تا ڕادەی وڕێنە و ڕەفتاری منداڵ و شێت وەردەگرت، هەڵبەت لە پێناوی ئازادی مرۆڤدا، بەڵام جۆری وڕێنە و شێتی سەلڤادۆر دالی چەندین پرسیاری دروست دەکرد. سوریالییەکان حالەتی وڕێنەو شێتییان خۆش دەویست بەمەرجێ ڕاستگۆیانە بێ نەک وەک بەزۆر خۆ شێتکردنی سەلڤادۆر دالی، کە بەڕای برۆتۆن ئەوەندە لە نمایشەوە نزیک بوو ئەوەندە شێتیەکی سروشتی نەبوو.

سوریالیزم پەیوەندی لەگەڵ خود و پاشان واقیع بەهێزتر دەکات، لە کاتێکدا لە حالەتەکانی دالیدا پەیوەندی لەگەڵ خود کەم دەبێتەوە و دەبنە فرتوفێڵ بۆ ڕاکردن لە واقیع.

بۆ نموونە کاتێ کە برۆتۆن لە ڕۆژی ١٩٣٤/٢/٥ هاوڕێ سوریالییەکانی بانگ دەکات بۆ ڕوونکردنەوەی ڕەفتاری دالی کە خۆیشی یەکێک دەبێ لە بانگراوەکان، وەکو خۆیشی ئەو ڕۆژە دەگێڕێتەوە، دەڵێ چەند نەخۆش بووە، بەڵام هاتووە و (گەرمی پێوی) پزیشکی لەناو دەمی خۆی داناوە تەنیا جاروبار نەبێ لە کاتی قسەکردن دەریهێناوە، پاشان دیسانەوە خستوویەتییەوە ناو دەمی بۆ دروستکردنی حالەتێکی پێکەنیناوی و ئیستفزازکردنی برۆتۆن. (بڕوانە هەمان سەرچاوە لاپەڕە ١٢٥).

دالی بەجۆرێ لە سوریالیزم گەیشتبوو کە بتوانێ حاڵەتە وڕێنەکانی خۆی زیاتر بکات (عبث) و شێتی لە سوریالیزمدا بکات بەپرەنسیپ هەروەکو خۆیشی دەڵێت: «شێتیەکەم و ڕووناکی زەینم لە ڕەسم کردنەکەم لام گرینگترە» (هەمان سەرچاوە لاپەڕە ٢٨٩).

سەلڤادۆر دالی هەندێ کاری تیۆری لەم ڕەفتارانەی خۆیدا کردبووە پاڵپشتی کۆمەڵێ تەجرەبەوە لە بواری دەروونی کە لە ساڵی ١٩٣٠ بەدواوە گەیاندیە ئەنجامێک کە خۆی ناوی نابوو «چالاکی ڕەخنەیی پارانۆیا – Paranoia - Critik aktivity». لەوساوە وەکو

میتۆدێک کاری پێی دەکرد. بۆ زیاتر ڕوونکردنەوەی میتۆدی چالاکی ڕەخنەیی پارانۆیا لای دالی من پشت بەکتێبەکەی پاتریک ڤالدبێرک دەبەستم (دەربارەی سوریالیزم) کە تیایدا دەربارەی ئەو حالەتانەی دالی دەڵێت:

١- چالاکی ڕەخنەیی پارانۆیا کاریگەری لەسەر تابلۆ پۆزەتیڤە و پێشی دەخا.

٢- بەیارمەتی فاکتەری ڕێکەوت چالاکی ڕەخنەیی پارانۆیا هێزێکی یەکگرتووی خولقێنەر دروست دەکات.

٣- بەڵام چالاکی ڕەخنەیی پارانۆیا دیاردە پارانۆیاکان و تابلۆ سوریالییەکان لەیەک جیا ناکاتەوە بەڵکو هەندێ سیفاتی نیمچە شێتی دروست دەکات.

٤- لە دیاردەی پارانۆیادا دەکرێ هونەرمەندەکە ژمارەی تابلۆکانی زیاد بکەن، بەڵام گشتیان دەبنە شێوەی دەرەوە بۆ یەک ناوەڕۆک. (بڕوانە Patrick Waldberg).

برۆتۆن لەو حالەتانەی (دالی)دا ئاستێکی بەرزی لە نارسیزم و سادیزم دەبینی لە کاتێکدا سوریالیزم پەیوەندی لەگەڵ ڕۆح و خۆشەویستی بەهێزتر دەکات.

دالی بەمیتۆدی چالاکی ڕەخنەیی پارانۆیا لە خودی خۆی جیا دەبێتەوە، لە کاتی ڕەسم کردنیشیدا ئەوەندە لە دەرەوەی تابلۆ دەمێنێتەوە ناچێتە ناو خودی تابلۆکەوە. واتە ڕەسم دەکات بەڵام لەناو هونەری ڕەسم کردندا ناژێت، لە کاتێکدا ڕەسمی سوریالیزم خۆی لە خۆیدا دروستکردنی پەیوەندییە لەگەڵ خوددا.

لە سوریالیزمدا حالاتە نائاگاییەکانی مرۆڤ و چالاکیکردنیان زۆر گرینگە چونکە تیایاندا ڕاستی و بێگەردی دەردەکەون و ناکرێ سەرکوت کرێن یاخود وەک لای دالی بکرێن بەخۆ شێتکردن و نمایشکردن.

لای سوریالییەکان ئەو حاڵەتە نائاگاییانە توانای ژیان لەگەڵ خوددا بەهێزتر دەکا لە کاتێکدا دالی لێیان هەڵدێ. (هەمان سەرچاوە).

ئەندرێ برۆتۆن تاکو ساڵی ١٩٣٦ توانی تەحەمولی ئەو حالەتانەی دالی بکا. لێرە بەدواوە خۆی بەبڕیارێ سەلڤادۆر دالی لە سوریالیزم دەردەکات.

دالی جگە لەم حالەتە هیستیریا و بەزۆر خۆ شێتکردنانەی لە ئەدەبیاتی سوریالیزمدا، هەندێ ڕەخنەی کوشندەتری لێ دەگیرێ ئەمەش لە جۆری ڕەسم کردنی کە لە سوریالیزمەوە دوورە.

سوریالیزم جەخت لەسەر شکاندنی سنوورەکانی نێوان خەو و واقیع دەکا، گرینگی



دەداتە تێکەڵاوکردنی ئەو دوو حالەتە بۆ دروستکردنی حالەتێکی دیکە کە پەیوەندی لەگەڵ واقیع توندتر و بەهێزتر بێ کە سوریالیزمە. سەلڤادۆر دالی لە تابلۆکانیدا ڕەسمی دەقاودەقی خەو دەکات بەمیتۆدێکی ئەکادیمی و ناتورالیستی کە ڕەچەڵەکی دەگەڕێتەوە بۆ کارەکانی گۆستاڤ مۆرو و پالێتی ڕەنگ تێکەڵاوکردنی سیمبۆلیزم تا دەگاتە سەردەمی مانیریزم Manirism(*) دالی خۆی لەمەشدا نکۆڵی نەکردووە، پێی لەوە ناوە کە ڕەسمی خەو دەکا و لای ئەو خودی ڕەسم کردن جۆرێکە لە کاری فۆتۆگرافی هەر وەک خۆی دەڵێ: «دەستێ کە وەکو فۆتۆگراف کار بکات» لە کاتێکدا لە سوریالیزم دەست تەنیا ئامرازێکە و ئەوەی کە کار دەکات ڕۆحە.

ئەم جۆرە کارکردنەی دالی لەناو پرەنسیپی سوریالیزمدا نییە هەر وەکو ماکس ئێرنست گوتویەتی «تابلۆی سوریالیزم ڕەسم کردنی خەو نییە»، گشت سوریالییەکان لەسەر ئەمە ڕێکن دالی نەبێ.

ئەم مانەوەی دالی تەنیا لەناو دونیای ڕەسم کردنی خەو بێ تێکەڵاوکردنی لەگەڵ واقیع، هویەکی گرینگی دیکەش بوو لە پاڵ هیستیریا و خۆ شێتکردنی بۆ ئەوەی لە سوریالیزم دەرکرێ. (بڕوانە Ruhrberg).

بەڵام لە سەرچاوە تیۆرییەکاندا کاتێ کە باس لە سوریالیزم دەکرێ سەلڤادۆر دالی و ماگریت و تانگی وەکو نموونە بۆ سوریالیزمی وەهمی دەهێننەوە. لەلایەکی دیکەوە، خۆی بەتاقە سوریالی دەزانێ و دەڵێ: «تەنیا گرفتی من لەگەڵ سوریالییەکاندا ئەوەیە کە من سوریالیم»،

لە لایەکی دیکەشەوە قسە بەسوریالییەکان دەڵێ، وەک ئەوەی خۆی لە دەرەوەی ئەوان بێ: «سوریالییەکان دەیانەوێ مرۆڤ بێ زەوق و بێ لەزەتی سێکسی بکەن». (Andre Parinand). لە لایەکەوە خۆی دان بەخۆ شێتکردنی خۆی دەنێ و دەڵێ: «شێتییەکەم و ڕووناکی زەینم لە ڕەسم کردنم لام گرینگترە»، لە شوێنێکی دیکە بەپێچەوانەی ئەو قسەی خۆیەوە دەڵێ: «تەنیا جیاوازی لە نێوان شێتێک و من ئەوەیە کە من شێت نیم». لە لایەکەوە وەکو دیکتاتۆر هەڵسوکەوتی دەکرد و لەلایەکی دیکەشەوە ڕەفتاری پڕبوون لە ترس و نائارامی. کەم هونەرمەند و ڕۆشنبیری سەردەمەکەی خۆی هەبوون دوور بن لە جنێو

(*) مانیریزم: ڕێبازێکی (هونەری) بوو لە سەدەی شانزە تیایدا ڕەنگ بەشێوەیەکی سروشتی بەکارهێنراوە «Naturalism».

و قسەی ناشیرینی دالی. ئەو (خوان میرۆ)ی بەفەلاح دەزانی هەرچەندە لە نێوان ئەوەوە ئەندرێ برۆتۆنی ناسی، پیکاسۆی بەکاریکاتۆریست و تێکدەری هونەری مۆدێرن دەبینی ئەگەرچی ئەو کاتانەی کە لە بەرشەلۆنە بوو شێتی کارەکانی بوو. کاتێکیش باس لە ماکس ئێرنست دەکات دەڵێ: «دەبووایە هونەری ڕەسم کردن، دۆرەر (Dürer)ی لێ دەرچێ، دەبوایە گشت هونەری ڕەسم کردنی ئەڵمانی بەتایبەتی ماکس ئێرنست پشتگوێ بخرایە، چونکە هیچ توانایەکیان نییە لە چەمکی جوانی بگەن. (هەمان سەرچاوە لاپەڕە ٢٩٢). تەنانەت برادەرە نزیکەکەیشی گارسیا لۆرکا لە قسە و جنێوی دالی ڕزگاری نەبووە، پاش مردنەکەی دەڵێ: «لۆرکا بۆیە هاوڕێتی منی دەکرد بۆ ئەوەی بەناوبانگ بێ».

دالی لەگەڵ دوو کەسدا پەیوەندی باش بووە، یەکەمیان (گالا)ی ژنی کە تاکو سەر خۆشی ویست، دووەم کەسیش فرانکۆی دیکتاتۆر کە دالی زۆر خۆش دەویست و لە نێوان دالی و کارەکانیدا پەیوەندی خۆی بەئسپانیای کۆنی کاتۆلیک دەبەستەوە. ئەو لە (دالی)دا خواست و ڕێکوپێکی و تەقالیدە کاتولیکییە کۆنەکانی دەبینی، (بڕوانە Regel, Schutz, Kirschenmann, Kunde) لە کاتێکدا سوریالیزم خۆی بەدوور دەگرت لە کەنیسە کەنیشت و سەرچاوەکانی ئاینی کریستیانی و جوولەکەیی، بێ گومان لە مزگەوتیشەوە نزیک نەبوون.

هەندێک سەلڤادۆر دالییان وەکو بلیمەت دەبینی و هەندێکیش دەڵێن فاڵچی بوو، بەڵام خۆی هەمیشە وەک مامۆستای گەورە دەبینی و ئەوانەی دیکەش هیچ.

دالی خۆی دەیزانی کە کارەکتەری پڕە لە (تناقض – ناکۆکی) بەڵام ئەو ئەم ناکۆکیانەی بەدەوڵەمەندی دەبینی، لە کاتی ژیان، پاش مردنیشی چەندین ڕا و ڕەخنەی دیکە دەربارەی ڕەفتار و کارەکانی ئاشکرابوون، لەوانە ڕای هونەرمەندی هاووڵاتی هاوچەرخ ئەنتۆنیۆ تاپیەس (Antonio Tapias) کە لە چاوپێکەوتنێکدا لە گۆڤاری ئەڵمانی کونست فۆروم Kunst Forum دەربارەی کارەکانی دالی دەڵێ: «دالی لە تابلۆکانیدا دیدەگا (منظور) و تاریکی و ڕوونی و کۆنتراست لە ڕەنگدا بەجۆرێ بەکار دەهێنێ کە زۆر لە فۆتۆگرافەوە نزیکە، من وەکو (حدس – مەزەندە) ئەمە ڕەد دەکەمەوە». هەر لە هەمان چاوپێکەوتندا کە پرسیار دەربارەی هونەری ئسپانی دەکرێ، (تاپیەس) ئەوەندە گرینگی بەهونەرەکەی دالی نادات بەئەندازەی گرینگیدانی بە«گۆیا و پیکاسۆ و میرۆ». (بڕوانە گۆڤاری Kunst Forum ژمارە ١٢٥ ساڵی ١٩٩٤، لاپەڕە ٢٥٠–٢٥١).



لەڕووی زانستی هونەریەوە بەڕای هەردوو زانای هونەر: ڕۆبێر دێکارن Robert Descharnes و ژیل نێرێ Gilles Neret سەلڤادۆر دالی ئەوەندە زەین و شێتی و نائاگایی خۆی لای گرینگە ئەوەندە گوێ بەڕووداوەکانی دەرەوەی خۆی نادا، تەنانەت لە تابلۆ بەناوبانگەکەشیدا کە بەناونیشانی شەڕی ناوخۆی ئسپانیایە، بەڕای ئەو دوو زانایە دالی ئەوەندە خەیاڵ ومەزەندەکەی خۆی بۆ شەڕی ناوخۆ لاگرینگ بووە، ئەوەندە بایەخی بەخودی شەڕەکە و وەزعی سیاسی ئسپانیا نەداوە، لە کاتێکدا پیکاسۆ وەزعی سیاسی ئسپانیا لەکنی گرینگی بووە ئەگەرچی وەک هەستی نەتەوایەتی پیکاسۆ ئەوەندە ناسیونالیست نەبووە بەئەندازەی دالی. (بڕوانە Regel, Schutz, Kirschenmann, Kunde).

## ئەندرێ ماسۆن

ئەندرێ ماسۆن (Andre Masson – ١٨٩٦–١٩٨٧) یەکێ لەو هونەرمەندانەیە کە لە ڕێگای داداوە نەهاتەناو سوریالیزم، بەڵکو لە کوبیزمەوە هاتووە، ئەگەرچی سوریالیزم و کوبیزم ئەوەندە پەیوەندییان بەیەکەوە نییە، ماسۆنیش کاری بۆ ئەوە نەکردووە کە ئەو پەیوەندییە دروست بکات، بەڵکو زیاتر نزیکی ڕۆحی ماسۆن و پێویستی باری دەروونی زیاتر لە سوریالیزم و مێتۆدی ئۆتۆماتیزمی برۆتۆنی نزیکی کردۆتەوە. لەوانەشە خۆشەویستی و کاریگەری کارەکانی (ئودلیون ڕێدا) هۆی نزیکبوونەوەی خێرای ماسۆن بێ لە ئۆتۆماتیزمەوە، چونکە ماسۆن پێش ئەوەی لە سوریالیزم نزیک بێتەوە ماوەیەک لەژێر کاریگەری (ئودلیون ڕێدا)دا بوو.

ئەندرێ ماسۆن یەکێ لەو هونەرمەندانە بوو بەشداری جەنگی کرد، گشت شێوە ناشرین و دڕندەکانی شەڕی بەچاوی خۆی دەبینێ و کاریگەری گەورەی تێدەکەن تا ڕادەی تێکچوونی دەروونی کە مێشک و ڕۆحی هیلاک دەکەن دکتۆرەکان پاش تەواوبوونی جەنگ ئامۆژگاری دەکەن بەهێمنی بژێ و بۆ ماوەیەک لە ژیانی شار نزیک نەبێتەوە، تاکو وردە وردە بێتەوە سەر خۆی. ماسۆن لە ساڵی **١٩٢٣** بەبرۆتۆن و مێتۆدی ئۆتۆماتیزمەکەی ئاشنا دەبێ و هەر لەو کاتەوە دەست دەکاتە هەندێ تاقیکردنەوە لەسەری، هەندێ هێڵکاری ئۆتۆماتیزم دروست دەکات ئێجگار لەگەڵیاندا دەگونجێ و هانی دەدەن زیاتر لە سوریالیزمەوە نزیک بێ، تا ساڵی **١٩٢٤** تەواو دەبێتە ئەندامێک لە گەڵیاندا.

جەنگ و تێکچوونی باری دەروونی ماسۆن دەبێتە خاڵێکی گرینگ لە پێویستی

بەمێتۆدی ئۆتۆماتیزم، نزیکبوونەوەی لە سوریالیزم و دوورکەوتنەوەی لە کوبیزم. (بڕوانە Otto Hahn) ئەو سێ ساڵی یەکەمی کارکردنی لەسەر مێتۆدی ئۆتۆماتیزم زیاتر لە بواری هێڵکاریدا بەکاری دەهێنا، گەیشتە هەندێ ئاستی بەرز. لە لایەکەوە بۆ تیمارکردنی برینە دەروونی و عەسەبییەکانی، لە لایەکی دیکەیشەوە بۆ تێپەڕاندنی کوبیزم و شێوە پڕ سوچ و قەراغ و ئەندازەییە عەقلانییەکانی بۆ هەندێ شێوەی غینائی شیعری کە یارمەتییەکی گەورە بۆ چاکبوونەوەی.

لەو هێڵکارییانەیدا قۆناغەکانی تێپەڕاندنی کوبیزم بەدەرکەوتبوون لە کاتێکدا لە کارە ئۆتۆماتیزمە سەرەتاییەکانیدا هێشتا شێوەی کوبیزمیان تیا بوو. بەڵام هەرچەندە زیاتر کاری دەکرد ئەوەندە لەو شێوە ئەندازەییانە دوور دەکەوتەوە، شێوەی غینائی شیعری لە هێڵکارێکانیدا دەردەکەوتن بەرادەیەک بڕۆتۆن ماسۆنی لە گشت هونەرمەندە سوریالییەکان لە مێتۆدی ئۆتۆماتیزمەوە نزیکتر دەبینی چجای نیشاندانی جەوهەری ئەو سوریالیزمەی کە بڕۆتۆن و ئێلوار و سوپۆ و ئەراگۆن لە کاتی نووسیندا بەکاریان دەهێنا، لای ماسۆن هێڵکاری بەقەڵەم بێ یان فڵچە یان هەر مەتریالێکی دی، ماسۆن تەواو ڕۆح و بیر و هەستی خۆی پێوە خەریک دەکردو دەروونی خۆی پێ ئازاد دەکرد. (کارین تۆماس) لە ئۆتۆماتیزمی ماسۆندا ئیقاعێکی کالیگرافی بەدی دەکا کە ڕەهەندێکی سیمبۆلی لەخۆ دەگرێ. (بڕوانە Karin Thomas).

ئەندرێ ماسۆن تا دەوروبەری ساڵی ١٩٢٧ زیاتر بەهێڵکاری کاری لەسەر مێتۆدی ئۆتۆماتیزم دەکرد. لە ١٩٢٧ بەدواوە ڕەنگ و هەندێ مەتریال و تەکنیکی دیکەیشی تاقی کردەوە وەک بەکارهێنانی قوم و زیخ کە لە ماوەی کوبیزمیدا لەژێر کاریگەری جۆرج براک فێری بووبوو.

چەسپکردنی قوم و زیخ لەسەر قوماش سترەکتور و هەستێکی دیکەی پێ دەدا وەک لە ڕەسم کردنی ڕاستەوخۆ لەسەر قوماشەکە. ماسۆن پاش ڕژاندن و چەسپکردنی زیخەکە، بەمەتریالی (چەسپ) بەفڵچە یان ڕاستەوخۆ ڕەنگەکەی لە تیوبەکەوە لەسەر ڕووبەرە ئامادەکراوەکە دەکرد ئەمەش وەک جۆرێکی دی لە بەکارهێنانی مێتۆدی ئۆتۆماتیزم.

هەر وەکو باسمان کرد بەکارهێنانی مێتۆدی ئۆتۆماتیزم لە هونەری شێوەکاریدا تا ڕادەیەک لە تەجریدی ئۆرگانییەوە نزیکە. بەڵام ماسۆن ئەوەندە حەزی لە تەجریدی پەتی نەدەکرد، لەبەر ئەمەش زۆر جار هەندێ فیگەر وەک وێنەی باڵندە یان ڕوخسار و



ئەندامانی لەشی مرۆڤ لەناو سەرجەمی هێڵ و ڕەنگەکانیدا دەبینران کە وەک بەشدارییەک لە دەربڕینی حاڵەتە دەروونیەکانی دەخوێندرایەوە.

پەیوەندی پتەوی سوریالیزم و مێتۆدی ئۆتۆماتیزم ڕەهەندێکی شیعری – غینائی بەکاری ئۆتۆماتیزم دەدا کە لە کاری دەربڕینخوازی یان تەجریدی ئۆرگانی جیای دەکاتەوە.

بڕۆتۆن هەمیشە کاری بۆ بەستنەوەی سوریالیزم بەخۆشەویستی دوور خستنەوەی لە توندوتیژی و تووڕەی کردووە، لەو بوارەیشەوە دەڵێت: «هونەر پێش هەموو شتێ پێویستە لە خۆشەویستییەوە نزیک بێت وەک لە تووڕەیی و بەزەییەوە».

هەستکردنی ماسۆن بەم فاکتەرە خۆشەویستییەی ناو مێتۆدی ئۆتۆماتیزم ئەوەندەی دیکە لێی نزیک بۆتەوەو تێیدا قوڵ بووەتەوە بۆ تیمارکردنی برین و شکستی و سەرجەم نائارامییەکانی ناو دەروونی.

ئەو لەگەڵ ئەو ڕایەدا بوو کە بۆ جێبەجێکردنی هێڵکاری یان ڕەسم کردنی ئۆتۆماتیزم پێویستە هەمیشە فڵچەکە لەناو ڕەنگدا بێ، بۆ ئەوەی هێڵ و پەڵەڕەنگەکان تووشی پچڕان نەبن. چونکە بەڕای ماسۆن ئەو هێڵ و ڕەنگانە شەپۆلەکانی دەریای ڕۆح دەردەبڕن. (نووسینێکی بڕۆتۆن دەربارەی ئەندرێ ماسۆن).

کارکردن و قووڵبوونەوە و خۆشەویستی ماسۆن بۆ مێتۆدی ئۆتۆماتیزم و جوانی بەکارهێنانی لە هێڵکاری و ڕەسم کردنیدا، دەبنە هۆی لەیەک نزیکبوونەوەیەکی ڕۆحیش لە نێوانیاندا کە هەردوو هەستی پێ دەکەن.

ئۆتۆ هان (Otto Hahn) لە کتێبەکەیدا دەربارەی ماسۆن دەڵێ: «جارێکیان ئەندرێ ماسۆن و خوان میرۆ بەیەکەوە دەچنە دەرەوە، نازانن بۆ لای بڕۆتۆن بڕۆن یان بۆ لای پیکابیا. لەم حاڵەتەدا ماسۆن دەڵێ، پیکابیا ڕابوردووە و بڕۆتۆن داهاتووە، سەرەنجام پێکەوە بۆ لای بڕۆتۆن دەچن».

ماسۆن بەهۆی بەکارهێنانی ڕاستەوخۆی مێتۆدی ئۆتۆماتیزمی دەروونییەوە، ئازادییەکی زۆر لە کارەکانیدا بەدی دەکرێ، هیچ پەردەیەک لە نێوانیان و نێوانی ڕۆح ناهێڵێ و گشت نهێنییەکانی دەروون لەگەڵ واقیعدا بەیەکەوە دەبەستێتەوە، بەجۆرێ کە بڕۆتۆن هەندێ لایەنی دیکەی سوریالیزمی تیا بەدی دەکا، وەک ئێرۆتیک و پەیوەندی سێکسی نێوان ژن و پیاو، کە خاڵێکی گرینگە لە کاری سوریالیزمدا. لە پاڵ ئەم خەسڵەتە، سوریالییەکان کارەکانی ئەندری ماسۆن بەگرینگ سەیر دەکەن چونکە بێ ئەو هونەری

شێوەکاری سوریالیزم بەتالاییەکی گەورەی تێدەکەوێ. پەیوەندی ماسۆن لەگەڵ برۆتۆن و سوریالیزمدا ئیلتزامێکی دەرەکی نەبوو بەئەندازەی گونجانی ڕاستگۆیی لەگەڵ ئۆتۆماتیزم و پرەنسیپەکانی سوریالیزم. ماسۆن وەک هونەرمەندێ ئازادی خۆی دەخاتە پێش ئیلتیزام بەکەسێک یان گرووپێکەوە، هەر بۆیەشە پەیوەندی لەگەڵ برۆتۆندا هەردەم لە هارمۆنی و تەباییدا نەبوو، بەڵکو لە **١٩٢٩** تاکو **١٩٣٧** لەیەک دوور دەکەونەوە. دواتر ساڵی **١٩٣٨** کە ماسۆن بەشداری لە پێشانگای ئینتەرناسیۆنالی سوریالیزم دەکات، ئەوەندە پەیوەندییان باش نابێت:

ماسۆن جگە لە ڕەسم و هێڵکارییەکانی، لەرووی تیۆریشەوە کاری لە سوریالیزم کردووە و ئەمەش ئەوەندەی دیکە پەیوەندی لەگەڵ سوریالیزم بەتایبەتی برۆتۆن بەهێز کردووە و زیاتر کاریگەری لەسەر هونەرمەندانی پاش خۆی جێ دێڵێ بەتایبەتی لەسەر هونەری ئەمەریکی نوێ، وەک تەجریدی دەربڕینخوازی. کەلەکارەکانی هەردوو هونەرمەندی گەورەی ئەو ڕێبازە دەردەکەوێ: یەکەمیان هونەرمەندی ئەمەریکی (بەرەگەز ئەرمەن) ئارشیلی گۆرکی (Arshily Gorky) کە سەرەتایەک بۆ هونەری تەجریدی دەربڕینخوازی ئەمەریکی دادەنێ. پاشان کاریگەری لەسەر جاکسۆن پۆلوک (Jackson Polok)دەکا کە هەنگاوێکی دیکە هونەری تەجریدی دەربڕینخوازی ئەمەریکی پێش دەخات.

ئەو دوو هونەرمەندە پرەنسیپەکانی ئۆتۆماتیزمیان لە ماسۆنەوە وەرگرتووە و تێکەڵاویان کردووە بەرەهەندێکی دەربڕینخوازی نوێ، بوونەتە سەرەتای هونەری تەجریدی دەربڕینخوازی کە ئەمەش دیسانەوە وەکو سەرچاوەیەک گرینگە بۆ هونەری نوێ لە ئەمەریکا.

ژیان و مانەوەی ئەندری ماسۆن لە ئەمەریکا لە **١٩٤١** بۆ **١٩٤٥** کاریگەریی ڕاستەوخۆی دەبێ لەسەر پۆلوک. بەڵام بۆسەر گۆرکی ئەم کاریگەرییە کۆنترە. (بڕوانە W. Rubin).




## خوان میرۆ

خوان میرۆ (Joan Miro – **١٨٩٣–١٩٨٣**) زیاتر لە ڕێگای ئەندری ماسۆن لە سوریالییەکان نزیک بۆتەوە، پاشان لە ساڵی **١٩٢٤** پاش ئاشکرابوونی مانیفێستەکەیان وەکو گرووپ کەوتە کارکردن لەگەڵیاندا. وەکی دی میرۆ وەک کارەکتەر زیاتر تاکڕەو و هەندێ کەللەڕەق بوو، دەیەویست لەناو دونیای خۆی بمێنێتەوە و نەجێتەناو گرووپ و تاقمی هونەری. هاتنی میرۆ بۆ پاریس دەبێتە خاڵی وەرچەرخان لە ژیانیدا. لەوێ پیکاسۆی هاوولاتی خۆی دەناسێ و ئەویش بەکۆمەڵێ هونەرمەند و ڕۆشنبیری ئەوسای پاریسی ئاشنا دەکا: لە تریستان تساراوە بگرەتا برۆتۆن و ئێلوار و ئەنتۆنین ئارتۆ. لە زستانی **١٩٢١** بۆ **١٩٢٢** ئەندری ماسۆنی ناسی و لە گشتیان زیاتر هەستی بەنزیکبوونەوە کردووە لەگەڵیدا تاڕادەیەک دەکەوێتە ژێر کاریگەریشەوە، چونکە لای میرۆیش دونیای ناووە زۆر خۆشەویست بووە. لەوانەشە هەر ئەمەش بێ کە ئەو زیاتر هەستی بەنزیکبوونەوە لەگەڵ سوریالییەکاندا کردووە وەک لە هونەرمەند و ڕۆشنبیری دادا. (بڕوانە Andreas Vowinkel, Surrealismus and Kunst).

میرۆ پێش ئەوەی بێتە پاریس لە ئسپانیا لەژێر کاریگەری هونەری فرێسک «Fresk»ی ڕۆمانی و کەتەلانی چاخەکانی ناوەڕاست کاری دەکرد. پاشان بەکارەکانی ماتیس ئاشنا بووە و کەوتۆتە ژێر جۆری ڕەنگدانانی فۆڤیزمی ماتیسەوە. سەرەنجام لە ساڵی **١٩١٥** تاکو **١٩١٧** هونەری میرۆ دانانی پەلەڕەنگی گەورە بووە لەسەر تابلۆ، بێ دەستکاری و تێکەڵاوکردنیان. ئەو ئەم جۆرە ڕەنگدانانەی لا زۆر خۆشەویست بووە، هەستی بەنزیکییەکی گەورە کردووە لە نێوان دونیای ناوەوەی خۆی و ئەم پەلەڕەنگە گەورانەدا، سەرەنجام بەدرێژایی ژیانی هونەری لەگەڵیدا بوون و بوونەتە خاسییەتێک لە تابلۆی میرۆ.

پاریس بۆ میرۆ کرانەوە و دونیایەک بوو بۆ بینین و دەوڵەمەندی جیهانی هونەر. ئەو تەنیا لەگەڵ هونەرمەند و نووسەران نەمایەوە کە پیکاسۆ پێیانی ناساند بەڵکو ڕووی کردە گشت مۆزە و گالێری و جێگا هونەرییەکان. بۆ بینین و ناسینی شێوە و ڕێبازە هونەرییە جیاجیاکانی ئەو سەردەمەی پاریس، لە ئەمپرێسیۆنیزمەوە تادەگاتە پوریزم کە لەگشت هونەرەکان سەرنجی زیاتر ڕاکێشێ و هەستی بەنزیکی دەکا لەگەڵیدا و جۆری ئەو کارکردنەی خۆی بەبیر دێتەوە کە لەژێر کاریگەری هنری ماتیسدا بوو. (بڕوانە William S. Rubin).



خوان میرۆ. یەکێکبەرد لە چۆلەکە دەگرێت ١٩٢٦

پوریزم ماوەیەک بەسەر میرۆدا کاریگەر بووە تا لە ڕێگای ماسۆنەوە لە دونیای ئۆتۆماتیزم نزیک دەبێتەوە بەرادەیەک دەیکاتە مێتۆد بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ دونیای منداڵی خۆی و بەکارهێنان و تێکەڵاوکردنی ئەو دونیایەی لەگەڵ ئەزموونە نوێیەکانی لە مێتۆدی ئۆتۆماتیزمی دەروونی.

خوان میرۆ لە سوریالیزمدا ڕێگایەکی بۆ گەڕانەوە بۆ دونیای منداڵی خۆی دۆزیبیەوە، بەهۆی مێتۆدی ئۆتۆماتیزمەوە هونەرەکەی لە کۆنترۆڵی عەقڵ دوور دەخاتەوە و لە دونیای خەون و نائاگایی و جیهانی منداڵ و هونەری میللەتە ساکارەکان نزیکی دەکاتەوە.

هونەری خوان میرۆ پێیەکی لەناو سوریالیزمی ئۆتۆماتیزم بوو کە بەهۆی ئەمەوە هەستی جووڵانەوەی لە تابلۆدا دروست دەکرد،پێگەی دیکەی لەناو گرووپی خوڵقێنەری ئەبستراکتدا بوو کە وەکو گرووپی ئەودیوی سوریالییەکان بەڕابەرایەتی مۆندریان و کاندنسکی هەر ئەو سەردەمە لە پاریس کاریان دەکرد.

پەیوەندی میرۆ لەگەڵ ئەم دوو گرووپە هونەرییە خەسڵەتێکی ئەبستراکتی بەکارەکانی دابوو کە بەسوریالیزمی ئەبستراکتی دەناسرایەوە. (بڕوانە Andreas Vowinkel).

تابلۆکانی لە پەلەڕەنگی گەورە و ڕوون و ئاشکرا پێک هاتبوون کە بەڕەنگی ڕەش،



هەندێ جار لەسەر پەلەڕەنگەکان، هەندێ جاریش لە تەنیشتیانەوە هەندێ فیگەری دروست دەکرد جار بەجار لە وێنەی مرۆڤ دەچوون، جار بەجاریش لە گیانەوەر یان باڵندە دەچوو، وەکو تێکەڵاوییەک بۆ جۆرە دەربڕینێک کە دونیای منداڵی ئەو کاتەی بەخۆوە دەگرت. هەندێ جاریش لە دونیای ماسۆن نزیک دەبۆوە، بەهۆی ژیان و کارکردن و نزیکیان لەیەکەوە. ماوەیەک لە یەک ستۆدیۆداکاریان کردووە ئەمەش بووە هۆی ئەوەی بەیەکەوە ساڵی ١٩٢٤ دوای مانیفێستەکەی برۆتۆن بێن بەسوریالیزم، ئەگەرچی تابلۆی ئۆتۆماتیزمی دەروونی لای هەردووکیان لەوەپێش دروست بووبوو.

هەروەک چۆن ماسۆن کاریگەری خۆی لەسەر هونەری ئەبستراکتی دەربڕینخوازی ئەمەریکی لە نێوان گیورگی و پۆلوکەوە جێهێشت، خوان میرۆیش پاش خۆی کاریگەری لەسەر هونەری نوێی پاش جەنگی جیهانی دووەم جێهێشت، بەتایبەتی لەسەر ڕێبازی پەلەگەری (Tashism) کە هونەرمەندی هاووڵاتی خۆی ئەنتۆنیۆ تاپێش ڕۆڵی گەورەی لە دەستپێکردن و گەشەکردنیدا هەبوو.

پاشان هونەرمەندی ئەمەریکی ئەلکسەندەر کۆلدێر (Alexander Calder) سوودێکی گەورەی لە دونیای میرۆ و پەلەڕەنگە گەورەکانی بۆ پەیکەرە جووڵاوەکانی وەرگرت. (بڕوانە Karin Thomas, Andreas Vowinkel).


## جان ئارپ

مێژووی جان ئارپ (Jean Arp – ١٨٨٦–١٩٦٦) لەگەڵ سوریالییەکاندا جیایە وەک لە مێژووی ماسۆن و میرۆ. ئەو لە سەرەتای دروستبوونی داداییەکانی زیورخەوە وەکو هونەرمەندی شێوەکار و شاعیر لەگەڵیاندا بوو. پاش نەمانی دادا وەکو گرووپ لە دایکبوونی سوریالیزم وەکو بزووتنەوەیەکی نوێتر شتێکی ئەوتۆی لە بنچینە و شێوازی هونەری جان ئارپ نەگۆڕی. خۆیشی لەم بارەیەوە دەڵێ: «سوریالیزم منی نەگۆڕی بەڵکو یارمەتی بوو بۆم». (بڕوانە William Rubin).

جان ئارپ وەک ڕەسام، لە سەرەتادا کارەکانی لەژێر کاریگەری دەربڕینخوازی ئەڵمانی و گرووپی ئەسپ سوارە شینەکان بوو. وەک پەیکەرتاشی زیاتر لە کۆنستانتین برانکۆزی نزیک بوو. ئەمەش تا جێهێشتنی فەرەنسا و نزیکبوونەوەی لەو هونەرمەند و نووسەرانەی کە لە زیورخ لە دەوروبەری هۆگوبال لە کاباریتی ڤۆلتێر کۆبووبوونەوە، پاشان گشتیان

بەیەکەوە داداییزمیان پێکیهێنا ئەمە بۆ جان ئارپ بەئەتمۆسفیرێ بووتێیدا ئازادی و تلقائیەی زیاتری بەکارەکانی دا وەکو گرینگی دان بەفاکتەری ڕێکەوت و کەمکردنەوەی ڕۆڵی عەقڵ بۆ زیاتر دروستبوونی ئازادی نێوان ڕۆح و هەست و بیر. لەو کاتەوە هەندێ تەکنیک و جۆری کارکردنی نوێ لای جان ئارپ دروست دەبێ، وەک برین و دڕاندنی کاغەز و مەتریالی کارکردنی، دووبارە بەیەکەوە لکاندنیان بۆ دروستکردنی هەندێ شێوەی نوێ کە زیاتر بەرەو ئەبستراکت دەچوون. وەک شێوەی دار و درەخت و گەڵاکانی و شتەکانی سروشت کە فاکتەری ڕێکەوت ڕۆڵێکی گەورەی تیا دەبینی.

ئارپ لەم جۆرە کارکردنەدا دونیای ڕاستەقینە و تایبەتی خۆی دۆزییەوە، ئەمە یارمەتی زۆری دەدا بۆ نوێکردنەوەی کارەکانی خۆی لەناو خۆیدا کە پاشان دەکەوتە دوای چۆنێتی گۆڕانکاری کارەکانی و نزیکبوونەوەی لە دونیای تەجرید کە بەهۆیەوە کەوتە کارکردن لەگەڵ گرووپی خوڵقێنەری ئەبستراکتدا. لە لایەکی دیکەیشەوە بەدونیای ئۆتۆماتیزمی برۆتۆن ئاشنا بوو، هەستی بەنزیکبوونەوە کرد لەگەڵیدا، لەم دوو حاڵەتەدا جان ئارپ و خوان میرۆ بەیەک دەچن.



جان ئارپ. ڕێکخستن لەسەر یاسای ڕێککەوت ١٩١٧

گۆڕانی دادا بۆ سوریالیزم گۆڕان و خاڵی وەرچەرخان نەبوو لە کارەکانی جان ئارپدا، چونکە ئەو لەو کاتەوە کە بەفاکتەری ڕێکەوت کاری دەکرد هەمیشە کەوتبووە دوای گۆڕانی کارێکی خۆی کە لەوەی پێشووەوە هاتبوو. ئەوئەوەندە ئەم گۆڕان و نوێکردنەوەی خۆی بەلایەوە گرینگ بوو، ئەوەندە گرینگی بەئەدەبیاتی سوریالیزم نەدەدا. بەڕای ولیام ڕوبین کارەکانی جان ئارپ بەهۆی فاکتەری ڕێکەوت و هێرمیتکەوە خۆیان لەناو خۆیاندا ڕەهەندێکی سوریالییان تیا بوو. گۆڕانی شێوەکانی سروشت و لەشی مرۆڤ بۆ هەندێ شێوەی ئەبستراکت دیاردەیەکی بیۆمۆرفوز (Biomorphose) بوو لە کارەکانیدا کە گرینگییەکی یەکجار گەورەی هەبوو و جۆرێ



بوو لە تێپەڕاندنی سنوور لە نێوان سروشت و دونیای ناوەوە و دانانی شێوەی نوێ بوو بۆ شتەکانی سروشت. هەروەکو چۆن کاندنسکی لەژێر پرەنسیپی (پێداویستەکانی ناوەوە) کاری دەکرد بەم جۆرەش جان ئارپ لەژێر پرەنسیپی «پێداویستەکانی شێوە»کاری دەکرد. (بڕوانە Schneckenburger, Kunst des 20 Jh) لەلای ئەو گەڵای دار دەگۆڕدرا بۆ گۆزە و ناوک بۆ خۆر و لەشی مرۆڤ بۆ شێوەیەکی ئەبستراکت کە هێما بۆ لەشی مرۆڤ بکا بێ دەرکەوتنی دەست و پێ و دەموچاو. ئەم گۆڕانکارییانەی کارەکانی ئارپ تەواو لەگەڵ ڕۆحی سوریالیزم نزیک بوو، هەر بۆیەشە چەند جارێ برۆتۆن لەبارەی کارەکانی دەینووسی و وێنەی پەیکەر و تابلۆکانی لە گۆڤاری شۆڕشی سوریالیزم بڵاو دەکردەوە.

پەیکەرەکانی جان ئارپ دەوڵەمەندییە بۆ هونەری شێوەکاری سوریالیزم، تایبەتی خۆیانیان هەیە کە لە پەیکەری پیکاسۆ و میرۆ و جیاکومیتی و ئێرنست جیا دەکرێنەوە. وەک ڕادەی بەرزی و لوسی ئەو مەتریالانەی کە بەکاریان دەهێنی، ئەمەش ڕەهەندێکی شیعر و ئێروتیکی بەکارەکانی دەدا کە مرۆڤی بەجۆرێ بەلای خۆی ڕادەکێشی حەزی دەست بەسەرداهێنانی هەبێ.

## ماکس ئێرنست

مێژووی سوریالی ماکس ئێرنست (Max Ernst– ١٨٩١ - ١٩٧٦) دیسانەوە دەگەڕێتەوە بۆ ماوەی داداییزم. ئەو لەو کاتەوە ئەوەندە خۆشیی بەڕەسم کردنی تابلۆی زەیتی ئاسایی نەدەهاتەوە. لەوەپێش بەتایبەتی کە لە ساڵی ١٩١١ (ئەو گوست ماکەی) ناسی، خۆشەویستییەکی گەورەی بۆ ڕەسم پەیدا کرد. بەڵام هەر لەو کاتەیشەوە تەنیا کاری ڕەسم کردن ئەوی تێرنەدەکرد. هەر بۆیەشە هەمیشە سەرقاڵی لایەنە تیۆرییەکانی هونەر و دونیای ئەدەب و فەلسەفە و زانستی کۆمەڵایەتی و دەروونی، تا دەگاتە خوێندنی مێژووی هونەر لای یەکێ لە مامۆستا گرینگەکانی ئەو کاتە فلهلم ورینگەر، «Willhelm Worringer» کە ئەوسا لە زانکۆی بۆن وانەی مێژووی هونەری دەگوتەوە. (بڕوانە -Wil liam Rubin, Lothar Fischer) ئەم لایەنە تیۆری و فەلسەفییانەی ئێرنست ئەویان لە هونەری ئەکادیمی و ناتورالیستی دوور دەخستەوە و هەستێکی تیا دروست دەکرد کە بەدوای شتی نوێدا بگەڕێ. ئەمەش هۆیەکی گرینگ بوو بۆ نزیکبوونەوەی ڕۆحی لەگەڵ

(*) جان ئاَرب (Jean Arp) لە هەندێ سەرچاوەدا بەHans Arp هاتووە.

دادابیەکانی زیورخدا، کە بێ ئەوەی ئەوان ئێرنست بناسن ئەم دەستی کردبووە خوێندنەوە و موتابەعەی ئەدەبیات و هەواڵەکانیان.

دادابیزم بۆ ماکس ئێرنست خاڵێکی وەرچەرخان بۆ جیاکردنەوەی خۆی بەتەواوی لە هونەری ڕەسم کردنی ئاسایی و پەنابردن بۆ ڕۆحی دادابیزم لە ژیان و کارکردنی هونەریدا. بەتایبەتی فاکتەری ڕێکەوت و هونەری کۆلاج کە لای ئێرنست لە گشتی خۆشەویستتر بوون.

ئێرنست تەنیا هونەرمەندی شێوەکار نەبوو، بەڵکو شاعیر و نووسەریش بوو. بەڵام گرینگیدانی ئەو بەبینین زیاتر بەرەو هونەری شێوەکاری بردی وەک لە نووسەر، ئەگەرچی نووسینەکانی وێڕای کۆلاجەکانی و ئەوانەی کە لەژێر کاریگەری (ڕێکەوت)دا کردبوونی بوونە دەوڵەمەندکردنی هونەر و ئەدەبی سوریالیزم، لەچاو ئەو دەقانەی کە لەگەڵ کۆلاجەکانی پێشانگاکەی ساڵی ١٩٢١ی پاریسدا نووسیبوونی.

پاش ئەوەی تەواو سوریالیزم قووڵ دەبێتەوە و لە پرەنسیپەکانی دەگا، چەند دەقێک لەسەر پەیوەندی سوریالیزم و خەون دەنووسێ و تیایان دەڵێ: «سوریالیستەکان ڕەسمی یان وەسفی خەون ناکەن، وێنەی ئەو شتانەش ناکەن کە لە خەوندا دەیانبینن، گەر یەکێ بەم جۆرە لە سوریالیزم گەیشتووە ئەمە تێگەیشتنێکی هەڵەیە، ئەمە وەسفێکی ڕووکەش و ساکاری ناتورالیزمە و ڕاکردنیشە لە کات». (بڕوانە Lothar Fischer, Max Ernst).

ئەم نووسینانەی ئێرنست گرینگی خۆیان هەیە بۆ جیاکردنەوەی هونەری سوریالیزم لەو هونەرەی کە وێنەی خەون یان گێڕانەوەی ڕووداو و وەسفکردنی ئەو شتانەی کە لە خەودا دەبینرێن و زیاتر خوێنەر بۆ لایەنەکانی پەیوەندی نێوان خەون و واقیع ڕادەکێشن کە سوریالیزم جەختی لەسەر دەکاتەوە، لە لایەکی دیکەشەوە ڕەخنەیە لە کارەکانی سەلڤادۆر دالی.

ئەم قووڵبوونەوەی ئێرنست لە پرەنسیپی سوریالیزم و جیاکردنەوەی لە کۆپیکردنی خەون یارمەتی داوە بۆ بینینی سنوورەکانی هونەری سوریالیزم و غەیری سوریالیزم، بەتایبەتی لە ئەنجامدانی کۆلاجەکان و ئەو کارانەی فاکتەری ڕێکەوت ڕۆڵێکی گەورەی تێیاندا بینیووە کە بوونەتە بەبەشداریەکی زۆر لە هونەری سوریالیزم.

بەگشتی دەکرێ دوو جۆرە کاری سوریالیزمی ئێرنست دەستنیشان بکەین: یەکەمیان کارە کۆلاجەکانیتی، دووەمیشیان ئەو کارانەیە کە تیایاندا پەنای بۆ ڕێکەوت بردووە.



کۆلاج وشەیەکی فەرەنسییە بەچەند مانایەک بەکاردێ وەک بەیەکەوە نووساندن یان چەسپ کردن تادەگاتە بەکارهێنانی بۆ پەیوەندی نێوان دوو یان زیاتر لە حالەتی خۆشەویستی، ئەمەیان لای ئێرنست جگە لە مانا تەکنیکی و میکانیزمەکەی گرینگی بۆ ناوەڕۆکی کارەکانی هەبوو. چونکە ئەو لە کۆلاجەکانیدا تەنیا مەبەستی تەکنیکی کۆلاج نەبوو، بەڵکو ئەو بابەتانەش بوو کە بەیەکیانەوەی دەنووساند. ئەمەش بەڕای «لوتەر فشەر» لە کۆلاجی کوبیزمی جیا دەکاتەوە.

لە کاتێکدا لە کوبیزم شێوەی دانانی کۆلاجەکان ڕۆڵیان هەیە، بەڵام لە سوریالیزم وێنەکان و بابەتەکان ڕۆڵ دەبینن.


فاکتەرێکی گرینگی دیکەش کۆلاجی سوریالیزم لە کوبیزم جیا دەکاتەوە، ئەمەش سەرچاوە ئەدەبی و شیعریەتی کۆلاجی سوریالیزمە کە پەیوەندی ڕاستەوخۆی بەسەرچاوەکانی سوریالیزمەوە هەیە. وەکو قسە بەناوبانگەکەی لوتریامۆن: «جوانی وەکو پەیوەندی لەناکاوی چەترێک و مەکینەیەکی خەیاتی لەسەر مێزی عەمەلیاتی دکتۆرە». ئەمە بووەتە سەرچاوەیەکی گرینگ بۆ جوانی لای سوریالیزم. ماکس ئێرنست یەکێ بوو لەوانەی کە ئەم قسەیەی لوتریامۆن کاریگەری لێکردبوو، بەڵام ئێرنست بۆ دروستکردنی ئەو کۆلاجانەی کاریگەری ڕاستەوخۆی (رامبۆ)ی (Rimbaud) لەسەر بوو. لەم بارەیەوە دەڵێ: «من خۆم لەگەڵ وڕێنەیەکی زۆر ساکار و سادە دەگونجێنم، لە کاتێکدا لەجیاتی کارگەیەک مزگەوتێکم بینی، لە شەقامەکانی ئاسمان عەرەبانەم بینی... ساڵۆنێکم بینی لە بنی دەریاچەیەک ». (بڕوانە Lothar Fischer).

هەڵبژاردنی ئێرنست بۆ ئەو بابەتە جیاوازانە و نووساندنیان بەیەکەوە نەک تەنیا لەگەڵ ڕامبۆ و لوتریامۆن هاوبەشییان دەکا، بەڵکو لەپرەنسیپی ڕێدی مەیدی مارسیل دوشایشدا نزیک دەبێتەوە، چونکە برۆتۆن وەسفی کارەکانی ئێرنست دەکا و دەڵێ: «وەکو ڕێدی مەیدی دوشا شتەکان لە کۆلاجی ئێرنستدا ناسنامە و وەزیفە کۆنەکانی خۆیان ون دەکەن و، لەجیاتیان دووبارە ناسنامە و وەزیفەی نوێیان پێ دەدرێن» ئەمەش ماکس ئێرنست خۆی وەکو ڕاستی و شاعیریەت دەیانبینێ.

دووەمین کاری سوریالیزمی ماکس ئێرنست ئەو کارانە بوو کە فاکتەری ڕێکەوت ڕۆڵی گەورەی تیایاندا بینیووە، سەرچاوەیان لای ئێرنست نەک تەنیا بۆ دادابیەکان دەگەڕێتەوە، بەڵکو دەڕوات تاکو سەردەمی ڕێنێسانس، لە بارەی کاریگەری ڕێکەوتەوە لە کاری

هونەری ئێرنست دەقێکی لیونارد ۆ داڤنچی زۆر کاری لێ دەکا.

داڤنچی نووسیبووی: «کاتێ کە ئیسفەنجێکی لە ڕەنگ هەڵکێشراو بەدیوارێکدا بکێشین و تەماشای ئەو پەڵەڕەنگانە بکەین کە دروستی دەکات، دەبینین چۆن ئەو پەڵەڕەنگانە تصوری (تصور) چەند وێنەیەک لەناو مێشکمان دروست دەکەن تا ڕادەی هێماکردن بۆ رووناکی و تاریکی و وردەکارییەکانیش. دەکرێ ئەمە ببێتە سەرچاوەی ئیلهام بۆ کاری هونەری».


ماکس ئێرنست. ١٩٦٠

داڤنچی ئیسفەنجە لە ڕەنگ هەڵکێشراوەکە دیسانەوە دەشوبهێنێ بەپەڵەهەورەکانی ئاسمان و چۆنێتی پێکهێنانیان بۆ هەندێ شێوەی سەیر سەیر. (بڕوانە Regel, Schutz, Kirschenmann, Kunde, Moderne Kunst).

ئەم نووسینانەی داڤنچی بینینی ئێرنستی گۆڕی بۆ دۆزینەوەی بەرێککەوتی هەندێ بابەت و شێوە. ئەو پاش خوێندنەوەی دەقەکانی داڤنچی، هەندێ تێرامانی لە تەختی خەوتنەکەیەوە، لە حالەتی نێوان خەو و ئاگاییەوە تەماشای تەختی ژوورەکەی دەکات کە لە ئەنجامی بەسەردا ڕۆیشتن و کڕاندن، چەند شێوەی سەیری جۆراوجۆری تیا دروست بووە. پاشان خۆی ئەم دەقە دەنووسێ: «کاغەزم هێنا و لەسەر تەختی ژوورەکەم داناو قەلەمی ڕەشم بەسەر کاغەزەکەدا هێنا. ئەنجامەکەی چەند شێوەیەکی سەیر سەیرم بۆ دەرچوو وەک: ئاژەڵ و دیمەنی جەنگ و وێنەی دار و بەرد و درەخت و ڕوخسار و دەریاو و باران و بوومەلەرزە و بورکان... هتد».

ئەمە یارمەتی ئێرنستی دا بەدوای تەکنیکی جۆراوجۆری دیکەدا بگەڕێ کە بەهەمان پرەنیسیپی ڕێکەوت کاری هونەرییان لێ دروست بکات. وەک ڕژاندنی ڕەنگ بەسەر قوماش یان تەختە یان کاغەزی تابلۆکە، پاشان تەماشاکردنی ڕەنگەکان چۆن تێکەڵاوی



یەکدی دەبن، بەڕێکەوت چ شێوە و بابەتێکیان دروست کردووە وەک گژوگیا و دار و درەخت یاخود دیسانەوە چەند شێوەیەک لە ئاژەڵ یان مرۆڤ بچێ.

هەندێ جار ئێرنست بەدیاریکردنی ئاسمان و هێشتنەوەی ئەم شێوە بەڕێکەوت دروستکراوانە چەند دیمەنێکی سوریالی دروست دەکات. (هەمان سەرچاوە).


بەشداری ئێرنست لە سوریالیزم تەنیا نووسین و تابلۆ و کۆلاج و هێڵکاری نەبوو بەڵکو ئەو هەمان پرەنسیپی کۆلاج و کارە بەڕێکەوتەکانی بۆ دروستکردنی پەیکەر و کاری ئۆبجەکتیش (بابەت) بەکار دەهێنا، وەک لکاندنی چەند مەتریالێکی جیا لەیەک و دروستکردنی بابەتێکی سوریالی یاخود کاری کۆکردنەوە (Assembelage).

## ئیف تانگی

سوریالیزمی ئیف تانگی (Yeves Tanguy –١٩٠٠–١٩٥٥) سوریالیزمێکی وەهمییە. ئەمەش ئەوەندە پەیوەندی بەدونیای ڕەسم کردنی میتافیزیکی کیریکۆوە هەیە، ئەوەندە لەگەڵ ئۆتۆماتیزمی برۆتۆن پەیوەندی نییە وەکو میرۆ و ماسۆن.

لە سەرەتای ژیانی هونەریدا وەکو ژمارەیەکی زۆری هونەرمەندانی سەردەمەکەی خۆی لە نزیک کافیتێریاکانی مونتپەرناس ڕەسمی دەکرد، تاکو کارەکانی کەوتە بەرچاو مۆریس دی ڤلامینک Maurice de Vlamink کە بەهەندێ هونەرمەند و ڕەخنەگری هونەری و برۆتۆنی ناساند، برۆتۆنیش چەند جارێ کارەکانی لە گۆڤاری شۆڕشی سوریالیزم بڵاو کردەوە.

کارەکانی ئیف تانگی بەوە دەناسرێنەوە کە لە دیمەنی ژێر دەریا دەچن، وەکو سەحرایەک لەژێر ئاودا بێ تابلۆکانی وان. بەهۆی دروستکردنی هەندێ شێوەی سێ ڕەهەندی جۆراوجۆر هەندێکیان لە دار و درەختی ژێر دەریا دەچن، هەندێکیشیان لە چەشنی گردۆلکە و لە دەوروبەری هەندێ شێوەی سێ ڕەهەندی دروست دەکرد کە لە گیانەوەری ناو دەریا دەچوون. لە زۆربەیاندا تانگی ڕوخسارییانی دیاری نەدەکرد، بۆ ئەوەی بەتەجریدی بێننەوە. بەڵام هەندێ جار فیگەرەکانی تەواو لە حەیوان دەچوون، یاخود لە ماسی، ئەمەش ئەوەندەی دیکە هەستی ناو ئاوی بەهێزتر دەکرد لەلای بینەر. وەکو ڕەنگیش تابلۆکانی لە دیمەنی ناو ئاوەوە نزیک بوون. بەکارهێنی ڕەنگی خاکی بۆ زەمینەکەی و ڕەنگی شین یان سەوز بۆ سەرەوەی بۆ ئەوەی بینەر هەست بەئاو بکا. تانگی شێوەکانی



ئیڤ تانگی. ڕەنگدانەوەی هەوا ١٩٣٧

بەجۆرێ ڕەسم ئەکرد وەک ئەوەی لەژێر ئاودا لە جوولآنەوەدا بن. هەندێ جار بەچەند هێڵێکی باریک و هەندێ جاری تر تەنیا بەڕەنگ شێوەی سێ ڕەهەندی دروست دەکرد کە پێشان جان ئارپ بەکاریانی دەهێنا و ناوی بیۆمۆرفیک بوون. خوان میرۆیش لە ١٩٢٤ بەدواوە ئەو شێوە بیۆمۆرفیانەی لە تابلۆکانی بەکارهێناوە. (بڕوانە William S. Rubin)

تانگی ئەو شێوە بیومورفیانەی (ئارپ)ی لە بنەڕەتەوە گۆڕی، پاش ئەوەی مۆدەلیرەی تیایان دەکرد. لە کاتێکدا لای جان ئارپ و میرۆ ئەو کات شێوەی دوو ڕەهەندی بوون، تانگی گۆڕینی بۆ سێ ڕەهەندی کە لە پەیکەرەوە نزیک بێ بەرادەیەک پاشان جان ئارپ خۆی دەکەوێتە ژێر کارە بیۆمۆرفییە سێ ڕەهەندییەکانی تانگییەوە، کارەکانی خۆی پێ دەگۆڕی بۆ سێ ڕەهەندی. (Edward B. Henning).

تانگی ئەم دیمەنانەی ژێر ئاوی لەژێر کاریگەری سەردەمە کێشاوە دەکات کە هاوینان دەچووە ناوچەی برۆتانی سەرووی فەرەنسا، لەوێ باوکی لەسەر دەریا خانووی هەبوو، چونکە باوکی ئەفسەری دەریا بوو، تانگیش لەگەڵ جاک پریڤێرت Jacques Prevert هاوینان وەختیان لەوێ بەسەر دەبرد. هەردووکیان چەشەیان بۆ ئەدەبی هاوچەرخی ئەوسەردەمە هەبوو. ئەمەش بەئەدەبی (لوتریامۆن)یانی ئاشنا کرد کە خاڵێکی گرینگ بوو لە نزیکبوونەوەی تانگی لە سوریالیزم و پاشان بەناوبانگ بوونیان. جاک پریڤێرت وەک دەرهێنەری فیلم و تانگیش وەکو هونەرمەندی شێوەکار بۆ ئەوەی خۆشەویستی مارسیل دوشا بەلای خۆیاندا ڕادەکێشن، بۆ ماوەیەک هەردووکیان لە ماڵەکەی دەژین کە نزیک ماڵی برۆتۆن و مەرسەمەکەی میرۆ و ماسۆن بوو، کە دەبێتە شانسێکی گەورە بۆ زیاتر نزیکبوونەوەی تانگی لە برۆتۆن و سوریالییەکان.



ولیام ڕوبین ئەم دیمەنانەی ژێر دەریای تانگی ناو دەنێ (دیمەنی ڕۆحی) کە وەک شێواز ڕیالیستن، وەک شێوەش تەجریدێکی شاعیرین، زیاتر بەلای سوریالیزمی تەجریدی دەشکێنەوە.

## ڕینێ ماگریت


ڕینێ ماگریت (Rene Magritte – ١٨٩٨ – ١٩٦٧) لە سەرەتای ژیانی هونەری لە برۆکسل، زیاتر لەژێر کاریگەری فۆڤیزم و کوبیزم و فوتوریزم و تەجریددا کاری دەکرد. کە چاوی بەتابلۆکەی کیریکۆ «گۆڕانی خۆشەویستی» دەکەوێ، دەبێتە خاڵی وەرچەرخان لە ژیانیدا، بەم جۆرە هونەرەکەی لە پەیوەندییەکانی نێوان خەو و واقیع نزیک دەکاتەوە.

ساڵێک پاش دەرچوونی مانیفێستی سوریالیزم لەگەڵ دوو شاعیری هاووڵاتی خۆی لە برۆکسل گرووپی سوریالیزم پێک دێنن، دوو ساڵ پاش دروستبوونی ئەو گرووپە بڕیاری سەفەرکردن دەدا بۆ پاریس، بۆ ئەوەی لە نزیکەوە لەگەڵ سوریالییەکاندا بژی.

لە پاریس لە ساڵی ١٩٢٧ بەیەکەوە لەگەڵ ئیف تانگیدا لە سوریالییەکان نزیک دەبنەوە. لەبەر نزیکبوونی جۆری کارکردنی هەردووکیان بەتایبەتی هاوبەشیان لە کاریگەری میتافیزیکی کیریکۆ بەسەر هونەرەکەیانەوە، وەک جۆری ڕەسم کردن لەگەڵ جیاوازی گەورەی نێوان شێوە بیۆمۆرفێکانی تانگی و دونیای شیعری و فەلسەفی هونەری (وێنەی ناو وێنەی) ماگریت. هەمیشە خەوی بەوەوە دەبینی کە کارەکانی شاعیریەت لەخۆدا هەڵگرن وەک ئەوەی تەنیا بۆ جوانی کرابن. بۆ ئەم مەبەستەش پشتی بەدونیای میتافیزیکی کریکۆ و کۆلاجەکانی ماکس ئێرنست دەبەستێ بۆ دروستکردنی هونەرێک کە کۆمەڵێ پرسیاری فەلسەفی دەربارەی واقیع و وێنە لە خۆ بگرێ، بەتەکنیکێکی ڕیالیستیەوە بەڵام بەهەستێکی شاعیری و بینینێکی سوریالی.

سوریالیزمی ماگرێت دەچێتە پاڵ تانگی و دێلڤۆ و دالی، لەوەدا کە پەیوەندی زیاتریان لەگەڵ کیریکۆ هەیە وەک لە ئۆتۆماتیزمی برۆتۆن. دەشێ بەمانایەکی دی بڵێین سوریالیزمی وەهمین (بڕوانە Edward B. Henning).

ئالان بۆلوف دەربارەی کارەکانی ماگرێت دەڵێ: «بەپێچەوانەی سەلڤادۆر دالییەوە تابلۆکانی ماگریت ڕەنگدانەوەی دەقاودەقی شتەکانی ناو واقیع نییە، بەڵکو ئەو لە تابلۆکانیدا شتەکانی ناو واقیع نامۆ دەکات». ئەم بەنامۆکردنەی شتەکانی ناو واقیع لە




ڕێنێ ماگریت. کۆشکی پەردەی ژمارە ٣ – ١٩٢٨

تابلۆکانی ڕینی ماگریتدا لە ئەنجامی ئەو ڕەهەندە فەلسەفییەوە هاتووە کە ماگریت لە تابلۆکانیدا نیشانی دەدا. لە پەیوەندی نێوان شتە ڕەسمکراوەکانی و دیمەن و شتە ئاساییەکانی ناو واقیع کە نرخ زیاتر بۆ بینینیان لەناو تابلۆ زیاتر دەکات وەکو بینینیان لەناو واقیع. ئەمەش لەو پرسیارەی دەیکا دەردەکەوێ: «ئایا دەتوانین ئاستی ئەو دیمەنەی کە هونەرمەند دروستی دەکات بخەینە سەرووی ئاستی خودی دیمەنەکە لەناو واقیع؟». ئەو هەمیشە دڵنیایی لەسەر ئەوە دەکردەوە کە شتێک نییە توانای وەزیفەی تابلۆ ببینێ. شووشەیەک لای ئەو لەناو تابلۆیەکدا جیایە وەکو خودی شووشە لەناو واقیع یانەخۆ وشەی شووشە، ئەو هەندێ جار لەگەڵ فیگوری تابلۆکانیدا دەیشینووسی، وەکو ئەو تابلۆیەی کە لە سەرەوە بەتەکنیکێکی زۆر ڕیالیستی وێنەی پایپێکی کردووە و لە ژێریشیەوە نووسیوتی: «ئەمە پایپ نییە». مەبەستی لەمە گرینگی ڕۆڵی وشە و بابەتە لە تابلۆیەکدا و توانایان بۆ پڕکردنەوەی جێگای یەکدی وەکو خۆی دەڵێ: «فیگورێک دەتوانێ جێگای وشەیەک بگرێتەوە». (بڕوانە William S. Rubin).

لایەنێکی دیکەی گرینگی تابلۆکانی ماگریت لە مانای شتە ڕەسمکراوەکانێتی و چۆنێتی گۆڕانی ئەو مانایانە لە نێوان شتە ڕەسمکراوەکە لەناو تابلۆ و هەمان شت لە واقیعدا و هەندێ جار گۆڕانی شتە ڕەسمکراوەکە لە ماددەیەکەوە بۆ ماددەیەکی دیکە وەکو گۆڕانی شووشە بۆ گێزەر یان پێ بۆ پێڵاو وەکو (ئیختراقکردنێکی) سنوور لە نێوان دوو



دنیای جیاواز و دروستکردنی تابلۆیەک وەکو دونیایەک کە بوونی هەردووکیان بەیەکەوە دەربڕی بۆ دروستکردنی مانایەکی نوێ.

## پۆل دێلڤۆ

بەشداری و داهێنانیی پۆل دێلڤۆ (Paul Delvaux – ١٨٩٦ – ١٩٩٤) لە سوریالیزمدا ئەوەندە گەورە و گرینگ نەبوو، بەڵام تا ڕادەیەک لەبەر هاوبەشی کارەکانی لەگەڵ دونیای کیریکۆ لە ڕەسمی میتافیزیکدا، مێژوونووس و زانایانی هونەری مۆدێرن دێلڤۆ دەخەنە پاڵ سوریالییەکان ئەگەرچی ئەو هیچ کات بەشێوەیەکی ڕەسمی سوریالیست نەبووە. (William S. Rubin).

پۆل دێلڤۆ زۆر ئاسایی خوێندنی ئەکادیمی تەواو دەکات. پاشان دەکەوێتە ژێر کاریگەری هونەری دەربڕینخوازییەوە، بەتایبەتی (جێمس ئەنسور)ی هاووڵاتی خۆی. وەکی دیکە خۆی ئەوەندە لە هونەری مۆدێرن نزیک ناخاتەوە. بەڵام لە تەمەنی ٣٩ ساڵیدا لە بروکسل کیریکۆ دەبینێ و کاری تێ دەکات. لێرەوە بەرەو سوریالیزم دەچێ دەخرێتە پاڵ سوریالییە وەهمییەکانەوە. لەوانەیشە خۆشەویستی ئەو بۆ هونەری کواترۆ چێنتۆ(سەدەی پانزەمی) هۆی نزیکبوونەوەی بێ لە کیریکۆ.

لە سەرەتای کارە سوریالییەکانیدا هاووڵاتی خۆی ڕینێ ماگریت ئەوەندە کاری تیا ناکات، بەڵام پاشان دەبێتە گەورەترین کاریگەر بۆ کارەکانی هونەری پ دێلڤۆ کە بەشێوەیەکی سەرەکی مۆدێلەکانی بریتین لە بەبابەتکردنی ئافرەت. بەڕووتی یان نیوە ڕووتی، زۆربەشیان لەناو دیمەنی شارو لە حالەتی چاوەڕوانیدا کێشراونکە خەسڵەتێکی ئیروتێک بەکارەکانی دەدا.

پیاو لە تابلۆکانی دێلڤۆدا زۆربەی کات جلی لەبەرە و لە تەماسدا نییە لەگەڵ ئافرەتدا، بەم جۆرە تابلۆکانی هەستێکی چۆلی و نائارامی لە لای بینەر جێ دێڵن، وەک ئەو هەستەی کە لە تابلۆکانی کیریکۆدا هەیە.

## مان ڕێ

ڕەسام و فۆتۆگراف و هونەرمەندی ئۆبجێکت (بابەت) مان ڕێ (Man Ray – ١٨٩٠ – ١٩٧٦) نە لەژێر کاریگەری ڕەسم کردنی کیریکۆدا بوو نە ئۆتۆماتیزمی برۆتۆن، گەر باسی کاریگەری هونەرمەندێک لەسەر مان ڕێ بکەین، ئەوە «مارسیل دوشا»ە. وەکو تر ئەو هەمیشە لە تاقیکردنەوە و دۆزینەوەدا بوو لە بواری فۆتۆگراف و شت بەیەکەوە لکاندن بۆ دروستکردنی ئۆبجێکت (بابەت). ئەگەرچی مان ڕێ هەندێ تابلۆی سوریالی دروست کردووە و لە بواری فۆتۆگرافدا ڕایوگرامی وەک میتۆدێکی فۆتۆگرافی بێ بەکارهێنانی کامێرا بۆ خۆی دۆزیوەتەوە(بڕوانە بەشی دادابیزم) فاکتەری ڕێکەوت ڕۆڵی تیای بینیووە و لەگەڵ پرەنسیپەکانی سوریالیزمدا دەگونجێ، بەڵام بەشداری سەرەکی مان ڕێ لە سوریالیزمدا لە بواری تەنیا بابەت بوو.

مان ڕێ هەر لە سەرەتای ژیانی هونەرییەوە ئەوەندە حەزی لە ڕەسم کردنی زەیتی ئاسایی سەر قوماش نەبوو بەڵکو زیاتر مەیلی بەلای کۆلاج و شت بەیەکەوە لکاندن بوو. بۆیە ئەوەندە لە دونیای (دوشا) و دادابییەکانەوە هەستی بەنزیکی دەکرد ئەوەندە هەستی بەنزیکی لەگەڵ هونەری فۆڤیزم و کوبیزم و دەربڕینخوازیدا نەدەکرد، لەبەر ئەمە لەگەڵ هاتنی (دوشا) بۆ ئەمەریکا نزیکبوونەوە لە نێوانیاندا دروست دەبێ تاکو بەیەکەوە لەگەڵ پیکابیادا لە ساڵی ١٩١٩ گرووپی دادای نیویۆرکیان پێکهێنا. پاش تەواوبوونی جەنگی جیهانی یەکەم بەسێ ساڵ مان ڕێ لە نیویۆرکەوە سەفەر بۆ پاریس دەکات، بەتایبەتی کە ئەبیستێ دادابییەکانی زیورخیش بەرەو پاریس چوونە و پیکابیا و مارسیل دوشا و پیکاسۆ و ژمارەیەکی زۆر لە هونەرمەند و ڕۆشنبیر ئەوسا لە پاریس کۆببوونەوە.

ساڵێک لە پاریس دەبێ ١٩٢١ مان ڕێ ئۆبجێکت (بابەتە) بەناوبانگەکەی دروست دەکات: (دیاری – Cadeau) ئەم بابەتە بریتییە لە ئوتویەکی دەستی، لە لایەنە لووسەکەیەوە کە بۆ جل لە ئوتوکردن بەکار دەهێنرێ، ڕیزێک لە بزماری گەورە چەسپ دەکا بەشێوەیەکی نووکەکانیان ڕوویان لە دەرەوەیە و هەستێکی شەڕانگێزی لەسەر ئەو ڕووبەرە سادە و لووسە دروست دەکەن.

پێش ئەم کارە، ساڵی ١٩٢٠، پەنجا ساڵ پێش (کریستۆ Christo) مان ڕێ بابەتی پێچانەوە دروست دەکات کە پاشان کریستۆ و ژنەکەی، جان کلۆد، پەرەی پێ دەدەن و دەیکەنە شێوازی کارکردنیان.



ئەم بابەتەی مان ڕێ(پێچانەوە) کە لە ساڵی ١٩٢٠ کردبووی، لە مەکینەیەکی خەیاتی پێک هاتبوو کە لەناو قوماشی گونیە بەکندرِ پێچرابووەوە وەک کارێکی هونەری کە هەستی داهاتوو بگەیەنێ. (بڕوانە ئەندریاس فرانک) (Andreas Franke, Skulpturen and Objekte von Malern des 20 Jh.).

هەڵبژاردنی مان ڕێ بۆ مەکینەیەکی خەیاتی و بەکارهێنانی بۆ بابەت لەوە دەچێ کاریگەری قسە بەناوبانگەکەی لوتریامۆنی لەسەر بێ: «جوانی وەکو یەکتر بینینێکی لەناکاوە لە نێوان چەترێک و مەکینەیێکی خەیاتیدا، لەسەر مێزی نەشتەرگەریی دکتۆر».

بەم جۆرە چیرۆکی هاتنی مان ڕێ بۆ ناو سوریالییەکان نزیکە لە (جان ئارپ)ەوە. سوریالیزم شتێکی وەها لە بنەڕەتی کارەکانی نەگۆڕیوە، بەڵکو خۆی کەوتۆتە دوای جۆری گۆڕانی کارەکانی کە لە سەرەتاوە بەپاڵپشتی ڕێکەوت دروستبوونە و لە بینینیاندا هەستی (لەناکاو – مفاجئە)ی و سەرسوڕمان دەردەکەون، وەک خەسڵەتە گرینگەکانی کاری سوریالیزم، بەتایبەتی لە بابەتەکاندا دونیای نائاگای واقیع تێکەڵاو دەکەن و ڕۆڵی عەقڵ و کۆنترۆڵ لەسەر ڕۆح و هەست کەم دەکەنەوە.

مان ڕێ هەمیشە وەکو هونەرمەندێکی سوریالیست هەوڵی ئەوەی داوە بەم وشیارییەوە کۆنترۆڵ لەسەر خۆی لاواز بکا. (Werner Spies) بەمەش، جگە لە (مفاجأە) و سەرسوڕمان کارەکانی ڕەهەندێکی ڕۆح سووکی تێ دەکەوێ. (Homur).

فۆتۆگرافەکانی مان ڕێ بەشێکی بەهێزی هونەری فۆتۆگرافی مۆدێرن پێک دێنن، نەک لەبەرئەوەی فۆتۆی زۆربەی هونەرمەند و ڕۆشنبیرانی سەردەمەکەی خۆی گرتووە. نەک وەکو دوکیومەنتکردنیان، بەڵکو وەکو فۆتۆگرافی هونەری و هەستکردن بەجوانی و بەنرخی هونەری فۆتۆگراف. چوونکە مان ڕێ چرکە ساتی زۆر هەستیاری هەڵبژاردووە بۆ گرتنیان کە ئاستێکی بەرز لە تەرکیز نیشان دەدەن. مان ڕێ ئەوەندە پشتی بەجیهازی فۆتۆگراف نەبەستووە بەڵکو زیاتر پشتی بەخودی خۆی و جۆری بینینی خۆی بەستووە.


مان ڕێ لەگشت ئەو هونەرانەی کاری تیایان کردووە وەک فۆتۆگراف و بابەت و ڕەسم کردن، ویستویەتی ناسنامەی شەخسی و هونەری خۆی پێ بەرجەستە بکا کە بەلایەوە زۆر گرینگ بووە، بەڕادەیەک ئەگەرچی لە ئەمەریکا لە دایک بووە، بەڵام ئەو ئەمەریکابوونی ئەوەندە لا گرینگ نەبووە بەئەندازەی هونەرمەندبوونی و ناسنامە جولەکەییەکەی کە ئەو ویستویەتی گشت ئەو زروفانەی کە ئەمەریکا بۆی گونجاندووە بۆ بەرجەستەی ناسنامەی خۆی بەکاریان بهێنێ. (بڕوانە Werner Spies).

# ئەلبەرتۆ جیاکۆمیتی

ئەلبەرتۆ جیاکۆمیتی (Alberto Giacometti – ١٩٠١ – ١٩٦٦) لەو بەشی سویسرا کە بەزمانی ئیتالّی قسە دەکەن، لە خێزانێکی هونەری لە دایک بووبوو. باوکی جیۆڤانی جیاکۆمیتی ڕەسامێکی بەناوبانگ بوو، ئەمەش بێ گومان کار دەکاتە سەر ئەلبەرتۆ.

ئەلبەرتۆ جیاکۆمیتی بۆ گشت هونەرەکانی دونیا کراوەبوو، لە هونەری سۆمەر و مسرییە کۆنەکانەوە بگرە تادەگاتە پەیکەری مەکسیکی و ماسکی ئەفەریقی و هونەرە ساکارەکان. بەڵام وەکو ڕەسام خۆشەویستییەکی گەورەی بۆ ڕەسمی ئیتالّی کۆن هەبوو. وەک: تنتۆریتو وجەتۆ تا ئەو ڕادەی کاتێ باوکی لەگەڵ خۆیدا بۆ بینینی بینالی ڤینیسیا دەیبرد، ئەو دەچوو تەماشای تابلۆکانی تنتۆریتۆی دەکرد. (بڕوانە گۆڤاری art ژمارە ٢ ساڵی ١٩٩٤). هونەری کۆن و کارەکانی جەتۆ و تنتۆریتۆ بۆ جیاکۆمیتی تەنیا گرینگی بۆ سەردەمەکەی خۆی هەبوو. وەکی دی ئەو هەمیشە دەیەویست هونەرێک دروست بکات کە ڕۆحی سەردەمەکەی خۆی تیا بێ، بۆیە لە سەرەتای ڕەسم کردنیدا بۆ ماوەیەک لەژێر کاریگەری کوبیزمدا بوو، بەتایبەتی کارەکانی پیکاسۆ کە کاریگەریان بەسەر پلاستیک و بابەتە سوریالییەکانییەوە دەبێ. بەشداری جیاکۆمیتی لە سوریالیزمدا زیاتر لە بواری ئۆبجێکت «بابەت» و پلاستیکدا بوو. ئەمەش لەژێر کاریگەری ئەو خۆشەویستییەی بۆ ماسکی ئەفەریقی و پەیکەری مەکسیکی و هونەرە ساکارەکانەوە بوو کە جیاکومیتی حالەتی نائاگایی تیایاندا بەدی دەکرد. ئاواتی دەخواست لە کارەکانیدا بەکاریان بهێنێ. سوریالیزم بۆ ئەو جگە لەوەی کە ناوەڕۆکێکی فەلسەفی پێ دەبەخشێ کەچی ڕێگایەک بوو بۆ ئەو لە دروستکردنی هەندێ بابەت و کاری پلاستیک کە لە نێوانیانەوە بتوانێ حالەتە نائاگاییەکانی دەربڕێ. بەمەش دەتوانێ زیاتر لە خەڵک نزیک ببێتەوە. لەم ڕووەوە خۆی وەسفی هەستی خۆی دەکا لە کاتی نزیکبوونەوەیدا لە سوریالیزم: «ئەمەوێ پەیکەرەکانم مانایان بۆ خەڵکی دیکەش هەبێ، پێویستم بەکەسانی دیکە هەیە، نیگەرانی ئەوەم: ئایا دەتوانم پەیوەندییان لەگەڵ ببەستم یان نا» (بڕوانە Yves Bon-nefoy). هەندێک دەڵێن جیاکۆمیتی تاکو ساڵی ١٩٣٥ سوریالی بووە. (Edward B. Henning) و هەندێکی دیکەش ماوەی سوریالیزمی جیاکۆمیتی دەکەنە دوو بەشەوە: قۆناغی یەکەمیان لە ١٩٣٠ دەست پێ دەکا و تاکو ١٩٣٢ دەخایەنێ، پاشان لە ١٩٤٧ تاکو ١٩٥١ دیسانەوە کاری سوریالی کردووە. (Reinhold Hohl) وەکو کاتی





جیاکۆمێتی. کۆشکێک لە سەعات چواری بەیانی ١٩٣٢

دەستپێکردنیش ولیام ڕوبین (William S. Rubin) زستانی ١٩٣٠/١٩٣١ بەکاتی دەستپێکردنی کارکردنی جیاکۆمیتی لەگەڵ سوریالییەکاندا دادەنێ. هەروەها بەڕای ڕوبین لە ساڵەکانی یەکەمی سوریالیزمدا، لە نێوان مانیفێستی یەکەم و دووەمدا هیچ کاری پلاستیکی سوریالیزم بەدەرنەکەوتبوو. (بڕوانە William S. Rubin, Dada & Surreal-ism) زۆربەی ناوەڕۆکی کارە سوریالییەکانی جیاکۆمیتی ئافرەتن، پەیوەندی نێوان ئافرەت و پیاو کەبە شێوەی کوبیزم بەسەریاندا زاڵ بوو. وەکو کاریگەری ئەو ماوەیەی کە بەکوبیزمەوە سەرقاڵ بوو، سووچ و قەراغ و شێوەی خڕ و لاکێشە و هەندێ شێوەی دیکە کە لە کەوچک و تۆپ و شەنە لەو کارانەیدا دەبینران. لە زۆر حالەتیشدا شێوەیەکی لە چەشنی قەفەسی دروست دەکرد، هەندێ شتی دیکەی تیا کۆدەکردەوە. هەندێ جار لە شێوەی تەجرید و هەندێ جاریش سەری زەلامێکی بەلووتێکی درێژەوە دروست دەکرد ئەمەش وەک دەربڕینی هەندێ حالەتی تایبەت بەخۆی کە ماوەیەک بوو پێیانەوە سەرقاڵ بوو. وەک حالەتی کوشتنی سێکسی کە وەکو خەیاڵ لەناو مێشکیدا بوو و نەیدەتوانی سەرکوتیان بکا. تا ئەو ڕادەی هەندێ جار کە لەگەڵ ئافرەتێکدا دەبێ بیری بۆ ئەوە دەچێ چۆن بیکوژێ (هەمان سەرچاوە).

ئەم خەیاڵە دژوارانە و پاشماوەی کاریگەری کوبیزم شێوەی شەڕانگێزی بەکارەکانی دەدەن. لە لایەکی دیکەیشەوە جیاکۆمیتی بەم پلاستیکە سوریالییانە موشکیلەکانی تێکەڵاوبوونی خەون و حالەتە نائاگاییەکانی لە پەیکەر ڕزگار کرد، بەجۆرێ کە پەیکەرەکانی لە لایەکەوە سوریالین و لە لایەکی دیکەیشەوە وەکو جۆرێ لە پەیکەری واقیعی دەردەکەون. (Yves Bonnefoy).

## ڕۆبەرتۆ ماتا

ڕۆبەرتۆ سەبستیان ماتا (Roberto Sebastian Matta) ناسراو بەڕۆبەرتۆ ماتا، (١٩١٢ – ٢٠٠٢) لە دایک و باوکێکی ئیسپانی و فەرەنسی لە شیلی لە دایک بووە و لە ساڵی **١٩٣٣** بۆ پاریس سەفەر دەکات بۆ خوێندنی بیناسازی لای هونەرمەند لۆکۆربۆزێ (Le Corbusier)، بەڵام کە بەدونیای سوریالییەکان ئاشنا دەبێ لێیان نزیک دەبێتەوە ساڵی **١٩٣٦** بەڕەسمی دەبێت بەسوریالی. ئەگەرچی ماتا تانگی و مارسیل دوشا دەکاتە سەرچاوەی کارەکانی خۆی، لەکارەکانی پیکاسۆ و کاندنسکی وردەبێتەوە، بەڵام زیاتر مێتۆدی ئەوتوماتیزمی برۆتۆن کاری تێ دەکات بۆ قووڵبوونەوە و کارکردن و ئازادکردنی دونیای ناوەوە. سەرەتای کارەکانی ماتا بەمۆرفۆلۆجیای دەروونی ناو دەبرێن، «Psychological Morphologses» بەڵام دواتر کارەکانی دەربڕین لەجۆری دیمەنەکانی ناوەوە دەکەن. (بڕوانە William S. Rubin). ماتا ئەوەندە لە ئەورووپا نامێنێتەوە. ئەویش لەگەڵ جەنگی جیهانی دووەمدا وەکو ژمارەیەکی زۆر لە هاوڕێ سوریالییەکانی ئەورووپا بەجێ دەهێڵێ لە **١٩٣٩** ماتا دەگاتە ئەمەریکا و لەوێ لەگەڵ هونەرمەند ڕۆبەرت مەزەروێل دەبێتە، برادەر «Robert Motherwell» لە پاڵ ئەندرێ ماسۆندا دەبێتە پرد لە نێوان هونەری نوێی ئەورووپی و هونەری تەجریدی تەعبیری ئەمەریکی. ڕۆڵێکی گەورە لە پێشخستنی ئەو ڕێبازە دەگێڕێ. ساڵی **١٩٤١** ماتا لەگەڵ مەزەروێلدا سەفەرێک بۆ مەکسیک دەکەن، لەوێ بەو هونەرمەندانە ئاشنا دەبن کە لە دەوری دیێگۆ ڕیڤیرا و ژنەکەی (فریدا کالۆ) کۆببوونەتەوە، بەڵام ئەو هەست بەگونجان ناکات لەگەڵیاندا، چونکە (بەڕای ماتا) ئەوان ڕەسمی هیندییە سوورەکان دەکێشن لەجیاتی ئەوەی وەکو هیندییە سوورەکان ڕەسم بکەن. (Edward B. Henning). لە ساڵی **١٩٤٢** بەدواوە، ماتا لە ئەمەریکا هەندێ تابلۆی گرینگ دەکا، لە هەندێکیان ناوەڕۆکێکی سێکسی دەردەبڕن، ئەمەش دەبێتە مۆرکی جۆری کارکردنی. (هەمان سەرچاوە).



## سوریالیزم و تەجرید

ئەندرێ ماسۆن، خوان میرۆ، ماکس ئێرنست، تانگی، ئارپ و، هونەرمەندانی سوریالیزم ئەوەندە بیریان لە دروستکردنی پەیوەندی نێوان ڕۆح و عەقڵ و شعور و خەو و نائاگایی دەکردەوە، ئەوەندە بیریان لەوە نەدەکردەوە کاری فیگەراتیڤ یان تەجرید بکەن. بیریشیان لەوە نەدەکردەوە شێوەی کارەکانیان ئەندازەیی یان ئۆرگانی بێ، ڕەنگەکانیان سادە یان تێکەڵاوی یەکدی بەڵکو ئەوەی لای ئەوان بەپلەی یەکەم دەهات بەدەربڕینی ئۆتۆماتیزم حالەتە نائاگایی و خەوەکانیان تێکەڵ بەواقیع بکەن. لە ئەنجامدا حالەتێکی سەرووی واقیع پێک بهێنن. ئەم ئامانجانە سوریالیزمییەبوو بوو ناوەڕۆکی کارەکانیانی لە تەجرید جیا دەکردەوە. ئەگەرچی دوا ئەنجامی سوریالیزم و تەجرید ئازادی و هارمۆنییە، بەڵام جۆری مامەڵەکردنی هونەرمەند. لەگەڵ ئەو ئازادی و هارمۆنییە و چۆنێتی گەیشتن پێیان لە تەجریدەوە بۆ سوریالیزم جیاوازە. لە کاتێکدا خەو و نائاگایی و ڕێکەوت و ئۆتۆماتیزم و (حدس – مەزەندە) و وڕێنە فاکتەرە گرینگەکانی سوریالیزمن، کورت کردنەوەی هێڵ و شێوە و ڕەنگەکان و جیاکردنەوەیان لە ڕەنگ و شێوەکانی واقیع، تەجرید پێک دێنن.

هەندێ هونەرمەند وەکو مۆندریان و کاندنسکی و پۆل کلێ بۆ ڕزگارکردنی تەجرید لە زەخرەفە و کاری فۆرمالی پەتی ڕەنگ و شێوە، وردەکاری هونەرەکەیان بەڕۆح و عەقڵ و دونیای ناوەوە دەبەستەوە کە لە سوریالیزم نزیک بووەوە. لەگەڵ ئەو جیاوازییە گەورەیە کە بەگشتی تەجرید شێوەیە و سوریالیزم ناوەڕۆکە لە نێوان هەردووکیاندا کۆمەڵێ لەیەکچوون و خاڵی هاوبەش هەن، بەتایبەتی لە نێوان ئۆتۆماتیزم و تەجریدی ئۆرگانیدا. وەکو ڕۆح و پێداویستییەکان و ڕێکوپێکی دونیای ناوەوە کە ناوەڕۆک پێک دێنن. لە ڕووی شێوەیشەوە لای سوریالیزمی ئۆتۆماتیزم و تەجریدی ئۆرگانییەوە ڕەنگ و هێڵ و ڕووبەرەکان لە نێوان خۆیاندا شێوەی ئازاد پێک دێنن کە دونیای ناوەوە دیارییان دەکات.

لەبەر ڕۆڵی عەقڵ و یاسا و ماتماتیک سوریالیزم ئەوەندە خاڵی هاوبەشی لەگەڵ تەجریدی ئەندازەیی نییە. لەلایەکی دیکەشەوە لە نێوان تەجرید و سوریالیزمی وەهمیدا لەبەر بوونی بابەت و ڕەنگ و شێوەی واقیعی، ئەوەندە خاڵی لەیەکچوون لە نێوانیاندا نییە. ئیف تانگی لێ دەرچێ کە بەشێوە بیۆفۆرمەکانی ئیزافەیەکی خستەسەر وردەکاری تەجرید بەگشتی. (Anna Moszynska). ڕادە و چۆنێتی هاوبەشی هونەرمەندانی سوریالیزم و تەجرید جۆراوجۆرن. زۆر و کەمی پەیوەندی شێوە و ڕەنگ و بابەتی

کارەکانیان بەواقیعەوە لە لایەک، لە لایەکی دیکەیشەوە ڕادە و چۆنێتی کورت کردنەوەی هێڵ و شێوە و ڕەنگەکانیان ئەو جۆراوجۆریە ئاشکرا دەکات. وەک لە کارەکانی ئەندری ماسۆن و خوان میرۆ و جان ئارپ و ڕۆبەرتۆ ماتا و جیاکۆمیتی و پول کلێدا دەردەکەوێ.

هاوبەشی خوان میرۆ لە تەجریددا لە جیاکردنەوەی شێوە و ڕەنگی فیگەرەکانێتی لە شێوە و ڕەنگەکانی واقیع و سروشت، پاشان کورت کردنەوەی ئەو شێوە و ڕەنگانە تا نزیکبوونەوە لە دونیای منداڵ. میرۆ فیگەرەکانی (مرۆڤ، ئاژەڵ، دار و درەخت، خڕ و تۆپ، باڵندە، لوولەک، سێگۆشە... هتد) بەو شێوەیە وێنە ناکات کە دەقاودەق لە وێنەکانی ناو واقیع بچن، بەڵکو بەکورتکردنیان شێوەکانیان دەگۆڕێ و لەسەر ڕووبەری تابلۆکەدا بڵاویان دەکاتەوە. لە زۆربەی حالەتەکانیشدا بەڕەنگی ڕەش لە یەکیان جیا دەکاتەوە. شێوەکانی میرۆ پان و تەختن (دوو ڕەهەندین). کاری سێ ڕەهەندی کارکردن لەناو مەجالە سەرەنجی ڕانەدەکێشا. ڕەنگە سادە و ساکارەکانیشی وەک سوور و زەرد و سەوز و شین و سپی، ئەوەندەی دیکە بەشداری لە ئاسانکردنەوە و تەختکردنی فیگەرەکانی کردووە. میرۆ بەدروستکردنی پەیوەندی لە نێوان شێوەی ڕووبەرە تەجریدییەکان و جۆری تەجریدکردنی ئەو ڕووبەرانە یەکەیەک پێکدێنێ بۆ نیشاندانی ناوەڕۆکێکی سوریالی. ئەمەش زیاتر بەیارمەتی کۆنتراست (دژ) لە نێوان شێوە و ڕەنگەکان لەگەڵ یەکدا لە لایەکەوە و لە نێوان شێوەکان و ڕەنگەکان هەریەک لەگەڵ خۆیشیاندا. (Andreas Vowinkel).

لە تابلۆ و هێڵکارییەکانی ئەندری ماسۆنیشدا فیگەری باڵندە و مرۆڤ و ماسی،...هتد دەبینرێن. بەڵام ئەو کاری بۆ ئەوە نەکردووە ئەو فیگەرانە ئاشکرا بکا، بەڵکو بۆ ئەوەی بتوانێ لە پەیوەندی نێوان وێنەکردنیانەوە ڕۆح و هەست و عەقڵ لە ناوخۆیدا بەیەکەوە گرێ بدا و سنوور لە نێوانیاندا نەهێڵێ. لای ماسۆن گرینگ نەبووە تابلۆکەی فیگەری تیا بمێنێ یان نەمێنێ بەئەندازەی گرینگی دروستکردنی مێتۆد بۆ دەربڕینی حالەتە ڕۆحی و دەروونییەکانی کە بەهۆیەوە بتوانێ ناوەوەی خۆی ئازاد و هارمۆنی بکا بۆ تیمارکردنی برینەکانی. لەم جۆرە کارکردنەیشدا بەشێوەیەکی ئۆتۆماتیزم ڕەهەندی تەجرید لە سەرجەم بونیادی هێڵ و ڕەنگ و شێوەکاندا بەدەردەکەوێ، لە شتەکانی ناو واقیع جیا دەبنەوە، دەبنە کاری خودێکی داهێنەری چالاک کە هۆی دروستکردنی شێوە و ڕەنگ و هێڵەکان. ڕۆبەرتۆ ماتایش (Roberto Matta) هەمیشە خۆی وەکو هونەرمەندێکی سوریالیزمی ئۆتۆماتیزم ناساندووە. ویستوویەتی بەڕەنگ و




هێڵ و شێوەکانی نێوانیانەوە هاوتایەک و هارمۆنیەک بۆ ناوەوەی خۆی دروست بکات وەک لەوەی بیر لە تەجریدکردنی شێوە و ڕەنگەکان بکاتەوە. بەڵام لای ئەویش بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ مێتۆدی ئۆتۆماتیزم فیگەری لە تابلۆکانیدا نەهێشتووە. تابلۆ لە پەیوەندیەکی جوان و پڕ هارمۆنی نێوان هێڵ و شێوە و ڕەنگەکانەوە پێکهاتووە.

لای ماتا وەک لای میرۆ ڕەنگ و شێوەکان تەخت نین، بەڵکو لە نێوان تۆخی ڕەنگەکانی و قوڵایی شێوەکانیدا دروست بوونە. چاوی بینەر بەرەو ئاستێکی دیکەی تابلۆ دەبات کە لە نهێنییەکانی دەروونی مرۆڤ بچن. (جان ئارپ)یش شێوە بیۆفۆرمێکانی کە (لە شێوەی گەڵادار و بەرد دەچن) لە سەردەمی داداوە لەگەڵ خۆی بۆ سوریالیزمی هێناوە. بەهۆیانەوە هەردوو تەجرید و سوریالیزمی لە خۆ کۆکردووەتەوە. هەر بۆیەشە لە پاریس جان ئارپ سەر بەهەردوو گرووپی سوریالیزم و خولقێنەری تەجرید بوو. (Anna Moszynska). لە دەورووبەری ١٩٣٠ لە پاریس، گرووپی سوریالیزم لە خولقێنەری تەجرید نوێتر بوو. ژمارەیەک لە هونەرمەندانی ئەو کاتە لە گرووپی خولقێنەری تەجریدەوە هاتنە ناو سوریالیزم، بەڵام لای ئەلبەرتۆ جیاکۆمیتی بەپێچەوانەوە بوو، ئەو لە گرووپی سوریالیزمەوە چووە ناو گرووپی خولقێنەری تەجرید. (Anna Moszynska).

جیاکۆمیتی بەپێی خواستی کارەکانی ئەم گواستنەوەی کرد، چونکە ئەو، ئەو کات زیاتر شێوەی ئەندازیاری وەکو خڕ، تۆپ، لاکێشە و سێگۆشە بۆ کارە ئۆبجێکتەکانی بەکاردەهێنا، خۆی لەم بارەیەوە دەڵێ: «لەوە دەچێ شێوە تەجریدییەکان لەگەڵ پەیکەرەکانمدا ڕاستگۆتر بن». (هەمان سەرچاوە).

بەم جۆرە زۆر بەکورتی باسی ئەو لەیەکچوونانەی نێوان کارەکانی میرۆ و ماسۆن و ئارپ و تانگی و ماتا و جیاکۆمیتیم کرد لەگەڵ تەجریدی ئۆرگانی، بەڵام لە گشت ئەو هونەرمەندانە کە زیاتر لە نێوان سوریالیزم و تەجریددا هاوبەشی هەبێ پۆل کلێیە.

لە بەشی تەجریددا باسی ڕەهەندی تەجریدی کارەکانی پۆل کلێم کرد وەک کورت کردنەوەی شێوە و هێڵ و ڕەنگەکان و ڕۆڵی دونیای ناوەوە لە بینینی کلێدا. بەڵام لێرەدا باس لە گرینگی کلێ ئەکەم بۆ سوریالیزم. هەروەکو چۆن لە (بەشداری کلێ لە تەجرید) باسم لە هێڵ کرد وەکو فاکتەرێکی گرینگ لە تابلۆی کلێدا، ئەستەمە بێ بینینی هێڵ بتوانرێ لە دونیای کلێ نزیک ببینەوە. لەبەر ئەو گرینگییەی هێڵ لە ئیختزالکردنەوەی شێوەکاندا بۆ لایەنی تەجریدی کارەکانی. لە لایەکی دیکەیشەوە گرینگی هێڵ لە ئۆتۆماتیزمدا، وەکو هەڵگری مەزەندە «حدس» و وڕێنە دروستکردنی پەیوەندی و دەربڕینی



پۆل کلێ. فریشتەی مەرگ ١٩٤٠

حالەتە نائاگاییەکان لە ئاستە قوولەکانی دەروونەوە وان خۆی لەم بارەوە دەڵێت: «بە مەزەندە(حدس) دەکرێ پەیوەندی لەگەڵ شێوە (وێنە) هەرە کۆنەکاندا پەیدا بکرێ» (بڕوانە E. B. Henning). پۆل کلێ لە کارکردنیدا هەمیشە گرینگی بەبەیەکەوە گرێدانی مەزەندە و عەقڵ و غەریزە داوە. لای ئەو ڕۆڵی هەریەک لە عەقڵ و مەزەندە و غەریزە لێک جیانەبوونە. لە ساڵی ١٩١٤ جەختی لەسەر ڕۆڵی «مەزەندە» بەئاراستەکردنی عەقڵ کردوە. (هەمان سەرچاوە). ڕەهەندی سوریالیزمی کلێ لە ئۆتۆماتیزمی دەروونیدایە کە بەهێڵەکانی دەریدەبڕێ. بەڕای (مارسیل بریۆن) مانای ئۆتۆماتیزم لای کلێ لە وێنەی ئەو جیهانە نوێیەدایە کە خۆی لە نێوان زانیارییەکانی خۆی و عەقڵ و خەیاڵیەوە دووبارە دروستی دەکاتەوە. بریۆن دەربارەی هێڵەکانی کلێ دەڵێت: «لەوە ناچن ئەو هێڵانە تەنیا خەوەکانی هونەرمەند وەسف بکەن، بەڵکو وەسفی خەوەکانی خۆیشیان (هێڵەکان) دەکەن». ئەو لە کاتی کارکردندا کاریگەری دەرەوەی لەسەر نییە بەڵکو دەبێتە حالەتێکی خۆکرد (تلقائی)، ناوەڕۆکێکی پڕ ڕۆح و خۆشەویستی لەخۆ دەگرن ئەمەش لەگەڵ مەبەستی سوریالیزمدا جیا نییە. بریۆن بەجۆرێ وەسفی ئەو حالەتە خۆکردە ئازادەی لای کلێ دەکات وەکو ئەوەی خۆی لە خێو و جنۆکە ڕزگار بکات، بۆ ئەوەی بگات بەهێمنی و ڕێکوپێکی. پول کلێ لەگەڵ خوان میرۆدا نەک تەنیا لە ئیختزالکردنەوەی شێوە و ڕەنگەکاندا هاوبەشە، بەڵکو لە هاوبەشیشیدا لە دونیای منداڵ و نزیکبوونەوەی ڕۆحی خۆی لەگەڵ ڕۆحی منداڵدا هەندێ حالەتی جوان و ئازاد و پڕ هەست و ڕاستگۆ و



ڕێکەوتی دروست کردووە، دەکرێ هەندێ جار تەنیا لە دونیای هێڵکاری منداڵدا بەدی بکرێ، ئەمەش یارمەتی کلێی داوە بتوانێ هێڵ وەک میتۆدێ بۆ وەسفکردن و گێڕانەوەی دونیای ناوەوە بەکار بهێنێ. (M. Brion).

جۆری کارکردنی کلێ لە جووڵانەوەیەتی بەرەو ئارامی، لە ئاژاوەوە بەرەو ڕێکوپێکی، ئەو یەکەم جار بەهێڵکاری ئاژاوەیەک دروست دەکا کە دەبێتە هۆی دەربڕینێکی گەورەی دونیای ناوەوە. خۆی لەم بارەیەوە دەڵێ: «ئەمە شتێکی سروشتییە من لەم حالەتەدا هەست بەئارامی دەکەم، چونکە یەکەم جارە بۆم هەیە وەکو خۆم ئاژاوە بکەم».

ئەمەش ناوەڕۆکی ئۆتۆماتیزمی برۆتۆنە کە بەهۆیەوە پەیوەندی لە نێوان عەقڵ و ڕۆح و هەست دروست دەکات، لە چرکەساتی کارکردندا ناوەڕۆکێکی جوان و پڕ هارمۆنی و ڕاست و بێ گەردی پێ دەردەبڕێ کە لە حالەتی پۆل کلێدا لە سەرجەم پەیوەندییەکانی نێوان هێڵ و ڕەنگەکانیدا دەبینرێ. هەر بۆیەشە کلێ بەڕێکەوت نەبووە یەکێ لەو هونەرمەندانەی کارەکانیان لە یەکەمین پێشانگای سوریالیزمدا، لە ساڵی **١٩٢٥** لە پاریس نیشان درا. لەو کاتەوە نزیکبوونەوەیەکی زۆر لە نێوان کارەکانی کلێ و شاعیرە سوریالیزمەکان پەیدا بوو. پاشان هەر لە هەمان ساڵ پۆل ئێلوار شیعرێکی لە کەتەلۆگی پێشانگاکەی نووسی، ئەراگۆنیش دەقێک دەربارەی کارەکانی دەنووسێ. ساڵی **١٩٣٠** کاتێ کە یەکەمین کتێبی کلێ بەفەرەنسی دەردەچێ ڕێنێ کرۆڤێل (Rene Crevel) نووسینێکی تێدا دەربارەی مامەڵەی کلێ دەدوا لەگەڵ خاڵ و هێڵ و ڕووبەر و تاریکی و ڕووناکی بڵاودەکاتەوە. کرۆڤێل دەڵێت: «هیچ هێڵێک نییە بەم جۆرە بەڕێکوپێکی دروست کرابێ وەکو هێڵ لای کلێ...» (Andreas Vowinkel). پۆل کلێ هەر زوو خۆی لە دووبارە وێنەکردنەوەی شتەکانی واقیع ڕزگار کرد و خۆشەویستی بۆ بینینی ناوەوەی شتەکان پەیدا کرد کە لای فەیلەسوفی هونەری شێوەکاری ئینگلیزی هیربرد ڕید Herbert Read بەحالەتێکی میتافیزیکی دژ بەفەلسەفە واقعییەکان دەناسرێ.

ڕید دەڵێ: «چاو توانایەکی دیاریکراوی هەیە بۆ بینین، ناکرێ گشت شتەکانی ناو واقیع تەواو وەکو خۆیان ببینێ، چاو زیاتر ئاراستەی دەرەوە کراوە، بەڵام ناوەوەی دونیایەکی زۆر بەرفراوان و هەمەجۆرە کە دەکرێ چەندین تۆژینەوەو و پشکنینی لەسەر بکرێ. چاوی هونەرمەند لە کاتی هێڵکاریدا لەسەر نووکی قەلەمەکە دەوەستێ، لە کاتێکدا کە دەست قەلەم دەجوولێنێ هێڵەکان یەکسەر خەو دەبینن». مارسیل بریۆنیش ئەو خەوانەی هێڵەکانی کلێ وەکو خەسڵەتی تایبەتی تابلۆکانی دەبینێ کە لەگەڵ دونیای

سوریالیزمدا یەک دەگرنەوە. (Brion) کلێ بەکار و تیۆرییەکانی، ڕەهەندەکانی دەرەوەی شێوەی بڵاوتر کردەوە کە لە پاڵ سوریالیزم و تەجریددا خزمەتی تابلۆی کوبیزمیشی کردووە.

توانای کلێ جیاکردنەوەی خود لە واقیع و دروستکردنی ناوەڕۆکی کارەکانی بەپشت بەستن بەدونیای ناوەوەی خۆیەوە دەبێتە هەڵگری مانا و نهێنییەکانی ڕۆح لە چەشنی شیکاریکردنی سترەکتوری یاساکانی ناوەوە لای سیزان بەمێتۆدە هونەرییە شێوەکارییەکان. (بڕوانە Andreas Vowinkel).

گرینگی پەیوەندی سوریالیزم و تەجرید زیاتر لە هونەری پاش جەنگی جیهانی دووەم دەرکەوت، بەتایبەتی لە تەجریدی دەربڕینخوازی ئەمەریکی و (ئەنفۆرمیل - نارەسمی)ی ئەورووپیدا «Informel» کە ڕیشەی بۆ سییەکان دەگەڕێتەوەساڵی ١٩٣٠ کە هونەرمەندان لە پاریس بەزۆری لە دەوری گرووپی خولقێنەری تەجرید و گرووپی سوریالیزم کۆبووبوونەوە. هەندێکیان، وەکو جان ئارپ لە هەردوو گرووپەکەدا کاریان دەکرد. هەشبوون بەپێی جۆری کارەکەیان لە خولقێنەری تەجریدەوە دەچوونە ناو گرووپی سوریالیزم. نموونەی وەک جیاکۆمیتیش بەپێچەوانەوە بوو، لەسوریالیزمەوە چووە ناوگرووپی خوڵقێنەری تەجریدی.

ئەو هونەرمەندانەی کە لە گرووپی خولقێنەری تەجریدەوە بەرەو سوریالیزم چوون فولفگانگ پالن Wolfgang Paalen و ئارشیلی گۆرکی Arshile Gorky بوون لەگەڵ هەندێ هونەرمەندی دیکەی ئەمەریکی کە بەتوندی کەوتبوونە ژێر کاریگەری ئەندرێ ماسۆنەوە وەک جاکسن پۆلوک Jackson Pollok. ئەمانە سەرەتایەک بوون بۆ دروستبوونی تەجریدی دەربڕینخوازی ئەمەریکی، بەتایبەتی کە ئارشیلی گورگیش ئەوروپای بەجێهێشت و بەرەو نیویۆرک کۆچی کرد. لەوێ زیاتر لە ئەندری ماسۆن نزیکەوە بوو و کاریگەرییان کردە سەر ژمارەیەک لە هونەرمەندی دیکە، وەکو هانس هۆڤمان Hans Hofmann، ئەدۆلڤ گۆتلیب Adolph Gottlieb، ڕۆبەرت مەزەروێڵ Robert Motherwell، ولیام دی کونینگ William de Kooning. (Anna Moszynska).

لە ئەوروپایش کاریگەری سوریالیزم و تەجرید لەسەر یەکدی جۆرێکی دیکەی وەرگرت لە نوێکردنەوە کە (ئەنفۆرمێل - نارەسمی)ی پێ گوترا و زیاتر هونەرمەندان هێنری میشۆ Henri Michaux و جان فۆتریێ Jean Fautrier و ڤۆلس Wols نوێنەرە سەرەکییەکانی بوون، هەر لە پاریس مانەوە و بەردەوامییان بەنوێکردنەوەی شێوەی کارەکانیان دەدا.



## سەرچاوەکان


1- PatrickWaldberg, Der Surrealismus Du mont, Koln, 1965.

2- Edward B. Henning, The Sprit of Surrealism, 1979, Edited by Sally W. Goodfellow, copyright by The Cleveland Museum of Art, ohio.

3- Malcolm Haslam, The Real World of the Surrealists, weidenfeld and Nicolson London, 1978.

4- Xaviere Gauthier, Surrealismus und sexualität Verlag wolk & schmid Berlin 1980.

5- Lucy R. Lippard, Surrealists on ART. Englewood cliffs, New Jersey 1970.

6- Robert Short, Dada & Surrealism, John Calmann & Cooper Limited, London, 1980.

7- Karl Ruhrberg, Die Malerei unseres Jh Econ verlag, Dusseldorf, wien, NY 1987.

8- Gunter Metken, Als die Surrealisten noch recht hatten (Texte und Dokumente) Herausgegeben und eingeleitet von Philipp Reclam, jun, stuttgart, 1976.

9-William S. Rubin, Surrealismus, verlag Gerd Hatje stuttgart 1979 Übersetzt von Herbert Frank.

10- William S. Rubin, Dada and Surrealist art. Thames and Hudson, London, 1969 - 1978.

11- Wieland Schmied ;Giorgo de Chirico Die beunruhigenden Musen, Insel verlag 1993.

12- Artur Oschwarz, Die Surrealisten, Schirnkunsthalle, Frankfurt a. Main 1989.

13- Otto Hahn, Masson, verlag G. Hatje stuttgart, 1965.

14- Werner Spies, Surrealismus (1919 - 1944), Dali, Max Ernst, Magritte, Miro, Picasso, Kunstsammlung NRW, Düsseldorf, Hatje cantz verlag, 2002.

15- Andreas Vowinckel, Surrealismus und Kunst 1919 bis 1925, Georg olms verlag, Hildesheim, Zurich, NY 1989.

16- Maurice Nadeaa, Geschichte des Surrealismus rororo, Reinbeck bei Hamburg 1986. Karl Heinz Laier 1986

17- Andre Breton, Das Weite Suchen, Reden und Essays, Frankfurt a. Main Athenáum verlag 1989. Lothar Bair

18- Andre Breton, Die Manifeste des Surrealismus, rororo, Reinbeck bei Hamburg 1986. Ruth Henry

19- Daniel E. Schneider

١٩- د. أى. شنايدر
التحليل النفسي والفن، يوسف عبدالمسيح ثروة كردوويەتی بەعەرەبی، دار الحرية للطباعة، بغداد ١٩٨٤.
٢٠- د. عبدالله إبراهيم، المركزية الغربية (أشكالية التكون والتمركز حول الذات). المركز الثقافي العربي، دار البيضاء، المغرب بيروت، لبنان ١٩٩٧.

21- Walter Hess, Dokumente Zum Verständnis der modernen Malerei, rororo, 1988.
Werner Von Alvensleben, Als die Surrealisten Recht hatten.

22- Gunther Regel, Frank Schulz, Johannes Kirschenmann, Harald Kunde Moderne Kunst, zagange zu ihrem Verstandnis, Ernst Klett Schulbuchverlag, stuttgart, 1994.

23- Lothar Fischer, Max Ernst, rororo verlag 1969.

24- Andreas Franke, Skulpturen und objekte von Malern des 20 Jh, Du Mont, Köln, 1982.

25- Werner Spies, Rosarot vor Miami Ausfluge Zu Kunst und Kunstlern unseres Jh, Prestelverlag, München, 1989.

26- Kunst Forum

27- Yves Bonnefoy, Alberto Giacometti, a biography of his work, translated by Jean Stewart Flammarion, Paris, 1997.

29- Andre Parinaud, So Wird Man Dali Molden 1974, Wien, München, Zurich Franz Mayer



## پێرست

ئەم کتێبە. د. موحسین ئەحمەد عومەر ..... 7
پێشەکی ..... 10

**بەشی یەکەم**

سەرچاوەکانی مۆدێرنە ..... 19
گۆیا ..... 22
دولاکروا و تێرنەر، پاریس/لەندەن ..... 25
تێرنەر ..... 29
ئەمپرێسیۆنیزم - قۆناغی یەکەم ..... 31
سیزان ..... 37
ئەمپرێسیۆنیزم - قۆناغی دووەمی ..... 40
سۆیرە ..... 41
گۆگان ..... 43
گۆگان و گرووپی هونەری نەبیز ..... 45
ڤانسانت ڤان کۆخ ١٨٥٣-١٨٩٠ ..... 47
ئۆنورە دۆمییێ و غەدری سەدەی نۆزدە ..... 51
تولوز لۆتریک ..... 54
سیمبۆلیزم ..... 59
کۆمەڵەی هونەرمەندانی پێش ڕافائیل ..... 63
شێوازی مۆدێرن ..... 66
ئوبرەی بێردسلەی ..... 70
گۆستاڤ کلیمیت ..... 72
دەربارەی ئەکادیمیا ..... 73

**بەشی دووەم**

سەرەتای سەدەی بیستەم ..... 77
ئازادکردنی ڕەنگ ..... 77
فۆڤیزم ..... 79
هێنری ماتیس ..... 86
ماتیس و خۆرهەڵات ..... 89

ئێکسپرێسیۆنیزم – دەربڕینخوازی ..... 93
ڕۆڵی ئیدوارد مونش لە دەربڕینخوازی ئەڵمانیدا ..... 99
دەربڕینخوازیی لە نەمسا ..... 102
ئۆسکار کۆکۆشکا ..... 102
ئیگۆن شیلە ..... 106
دەربڕینخوازی ئاینی ..... 108
جۆرج ڕووۆ ..... 109
مارک شاگال ..... 112
کۆتایی دەربڕینخوازی ئەڵمانی ..... 114
ئەسپ سوارە شینەکان ..... 116

### بەشی سێیەم

نوێکردنەوەی شێوە ..... 124
کوبیزم ..... 126
سەرچاوەکانی کوبیزم ..... 127
ماسک و پەیکەری ئەفەریقی ..... 127
سیزان وەکو سەرچاوەیەکی عەقڵانی بۆ کوبیزم ..... 131
ڕۆڵی کات وەکو ڕەهەندی چوارەم بۆ کوبیزم ..... 132
کوبیزمی شیکاری ..... 137
کوبیزمی سەنتەتیکی ..... 140
کوبیزم لای فرناند لیژێ ..... 144
کوبیزمی دەربڕینخوازی ..... 146
ئۆرفیزم ..... 147
سوپەرماتیزم ..... 151
پرۆن ..... 155
کۆنسترەکتیڤیزمی ڕووسی و مانیفێستی واقیعییەکان ..... 161
دو ستیل ..... 172
باوهاوس ..... 176
پوریزم ..... 182

### بەشی چوارەم

جوڵانەوە و خێرایی و کات ..... 186
فوتوریزم ..... 186



دەربارەی دینامیک لە فۆتۆریزمی ئیتاڵی ..... 192
دینامیک لای ئومبەرتۆ بۆچیۆنی ..... 196
دینامیک لای جینۆ سەڤەرینی ..... 200
دینامیک لای کارلۆ کارا ..... 202
دینامیک لای لویجی ڕوسۆلۆ ..... 207
دینامیک لە کارەکانی «جیاکۆمۆباللا»دا ..... 208
کوبۆفوتوریزم ..... 218
ڕایۆنیزم ..... 222

### بەشی پێنجەم

تەجرید ..... 231
ئەمپرێسیۆنیزم و کوبیزم ..... 237
پیت مۆندریان ..... 241
ڤاسیلی کاندنسکی ..... 248
ئەشکالییاتی شێوە و ناوەڕۆک لە تەجریدی ئۆرگانی کاندنسکیدا ..... 260
ڕۆڵی موزیک و تیۆرییەکانی کاندنسکی لەسەر تەجرید ..... 264
بەشداری پۆل کلێ لە تەجرید ..... 268
تەجرید و هونەری کۆنکریت ..... 272
ماکس بێڵ ..... 274
تەجرید و زەخرەفە ..... 278
زەخرەفە چییە؟ ..... 281
کاریگەری زەخرەفە لەسەر تەجرید ..... 287
ئەشکالییەتی «خود» لە تەجرید و زەخرەفەدا ..... 295
فەرەنسا و بەریتانیا وەکو کۆکەرەوەی هونەرمەندانی تەجرید ..... 298
تەجرید لە پاریس، گرووپی (تەجرید – خەلق) ..... 299
تەجرید لە بەریتانیا، بن نیکلسون، هینری مۆر، بەربارا هیپورث ..... 300
هینری مۆر ..... 302
باربارا هیبۆرس ..... 302

### بەشی شەشەم

دادایزم ..... 307
دەربارەی هۆگۆبال ..... 315
دادا لە بەرلین ..... 317

فۆتۆمۆنتاج ... 319
دادا له هانۆڤەر ... 320
مێرتس ... 321
دادا له نیویۆرک ... 324
ڕێدی مێد ... 326
دادا له کۆلۆن (کۆلۆنیا ) ... 330
دادا له پاریس ... 332

## بەشی حەوتەم

سوریالیزم ... 339
له دایکبوونی سوریالیزم و مانەوەی ڕۆحی دادا ... 340
ڕۆڵی فرۆید و مێتۆدی ئۆتۆماتیزم ... 343
ئۆتۆماتیزم ... 343
ناوی «سوریالیزم» ... 351
سەرەتای هونەری شێوەکاری سوریالیزم ... 351
ڕۆڵی گیۆرگیۆ دو گیریکۆ و پیتۆرا میتافیزیکا ... 358
ڕۆڵی ئۆدلیون ڕێدا و هنری ڕۆسۆ و شاگال له سوریالیزمدا ... 362
ئۆدلیون ڕێدا ... 362
هێنری ڕووسۆ ... 364
مارک شاگال ... 364
ئەلفرید کۆبین ... 365
فاکتەری (ڕێکەوت) له سوریالیزمدا ... 366
ڕۆحی سوریالیزم ... 368
جوانی لای سوریالیزم ... 372
سوریالیزم و سیاسەت ... 375
سوریالیزم و سەلڤادۆر دالی ... 377
ئەندرێ ماسۆن ... 382
خوان میرۆ ... 386
جان ئارپ ... 388
ماکس ئێرنست ... 390
ئیف تانگی ... 394
رینێ ماگریت ... 396



پۆل دێلڤۆ ... 398
مان ڕێ ... 399
ئەلبەرتۆ جیاکۆمیتی ... 402
ڕۆبەرتۆ ماتا ... 403
سوریالیزم و تەجرید ... 404